هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١١٩

سالّی/ ٢٠٢١ – بەرگی سەدو نۆزدە

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٢٣

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی(٢٠٢١)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: ١١٩
چاپی یەکەم: ٢٠٢٣
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: نەورۆز شێرزاد، شوان محمد، کۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:
چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢١/٤/٢٠ ل ٥
پرۆتۆکـۆلی دانیشـتنی ژمـارە (٩) خـولی پێنجەمـی هەڵبـژاردن – چـوار شـەممە ٢٠٢١/٤/٢١ ل ١١٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢١/٤/٢٧ `ل١٨٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢١/٤/٢٨ ل ٢٥٩

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)ی**

**سێشەممە رێکەوتی ٢٠\٤\٢٠٢١**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٨)
# سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢٠

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢٠ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەرنامەی کار، بەپێی حوکمی ماددەی (٥)، بڕگەکانی (١، ٢، ٣)یەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی (٣)یەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠)، ماددەکانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەلبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ەی پێش نیوەڕۆ رۆژی سێ شەممە رێکەوتی (٢٠٢١/٤/٢٠) بەم شێوەیە بێت.

یەکەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتیەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خستنە رووی بیرۆکەی ئەم پەرلەمانتارانەی خوارەوە بەپێی حوکمی خاڵی دووی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کوردستان.

١ - بیرۆکەی پەرلەمانتار گەلاوێژ عبید عثمان سەبارەت بە زۆربوونی نەخۆشی شێرپەنجە.

٢ - بیرۆکەی پەرلەمانتار شنۆ ئەشقی عبدالله سەبارەت بە رەخساندنی هەلی کار لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانیەکانی زیادەڕۆیی لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩) بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٩، ٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

چوارەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:-

١ - پێشنیازە بڕیاری رۆژی رۆژنامەگەری کوردی لە هەرێمی کوردستان.

٢ - پێشنیازە یاسای بەڕێوەبەردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی بەهارە لە ساڵی سێیەمی خولی پێنجەمی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، سەرەتاش داوا لە بەڕێز

سـكرتێری پەرلەمـان دەكەم كە بەرنـامەی كـاری پـوختەی كۆبـوونەوەی پێشـوو بخـوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرنامەی كار، بەپێی حوكمی ماددەی (٥)، بڕگەكـانی (١، ٢، ٣)یەم لە مـاددەی (١٦)، بـڕگەی (٣)یەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەكانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠)، ماددەكانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشـتنی ژمـارە (٨)ی ئاسـایی خـولی بەهـارەی سـاڵی سـێیەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمان لە كاتژمێر (١١)ەی پێش نیـوەڕۆ ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێكەوتـی (٢٠٢١/٤/٢٠) بەم شـێوەیە بێت.

یەكەم: دەنگـدان لەسـەر پێشـنیازە یاسـای هـاوردەكردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتیەكـان لە هەرێمـی كوردسـتان بەپێـی حـوكمی ماددەكـانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

دووەم: خستنە ڕووی بیرۆكەی ئەم پەرلەمانتارانەی خوارەوە بەپێی حوكمی خـاڵی دووی بـڕگەی یەكەمی ماددەی (٤٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان كوردستان.

٣ - بیرۆكەی پەرلەمانتار گەلاوێژ عبید عثمان سەبارەت بە زۆربوونی نەخۆشی شێرپەنجە.

٤ - بیـرۆكەی پەرلەمانتـار شـنۆ ئەشـقی عبـدالله سـەبارەت بە ڕەخسـاندنی هەلـی كـار لە هەرێمـی كوردستان.

سێیەم: خوێندنەوەی یەكەم بۆ پێشنیازە یاسای هەمـواری یەكەمـی یاسـای بە خـاوەنكردنی ئەو زەوییـانەی لە سـنووری شـارەوانیەكانی زیـادەڕۆیی لەسـەر كـراوە لە هەرێمـی كوردسـتان ژمـارە (٣)ی سـاڵی (٢٠١٩) بەپێـی حـوكمی ماددەكـانی (٧٩، ٨٠) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردستان.

چـوارەم: خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ ئەم پێشـنیازە یاسـا و بڕیـارانەی خـوارەوە بەپێـی حـوكمی ماددەكانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:-

٣ - پێشنیازە بڕیاری ڕۆژی ڕۆژنامەگەری كوردی لە هەرێمی كوردستان.

٤ - پێشنیازە یاسای بەڕێوەبەردن و پاراستنی شوێنەوار و كەلەپوور لە هەرێمی كوردستان.

پـوختەی دانیشـتنی ژمـارە (٧)ی ئاسـایی بەپێـی حـوكمی بـڕگەی دووەمـی مـاددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خـولی بەهـارەی سـاڵی سـێیەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی كوردسـتان لە كـاتژمێر (١١)ەی پـێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە، ڕیكەوتی (٢٠٢١/٤/١٤)، بەم شێوەی خوارەوە بوو:-

یەكەم: دەست پێكردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی كار و پوختەی دانیشتن لەلایەن بەڕیز سكرتێری پەرلەمان.

سێیەم: دەست پێكردنی بڕگەكانی بەرنامەی كار لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

چوارەم: گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی پێکهاتوو بەپێی حوکمی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (١٦) لە پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ سەرەدانیکردنی دەڤەی گەرمیان و چەمچەماڵ بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی کەس و کاری ئەنفالکراوان و خزمەتگوزاری لە ناوچەکەدا.

پێنجەم: کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەست بە جێ بەجێکردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پیشەسازی وزە و سامانە سرووشتیەکان دەکەین بێنە جێگەکەی خۆیان، لەبەر ئەوەی چەند لیژنەیەکی پەرلەمانی کوردستان بەشداری لە دەورەی بوودجە دەکەن و ئەم بڕگەیەش پێویستی بە دەنگدان هەیە و پێویستی بە نیساب و پێویستی بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانەوە هەیە، ئەو نوقتە نیزامیانە دوای ئەو بڕگەیە وەردەگرین بە سەرچاو، فەرموون.

**بەڕیز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت: ڕاپۆرتی دانگدان، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی وزە و سامانە سرووشتیەکان، پێشنیازی پیشەسازی و بازرگانی، ڕۆژی یەك شەممە، ڕێکەوتی (٢٠٢١/٤/١٨)، کاتژمێر (٩:٣٠)ی شەو کۆبوونەوەی هاوبەشەیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون سەبارەت بە پێشنیاری یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتیەکان لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لە داڕشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە.

سەبارەت بە ناونیشان چوار پێشنیار هەیە:-

پێشنیاری یەکەم: پێشنیازە یاسای فرۆشتن و هاوردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

پێشنیاری دووەم: پێشنیازە یاسای ڕێکخستنی هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی، پێشنیازە یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١) بڕگەی چوارم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەندراوە ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیازکراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیازە دەخەینە ڕوو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان، پێشنیازە یاسای هاوردەکردن و عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە هەر چوار پێشنیار دەخەینە دەنگدان سەبارەت بە ناونیشان، هەر ئەندامێکی بەڕیزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی

لەگەڵ نیـیە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی دووەمـدایە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشنیازی سێیەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدا نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی چوارەمدایە پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەندا تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٩٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پێشنیازی چوارەم پەسەندکرا، ماددەی یەکەم بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم پێنج پێشنیار هەیە:-

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها دەستەواژەی یان بیانی لابرێت لە بڕگەی یەکەمدا.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

٢_ پێویستە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و وەزارەتی تەندروستی خشتەی پاشکۆیی لە شێوەی رێنمایی دەربکات کە هاوتا بێت لەگەڵ خەسڵەتە جیهانیەکانی ئەو بەرهەمە نەوتییانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێکراوە.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

٢_ پێویستە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بە خشتەی پاشکۆ رێنمایی لە چوارچێوەی خەسڵەتە جیهانییەکان ئەو بەرهەمە نەوتییانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتووە دەربکات.

پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی:

ماددەی (١):

یەکەم: کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ناوخۆی یان بیانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان دوای مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دەتوانن بەپێی ئەو خەسڵەتە جیهانییانەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دیاری دەکات بەرهەمە نەوتییەکان هاوردە و عەمبار بکەن و بیگوازنەوە و بیفرۆشن بە مەبەستی بەکاربردنی ناوخۆی چ بە شێوەی راستەوخۆ بێت یان لە رێگەی بریکاری رێگەپێدراوەوە کە هەر یەکە لە بەنزینی ئۆتۆمبێل، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر، گریس بە هەموو جۆرەکانییەوە، غازی شل، نەوتی سپی، کیرۆسین، قیرِی شل و هەر بەرهەمێکی تر کە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بڕیاری لەبارەوە دەدات دەگرێتەوە.

دووەم: پێویستە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان خشتەی پاشکۆ لە شێوەی رێنمایی دەربکات کە هاوتا بێت لەگەڵ خەسڵەتە جیهانییەکانی ئەو بەرهەمە نەوتییەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە.

پێشنیاری پێنجەم: پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند، لیژنەی هاوبەش، ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت:-

ماددەی (١):

یەکەم: کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ناوخۆی یان بیانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان دوای مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان دەتوانن بەپێی ئەو خەسڵەتە جیهانیەی وەزارەت

دیاری دەکات بەرهەمە نەوتیەکان هاوردە و عەمبار بکەن و بیگوازنەوە و بیفرۆشن بە مەبەستی بەکاربردنی ناوخۆی چ بە شێوەی راستەوخۆ بێت یان لە رێگەی بریکاری رێگەپێدراوەوە کە هەر یەکە لە بەنزینی ئۆتۆمبێل، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر و گریس بە هەموو جۆرەکانیەوە، غازی شل، نەوتی سپی، کیرۆسین، قیری شل، پترۆکیمیایی و هەر بەرهەمێکی تر کە وەزارەت بڕیاری لەبارەوە دەدات دەگرێتەوە.
دووەم: پێویستە وەزارەت خشتەی پاشکۆ لە شێوەی رێنماییدا دەربکات کە هاوتا بێت لەگەڵ خەسڵەتە جیهانیەکانی ئەو بەرهەمە نەوتیانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی یەکەم پێنج پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس. هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری سێیەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری چوارەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدا نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمدایە، پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٩٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی دوو بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو سێ پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
٢_ کۆمپانیای سەرپێچیکار ناوی دەخرێتە لیستی رەشی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ ماوەی چوار ساڵ لیستەکە لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بڵاو دەکرێتەوە.
پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.
ماددەی (٢):
یەکەم: هەر کۆمپانیایەکی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە بکات بەم شێوەیەی خوارەوە سزا دەدرێت بە پێ بژاردن:-

١ - پێ بژاردنێکی دارایی لە سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
٢ - ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لەو سەرپێچییە لە سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر بوو ئەوە بە دوو بەرامبەری قازانجەکەی سزای پێ بژاردنی بەسەردا دەسەپێندرێت.
٣ - دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان یان ئەگەر لە تواناد‌ا هەبوو گەڕاندنەوەی بەرهەمەکە لەسەر خەرجی کۆمپانیای سەرپێچیکار بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە.

دووەم: کۆمپانیای سەرپێچیکار ناوی دەخرێتە لیستی رەشی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ و لیستەکە لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە.
سێیەم: لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکانیان ئاماژەپێکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە داوای کۆمپانیای سەرپێچیکار مۆڵەتی کارپێکردنی لێوەردەگیرێتەوە و رێگا نادرێت جارێکی دیکە چالاکییەکانی خۆی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بدات.
پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، ماددە وەکو خۆی، تەنها لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوە.
ماددەی (٢):
یەکەم: هەر کۆمپانیایەکی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە بکات بەم شێوەیەی خوارەوە سزا دەدرێت بە پێ بژاردن:-
١ - پێ بژاردنێکی دارایی لە سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
٢ - ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لەو سەرپێچییە لە سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر بوو ئەوە بە دوو بەرامبەری قازانجەکەی سزای پێ بژاردنی بەسەردا دەسەپێندرێت.
٣ - دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان.
دووەم: ناوی کۆمپانیای سەرپێچیکار و خاوەنەکەی دەخرێتە لیستی رەشی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ و لیستەکە لەلایەن وەزارەتەوە بڵاو دەکرێتەوە.
سێیەم: لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکانیان ئاماژەپێکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە داوای کۆمپانیای سەرپێچیکار مۆڵەتی کارپێکردنی لێوەردەگیرێتەوە و رێگا نادرێت جارێکی دیکە چالاکیەکانی خۆی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بدات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دوو سێ پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدا نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری سێیەمدایە، پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٩١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی سێیەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ، چوار پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها بڕگەیەك بۆ ئەم ماددەیە زیادبکرێت بە زنجیرەی چوارەم بەم شێوەیەی خوارەوە.
چوارەم: پێویستە شوێنی عەمبارەکان دوور بێت لە شوێنی نیشتەجێبوون.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها بڕگەی یەکەم لەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: بە پێی ئەو ڕێکسازیانەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە پەیڕەو دەکرێت دەتوانن بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان بەنزینخانە بەکرێ بگرن.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.
ماددەی (٣):
یەکەم: کۆمپانیا هاوردەکارەکان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەتوانن ویستگەی فرۆشتنی سووتەمەنی و کۆگای عەمبارکردنی بەرهەمی نەوتی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن بەپێی ئەو ڕێکسازییانەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە پەیڕەو دەکرێت، هەروەها دەتوانن بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان بەنزینخانە بەکرێ بگرن.
دووەم: ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بواری عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان کار دەکەن نابێت کاری عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە ناوخۆیەکانیش بکەن، پێچەوانەکەشی ڕاستە.
سێیەم: هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بکات بە پێ بژاردنێکی دارایی بە بڕی پێنج سەد ملیۆن دینار سزا دەدرێت و لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچیەکە بە پێ بژاردنێکی دارایی کە بڕەکەی حەوت سەد ملیۆن دینارە سزا دەدرێت و ڕێگەی پێ نادرێت جارێکی تر چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بدات، لە هەردوو حاڵەتیشدا دەست بەسەر بەرهەمە نەوتییەکان دادەگیرێت یان ئەگەر لە تواناندا هەبوو بەرهەمە هاوردەکراوەکە لەسەر خەرجی کۆمپانیای سەرپێچیکار دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە.
پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، ماددەکە وەکو خۆی، تەنها لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوە.
ماددەی (٣):
یەکەم: کۆمپانیا هاوردەکارەکان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەتوانن ویستگەی فرۆشتنی سووتەمەنی و کۆگای عەمبارکردنی بەرهەمی نەوتی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن بەپێی ئەو ڕێکسازییانەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە پەیڕەو دەکرێت، هەروەها دەتوانن بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان بەنزینخانە بەکرێ بگرن.
دووەم: ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بواری عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان کار دەکەن نابێت لە هەمان کاتدا کاری عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە ناوخۆیەکانیش بکەن.
سێیەم: هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بکات بە پێ بژاردنێکی دارایی بە بڕی پێنج سەد ملیۆن دینار سزا دەدرێت و لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچیەکە بە پێ بژاردنێکی دارایی کە بڕەکەی حەوت سەد ملیۆن دینارە سزا دەدرێت و ڕێگەی پێ نادرێت جارێکی تر چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بدات، لە هەردوو حاڵەتیشدا دەست بەسەر بەرهەمە نەوتییەکان دادەگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی سێ چوار پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٣) کەس لەگەڵدایە،

زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدا نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری سێیەمدایە، وەکو خۆی، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری چوارەمدایە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٨٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی چوارەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم پێنج پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها سزاکان لە بڕگەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم بەم شێوەیە لێبکرێت.

دووەم/ هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەیەی یەکەمی ئەم ماددەیە بکات بە پێ بژاردنێکی دارایی لە سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دوو سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

سێیەم/ لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە کۆمپانیایەکە بە پێ بژاردنێکی دارایی لە دوو سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سێ سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و رێگەی پێ نادرێت جارێکی تر چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بدات.

چوارەم/ ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لە بڕی سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر بوو ئەوە بە چوار بەرامبەری قازانجەکەی سزای پێ بژاردنی بەسەردا دەسەپێندرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها لە کۆتایی بڕگەی یەکەمدا ئەم دەستەواژەیە زیاد بکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە.

یەکەم/ کۆمپانیاکانی هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی و پارستنی ژینگە و کۆنترۆلی جۆری بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان پابەند دەبن.

پێشنیاری سێیەم: بڕگەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم یەك بخرێت و بکرێتە یەك بڕگە بە زنجیرەی دووەم و بەم شێوەیە.

دووەم/ هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بکات بە پێ بژاردنێکی دارایی بە پێنج سەد ملیۆن دینار سزا دەدرێت و مۆڵەتی کارکردنی لێ دەسەندرێت.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی.

ماددەی (٤):

یەکەم: کۆمپانیاکانی هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی و پاراستنی ژینگە و کۆنترۆلی جۆری پابەند دەبن.

دووەم: هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بە پێ بژاردنێکی دارایی لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.
سێیەم: لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە کۆمپانیایەکە بە پێ بژاردنێکی دارایی لە سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و رێگەی پێ نادرێت جارێکی تر چالاکیەکانی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بدات.
چوارەم: ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لە بڕی سەد پەنجا ملیۆن دینار زیاتر بوو ئەوە بە دوو بەرامبەری قازانجەکە سزای پێ بژاردنی بەسەر دەسەپێندرێت.
پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، ماددەکە وەکو خۆی تەنها لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەی خوارەوە.
ماددەی (٤):
یەکەم: کۆمپانیاکانی هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان و کۆمپانیاکانی عەمبارکردن بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی و پاراستنی ژینگە و کۆنترۆلی جۆری پابەند دەبن.
دووەم: هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بە پێ بژاردنێکی دارایی لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.
سێیەم: لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچی کۆمپانیاکە بە پێ بژاردنێکی دارایی لە سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و رێگەی پێ نادرێت جارێکی تر چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بدات.
چوارەم: ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لە بڕی سەد پەنجا ملیۆن دینار زیاتر بوو ئەوە بە دوو بەرامبەری قازانجەکە سزای پێ بژاردنی بەسەر دەسەپێندرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی چوار پێنج پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدا نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری سێیەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری چوارەمدایە وەکو خۆی، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدا نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمدایە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٨١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی پێنجەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج دوو پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: وەکو خۆی.

ماددەی (٥):
وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و دەستە پەیوەندیدارەکان بە گوێرەی پسپۆری خۆیان چاودێری پابەندبوونی کۆمپانیاکان بەو مەرجە و خەسڵەتانەی لەم یاسا و ڕێنماییانەی پەیوەندیدارەکان هاتووە لە ئەستۆ دەگرن.
پێشنیاری دووەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش.
ماددەی (٥):
وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان و وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکان لە گوێرەی پسپۆری خۆیان چاودێری پابەندبوونی کۆمپانیاکان بەو مەرجە و خەسڵەتانە لەم یاسایە و یاسا و بەرکارەکان هاتوون لە ئەستۆ دەگرن.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی پێنجەم دوو پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێنشیاری یەکەمدایە وەکو خۆی، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمدایە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٨٧) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی شەشەم بخوێننەوە، فەرموو.
**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی شەشەم چوار پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەك: بڕگەیەك بۆ ماددەکە زیاد بکرێت بە زنجیرەی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە.
دووەم/ ئەوانەی مۆڵەتی فەرمیان نییە شوێنەکانیان دادەخرێت.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت.
حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر هەموو ئەو کۆمپانیایەی کە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە مۆڵەتی کارکردنی لەم بوارەوە پێدراوە جێ بەجێ دەکرێت، دەبێت لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا لە جێ بەجێکردنی خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە بگونجێنن، وە پابەندی پێوەبن.
پێشنیاری سێیەم: ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت.
ماددەی (٦):
ئەو کۆمپانیایانەی پێش دەرچوواندنی ئەم یاسایە مۆڵەت پێدراو بن بەردەوام دەبن لە چالاکییەکانیان و لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا لە ڕێکەوتی خستنە بواری جێ بەجێکردنی ئەم یاسایە خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دەگونجێنن و پێوەی پابەند دەبن، وە ئەوانە لە ماوەی ئاماژەپێکراودا خۆیان ناگونجێنن مۆڵەتیان لێی دەسێندرێتەوە.
پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی.
ماددەی (٦):
ئەو کۆمپانیایانەی پێش دەرچوواندنی ئەم یاسایە مۆڵەت پێدراو بن بەردەوام دەبن لە چالاکییەکانیان و لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا لە ڕێکەوتی خستنە بواری جێ بەجێکردنی ئەم یاسایە خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دەگونجێنن، وە پێوەی پابەند دەبن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی شەشەم چوار پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەكەمدایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٣) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمدایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (١) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری سێیەمدایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٧) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری چوارەمدایە وەكو خۆی، تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٧٨) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندكرا، ماددەی حەوتەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: ماددەكە بەم شێوەیەی لێبكرێت.

ڕەسمی گومرگی و باج بەپێی یاسا بەركارەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق وەردەگیرێت.

پیشنیاری دووەم: وەكو خۆی.

ماددەی (٧):

ڕەسمی گومرگی و باج بەپێی یاسا بەركارەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق وەردەگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی حەوتەم دوو پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەكەمدایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٦) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمدایە وەكو خۆی، تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٧٥) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندكرا، ماددەی هەشتەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

سەبارەت بە ماددەی هەشتەم دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: ماددەكە بەم شێوەیەی لێبكرێت.

دادگای تایبەتمەند بە یەكلاییكردنەوەی كەیسی ئەم سەرپێچییانەی كە لەم یاسایەدا دەقنووسكراون بەپێی حوكمەكانی یاسای بنەمای دادگای سزاكانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەمواركراو.

پێشنیاری دووەم: وەكو خۆی.

ماددەی (٨):

دادوەر لێكۆڵینەوە تایبەتمەند بە یەكلاییكردنەوەی دۆسیەی ئەم سەرپێچییانەی كە لەم یاسایەدا دەقنووسكراون بەپێی حوكمەكانی تایبەت بە بڕیاری سزای هاتووە لە یاسای بنەمای دادگا سزاكان ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەمواركراو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان ئێمە داوامان لە لیژنەی یاسایی كرد لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار هاوئاهەنگی بكات فیعلەن بەڕێزیان پرسیاریانكردبوو، ئێمەش لە سەرۆكایەتی پرسیارمانكردبوو دیراسەی قانوونی ئسولی موحاكماتیشمانكرد، بەڵێ دادەوری لێكۆڵینەوە ئەو دەسەڵاتەی هەیە كە حوكم بە موخالەفە بكات بە قەرارێك كە پێی دەگوترێت فەراری سزایی و دەتوانێت بەبێ ئەوەی كە موافەعە بكات لەسەر ئەوراق، ئەو بڕیارە بدات، واتە هیچ ئیشكالیەتێك لەسەر قانوونیەتی نییە، دوای ئەوەی كە ئێمە پرسمانكرد و ئێستاش دەیخەینە دەنگدان، سەبارەت بە ماددەی هەشتەم دوو پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەكەمدایە، تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٢) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمدایە وەكو خۆی، تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٨٤) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندكرا، ماددەی نۆیەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی نۆیەم هیچ پێشنیارێك نییە، وەكو خۆی.

ماددەی (٩):

كار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەیەكی پرۆتۆكۆلیە هیچ پێشنیارێكی لەسەر نییە، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە بە پێشنیار بووە وەكو خۆی نەماوە، ماددەی كۆن كار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت، پێشنیار هەبوون (یان) تەغیر ببێت تەحویل بێت ببیت بە (واو)، كار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناكرێت، ئێستا ئەوە گۆڕاوە نابێت بڵێت وەكو خۆی، بڵێت پێشنیاری لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، (واو) یان (یان) بێت هیچ ئیشكالیەتێك دروست ناكات، بەڵێ، وەكو خۆی لێدەكەنەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بەو ماددەیە هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەدایە بەم شێوەیەی كە خوێندراوەیە، تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٨٥) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندكرا، ماددەی دە بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە سێ پێشنیار هەیە.

پێشـنیاری یەکەم: هەر یەك لە بـڕگەی دووەم لە مـاددەی یەکـی و لە مـاددەی پێـنج لەگەڵ ئەم ماددەیە یەك بخرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە.

وەزارەتـی سـامانە سرووشـتییەکان بە هەمـاهەنگی وەزارەت و دەسـتەی پەیوەندیـدارەکان چاودێری پابەندبوونی کۆمپانیاکان بەو مەرجە و خەسڵەتانەی لەم یاسایە هـاتوون دەکات و بە ڕێنمـایی پەیوەندیـدارەکان لە ئەسـتۆ دەگرێـت، سـەرەڕای دەرکردنـی ڕێنمـایی بـۆ ئاسـان جـێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە و دەرچوواندنی خشتەی پاشکەوت بۆ یاساکە.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

وەزیـری سـامانە سرووشـتییەکان بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی تەندروسـتی و بازرگـانی و پیشەسازی و دارایـی و ئـابووری و لایەنـی پەیوەندیـدارەکان پێویستە ڕێنمـایی بـۆ ئاسـان جـێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.

ماددەی (١٠):

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنـی پەیوەندیـدارەکان پێویستە ڕێنمایی بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی دە سـێ پێشـنیار هەیە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵـدانییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشـنیاری دووەمـدایە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سـوپاس، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیاری سێیەمدایە وەکـو خـۆی، تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٧٨) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، بە زۆریـنەی دەنگـی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی یانزە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یانزە هیچ پیشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

ماددەی (١١):

ئەم یاسـایە لە ڕێکەوتـی بڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی وەقـائیعی کوردسـتان جـێ بەجـێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی دە هـیچ پێشـنیارێك نـیە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵدایە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٨٦) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەنـدامانی پەرلەمـان پەسـەندکرا، بەڕێـزان لە لیـژنە هاوبەشـەکە لە سـەرەتا ئەو پێشـنیارانەی کە هەتـانە بـۆ زیـادکردن بیخـوێننەوە، ئینجـا هۆیەکـانی دەرچووانـدن بخـوێننەوە، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز هاتووە لە شوێنی مـاددەی نـۆ، واتە مـاددەی نـۆ بێـتە دە و زیـاد بکرێـت، مـاددەیەك زیـاد بکرێت بەم شێوەیە.

ڕێــگە دەدرێــت بە هــاوردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکــان ئەگەر بەرهەمــی نــاوخۆ نەتوانێــت پێداویستی ناوخۆ دابین بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی هاوبەش پێشنیارێکیان هەیە بۆ زیـادکردنی مـاددەیەك بەو شێوەیەی کە علی حەمە صالح خوێندیەوە، ڕێگە دەدرێت بە هاوردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکـان ئەگەر بەرهەمـی نـاوخۆ نەتوانێـت پێداویسـتی نـاوخۆی دابـین بکـات، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمان لەگەڵ زیادکردنی ئەم ماددەیەیە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٨٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینـەی دەنگی ئەنـدامانی پەرلەمـان ئەو مـاددەیە زیـاد دەکرێـت و تەسەلسـولەکە ڕێك دەخرێتەوە، هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە، فەرموون کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن چوار پێشنیار هەیە.

پێشــنیاری یەکەم: لە پێنــاو پەرەســەندنی ســامانی نەوت لە هەرێمــی کوردســتان بە جۆرێــك بەرزتـرین سـوود بـۆ هاووڵاتییـانی کوردسـتان بێـنە دی بـۆ ڕێگریگـرتن لە سـەرپێچیکاری بەر لە بەرچاوگرتنی پێداویستی هاووڵاتییان بۆ پێکهاتە نەوتییەکان و سنوورداری توانای بەرهەمهێنـان بۆ پاڵاوگە ناوخۆیەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسـان لەبەردەم کەرتـی تـایبەت و ڕێگریکـردن لە پاوانکاری ئەم یاسایە دەچووێندرا.

پێشنیاری دووەم: لە پێناو دابینکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ هاووڵاتییان و بە هۆی زیـادبوونی داواکـاری لەسـەریان و سـنووورداری توانـای بەرهەمهێنـانی پاڵاوگەکـانی هەرێمـی کوردسـتان، وە ڕەخســاندنی دەرفەتــی یەکســان لەبەردەم کەرتــی تایبەتــدا، وە قەدەغەکردنــی قۆرغکــاری و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان خێراکردنی گەشەپێدانی ئابووری ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.

لە پێنــاو دابینکردنــی بەرهەمە نەوتییەکــان بــۆ هاووڵاتییــان و بە هــۆی زیــادبوونی داواکــاری لەسەریان و سنووورداری توانای بەرهەمهێنانی پاڵاوگاکـانی هەرێمـی کوردسـتان، وە ڕەخسـاندنی دەرفەتــی یەکســان لەبەردەم کەرتــی تایبەتــدا، وە قەدەغەکردنــی قۆرغکــاری ئەم یاســایە دەرچووێندرا.

پێشنیار چوارەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، هۆیەکانی دەرچوواندن بەم شێوەیەی لێبکرێت.

لە پێناو دابینکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بە کواڵیەتییەکی باش بـۆ هاووڵاتییـان و پاراسـتنیان لە لـێکەوتە خراپەکـانی بەرهەمە نەوتییەکـان بـۆ سـەر تەندروسـتی گشـتی و ژیـنگە، ڕەخسـاندنی دەرفەتــی یەکســان لەبەردەم کەرتــی تایبەتــدا، وە قەدەغەکردنــی قۆرغکــاری ئەم یاســایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە هۆیەکـانی دەرچووانـدن چـوار پێشـنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمدایە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سـوپاس، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیاری دووەمـدایە تکـایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ

پێشنیاری سێیەمدایە وەکو خۆی، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدانیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری چوارەمدایە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٩٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکرا، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ کۆی یاساکەیە تکایە دەست بەزرکاتەوە؟ بە دەنگی (٩٧) ئەندامی پەرلەمان پێشنیازە یاساکە پەسەندکرا، پیرۆزبایی لە خۆمان و لە گەلی کوردستان دەکەین بە بۆنەی پەسەند کردنی یاسای هاوردەکردن و عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان _ عێراق، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بە زووترین کات رێنماییە پێویستەکان دەربکات بۆ ئەوەی بەرهەمە نەوتییەکان بە کوالێتیەکی باش بگاتە دەست هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان، سوپاسی لیژنە تایبەتمەندەکان دەکەین، فەرموون بچنەوە شوێنی خۆتان پێش دەس بە جێبەجێکردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار بکەین، ئێستا نوقتە نیزامییەکان وەردەگرین، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕیارەی لەبەر دەستمدایە ئەوە بڕیاری ژمارە (٢)ی (٣١)ی مانگە کە سەبارەت بە بڕیاری بێبەشکردنی (د.کاظم فاروق)ە لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو بڕیارە بڕیاری جەنابتانە و بە دەنگی حەفتا و سێ ئەندامی پەرلەمان دەرچووە لە بڕگەی یەکەمی بێبەشکردنی ئەندامی پەرلەمان د.کاظم لە دانیشتنەکانی پەرلەمان لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك لە بڕگەی دووەمیش دەڵێت ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێ بەجێ دەکرێت، بەپێی بڕیارەکانی خۆتان لە هیچ شوێنێك باس لەوە نەکراوە، یاخود ئاماژەی بەوە نەداوە کە د.کاظم فاروق نەهێڵدرێت لە دەرگای دەرەوەی پەرلەمانەوە بێتە ژوورەوە، کە ئێمە پێمانوایە ئەمە زیادەڕۆییکردنە لە بڕیارەکە و ئەمە دووبارە کارێکی تری نا یاساییە کە ئەنجام دەدرێت، بۆیە تکایە داوا دەکەین کۆتایی بەم شێوازە فشار خستنە سەر فراکسیۆنی نەوەی نوێ و سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ بهێندرێت، رێگە بدرێت بێتە ژوورەوە و لە هەنگاوی دووەم رێگا بدرێت بەڕاستی بەشداری دانیشتنەکان بکات و بڕیارەکە هەڵبوەشێندرێتەوە، یەعنی ئێمە پێمان سەیرە پەرلەمان خۆزگە بیتوانیبایە رێگری لەو هەموو دزی و قاچاچچی و تاڵانکاریە بکات کە لە هەرێمی کوردستان لە خاڵە سنوورییەکان و لە سێکتەری نەوت دەگوزەرێت، نەك بێت رێگری لە سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ بکات، کە داوای مافی خەڵك دەکەن، یەعنی ئێمە چیمانکردووە جگەلە باسکردن لە مووچە و بژێوو قوت و ژیانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە لێبڕینی مووچە...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) قسە دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە بڕگەی دووەم لە ماددەی دووی ئەم پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هاتووە کە باسی پێکهاتەی پەرلەمان دەکات کە

بەپێـی یاسـای هەلبژاردنەکـانی پەرلەمـانی کوردسـتان سـاڵی (١٩٩٢)ی هەمـوارکراو، ئەنـدامانی پەرلەمـان پێکهـاتوون لە (١١١) ئەنـدام، بەڵام ئەوە سـێ کۆبـوونەوەیە بە بڕیارێـك كـاك (د.كـاظم فاروق) بێبەشکراوە، وە تا ئەم داوای لێبووردن نەکات و بڕیارەکەش بەردەوام بێت مەعنـای وایە تۆ ئەندامێکت بێبەشکرد بە درێژایی هەموو ئەم خـولە کە ئەو مـاوەیەی مـاوە ژمـارەی ئەنـدامان دەبێت بە (١١٠) ئەندام، بەڕاسـتی ئەمە کێشـەیەکی یاسـاییە لە کاتێکـدا بەپێـی بـڕگەی سێیەم لە ماددەی (٢٥) لە پەیڕەوی ناوخۆ مافی لە دەستدانی ئەندامیەتی تەنها لەم حاڵەتانەیە، شـیاویەتی لە دەسـت دەدات، حـوکم درابێـت، یەکێـك تایبەتمەنـدییەکانی ئەنـدامییەتی لە دەسـت دەدات، ئامادە نەبوونی لەسەر ویستی خۆی یان بە هۆکاری تـر، لە کاتێکـدا ئێسـتا کـاك د.كـاظم ئامـادەیە بەشداری بکات و بڕیارێك ڕێگری لێدەکات، مـن پێشـنیار دەکەم ئێـوەی بەڕێـز دەسـەڵاتی خۆتـان بەکار بێنن بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم دۆخەی پەرلەمان و گەڕانـدنەوەی پەرلەمـان بـۆ نیسـابی خـۆی کە (١١١) ئەندامە بەپێـی یاسـای هەلبژاردنەکـان، وە ئەم بڕیـارە هەڵبووەشـێتەوە، ئەم پێشـنیارەی مـن بـخەرە دەنگـدانەوە ئەگەر دوو کەسـی تـر پشـتگیریکرد بخـرێتە دەنگـدانەوە و ئەم دۆخە کۆتایی پێ بهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە چەند ڕۆژی پێشـوو لە قەزای کفری چەنـد کاتیوشـایەك ئاراسـتەی قەزای کفـری کـرا، ئەمەی لە قەزای کفـری ڕوویـدا بە دڵنیـاییەوە ئەگەر لە قەزایەکـی تـر خوانەخواسـتە لە قەزایەکـی دیـکەی گەرمیـــانیش ڕوویبـــدایە ســـەرۆکایەتی هەرێـــم، ســـەرۆکایەتی حکـــومەت لەگەڵ بەڕێزتـــان سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دڵنیام هەر وەکو ئێستا بەبێ ئەوەی ئیـدانەی بـکەن، ئیـدانەتان نەکـرد، بەڵام هەر لە قەزایەتی دیکە بینیوومانە سەرباری هەمووومان دڵمـان ژانیکـردووە لە قەزایەکـی تـر لە شـارێکی تـرەوە ڕوویـداوە بەیاننـامە لەسـەر یەك ڕۆیشـتووە و ئیـدانەکراوە، داوا لە بەڕێزتـان دەکەم ئیـدانەی ئەو بـابەتە بـکەن لە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان، لەگەڵ ئەوە لیـژنە تایبەتمەنـدەکان ئیدی لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی نـاوخۆش بنێردرێـت بـۆ ئەوەی هەر هـیچ نەبێـت چـۆن ڕێگـری بکرێت لەو حاڵەتانە و بۆ ئەوەی حاڵەتانە دووبارە نەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـەرۆکایەتی پەرلەمـان ئیـدانەی هەمـوو هێرشـکردنێك دەکـات کە دەکـرێتە سـەر شـارەکانی کوردســتان، هەر شــارێك بێــت و بــۆ ســەرۆکایەتی پەرلەمــانی کوردســتان و بــۆ دامەزراوە دەسـتوورییەکانی هەرێمـی کوردسـتانیش شـارەکان و خەڵکـی شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان هەموویان وەکو یەکسانن، ئیدانەی دەکەن بێگومان، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بەپێـی مـاددەی (٦٦) قسـە دەکەم لە خـاڵی شەشـەم، ئـێمە لە (٣/١٦) داوای دانیشـتنێکی پەرلەمانمانکرد لەسەر جێ بەجێ نەبوونی یاسای چاکسازی، بەداخەوە دوای ئەو مـاوە زۆرەی کە

له (٢٠٢٠/٧/١)ەوە دەرچووە تاوەکو ئێستا لە دوو سەد چل و شەش هەزار خانەنشینی نا یاسایی هیچی نەبڕاوە، ئەوانەی کە چوار ملیۆن و سێ ملیۆن و دوو ملیۆن و بە عەقید و عەمید و لیوا و وەزیر و بریکاری وەزیر نەبڕاوە، بەڵام ئەوانەی کە حەفتا و پێنج هەزاری بەخێوکەری شەهیدیان هەبووە بڕاوە، بۆیە ئەمە لیستی کەم ئەندامانی سەنگەر تا دواتر، ئەم یاسایە جێ بەجێ نەکراوە، داوامانکرد لە بەڕێزتان بەپێی خاڵی شەشەم ئەگەر تەرکیز بکەین ناڵێت حکومەت بۆی هەیە نەیەت، دەڵێت ئەگەر دوای دەتوانێت داوا بکات حەوت ڕۆژ بۆی درێژ بکرێتەوە، یەعنی داوامانکردووە دیسانەوە لە دۆسیەی نەوت دانیشتنی پەرلەمان بکرێت هەر نەکراوە، داوامانکرد لەسەر دۆسیەی خاڵە سنوورییەکان، چونکە ئێستا ئەوەی من دەزانم ئەم مانگەش لێبڕینی مووچە دەیانەوێت بەردەوام بێت، یەعنی هەموو ئومێدەکە ئەوە نەبێت بەغدا بێت، ئێمە ئەگەر یاسای چاکسازی وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت و دۆسیەی نەوت موراجەعەی مەساریف بکرێتەوە و خاڵە سنوورییەکان و ئەو قاچاغیەی کە ڕێك ساڵێك و حەوت مانگە داوای دەکەین، زۆر قورسە ساڵێك و حەوت مانگ بەپێی پەیڕەو داوا بکەی ئەو قاچاخچییە نەهێڵدرێت، دانیشتن بکرێت هەر بەردەوام بێت و زیاد بێت بە میکانیزمی جیاواز، جا داواکارم لە بەڕێزتان لەگەڵ حکومەتدا قسە بکەن، یەعنی ئەم بڕگە پەیڕەوییە ناڵێت بۆتان هەیە نەیەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەو یاداشتانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتیانکردووە ئێستا لەم لەحزەیەی کە ئێمە بە یەکەوە قسە دەکەین هیچ یاداشتێکی ئەندامانی پەرلەمان نییە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆبوونەمان لەسەر نەکردبێت، وە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان نەکردبێت بە مەبەستی ئامادەبوون ئەمە یەك، دوو: سەبارەت بە بابەتی چاکسازی لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی و لیژنە تایبەتمەندەکان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ وەفدی دانوستکار کە لە هەمان کاتدا جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەکان لەوێبوون ئەوان تەئکیدیانکردەوە کە ڕاپۆرتی دووەمی جێ بەجێکردنی یاسای چاکسازی بە ژمارە دەنێرن بۆ پەرلەمانی کوردستان، بە ژمارەوە کە چییانکردووە ئێمە چاوەڕێی ئەو ڕاپۆرتە دەکەین بێگومان، زۆر سوپاس، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی (٥٨) دەدوێم، هەموومان دەزانین بە داخێکی زۆرەوە باری ژیانی ئەم هەرێمە زۆر لە خراپەیە و لە دوو هەفتە و سێ هەفتەی ڕابردوودا کاراساتی کوشتن و خۆکوشتن ویەکتری کوشتن زۆربووە لە ناو کۆمەڵگاکەمان، بە داخەوە میدیا و سۆشیال میدیاش بە شێوازێکی نیگەتیڤانە پاڵنەری ئەم شتانەن، بەڵام هەموو کۆ دەکرێتەوە لەوەی کە بژێووی ژیانی زۆر خراپە، مەعلومی هەموو لایەك جەنابتانە لێبڕینی مووچە و نەبوونی مووچە و بەلانسێکی ئاسایی بووە ژیانی خەڵك وا دەکات شیرازەی خێزانی بپچڕێت و زۆر لەسەر ناڕۆم داوا دەکەم وەزیرە بەڕێزە مەعنییەکان بێن لێرە پێمان بڵێن ئایا چارەسەری ئەم دۆخە چۆنە، پێش هەموو شتێکیش ئێمە چەند جارێکیش بەپێی ماددەی (٦٦) داوامانکردووە کە لێبڕینی مووچە نەمێنێت

و قسـەمان لەسـەردا بـکەن، مەبەسـت لێـرە بەس ئەوە نـیە بـێن لێـرە پێمـان بڵێن پارەمـان لەبەر دەسـتدا نیــیە، ئێســتا شــیرازەی کۆمەڵگــای کــوردی بە داخەوە رای دەگەیەنــین کە لەو پەڕی خراپیدایە ئەگەر فریای نەکەون دۆخەکە زۆر لە کیمیاباران خراپتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مسلم فەرمووو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوە بابەتی برای بەڕێزم کاك سیروان باسیکرد هاوڕای هەموو قسـەکانیم، بەڕاسـتی ئێسـتا دیــاردەیەکی زۆر مەترســیدا هەیە لە نــاو کۆمەڵگــای ئــێمەدا و رۆژ بە رۆژ ئەو دیــاردەیە لە زۆربووندایە، کە رێـژەی کوشـتن زۆربـووە، بەدەر لەوە دیـاردەی خۆکوشـتن زۆربـووە، ئیـزافەتەن دیاردەی چەك هەڵگرتن بەڕاستی بە شـێوەی نـا یاسـایی مـامەڵە پێکردنـی بە شـێوەی نـا یاسـایی زۆربووە، جگەلەوەش بەڕاستی راگەیانـدنەکان سۆشـیال میـدیا دەورێکـی زۆر خـراپ دەبیـنن لە تەشەنەکردنی ئەم رووداوانە لە بڵاوبـوونەوەی و لە پەخشـکردنی، ئومێـد دەکەم ئەمە پەیوەنـدی بە بەشێکی زۆر لە لیژنەکانی ناو پەرلەمان هەیە، لە لیژنەی رۆشنبیری، ئەوقاف، ناوخۆ، پێویسـتە کاری جدی لەسەر بکرێت و بەڕاستی راپۆرتی لەسـەر ئامـادە بـکەن، لایەنـی پەیوەندیـداری پێـوە بانگهێشت بکرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان رۆڵی بەرچاوی خـۆی ببینێـت لە داهـاتوودا سنوورێك بۆ کێشانە دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزتـان ئەو ئەنـدام پەرلەمانـانەی کە باسـی ئەو دۆخەتـانکرد داواتـان لێـدەکەین کە یاداشـتێك ئاڕاستەی دەستەی سـەرۆکایەتی بـکەن، چارەسـەرتان چیـیە، بەدائیلتـان چیـیە، دەتانەوێـت چـی بکرێت بـۆ ئەوەی ئـێمەش لەگەڵ لیژنەکـانی پەرلەمـانی کوردسـتان قسـە بکەیـن، گوڵسـتان خـان فەرمووو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بەو دیـاردەیەی کە کـاك مسـلم و کـاك سـیروان ئاماژەیـان پێـدا دیـارە راگەیانـدنەکان رۆڵێکی زۆر خراپ دەگێڕن، لە هەفتەی رابردوودا چەند بەرنامەیەك راگیرا بـۆ مـاوەی هەفـتەیەك کە نـازانم دوای ئەو هەفـتەیە ئەم بەرنامـانە بە چ شـێوازێکی دیـکە دەسـت پێـدەکەنەوە و چ کاریگەریەکیـان خـراپ بە جـێ دەهـێڵن، وێـڕای ئەوەی کە بەڕاسـتی کە مـن دەمویسـت لەسـەر مەسـەلەی کفـریش قسـە بـکەم، ئێسـتا وەزعـی شـاری کفـری لەبەردەم نـا ئـارامی و مەترسـیەکی گەورەدایە، وە هیچ یەکێك لەم سـەرۆکایەتیانەی ئـێمە هـیچ هەڵوێسـتێکی دیاریـان نەبـووە، ئەم بێ دەنگییە مەترسییە بۆ سەر رەوشی شاری کفری لە کاتێکدا ئەوان کۆنفرانسێکیان بەستووە بـۆ پاڵپشتی شاری کفری و ئـاوەدانکردنەوە و بـایەخ پێـدان، بەڵام ئەم مەترسـیە کـارگەیەکی ئەوتـۆ دروست دەکـات کە کەرکـووك چـی بەسـەرهات و چارەنووسـەکەی چـی لێهـات، هاوشـێوەی ئەوە کفریش بچێتە ئەو دۆخەوە، بۆیە من داوا لە بەڕێزتـان دەکەم دەسـەڵاتی خۆتـان بـخەنە بـگەڕ بە ناردنی لیـژنەی پەیوەندیـدار و هێنـانی راپۆرتێـك بـۆ ئەم پەرلەمـانە و ئـێمە بتـوانین دەعمـی ئەو

راسپاردانەی کۆنفرانسەکەی خۆشیان بکەن و بتوانین کاری لەسەر بکەین و ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە یاداشت ئاڕاستەی سەرۆکایەتی بکەن، کاك سروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموومان وەکو نەتەوەی کورد بە گشتی نەتەوەیەکی موسڵمانین و دینداریین، لە هەموو ئەدیانەکانیش دینداری دەکەین، یەعنی دینی خۆمانمان بە دروست وەرگرتووە، سەروی جەنابتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە کە خوای گەورە دەفەرمووێت (وأمرهم شوری بینهم)، گرنگ ئەوەیە ئایەتی قورئان قەسدەکەی ئەوەیە کو راوێژ لە بەینی یەکتر بکەین لەگەڵ هەر بڕیارێك کە دەریبکەین، دروستە هەندێك لە ناوەکانی خودای گەورەت پێ دەڵێم، بۆ نموونە (الرحیم، الرحمن، الغفور، العفو) ئەوە هەموو ناوە جوان و پیرۆزانە لە خودای گەورەدا هەیە، ئێمەش هەموومان موسڵمانین، د.کاظم هەڵەیکرد دروستە منیش دەڵێم هەڵەیکرد، بەڵام با ئێمە لێخۆشبوون دەربکەین، چۆن ئێوە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیارتاندا کە دەنگدان لەسەر نەهێشتن بۆ هاتنە ژوورەوەی د.کاظم بکرێت ئەواش بڕیارێك دەربکەن بۆ ئەوەی دەنگ بدەینەوە جارێکی تر د.کاظم رێگەی پێبدرێت بێتەوە هۆلی پەرلەمان، چونکە تەمسیلی خەڵك دەکات، نوێنەرایەتی خەڵك دەکات، بۆیە ناکرێت ئێمە رێگری لە کەسێك بکەین کە ئەو نوێنەرایەتی خەڵك دەکات ئەوە یەك، دوو: هاوڕای برای بەڕێزم کاك (علی حەمە صالح)م بۆ نەهێشتنی ئەوانە لە خاڵە سنوورییەکان دەکرێت، چونکە شتێکی جوان و رێك گوتراوە بەوەی هاوڕای بم تا قسەکەی بە هەند وەربگیرێت، هاوڕای (کاك سیراون)یشم ئەگەر ئافرەت شەرەفە ئێمە بۆ شەرفمان بکوژین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست بە جێ بەجێکردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار دەکەین، دواتر وەرتان دەگرین، دکتۆرە گلاوێژ بە مەبەستی خستنە رووی بیرۆکەیەکی تایبەت بە زۆربوونی نەخۆشی شێرپەنجە فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمڕۆ هەم لەبەردەم هاووڵاتییان و ئەندامانی پەرلەمان بۆ خستنە رووی بیرۆکەی زۆربوونی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و رێگە چارەسەرەکانی، بەڕاستی ئێمە ئەمڕۆ باسی نەخۆشییەك دەکەین کە لە ناو کۆمەڵگامان بڵاوبووەتەوە و کێشەی هەموومانە، بۆیە پێویستە ئێمە بە جدی کاری لەسەر بکەین و لەسەری رابوەستین، بابەت هۆکارەکانی زۆربوونی نەخۆشی شێرپەنجە و رێگا چارەسەرەکانی، هەموو بوونەوەرێکی زیندوو لە خانە پێکهاتووە، نزیکەی لەشی مرۆڤی پێگەیشتوو نزیکەی سی ترلیۆن خانەی هەیە، خانەکان زیاد دەبن بە دابەشبوون لە لەشی هەر مرۆڤیکی پێگەیشتوو لە هەر خولەکێك بیست و پێنج ملیۆن خانە دابەش دەبن، بەم شێوەیە لەش خۆی سارێژ دەکات، بەڵام هەندێك جار خانەیەك لە ژێر

کۆنترۆلی لەش دەردەچێت بەردەوام دابەش دەبێت ئەمەش پێی دەگوترێت شـێرپەنجە، خـانەی نـا تەندروسـت کە بـێ کـۆنترۆل گەشـە دەکـات و زیـاد دەکـات، بەرێـزان، وا نـیە هەر هەمـوو خـانەیەکی شـێرپەنجەی کە لە کـۆنترۆل دەرچـوو شـێرپەنجەیەکی ترسـناك بێـت، شـێرپەنجەی بناءمان هەیە کە شێرپەنجەی حەمیـدە لەوانەیە ئێسـتا ئـێمە لە ئەنـدامانی پەرلەمـانی ئەو هـۆلە لەوانەیە کیومەرێك هەبێت لە لەشمان، بەڵام ئەو کیومەرە کە بـڵاو نـابێتەوە و حەجـمەکەی زیـاد ناکات ئەوە پێی دەڵێن شـێرپەنجەی حەمیـدیە، واتە بنـاء، بەڵام شـێرپەنجەی ترسـناك ئەوەیە کە خـــانەکە دابەشـــبوونی لە ژێـــر کـــۆنترۆل دەردەچێـــت و بە هەمـــوو لەش بـــڵاو دەبێـــتەوە و کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت، شێرپەنجە گرووپێك لە نەخۆشـین کە بـریتین لە گەشـی نـا تەواو پاشان توانای بڵاوبوونەوەی دەبێت لە هەموو لەشـی مـرۆڤ، شـێرپەنجە کە بە نخۆشـی ترسـناك ناسـراوە زیـاتر لە سـەد جـۆری جیـاواز لە خـۆ دەگرێـت و هەمـوو بەشـەکانی لەش ئەگەری تووشبوونیان هەیە، بەڵام هەموو جۆرەکانی شێرپەنجە یەك سیفەتی وەك یەکیان هەیە ئەویـش بـریتییە لەو خـانەیەی کە تووشـی شـێرپەنجە دەبێـت کۆنترۆلیـان لە دەسـت دەدەن، بەپێـی راپۆرتی (WHO) کە دووەمین رێژەی مردن لە هەموو جیهان پـاش نەخۆشـیەکانی دڵ بـریتیە لە شێرپەنجە، تەنهـا لە سـاڵی (٢٠١٨) نـزیکەی (٩،٦ ) ملیـۆن کەسـی کوشـتووە لە هەمـوو جیهـان، لە کاتێکـدا لە سـاڵی (٢٠١٥) نـزیکەی (٨،٨) ملیـۆن کەسـی کوشـتووە کە دەکـاتە یەك لەسـەر شەشـی هەمـوو مردنەکـانی دنیـا، زۆربەی مردنەکـانیش لەو وڵاتـانەیە کە داهـاتی تـاك مامناوەنـدە و زۆر کەمە، وە بەپێی داتـای ورد بانـك کـانتری عێـراق و کوردسـتانی خۆمـانیش بەشـێکن لەم وڵاتـانە، یەکەم: دیاریکردنی هۆکـاری زۆربـوونی نەخۆشـی شـێرپەنجە بەپێـی کۆتـا ئامارەکـان نەخۆشـی شێرپەنجە لە جیهانـدا دووەم هۆکاری بەربڵاوی مردنە لە هەر شەش یەکێك دەمرێـت، یەکێکیـان بە هـۆی نەخۆشـی شـێرپەنجەوە دەمـرن، یەکێـك لە هۆکارەکـان بـۆ تووشـبوون بە نەخۆشـی شـــێرپەنجە بۆمـــاوەییە، بەڵام ئەمە تەنهـــا نـــابێتە هۆکـــار بـــۆ تووشـــبوون بـــۆ ئەو نەخۆشـــیە مەترسیدارە، بەڵکو چەند هۆکارێکی هاوکاری دیکەش هەیە کە بە گشتی خۆی لە چەنـد هۆکـار و تووشبوون پاڵنەر دەبینێتەوە کە بـریتین لە پـاڵنەری بـایلۆجی و کیمیـایی و فیزیـایی و خـۆراکی پرۆسسکراو، بەرێـزان، ئـێمە لەوانەیە لەو هـۆڵەدا دانیشـتووینە ئەنـدامانی پەرلەمـان لەوانەیە لە ئێمەدا جینێك هەبێت کە مـوهەیەء بێـت بـۆ تووشـبوون بە شـێرپەنجە، بەڵام ئەم جیـنە بە تەنهـا ناتوانێت شێرپەنجەکمان تووش بکات، بۆیە پێویستە چەند پاڵنەرێکی تر هەبێـت، لەوانەیە ئـێمە خۆمـان بپـارێزین بە گـۆڕینی سـتایلی ژیانمـان، بەڵام ئەگەر ئەو پـاڵنەرانە لەگەڵـی هەبـوو وەکـو ژینگەیەکی نا تەندروست و ژینگەیەکی پیس و خـواردنی خـراپ و نەکردنـی وەرزش ئەمە هـۆی هۆکـار دەبێـت بە یەکەوە دەبیـنە هاوکـاری بۆماوەمـان بـۆ دروسـتبوونی شـێرپەنجە، خـۆراکی پرۆسسکراو کە مـادەی پـارێزەر مـواد حـافزەی تێـدایە و خـواردنە لە قووتـوو نراوەکـان هۆکـاری ژینگەی وەك پیسی ئاو و هەوا و پیسی خاك، ماوەی رێژەی خەوتـن و تەندروسـتی و جـۆری خەو و نەکردنی وەرزش، بەرێزان ئێسـتا گـۆڕینی سـتایلی نووسـتنی هاووڵاتیـان زۆر کـاریگەری هەیە لەســەر تووشــبوونی زۆربەی نەخۆشـیەکان، شـێرپەنجەش یەکـێکە لەو نەخۆشـیانە، کە ئـێمە دەزانـین ئەگەر بێتـوو نووسـتن لە پـێش کـاتژمێر دە و دوازدە بێـت ئەوە هۆرمۆنێـك لە لەشـمان دەردەرێت، ئەو هۆرمۆنە هەموو ژەهرەکـانی لەشـمان پـاك دەکـاتەوە، هەرچـی ژەهـر و پیسـیە لە لەشمان پـاکی دەکـاتەوە، وە بـۆ خـۆی لەشـی مـرۆڤ میکـانیزمێکی هەیە کە زانـایەکی یابـانی لە

ساڵی (٢٠١٦) بە هۆی ئۆتۆفاجی ئەو میکانیزمەی ئاشکراکرد، ئەگەر بێتوو ئێمە خانەکانمان لە برسی بووندا بێت، خانەکانمان چ دەکەن خۆیان دەخۆنەوە، خۆ خواردنەوەش چۆنە مەسەلەن ئەو برۆتین و ئەو موادانەی کە لە ناو خانەکان خراپن خانەکە بۆ خۆی دەیخواتەوە کە ناهێڵێت بێتە هۆکاری دروست بوونی شێرپەنجە، دووەم: ئامار و داتای نەخۆشی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە لە هەرێمی کوردستان داتایەکی سنووورداری تووشبووانی شێرپەنجەمان لەبەردەستە، بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە و دواتر باسی دەکەین، بەپێی ئامار و داتای وەزارەتی تەندروستی ژماری گشتی شێرپەنجە لە شارەکانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٢٠) بریتیە لە شاری هەولێر سێ هەزار و پەنجا کەس کە دەکاتە (٤٨,٤%) تووشبوو، شاری سلێمانی کە شاری هەڵەبجەشی تێدایە دەکاتە دوو هەزار و پێنج سەد و چل و سێ کەس کە دەکاتە رێژەی (٤٠,٤.%) تووشبوو، شاری دهۆك حەوت سەد کەس بووە کە رێژەی (١١,١%) تووشبوو، بەرێزان، ئەگەر بێین ئێمە کۆی گشتی ئەم تووشبووانە وەربگرین دەکاتە شەش هەزار و دوو سەد و نەوەت و سێ کەس، بێگومان ئەگەر دەبەشی دوازدە مانگی بکەین دەکاتە هەر مانگێك پێنج سەد و بیست و چوار کەس تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبن، ئەمەش رێژەیەکی زۆرە لە هەرێمی کوردستان کە دانیشتووانەکەی نزیکەی شەش ملیۆن کەسە، بەڵام ئەگەر ئێمە بێین ئاماژەیەك لێرە روونکردنەوەیەك بدەین کە ئەو داتایەی کە وەرمانگرتووە لە وەزارەتی تەندروستی سەدا نەوەتی داتای خەڵکی کوردستانە دە لە سەدای داتای خەڵکی شارەکانی تری عێراقە، بۆیە هەر زۆرە رێژەکە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام لە عێراق بەپێی راپۆرتی ئەنتەرناشنال ئەجێنسی ریسێرچ کانسەر بۆ ساڵی (٢٠١٨) بریتیە لە دوو هەزار پێنج سەد کەسی نوێی تۆمارکراو بە نەخۆشی شێرپەنجە و چواردە هەزار مردن تۆمارکراوە کە ئەمەش رێژەیەکی زۆرە لە عێراقیش، بەپێی تووێژینەوەیەکمان کە ئامار و داتای شێرپەنجە دەخاتە روو هێشتا بڵاو نەبۆتەوە کە ساڵی (٢٠١٣) تاوەکو (٢٠١٩) لە هەردوو شاری هەولێر و دهۆك پاڵپشت بە داتای وەزارەتی تەندروستی و هەرێمی کوردستان دەری دەخات کە رێژەی شێرپەنجە لە حەوت سێ نەخۆشەوە بەرزبۆتەوە بۆ سەد و حەوتا سێ نەخۆش لە هەر سەد هەزار کەسێك بۆ ئافرەتان و لە سی و شەش نەخۆشەوە بۆ هەشتا و پێنج نەخۆش بۆ هەر سەد هەزار کەسێك بۆ پیاوان، ئەوەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە کە زیاتر لە دوو هەندە زیادبوون و پێش بینی دەکرێت رێژەکان زۆر زیاتربن بۆ دە ساڵی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان، واتە ساڵی (٢٠٣٠)، بەرێزان، ئێمە داتای شاری هەولێر و دهۆکمان وەرگرت و ئێستاش نووسراوێکمان پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی کردووە بۆ ئەوەی داتای شاری سلێمانیشمان بە دەست بگات بە زووترین کات داخیلی ئەم تووێژینەوەی بکەین، ئەگەر بێین سەیرێکی ئەو تووێژینەوەی بکەین داتاکانمان وەرگرتووە دەبینین لە شاری هەولێر بەرزترین رێژەی شێرپەنجە لە پیاوان شێرپەنجەی سییەکانە، وە بەرزترین رێژەی شێرپەنجە لە ئافرەتان شێرپەنجەی مەمکە، ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەم رێژانە کەم بکەینەوە بە هۆشیارکردنەوەی خەڵك و بە زیاترکردنی تووێژینەوە، وە بۆ یەکەم جاریشە لە تووێژینەوەکاندا وێنەی تاکی کورد بە جلی کوردی دادەنێین، لە تووێژینەوەیەکی تر لە گۆڤارە نێودەوڵەتیەکان بڵاو دەکرێتەوە، ئەگەر بێینە سەر شاری دهۆك دەبینین رێژەی شێرپەنجە لە ئافرەتان شێرپەنجەی مەمکە کە بە یەکەم رێژە دێت، وە لە پیاوانیش بە هەمان شێوە شێرپەنجەی سییەکانە، وە شێرپەنجەکانی خوێن و گورچیلەش

دووەم و سـێیەم لە ریزبەنـدی شـێرپەنجەکانن، بەڕاسـتی ئەمە ئامـاژەیەکە و پێویسـتی بە تـووێژینەوە و داتـای زیـاتر هەیە، سـێیەم: پـلان و سـتراتیجی بـۆ چارەسـەر و کەمکـردنەوەی نەخۆشی شێرپەنجە و بەربەستەکانی بەردەم چارەسەی نەخۆشی شێرپەنجە، دانانی پلان و ستراتیجی بۆ چارەسـەر و کەمکـردنەوەی نەخۆشـی شـێرپەنجە پێویسـتی بە تـووێژینەوەیە، بنیاتنانی سەنتەری تایبەت و دابینکردنی ئامێری پێشکەوتوو بۆ تـووێژینەوە، رۆڵـی تـووێژینەوە لە بـواری شـێرپەنجە تـوێژەران لە هەمـوو دنیـا جـگەلە کوردسـتانی خۆمـان رۆڵـی سـەرەکی و گرنگیـان هەیە لە دیـاریکردن و چارەسـەری شـێرپەنجە، چەنـدین سـەنتەر و تـاقیکردنەوەی تایبەتیـان بـۆ ئەم بـوارە تەرخـانکردووە، بە سـەدان تـووێژەر لەم بـوارە کـار دەکەن بە تـایبەتی لە بواری کە هەموو دەزانـین کە بـۆ هێڵـی تـایبەت هەیە لە مـرۆڤ کە گۆڕانکـاریە بۆماوەییەکـان کە دەبنە دەرکەوتنی چەندین جـۆر لە شـێرپەنجە، کە دەکرێـت ئـێمەی تـووێژەری کـورد تـووێژینەوە لەو بوارانە بکەین کە پێشـتر زۆر بە دەگمەنکـراوە، شـێرپەنجە بە هـۆی گۆڕانکـاری لەبۆهێـل یـان یـان پرۆتینەکـان روودەدات، بـۆیە دەکرێـت ئـێمەی تـووێژەر پـێش ئەوەی نەخۆشـەکە (MRA) تووشببێت ئەو بۆ هێلانەی کە گومانی لێدەکەین تـووێژینەوە بکەیـن و تەواوی دەرگاکـان دیـاری بکەین کە دەبـنە هـۆی شـێرپەنجە، ئەگەر دەرگاکانمـان دیـاریکرد ئەوە دەکرێـت کەسـەکە ئاگـادار بکەینەوە لە مەترسی نەخۆشیەکە بە گۆڕانکاریکردن لە ستایلی ژیان و خۆراکی و چەندین شـتی تر دەکرێت کەسـەکە لە تووشـبوون بە نەخۆشـیەکە بپـارێزین یـان بە لایەنـی کەم چەنـدین سـاڵ سەر هەڵدانی نەخۆشیەکە دوا بخەیـن، بەڕێـزان، ئەم خـاڵە زۆر گـرنگە لێـرە، ئـێمە ئەگەر خێزانـی تارگێتمـان هەیە ئەم خێزانـانەی کە شـێرپەنجە لە ناویـان بـڵاوە و بە وەچە بـۆ وەچە بۆیـان دەگوازرێتەوە، خاسەتەن شێرپەنجەی مەمك و شێرپەنجەکانی تر کە لە هەموو خێـزانەکە بـڵاوە، دەتوانین ئەم خێزانانە ئێمە شیکردنەوەی (DND)یان بۆ بکەیـن، وە پێیـان بڵێـین ئەوانە سـتایلی ژیانیان بگۆڕن و هاوکاریان بکەین و هۆشیاریان بکەیـن ئەگەر هـیچ نەکرێـت دەتـوانین چەنـدین سـاڵ ئەو نەخۆشـیە سـەر هەڵـدانی ئەو نەخۆشـیە لەو تاکـانە دوا بخەیـن، بـۆ نمـوونە بەشـی تـووێژینەوە لە بـواری موڵیکـولەر و بـایلۆجی و رەگە خـانە ئەوە ئەو لێکـۆڵینەوانە دەگـرێتەوە چارەسەر، هیوادارم تۆزێك کاتم پێ بدەی، چونکە شتەکە زۆر گرنگە باسی بـکەم، ئەلێـرە دەچیـنە سەر خاڵێکی گرنگ خاڵی سێیەم هەموو خاڵەکان ناخوێنمەوە، بەکارهێنـانی دەرمـانی کیمیـایی و سرووشتی بۆ چارەسەری لە ئاستی خانەی شێرپەنجەیی و جورج و مشکی تـاقیگەیی تـا بـزانین چارەسەرییەکان چەند کار دەکەن، بەڕێزان، لە زۆربەی وڵاتان دەرمانەکان بە مەلاین دۆلاریان لـێ سەرف دەکرێـت، ئـێمە هەمووومـان دەزانـین دەرمـانی شـێرپەنجە زۆر گـرانە، بەڵام کاریگەریشـی لەسەر نەخۆشەکە نابێت، بۆیە پێویستە بە دەقیقی کار بکرێت لەسەر ئەو خانە شـێرپەنجەییانە، ئینجا ئایا لە مشك تاقی دەکەینەوە یان خانە شێرپەنجەییەکان بە چ شکل ئامادە دەکەین یـان لە جورجی تـاقیگەیی تـاقی دەکەیـنەوە بـزانین بزەبـت ئەو دەرمـانە کـار دەکـات لەسـەر ئەم جـۆرە شێرپەنجەیە، ئینجا بیکرین و بەکاری بێنین بۆ نەخۆشەکە تا سوودی لێـوە ببیـنن، یەکێـك لە هەر کێشە سەرەکییەکان لە کەیسەکانی شـێرپەنجە دیـاریکردنی نەخۆشـیەکەیە لە کـاتێکی تـاخیر بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی داهاتیان زۆر کەمە، وڵاتە پێشکەوتووەکانیش بـێ بەش نـین کە سیسـتەمی تەندروستیان زۆر بەهێزە، زۆربەیان دیاری دەکرێن و لە قۆناغی کۆتاییەوە ئەوە کاتە چارەسـەری زۆر ئەستەمە، هەر ئەمەشە دەبێـتە هـۆی بەرزبـوونەوەی رێـژەی مردنـی پێشـوەختە، دەکرێـت لە

رێیـی ئەنجامـدانی تـووێژینەوە لەلایەن تـووێژەرانەوە بە پاڵپشـتی خزمەتگـوزاری تەندروسـتی دروسـت پلانـی وا دەبنیێـین بـۆ چـاککردنی دۆخـی شـێرپەنجە لە کوردسـتان و دیـاریکردنی پێشوەختە تا بتوانین زوو چارەسەری بکەین، ئەو کات چارەسـەرەکەی زۆر خێراتـرە و باشـترە بە تایبەتی شێرپەنجەی مەمـك و ملـی منداڵـدان و قۆلـۆن، کە دەکرێـت ژمـارەیەکی یەکجـار زۆر لە مردنـی پێشـوەختە دەربـاز بکەیـن، هەروەهـا خەرجـیەکەی زۆر کەمتـر دەبێـت و چارەسـەری هەرزانتـر و زۆرتـر دەبێـت، سـێ رێگـا بـۆ دیـاریکردنی شـێرپەنجەی پێشـوەختە، یەکەمیـان: هۆشـیارکردنەوەی گشـتی خەڵـك بە نیشـانەکانی نەخۆشـی و هانـدانی خەڵـك بـۆ داواکردنـی چـاودێری تەندروسـتی لە کـاتی سـەرهەڵدانی نیشـانەکان، دووەم: وەبەرهێنـان لە بـواری خزمەتگـوزاری پزیشـکی بە تـایبەتی لە بـواری دیـاریکردنی نەخۆشـیەکە بە ئـامێری تـاقیگەیی پێشکەوتوو و راهێنـانی ئەوانەی کە کـار دەکەن لەو بـوارە، دڵنیـایی تەندروسـتی بـۆ نەخۆشـانی شـێرپەنجە تـا بتـوانن باشـترین چارەسـەر وەربگـرن، پێداویسـتیەکانی چارەسـەری نەخۆشـی شێرپەنجە لە هەرێمـی کوردسـتان، پێویسـتە چـی بکەیـن، پێداویسـتییەکان بـۆ چارسـەریکردنی نەخۆشی شێرپەنجە بریتیە لە بنیاتنـانی سـەنتەری تـووێژینەوەی نیشـتیمانی بـۆ تـووێژینەوە تـا تووێژەرانی پسپۆر کاری تێدا بکەن و بۆ دۆزینەوەی چارەسـەری نـوێ و دروسـتکردنی کلینیـك لە نێـوان سـەنتەری تووێژینەوەکـانی جیهـان و نەخۆشـخانەکانی جیهـان و پێـدانی راوێـژ بە نەخۆشـخانەکانی چارەسـەری نەخۆشـی شـێرپەنجە لە هەرێمـی کوردسـتان، دامەزرانـدن و دروستکردنی سەنتەرێکی راوێژکاری بۆ ماوەیی کە پێشتریش بیرۆکەکەمـان پێشکەشـکردووە لە پەرلەمانی کوردستان، هیوادارین کاری لەسەر بکرێت، دابینکردنی پێداویسـتی و ئـامێری تـاقیگە تا بتوانرێت تووێژەران چارەسەری گونجاو بدۆزنەوە و تووێژینەوەی سەرکەوتوو ئەنجـام بـدەن، گرنگیـدان بە تـوێژەران و کۆکردنەوەیـان تـا سـوودیان لێوەربگیرێـت بـۆ چارەسـەری نەخـۆی شـێرپەنجە، بەڕێـزان، هەنـدێك خاڵەکـان تێـدەپەڕێنم، نـۆیەم: بەسـتنی کۆنفرانسـی زانسـتی بە شێوەی بەردەوام بۆ وشـیارکردنەوەی خەڵـك لە بـواری شـێرپەنجە و هۆکارەکـانی و نیشـانەکانی بکرێت لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری تەندروستی و بە هەمـاهەنگی لەگەڵ زانکۆکـان، دەبێـت حکومەت و وەزارەتـی تەندروسـتی پلانـی داهاتوویـان هەبێـت بـۆ پشـکنینی پێشـوەختەی هاووڵاتیـانی گومـانلێکراو تـا بتوانرێـت نەخۆشـیەکە لە قۆنـاغە سـەرەتاییەکاندا چارەسەر بکرێت، چـونکە چارەسـەری ئاسـانترە و رێـژەی سـەرکەوتنی زیـاترە، ئامانجەکـانی ئەم راپۆرتە بە مەبەستی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە زۆر سوپاس، راپۆرتەکە ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار بکات، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خاڵێکی پەیڕەویم هەیە قسەی لەسەر دەکەم، دیـارە ئەو بڕیـارەی کە ئێـوە داوتـانە لە بـارەی پەرلەمانتـارێکەوە لە دانیشـتنەکانی پەرلەمـان ئامـادە نەبێـت و هۆکارەکەشـی لای هەمووومـان روونە کە بێڕێزیکردن بوو بە دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان، یەعنی کـۆی موئەسەسـەکە نەك ئەوەی لایەنێك یان شەخسێك یـان کەسێك بێـت، ئێمە بەم جـۆرە سـەیری ئەم بـابەتە دەکەیـن، پەرلەمانی کوردستان لە پەیـڕەوی نـاوخۆدا رێ و شـوێنی دیـاریکردووە ئەگەر پەرلەمانتارێـك لە

زیاتر لە سێ دانیشتن بەپێی ماددەی (٢٢) ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان نەبێت ڕێ و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە تا ئەو رادەیەی کە بەڕێزت و دەستەی سەرۆکایەتی ئەم پرسە بخەنە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ لێسەندنەوەی متمانە، من دەمەوێت بزانم بەڕێزتان چی دەکەن، چونکە ئەمە لە سێ دانیشتن تێپەڕبووە، ئایا ئەمەی کە لە پەیڕەوەکەدایە ئێوە پێوەی پابەند دەبن؟ جێ بەجێی دەکەن یاخود نا؟ ئەگەر جێ بەجێی ناکەن ئەو کاتە دەبێت بزانین چی لێدێت ئەم بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە جێ بەجێکردنی ئەوەی کە لە ماددەی (٢٢)دا هاتووە لەسەر کاك د.کاظم ئامادە نەبوونی لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستانە نەك بە ئیرادەی خۆی، لەبەر ئەوە حوکمی غیابی نییە و بەرامبەر ناوەکەی ئێمە دەینووسین بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢١)، وە ئەو بڕیارە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بە دەنگدانکراوە بۆ ئەوەی کاك د.کاظم جارێکی تر بێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان ئەم قسەیەم زۆر دووبارەکردۆتەوە دەبێت یان داوای لێبوردن بکات وەکو ئەوەی لە دەقی بڕیارەکەدا هاتووە یان دەبێت بڕیارەکە هەڵبوەشێندرێتەوە، هەڵوەشاندنەوەی بڕیاریش پێویستی بە پێشکەشکردنی داواکاری هەیە و پێویستی بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئەندامین وەکو بەڕێزتان لەو بابەتەدا جگە لەوەی دەنگێکین هیچ جولەیەکی تر ناتوانین بکەین، بەڵام سەبارەت بەوەی حوکمی غایبی هەیە، نەخێر، چونکە لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیەتی کە ناتوانێت بێتە ناو دانیشتنەکانی پەرلەمان، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێت لەسەر شتێك قسە بکەم بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان دەبێت دانیشتنەکانی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو بابەتانەوە هەبێت کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، پرسی لێبڕینی مووچە یەکێکە لە پرسە گرنگەکان و چەندین جار بەپێی پەیڕەوی ناوخۆدا یاداشتمان پێشکەشکردووە و لە ناویشیاندا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە، یەعنی بە چ حوکمێك لە (٥٠%)ی مووچەکانیان بڕاوە، حاکم هەیە بۆ نموونە لە شاری چەمچەماڵ دەوام دەکات مانگێك ملیۆنێك پێنج سەد هەزار دینار مووچەکەیەتی، کرێچییە بۆ نموونە و ئەو هەموو ڕێگایە دێت و دەڕوات ئەگەر بمانەوێت ڕێز لە دەسەڵاتی دادوەری بگرین لە هەرێمی کوردستاندا و بمانەوێت یاسا و دادگاکانمان سەروەر بکەین، بەڕاستی پێویستە ئەو بڕیارە هەڵبوەشێتەوە، ناکرێت بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ دادگا بۆ نموونە دادوەرەکانی خۆماندا بکەین، یەك پرسی دیکە لەسەر پرسی خۆکوشتن و کوشتنی ژنان لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا چوار سەد و نەوەت ژن کوژراون، شەش سەد و دوازە ژن خۆیان کوشتووە، حەوتا سێ هەزار و تا دوایی سکاڵایان تۆمارکردووە، پشتیوانی پێشنیازی برادەرانم دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەت لەسەر ئەم بابەتە و هۆکارەکانی و چۆن

چارەسەرکردنی ئەم بابەتە، ناکرێت لەم هەرێمی کوردستان ئەوە ژیان و گوزەرانی خەڵك بێت، ئەوە دۆخی ئافرەتان بێت و ئێمە لێرە هیچ نەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یاداشتی بەڕێزتان سەبارەت بە لێبڕینی مووچە بە گوێرەی ماددەی (٦٦)ە لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە بە ئامادەبوونی حکومەت دەبێت، یەعنی لە نێوان پەرلەمان حکومەت یاداشتەکە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، سەبارەت بەو بابەتەی تر من داواتان لێدەکەم یاداشتێك پێشکەشی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی ئێمە بەرچاومان روون بێت چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکە بکەین، بەڵێ دۆسیەیەکی مەترسیدارە و ئەرکی هەمووومانە لە پەرلەمانی کوردستان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەواوی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان ئەم بابەتە بە گرنگی و بە هەند وەربگرین، کاك د.عثمان فەرموو.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێویستی دەزانم دەستخۆشی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بکەم لەگەڵ هاتنی مانگی رەمەزان دەرگای مزگەوتەکانیان کردەوە و دەستیان خۆش بێت، سوپاسیان دەکەین، بەڵام لە (٤/١٨) داواکاریەکمان دایە جەنابت بۆ کردنەوەی حەوتا مزگەوت کە بە بڕیارێك راگیراون، وێڕای پشتگیریکردنی لیژنەی فتوای هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بەشێکیان بکرێتەوە تاوەکو ئێستا نەچووەتە بواری جێ بەجێکردن، داوا دەکەم وەڵامێکی ئەو داواکاریەم بدەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوێنی داواکارییەکەتان گەیشتووە کاك هێمن دەڵێت، بێگومان ئاڕاستەی لیژنەی ئەوقافی دەکەین و چی پێویستە کاك هێمن دیارە یاداشتەکەی بەدەست گەیشتووە مامەڵەی لەگەڵ دەکات بەوە کە پێویستە، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی (٥٦) بڕگەی دووەم قسە دەکەم، دیارە لەو شەش حەوت ساڵەی رابردوو کە مووچە کەمکرایەوە و دواتریش لێبڕینی مووچە هاتە کایەوە حکومەت قەرزداری مووچەخۆران بووە، هەروەها خەڵکیش قەرزداری حکومەتن لە خزمەتگوزارییەکان ئاو و کارەبا و پێشینەکان، لە پرۆژەی یاسای چاکسازی دیارە ماددەی (١٣) باسی مەقاسە دەکات، ئەو قەرزانەی کە مووچە خۆر لەلای حکومەتیان هەیە و حکومەتیش لەلای هاووڵاتیان هەیەتی بەبەر یەکتری بخرێن بۆ ئەوەی بۆ حکومەتیش کار ئاسانیە و خەڵکیش لەوانەیە هەندێك شتیان لە کۆڵببێتەوە، نامەی پێشمەرگەیەکی خانەنشینە لە ساڵی (٢٠١٣) پێشینەی خانووبەرەی وەرگرتووە پازدە ملیۆن دینار بووە پێنج ملیۆن دیناری داوەتەوە، بەڵام کە مووچە بڕین دەستی پێکردووە بڵێین نۆ مووچە و ئەوانە ئێستا دوو ملیۆن سێ سەد و نەوەت شەش هەزار دینار غەرامەی هاتۆتە سەر، داوایان لەو مەصدەرە کردووە کە مووچەکەی پێدەدرێت مووچەکەی بکرێتە نیوە، بۆیە داوا دەکەم

جەنابتــان موتـابەعەی ئەو پــڕۆژەیە یاسـایە بـکەن و مـاددەی مەقاسـە جــێ بەجــێ بـکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە نــاو مــاددەکە باســی مەقاســە نەکــراوە لە راســتیدا، ئەو حــاڵەتەی ئەو پێشــمەرگەیەش بە یاداشتێك ئاڕاستەی سەرۆکایەتی بکە بـۆ ئەوەی ئـێمە لە رێـگەی تایبەتمەنـدەکانەوە موتـابەعەی بکەین، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢١) دەنگدان لەسەر بڕیـارەکە کـرا هەر چەنـدە بڕیـارەکە پێچەوانەی هەردوو بڕگەی ماددەی (١٨) و هەر پێنج بڕگەکەی مـاددەی (٥٧)ە، چـونکە بەڕێـزت لە جەلســەی رۆژی (٣/٣١) هەر چــوار بــڕگەی مــاددەی (٥٧) جــێ بەجێکــرد، کە پەیوەنــدی بە بەرزەفتکـردنەوە هەیە، ئەم بڕیــارە دەنگــی لەســەر درا دواتــر ئەنــدامێکی بەڕێــز گــوتی ئایــا کۆبــوونەوەی لیژنەکــانیش دەگــرێتەوە، ئێــوە گوتــان بەڵــێ، لە کاتێکــدا دەنگــدان تەنهــا بــۆ دانیشـتنەکانی پەرلەمـان بـوو، دوو: ئـێمە پێویسـتیمان بە دەرچەیەك هەیە بـۆ دەربـازبوون لەم دۆخەدا، دوو رێگامـان هەیە رێگەیەکیـان پەرلەمـان و ئەوەی تریـان دادگاکـان، جەنابـت وەکـو سـەرۆکی پەرلەمـانی کوردسـتان و دەسـەڵاتی یاسـادانان متمـانەی دادگاکـان لێداونێکتانـدا بـۆ رادیـۆی دەنگـی ئەمریکـا خسـتە ژێـر پرسـیارەوە کە متمـانە بە دادگاکـان ئەگەر وابـووایە خەڵـك گومانی نەدەکرد لە دۆسیەی راگیراوانـی بادینـان، بـۆیە رێـگەی دووەم رێگەیەکـی ئـسوڵیە کە لە رێگەی یاداشتێکەوە پەرلەمـانی کوردسـتان بەم بـابەتەدا بچێـتەوە، چـونکە بەپێـی مـاددەی (٥٧) ئەو رێکـارانە هەمـووی گیـراوەتە بەر، خـاڵی دووەمـم لە خـاڵە پەیـڕەویەکە یاسـای ژمـارە (١٦)ی سـاڵی (١٩٩٣) یاسـای هەڵگرتنـی چەك بە داخەوە بـڕگە و ماددەکـانی وەکـو خـۆی جـێ بەجـێ نەکرێـت، وە یەکێـك لە هۆکارەکـانی رووداوەکـانی کوشـتن و زۆربـوونی کوشـتن پەویوەنـدی بە دیاردەی چەك هەڵگرتنەوە هەیە، بۆیە داواکارین وەزیر ناوخۆ بانگهێشـتی پەرلەمـانی کوردسـتان بکرێت بۆ جێ بەجێکردنی بڕگە و ماددەکانی یاسای چەك وەکو خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەوە دووەمیان داوا دەکەین کە یاداشـت ئاڕاسـتەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان بکەن، سەبارەت بەوەی یەکەمیشتان بەڕێزتان ئەگەر سەیری ماددەی (٣٣) بـکەن دەڵێـت هەمـوو ئەو حوکمانە کە بەسەر دانیشتنی پەرلەمان جێ بەجێ بێت بەسەر دانیشـتنی لیژنەکانیشـدا جـێ بەجـێ دەبێـت لەو مـونتەلەقەوە ئـێمە وامـان گوتـووە، ئێسـتا بیـرۆکەی شـنۆ خـان سـەبارەت رەخساندنی هەلی کار لە هەرێمی کوردستان_عێراق، فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان، پشـت بەسـت بە مـاددەی (٤٩) خـاڵی دووەم بـڕگەی یەکەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ئەم بیـرۆکەیە دەخەمە روو کە تـایبەتە بە رەخسـاندنی هەلی کار لە هەرێمی کوردستان، کە تێیـدا هۆکـار و چارەسـەر لە خـۆ دەگرێـت، بەڵام تەوزیحێـك

لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە ئەم بیرۆکەیەم ئامادەکردووە لە ئێستادا رەنگە گۆڕانکاری بەسەر بەشێك لە داتاکانیدا هاتبێت، پێشەکی سالانە بە نزیکەیی سی هەزار خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەبنە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆم لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بە هۆی وەستانی دەمەزراندن لە ساڵی (٢٠١٤) تا ئەم ساتە وەختە بە هۆی قەیرانە یەك لە دوای یەکەکان دە دووچاری هەرێمەکەمان بۆتەوە، هەر لە بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە و نەبوونی یاسای بودجە لە هەرێمی کوردستان و دابەزاندنی نەرخی نەوت و شەڕی نەگریسی داعش و ناکۆکی و ململانێی نێوان هێز و لایەنە سیاسیەکان لە ئێستاشدا بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، وە لێکەوتە داراییەکانی کە هەرێمی کوردستانیان دووچاری قەیرانێکی سەختی دارایی و ئابووری کرد، وە لە دەرئەنجامدا قەیرانی بێکاری و هەژاری بەدواخۆیدا هێنا، بە گوێرەی ئەو داتایانەی کە لە وەزارەتی پلاندانان دەستمکەوتووە بۆ ساڵی (٢٠١٨) ریژەی بیکاری لە پارێزگای هەولێر (٨,٨٧%) بووە، لە پارێزگای سلێمانی (٥,٦٩%) بووە، لە پارێزگای دهۆك کە لە ئاستێکی زۆر مەترسیداردایە (١٦,٧٧%) بووە، تێکڕای رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان گەشتۆتە (٩%)، هەروەها رێژەی هەژاری کە هاوتەریب لەگەڵ رێژەی بێکار بەرزدەبێتەوە لە پارێزگای هەولێر (٦,٧%) بووە، لە پارێزگای سلێمانی (٤,٥%)ە، بەرزترین رێژە لە پارێزگای دهۆکە کە (٨,٦%)ە بۆ ساڵی (٢٠١٨)، تێکڕا رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (٥,٥%) بەم هۆیەشەوە زیاتر لە دوو سەد و حەفتا و هەشت هەزار بێکار لە هەرێمی کوردستان هەن، وە سەد و بیست هەزار دەرچووی دانەمەزارو هەن، لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان هیچ دەوڵەتێك و حکومەتێك لە توانایدا نیە کە سەرجەم دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە کەرتی حکومی بخاتە سەر کار، بەڵکو بە چەند قۆناغێك و بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت هەلی کار دەڕخسێنن، لە زۆربەی وڵاتە ئەورپییەکان رێژەی نزیکەی (١٦%) بۆ (١٨%) هێزی کار فەرمانبەری حکومین، بەڵام رێژەی (٨٦%) بەرەوە سەرەوە هێزی کار یاخود دامەزراوان لە کەرتی تایبەتن، واتە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی تەواوکەری یەکترن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەم رێژەیە پێچەوانەیە، لە کۆی زیاتر لە پێنج ملیۆن دانیشتوان یەك ملیۆن و دوو سەد و چل و نۆ هەزار فەرمانبەرن یاخود مووچەخۆر هەن، وە ئەم ژمارەیە پێمان دەڵێت کە لە (٧٥%) زیاتر داهاتی هەرێم بۆ مووچەخۆران تەرخانکراوە، واتە لە (٧٥%) نزیکەی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی حکومین، هەر بۆیە هەر مەترسیەك لەسەر ئابووری هەرێم راستەوخۆ کار لە بوودجە و مووچەی فەرمانبەران دەکات، وە هۆکاری ئەمانەش هەموومان دەزانین پشت بەستنی حکومەتی بە تەنها یەك سەرچاوەی داهات کە نەوتە، هەروەها فەرامۆشکردنی سەرچاوەکانی تری داهات و رێك نەخستنەوەی هێزی کار لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی، وە لە هەمان کاتیشدا هیچ پرەنسیپێکی دیسپلینی بۆ دابینکردنی هەلی کار لە ئارادا نییە، وە حکومەت بەپێی گوتەی خۆیان تەنها دەتوانن لە رێگەی زیادکردنی بەشە بوودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە دامەزراندن رابگەیەنن، هەروەها ناهاوسەنگی لە نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی و هاوکات لە نێوان دەستی کاری بیانی و نێوخۆی لە کەرتی تایبەت هۆکارێکی تری سەرەکی قەیرانی کارکردن و دامەزراندنە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڕێزان، بە گوێرەی ئەو داتایانەی کە لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وەرمگرتووە لە هەرێمی

کوردستان بیست و نۆ هەزار و پێنج سەد کۆمپانیا هەن کە لە ئێستادا گەیشتۆتە سی و دوو هەزار کۆمپانیا، سێ هەزار و چوار سەد کۆمپانیای بیانیە و چوار هەزار کارگە هەیە، کە بەشی زۆری ئەم کۆمپانیا و کارگانە هێزی کار تێیاندا بیانییە، پێکهاتوون لە سوری و مصری و لبنانی و هندی و بەنگلادیشی و هەتا دوایی، وە بە مووچەیەکی بەرز کە لە سەروو هەزار دۆلارەوەیە، وە لە ئاستی کارگێڕی و بەڕێوەبردن دەگاتە شەست هەزار دۆلار مانگانە، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو ئەو کارانەی ئەوان دەیکەن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش دەتوانن هەمان کار بکەن، بەڵکو باشتر و دڵسۆزانە تریش، لە کەرتی کشتوکاڵیدا نزیکەی بیست و سێ هەزار خانووی پلاستیکی هەن بە هەزارن حەوزی ماسی و دەواجن هەن زۆربەیان لەلایەن کرێکاری عەرەبی و ئێرانی کاری تێدا دەکرێت، وە لە کەرتی گەشتیاری سێ هەزار بنکەی گەشتیاری هەیە کە بە شێوەیەکی فەرمی لە دەستەی گەشت و گوزار تۆمارکراون خۆی دەبینێتەوە لە شەش سەد و بیست و پێنج ئۆتێل و سێ سەد و شەست مۆتێل و هەشتا گوند و کۆمەڵگەی گەشتیاری و چوار سەد نووسینگەی گەشتیاری و هی تر، لە کەرتی تەندروستی پەنجا نەخۆشخانەی ئەهلی هەن بە هەمان شێوە سەرجەم کارگوزارەکان و بەشی زۆری هێزکاری تەندروستی تێیدا تورك و عەرەبن، وە نموونەیەکی زیندوومان هەیە لەم دواییاندا کە نەخۆشخانەی سەنتی لایف کرایەوە تەواوی ستافەکەی تورکن، ئەمە لە کاتێکدایە لە هەرێمی کوردستان دەیان هەزار دەرچووی کۆلێژە جیا جیاکانی تەندروستی و بەشەکانی تر هەن، بەڵام کەرتی تایبەت ناتوانن کاریان دەست بکەوێت، بە هۆی ئەو مەرجانەی کە لە کەرتی تایبەت دایدەنێن هاوڵاتیانی کورد، وەك ئەزموونی کارکردنی پێنج ساڵ تا دە ساڵ زانینی سێ بۆ چوار زمانی بیانی مەرجی تەمەن و رەگەز لە پاڵ مەرجی بڕوانامە کە زۆربەی ئەم مەرجانە هەموومان دەزانین هەموو کاتێك پێویست نین، بە گوێرەی ئەو زانیارانەی لە لامە کە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی نشینگەی هەولێر و سلێمانی و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەستم کەوتووە زیاتر لە سەد هەزار کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستاندا هەن، لە سێکتەرە جیاوازەکانی کەرتی تایبەت کار دەکەن، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم چاکسازی بکات لە هەموو ئەو سێکتەرانەی کە هێزی کاری پێویستە بە ئاڕاستەی گەڕاندنەوەی ئەو نا هاوسەنگیەی کە دروست بووە، چارەسەر: بەڕێزان بۆ ئەم مەبەستە هێڵە گشتییەکانی رەشنووسی یاسایەکم ئامادەکردووە بە شێوەیەکی گشتی چەند خاڵێکی سەرەکی دەخەمە روو، یەکەم: لە رێگەی یاسایەکەوە یاخود بڕیارێك فەرمانگەی شیاندن و بەگەڕخستنی دەستی کار لە کەرتی تایبەت لە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێتەوە، لێرەدا ئاماژەم بەوەکردووە کە لە ئەنجوومەنی وەزیران بێت، بەڵام رەنگە ئەوە پێویستی بە دیراسەتێکی زیاتر بێت، پێویست بکات سەر بە وەزارەتی پلاندانان بێت یان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە راستەوخۆ ئەم موئەسەسەیە سەرپەرشتی رەخساندنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت و گشتیش دەکات، هەروەها پەرەپێدانی تواناکانی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان، وە لە هەمان کاتیشدا رێکخستنەوە و دەست نیشانکردنی مەرجەکانی دامەزراندن و هەوڵدان بۆ وەرگرتنی فەند لە رێکخراوە خێرخوازییەکان و بەکار بردنی بۆ هەمان مەبەست، بەڕێزان، من راپۆرتێکم دەستکەوتووە کە لە وەزارەتی پلاندانان ئامادەکراوە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣) تا (٢٠٠٩) یەك ملیار و سەد و چل و چوار ملیۆن دۆلار وەك فەند بەخشراوەتە هەرێمی

کوردستان لە پرۆژەی جیا جیا بەکار هاتووە و سوودی لێوەرگیراوە، دەکرێت ئەم موئەسەسەیە راستەوخۆ پرۆپۆزەل بنووسێت بە شێوەیەکی فەرمی بە ناوی حکومەتەوە داوای فەند لە رێکخراوە نێودەوڵەتییە خێرخوازییەکان بکات و بۆ هەمان مەبەست ئەم پارەیە بەکار بهێنێت، دووەم: چالاککردنی سەنتەری پەرەپێدانی تواناکان لە دامودەزگاکانی حکومەت، بەڕێزان، لە کابینەی نۆیەم وەزارەت هەبووە فەندی بۆ هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەنتەرەکانی پەرەپێدانی تواناکان هێندە لاوازن کەسێك نەبووە لەو وەزارەتە فەند وەربگرێت، وەزارەت هەبووە یەك ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە کەسێك نەبووە ئیستلامی ئەو پارەیە بکات، ناچار کاتەکەی بەسەرچووە و ئەو فەندەی کە دایناوە بۆ هەرێمی کوردستان سەحبی کردۆتەوە، سێیەم: لە رێگەی ئەم فەرمانگەیەوە یاخود ئەو موئەسەسەیەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان خولی پەرەپێدانی تواناکان بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بکرێتەوە بە جۆرێك کە ئاسانتر لە کەرتی تایبەت کاریان دەست بکەوێت، چوارەم: پێویستە لەسەر حکومەت رێژەی لە (٩٠%) هێزی کار لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە خاوەنی رەگەزنامەی عێراقی بێت لەسەر کەرتی تایبەت جێگیر بکات، وە ئەو رێژەی دەمێنێتەوە بۆ کارمەندانی بیانی تەنها لە حاڵەتی پێویست بێت بۆ کۆمپانیا بیانیەکان، وە لە ئاستی بەڕێوەبردن لە (٥٠%) بە رەگەز کورد بن و خاوەنی رەگەزنامەی عێراقی بن، پێنجەم: ئەو هاووڵاتیە بیانیانەی کە لە هەرێم کار دەکەن نابێت لە چوار ساڵ زیاتر لە هەرێمی کوردستان بمێننەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکانێك هەن شانزە ساڵ زیاترە لە کوردستان کار دەکەن و داهاتی مانگەشیان دەیان هەزار دۆلارە، دەکرێت ئێمە خەڵکانی خۆمان بخەینە بەردەستی ئەمانە ئەزموون وەربگرن لە ماوەی چەند ساڵێك دواتر ئەمانە بەڕێزەوە بەڕێبکرێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، شەشەم: پێویستە لە رەخساندنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت رەچاوی یەکسانی چەندەری بکات و مەرج و رێنماییەکان رێك بخاتەوە، لە کۆتاییدا هیوادارم ئەو خاڵانەی کە باسمکرد ببنە بنەمایەك بۆ بەڕێزان لە دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەکردنی پێشنیازە یاسایەك، لە راستیدا ئێستا پێشنیازە یاساکەش ئامادەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، داواکارم لە بەڕێزتان لەگەڵ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هاوکارم بن لە زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەو پێشنیازی یاسایە بە ئامانجی رەخساندنی هەلی کاری زیاتر و پێگەیاندنی چینێکی رۆشنبیر لە بواری کاردا، وە هاوکات دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان حکومەت و زانکۆ و بازاڕی کاردا، هەروەها زیادکردنی بەرهەمدارییەتی تاك و گەڕاندنەوەی ئومێد بۆ کۆمەڵگەیەکی تەندروست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆتان تاوەکو جێ بەجێکردنی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار تاوتوێ بکەین، کاك مەلا ناصر فەرمووە.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند قسەکەی من نوقتەی نیزامی نییە، بەڵام دەربارەی وەزعی گەرمیان بە هۆی نە بارینی بارانەوە ئیدارەی گەرمیان باری وشکە ساڵیان راگەیاندووە، ئاوی بەنداوەکان و رووبارەکان و بیر و کانیاوەکان وشیکانکردووە یان زۆر کەم بۆتەوە، بارودۆخی جوتیاران زۆر خراپە، چی لە رووی

کشتوکاڵی یان ئاژەڵداری جوتیاران هەتا بنە تۆکەشیان دەست ناکەوێتەوە، خواردنی گژ و گیاش بۆ ئاژەڵدارەکان نەماوە، لە رووی ژینگەشەوە کاریکردۆتە سەر ئاژەڵە کێویەکانیش، بەڕاستی وەزعی ئاژەڵە کێویەکان لە سنووری ئێمە بە تایبەتی ئاسك وەزعیان زۆر خراپە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی تایبەتی هەبێت بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات بۆ ئەو وشکە ساڵییە لە سنووری گەرمیان بە تایبەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بەم کێشانەی لە ناو هۆڵی پەرلەمان کە باسی دەکەن و دەڕوات هیچ کارێکی لەسەر ناکرێت، داواتان لێدەکەم نوقتەی نیزامی وەکو نوقتەی نیزامی بەکار بێنن، ئەو قسانەی بەڕێزت کردت بیکەرە یاداشتێك بۆ ئەوەی ئێمە بینێرین بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەدواداچوونی نەکرا، کاری لەسەر نەکرا ئەو کاتە بەڕێزت بۆ هەبێت قسە بکەی، ئێمە ناتوانین وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان هەموو ئەو قسانەی ئێوە دەیکەن بە سەفەیی دەیکەن ئێمە بە نووسراو بینێرین، داواتان لێدەکەین ئەوەی پەیوەندی بە کێشەوە هەیە ئەوە نوقتە نیزامی نییە، نوقتە نیزامی یەعنی ئەوەی ئێمە کارێکی نا پەیڕەوی و نا قانونیمان کردبێت، بۆ ئەوەی قسانەی بەڕێزتان دەیکەن شوێنی خۆی بگرێت بیکەن بە یاداشت بۆ ئەوەی ئێمە بینێرین بۆ لایەنی پەیوەندیدار هەماهەنگی بکەین لەگەڵ لیژنەکان بۆ چارەسەرکردنی بەشێکیان، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەکانی (٥٨، ٥٩، ٦٠) لە پەیڕەوی ناوخۆ بە تایبەتی بڕگەی دووەمیان کە دەڵێت لە ماددەی (٥٩)دا دەبێت ئەو پرسیارەی کە پەرلەمانتار ئاڕاستەی وەزیر یان وەزارەتێکی دیاریکراوی دەکەن دەبێت پرسیان روون و پوخت بێت و مەبەستەکەی دیاریکراوبێت تاوەکو کۆتایی، من پرسیارێکم ناردووە، ئەم پرسیارە تەبعەن کە کاتێك بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پرسیار دەنێریت سەرۆکایەتی ئاڕاستەی وەزیریکی دەکات، کە کەواتە هەموو رێ و شوێنە یاساییەکانی بڕیووە پرسیارەکە، چەند پرسیارێك لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم بە سەراحەت وەڵامم بدەنەوە، یەکەمیان: ئایا پەرلەمانتار پۆستەکەی بەرزتر نییە لە وەزیر؟ پۆستی وەکو پەرلەمانتار ئایا حکومەت بۆی هەیە نەسیحەتی پەرلەمانتار بکات؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێبەر احمد وەزیری ناوخۆ وەڵامێکی منی داوەتەوە، من پرسیارەکەم زۆر روون و ئاشکرایە حەز دەکەم بۆ پەرلەمانتارە بەڕێزەکان و بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی بخوێنمەوە، باسم لە مەسەلەی ئەو هەموو چەکدارانەکردووە کە دەستیان سوورە بە خوێنی هاووڵاتییان لە خۆپیشاندانەکان و بریندارایان کردوون فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە ئەمە پوختەی پرسیارەکەی منە، ئایا بۆچی بەشێکی ئەو کەسانەی لەلایەن دادگاکانی هەرێمی کوردستانەوە بە تۆمەتی تەقەکردن لە

خۆپیشاندەران و چالاکوانانی مەدەنی فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، بەڵام لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە فەرمانەکانی جێ بەجێ ناکراون، ئەمە پرسیارەکەی منە و وازحە و لە رێی وەزیری ناوخۆوە نێردراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، وەڵامی وەزیری ناوخۆ بۆ پرسیارەکەی من بەم شێوەیە ئەم پرسیارە وەزیر بۆ نیە نەسیحەتی پەرلەمانتار بکات، ئەگەر وا بێت نەسیحەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات کە بە فلتەر و بەپێی سێ ماددە تێپەڕیوە، دەڵێت پێمباشە لە کاتی پرسیارکردن وردتر بن، ئەوە بەپێی ماددەی (٥٩) بڕگەی دوو وردبوون و تێدایە لە ناو پرسیارەکە وردتر بن و بە شێوەی گشتی پرسیارەکان نەکە، من تەحیدیدمکردووە کە دەڵێم ئەم کەسانەی فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، وە پێمان رابگەیەنن مەبەستان کێیە، هەیە لە کوردستاندا نەزانێ ئەو کەسانە کێن، کێشەکە ئەوەیە ئەم جۆرە پرسیارکردنەی ئێمە یان وەڵاممان ناداتەوە حکومەت یان کە وەڵام دەدرێتەوە بەم شێوەیە وەڵاممان دەداتەوە بەهایەك ناهێڵدرێتەوە بۆ مەسەلەی وەزیفەی پەرلەمانی و پەرلەمان لە کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مادام ناوەکان دیارن ناوەکان بنێرە بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆ ئەوەی ئەرکەکە بۆ ئەویش ئاسان بێت و بۆ ئێمەش ئاسان بێت، نەخێر، وەزیر ناتوانێت نەسیحەتی پەرلەمان بکات، بڕگەی تری بەرنامەی کار جێ بەجێ دەکەین، فەرمووو کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩)، یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە لە سنووری شارەوانییەکان زیادەڕۆییان لەسەرکراوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە پێکهاتووە لە دوانزە ماددە و هۆیەکانی دەرچوواندن لەلایەن ئەو ئەندامە بەڕێزانەوە پێشکەشکراوە (لقمان حمد حاجی مصطفی، رزگار عیسی سوار، زرار مەلا عبدالغفار، دکتۆر زێدان برادرستی، دکتۆر محی الدین حسن، نجات شعبان عبدالله، زکری احمد اسماعیل، کلارا عودیشو یعقوب، سیپان سالم حسن، سەرچنار احمد محمود، رزگار محمد محمود)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنە تایبەتمەندەکان بکەن بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرت لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیازە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی شارەوانی و لیژنەی کاروباری یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، داوا لە لیژنەی شارەوانی دەکەین بە زووترین کات راپۆرت ئامادە بکات، چونکە بە هۆی کۆرۆناوە ئەو مودەیەیەی کە دامانابوو بۆ جێ بەجێکردنی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زیادەڕۆییان لەسەرکراوە ماوەکە بەسەرچووە و وەزارەت ناتوانێت یاساکە لە ئێستادا جێ بەجێ بکات، ئێوە بمێننەوە لە شوێنی خۆتان، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی رۆشنبیریش دەکەین فەرموو بێنە ئێرە، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز مامۆستا عمر دەکەم ئومێد دەکەم بدرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم راپۆرتەی كە ئێستا لەبەر دەست بەڕێزتانە ئەمە راپۆرتی لیژنەكەمانە، ئەوە راپۆرتی كۆتایی ئێمەیە ئەگەر ئاڕاستەی ئەندامە بەڕێزەكان بكەن رەئی و بۆچوونەكانیان ئامادە بكەن بۆ خوێندنەوەی دووەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

راستە لیژنە بەڕێزەكەتان لەسەر بنەمای پێویستی و بەهاوئاهەنگی وەزارەتی شارەوانی ئامادەتانكرووە، بەڵام سەرەتا وەكو پێشنیازە یاسا ئێمە دەبێت خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكەین، ئێستا خوێندنەوەی یەكەممان بۆ كرد، ئاڕاستەتان دەكەین هەر ئەمەی خۆتانە ئەگەر ناتانەوێت گۆڕانكاری تێدا بكەن وەكو راپۆرت بینێرن بۆ لیژنەی یاسایی راستاندنی بۆ بكات، كاك هەڵكەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵكەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەرلەمانی كوردستان خاوەنی هەموو یاسا و بڕیارێكە، بۆیە پێشنیاز دەكەم كە پەرلەمان بتوانێت یاسایەك دەربكات بۆ ئەو بێ رێزیانەی كە لە هۆڵی پەرلەمان دەكرێت، چونكە هەندێ حاڵەت لە عورفی كۆمەڵایەتیش دەردەچێت، بۆیە یاسایەك هەبێت بۆ ئەو بێ رێزیانە بەرامبەر پەرلەمان دەكرێت كارێكی باشە، بەڵام بە چەند بڕگە و فەقەرەیەك، چونكە ئێمە هاتووین چارەسەری كێشەی خەڵك بین، نەك چەند جەلسەیەك پەرلەمان یاخود كاتێك بكوژین بە هۆی كارێكی نەشیاوی هەر پەرلەمانتارێك بێت، لەبەر ئەوەی لە خولەكانی تری پەرلەمان هەمان كاری نەشیاوكراوە، جا داوا لە بەڕێزتان دەكەم بۆ ئەم كارە یاسایەك دەربچێت بە باشی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە شتێكمان هەیە بە ناوی قواعدی سلوكی پەرلەمانی كە لە پەرلەمانە پێشكەوتووەكانی دنیاشدا هەیە، یاسا نییە، بەڵام قواعدی سلوكە و ئەگەر فراكسیۆنە بەڕێزەكانی پەرلەمانی كوردستان لەسەری رێككەوتن ئێمە مەناعەتمان نییە وەكو سەرۆكایەتی، لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو بابەتی كە لە زۆر ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز باسیانكرد سەبارەت بە هەڵكشانی رێژەی كوشتن بە گشتی و رێژەی كوشتنی ئافرەت، بە تایبەتی كە ئەمە بابەتێكە جێگەی گرنگی پێدان و زوو خەم لێخواردن و چارەسەركردنە بەڕاستی، بۆیە ئێمە لە لیژنەی پەیوەندیدار رێژەی داكۆكیكردن لە مافی ئافرەت، هەروەها داوامان لە بەڕێزان لە لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ كردووە كە لە زووترین كات كۆبوونەوەیەكی هاوبەش پێكبێنین بۆ دراسەكردنی ئەو وەزعە و دۆزینەوەی چارەسەرەكان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان لە

حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و لایەنە پەیوەندیـدارەکان لە دادگـا و هەمـوو شـوێنێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستان خۆش بێت ئەرکی خۆتان جـێ بەجێکـردووە لە زووتـرین کاتـدا کۆبوونەوەکەتـان بـکەن، راپۆرتتان ئاڕاستەی سـەرۆکایەتی بـکەن بـۆ ئەوەی ئـێمە بـزانین چـۆن مـامەڵەی لەگەڵ دەکەیـن، د.شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە بەشـی نـوێیەم بـوودجە لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ئایـا دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەزانێت تاوەکو بوودجە نەگەیشتۆتە پەرلەمـانی کوردسـتان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە؟ هەروەها پرسیارێکی تریشم ئەوەیە ئایا بۆچی خـولی بــوودجە لە هەمــوو پەرلەمانتــاران نەکــراوەتەوە؟ دیــارە بــابەتەکە پەیوەســتە بە هەمــوو پەرلەمانتارانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە کۆبوونەوەی دەستەی سـەرۆکایەتی و سـەرۆکی فراکسـیۆنەکان و لیـژنە تایبەتمەنـدەکان ئەو پرسیارە لەلایەن ئەنـدامانی بەڕیـزی پەرلەمـانەوە ئاڕاسـتەی وەفـدی دانوسـتکارکرا، گوتیـان داتـای تەنهـا یەك وەزارەت مـاوە، دەگـاتە ئەنجـوومەنی وەزیـران و ئـێمە پـڕۆژە یاسـاکەتان بـۆ دەنێـرین ئەمە یەکەم، سـەبارەت بە کـردنەوەی خـول ئـێمە نـاتوانین بـۆ هەر (١١١)ەکە بە یەکجـار خول بکەینەوە، لیـژنە زۆر تایبەتمەنـدەکان یەکەمجار بۆیـان کـراوەتەوە، بەڵام هـیچ مەناعەتێـك نیـیە ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان دەیەوێـت بەشـدار بێـت دەتوانێـت بەشـدار بێـت، وە ئەگەر پێویسـت بـوو ئەنـدامانی تـری پەرلەمـانیش دەتـوانن بە لیستێك داوامـان لێـبکەن کە ئەوانـیش دەیانەوێت، چونکە ئێمە بەڕاستی کێشـەی ئامـادە نەبوونیشـمان لە نـاو خولەکانـدا هەیە، دەسـت بەجێ بەجێکردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار دەکەین، بڕگەی چوارەمی بەرنـامەی کـار بـریتییە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسـا و بڕیـارانەی خـوارەوە بەپێـی حـوکمی ماددەکـانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

یەکەم: خوێنــدنەوەی دووەم بــۆ پێشــنیازە بڕیــاری ڕۆژی ڕۆژنــامەگەری کــوردی لە هەرێمــی کوردسـتان _ عێـراق، فەرمـوون یەکەمجـار دەقـی پـڕۆژە پێشـنیازە بڕیـارەکە بخـوێننەوە دواتـر راپۆرت.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە بڕیاری ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

یەکەم: ڕۆژی (٢٢/نیسان)ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی دادەندرێت.

دووەم: پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

سێیەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقـائیعی کوردسـتان بڵاودەکرێتەوە.

هۆیەکانی دەرچوواندن
بـۆ فەرمـی ناسـاندنی ڕۆژی ڕۆژنـامەگەری کـوردی کە بە دەرکردنـی یەکەم ڕۆژنـامەی کـوردی کوردسـتان لەلایەن (میقـداد مـدحت بـدرخان)ەوە لە (٢٢/نیسـانی/١٨٩٨) لە قـاهیرە دەسـت پێدەکات، وە بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆڵە گرنگەی کە ڕۆژنامەنووسی کوردی لە پاراستنی زمان و کەلتـور و بڵاوکـردنەوەی هەسـتی نەتەوایەتـی و بەرەوپێشـبردنی کۆمەڵگـا بینیـویەتی ئەم بڕیـارە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاپۆرتی ڕاستێنراو بخوێننەوە، کاك عباس فەرمووو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان، بـابەت/ ڕاپـۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـد کە ڕاسـتاندنی بـۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروبـاری یاسـایی ڕۆژی چوارشـەممە، ڕێکەوتـی (٢٠٢١/٤/١٤)، کـاتژمێر (١٠:٣٠) کۆبـوونەوەی خـۆی ئەنجامـدا بە مەبەسـتی پێـداچوونەوە و داڕشـتنەوەی یاسـایی و دڵنیـابوون لە دژ نەبـوونی دەقەکـانی لەگەڵ دەسـتوور و یاسـا کـار پێکراوەکـان، بەپێـی حوکمەکـانی مـاددەی (٨٥) بـڕگەی یەکەم و سـێیەم سـەبارەت بە ڕاپـۆرتی لیـژنەی ڕۆشـنبیری و کـۆمەڵگەی مەدەنـی و وەرزش و لاوان تـایبەت بە خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پێشنیازە بڕیاری ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لە هەرێمی کوردسـتان_عێـراق، لیـژنەی یاسـایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە، پێشنیازە بڕیاری ڕۆژنامەگەری کوردی.

یەکەم: ڕۆژی (٢٢/نیسان)ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی دادەندرێت.

دووەم: پێویسـتە لەسـەر دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و لایەنە پەیوەندیـدارەکان وەکـو بـۆنەیەکی نیشتیمانی یادی ئەم ڕۆژە بکەنەوە و حکومەتی هەرێم هاوکار بێت بۆ یادکردنەوەی.

سێیەم: پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچـوونییەوە کـاری پێـدەکرێت و لە ڕۆژنـامەی فەرمـی وەقـائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

هۆیەکانی دەرچوواندن
بـۆ بە فەرمـی ناسـاندنی ڕۆژی ڕۆژنـامەگەری کـوردی کە یەکەم ژمـارەی ڕۆژنـامەی کوردسـتان لەلایەن (میقداد مدحت بدرخان)ەوە لە (٢٢/نیسـانی/١٨٩٨) لە قـاهیرە دەرچـووە، بـۆ ڕێزگـرتن لە ڕۆڵە مێژوویـی و بەرچـاوەیی کە ڕۆژنـامەگەری کـوردی لە پاراسـتنی زمـان و کەلتـور و پیشـەی ڕۆژنامەنووسی و بەڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشـتیمانی و بەرەوپێشـبردنی کۆمەڵگـادا بینیوویەتی ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا ئێمە دەقی پـڕۆژە بڕیارەکەمـان هەیە لەگەڵ ڕاپـۆرتەکە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ڕاپۆرتەکە بکرێت بە بنەمای موناقەشە تکایە دەسـت بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵدانییە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ بەڵـێ، پەسـەندکرا ڕاپـۆرتەکە دەکـرێتە بنەما، فەرمووو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشان پێشنیازە بڕیاری ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەسەر ئەو ناونیشانە قسەی هەیە، کاك ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها ئیزافەیەکم بە فەقەرە هەمە بۆ ناونیشانەکە ئەویش ئاوای لێ بکرێت، پێشنیازە بڕیاری ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی یەکەم بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ڕۆژی (٢٢/نیسان)ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی دادەندرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر خاڵی یەکەم هەر قسەی هەیە؟ کەس نییە، خاڵی دووەم بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم: پێویستە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکان وەکو بۆنەیەکی نیشتیمانی یادی ئەم ڕۆژە بکەنەوە و حکومەتی هەرێم هاوکار بێت بۆ یادکردنەوەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی پەرلەمان لەسەر ئەو بابەتە قسەی هەیە تکایە دەست بەرزکاتەوە بۆ ئەوەی ناوەکان بنووسین، ناوەکان (هلز خان، کاك سیروان، کاك دیاری، کاك کاروان، دکتۆر ڕێبوار، کاك ڕزگار)، فەرموو کاك ڕزگار.

**بەڕێز ڕزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی دووەم پێویستە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکان وەکو بۆنەیەکی نیشتیمانی یادی ئەم ڕۆژە بکەنەوە و حکومەتی هەرێم هاوکار بێت، حەز دەکەم ئیزافەیەك لە کۆتایی بکەم، بە ڕەئی من تەنها یادکردنەوەکە کافی نییە بۆ ئەوەی ئەم ڕۆژە دەوڵەمەندتر بێت و زیاتر سوودی لێوەربگرین بەم شێوەیە لێبکرێت لە کۆتایی فەرقەرەی دووەم کە کۆنفرانسێك لەلایەن هەموو میدیاکارەکانی کوردستان لەم ڕۆژە بکرێتەوە و ڕەئی و بۆچوون و ڕاسپاردەکان بۆ پرۆفیشنال کردن و زیاتر دەوڵەمەندکردنی باری ڕۆژنامەوانی زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت من لەسەر بڕگەیە تێبینیەکم هەیە لە کاتێکدا باس لەوە دەکەین پێویستە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەگەر ئەوە ماددەیەکی عورفی تیایەتی وەکو ئەوەی پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەمە جێ بەجێ بکەن، بۆچی دەزگاکانی ڕاگەیاندن هاتووە، چونکە خۆ ڕۆژنامەگەری کوردی ڕۆژێکی پیرۆزە یەعنی ناکرێت تەعقیدی کەسێك بکەی بۆ ئەوەی چارەسەری شتێك بکات بە شێوەیەك ناچار بکرێت چی بکات و چی نەکات، ئەم پێویستیە لێرە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پاڵ حکومەت بۆچی هاتووە بەو شێوەیە، داواکارم لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی وەڵامم بدەنەوە، ئەگەر مەبەست لەوە نیە من پێشنیاز دەکەم کە ئەمە جیا بکرێتەوە، بکرێتە پێشنیازێك بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، وە پێویستە لەسەر حکومەتیش کە ئەمانە جێ بەجێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینەك هەبوو ل سەر خاڵا دووێ ل کۆتا دێر، یان دەبیت ئیزافە بکەین، دەبیت حکومەتی هەرێم هاوکاری بێتن بۆ یادکردنەوە، یان ژی بێتە لادانێ، چونکە خاڵا سێی پێتقی کرنا ئەنجوومەنا وەزیران و لایەنێت پەیوەندیداری یا هاتیە کرنێ، یەعنی ئەگەر بێتە پێتقی کرن ل سەر حکومەتێ ڤێ جێ بەجێ بکەت ب دیتنا من ئەڤ دێرە ل دووماهیکێ بێتە لادانێ دێ درستتر بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دووەمدا پێویستە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەمە من پێموایە هەر زۆر زیادە، دەزگای ڕاگەیاندن هەیە بە شێوازی خۆی کار دەکات، بەڵام خۆ ئەگەر ئەوە بچەسپێت نازانم بە چ هۆکارێك هەیە و هاوڕای کاك کاروانم، لێرە نووسراوە پێویستە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەگەر ئێمە ببینە سەر سلەمی وەزیفی سەیر دەکەین لایەنی پەیوەندیدارەکان گەورەترن و باڵا دەست ترن و جێ بەجیکار ترن، خۆ دەبێت ئەوان لە پێشدا هاتبێتن، هەر چەندە من پێموایە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زیادەیە، هەمان پرسیاری کاك کاروان دەکەمەوە ئایا بە چ هۆکارێك ئەوە هاتووە، من پێشنیاز دەکەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن لابەن، لەبەر ئەوەی ئازادی ڕادەربڕین هەیە نایکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دووەم هەر لەسەر وشەی پێویستەکە گوترا پێویستە، کەواتە پابەندی دەکات لە جێ بەجێکردنی، ئەگەر جێ بەجێ نەکرا ئەمە خاڵێك، هەر لەبەر ئەوەی سزاکەی تێدا نیە، وە ناوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن هاتووە هەمووسان دەزانین کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن چەندین جۆری ڕاگەیاندنمان هەیە (مرئى و غير مرئى)مان هەیە، وەرەقیمان هەیە، ئەلیکترۆنیمان هەیە، جگەلە لە دەزگاکان ڕاگەیاندن وشەی ڕۆژنامەوانیشی بۆ ئیزافە بکرێت زۆر گرنگە، وە لە فەقەرەی کۆتایی کە دەڵێت حکومەتی هەرێم هاوکار بێت بۆ یادکردنەوەی، وەزارەتێکمان هەیە بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە بری دەستەواژەی حکومەتی هەرێم با وەزارەتی ڕۆشنبیری جێگەی بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە تەنها بۆ ئەوەیە ڕۆژێك دیاری بکرێت وەکو ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی، وە دوای ئەوە من نازانم یەعنی بۆ ئەم بابەتی پێویستە، کە دەزگای ڕاگەیاندن هەیە ئەهلی، دەزگای ڕاگایەندن هەیە بۆ نموونە تاوەکو کۆتایی، تۆ ناتوانی بە مانە بڵێی یادکردنەوە، دوای ئەوە ئەم پرۆسە و ئەم بابەتە بابەتێکە بۆ خۆیان لە یادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ڕاپۆرت دەکەن و هەموو شتێکی دیکە دەکەن، دوای ئەوە وەکو بۆنەیەکی نیشتیمانی ئەم پابەندبوون و ئەم پێویستە، من پێشنیاز دەکەم خاڵی دووەم لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامەکانی بەڕێزی پەرلەمان قسەکانیان تەواوبوو، لیژنە تایبەتمەندەکان دەتانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبارەی ئەوەی کە برای بەڕێز دکتۆر ڕێبوار ئاماژەی پێکرد ڕۆژنامەگەری زیاد بکرێت، پێموایە میدیا فراوانە یەعنی هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، لەوەدا هیچ خەلەلێك نییە، کاك سیروان لەبارەی ئەوەی کە باست لەوەکرد کە لایەنە پەیوەندیدارەکان پێش دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕاست دەکەی ئەمە تێبینەیەکی مەعقولە، دەکرێت لایەنە پەیوەندیدارەکان پێش بخرێت لە کاتی نووسینەوەی ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەکە، لەبارەی ئەوەی کە بۆچی پێویست بێت لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئێمە یاسا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەر دەکەین، یەعنی یاساکە پەیوەندی نییە بە هیچ توێژێکی دیکە، بۆیە دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش یادی بکەنەوە یان ئەم ڕۆژە بەرز ڕابگرن یان هەر ڕێگەیەکی دیکە ئەگەر نا بۆ ئەوەی کە لە ڕۆژی (٢٢/نیسان)دا هەموو کەس بزانێت ئەمە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردییە لە هەموو دنیادا ڕۆژی میدیا، ڕۆژی ڕۆژنامەگەری باس دەکرێت و یادی دەکرێتەوە، مەراسیمی جۆراوجۆری بۆ ساز دەکرێت، ئێمە هیچ کەسێکمان

ئیجبار نەکردووە لەوەی کە چی بکات یان چی نەکات، بەڵام ڕۆژەکە دەبێت کە بەردەوام لەبیری خەڵکدا بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی یاسای (٣٥)، هەروەها یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بابەتی ڕۆژنامەگەری ڕەبتی بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری مەعنی نییە بە کاروباری کاری ڕۆژنامەنووس بە تەحدید، چونکە یاسای (٣٥) یاسایەکە کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پابەندکردووە بە بابەتی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری وەکو پیشەی ڕۆژنامەگەری، وە ئەو کەسانەی کە پێیان دەگوترێت ڕۆژنامەنووس بەپێی هەمان یاسا ئەو کەسانەن کە ئەندامی کارای سەندیکا یاخود ئەندامن لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بۆیە وەزارەتی ڕۆشنبیری بابەتێکی زیاد دەبێت بۆ ئیزافەکردن لەسەر خاڵی دووەم، هەروەها سەبارەت بە ناونیشانەکەش ئێمە ئەو بابەتەمان تێپەڕاند، بەڵام ڕۆژی ڕۆنامەگەری کوردی بۆیە چاککمان کرد لەگەڵ دەقە ئەسڵیەکەیدا، لەبەر ئەوە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئێستادا کە بۆ دوو سبەی (١٢٣) ساڵ تێ دەپەڕێت بەسەر دەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، بابەتێکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان یادی دەکرێتەوە تەنها پەیوەندیدار نیە بە هەرێمی کوردستانەوە، ئێمە ناتوانین ئەو غەدرە لە کوردانی خۆمان بکەین لە ڕۆژئاوا، لە ڕۆژهەڵات، هەروەها لە باکوور، ئەوانیش ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لە هەمان ڕێکەوت دەکەنەوە، بۆیە ئەگەر ئێمە تایبەتمەندی بکەین بە هەرێمی کوردستان ئەوە ئەو کاتە لە پارچەکانی تری کوردستان ئەو یادی ڕۆژنامەگەریە وەکو فەرمی ناسێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی باسکردن لەوەی کە بڕیارەکە لە هەرێمی کوردستانە، نەك ئەوەی کە ڕۆژەکە لە هەرێمی کوردستانە، یەعنی بڕیارەکە لە هەرێمی کوردستان دەرچووە، زیادکردنی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەیە نەك بۆ ئەوەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری بابڵێین تەنها لێرە دەبێت و لە شوێنەکانی تر نابێت، خاڵی دوای ئەوە.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم: پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە خاڵی سێیەم کێ دەیەوێت قسە بکات؟ کەس قسەی نییە، خاڵی چوارەم بخوێننەوە.

**بەڕێز پێشەوا طاهر (پێشەوا هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەم خاڵە؟ کەس قسەی نییە، هۆکارەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن

بۆ بە فەرمی ناساندنی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی کە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لەلایەن (میقداد مدحت بدرخان)ەوە لە (٢٢/نیسانی/١٨٩٨) لە قاهیرە دەرچووە، بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆڵە مێژوویی بەرچاوەی کە ڕۆژنامەگەری کوردی لە پاراستنی زمان و کەلتور و پیشەی ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگادا بینیوویەتی ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی پەرلەمان قسەی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن تکایە دەست بەرزکاتەوە بۆ ئەوەی ناوی بنووسین؟ ئەوانەی ناویان تۆمارکردووە (دکتۆر ڕێبوار، کاك کاروان)، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە هۆیەکانی دەرچوواندنیش دووبارە هیچ پێشنیازێکم نییە، دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵەی کە پێشتر باسم لێوەکرد، ئێمە لێرە باس لەوە دەکەین کە هۆیەکانی دەرچوواندن یەکێك لە هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم پڕۆژە پێشنیازە بڕیارە ئەوەیە کە پیشەی ڕۆژنامەنووسی ڕێزی لێبگیرێت، ئەگەر بەڕاستی دەمانەوێت ڕێز لە پیشەی ڕۆژنامەنووسی بگرین و ڕێز لە ئازادی رادەربڕین بگرین ناکرێت ئەمە بە ماددەیەك یان بە بڕگەیەك لەم پێشنیازە بڕیارەدا تەعقیدیان بکەین یاخود ناچاریان بکەین بۆ ئەوەی کە ڕێز لە مافەکانی خۆیان بگرن، ئەوان خۆیان دەیکەن وەکو برای بەڕێزیشم کاك دیاری ئاماژەی پێکرد لە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتی ڕۆژنامەکان و میدیاکان و تەنانەت ویبسایتە ئەلکترۆنیەکانیش بە پیرۆزی ئەم یادە بەرز ڕادەگرن، بۆیە من پێشنیاز دەکەم دووبارە لەو پێشنیازەی کردمان لیژنەی تایبەتمەند بە هەندی وەربگرن، وە بۆ ڕاپۆرتی دەنگدان جێگەی بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش ئەوەی باس لە هۆیەکانی دەرچوواندن بکەم، من پرسیارێکم کرد گوتم لە وشەی پێویستە، کە تۆ گوتت پێویستە لەبەر ئەوەی ئیلزام دەکرێت، ئەی ئەگەر جێ بەجێ نەکرا سزایەکەی چیە کە وارد نییە، وەڵام نەبوو لەلای لیژنەی بەڕێزەوە، من تەنها یەك ئیزافەم هەیە بۆ هۆیەکانی دەرچوواندن کە لە کۆتاییدا لە دوای کۆمەڵگادا بینوویەتی ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێت بە مەبەستی پەرەسەندنی کایەی ئازادی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان، دووبارە دەکەمەوە لە هەرێمی کوردستانیشی بۆ ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان لە لیــژنە قســەتان هەیە، قســەتان نیــیە، زۆر ســوپاس، داواتــان لێــدەکەین هەر ئەمــڕۆ ڕاپۆرتی دەنگدان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بتوانین لە دانیشتنی بەیانی دەنگی لەسـەر بـدەین و بـۆ ڕۆژی خــۆی ئامــادە بێــت، داوا لە ســەرۆکایەتی لیــژنەی شــارەوانی دەکەیــن فەرمــوون بــۆ جــێ بەجێکردنی خاڵی دووەم لە برگەی چوارەمی بەرنـامەی کـار بـۆ پێشـنیازی یاسـای بەڕێـوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕاپـۆرتی لیژنەکـانی شـارەوانی و ڕۆشنبیری ڕاسپێردراوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، فەرموو دوا ڕاپۆرت بخوێنەوە.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت مەند کە ڕاستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاساییەوە ڕۆژی یەك شەمە ڕێکەوتـی (٢٠٢١/٤/١١) کـاتژمێر (١١) کۆبـوونەوەی خـۆی ئەنجامـدا بە مەبەسـتی پێداچوونەوە و دارشتنی یاسایی و دڵنیا بوون لە دژ نەبوونی دەقەکـان لەگەڵ دەسـتوور و یاسـا کارپێکراوەکـان بەپێــی حــوکمی مــاددەی (٨٥) بــرگەی یەکەم و ســێیەم ســەبارەت بە ڕاپــۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەکانی (شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گـوزار و ڕۆشـنبیری و کـۆمەڵگەی مەدەنـی و وەرزش و لاوان) تـایبەت بە خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ (پێشـنیازە یاسـای بەڕێوەربردن و پاراسـتنی شـوێنەوار و کەلەپـوور لە هەرێمـی کوردسـتان) و لیـژنەی یاسـایی ئەم دارشتنەی خوارەوەی پێ پەسندە:

سەبارەت بە پێشنیاز، پێشنیازی یاسای بەڕێوەبردنی یاسـای پاراسـتنی شـوێنەوار و کەلەپـوور لە هەرێمی کوردستانی عێراق ساڵی (٢٠٢١):

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێــزان بەپێــی مــاددەی (٨٧) بــۆ خوێنــدنەوەی دووەم ئەبــێ ســەرەتا دەقە ئەسـلیەکەی بــی بخوێنـدریتەوە، دوای ڕاپـۆرتی هـاوبەش بخـرێتە دەنگـدان، کامیـان پەسـند کـرا ئەو ئەکـرێتە ئەساسـی گفتوگۆ، بەڵام لەبەر ڕەمەزان و کـاتی ئیـوەش دەقە ئەسلیەکەتان لەبەر دەسـت بـووە، داوامـان لە لیـژنە کـردووە ڕاپـۆرتەکە بخـوێنەوە بـۆ ئەوەی ئەگەر گۆڕانکـاری کرابـوو ئەخەیـنە دەنگدان و ئەیکەینە ئەساس، بەردەوام بن لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش.

**بەریز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی یەکەم:

زاراوەو ئەمانجەکان و ئەرکەکان:

ماددەی یەکەم:

ئەو زاراوانەی خوارەوە مەبەستی حوکمەکانی ئەو یاسایە و ماناکانیان بەرامبەریانە:

١_ هەرێم- هەریمی کوردستان-عێراق

٢- ئەنجومەنی وەزیران- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم

٣- وەزارەت- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێم

٤- وەزیر – وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی – بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە وەزارەت
٦- شـوێنەوار- مـاددەی گـوازار و نەگـوازراوە کە دروسـت کـراوە یـان نەخـش کـراوە یـان بەرهەمهێنراوە یان نووسراوە یان دەست نووسە یان وێنەی کێشراوە یان وێنەی گیراوە تەمەنی لە ٢٠٠ ساڵ کەمتر نەبێ، هەروا پەیکەری مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەکانیشیان ئەگرێتەوە.
٧- کەلەپوور-
١ کەلەپوور هەر ماددەیەکی گوازراوە و نەگوازراوە کە دروست کراوە و نەخشێنراوە و بەرهەم هێنـراوە و نووسـراوە و دەسـت نووسـە و وێنەکیشـراوە یـان وێـنەی گیـراوە و بەهـای مێـژووی نیشتیمان و نەتەوەی و ئاینی یان هونەری هەیە.
٢- هەر مـاددەیەکی گـوازراوە یـان نەگـوازراوە کەلەپـووری کە لە خـاڵی یەك ئامـاژەی پێکـراوە تەمەنی لە (١٥٠) ساڵ زیاتر بێت و گرنگی تایبەتی مێژووی هونەری یـان بیناسـازی هەبێ ئەمەش لەلایەن لیـژنەی هـونەرییەوە بە راپـۆرتێکی زانسـتی بەرز ئەکرێتەوە و بە رەزامەنـدی وەزیـر بـۆ شوێنەوار تۆمار ئەکرێ.
٨- شـوێنەواری نـاوچەی مێژوویـی_ ئەو شـوێنەیە کە جـێگەی بـووە بـۆ رووداوی مێـژووی نەتەوەیی نیشتیمانی کە گرنگ یان بایەخی مێژوویی پێدراوە.
٩- پـارچە و شـوێنی سرووشـتی- ئەو پـارچەو شـوێنی سروشـتییانە لەخـۆ ئەگـرێ کە مـرۆڤ دروستی نەکردوون، بەڵام پەیوەندی بە زانستی شوێنەوار و کەلەپوورەوە هەیە لە بواری بـابەتی بـایلۆجی و جیۆلۆجییەکـان و شـوێنی سروشـتی و ئەشـکەوتە دەگمەنەکـان و پەنـاگە بە بەردبووەکان شـوێنی (سـکالایت و سـکالامایت) و ژوور و پاشـماوەی رووەکـی و ئـاژەڵی ئەگەری گرنگـی تـایبەتی بـۆ مێژوویـی یـان هـونەری هەبێـت بە بڕیـاری وەزیـر لەسـەر پێشـنیازی لیـژنەی هونەری و بەرێوەبەرایەتی زانستی شوێنەوار یان کەلەپووری تۆمار ئەکرێ.
١٠- شـوێن و نـاوچەی پـارێزار و شـوێنەواری یـان کەلەپـووری و سـەرجەم ئەو شـوێن و نـاوچە و شـوێنەوار و کەلەپووریـانە ئەگـرێتەوە کە سـنووری دیـاری کراویـان هەیە و مەبەسـت لێـی پاراستنی سیما رەسـەنەکەیانە وەك سـامان و کەلەپـوورێکی نیشـتیمانی ئەو شـوێن و ناوچـانە و چەندین جۆر بینا و هونەری بیناسازی هەمەرەنگ لە خۆ ئەگری وەك شـار و شـارۆچکە و گونـد و گەرەك و شـەقام و گـرد و قەلا کە لەلایەن لیـژنە هونەرییەکـانەوە بە راپـۆرتی زانسـتی بەرز ئەکرێتەوە و بە بڕیاری وەزیر بە شـوێن و نـاوچەی شـوێنەواری یـان کەلەپـووری پـارێزراو تۆمـار ئەکرێ.
١١- شوێنەوارناسی: هەریەك هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێ لە زانستی شوێنەوار.
١٢- لایەنـی پەیوەندیـدار- ئەو وەزارەت و لایەنە حکومییـانە ئەگـرێتەوە کە راسـپێندراون بە پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور.
١٣ – لیـژنەی هـونەر- لیـژنەیەکە لە کەسـانی پسـپۆر لە بـواری شوێنەوارناسـی و بوارەکـانی تـری پەیوەندیدار بە شوێنەوار پێك دێت و پێکهاتەکە لەلایەن وەزیرەوە بە رێنماییك دیاری ئەکرێ.
١٤- کـاری شـوێنەواری کەلەپـووری- کـاری گەڕان و روپێـوی و هەڵکـۆڵین و نـۆژەن کـردن و بە ئامـانجی دۆزینەوەی شوێنەوارە گـوازراوە و نەگوازراوەکـان چ لەسـەر زەوی یـان لە ژێـر زەوی یـان لە ژێـر ئـاو و پاراستنیان.

ماددەی دوو:
حوکمەکانی ئەو یاسایە بەسەر شوێنەوار و کەلەپووری گواززاوە و نەگوازارەوە دا جێ بەجێ ئەکرێ کە لەو مەرجانەی تێدابێ:
١ ئەگەر بەرهەمی شارستانی گەلی کوردستان یان میزۆتامیا شارستانییەتیە یەك لەدوای یەکەکانی ئەو ناوچەیە بێت لەسەر خاکی کوردستان بەهەرم هاتبێ یان روویدابێ.
٢- ئەگەر بەهایەکی شوێنەواری یان هونەری یان گرنگی مێژوویی هەبێت و یەکێ بێ لە دەرەنجامی شارستانی گەلی کوردستان کە لەسەر خاکی کوردستان ئەنجام درابێ.
٣- ئەگەر شوێنەوار یان کەلەپووری لەسەر خاکی کوردستان بەرهەم هاتبێ یان گەشەی کردبێ یان پەیوەندی بە مێژووی هەرێم هەبێ یان بنەماکانی مرۆڤایەتی.
ماددەی سێ:
ئەمانجی ئەم یاسایە:
١ بەرێوەبردن و پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوار و کەلەپوور و مێژووی شارستانی هەرێم و ناساندنی بە هاونیشتیمانیان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.
٢- تۆمار کردن و رووپێوکردن و هەڵکۆڵینی شوێن و ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری.
٣- بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و بەرز کردنەوەی ئاستی وشیاری و رێکخستنی چالاکی زانستی بۆ پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور.
٤- نمایش کردنی پارچە شوێنەواری کەلەپووری لە مۆزەخانەکان بۆ ناساندن و بە گەشتیاری کردنی وەك میراتێکی رۆشنبیری و ناسنامەیەکی گرنگی نیشتیمانی.
ماددەی چوار:
ئەرکەکانی دەسەڵاتی شوێنەواری:
١ دیاری کردن و دەست نیشان کردنی شوێن و ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری مێژوویی.
٢- گەڕان و رووپێوی و هەڵکۆڵین بە دوای شوێنەوار و کەلەپوور لەسەرتاسەری هەرێم و بەکارهێنانی نوێترین ئامێری زانستی و هونەری گونجاو و پەیڕەوە کراو لە بواری زانستی شوێنەواریدا.
٣- نۆژەنکردنەوەی شوێنەوار و کەلەپوور و شوێنە مێژووییەکان و پاراستنیان لە زیانەکان و لەناو چوون.
٤- دامەزراندن و کردنەوە و گرنگی دان بە مۆزەخانەکانی هەرێم و بەرەوپێش بردنیان و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری شارستانی و نەتەوەیی.
٥- دروست کردنی نموونەی لەبەرگرتنەوە و لاسایی کردنەوەی پارچەی شوێنەواری و کەلەپووری بەرهەمهێنانی وێنە و فیلم بۆ نیشاندان یان فرۆشتن یان بۆ ئالوگۆر پێکردنیان و دیاری کردنی نرخیان بە مەرجی نموونەی دروست کراو نیشانەیەکی هەبێ کە لەگەڵ رەسەنەکە جیای بکاتەوە.
٦- ئەنجامدانی لێکۆلینەوە و رێکخستنی کۆرو کۆبوونەوە و کۆنفرانس و چالاکی هەمەجۆر لەسەر شوێنەوار وکەلەپوور لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

٧- ئامادەكردنی پسپۆرانی هەردوو بواری شوێنەوار و كەلەپوور بۆ دۆزینەوەی ئاستی توانای كاركردنیان.
٨- گرنگی دانی زیاتر بە بابەتی شوێنەوار و كەلەپووری لەوانەكانی خوێندن بۆ مەبەستی ئاشنا بوون و بڵاو كردنەوەی زیاتری رۆشنبیری شوێنەواری لە كۆمەڵگە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.
٩- رێكخستنی تیمی روپێو كردنی سەرتاسەری بۆ شوێنەوار و شوێنە كەلەپوورییەكان بۆ ئەوەی لە نەخشەكان و بەڵگەنامەكانی رووپێوی دیاری بكرێن و لەسەر نەخشەسازی بنەڕەتی دابنرێن و ئاماژە بە جۆرەكانی بكرێ.
١٠- بەگەشتیاری كردنی ناوچە شوێنەواری و كەلەپوورییەكان بە مەرجی پاراستنی سیمای رەسەنایەتیان.
١١- راگەیاندن و ناساندنی ناوچە و جێگا و پارچەی شوێنەواری كەلەپووری دۆزراوە لە رۆژنامەی فەرمیدا.
١٢- پلان دانان بۆ بارودۆخ و رووداوە لە ناكاوەكان وەك مەترسی ئاگركەوتنەوە و بوومەلەرزە و هەر مەترسییەكی تر و رووداوە مرۆییەكان و سروشتییەكان.
١٣- هەماهەنگی كردن لەگەڵ دامەزراوە ئیتیحادییەكانی عێراق سەبارەت بە شوێنەوار و كەلەپوور بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:
١- تۆمار كردنی شوێنەوار و كەلەپووری هەرێم لە تۆماری (یونسكۆ) دا.
٢- گەڕانەوەی ئەو شوێنەوار و كەلەپوورانەی براونەتە دەرەوەی هەرێم.
٣- كاركردن بۆ خستنەڕووی شوێنەوار و كەلەپوور یان لەبەر گیراوەكانیان لە مۆزەخانە بیانییەكانی دەرەوەی هەرێم بۆ ماوەیەكی كاتی.
٤- كاركردن و هەماهەنگی لەگەڵ رێكخراوی شوێنەواری و كەلەپوورییە جیهانییەكان و ئەنجوومەنە جیهانییەكانی بواری مۆزەخانەكان و رێكەوتن و پەیماننامە جیهانییەكانی بواری شوێنەواری.
ماددەی پێنجەم:
ئەركە هاونیشتیمانییەكان:
١ هەموو هاووڵاتییەكی هەرێم مافی ئەوەی هەیە زانیاری و سوود لە شوێنەوار و كەلەپوور وەرگری و بەپێی ئەو یاسایە ئەتوانی بەشدار بێ لە پاراستن و گرنگی پێدانی شوێنەوار و كەلەپووری هەرێم.
٢- پێویستە هەموو تاكێك رێز لە شوێنەوار و كەلەپووری هەرێم بگرێت و بیانپارێزێ.
٣- هەر هاووڵاتییەك ئاگادار بێ لە بوونی شوێنەواریك یان كەلەپوورێكی گوازراوە یان نەگوازراو زانیاری لە بارەوە هەبێ لە ماوەی كەمتر لە (٢٤) كاتژمێر لە مێژووی ئاگادار بوونی یان زانیارییەكانی لە كەمترین كات لایەنی فەرمی ئاگادار بكاتەوە و لەسەر ئەو لایەنەش ئادار كراوەتەوە لە ماوەی (٤٨) كاتژمێردا زانیارییەكانی بگەیەنەتە بەرێوەبەرایەتی گشتی.
بەشی دووەم:
شوێنەوار و كەلەپووری نەگوازراوە:

ماددەی شەشەم:
١ پێویستە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارێکی کاغەزی و ئەلکیترۆنی تایبەت بە تۆمار کردنی بیناو باڵاخانە ناوچە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان هەبێت و ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی پێویستن پێیانەوە تیایاندا جێگیر بکات و مافی پەیوەندی هاوسێتی کە ئەکەوێتە سەر ئەو نەگوازراوانە هاوشانی دابنێت تۆمار و لە رۆژنامەی فەرمی بڵاو بکرێتەوە.
٢- مافەکانی پەیوەندی هاوسێیەتی و دانانی پشتینەیەك لە چواردەوری شوێنە کەلەپوورییەکان لە خۆ ئەگرێت لەگەڵ رەخساندنی رێگاو رێرەوێکی گەیشتن بۆیان بە مەرجێ شوێن و ناوچە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان پارێزراوبن.
٣- ئەگەر پێشتر شوێنەوار تۆمار کراوبێت و مافی پەیوەندی هاوسێیەتی نەگوازراوەکانی دەورووبەری دیاری نەکراو بن ئەوکات ئەبێ بەپێی ئەو یاسایە دەست نیشان بکرێ.
٤- جۆری ئەو بینایەی کە ئەکەوێتە دەورووبەری شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لەلایەنی بەرزی و رەنگی رووکارییانەوە دەست نیشان بکرێن و ئەگەر نوێ بکرێنەوە یان نوێکراوە بن ئەوەش بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ شوێنە شوێنەواری و کەلەپوورییەکانی تەنیشتیان کە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی و لایەنی پەیوەندیدار ئەبێت.
ماددەی حەوتەم:
١ بەرێوەبەرایەتی گشتی پاڵپشت بە یاسای بە موڵك کردن ئیستیملاکی بەکاربەر لە هەرێم مافی بە موڵك کردن لە هەرێم ئەو زەوی و موڵکە نەگوازراوانەی هەیە کە لە شوێنەوار یان کەلەپوورین ئەمەش بەرامبەر بە قەرەبوویەکی دادپەروەرانە دەبێت.
٢- بەرێوەبەرایەتی گشتی پێوستە شوێن و ناوچە و گەڕەکە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان و ناوچە پارێزراوەکان و قەدەغە کراوەکان بپارێزی لە کاتێکدا ئەو جێگایانە مەترسی و هەرەشەی لەناوبردنیان لەسەر بێت.
ماددەی هەشتەم:
١ ئەو ناوچانەی شوێنەواری و کەلەپوورین بە ناوی مۆڵکی گشتییەوە تۆمار ئەکرێن و بۆ مەبەستی شوێنەواری تەرخان ئەکرێن.
٢- ئەو شوێن و موڵکانەی کەلەپوورین ئەکرێ مولکییەتی خاوەنەکانیان بمێنێتەوە، بەڵام نابێ هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا ئەنجام بدرێ زیانیان پێ بگەیەنێ لە کاتی نۆژەن کردنەوەی یان هەر کارێکی تر لەژێر چاودێری و رێنمایی بەرێوەبەرایەتی گشتی دا لایەنە کەلەپوورییەکەیان ئەپارێزرێ لە کاتی بەکارهێنان و دابەش کردنی زەوی و شوێنەکانی مولکی دەوڵەت و کەسانی سروشتی یان مەعنەوی دا بۆ دروست کردنی خانوو یان هەر بینایەکی تر یان گۆرینی سیمای خانوو و باڵەخانەکان لەو شوێنانەی شوێنەواری و کەلەپوورین ناوچەی پارێزراون پێویستە هەماهەنگی و رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی هەبێت و لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە بە رەچاو کردنی ئاستی نزیك و دووریان لە ئاستی شوێنەواری و کەلەپوورییەکانەوە و چۆنییەتی کارکردنیان لەو شوێنە دەست نیشان ئەکرێ.
٢- لەکاتی بوونی هەر بەربەستێك لە جێ بەجێ کردنی هەر پرۆژەیەك لەوانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە هاتووە بەرێوەبەرایەتی گشتی لەسەر ئەرکی لایەنی جێ بەجێ کاری

پرۆژەکە کاری بەدوا گەڕان و هەڵکۆڵین ئەنجـام ئەدات کە لە مـاوەیەکی گونجـاو بـێ بـۆ گەرانـی زانستی ورد بە لەبەر چاو گرتنی ماوەی جێ بەجێ کردنی پـرۆژەکە و تێچـووی گەرانەکە لە کـۆی تێچوونەکانی پرۆژەکە دیاری ئەکرێ.

ماددەی دەیەم:

١- سەرجەم شوێنە ئاینییەکان کە شوێنەوارین یـان کەلەپـوورین موڵـك و مـاڵی دەوڵەت بـن یـان تایبەت یان وەقف و بۆ هەمان مەبەست بەکار دێت.

٢- نابێ شوێن و ناوچە ئاینییەکان لە کاتی نۆژەن کردنەوەیان یان دەست کاری کردنیان یـان هەر گۆڕانکـارییەك زیانیـان پـێ بگـات، ئەبـێ بە رەچـاو کـردن و پاراسـتنی لایەنـی شـوێنەوار و کەلەپوورییەکەی لە ژێر چاودێری لایەنی پەیوەندیدار و بەرێوەبەرایەتی گشتی دا بن.

بەشی سێیەم:

شوێنەوار و کەلەپوورە گوازراوەکان.

ماددەی یانزە:

بەمەبەستی تۆمارکردنی شوێنەوار و کەلەپوورە گوازراوەکـان بەرێـوەبەرایەتی گشـتی تۆمارێـك ئامادە ئەکات بۆ:

١ تۆمار کردنی ئەو شوێنەوارە گوازراوانەی هاوولاتییان بە رێکەوت دۆزیویانەتەوە.

٢- تۆمار کردنی ئەو شوێنە کەلەپووری و شوێنەواریانە کە لە مـاددەی هەشـت دەقنـووس کـراون و پێـدانی بەڵگەنـامەی تـایبەت بە خاوەنەکانیـان بە مەرجـێ چـاودێری کردنـی بەردەوامـی شوێنەکان لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی.

ماددەی دوانزەم:

١- کەسانی سرووشتی و مەعنەوی بۆیان نیـیە شـوێنەواری گوازراوەیـان لابـێ و ئەبـێ لە مـاوەی (٩٠) رۆژ لە رێکەوتـی جـێ بەجـێ کردنـی حوکمەکـانی ئەو یاسـایەوە رادەسـتی دەسـتەڵاتی شوێنەواری بکەنەوە.

٢- پێوستە خـاوەن یـان دەسـتداری پـارچەی کەلەپـووری و دەسـت نـووس لە مـاوەی (٩٠) رۆژ لە رێکەوتی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایەوە ئاگـاداری دەسـەڵاتی شـوێنەواری بکـاتەوە بۆ ئەوەی تۆمار بکرێت و سەرپەرشتی هاوبەش بکرێ.

٣- پاڵپشت بە رێکارە یاساییەکانی خاوەنی پارچەی کەلەپووری یان دەست نووسـەکان لە بـڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە ئاماژەی پێکراوە بەرپرسن لە ون بوون و تێکچوونی پارچەکان.

ماددەی سیانزەم:

١- بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەتوانێ بڕیـاری لێسـەندنەوەی مـافی خاوەنـداریەتی هەر پـارچەیەکی کەلەپووری یان دەستنووس بدات لەوانەی لە پێشتر تۆمار کراوە و لای خـاوەنەکەیەتی بەرامـبەر بە قەرەبوو کردنەوەیەکی دادپەروەرانەی خەملێنراو لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە.

٢- مـافی بڵاوکـردنەوەی زانیـاری لەسـەر پـارچەی کەلەپـووری یـان دەسـت نووسـەکان تەنیـا بە رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەبێ.

ماددەی چواردەهەم:

١ بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی بـۆی هەیە بە ڕەزامەنـدی وەزیـر و بە هەمـاهەنگی لەگەڵ دامەزراوەی ئیتیحادی بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی توێژینکردنەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی مۆزەخانەکانی هەرێم یان خستنەڕووی کاتی شوێنەوار و کەلەپووره گوازراوەکان بهێنێتە ناوەوەی هەرێم.

٢- هەرکەسێك بە پشت بەستن بە یاسا هەر شوێنەواریکی گوازراوە یان پارچەیەکی کەلەپـووری بهێنێتە ناو هەرێم پێویستە مۆڵەت لە وەزیر وەرگرێ.

٣- بەرێـوەبەرایەتی گشـتی لە ڕێـگەی لیـژنەی هـونەرییەوە بەدواداچـوون و لێکـۆڵینەوە بـۆ ئەو شوێنەوار و کەلەپووره گوارزاوانە ئەکات کە لە دەرەوە هێنـراونەتە نـاو هەرێـم، ئەگەر سـەلمێنرا شوێنەوارن و لە وڵاتی خاوەنداری خۆیان بە شێوەی نایاسایی براونەتە دەرەوەی وڵات، ئەوکـات دەستی بەسەر دا دەگیرێت و بە ڕەچاو کردنی مەرجی مـامەڵەی هاوشـێوە بـۆ وڵاتە ڕەسـەنەکەی ئەگەڕێندرێتەوە.

ماددەی پانزەم:

١ وەزیر بۆی هەیە بە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە هەمـاهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتیحادییەکان بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانسـتی یـان نـۆژەن کـردنەوە یـان خسـتنەڕووی کـاتی شوێنەوار و کەلەپووره گوازراوەکان بنێردرێتە دەرەوەی هەرێم.

٢- وەزیــر بە ڕەزامەنــدی ســەرۆکی ئەنجــومەنی وەزیــران بــۆی هەیە ئەو شــوێنەوارە یــان کەلەپوورەی گوازراوانەی هاوشێوەکانیان لە هەرێم دا هەن بۆ مەبەسـتی بەدیهێنـانی تـوێژینەوە و سودی زانستی یان هاوکاری کردن و دەوڵەمەند کردنی مۆزەخانەکانی هەرێم لەگەڵ مۆزەخـانە و زانکۆ و پەیمانگا و دامەزراوە زانستییەکانی دەرەوەی هەرێم ئاڵووگۆری پێ بکرێ.

بەشی چوارەم:

کاری شوێنەواری و کەلەپووری و گەڕان و رووپێوی و هەڵکۆلین و نۆژەن کردنەوە.

ماددەی شانزەم:

١ بەرێوەبەرایەتی گشتی تایبەتمەندە بە کاری شوێنەواری و کەلەپووری لە هەرێم.

٢- هـیچ کەس و لایەنێـك بـۆی نیـیە کـاری شـوێنەواری و کەلەپـووری لە هەرێـم ئەنجـام بـدات تەنانەت لەسەر زەوی و موڵکی خۆشی بێت تەنیا بە مۆڵەتی بەرێوەبەرایەتی گشتی نەبێت.

٣- بەرێـوەبەرایەتی گشـتی بـۆی هەیە رێگـا بـدات بە پسـپۆران و دامودەزگـا زانسـتی و زانکـۆ و پەیمانگاکـانی نـاوخۆ و بیانییەکـان بـۆ مەبەسـتی کـاری شـوێنەواری و کەلەپـووری لە بـواری شـوێنەوار و کەلەپـوور ئەمەش دوای دڵنیـا بـوونەوە لە توانـاو لێهـاتووی زانسـتی و دارایـی ئەو لایانەنە.

ماددەی حەڤدەم:

١ بەرێـوەبەرایەتی گشـتی کـاری کەلەپـووری ئەنجـام ئەدات لەو زەوی و شـوێنانەی کە مـوڵکی دەوڵەت و کەسانی سروشتی و مەعنەوین و ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری لە خۆ ئەگرن.

٢- ئەو زەوی و شوێنانەی کاری شوێنەرواری و کەلەپووریـان تێـدا ئەنجـام دراوە ئەگەر دەرکەوت شوێنەواری کەلەپووری نین ئەگەڕێنـدرێتەوە بـۆ دۆخـی پـێش ئەنجامـدانی ئەو کـارانەی تێیانـدا کـراون، ئەگەر ئەو شـوێن و زەوییـانەی ئاماژەیـان پێکـراوە مـوڵکی کەسـانی سروشـتی یـان مەعـنەوی بـوون لە ئەنجـامی گەڕان و رووپێـوی و هەڵکـۆلین و زیانمەنـد بـوون ئەوا پاڵپشـت بە

خەملاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بە رەزامەندی هەردوولا یان لە ڕێگەی دادگا و قەرەبووی زیانەکانیان ئەکرێتەوە.
٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ماوەی کاری شوێنەواری و کەلەپووری دیاری ئەکات و ئەکرێ ماوەکە درێژ بکرێتەوە.
٤- هەموو ئەوانەی کاری شوێنەواری و کەلەپووری ئەنجام ئەدەن پشت ئەبەستن بە توێژینەوە و ئەو کارانەی لە پێشتردا لەلایەن شوێنەوارناسانی بیانی و ناوخۆیدا هەمان شوێن یان دەروبەری یان نزیکی شوێنی دەست نیشان کراو بۆ کارکردن ئەنجام دراون.
٥- لە کاتی گەڕان و روپێووی و هەڵکۆلین دا کە پارچەی شوێنەوار و کەلەپووری ئەدۆزرێتەوە بەپێی سنووری جوگرافی و شوێنی کارکردنی پارچە دۆزراوەکان ئەگەڕێندرێتەوە بۆ مۆزەخانەی ئەو شارەی یان ئەو شوێنەی کاری تێدا ئەکرێ.
٦- هەر شوێنەوارناسێك یان کارمەندێکی بواری شوێنەوارناسی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم بۆ مەبەستی زانستی و ئەنجامدانی توێژینەوەی کاری شوێنەواری بۆی هەیە سەردانی ناوچەی شوێنەواری کەلەپووری بکات بە مەرجێ پشتگیری لایەنی ئەکادیمی هەبێت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاگادار بکاتەوە.
ماددەی هەژدەم:
لیژنەی کاری شوێنەواری و کەلەپووری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەم شێوەیە پێك ئەهێنرێ:
١ سەرۆکی لیژنە یان نێردە مەرجە پسیۆڕێکی شوێنەواری شارەزا و خاوەن ئەزموون بێ.
٢- ئەبێ ئەندامانی لیژنەکانی کاری شوێنەواری و کەلەپووری بەپێی پێویست شوێنەوارناس بن و ئەکرێ بەپێی پێویستی ئەو ناوچەیە کاری تێدائەکری چەند پسپۆڕیەکی دیکەش ئەندام بن.
٣- لەکاتی کارکردن لەگەڵ تیمی مۆڵەت پێدراو پێویستە لای کەم دوو شوێنەوار ناس کە کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بن وەك نوێنەر و ئەندام کار بکەن و مافی زانستی تەواویان هەبێ لە نووسنی راپۆرت و بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و بەشداری کردنی کۆڕ و کۆنفرانس لە ناوە و دەرەوی هەرێم بەرپرسیش ئەبن بەرامبەر هەر کەموکوریيەك لە کارکردن ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێ ئاگادار نەکەنەوە.
ماددەی نۆزدەم:
ئەو تیم و لایەنەنای کارکردن لە بواری شوێنەواری و کەلەپووری ئەکەن ئەبێ ئەو پابەندییەی خوارەوە جێ بەجێ بکەن:
١- پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاری شوێنەواری کەلەپووری کە ئەمانە لە خۆ ئەگرێ:
١- تایەبتمەندی و شارەزای داواکاران و داراییان.
٢- زانیاری لەسەر ئەندامانی تیمی پێشکەشکاری داواکە و رەچاو کردنی لایەنی زانستی و پسپۆرییان.
٣- داواکار لەلایەنێکی زانستی و باوەرپێکراو لە زانکۆ و پەیمانگایەکی شوێنەواری و رێگەپێدراو بێت.

٤- ئەگەر تیمی داواکراو لە دەرەوەی عێراق بێت پێویستە لە رێگەی نوسینگەی وڵاتەکەی لە هەرێم یان بالوێزخانەکەی لە عێراق هەبێ.
٥- دیاری کردنی ژمارە و ئاستی ئەو کرێکارانەی لەگەڵی کار ئەکەن لەگەڵ توانا زانستییەکان.
٦- دابین کردنی پاسەوان بۆ شوێنی کارکردن.
٧- هەوڵدان بۆ دابین کردنی کورسی خوێندن و زەماڵە بۆ فەرمانبەرانی شوێنەوارناسی و بەرێوەبەرایەتی گشتی.

-٢

١- پێشکەش کردنی نەخشەیەك کە تێیدا سنووری شوێنی کارکردنەکە روون بکاتەوە و ئاماژەش بکرێ بە ناوچە شوێنەوارییەکان.
٢- پێشکەش کردنی راپۆرتێکی بەرنامەی کاری ساڵانە و راپۆرتی گشتیش لە کۆتایی کارەکانی گرێبەست دا ئەدرێتە بەرێوەبەرایەتی گشتی.
٣- پێوستە بۆ کارکردن سوود لە بەشی شوێنەوارناس لە هەرێم وەرگیرێت.

ماددەی بیستەم:

١- بەرێوەبەرایەتی گشتی دوای پێشکەش کردنی داواکارییەکەی تیمی داواکار پێداچوونەوە و وردبینی بۆ ئەکات و پاشان بڕیاری لەسەر ئەدات.

٢- داواکار گرێبەستێك لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی دا بۆ ماوەییەکی دیاری کراوی کارکردن ئەنجام ئەدات کە تێیدا ماف و پابەند بوونی هەردوولا دیاری ئەکرێت و دواتر لەلایەن وەزیرەوە پەسند ئەکرێ.

ماددەی بیست و یەك:

١- بەرێوەبەرایەتی گشتی کاری بەدواداچوون و چاودێری کردنی تیمی مۆڵەت پێدراوی کاری شوێنەواری و کەلەپووری ئەکات.

٢- لەکاتی سەرپێچی کردنی یەکی لە مەرجەکانی کارکردنی لە کاری شوێنەواری و کەلەپووری بەرێوەبەرایەتی گشتی بە نووسراو ئاگاداری لایەنی بەرامبەر ئەکاتەوە بۆ لادانی سەرپێچییەکە لەماوەیەکی گونجاو و دیاری کراو.

٣- ئەگەر لایەنی بەرامبەر سەرپێچییەکەی لانەدا لەسەر داواکاری بەرێوەبەرایەتی گشتی وەزیر گرێبەستەکە هەڵئەوەشێنێتەوە.

ماددەی بیست و دوو:

١- هەر کەلوپەلێکی شوێنەواری یان کەلوپەلی لەسەر خاکی یان ژێر خاکی هەرێم بدۆزیتەوە مولکی دەولەتە.

٢- هەر کەلوپەلێکی شوێنەواریی یان کەلەپووری دۆزراوەیی دەست بەجێ وێنەی ئەگیرێت و تۆمار بکرێ و لە شوێنیکی گونجاو ئەپارێزرێ.

٣- بەپێی رەزامەندی نووسراوی بەرێوەبەرایەتی گشتی نابێ زانیاری لەسەر ئەو پارچە شوێنەوارانەی دۆزراونەتەوە بڵاو بکرێتەوە یان دەستکاری بکرێت و مامەڵەی پێوە بکرێ چ لە ناوەوەی هەرێم بێ یان دەرەوەدا.

٤- بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی بـۆی هەیە ئەمـانەی خـوارەوە بـدات و لایەنـانەی کـاری گەڕان و رووپێوی هەڵکۆڵین ئەکەن:
١- قالبی شوێنەواره دۆزراوەکە بە وێنە و هێلکاری و نەخشەکانییەوە.
٢- پارچە گلینە (الفغار) و ماددەی ئەندامی خولینەکان بە مەبەسـتی شـی کـردنەوە و لێکـۆڵینەوە بە مەرجـی لە مـاوەیەك دا لە یەك سـاڵ تێـپەر نەکـات لە دەرەنجـامی لێکـۆلینەوەکە پێشکەشـی دەسەڵاتی شوێنەواری بکرێ.
٣- ئەو پارچـانەی لە خـاڵی دووی ئەو مـاددەیە هـاتوون بە چـاودێری بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی رەوانەی دەرەوە ئەکرێن و لە باج و رسوومات ئەبەخشرێن.
٥- پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی و تیمی مۆڵەت دراو ساڵانە ئەنجـامی وەرزی کـارکردن رابگەینن.
بەشی پێنجەم:
رێگا پێنەدراوەکان و سزاکان:
ماددەی بیست و سێ:
ریگا پێنەدراوەکان:
١- جگە لەوەی کە لەو یاسایە رێگا پێدراوە رەفتاری پێ کردن و تێکدانی شـوێن و بینـاو نـاوچەی شـوێنەواری و شـەقام و بـازار و خـانوو و گەرەکە کەلەپووریيەکـان و نـاوچە پارێزراوەکـان و پـارچەی شـوێنەواری و کەلەپـووری گـوازراوە و نەگـوازراوە و شـوێنە مێژوویيەکـان و دەسـت نووسەکان قەدەغەیە.
٢- خاوەن ئەو زەویی و شوێنەی شوێنەوار و کەلەپوور و شوێنە مێژوويیەکانی تێدایە بـۆی نیـیە دەستکاری ماددی یان تێکدان یان گۆڕینی رووکاری دەرەوەی تێدا ئەنجام بـدات ئەگەر شـوێنەکە لە رۆژنامە فەرمییەکان راگەیاندنی بۆ کرابێ یان نەکرابێ.
٣- فرۆشتن و بازرگانی پێکردنی شوێنەوار و کەلەپوور قەدەغەیە.
٤- نـابێ پـارچەی شـوێنەواری و کەلەپـووری لە بەری بگێـرێتەوە، واتە کـۆپی بکـرێ تەنیـا بە رەزامەنـدی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی نەبـێ و ئامـانجی لەبەر گـرتنەوەکەش بـۆ راهینـان و توێژینەوەی زانستی یان بۆ نیشان دان یان بۆ فرۆشتن یان بۆ ئالوگۆر پێ کردن یان ئەبێت.
٥- نـابێ هـیچ مۆزەخـانەیەکی شـوێنەواری تـایبەت و گشـتی مـولکی کەسـی بـن و کـردنەوەی مۆزەخانەی کەلەپووری و سروشتی پێویستە بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێت و لە ژێر چاودێری ئەو دابێت.
٦- بەبێ رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رێگا نادرێ بە بەکارهێنانی ناو و شـوێنی شـوێنەواری یان کەلەپووری لە شوێنە گشتی و بازرگانییەکان دا.
ماددەی بیست و چوار:
سزاکان:
١ هەرکەسێك پارچەی شوێنەواری یان کەلەپووری و دەست نووسی گواستنەوەی تۆمار کراو یان تۆمـار نەکـراوی لابـێ و لە مـاوەی (٩٠) رۆژ لە رێکەوتـی بەرکـار بـوونی ئەو یاسـایە ئاگـاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەکاتەوە یان ببێتە هۆی وون بـوونی یـان لەنـاوچوونی ئەو پـارچەیە بە

بەند کردن و پێبژاردن بە پێی دوو هێندەی نرخی خەملێنراوی پارچەی شوێنەواری یان کەلەپوورییەکە سزا ئەدرێ.

-٢

١- هەرکەسێك شوێنەواریك یان کەلوپەلی کەلەپووری بدزی کە لە ژێر دەستی بەرێوەبەرایەتی گشتی بێت بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە (١٠)ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدری، بە پێبژاردنێك بە بڕی شەش هێندەی نرخی خەملێنراوی پارچە شوێنەواری یان کەلەپوورییەکە سەرەڕای گەڕاندنەوەی.

٢- ئەم بارانەی خوارەوە بە بارودۆخی توند هەژمار ئەکرێ و ئەنجامدەرەکەی بە سزای زیندانی هەمیشەیی سزا ئەدرێ.

أ ئەگەر پارچەی شوێنەواری یان کەلەپووری دزرا و نەگەرێنرایەوە.

ب- ئەگەر ئەنجامدەری تاوان یەکێ بوو لە ئەنجامدانی بەرێوەبەرایەتی گشتی یان راسپێردراو بە پارێزگاری کردن لە شوێنەوار یان ئەوانەی کار ئەکەن لە بەرێوەبردنی دا.

ج- ئەگەر تاوەنەکە لەلایەن دوو کەس و زیاتر بە بەکارهێنانی هێز و زۆرە ملێی ئەنجام درا.

-٣

١- هەرکەسێك پارچەی شوێنەواری بباتە دەرەوەی هەرێم یان بەشدار بێ لە بردنە دەرەوەی دا بە زیندانی هەمیشەیی سزا ئەدرێ.

٢- هەر کەسێك بە ئەنقەست کەلوپەلی کەلەپووری بباتە دەرەوەی هەرێم یان بەشدار بێ لە بردنە دەرەوەی بە بەند کردن سزا ئەدرێ لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێ سەرەڕای پی بژاردنێك بە بڕی (٣) ملیۆن دینار.

-٤

١- هەرکەسێك بە بێ رەزامەندی نووسراوی بەرێوەبەرایەتی کاری گەڕان و رووپێوی و هەڵکۆلین ئەنجام بدات یان هەوڵی دۆزینەوەی شوێنەوار بدات بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە (٣) ساڵ کەمتر نەبێ سزا ئەدرێ.

٢- ئەگەر کاری گەڕان و رووپێوی هەڵکۆلین یان هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار بووە هۆی گۆڕینی شوێنەوارەکە ئەبێ ئەنجامدەر قەرەبووی دوو هێندەی نرخی خەملێنراوی زیانەکە بکاتەوە و دەست بەسەر شوێنەوارە دەرهێنراوەکە و کەلوپەلەکانیش ئەگیرێت.

٣- ئەبێ تاوانبار لەسەر خەرجی تایبەتی خۆی بارەکە بۆ دۆخی ئاسایی بگەرێنێتەوە.

٤- ئەگەر تاوانبار فەرمانبەری بەرێوەبەرایەتی گشتی بێت بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە (١٥) ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ.

٥- هەرکەسێك بازرگانی بە کەلوپەل و پارچەی شوێنەواری و کەلەپوورییەوە بکات دەست بەسەر کەلوپەلەکان دا ئەگیرێت و بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ سەرەڕای پێبژاردنێك بە بڕی (١٠) ملیۆن دینار ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە فەرمانبەری بەرێوەبەراییەتی گشتی بێت ئەوا بە هەمان ماوەی ساڵ بە زیندانی کردن سزا ئەدرێ سەرەرای پێبژاردنێك بە بڕی (٢٠) ملیۆن دینار.

٢- هەر کەس بە بێ رەزامەندی بەرێوەبەرایيەتی گشتی بازرگانی بە کەل و پەل و پارچەی شوێنەواری و کەلەپوورییەوە بکات چ ساختە کراو یان لاسایی کراوە بێ ئەوا دەست بەسەر کەل و پەلەکان دا ئەگیرێت و بە بەند کردن بۆ ماوەیەك کە لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ سەرەڕای پێبژاردنێك بە بڕی دوو ملیۆن دینار، ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە کارمەندی دەسەڵاتی شوێنەواری بێت بە هەمان ماوەی ساڵ بە بەند کردن سزا ئەدرێ سەرەڕای پێ بژاردنێك بە بڕی (٦) ملیۆن دینار.

ماددەی بیست و پێنج:

هەرکەسێك زێدەڕەوی بکاتە سەر خانووییەك یان باڵەخانەیەك یا گەرەکێك یا هەر شوێنێکی تری شوێنەواری یان کەلەپووری راگەیەنراو لە رۆژنامەی فەرمی چ بە تێکدان یان گۆڕینی سیما یا گۆڕینی ئەو مەبەستانەی بۆی تەرخان کراوە بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدرێت و پابەندیش ئەکرێ لەسەر خەرجی خۆی و زیادەڕەوییەکە بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی پێشتر.

بەشی شەشەم:

حوکمە گشتی و کۆتاییەکان:

ماددەی بیست و شەش:

١ بەرێوەبەر و بەرپرسی مۆزەخانەکانی شار و شارۆچکەکان ئەبێت شوێنەوارناس بن و تەنیا بۆیان هەیە چوار ساڵ لە پۆستەکانیان دا کار بکەن و ئەکرێ چوار ساڵی تر ماوەی کارکردنیان درێژ بکرێتەوە.

٢- سەرۆکایەتی و بەرێوەبردنی کاری شوێنەواری و کەلەپووری لە پرۆژەکان و کۆمیسیۆن و ناوچەکان دا ئەبێ بە کەسانی شوێنەوارناس بسپێردرێ.

ماددەی بیست و حەوت:

ئەرکەکانی لیژنەی هونەری:

١ بۆ دیاری کردنی هەر کەلوپەلێك و پارچەکی شوێنەواری و کەلەپووری کە رەسەنە یا ساختەیە بریار و راسپاردەی لیژنەی هونەری یەکلاکەرەوە ئەبێت.

٢- خەملاندنی بڕی قەرەبووی ئەو زیانانەی بەر شوێنەوار یان کەلووپەلە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان ئەکەوێت تەنیا بەهای دارایی ئەبێت، بەڵام پێویستە زیانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەلگەی کە لەو شوێنانە کەوتوون دیاری بکرێ.

٣- دیاری کردنی نرخی هەر پارچەیەکی شوێنەواری و کەلەپووری کە پێشکەشی بەرێوەبەرایيەتی گشتی ئەکرێ.

٤- دیاری کردنی بڕی پاداشت بۆ هەر کەسێك کە شوێنەوار و کەلەپوور ئەدۆزێتەوە یان زانیاری ئەدات بۆ دۆزینەوەیان.

ماددەی بیست و هەشت:

١ رێژەی ٥٠٪ داهاتی گشتی شوێنەواری بۆ گەشەپێدانی بواری شوێنەواری و کەلەپووری تەرخان ئەکرێ.

٢- پێویستە لە بوودجەی گشتی بوودجەیەکی ساڵانە بۆ کاروباری شوێنەوار و کەلەپوور تەرخان بکرێ.
ماددەی بیست و نۆ:
لە کاتی پێویستدا وەزیر لە رێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتیحادییەکانی تایبەت بە شوێنەوار و کەلەپوور ئەکات.
ماددەی سی:
وەزیر رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەرئەکات.
ماددەی سی و یەک:
پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن.
ماددەی سی و دوو:
کارکردن بە یاسای شوێنەواری عێراقی ژمارە (٥٩) ی سالی ١٩٣٦ ی کارپێکراو لە هەرێم کاری پێ ناکرێ.
ماددەی سی و سێ:
کار بە هیچ یاسا و بریارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.
ماددەی سی و چوار:
ئەو یاسایە لە رێکەوتی بڵاو بوونەوەی لە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ ئەکرێ.
هۆیەکانی دەرچوواندنی:
شوێنەوار و کەلەپوور و شوێنە مێژووییەکان سامانی نیشتیمانی و میراتێکی رۆشنبیری و زانستی و ناسنامەی شارستانییەتی گەلی کوردستانن، لە پێناو بەرێوەبردن و پاراستنی ئەم سامانە نیشتیمانییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم یاسایە دەرچووێنرا.
**بەریز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**
بەرێزان ئەوە راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنە بوو، بەپێی ماددەی (٨٧) دیارە هەندێ ئاڵوگۆر کراوە، بۆیە بەپێی ماددەی (٨٧) راپۆرتی هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ئەخەینە دەنگدان بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای گفتوگۆ، کێ لەگەڵ ئەوەیە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش بکرێتە سەرەکی؟ راپۆرتی لیژنەی هاوبەش ئەکرێتە بنەمای گفتوگۆ.فەرموو لە ناونیشانەوە.
**بەرێز زێدان رشید خان:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێشنیازە یاسای بەرێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان-عیراق.
**بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کێ قسەی هەیە؟ حەسیبە خان فەرموو.
**بەرێز حسیبە سعید ابراهیم:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێشنیاری ئەوە ئەکەم پاراستنەکە بەر بەرێوەبردن بکەوێت بەم شێوەیە، پێشنیازە یاسای بەرێوەبردنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان.

**بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك ڕێبوار.

**بەرێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسيارم هەيە بۆ ليژنەی تايبەتمەند لەمەر ئەو پێشنيارە ياسايە، ئايا هيچ سوودێك بينراوە يان هيچ دەقێك وەرگيراوە لە ياسای عێراقی ساڵی (٢٠٠١) ژمارە (٥٥)، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە دەقەكان هاوچووە لەگەڵ ئەو ياسايە، سەبارەت بە ناونيشان، بڕگەيەكم هەيە ئيزافە بكرێ بەو شێوەيە، پێشنيازە ياسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و كەلەپوور وەك سامانێكی نيشتيمانی لە هەرێمی كوردستان_ عيراق سالی ٢٠٢١.

**بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو ليژنەی تايبەتمەند.

**بەرێز زيدان رشيد خان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسيارەكە سوود وەرگرتن لە ياسای عێراقی سالی ٢٠٠٢، بێگومان بە پێی دەستووری عيراقيش كە لە ماددەی (١١٣) ی دەستووری عێراقيش هاتووە شوێنەوار و كەلەپوور سيادين و بەڵام ئەتوانرێ لەگەڵ هەرێمدا بە هاوبەشی بپارێزرێ، لەوە هەم ناونيشان و هەميش سوودمان لەو بابەتانە وەرگرتووە كە لە ياسای عێراقی بگونجێ لەگەڵ ئێستای هەرێمی كوردستان.

**بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو بەشی يەكەم.

**بەريز زێدان رشيد خان:**

**بەريز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی يەكەم:

زاراوەو ئەمانجەكان و ئەركەكان:

ماددەی يەكەم:

ئەو زاراوانەی خوارەوە مەبەستی حوكمەكانی ئەو ياسايە و ماناكانيان بەرامبەريانە:

١_ هەرێم- هەرێمی كوردستان-عيراق

٢- ئەنجومەنی وەزيران- ئەنجومەنی وەزيرانی هەرێم

٣- وەزارەت- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێم

٤- وەزير – وەزيری شارەوانی و گەشت و گوزار

٥- بەرێوەبەرايەتی گشتی – بەرێوەبەرايەتی گشتی شوێنەوار و كەلەپوور لە وەزارەت

٦- شوێنەوار- ماددەی گوازار و نەگوازراوە كە دروست كراوە يان نەخش كراوە يان بەرهەمهێنراوە يان نووسراوە يان دەست نووسە يان وێنەی كێشراوە يان وێنەی گيراوە تەمەنی لە (٢٠٠) ساڵ كەمتر نەبێ، هەروا پەيكەری مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەكانيشيان ئەگرێتەوە.

٧- كەلەپوور-

١ کەلەپوور هەر ماددەیەکی گوازراوە و نەگوازراوە کە دروست کراوە و نەخشێنراوە و بەرهەم هێنراوە و نووسراوە و دەست نووسە و وێنەکێشراوە یان وێنەی گیراوە و بەهای مێژووی نیشتیمان و نەتەوەی و ئاینی یان هونەری هەیە.

٢- هەر ماددەیەکی گوازراوە یان نەگوازراوە کەلەپووری کە لە خاڵی یەك ئاماژەی پێکراوە تەمەنی لە (١٥٠) ساڵ زیاتر بێت و گرنگی تایبەتی مێژووی هونەری یان بیناسازی هەبێ ئەمەش لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە بە راپۆرتێکی زانستی بەرز ئەکرێتەوە و بە رەزامەندی وەزیر بۆ شوێنەوار تۆمار ئەکرێ.

٨- شوێنەواری ناوچەی مێژوویی: ئەو شوێنەیە کە جێگەی بووە بۆ رووداوی مێژووی نەتەوەیی نیشتیمانی کە گرنگ یان بایەخی مێژووی پێدراوە.

٩- پارچە و شوێنی سروشتی- ئەو پارچەو شوێنە سروشتییانە لەخۆ ئەگرێ کە مرۆڤ دروستی نەکردوون، بەڵام پەیوەندی بە زانستی شوێنەوار و کەلەپوورەوە هەیە لە بواری بابەتی بایلۆجی و جیۆلۆجییەکان و شوێنی سروشتی و ئەشکەوتە دەگمەنەکان و پەناگە بە بەردبووەکان شوێنی (سکالایت و سکالامایت) و ژوور و پاشماوەی رووەکی و ئاژەڵی ئەگەری گرنگی تایبەتی بۆ مێژوویی یان هونەری هەبێت بە بڕیاری وەزیر لەسەر پێشنیازی لیژنەی هونەری و بەرێوەبەرایەتی زانستی شوێنەوار یان کەلەپووری تۆمار ئەکرێ.

١٠- شوێن و ناوچەی پارێزار و شوێنەواری یان کەلەپووری و سەرجەم ئەو شوێن و ناوچە و شوێنەوار و کەلەپوورییانە ئەگرێتەوە کە سنووری دیاری کراویان هەیە و مەبەست لێی پاراستنی سیما رەسەنەکەیانە وەك سامان و کەلەپووریکی نیشتیمانی ئەو شوێن و ناوچانە و چەندین جۆر بینا و هونەری بیناسازی هەمەرەنگ لە خۆ ئەگرێ وەك شار و شارۆچکە و گوند و گەرەك و شەقام و گرد و قەڵا کە لەلایەن لیژنە هونەرییەکانەوە بە راپۆرتی زانستی بەرز ئەکرێتەوە و بە بڕیاری وەزیر بە شوێن و ناوچەی شوێنەواری یان کەلەپووری پارێزراو تۆمار ئەکرێ.

١١- شوێنەوارناسی: هەرکەسێك هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێ لە زانستی شوێنەوار.

١٢- لایەنی پەیوەندیدار- ئەو وەزارەت و لایەنە حکومییانە ئەگرێتەوە کە راسپێندراون بە پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور.

١٣ – لیژنەی هونەر- لیژنەیەکە لە کەسانی پسپۆر لە بواری شوێنەوارناسی و بوارەکانی تری پەیوەندیدار بە شوێنەوار پێك دێت و پێکهاتەکە لەلایەن وەزیرەوە بە رێنمیایك دیاری ئەکرێ.

١٤- کاری شوێنەواری کەلەپووری- کاری گەڕان و رووپێوی و هەڵکۆلین و نۆژەن کردن و بە ئامانجی دۆزینەوەی شوێنەوارە گوازراوە و نەگوازراوەکان چ لەسەر زەوی یان لە ژێر زەوی یان لە ژێر ئاو و پاراستنیان.

**بەرێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ئەو بەرێزانە ناویان نووسیوە (کاك شێخ زاهیر، مامۆستا حسیبە، خدیجە خان، دکتۆر رێبوار، گولستان خان، جوان خان، مم اسکندر، هدیە خان، لیزا خان، اشنا خان، شادیە خان، کاك شەمۆل، دکتۆرا شایان، کاك گۆران، ژیان خان، کاك فیصل، دکتۆر محی الدین، بدریە خان، مامۆستا عوسمان، کاك سیروان)، فەرموو کاك شەمۆل.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـاڵی دووەم باشـترە سـاڵەکە کەم بکـرێتەوە بـۆ (٥٠) سـاڵ، لەبەر ئەوەی زۆربەی کەل و پەلە کەلتوورییەکان تەمەنیان کەمترە لە (١٥٠) ساڵ، خاڵی نۆیەمیش وەکو دکتـۆر زێـدان باسـی کـرد، ئەو دوو ووشەیە هەڵەی ئیملایی تێدایە، ئەگەر راست بکرێتەوە بۆ (سلەکتیت و سلەکمیت).

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم اسكندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل ماددی ئێـك فەقەرا (١١) شـوێنەوارناس هەرکەسـێك هەڵگـری بڕوانـامەی بەکـالۆریۆس بێـت لە زانستی شوێنەوار، پێم وایە خەڵکێـك هەیە بڕوانـامەی بەکالۆریۆسـی نیـیە، بەڵام پسـپۆری هەیە لە شوێنەواری، شوێنی ئەوانیش بکرێتەوە باشترە، هەر کەسێك هەڵگری بڕوانامەی بەکـالۆریۆس بێت یان پسپۆرییەکی هەبێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـڕگەی (١٠) یەم بـاس لە دوای گونـدو گەڕەك و شـەقام و گـرد و قەڵا، ئەشـکەوتیش زیـاد بکـرێ لەگەڵ گۆڕسـتانە کۆنەکـان، خـاڵی (١ و ٣)، لیـژنەی هـونەری لە کەسـانی پسـپۆر لە بـواری شوێنەوارناسی و بواری یاسا، کەسێك لە بواری یاساش گرنگی باشتری ئەبێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا خەدیجە.

**بەڕێز خدیجه عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکی لە ئامانجی سەرەکی ئەو یاسایە پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوورە، بەڵام کە سەیر ئەکەیـن لە زاراوە و ئامانجەکان هیچ پێناسەیەك بۆ پاراستن نەکراوە، هەرچەند پاراستن وەکو وشە خۆی شتێکی وازیحە، بەڵام وەکـو فیعلیـك پێوسـتە بـۆ ئەم یاسـایە پێناسـەیەك هەبێـت، پێشـنیار ئەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێ لە دوای بڕگەی شەشەم بـڕگەی (٧) بەو شـێوەیە، پاراسـتن هەمـوو ئەو کـار و چاڵاکیانە ئەگرێتەوە کە لەلایەن لایەنـی پەیوەندیـدار ئەنجـام ئەدرێـن، وەکـو چـاودێری کـردن و نـۆژەن کـردنەوە تـا دوای، بـۆ پارێزگـاری کـردن لە بەهاکـانی مـاددی و مەعـنەوی شـوێنەوار و کەلەپوور و شوێنی نـاوچە مێژووییەکـان، تێبینیەکـی تریشـم، وەك لە هۆکارەکـانی دەرچووانـدن ئاماژە کراوە کە شوێنەوار و کەلەپـوور بە شـێوەیەکی گشـتی میراتێکـی رۆشـنبیرییە بـۆ هەمـوو ولاتێــك، پێوســت بــوو لەو یاســایە زیــاتر گرنگــی بە وەزارەتــی رۆشــنبیریش بــدرایە، وەك لە پەرلەمانیش ئیحالەی دوو لیژنە کراوە، وەزارەتـی رۆشـنبیریش لایەنیکـی پەیوەندیـدارە ئەبـوایە جێگەی کرایە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی شەشەم باس لەوە ئەكات تەمەنیـان لە (٢٠٠) سـاڵ كەمتـر نەبـێ، لە بـڕگەی حەوتەم خـاڵی دووەم باس ئەكات كەلەپوورەكان (١٥) ساڵ زیاتر بن، پێم باشە ئەو دوو ساڵە لێـك بـدرێ و وەكـو یەكی لێ بكرێ، هەردووكی (١٠٠) بۆ (٢٠٠) ساڵ زیاد بكرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی حەوتەم، حەوتەم، پێناسەی كەلەپوور كراوە، پێم باشە لە كۆتاییەكەی، ئێمە بە گۆڕانكـاری لە ژیـانی ئینسـان ئەم یاسایانە ئەمینێـتەوە بـۆ چەنـدین سـاڵی داهـاتوو، نـازانین تـا ئەو كـاتە چ شـتێكی تـر ئەچێـتە خـانەی كەلەپـووری، پـێم باشـە تـۆزێكی تـری بـۆ زیـاد بكـرێ بڵـێ یـان هەر مـاددەیەكی تـر بە هەر پێـوەرێكی كەلتـووری بچێـتە خـانەی مـاددەی كەلتـوورییەوە ئەم یاسـایە بیگرێتەوە، مەبەست ئەوەیە (٢٠) ساڵی تر بزانین چیتر هەیە، ئەو یاسایە شمولی بكات.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی یەكەم خـاڵی شەشـەم، پێناسـەی شـوێنەوار، لەو شـوێنە كە كۆتـایی پـێ دێ پەیـكەر و مـرۆڤ و ئـاژەڵ و رووەكەكـانیش ئەگـرێتەوە، پـێم وابـێ ئەبـێ بخـرێتە پێشـەوە، چـونكە ئەو مەبەستە ناگەیەنی، بۆیە پێم باشە ئاوای لێ بكرێ، شوێنەوار ماددەی گـوازراوە و نەگـوازراوە كە دروست كراوە یان نەخشێنراوە یان بەرهەم هێنراوە یان دەست نووسە یان وێنەی كێشراوە یـان وێـنەی گیـراوە پەیـكەری مـرۆڤ و ئـاژەڵ و رووەكەكـانیش كە تەمەنیـان لە (٢٠٠) سـاڵ كەمتـر نەبێت، تێبینیەكی تریش، لە بەشی دووەم، شـوێنەوار و كەلەپـوورە نەگوازراوەكـان مـاددەی (٦) بـڕگەی دووەم، مافەكـانی پەیوەنـدی هاوسـێیەتی، پرسـیارم لە لیـژنەی تایبەتمەنـدی بەڕێـز، ئایـا بڕگەی دووەم مافەكانی پەیوەندی هاوسێیەتی ئەوە پێناسەیە؟ ئەگەر پێناسە كراوە بـا بەهەمـان شێوە بچێتە ماددەی یەكەم و لە ڕیزی پێناسەكان دابنرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شیخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی نۆیەم، پارچە و شوێنەواری سروشتی ئەو پارچە و شـوێنەوارە سروشـتییانەیە كە مـرۆڤ دروسـت كـردووەن، پـێم باشـە وای لـێ بكـرێ، پـارچە و شـوێنەواری سروشـتی ئەوانەن كە

دەستکردی مرۆڤ نین بەڵام پەیوەندی بە زانستی شوێنەوار و کەلەپوور هەیە، لە بواری بابەتە بایلۆجی و جیۆلۆجییەکان و بابەتە زیندەوەرزانی و زەوی ناسەکان، وەك شوێنی سروشتی و ئەشکەوت و پەناگە و بەردبووەکان و شوێنی (سکالاتایت و سکالاکمایت)، ئەو دوو وشەیەش ڕاست بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی (ستەلەکتیت و میتاوا)، ئەگەر بشکرێ پێناسە بکرێ مەبەست چییە لێرە بۆ ئەوەی لە کاتی جێ بەجێ کردن ئەم یاسایە ئاسان بێت، ژوور و پاشماوەی ڕووەکی و ئاژەڵی ئەگەر گرنگی تایبەتی مێژووی یان هونەری هەبێت بە بڕیاری وەزیر و پێشنیاری لیژنەی هونەری و بە ڕاپۆرتی زانستی بە شوێنەوار یان کەلەپوور تۆمار ئەکرێن، بڕگەی دەیەم شوێن و ناوچەی پارێزراوی شوێنەواری یان کەلەپووری، پێم باشە ئەو بڕگەیە وای لێ بکرێ، ناوچە و شوێنە پارێزراوەکانی شوێنەواری و کەلەپووری، لەبەر ئەوەی ناوچە فراوانترە لە شوێن، سەرجەم ناوچە و شوێنەوارە پارێزراوی و شوێنەوارە کەلەپوورییەکان ئەگرێتەوە کە سنوورێکی دیاری کراویان هەیە، مەبەست لێی پاراستنی سیما ڕەسەنەکەیانە، وەك سامان و کەلەپووری نیشتیمانی کە ئەو شوێن و ناوچە چەندین جۆر بیناو هونەری و بیناسازی و هەمەڕەنگ لە خۆ ئەگرێ، وەك شار و شارۆچکە و گوند و شەقام و قەڵاو و لێرە ئەشکەوت و گۆڕستانی کۆن و مەزارگە ئاینییەکانیش زیاد بکرێ بە بڕیاری وەزیر شوێن و ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری ئەخرێتە، ئەوەش زیاد بکرێ ئەخرێتە سەر موڵکی گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان، بڕگەی یانزە شوێنەوارناس، لێرە پێناسەی کەسی سرووشتی دیاری کراوە، ئەو کەسەیە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێ لە زانستی شوێنەوارناسی، پرسیار ئەوەیە ئەکرێ شوێنەوار ناس دەزگایەك بێ، سەندیکای شوێنەوارناسانی هەرێمی کوردستان، ئەکرێ ئەوان بن؟ پێشنیار ئەکەم بڕگەی سێزدەم بچێتە شوێنی بڕگەی دەیەم، لەبەر ئەوەی بڕگەی دەیەم باسی لیژنەی هونەری ئەکات، پێویستە لیژنەی هونەری پێش ئەوەی پێناسە بکرێ لە بڕگەیەکی تر بێت و بۆیە جێ گۆڕکییان پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا ئیکی برگا پێنجی بەڕێوەبەراتیا گشتی هاتییە بۆ شوێنەوار و کەلەپوور لە وەزارەت، پێتڤیا بنڤیسین ڕێڤەبەرێین شوێنەواری گشتی یان ژی ڕێڤەبەریان گرێدایی ب بەرێڤەبەرین گشتی شوێنەواری، هەروسا بڕگا شەشی ژی دیاری کرنا (٢٠٠) سالا دبێت لیژنەکا تایبەت کو ل سێ کەسان کیمتر نەبێت، تەمەنی وی دیاری بکە، گەلەك جهێن شوێنەواری و پەیکەرین مرۆڤ و ئاژەڵان ل کوردستانی هەن تەمەنی وی نزیکی دە هەزار سالان یان شەست هەزار سالان، گرنگە پشتی وی پرۆژەی گرنگیەکا باش پێ بدەن، ژ بۆ هندێ وڵاتێن دەرڤە و نافخۆیا دەرڤەی کوردستانی ب کەلەپوور بناسن، هەروسا ببێتە سەرچاوەیەکی باشی داهاتی ژی، سەبارەت بڕگا حەفتی یا دووی پێتڤیا بکەن (٥٠)ساڵی کو پشتگیریا کاك شەمۆل و شێخ زاهیر دکەم، یان ساڵ دیار نەکەن بۆ هەڵسەنگاندنا ماددین کەلەپووری، بەڵکو ب ڕێکا لیژنەکا

شـوێنەواری دیـار بـکەن یـان ژی هەمـان برگـا شەشـی، هەر وسـا برگـا نەهـێ سـەبارەت جهـێ سکالاتایت و سکالاتمایت پێتڤیا هەردوو شوێن بهێنە راست کرن بۆ (سکالاکتیت و سکالاتمیت)، بەحسی رێژی و پاشماوین رووەکی کریە، لێرە بهێتە نڤیسین رێژیا پاشـماوین رووەکـی و ئـاژەڵی وەکو شوێن پێ یان دەما ئاژەڵ دەمج دبن دناڤ ماددەکا لینجـدا و دمیـنەڤە تـا مـاوەکی دوور و درێژ و دەبنە بەرد بوو کو ئەڤە ژی بـابەتین جیۆلـۆجینە، برگـا نهـی پشـتیگریا بـرادەری خـۆ شـێخ زاهیر دکەم.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـنیار ئەکەم لە بـڕگەی حەوتەم لە خـاڵی یەکەم لە پێناسـەی کەلەپـوور ئەو رسـتەی بـۆ زیـاد بکـرێ، کەلەپـوور پاشـماوەی کەلتـوورە کەلە نەتەوەیـیەکەوە بـۆ نەتەوەیەکـی تـر ئەگـوازرێتەوە، ئینجا تەواو بکرێ، پێناسەی کەلتووریش زیاد بکرێ، زانینـی ئەو بـاوەر و دەسـت کەوت و یاسـا و دابونەریتانەیە کە شارستانییەتی مرۆڤایەتی ئەنوێنن.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فەیسل.

**بەرێز فیصل عباس عولا:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی یەك بـڕگەی (١١)، شـوێنەوارناس هەرکەسـێك هەڵگـری بڕوانـامەی بەکـالیۆریۆس بـێ لە زانستی شوێنەوار، پێم باشە وای لی بکرێ، هەر کەسێ هەڵگری بڕوانامەی بەکـالیۆریۆس بـێ لای کەم بەسـەرەوە لە زانسـتی شـوێنەوار دا، پشـتگیری لە کـاك مەم و کـاك شـەمۆل و شـێخ زاهیـر ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بدریە خان.

**بەرێز بدریە اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی یەك بـڕگەی (١١) پشـتگیری مەم اسـکندر ئەکەم، شـوێنەوارناس هەر کەسـێ هەڵگـری بڕوانـامەی بەکـالۆریۆس بـێ لە زانسـتی شوێنەوارناسـیدا، پـێم باشـە هەمـوو شـارەزاییەکی ئەو بوارەش بگرێتەوە کە زانستیانە یان بۆ ماوەی لەو بوارە بە ئەزموونە و کاری تێدا کردووە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هدیە خان.

**بەرێز هدیە مراد حیدر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پیشنیار هەی، ماددا ئێکی برگا شەشی پێ باشە پەیڤا شوێن ژی بێتە زیادە کرن، بێتە شـوێن و ماددین گوازراو و نەگوازارەوە کە دروسـت کـراوە یـان نەخشـکراوە یـان بەرهەم هێنـراوە یـان

نووسراوە یان دەست نووسە یان وێنەی گیراوە تا ئەخیر، دیسا پێشنیارا دوی بڕگا دەهـی شـوێن و ناوچێن پارزراو یان کەلەپووری پێ باشە پەرستگا بێتە زیدە کرن وەك شار و شارۆچکە و گونـد و پەرستگا و ئەشکەوت، بۆ نموونە پەرستگەها لالش ئاینی ئیزیدیە، زۆر کەڤن و دێرینە کو بـووە جیهەك شوێنەواری ل کوردستانی، بووە رەمزەکی نیشتیمانی، پشتگیریا شێخ زاهیر دکەم.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ژیان خان.

**بەرێز ژیان طاهر احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی نـۆ هەڤـالان ئاماژەیـان پێـدا ئەو دوو دەسـتەواژەیە چـاك بکـرێتەوە، خـاڵی (١١) شوێنەوارناس یانی پسپۆر لە بواری شوێنەوار، کەس بە چوار ساڵ نابێتە پسپۆر، پێشـنیار ئەکەم هەر کەسێ هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم عالی و سەرەوە بێ لە زانستی شوێنەوار.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەرێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم پێشنیازە یاسایە بـایەخی خـۆی هەیە، سـەرمایەکی نیشـتیمانییە، هەنـدێ دەسـتەواژە هەیە زانستییە، هەندێ هەن لێی حاڵی نـین ئاسـاییە لەبەر ئەوەی پسـپۆری شوێنەوارناسـی نـین، پێشنیار ئەکەم پاشکۆیەك هەبێ هی پرۆژە یاسایەکە ئەو دەستەواژانە پێناسە بکەیـن، بـۆ ئەوەی حالی بین، سەبارەت بە بڕگەی هەشتەم لە بارەی شوێن و ناوچەی مێژوویی هەنـدێ شـوێن هەیە کلیسـایە، مـزگەوتە مێژوویـان ئەگەرێـتەوە بـۆ پـیش (٢٠٠) سـاڵ، ئەبـێ ئەوەش ئیـزافە بکـرێ، لە بڕگەی (١١) باس لە شوێنەوارناس ئەکات، ئەبێ بەو شێوەیە بـێ، یـان لە سـەرووی بەکـالیۆریۆس کە ماستەر و دکتۆراش ئەبێ ئیزافە بکـرێ، یـا نـابێ لە خـواروی بەکـالۆریۆس بـێ، پرسـیار، ئایـا کەسـێ هەڵگـری بڕوانـامەی مێـژووە کە رەبتـی زانسـتی بەو بـابەتە، نـاکرێ ببـێ بە پسـپۆر لەو بوارەوە؟

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەرێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەك خـاڵی (٧) و دووەم، پشـتگیری قسـەکانی کـاك شـەمول ئەکەم، ئەو (١٥٠) سـاڵە زۆرە، ئەکرێ (٥٠) ساڵ بێ، لە ئێستادا لەبەر هەرەشەیەکی تـری لەدەسـتدانی یەکـێ لە کەلەپوورەکـانین کە خشڵەکانە، ئەو بابەتانەن کە بۆ جوانکاری بەکار هـاتوون، بەڵام لە ئێسـتادا بە هۆکـاری هـاوردە کردنـی بەشـێکی زۆر لەو خشـلانە لە دەرەوەی وڵاتەوە خەریـکە کەلەپـووری کـوردی لەو بـابەتە بەرەو لە نـاوچوون ئەچـێ، ئەو خشـلانە نـاتوانین دەسـتمان بـکەوێ کە سـەرووی (١٥٠) سـاڵ تەمەنیان بێ، پێم باشە پشـتگیری قسـەکەی کـاك شـەمۆل و هەر بەرێزیـك داوای کەمکـردنەوەی ئەو سـاڵەی کـردووە ئەکەم، خـاڵی دەیەم، پشـتگیری قسـەکانی دکتـۆر محـی الـدین ئەکەم کە

گۆڕستان و ئەشکەوتەکان زیاد بکرێ، هەدیە خانیش بۆ پەرستگاکان کە باسی کرد، خاڵی (١١)، بڕوانامەی بەکالۆریۆس زۆر کەمە بۆ ئەوەی کەسێ ببێتە هەڵگری ئەو نازناوە کە شوێنەوارناسە، پێم باشە بڕوانامە بەرز بکرێتەوە یان بنووسرێ هەر کەسێ کە پێشینەی کار کردنی لەو بوارە هەیە بۆ زیاتر لە (٨) ساڵ، چونکە لەو حالەتە ئەتوانێ خیبرەیەکی باشی هەبێت، خاڵی (١٣)، باسی دەرکردنی رێنمایی ئەکات لەلایەن وەزیرەوە ئەم بەشەی بۆ زیاد بکرێ لە کۆتاییەکەی لە ماوەیەك زیاتر نەبێ لە (٦٠) رۆژ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەك خاڵی (٦) شوێنەوار بەو شێوەی لێ بکرێ، ئەو پاشماوە یان کەرەستانەیە کە مرۆڤ لە رابردوو بەرهەمی هێناوە یان بەکاری هێناوە، بۆ خاڵی (٦) پشتگیری قسەکانی دکتۆرە شایان ئەکەم، مادام لەو پرۆژە یاسایە چەند جاری وشەی کەلتوور هاتووە، پێم باشە پێناسە بکرێ بەو شێوەیە، زانینی کەلەپووری ئەو باوەر و دەستکەوتوو یاسا و دابوو نەریتانەیە کە شارستانییەتی مرۆڤایەتی ئەنوێنن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای روون کردنەوە لە لیژنەی تایبەتمەند ئەکەم کە شوێنەوار جیایە لەگەڵ کەلەپوور، کە جیایە پێناسەیان بە یەکەوە کراوە، ئەو یاساییەی ئێستا یاسای دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە ماددەی (٣٥) باس ئەکات، قانوونی ئاساری عێراقی رەقەم (٥٩) ساڵی ١٩٣٦ لەوێ ئەو یاسایانە زۆریان بەرکارن و لەوێ وەرگیراون، بۆ ئاماژەی پێ نەکراوە لەگەڵ یاسای ٢٠٠٢ ی هەرێم؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فەلەك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حوکمی ئەوەی لەو پێشنیازە یاسایە لە بەشی دووەم و سێیەم زۆر باسی شوێنەوار و کەلەپووری گوازراوە و شوێنەوارە کەلەپوورە نەگوازراوەکان کردووە، بەڵام لە تەعریفەکان هیچ باسی نەکردووە بە روونی، ئایا مەبەستی چییە لەو دوو وشەیە، پێشنیار ئەکەم دوو بڕگەی تر زیاد بکرێ بۆ ماددەی یەکەم بەو شێوەیە، یەك، شوێنەوار و کەلەپوورە گوازراوەکان ئەو شوێنەوارانەن کە ئەکرێ بگوازرێنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر وەکو پەیکەر و مۆر و ئامێرە لە کانزا دروست کراوەکان، دووەم، شوێنەوار و کەلەپوورە نەگوازراوەکان ئەوانەن لە شوێنی خۆیان جێگیرن یا بە هۆی هەستیاریان ناتوانرێ بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی تر، وەکو

ئەشکەوت و گرد و پەرستگا و شوێنە ئاینییەکان، پشتگیری قسەکانی شێخ زاهیر و هەدیە خان و مەم ئەسکەندەر ئەکەم.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەریز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەبینین لە کاتی ئاراستە کردن ئاراستەی دوو لیژنە کراوە، پێوست بوو لە بڕگەی سێیەمی ماددەی یەکەم لە تەنیشت وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنیش زیاد بکرێ، لە بڕگەی شەشەم، شوێنەوار ماددەی گوزراو و نەگوازراو، لە یاسا ئەسلیەکە بە ئەموال هاتووە، لێرەش پێویستە بەو شێوەیە بێ، ماددەکانی گوازراو و نەگوازراو کە بنیات نراون لە جیاتی دروست کراو، چونکە دروست کراو بە مانای تەسنیع دی، بنیاتنانیش بە مانای بەنا، بەو شێوەیە، یان نەخش کراو یان بەرهەمهێنراو یان نووسراو و یا دەستنووس یا نەخشێنراوە یا وێنەی گیراوە و تەمەنیان لە (٢٠٠) ساڵ کەمتر نەبێت و پەیکەری مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەکەکانیش ئەگرێتەوە، سەبارەت بڕگەی (٨) شوێن و ناوچەی مێژوویی پێنشیار ئەکەم بە حوکمی ئەوەی ناوچە فراوانترە لە شوێن بەو شێوەیە بێ، ناوچە و شوێنی مێژوویی، ئەو شوێنانەن کە دیمەنی رووداوی مێژووی و نەتەوەیی و نیشتیمانی گرنگ و بایەخی مێژووییان پێدراوە، برگەی نۆیەم، پارچە و شوێنی سروشتی، بکرێ بە چەند خالێك، ئەو پارچە و شوێنەوارە سروشتیانەن کە دەست کرد نین و بەڵام پەیوەندی بە زانستی شوێنەوار و کەلەپوور هەیە، لە بواری بابەتی بایلۆجی و جیۆلۆجییەکان وەك شوێنی سروشتی و ئەشکەوتە دەگمەنەکان و پەناگە بکرێتە پەناگەکان و بەبردبووەکان و شوێنی (سکالاکتایت و سکالاکمایت) و رەژ و پاشماوەی رووەکی و ئاژەلی ئەگرێتەوە بە مەرجی گرنگی تایبەتی مێژووی و هونەری هەبێت، خالی سێیەمیش، پارچە و شوێنەواری سروشتی بە بڕیاری وەزیر لەسەر پێشنیاری لیژنەی هونەری بە راپۆرتی زانستی بە شوێنەوار یان کەلەپوور تۆمار ئەکرێ، لە هەمان برگە مادام باس لە دوو زاراوەی نوێ کراوە پێشنیار ئەکەم (سکالاکتیات و سکالاکمایت) بەم شێوەیە پێناسیە بکرێن، (سکالاکتایت) بریتییە لەو کلسە رەق بووانەی لە ژێربانی ئشکەوتەکان دروست ئەبێ لە ئەنجامی یەکگرتنی کلسەکان لەگەڵ ئاودا لە سەقفی ئەشکەوتەکان بەرەوە خوارەوە شۆر ئەبنەوە، سکالاکمەیت بە هەمان شێوە دروست ئەبێ، بەڵام بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئەو بەشە ئاوانە کە لەگەڵ کلسی ئەشکەوتەکان ئەکەونە سەر زەوی و یەك ئەگرن، بەڵام بە پێچەوانەوەی سکالاکتەیت لە خوارەوە بەرەو سەرەوە دروست ئەبن، پشتگیری کاك شێخ و ژیان خان ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە.

**بەرێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم هەندێ تیبینی تێدایە کە گرنگە لێرە ئاماژەیان پێ بکرێ، ئەوانەی تر لەگەڵ لیژنەکان تاوتوێ ئەکرێ، ئەوەی زۆر گرنگە پێناسەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پێویست کە

ئەڵێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە وەزارەت، واتە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی و بنکە و فەرمانگەکانی شوێنەواری ئەگرێتەوە لە هەرێمی کوردستان، پێویست بەوە ناکات سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان لێرە ئاماژەیان پێ بکرێ، سەبارەت بە پێناسەی شوێنەوار کە ئەڵێی ماددەی نەگوزراوە و گوازراوە ئەو گوازراوە هەم شوێن و هەم پارچەش ئەگرێتەوە، واتە هەموو ئەو شوێنانەی ئەگوازرێنەوە یان ناگوازرێنەوە، بەڵام ئەوەی بەشێکی زۆری ئەندامان تەرکیزیان لەسەر کرد رەنگە لە خوێندنەوەی بەڕێزان ناروونییەك هەبێ لە دەست نیشان کردنی ساڵەکە کە ئاماژەی پێ کراوە، لە پێناسەی شوێنەوار لە شەشەم ئەڵێین (٢٠٠) ساڵ زیاتر بێ، واتە ئەوە تەحسیل حاسلە لە کەلەپوور هەموو شتێ کەلەپوورە تەمەنی لە (٢٠٠) ساڵ کەمترە، پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە، بەڵام لە حەوتەم خاڵی دوو ئەڵێین هەر کەلەپوورێك لەوانەی خاڵی یەکەم ئەگەر تەمەنی (١٥٠) ساڵ بوو گرنگی تایبەتری هەبوو بە بڕیاری وەزیر و لیژنەی تایبەتمەند ئەکرێتە شوێنەوار، واتە ئەوەی ئێوە داوای ئەکەن (٥٠) ساڵەکە کەلەپوور بێ ئێمە یەك ساڵی تەمەنیشمان بۆ داناوە ئەگەر گرنگی تایبەتی هەبێ کەلەپوورە، بەڵام ئەڵێین (١٥٠) ساڵی تەمەنی بەر لە (٢٠٠) ساڵەکە ببێتە شوێنەوار، سەبارەت بە شوێن و ناوچەی مێژوویی خاڵی هەشتەم ئەوە جیاوازە لەگەڵ شوێنەوار، تەعریفی ئەو شوێنانە ئەکرێ بۆ نموونە شوێن و ناوچەیەك کە رووداوێکی مێژووی تێیدا روویداوە، بۆ نموونە لە کۆڕێ لە کاتی راپەڕین لە (٩١) رژێمی بەعس لەو تێکشکێنرا بووە شوێنێکی مێژووی و رەمزی گەلی کورد بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان، لەو خاڵە پێویست ناکات ساڵی بۆ دیاری بکەین، بەشێکی زۆری تێبینیەکان جێ ئەکەینەوە، بەڵام پێویستە بە نووسینیش پێمان بدەن، خاڵێکی تر کە پشتگیریشی لەسەر کرا سەبارەت بە شوێنەوار ناس، نموونە من شوێنەوار ناسم لە ماوەی چوار ساڵی پەرلەمانتاریم دا ئەبێ سەندیکای پارێزەران مافی پارێزەرایەتیم پێ بدات، چونکە چەند یاساییەك دەرچووە و دەنگیشم پێداوە، بەڵام خزمەتیشم بۆ هەژمار ئەکرێ؟ نەخێر، تەنیا یەك پسپۆڕیم هەیە کە لە بەشی خۆم خوێندوومە، بۆیە زۆربەی پسپۆڕییەکان لەسەر یاسای عیراقییەکان و یاساکانی تری ناوچەکانیش لە بەکالۆریۆس تەشخیسی پسپۆڕیەکە ئەکرێ، ئەوانەی لێرەن و منیش حەزم لێە بچم لە سەندیکای جوگرافی ناسان لە کۆمەڵەی تر ببم بە ئەندام، بەڵام قبولم ناکەن، هەڵسەنگاندنی کەس بۆ کارکردن لە ئیختیساسی خۆی ئەبێ لە زانستی خۆی کە خوێندنی بەرایییە، بۆ ئەوەی بتوانی کاری میهنەی خۆی بکات لە زانستی شوێنەوار، ئەوانەی خزمەتیشیان هەیە ئەتوانن لە سەندیکای شوێنەوارناسان ئەندامییەتی فەخری قبول بکەن، ئەوانەی (٢٠) یا (١٥) ساڵ خزمەتیان هەیە لە شوێنەوار، ئەوانەی تر کە پێویستە بە نووسین بە دەستمان بگات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیارەکان بە دیاری کردنی (٢٠٠) ساڵ بۆ شوێنەوار و (١٥٠) ساڵ بۆ کەلەپوور، ئەو یاسایە لە چوارچێوەی حکومەتی فیدرالی عێراقین وەکو هەرێمی کوردستان و ئەویش پابەندە بە پێنج ریکەوتنامەی نێودەولەتی سەبارەت بە پاراستنی کەلەپوور و شوێنەوار، بۆیە بۆ دیاری کردنی ئەو ساڵانە سوود وەرگیراوە لە رێکەوتنامەی یونسکۆی ساڵی ١٩٧٠ کە عێراقیش ئەندامە کە کەلەپوور بە سەد ساڵ دیاری کراوە، بۆیە رێگری نابێ (١٥٠) ساڵ بکرێتە (١٠٠) ساڵ، بەڵام کەمتر ناکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو ماددەی دوو.
**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی دوو:
حوکمەکانی ئەو یاسایە بەسەر شوێنەوار و کەلەپووری گوازراوە و نەگوازارەوە دا جێ بەجێ ئەکرێ کە لەو مەرجانەی تێدابێ:
١ ئەگەر بەرهەمی شارستانی گەلی کوردستان یان میزۆپۆتامیا شارستانییەتییە یەك لەدوای یەکەکانی ئەو ناوچەیە بێت لەسەر خاکی کوردستان بەهەرم هاتبێ یان روویدابێ.
٢- ئەگەر بەهایەکی شوێنەواری یان هونەری یان گرنگی مێژوویی هەبێت و یەکێ بێ لە دەرەنجامی شارستانی گەلی کوردستان کە لەسەر خاکی کوردستان ئەنجام درابێ.
٣- ئەگەر شوێنەوار یان کەلەپووری لەسەر خاکی کوردستان بەرهەم هاتبێ یان گەشەی کردبێ یان پەیوەندی بە مێژووی هەرێم هەبێ یان بنەماکانی مرۆڤایەتی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کێ قسەی هەیە؟ کاك جمال، شادی خان، کاك عوسمان، گولستان خان، دکتۆر محی الدین، کاك سیروان، مامۆستا ابو بەکر، دکتۆر ریبوار، خەدیجە خان، فەرموو کان عوسمان.
**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی دوو پێم وایە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ، کەلەپوور ئەو شوێنانەی سەردەمای شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی گەلەکەمان ئەگرێتەوە، هەموو ئاسەوار و بیناو ئەو پاشماوانەش لە ئێستا وجودیان هەیە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو گولستان خان.
**بەڕێز گولستان سعید محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
حوکمەکانی ئەو یاسایە بەسەر ماددی و ناماددی، چونکە ناماددییەکانیش هەندێکیان کەلەپووری زارەکین کە پێویستە بپارێزرێن، بەتایبەتی نەریتی زارەکی و هونەری رەواندن و مۆسیقا و گۆرانی و سرودی ئاینی و دەست رەنگینی کە شتین نا ماددین، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو گوازرا و نەگوازراوە مادام تەعریفی کەلەپوور و شوێنەوار کراوە لە پیشەوە لە هەموو شوێنی لابرێ، فەرموو کاك سیروان.
**بەڕێز سیروان فرج محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
وێرای پشتگیریم بۆ کاك عوسمان هەمان رام هەیە، لە ماددەی دووش پێم وایە زۆرجار وتنی لەسەر خاکی هەرێم زیادەیە، چونکە ئەکرێ شتێك هەبێ کەلتوور بێ و لە دەرەوەی هەرێم بێ، یا دزرابێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ابو بەکر.

**بەڕێز ابو بەکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو ماددەیە زیادەیە، چونکە لە خاڵی یەکەم هاتووە ئەگەر شوێنەوار یان کەلەپوور لەسەر خاکی کوردستان بەرهەم هاتبێ ئەتوانین ببینە خاڵی یەکەم، پرسیاریشم ئەکەم مەبەست لە بنەماکانی مرۆڤایەتی چییە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ماددەی دوو زیادەیە، چونکە ئەڵێ حوکمەکانی ئەو یاسایە بەسەر شوێنەوار و کەلەپوور جێ بەجێ ئەکرێ ئەو مەرجانەی تیدابێت، لە ماددەی یەکەم هەموو بابەتەکانمان پێناسە کردییە، شوێنەوار و کەلەپوور چییە، لە شوێنەوار باس ئەکات چییە و تەمەنی چەنە، بە مەرجیش ناچێ، پێویست بە بوونی ناکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی ئەو سێ لیژنە بەڕێزەی ئەو پرۆژەیان بینیوە وابزانم ساڵێك و چەند مانگێکە ئەو پرۆژەیە لە نێوان ئەو لیژنانە هاتووچۆ ئەکات، تکایە ئەو قسانەی هەتانە ئەبوو لە لیژنەکانتان بیکەن، ماددەکان ژمارەیان زۆرە، هەمووتان بەرۆژوون، دەرفەت بدەنە ئەو بەڕێزانەی لە لیژنەکان نین قسە بکەن، بەتایبەتی لە کۆبوونەوەی ئەخیریش پێکەوە ئەبن، فەرموو کاك دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە من لە لیژنەکە بووم، بەڵام مرۆڤ جارێ یان دووجار شتی بخوێنێتەوە ڕەنگە تێبینی زیاتری بۆ دروست بێ، ئەوەی گرنگە خاڵی سێیەمە کە باس ئەکات پەیوەندی بە مێژووی هەرێمەوە هەبێت، ئێمە یاسایەك دائەڕێژین ڕاستە بۆ هەرێمی کوردستانە، بەڵام ڕەنگە ئەو مێژووە تەنیا هەرێم نەبێ کە لە دەستووری عێراقی تا قوشتەبە، مێژووی کورد لە باشوور زۆر لەوە فراونتر بێ، بۆیە پێم باشە ئەو هەرێمە لابرێ و ئەو بنەماڵە مرۆڤایەتییە بکریتە ڕەگەزی مرۆڤایەتی، هەردوو بڕگەی سێیەم و یەکەم لێك بدرێ گەشەکەی کردبێ ببێتە دوای ڕوودانی یان بەرهەم هێنرابی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال حوێز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم ئەگەر شوێنەوار یان کەلەپوور لەسەر خاکی کوردستان بەرهەم هاتبێ یان گەشەی کردبێ یان بنەمالەکانی مرۆڤایەتی، پێم باشە وای لێ بکرێ، بەرهەم هاتبێ گەشەی

کردبێ یان پەیوەندی بە مێژووی هەرێم و بنەماکانی مرۆڤایەتی هەبێ، داواش لە لیژنەی بەرێز ئەکەم روون کردنەوە بدات لەسەر بنەماڵەکانی مرۆڤایەتی.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەستیان عونسری بەشەرییە، رەگەزی مرڤایەتی، تەرجەمەکەی تەواو نییە، فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەرێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا حەز ئەکەم ئەوە بڵێم کاتی داوای روون کردنەوە لە لیژنە ئەکەین یان پرسیارێك هیوادارین وەڵاممان بدەنەوە، لە ماددەی یەکەم داوای هەندێ روون کردنەوەمان کرد نەبوو، لەسەر بڕگەی سێ تێبینیم هەیە، ئەڵێ ئەگەر شوێنەوار یان کەلەپوور لەسەر خاکی کوردستان بەرهەم هاتبێ یان گەشەی کردبێ یان پەیوەندی بە مێژووی هەرێمەوە بێ، لەلایەك بە هەرێم هاتووە لەلایەکیش بە کوردستان هاتووە، یان بکەین بە هەرێمی کوردستان یا هەرێم یا کوردستان، دوو، پێم وایە ئەو ماددەی تەحسیل حاسلە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی یەك هەیە، باس لە پێناسەی شوێنی شوێنەوار ئەکات، ئەوەش بۆخۆی رووداوی شوێنەوارییە لەسەر خاکی کوردستان، یان ئەوە ئیزافە بکرێ بۆ ماددەیەك یان هەڵگیرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شادی خان فەرموو.

**بەرێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم، شارستانی گەلی کوردستان، پێم باشە ئەوە بکرێ بە گەلانی کوردستان، چونکە زیاتر لەگەڵ گەلێك لەسەر ئەو خاکە پێکەوە ئەژین.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تایبەت.

**بەرێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو لەسەر پێشنیار و راسپاردەی لیژنەی یاسایی ئەو ماددەیە ئیزافە کراوە، وەکو لیژنەی مەعنی دامانەناوە، لە تەرجوومەکەش وشەی تێدایە هەم دووبارەی تێدایە و هەمیش بنەماڵەکان وەکو دکتۆرە ئاماژەی پێ کرد، مەبەست لە رەگەزی مرۆڤایەتی و بنەماڵە حاکم و فەرمانڕەواییەکانن کە فەرمانڕەوایەتیان کردووە، زۆرجار شوێنەواریکی زۆرمان لە مۆزەخانەکان هەیە، مەرج نییە تەنیا هی هەرێمی کوردستان بێ، بەڵام هاتۆتەوە لەو ناوچەیە کۆبۆتەوە و لە مۆزەخانەکانی هەرێم پارێزراوە، ئەتوانین سیاغەیەکی رێکتری بۆ بکەین، پرسیار کراوە زیاتر لەو روانگەیەوە دێ کە ئەو بابەتە تێکەڵکێشە لەگەڵ ماددەی یەکەم، ئەکرێ بە گشتی هەموو تێبینیەکان وەرگرین و پێداچوونەوەی وردی بەسەر بکەین، بەتایبەت لە بڕگەی سێیەم هەمان تەعبیر لە بڕگەی دووەم و یەکەمیش ئەدات، بەڵام کاك عثمان پرسیاری کرد سەبارەت بە ئەو شوێنانەی خەبات و شۆرشی تێدا کراوە، لە ماددەی پێشتر ئاماژەم پێ کرد ئەتوانین ئەو

شوێنانه که باسی کۆڕێم کرد هەموو شوێن و ناوچەی مێژوویی که هەر ڕووداوێکی گەلی کوردستانی تێدا ڕوودەوە ئاماژەی پێ ئەکرێ، ئەو بەڕێزانەش هەمان پرسیاریان کردووە، دکتۆر ڕێبواریش سەبارەت بە خاڵی سێیەمش دووبارەیە، ئەوەی پێشتریش ئاماژەت پێ کرد لە ڕووی بواری شوێنەوار ناسی بوو و ڕوون کردنەوەمان لەسەر دا وتمان زانستی شوێنەوار بە کەسێ ئەوترێ شوێنەوارناس هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێ، دەرچووی بەشی شوێنەوارناسی بێ لە زانکۆ، دیاری نەکراوە چ زانکۆیەك بێ، منیش حەز ئەکەم لە ئیختیساسی خۆم لە کۆمەڵەی مێژوونووسان ببمە ئەندام، بەڵام ڕێگەم پێ نادرێ، ئەکرێ دەرگای شوێنەواریش بۆ هەموو پسپۆرییەکانی تر بکەمەوە، دەیان نامەی ماستەرم بینیوە لەو زانکۆییەی تێیدا خوێندوومە لەسەر پەیوەندی شوێنەوار و ئیدارەیە، کەسی ماستەرنامەی هەبووە لە ئیدارە و ئیقتیصاد نووسیویەتی، ئایا ئەبێتە شوێنەوارناس؟ یان قوتابی شوێنەوار هەیە لە زانکۆی صەلاحەدین لەسەر یاسای شوێنەوار ئەنووسی تەحلیلی یاسا ئەکات، پەیوەندی یاسا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ یاسای هەیە و چ گرنگی هەیە لە بواری شوێنەوار، لە دوای تەواو بوونی لە یاسا ئەبێتە خەبیر، نەخێر، هەر شوێنەوار ناس ئەبێ، چونکە بەکەلۆریۆسی شوێنەوارناسە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکی جدی لەلایەن دکتۆر محی الدینەوە کراوە، هەندێ لە ئەندامانی بەڕێزیش سەبارەت بە خاڵی سێیەم، ئەوە تێپەڕیووە مەسەلەی پەیوەندی بە مێژووی هەرێمەوە ئەبێ، مەرج نییە ئەوانەی کەلەپووری و شوێنەوارین پەیوەندی بە هەرێمەوە هەبێت، هەرێم بۆ خۆی تازەیە لە ڕووی جوگرافییەوە، جێگیر کراوە لە ڕووی قانوونییەوە، لە خاڵی دووەم تەواو جێگیر ئەکرا پەیوەندی بە شارستانییەتی گەلی کوردستان هەبێ و لەسەر خاکی کوردستان ئەنجام درابێ، ئەکرێ بە هەماهەنگی لیژنە پەیوەندیدارەکان بەو شێوەیە دایبرێژینەوە، کە پەیوەندی بە مێژووەوە هەبێ، یان لە دووەم لە جیاتی هونەری بکەین بە کەلەپووری، سیاغەیەك هەبێ خاڵێکی هاوبەش لە ناو پێشنیارەکانی ئێوە گەڵاڵە بکەین و جێگەی بکەینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ:

١ بەڕێوەبردن و پاراستن و نۆژەن کردنەوەی شوێنەوار و کەلەپوور و مێژووی شارستانی هەرێم و ناساندنی بە هاونیشتیمانیان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

٢- تۆمار کردن و ڕووپێوکردن و هەڵکۆڵینی شوێن و ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری.

٣- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و بەرز کردنەوەی ئاستی وشیاری و ڕێکخستنی چالاکی زانستی بۆ پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور.

٤- نمایش کردنی پارچە شوێنەواری کەلەپووری لە مۆزەخانەکان بۆ ناساندن و بە گەشتیاری کردنی وەك میراتێکی رۆشنبیری و ناسنامەیەکی گرنگی نیشتیمانی.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

کێ قسەی هەیە؟ (بەدریە خان، کاك سیپان، مامۆستا ابو بەکر، کاك سیروان، هەلەز خان، موژدە خان، گولستان خان، کاك گۆران، دکتۆرە شایان، جوان خان، گولیزار خان، حسیبە خان، خدیجە خان، شیخ زاهیر، کاك شاخەوان)، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێ پێم باشە دوو بڕگە زیاد بکرێ بە ریزبەندی (٥ و ٦) بەو شێوەیە، (٥): بە مەرجێ هێمایەك هەبێ کە نیشانەیەك بێ بۆ کۆپی بوون یان بۆ ئەوەی لە کاتی مامەلە پێ کردنیان کڕیار فریو نەدرێ، (٦)، لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم یا ئەتوانین بیکەینە یەك بڕگە لە پاش بڕگەی پێنج لە کۆتاییەکەی مامەڵە پێ کردن یان کڕیار فریو نەدرێ لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شاخەوان.

**بەرێز شاخەوان رؤوف مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دووەم بەکارهێنانی نوێترین ئامێر بۆ رووپێو بۆ دۆزینەوەی ناوچە شوێنەوارییەکان دیاری بکرێ، یانی لە ماددەی (٣) لە بڕگەی دوو ئەکرێ ئەوە تەسبیت بکرێ، بەکارهێنانی نوێترین ئامێر بۆ رووپێوی و بۆ دۆزینەوەی ناوچە شوێنەواری دیاری بکرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك سیپان.

**بەرێز سیپان سالم حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئارمانجا سەرکیا ڤی پرۆژەیا یاسای چاوانییە پاراستن و ئیدارەدانە شوێنەوارە ل هەرێما کوردستانی ب شێوەیەکی گشتی کو بۆشاییەکا یاساییدا دهێتن، ئەز نابینم ڤێ پرۆژەیە چاوانیا پاراستنا وێ جهێن ل هەرێما کوردستانی، ب داخەوە لە هەرێما کوردستانی ڤان شوێنەوارە ل بەر گەفا ل ناو چوون و تێکدان و وێران کردنایە کو مێژوویا وان بۆ هەزار سالان بزڤرێتن، ئەگەر ئەم بەحس ل ئارمانجا وێ بکەین و چاوانیا پاراستنا وێ گرنگە ئەم بەحس ل وێ چەندێ ژ بکەین میکانیزما چاوانیا پاراستنا ڤان شوێنەوارە بهێتە دیار کرن، ل ڤێرەدا بهێتە جێ کرن چەوانیا دانانا پولیسین پاراستنا شوێنەوارە ل هەرێما کوردستانی، چونکی ل زۆربەیا ولاتێن جیهانی بۆ پاراستنا جهێن شوێنەواری و رێگری کرن ل تێکدانە وان پۆلیسین شوێنەواری دێنە دانان، چونکی زۆربەیا شوێنەوارین ل کوردستانی ئەڤرۆکە ل بەر گەفا ناڤچوونینە و دهێنە تێکدان و بەشەك وان ژی ئەگەر چاڤدێرییەکا تەمام نەهێنە پاراستن و نەهێنە نۆژەن کرن دناڤ دچن، شوێنەواری زانینگەها قونوارینە کو ژبەر ناڤ چوونی دچێتن ئەنجامی نەبوونا چاڤدیریەکا تەمام ل سەر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو هەلەز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازەکی یاسایەکی ب (٣٤) ماددا پێکبیتن (٤) ئامانجا گەلەك کێمە، ژ بەر هندێ پێ باشە بڕگا دی بێتە زێدە کرن برگا پێنج کودیارە ل بەشی سزاکان ل ماددا (٢٤ و ٢٥) ئاماژە پێ کری، ژ بەر هندێ پێتڤیا ل ڤیرێ ئەو بڕگا بێتە زێدە کرن کو ئەوەیە ڕێگریکرن ل بارزگانی و قاچاخچاتی و موعامەلە کردن ب شوێنەوارا، ئەڤە گەلەکا گرنگە دا ئامانجا وێ بێتە جێ بەجێ کرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی من لەگەل ڕەئی هاوکارانم جیاوازە، لە هەموو یاسایەك هۆیەکانی دەرچووانـدنمان هەیە، لێرەش باسی ئامانجی ئەو یاسایە ئەکات، پێم باشە ئەو خاڵانەی باس کراوە لە ئامانجەکانی ئەو یاسایە کە خالی باشن هەمووی کورت بکرێتەوە لە هۆیەکانی دەرچوواندن جێگەی بۆ بکرێتەوە، چونکە هەمان واتە ئەدات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم باسی شوێنەوار و کەلەپوور ئەکات کە ئەوە مـوڵکی گشـتییە، لە ئـاخیر دێر ناساندنی بە هاونیشتیمانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەبینم ئەو رستە رەکیکە، بە رەئـی مـن بڵێ پێوستە لە راگەیاندن یا لە وەقائیعی کوردستان بـڵاو بکـرێتەوە بـۆ ئەوەی هەمـوو لایەك پـێ بزانێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجی ئەو یاسایە پێم باشە چەند دەست کارییەکی بڕگەکانم کردووە بەم شێوەیە:

١ بەرێـوەبردن و پاراسـتنی کەلەپـوور شـوێنەواری هەرێـم و نـۆژەن کردنەوەیـان وەکـو یەکـێ لە گرنگترین سامانە نەتەوەییەکان.

٢- تۆمـار کـردن و روپێـو کـردن و هەلکـۆڵینی شـوێن و نـاوچەی شـوێنەوار و کەلەپـووری و ناساندنیان بە هاونیشتیمانیان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

٣- بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکو ڕێکخستنی چالاکی زانستی بۆ پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور.

بڕگەیەك زیاد بكرێ بە بڕگەی (٤) لە پێش (٥)ەم.
٤- هەڵماڵینی شوێنەوار و كەلەپوور تیشك خستنە سەر رۆڵی دیاری شارستانییەتی هەرێمی كوردستان لە بنیاتنانی شارستانییەتی و مرۆڤایەتی دا.
٥- بەو شێوەیە دابرێژرێتەوە بڕگەی چوارەم:
پاراستن و چاودێری كردنی شوێنەوار و كەلەپوور و شوێنەوارە مێژووییەكان لە دارمان و لەناچوون و لە رێگەی دروست كردنی مۆزەخانەی مۆدێرن و نۆژەن كردنەوەی ئەو شوێنەوارانەی كە مەترسی دارمان و لەناوچوونیان لەسەرە.
بڕگەی شەشەمیش زیاد بكرێ.
٦- سزادانی هەركەسێك كڕین و فرۆشتن و بازرگانی بە كەلەپوور و شوێنەوار ئەكات سزادانیان بە پێی حوكمەكانی ئەو یاسایە ئەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هەلەز خان، دكتۆرە شایان، حەسیبە خان، ئەوانەی ئیزافەتان هەیە بە نووسین بینێرن بۆ لیژنەكە، فەرموو كاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٩٨)ی پەیڕەوی ناوخۆ بەستراوەتەوە بە بوودجە، وەكو لیژنەی دارایی و لیژنەكانی تریش خولێكی زۆر پێشكەوتوو ئەبینین لە پەرلەمانی كوردستان لەسەر ئامادە كردنی بوودجە، گومانێك دروست بووە وەكو لیژنەی دارایی رەنگە حكومەت بوودجە نەنێری، ئێستا هیچ بیانوێك نەماوە بۆ حكومەت بوودجە نەنێرێ بۆ پەرلەمانی كوردستان، دوێنێش لە وەقائیعی عێراقی بوودجەی ٢٠٢١ پەسند بووە، داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان ئەكەین لەگەڵ حكومەتی هەرێم قسە بكەن و ئەو بوودجە بنێرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاماژە بە ماددەی (٩٨) نووسراومان ناردووە بە فەرمی بۆ ناردنی پرۆژە یاسای بوودجە و ژمێرەی كۆتایی، ئەگەر بە پێویست بە ئەكید بكاتەوە لیژنەی مالیش داوا لە سەرۆكایەتی بكەن، چونكە ئەركی خۆمان بە ماددەی (٩٨) جێ بەجێ كردووە، فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یەكەم پشتگیری قسەكانی حسیبە خان ئەكەم، منیش هاوڕام پاراستن پێش بەڕێوەبردن بخرێ كە لە ناونیشانی پڕۆژە یاساكەش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەكەم لە ماددەی (٣) بڕگەی (٥) زیاد بكرێ بەو شێوەیە، رێگری كردن لە بازرگانی كردن بە كەلەپوور و ناوچە شوێنەوارییەكان و گەڕانەوەی كەلەپوورییەكان بۆ مۆزەخانەكانی هەرێمی

کوردستان، لە هۆیەکانی دەرچوواندن ئەو بڕگەیە نەهاتووە. پێویستە لە ئامانجەکان ئەوە زیاد بکرێ، پشتیوانی قسەکانی کاك سیپان و هەلەز خان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نووسین بینێری باشترە، فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) ئامانجی ئەم یاسایە پێم باشە لە بڕگەی یەکەم دانانی چەند بنەمایەك بێ لە پێناو پاراستن و بەڕێوەبردنی شوێنەوار، یەعنی پاراستن بکەوێتە پێشەوە و چەند ڕێنمایی و بنەماییەکیشی بۆ دابنرێ، سەبارەت کۆتایی بەو شێوەیە بێ، نوژەن کردنەوەی شوێنەوار و کەلەپوور و مێژووی شارستانی هەرێم و ناساندنی بە هاونیشتیمانیان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو پێیەی سامانێکی نیشتیمانین، دوای چوارەم خاڵێك زیاد بکرێ، گێڕانەوەی ئەو پارچە شوێنەواری و کەلەپووریانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی براونەتە دەرەوە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی فیدرالی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ئاماژە بە زیاد کردنی بڕگەیەکی تر ئەکەم، ڕێگە بە کردنەوەی گەلەری هاوبەش یان تایبەت بە وڵاتێکی بیانی بدرێ لە کوردستان بکرێتەوە، لە هەمان کاتیش ڕێگا بدات دەسەڵاتی شوێنەوار و مۆزەخانەکان کەلوپەلی شوێنەواری یان کەلەپووری یان دەست نووسی مۆزەخانەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کە لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێ بە ئامانەت بهێنێتە کوردستان بۆ سوودی زانستی یان نمایشکردنیان لە یەکێ لە مۆزەخانەکانی هەرێمی کوردستان، پشتگیری قسەکانی دکتۆرە شایانیش ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبوبەکر.

**بەڕێز ئەبوبەکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە هەردوو لیژنە ئەکەم، ئەم یاسایە یەکێکە لە شانازییەکانی ئەم خولەی پەرلەمان، لای من لە نەوتیش موهیم ترە، چونکە مێژووی هەر میللەتیش بە کەلەپوور و ڕەسانایەتییەکەی ئەناسرێتەوە، خولی پێشوو پرۆفیسۆرێکی ئەڵمانی هاتە نوسینەگەی سلێمانی پەرلەمان و وتی هەفتەیەکە لەو وڵاتەم وتی وڵاتەکەی من شتی وای لێیە ئەمانە هیچ نین لە چاو هی ئێمە، نە مۆزەخانەیەك، نە شوێنێکی کەلەپووری، میستەر ریچ لە ساڵی ١٨٢٠ ئەڵێ ئەو حەمامانەی لە سلێمانی بینیومە (٨٢٠ و ٤٦) ساڵ دوای دروست کردنی سلێمانی، ئەڵێ لە ئەستەمبولیش و لە قاهیرەش نەمبینیوە، مزگەوتی ئامێدی لە هەر چوار پارچە کۆنترین مزگەوتە، مامۆستا شەمال موفتی ڕەحمەت بێ هاواری کرد وتی ئەو شوێنەی بەرامبەر مزگەوتی

گەورەی سلێمانییە شوێنەوارێکی ئاشوورییەکانە، تێکی مەدەن، گەڕەکی سلێمانی هەر هەمووی لە تیاچوونایە، ئەوە داهات پەیا ئەکات بۆ حکومەت، لە وڵاتێکی گەورەی وەکو تورکیا و ئەردەن و میصر لە ڕێی شوێنەوار وڵات بەخێو ئەکات، پێشنیار ئەکەم ئەو دوو ئامانجەش زیاد بکرێ، یەکەم، بابەتی شوێنەوار و گرنگی شوێنەوار بخرێتە ناو مەنهەجی خوێندنەوە، لە بنەڕەتی تا زانکۆ، دوو، زیندوو ڕاگرتنی مێژوو و ژیانی گەلی کوردستان کە بەشداری کارای بنیاتنانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی کردووە، پیشتگیری قسەکانی هەلەز خان و مۆژدە خانیش ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

به نووسین بنێرن، فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خديجه عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

روون کردنەوەیەك، بەڕێزت ئەزانی لە پەیڕەوی ناوخۆ هیچ دەقێك نەهاتووە بڵێ ئەو لیژنەی راپۆرت ئامادە ئەکات بۆی نییە قسە بکات، لێرە قسەیەکیش ئەکەین بۆ نموونە ئەو پێشنیارەی ئەکەم لە کاتی خۆی لە لیژنەش زۆر قسەمان لەسەر کردووە و موناقەشەمان کردووە، جێگیر نەکراوە ناکرێ هیچ قسەی لەسەر نەکەم، پێم وایە ئاساییە، پێشتر ئەو شتە روویداوە، پەرلەمانتار لە لیژنە بووە، بەڵام قسەی خۆی کردووە، سەبارەت بەو ماددەیە پیم وایە کاتی خۆشی قسەم کرد ئەلی یەکی لە ئامانجەکانی ئەو یاسایە ناساندنی کەلەپوور و شوێنەواری گشتییە بۆ هاووڵاتییان و خەڵکی دەرەوە، یانی ئەگەر شەڕێك یان شتێ روویدا، پێویستە ئەو شوێنە لۆگۆی تایبەت بە خۆی هەبێ، پێم وایە پێویستە جێگەی ئەوە بگرێتەوە ئەبێ دروست کردنی هێمایەکی تایبەت بە بڕگەیەك زیاد بەم شێوەیەو دروست کردنی هێمایەکی تایبەت یان لۆگۆ بۆ شوێنەوار و کەلەپوور و شوێن و ناوچە مێژووییەکان بەپێی ئەو پێوەرە نێودەوڵەتیانە کە هەن بۆ ئەوەی ئەو شوێنە یا ئەو کەلەپوورە بۆ خەڵك بناسرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من نەموتووە ماددەیەك لە یاسا هەیە بڵێ ئەندام بۆی نییە قسە بکات، وتمان یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی کارەکە بە ئاسانتر بەڕێوە بچی، ئەگەر سەیری پەرلەمانی دونیاش بکەن لەوانەیە دە قانوون دەرکەن بە قەد قانوونیکی ئێمە موناقەشەی تێ ناکرێ، سەیری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بکەن قانوونی بوودجە سەعات و نیوێکی پێچوو، لەبەر ئەوەی لیژنەکان بچووك کراوەی پەرلەمانن، ئەگەرنا هەر (١١١) ئەتوانی قسە بکات، فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە پاراستنی پارچەی شوێنەوار لە هەرێم گرنگترە لە بەڕێوەبردنی، ئەپرسم لەو ماددەیە بڕگەیەك زۆر گرنگە ئیزافە بکرێ کە ئیزافە نەکرایە، ئەویش ئەوەیە چۆن ئەو پارچە شوێنەوارانەی دزراون و ون بوون بگەڕێندرێتەوە، چ بە هەماهەنگی لەگەڵ یونسکۆ، چ لەگەڵ دەستەی گشتی شوێنەوار لە عیراق، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢٤و٢٥) باسی سزاکان ئەکات، سزاکان و چەند فەقەرەیەکیش دانراوە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی سەرپێچی ئەو یاسایە و هەوڵ ئەدەن گلدانەوە لەلای خۆیان، پێشنیار ئەکەم بڕگەی پێنجەم زیاد بکرێ بەو شێوەیە، پاراستن و ڕێگری کردن لە تێدان و بازرگانی کردن لەناو بردنی شوێنەوار و کەلەپووری لە ڕێگای سزادانی ئەو کەسانەی پابەندی حوکمەکانی ئەو یاسایە نابن، پشتگیری حسیبە خان و هەلەز خان ئەکەم،،سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە لە دووەم پرسیارێکم هەیە، نووسراوە تۆمار کردن و هەڵکوڵین شوێن و رووپێوی، پرسیار، هەڵکۆڵینی شوێن مەبەست بەحسە، گەڕانە؟ شتێکی تر، لە ئامانجەکان هاوڕای خاتوو هەلەزم، ئەبێ چەند خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێ، لەبەر ئەوەی مەبەست لە کەلتوور یان شوێنەوار بە (٢) ڕۆژ و (٣٠) ساڵ و (١٠٠) ساڵ نییە، رەنگە لە داهاتوویيەکی دوور (١٠٠) ساڵی تر کراسی ئەو پێشمەرگەی لە شەری دژی داعش و یان شەری تر ببێ بە کەلتوور بۆ نەوەی داهاتوو یان دانی یەکێ لەو ئەنفال کراوانە، ئەم یاسایە بۆ دە ڕۆژ نییە، پێم وایە هەر بۆ پێشنیار و ئەیدەم بە لیژنەکە ئەوەی ئەڵێ خاڵێك زیاد بکرێ، ڕێگری کردن لە فەوتان و دزین یان بردنە دەرەوەی هەرێم و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەگەر هەبێ بۆ هەر ماددەیەکی کەلەپووری بۆ هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە.

**بەریز زیدان رشید خان اودل:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گشتی بەشێك لە پەرلەمانتاران لەو خاڵانەی ئاماژەیان پێکردووە، ئێمە لە ئەرکەکانی بەرێوەبەراییەتی گشتی، واتە ئەرکەکانی دەسەڵاتی شوێنەواری دا دیاریمان کردووە کە کۆپی کردنە یان پاراستنە، ئێمە جیاوازیمان کردۆتەوە لەسەر ئامانجی ئەم یاسایە، رەنگە گرنگیش بێ ئێمە لەم یاساکانیش بڵێین هێنانەوەی پارچەکانی شوێنەواری، بەڵام ئێوە باشتر ئەزانن هێنانەوەی هەر پارچەیەکی شوێنەواری بە حوکمێکی فیدرالییە ئەبێ لەسەر ئاستی عێراق بێ، لەگەڵ ماددەییەکی دواتر بە هەماهەنگی لەگەڵ عێراق ئاماژەمان پێ کردووە، هەموو ئەو بەشانەی باسیان کرد لە ماددەکانی دواتر هەیە، لە راگەیاندن و خوێندن هەماهەنگی هەبێ لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، خۆشمان لەگەڵ لیژنەش پەیوەندیمان کردووە بە بەریز وەزیری پەروەردەش وتیان لە هەموو مەنهەجەکان و ئەتوانین کەتەلۆگێك بدەین کە پەیرەوی خوێندنی شوێنەواری تێدایە، خاڵێکی تر لە ماددەکانی رابردووش ئاماژەیان پێ کرد جیاوازی هەیە نێوان کەلتوور و کەلەپوور، تکایە ئەو دوو ماددەیە تێکەل نەبێت جیاوازن، خۆشمان لە لیژنە بۆ ئەوەی

لەو بابەتە دەربچین، داوامان لە لیژنەی رۆشنبیریش کردووە خۆیان یاسایەك هەبێ تایبەت بی بە پاراستنی کەلتوور بە هەموو بەشەکانییەوە، بۆیە کەلەپوور وەکو شوێنەوارە، بەڵام تەمەنی بچووکترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم ئیزافەتان هەبوو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەخت لەسەر بەڕێز دکتۆر زێدان ئەکەمەوە، مەسەلەی کەلتوور سەقافەتە لە عەرەبی، کەلەپوور توراسە، بۆیە لێرە بەسەر هەندێ ئەندامی پەرلەمان تێپەڕیووە، بەڵام ئەگەر دیقەت بدەن ئەو پێشنیارەی هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان کردیان لەسەر ئەوەی چۆن ئەو شوێنەوارانەی تاڵان کراون و براونەتە دەرەوە لیرە لەو خالی ئامانجە ئامارەی پی بکری، بەلام لە خالی دووەمی برگەی ١٣ لە ئەرکەکان ماددەی ٤ جەخت لەسەر ئەوە کراوە یەکی لە ئەرکەکان پاراستن و گەڕانەوەی شوینەوار و کەلەپوورە، بەڵام ئەکرێ وەکو جەخت کردنەوەیەك ئەو پێشنیارەی خراوەتەڕوو، بۆ ئەوەی ئامانجێك زیاد بکرێ، بۆ نموونە رێگری کردن لە تالانی شوێنەوار و رووخاندنی و بازرگانی کردن پێی، دواتر لە راپۆرتی هەرسێ لیژنەی پەیوەندیدار بگەینە سیغەیەك لەو شێوەیە بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردن ئەشێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس. ماددەی چوار.

**بەڕێز سلمى فاتح توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

ئەرکەکانی دەسەڵاتی شوێنەواری:

١ دیاری کردن و دەست نیشان کردنی شوێن و ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری مێژووی.

٢- گەڕان و رووپێوی و هەڵکۆڵین بە دوای شوێنەوار و کەلەپوور لەسەرتاسەری هەرێم و بەکارهێنانی نوێترین ئامێری زانستی و هونەری گونجاو و پەیڕەوە کراو لە بواری زانستی شوێنەواریدا.

٣- نۆژەن کردنەوەی شوێنەوار و کەلەپوور و شوێنە مێژووییەکان و پاراستنیان لە زیانەکان و لەناو چوون.

٤- دامەزراندن و کردنەوە و گرنگی دان بە مۆزەخانەکانی هەرێم و بەرەوپێش بردنیان و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری شارستانی و نەتەوەیی.

٥- دروست کردنی نموونەی لەبەرگرتنەوە و لاسایی کردنەوەی پارچەی شوێنەواری و کەلەپووری بەرهەمهێنانی وێنە و فیلم بۆ نیشاندان یان فرۆشتن یان بۆ ئالوگۆڕ پێکردنیان و دیاری کردنی نرخیان بە مەرجێ نموونەی دروست کراو نیشانەیەکی هەبێ کە لەگەڵ رەسەنەکە جیای بکاتەوە.

٦- ئەنجامـدانی لێکـۆڵینەوە و ڕێکخسـتنی کۆڕوکۆبـوونەوە و کـۆنفرانس و چـالاکی هەمەجـۆر لەسەر شوێنەوار وکەلەپوور لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.
٧- ئامادەکردنی پسپۆڕانی هەردوو بـواری شـوێنەوار و کەلەپـوور بـۆ دۆزیـنەوەی ئاسـتی توانـای کارکردنیان.
٨- گرنگی دانی زیاتر بە بابەتی شوێنەوار و کەلەپووری لەوانەکانی خوێنـدن بـۆ مەبەسـتی ئاشـنا بوون و بڵاو کردنەوەی زیاتری ڕۆشنبیری شـوێنەواری لە کـۆمەڵگە بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لایەنـی پەیوەندیدار.
٩- ڕێکخستنی تیمی ڕوپێو کردنی سەرتاسەری بۆ شوێنەوار و شوێنە کەلەپوورییەکان بـۆ ئەوەی لە نەخشەکان و بەڵگەنامەکانی ڕووپێوی دیاری بکرێن و لەسەر نەخشەسازی بنەرەتـی دابنـرێن و ئاماژە بە جۆرەکانی بکرێ.
١٠- بەگەشـتیاری کردنــی نـاوچە شـوێنەواری و کەلەپوورییەکـان بە مەرجـێ پاراسـتنی سـیمای ڕەسەنایەتیان.
١١- ڕاگەیاندن و ناساندنی ناوچە و جێگا و پارچەی شوێنەواری کەلەپووری دۆزراوە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا.
١٢- پـلان دانـان بـۆ بـارودۆخ و ڕووداوە لە ناکاوەکـان وەك مەترسـی ئـاگرکەوتنەوە و بـومەلەرزە لافاو و هەر مەترسیەکی تر و ڕووداوە مرۆییەکان و سروشتییەکان.
١٣- هەمــاهەنگی کــردن لەگەڵ دامەزراوە ئیتیحادییەکــانی عیــراق ســەبارەت بە شــوێنەوار و کەلەپوور بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:
١ تۆمار کردنی شوێنەوار و کەلەپووری هەرێم لە تۆماری یونسکۆ دا.
٢- گەڕانەوەی ئەو شوێنەوار و کەلەپوورانەی براونەتە دەرەوەی هەرێم.
٣- کــارکردن بــۆ خســتنەڕووی شــوێنەوار و کەلەپــوور یــان لەبەرگرتنەوەیــان لە مۆزەخــانە بیانییەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ ماوەیەکی کاتی.
٤- کــارکردن و هەمــاهەنگی لەگەڵ ڕێکخــراوی شــوێنەواری و کەلەپــوورییە جیهانییەکــان و ئەنجوومەنە جیهانییەکانی بـواری مۆزەخانەکـان و ڕێکەوتـن و پەیماننـامە جیهانییەکـانی بـواری شوێنەواری.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ بۆ ئاگاداریتان بەیانیش کۆبوونەوەی پەرلەمان بەردەوام ئەبێـت سـعات (١٢) و بەرنامەی کاریش ئێسـتا ئـیعلان ئەکـرێ، (دکتـۆر محـی الـدین، دکتـۆر شـێرکۆ، بەدریە خـان، کـاك سیروان، مامۆستا ئەبو بەکر، گولستان خان، ئاشنا خان، کاك بـالانبۆ، کـاك عوثمـان، دکتـۆر ڕێبـوار، ژیان خان، حسیبە خان، لیزا خان، ڕۆبینا خان)، فەرموو ڕۆبینا خان.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەو خاڵەش بێتە زیاد کـرن، ئەگەر لە هەر شـوێنێك یـان قەزایەك یـان فەرمـانگەیەك یـا بنکەێکـی شـوێنەواری نەبێـت پێویسـتە لەو شـوێنە چـاودێری زیـاتر هەبێـت، یـان کـردنەوەی بنکەیەکی چاودێری بۆ نموونە قەزای بەردەرەش و قەزای شـێخان و ئامێـدی و سـمێل، پێویسـتە

ئەو شوێنەوارانەی لە لیستی تۆماری یونسکۆ یان نێودەوڵەتییەکان بە شێوازێکی مۆدێرن تابلۆی بۆ دروست بکرێ بۆ زیاتر ناساندنی ناسنامەی مێژووی ئەم شوێنەوارانە بۆ مەبەستی راکێشانی گەشتیاران بۆ ئەو شوێنانە، کردنەوەی مۆزەخانەی فۆلکلۆری بە کەسانی تایبەت، پێمان باش نییە و ئەگەر بکرێ ئەبێ لەسەر ئاستی وەزارەت یان بەرێوەبەرایەتی گشتی رەزامەندی وەرگری لە ژێر چاودێری دا بێت، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ژیان خان.

**بەرێز ژیان طاهر احمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شوێنەوار و کەلەپوور سامانی گشتین نابێ هاووڵاتی ئەو سامانە قورغ بکات، بۆ پاراستنی ئەو سامانە لە بڕگەی (١٣) و دووەم گەڕانەوەی ئەو شوێنەوار و کەلەپوورانەی براونەتە دەرەوەی هەرێم، بڕگەیەك لێی زیاد بکرێ بەم شێوەیە، گەڕانەوەی ئەو شوێنەوار و کەلەپوورانەی بروانەتە دەرەوەی هەرێم و گەڕاندنەوەی ئەو شوێنەوار و کەلەپوورانەی لەلایەن تاك قورغ کراون، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك بالانبۆ.

**بەرێز بالانبۆ محمد علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم ئەرکەکانی بەرێوەبەری گشتی ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، ئەرکەکانی بەرێوەبەری گشتی و بەرێوەبەرایەتییەکان، لەبەر ئەوەی لەو یاسایە هیچ ئاماژەیەك بە بەرێوەبەرایەتییەکان نەدراوە، ئایا بەرێوەبەری گشتی خۆی ئەتوانێ ئەو هەموو ئەرکە جێ بەجێ بکات، ئەرکی خۆی و هاووڵاتی دیاری کردووە، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە بەرێوەبەرایەتییەکان نەدراوە بە تەشکیلەی ئەم بەرێوەبەرایەتییە گشتییە، ئەوە قۆرغ کردنی سەرجەم دەسەڵاتەکانە بۆ ئەم بەرێوەبەرایەتییە گشتییە، خاڵی سێیەمیش هەمان خاڵ بە ماددەی (٣) لە یەکەم هاتووە پێویستە لێرەش دووبارە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمو ئاشنا خان.

**بەریز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەریز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەواوی پرۆژەکە گومانی تێدا نییە کە لە خزمەتی شوێنەوارە پشتیوانی ئەکەین، بەڵام ئەمەوێ کەمێ لەسەر ئەو قسانەی كاك باڵانبۆ کردی بوەستم، لێرە دەسەڵات خراوەتە ژێر بەرێوەبەرایەتی گشتی، هیچ ئاماژە بە بەرێوەبەرایەتی نەکراوە، لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە نۆ بەرێوەبەرایەتی هەیە لە سەرجەم شار و شارۆچکەکان لە هەرێمی کوردستان، کەسانی پسپۆر و شارەزایان تێدایە کە خاوەنی دکتۆرا و ماستەر و بەکالۆریۆسن و ئەزموونی باشیان هەیە، هەموو دەسەڵاتێك وەرگیراوە و دراوە بە بەرێوەبەرایەتی گشتی کە مەرکەزییە و لەگەڵ ئەوەین

دەسـەڵات شـۆڕ بێـتەوە، بەڵام چـووە بـۆ ئەوێ، ئەوە ئەبـێ حەل بكـرێ، یـان وای لێبكـرێ، بەهەمـاهەنگی لەگەڵ بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی یـان بە هەمـاهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکـان، باشترین نموونە لەو مـاوەی پێشـوو ئەوەی گەڕەکـی جولەکـان لە سـلێمانی یەکسـەر شـوێنەواری سـلێمانی فریـای کەوت، ئەوە پرۆسـەکە خـاو ئەکـاتەوە، هەنـدێ جـار ئەبـێ لە کـاتی خـۆی قەرار بـدرێ، پێشـنیاری تـرم ئەوەیە مـاددەی (٧) بێـتە مـاددەی (٤)، چـونکە مـاددەی (٧)یـش ئەرکـی بەڕێوەبەرایەتی گشتییە، بابەتێکی تر دروست کردنی کەتالۆگێك کە وێـنە و نەخشـەی شـوێنەوار و کەلەپوورەکانی تێدا بێ، بۆ ئەوەی هەر هاووڵاتییەك لە دەرەوە دێـت یـان هەرێمـی کوردسـتان، هـیچ زانیـاری نیـیە لەسـەر شـوێنەوار و کەلەپوورییەکـان، ئەبـێ ئەو بەڕێـوەبەراتییە ئەو ئەرکە بخاتە سەر شانی خـۆی، ئەم کەتەلـۆگە دروسـت بکـرێ و بخـرێتە دەسـتی هـاووڵاتی و بـۆ ئەوەی بزانی خاوەنی چییە، ئەبێتە سەرچاوەی داهاتیش، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـەبارەت بە هەیکەلـیەت هەر یەك بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی هەیە لە وەزارەت، ئەوانەی تـر بەڕێوەبەرایەتین، رەسمی سیاسـەی عـام وەزارەت ئەیکـات لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشـتی، تەنیا بڕگەی (١٢) بەڕێزان لە لیژنەی تایبەتمەنـد، ئەگەر سـەیر بـکەن بـۆ ڕووداوی لەناکـاو ئەتـوانن بڵێن بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکان، ئەگەرنـا ئەوانەی تـر هەمـووی رەسـمی ختـوتی عامە، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەکانی وەبەرهێنان گەورەترین مەترسین لەسەر کەلتوور و ئاسـەواری ئەم هەرێـمە، بە زەقـی لە هیچ شـوێنێك بـاس نەکراوە چـۆن بپـارێزری لە پرۆژەکـانی وەبەرهێنـان، بەردەمـی مزگەوتـی گەورە لە سلێمانی کاسۆ مۆل تازە تەعویز نابێتەوە و کرا بە بازاڕ، قەڵای هەولێر یونسـکۆ نەبـوایە ئەویش تەخت ئەکرا و ئەکرا بە بازاڕ، ئامێدی بە هەمـان شـێوە، پـێم باشـە لە مـاددەی (٤) بـڕگەی (٩) باسی ڕێکخستنی تیمی ڕوپێو کردنی سەرتاسەری بۆ شوێنەوار و شوێنە کەلەپوورییەکان بـۆ ئەوەی لە نەخشـەکان و تـادوایی، ئەمەی بـۆ ئیـزافە بکـرێ، بپـارێزرێن لە نەخشـە و پرۆژەکـانی وەبەرهێنان، یەعنی لە حالەتێـك تەعـاروزی وەبەرهـێن لەگەڵ شـوێنێکی ئاسـەوار و شـوێنەوار و کەلتـوور و ئەوەی ئەم یاسـایە داوای تەعـویزی کـرد، ئەولەویەت بـۆ ئاسـەوار و شـوێنەوار بـێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بەو مـاددەیە زۆر قسـەیان لەسـەر گرنگـی ئەم یاسـایە کـرد، یەکـێ لە خاڵەکـان کە شـوێنەوارە و بەجـێ ئەهێڵـبن بـۆ نەوەکانمـان، لە ئەرکەکـانی بەڕێـوەبەرایەتی کە پێشکەشـی لیژنەشی ئەکەم، شاعیری گەورەی ئەڵمانی گۆتە لە ١٧٨٢ لە دایـك بـووە، ئێسـتا لە هەمـوو جیهـان مەعـهەدی زمـان هەیە بە نـاوی ئەو شـاعیرە، لە مـالی خـۆی بۆیـاغی کـردووە و وەسـلی مـاوە، ئەوەش ئەگەیەنی کە دەست نووسی ناڵی شاعیر و قـانیع و ئەمـانە بە دەسـت هـاتووە، یەکـێ لە ئەرکەکـان ئەبـێ ڕێگـری کـردن بـێ لە بەکارهێنـانی یـان بە گـۆڕینی ئەو شـوێنەوارە بە بیـانووی

جۆراو جۆر و وەکو ئەوەی بە شارستانی کردنـی یـان بە رەخسـاندنی بـواری گەشـتیاری، نمـوونە زۆرینەی شوێنە کەلتوورییەکان کراوە بە هۆتێل و نازانم چی، ئەبێ ئەرکـی ئەوە بـێ بیانپـارێزی، ئەیانەوێ ئەشکەوت بکەن بە هۆتیل کە سەردانی زیاتر بکرێ، ئێمە شوێنەوارمان بۆ داهات نیـیە، ئەمانەوێ شوێنە کەلتوورییەکانمان بە خەڵك نیشان بدەین، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیزا خان.

**بەرێز لیزا فەلەکدین صابر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (٨) ماددەی (٤) پێم باشە بە موحەددەدی بنووسرێ لە وانەکانی قۆناغی سەرەتاییدا، وەکـو ژمـارەیەك پەرلەمانتـار بـۆ ماددەکـانی پێشـوو باسـیان لەوە کـرد کە گـرنگە لە پێنـاو پێگەیانـدنی نەوەیەکی شوێنەوار دۆست گرنگی بە قۆناغی سەرەتایی بدرێ ئەتوانرێ لێرە تەحدیـدی بکەیـن، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ریبوار.

**بەرێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزانن لە هەیکەلییەتی وەزارەتی شـارەوانی بەرێـوەبەرایەتییەك هەیە بە نـاوی بەرێـوەبەرایەتی گشـتی شـوێنەوار، ئایـا لیـژنەی تایبەتمەنـد هەمـاهەنگی یـان ئاشـنا بـووە بە دەسـتەڵاتی ئەو بەرێوەبەراتییە تا لێرە ڕێزی بکات؟ ئایا پێچەوانە نیـیە لەگەڵ ئەوەی لە هەیکەلییەتـی وەزارەتـی شـارەوانی هـاتووە، بەرێـزت وتـت دەسـەڵاتی دارشـتنی سیاسـەتی گشـتی هەیە، ئەوەی تێبینـی ئەکەم سیاسـەتی گشـتی نیـیە دەسـەڵاتی فیعلـین، بـۆیە هەسـت ئەکەم تەعاروزێـك هەیە، حەق وابوو لیژنەی تایبەتمەند پێداچوونەوەی کردبایە بە دەسەڵاتەکان بۆی دیـاری کـراوە بـۆ ئەو کـاتە دەسەڵاتەکانی دارشتبایەوە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عوسمان سیدەری.

**بەرێز عثمان کریم سوارە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (١٣) خاڵی یەکەم، تۆمار کردنی شوێنەوار و کەلەپوور لە تۆماری یونسکۆ، پێم باشـە بکـرێ بە تۆمار کردنی شوێنەوار و کەلەپووری هەرێم لە تۆماری حکومەت و یونسکۆ دا، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەرێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باس لە نۆژەن کردنەوەی کەلەپـوور ئەکـرێ، پـێم باشـە دەسـت نوسـیش کە کـۆنن پێویسـتیان بە نـۆژەن کـردنەوە هەیە، بـڕگەی (١٣) خـاڵی (٤) بـاس لە هامـاهەنگی ئەکـات لەگەڵ کەلەپـوورییە جیهانییەکان، پێم باشە لەگەڵ ڕێکخراوە شوێنەوار و ناوخۆی و جیهانییەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارم سەبارەت بە ماددەی (٤) بڕگەی (٣) نوێژەن کردنەوەی شوێنەوار و کەلەپوور، ئایا ئەو بڕگەیە لەگەڵ ماددەی (٢) باس لە گوازراوە و نەگوازراوە ئەکات لە رووی کردارییەوە تێکگیران دروست نابێ، ئەگەر پارچەیەك لە کەلەپوور لە هەرێم بگوزارێتەوە زەمان چییە بە گەڕانەوە بۆ هەرێم؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە لە رووی شکلییەوە هەست ئەکەم ناتەواوە یەکسەر دێتە سەر ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی، پێم باشە رێکبخرێتەوە بە دەروازەیەك ناو بنرێ فەرمانگە و دامەزراوەکانی پاراستنی شوێنەوار، چونکە لە ماددەی (٦و٧و١٣و١٤) دا ئاماژە کراوە بە تیمەکانی مۆڵەت پێدراو و لیژنەکانی شوێنەوار ناسی، ئەبێ پێناسەی ئەو بەرێوەبەرایەتییە گشتییە بکەی، ئینجا بێتە سەر ئەرکەکانی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤) پێم باشە بڕگەی (٣) و یەك بکرێ بە یەك بەم شێوەیە، دیاری کردن و دەست نیشان کردنی ناوچەی شوێنەوار و کەلەپووری مێژوویی و نوێژەن کردنەوەیان و پاراستنیان لە زیان لێکەوتن و لەناوچوون، لە بڕگەی (٤) یش بەو شێوەیە بێ، گرنگی دان بە دامەزراندن و کردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت بە پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان و بڵاو کردنەوەی رۆشنبیری گشتی، بڕگەی (٥) یش دروست کردنی نموونەی لەبەر گرتنەوە و لاسایی کردنەوە بکرێتە دروست کردنەوەی نموونەی لەبەر گیراو و لاسایی کراوی پارچە و شوێنەواری کەلەپووری و بەرهەمهێنانی وێنە و فیلم بۆ نیشاندان یان تا کۆتایی، بڕگەی (٧) لە جیاتی ئامادە کردنی پسپۆرانی هەردوو بوار بکرێتە گەشە پێدانی پسپۆرانی هەردوو بوار، بڕگەی (٨) گرنگیدان بکرێتە بایەخ پێدانی زیاتر، و لە وانەکانی خوێندن بکرێتە لە قۆناغەکانی خوێندندا بۆ مەبەستی ئاشنا کردن و رۆشنبیری شوێنەوار لە کۆمەڵگە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، بڕگەی (١١) راگەیاندن و ناساندنی ناوچە و جێگا و پارچەی شوێنەواری کەلەپووری دۆزراوەکا لە رۆژنامە، ئەوە تۆزێك ناهەماهەنگی تێدایە بەم شێوەیە باشترە، بڵاو کردنەوە و ناساندنی ناوچەی شوێنەوار و پارچەی شوێنەوارە کەلەپوورییە دۆزراوەکان لە رۆژنامەی فەرمی دا، پشتگیری خاتوو ژیانیش ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە تایبەتمەندەکان.

**بەرێز لقمان حمد حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری دکتۆر ڕێبوار ئێمە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم پێشنیازە یاسایە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار کۆبوونەوەمان کردووە و لەگەڵ ڕاوێژکارانی یاسایی وەزارەتی شارەوانی و تەواوی بەڕێوەبەرانی شوێنەوار لە پارزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و بەڕێوەبەرانی مۆزەخانەکان بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستانمان کردن ماددە بە ماددە لە ناو نیشانەوە تا هۆیەکانی دەرچوواندن گفتوگۆ کراوە، ئەوەی ئاشنا خان، ئەو پێنشیازە یاسایە بە پێچەوانەوە جۆرێك لامەرکەزیەتی داوە بە ئیشەکان، دەسەڵاتی شوێنەواری ئیتیحادییە، بەڵام بە مەبەستی پاراستن و بەڕێوەبردنی شوێنەواری ئەم پێشنیازە یاسایە دەر ئەکەین، سەبارەت بە ڕێبەری گەشتیاری پێشنیازە یاسایەکمان لەبەر دەستە بە ناوی گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان، لەو پێنشیازە یاسایە ماددەیەك هەیە فەرزی ئەکات ئەبێ ڕێبەری گەشتیاری بۆ هەموو ناوچە گەشتیارییەکان هەبێ، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر زیدان.

**بەرێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامێکم هەیە کە تەواوکەری قسەکانی کاك لوقمانن، سەرەتا ڕۆبینە خان باسی کردنەوەی بنکە و بەڕێوەبەرایەتی تری شوێنەواری، ئەوە زیاتر کاری ئیدارییە، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار خۆی بڕیار لەسەر ئەوە ئەدات بە پێی پێویست، ئەو بەرێزانەی کە ژیان خان یان کاك بالانبۆ لەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان قۆرغ کردنی دەسەڵات وەڵام درایەوە، دکتۆر شێرکۆ ئەڵێ باسی پرۆژەی ئیستیسماری نەکراوە، لە پرۆژەی شەش باسمان لە بە کارهێنان و دابەش کردنی زەوی کردووە، مەبەست لە هەموو پرۆژەکانە، ماددەی شەش و نۆ باسی ئەو پرۆژانە ئەکات لەو ناوچەیە ئەکرێ کە خودی شوێنەوار یان کەلەپووری تێدایە، کاك سیروان وتی ڕێگری کردن لە خراپ بەکارهێنان ئێمە لە بابەتە کۆتاییەکان لە سزاکان و بەشەکانی تر بەشێك هەیە بە ناوی ڕێگە پێدان کە نابێ کاری لێ بکرێ، لیزا خان وتی ئەوەی باس ئەکرێ بۆ خوێندن، نەك ئێمە وەکو لیژنەش لەگەڵ وەزیری پەروەردە ئەو موناقەشەیە کراوە نەك بۆ قۆناغی سەرەتایی لە هەموو قۆناغەکان تا (١٢) پێویستە ئەو بابەتە لە خوێندن هەبێ، کاك ڕێبوار سەبارەت بە هەیکەلی ئیداری وەڵام درایەوە، ئێمە لە ٢٠٢٠/٩/٣ لەسەر داواکاری بەرێز وەزیری شارەوانی و ستافی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار لە پەرلەمانی کوردستان دانیشتین و خاڵ بە خاڵی ئەو پرۆژە موناقەشە کرا، دکتۆر محی الدین دەست نووس ناتوانین وەکو لیژنە لێرە ئیزافە بکرێ، چونکە لە تەعریفی شوێنەوار و کەلەپوور ئاماژە کراوە دەست نووسیش ئەگرێتەوە، هەماهەنگی کراوە ئەتوانین بڵێین لەگەڵ ڕێکخراوەکان، پێنشیاری حەسیبە خان ئەبێ بنووسرێتەوە، چونکە زۆر بوون، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی ٥.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٥:

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەهجەت نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ ماددی (٥٦) بڕگا دوو خالا (٣) داخازیت کەین کو گفتوگۆ کرن ل سەر پرۆژا بێتە راوەستاندن، چونکە پتر چار سەعاتە ناڤ جەلسیدا و رەمەزانیشە و هەمی لایەك ماندییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دوو دەی تر ئەکەین و بەسەرچاو، فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار پێم باشە لە بڕگەی (٧) ئامادە کردنی پسپۆرانی هەردوو بواری شوێنەوار و کەلەپوور بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی توانای کار کردن بەم شێوەی لێ بکرێ، تەرخان کردنی توانایی وزەکانیان بۆ پارێزگاری کەلەپووری کەلتووری لە ڕێگەی ئامادە کردن و پێگەیاندنی کارمەندی پسپۆر و بنیاتنانی تاقیگەی نوێ و پەرەسەند و شوێنی سەلامەت و گونجاوی عەمبار کردن و نیشاندنان دابین کردنی ئامێری نوێ بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە، خالێکیش زیاد بکرێ، ڕێکخستنی چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە فرۆشتن و کڕینی مولّکە تایبەتمەندەکانی کەلەپوور کەلتووری و سەرپەرشتی کردنیان بە شێوەیەك لەگەڵ یاسا بەرکارەکان ڕێکبکەوێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نووسین بنێرن، فەرموو کاك دکتۆر جوابی بدەنەوە.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەدریە خان پرسیاری کرد لەسەر بڕگەی سێیەم، نۆژەن کردنەوە و بردنە دەرەوەی پارچەی شوێنەواری، لێرە ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتی شوێنەوارییە، خاڵی یەکەم دەست نیشان کردنی شوێنە، دووەم گەڕان و رووپێوی، سێیەم نۆژەن کردنەوە، رەنگە بیر لەوە ئەکرێتەوە ئەگەر نۆژەن نەکرایەوە لە ژێر خۆڵ بێ باشترە، ئەبێ ئیمکان بێ، زۆرجاریش لە کاتی هەڵکۆڵین پارچەی بچووك ئەدۆزرێتەوە ئەو پارچەیە لایەنی مۆڵەت پێدراو بەرپرسە لە گواستنەوەی تا ئەیگەیەنێتە مۆزەخانە یان بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری شارەکە، ئەوانە بەپێی ستانداردی

کارکردن لەگەڵ جیهەتە مەعنییەکان لە ناوخۆ و یان دەرەوە ریزبەندی کراون، سەبارەت بە بردنە دەرەوەی لە ماددەیەکی جیاوازە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمو ماددەی پێنج.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرکەکانی هاونیشتیمانیان:

١ هەموو هاووڵاتییەکی هەرێم مافی ئەوەی هەیە زانیاری و سوود لە شوێنەوار و کەلەپوور وەرگری، بەپێی ئەو یاسایە ئەتوانێ بەشدار بێ لە پاراستن و گرنگی پێدانی شوێنەوار و کەلەپووری هەرێم قسەی تری هەیە.

٢- پێویستە هەموو تاکێك ریز لە شوێنەوار و کەلەپووری هەرێم بگرێت و بیپارێزێ.

٣- هەر هاووڵاتییەك ئاگادار بێ لە بوونی هەر شوێنەوارێك یان کەلەپوورێکی گوازراوە یان نەگوازراوە یان زانیاری لە بارەوە هەبێ ئەبێ لە ماوەی کەمتر لە (٢٤) کاتژمێردا لە مێژووی ئاگادار بوون یان زانیارییەکانی نزیکترین لایەنی فەرمی ئاگادار بکاتەوە، پێویستە ئەو لایەنەی ئاگادار کراوەتەوە لە ماوەی (٤٨) کاتژمێردا زانیارییەکانی بگەیەنێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (دکتۆر محی الدین، هەلەز خان، شیرین خان، ئاشنا خان، کاك رزگار، کاك شاخەوان، دکتۆر رێبوار، حەسیبە خان، کاك شێخ ظاهر، گولستان خان، کاك هەلکەوت، موژدە خان، کاك دیاری، کاك رزگار، شیرین خان)، فەرموو کاك هەلکەوت.

**بەڕێز هەلکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی (٣) هەر هاووڵاتییەك ئاگادار بێ لە بوونی هەر شوێنەوارێك یان کەلەپوورێکی گوازراوە یان نەگوازراوە یان زانیاری لە بارەوە هەبێ ئەبێ لە ماوەی کەمتر لە (٢٤) کاتژمێر دا لە مێژووی ئاگادار بوون یان زانیارییەکانی نزیکترین لایەنی فەرمی ئاگادار بکاتەوە، پێویستە ئەو لایەنەی ئاگادار کراوەتەوە لە ماوەی (٤٨) کاتژمێردا زانیارییەکانی بگەیەنێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی، ئەگەر هاتوو شوێنەوارێك لە ژێر زەوی بێ کەسانی هەن و زانیارییان هەیە لەسەر بوونی ئەو شوێنە لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکاتەوە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئاسەوارە، بەڵام لە رووی شێواندنی شوێنەکە شکلی لە دەست ئەچێ، لایەنی پەیوەندیدار ئیلزام بکرێ دوای دەرهێنانی ئەو ئاسەوارە شوێنەوارەکە وەکو پێشووی لێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك پێچەوانەی ماددەی دوانزەیە، لەبەر ئەوە باشترە بەو شێوەی لێ بێ، یەك: هەموو هاووڵاتییەکی هەرێم مافی ئەوەی هەیە زانیاری و سوود لە شوێنەوار و کەلەپوور وەرگرێ، بە

مەرجێ رەچاوی لایەن و تایبەتمەندی شوێنەوارەکە یان کەلەپوورەکە بکات، سەبارەت بێگا (٣) پرسیار بەحسی کەلوپەلین شوێینەواریە، گەلەك کەسێ ل کوردستان مالێ خۆ کرنە جێهیت شوێنەواری، نابێتن حکومەت وانە وەرگیتن و ببێتە ملکی حکومەتێ، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەرێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ساڵانی پێشوو دەنگوی ئەوە هەبوو هەندێ پارچەی مێژووی هەولێر ئاودیوی دەرەوە کراوە، داوا ئەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەدواداچوونی جدی بۆ بکرێ، بڕگەی (٣) هاتووە، لایەنی ئاگادارکراوە لە ماوەی (٤٨) کاتژمێر ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار بکات، ئەو سەردەمە بەسەرچوو ئامرازی گەیاندن زۆرن، پێویستە لە هەمان کات زانیارییەکان بگەیەنرێتە بەڕێوەبەرایەتی، ئەویش لە هەمان کات لیژنە بنێرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەرێز رزگار عیسی سوار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی (٢) پێویستە هەموو تاکێك رێز لە شوێنەوار و کەلەپووری هەرێم بگرێت و بیپارێزی، پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، هەوڵی کرینەوە و تەملیك کردنی بدرێ، لەسەر لایەنی شوێنەوار و قەرەبووی خاوەن موڵك بکرێتەوە، ئەو زەوییەی کە شوێنەواری تێدایە ئەگەر خاوەن موڵك ویستی وبەرهێنانی تێدا بکا حکومەت بتوانێ ئەو جێگەیە وەربگرێتەوە و قەرەبوو بکاتەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەرێز مژدە محمود محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە لە ماددەی (٥) بڕگەی (٢) ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، ئەو هاونیشتیمانییەی کەلەپووری مێژووی لایە بیگەرێنێتەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دیاری.

**بەرێز دیاری انور حمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێ وای لێ بێت، لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر ئاگاداری بکاتەوە، پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئاگاداری نەکردنەوە؟ پشتیوانی کاك هەلکەوت و شیرین خانیش ئەکەم.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ریبوار.

**بەرێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر لە ناونیشانی ماددەی (٥) ئەركەكانی هاونیشتیمانیان، ئەم ناونیشانە گونجاو نییە، پێم باشە بكرێتە ئەركە گشتییەكان، لەبەر ئەوەی لە بڕگەی یەك باسی مافیش ئەكات كە جیایە لەگەڵ ئەرك، پێم باشە بكرێتە ئەرك و مافە گشتییەكان لە بڕی ئەوە، بڕگەی ٣سێ ئەڵێ ئەگەر كەسێ نەیپاراست، ئەوە تەحسل حاسلە، لەبەر ئەوەی ماددەی (١٢) هەیە باسی ئەوە ئەكات، بڕگەی (٣) بچێتە ماددەی ( ١٢)، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەرێز حسيبە سعيد ابراهيم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) لە ناونیشان دەست پێ ئەكەم، ئەركی هاونیشتیمانی لە ناو بڕگەكان باسی مافی ئەكات، پێم باشە بكرێتە ماف و ئەركی هاونیشتیمانی، لە بڕگەی یەك بەو شێوەیە بێ، هاونیشتیمانیان مافی ئەوەیان هەیە زانیاری دروست لە بواری شوێنەوار و كەلەپووری هەرێم وەرگیرێ، بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتنی، لە بڕگەی دووەمیش لەبەر ئەوەی پابەند بوونی تێدایە بگۆڕێ بۆ دەبێت، دەبێت هەموو تاكێك ڕێز لە شوێنەوار و تا كۆتایی، بڕگەی سێ، باس لە كات كرایە، لە ناوەڕۆك باسی مێژووی ئاگاداری كرایە كە دوو شتی جیاوازن، بەو شێوەیە بێ، هەر هاووڵاتییەك زانیاری هەبێ لە بوونی شوێنەوار یان كەرەستەیەكی كەلەپووری گوازراو یان نەگوازراو، پێویستە لە ماوەی (٢٤) كاتژمێر لە كاتی ئاگادار بوونی نزیكترین لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بكاتەوە بۆ گرتنەبەری ڕێكاری پێویست.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێخ ظاهر.

**بەرێز ظاهر محمد علی حسين:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی (٣) دوو كات دیاری كراوە، (٢٤) كاتژمێر، لەگەڵ (٤٨) كاتژمێر، ئایا موقابیلی ئەوە لە (٢٤) كاتژمێر ئاگاداری نەكردەوە ئەبێ سزاش هەبێ، پرسیار ئایا ئەگەر نەكرا چ سزایەك ئەبێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شاخەوان.

**بەرێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك پێوەری ڕوپێوی تایبەت بە خانوو و باڵەخانەكان لای بێ و كردبێتی بە لیستێك بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاویان كردبێتەوە، بڕگەی (٣) نۆژەن بكرێتەوە و بپارێزری، ماددەی پێنج چوارەم، پشتینە یان دەوروبەری ئەم شوێنە كەلەپوورییانە ئەبێ بپارێزری و ڕوئیا و بینینیان نەكوژرێ بە باڵاخانە و ڤێلا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم ئەو ماددەیە نەبوو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

ئەوە پیشنیارە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددام بۆ لیژنەی بنێرە، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

قسەکان دووبارە ناکەمەوە، کاك ڕێبوار و حەسیبە خان ئامەژەیان پێدا، لە ناوەڕۆك باسی ماف کراوە یا لابرێ یا ناونیشان دابنرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هەلەز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز هاورام لەگەڵ حەسیبە خان و اشنا خان، دوو، ڤان بڕگی هندەك عاردا هاونیشتیمانی هاتییە ئەگەر یەکلا بێتن ئاسان بێتن، خالەکی دی بێتە ئیزافە کرن بەرپرس لە هەرێما کوردستانی پتر رێزی ل یاسا بگری ب تایبەتی ل پەرلەمانێ کوردستانێ، ل هەرێما کوردستانی پەرپرسا حیزبی هەی مالا خۆ کریە مۆزەخانە، ب سەدان شوێنەواریت مالا وی هەی، ئایا ئەرکی ل سەر ملی هاووڵاتی وەك هاووڵاتی کوردستانی سبەی ئەوە هاتە جێ بەجێ کرن ئەڤان شوێنەوارا ڤەگەرێنیتن بۆ مۆزەخانا یا نا، لەبەر هندێ خالەك بێتە ئیزافە کرنێ، ل سۆنگی هەست کردن بە ئەرکەکی نیشتیمانی ڤیت ئەو هاونیشتیمانیەت کەرەستی شوێنەواری و کەلەپووری دەڤێت ڤەگەرێنیتن بۆ مۆزەخانە گشتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام ئەوە ماددەیەکی سەربەخۆی هەیە، فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەرکەکان باسی هاووڵاتی هەرێم ئەکات، ئەی ئەوانەی دانیشتووی دەرەوەی هەرێم و نیشتەجێی هەرێم ئەبن؟ یان ئەو هاووڵاتییانەی بە سەردان لێرە ئەبن؟ مافی ئەوەیان نییە سوودی لێ وەرگرن یان ئەرکیان ناکەوێتە سەر، پێم وایە لە جیاتی ئەوە بنووسرێ هاونیشتیمانیان، بۆ ئەوەی دەرباز بن هەم لە هەردووکی، بڕگەی دوو نووسرایە پێویستە هەموو تاکێك ڕێز لە کەلەپوور بگرێ، مەبەست چییە ڕێز گرتن؟ پێم وایە پارێزگاری کردن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە.

**بەڕێز جلال حوێز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پرسیاری زۆر لەسەر ئەوەیە ئەو کەسەی لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر ئەگەر زانیاری هەبوو بە کەلەپوور و شوێنەوار، ئەگەر ئاگاداری نەکردەوە چی؟ لە قانوونی ئسوولی مەحاکەماتی جەزائی

رەقەم (٢٣) ساڵی ١٩٧١ ئەو بابەتە یەکلایی کراوەتەوە، هەر شتی کە تاوانکاری بێ، دیارە بردنی هەر پارچەیەك لە پارچەی ئاساری بە جەریمە هەژمار ئەکرێ، لە حالەتی ئاگادار بوون لە جەریمە لایەنی مەعنی ئاگادار نەکەیتەوە تاوانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی شەش.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم:

شوێنەوار و کەلەپووری نەگوازراوە:

ماددەی :٦

١ پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارێکی کاغەزی و ئەلیکترۆنی تایبەت بە تۆمار کردنی بینا و باڵاخانە و ناوچە شوێنەواری و کەلەپوورییەکانی هەبێت و ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی پەیوەستە پێیان تێدا جێگیر بکات، مافی پەیوەندی هاوسێیەتی کە ئەکەوێتە سەر ئەو نەگوازراوانەی هاوشانی دابینێت و تۆمارەکە لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو بکرێتەوە.

٢- مافەکانی پەیوەندی هاوسێیەتی دانانی پشتینەیەك لە چوار دەوری شوێنە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لە خۆ ئەگری لەگەڵ رەخساندنی ڕێگا و ڕێرەوی گەشیتن بۆیان بە مەرجێ شوێن و ناوچە شوێنەوارییە کەلەپوورییەکان پارێزراو بن.

٣- ئەگەر پێشتر شوێنەوار تۆمار کرابێت و مافی پەیوەندی هاوسێیەتی نەگوازاوەکانی دەورووبەری دیاری نەکرابن ئەوکات ئەبێ بەپێی یاسا دەست نیشان بکرێن.

٤- جۆری ئەو بینایەی ئەکەونە دەوری شوێنەوار و کەلەپوورییەکان لەلایەنی بەرزی و رەنگی رووەکانییان دەست نیشان ئەکرێن، ئەگەر نوێ بن یان نوێ کراوەبن، ئەمەش بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ شوێنە شوێنەواری و کەلەپوورییەکانی تەنیشتیان دا کە بەهەماهەنگی لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی و لایەنی پەیوەندیدار ئەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك محی الدین، دکتۆر شیرکۆ، کاك هەلکەوت، دکتۆر ڕێبوار، دکتۆرە شایان)، فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم بەلگە نامەی پێویست تیایاندا جێگیر ئەکرێ، پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکان و خانووبەرە تۆمار بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شیرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی چوار باسی ئەو شوێنانە ئەکات نزیکی شوێنی کەلەپوورین، زۆر گرنگە باسی پاراستنی هەیئەتی ئەو شوێنانە کە دراوسێی شوێنە کەلەپوورییەکانن، لە لەندەن یاسایەك هەیە لە

شارەوانی بۆ پاراستنی تاریخی لەندەن ئەو شوێنەی دیکۆری درەوەی مێژوویی و کەلەپوورییە بە قانوون ئەبێ بپارێزری تەنیا سیانە نەبێ، پێم باشە ئەو شوێنانەی دراوسێی شوێنە کەلەپووری و شوێنەواریەکانن سیمای دەرەوەی پارێزراو بێ و قەدەغە بکرێ کە بگۆردرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە دێری کۆتایی بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێ، لە ڕۆژنامە و ماڵپەری فەرمی شوێنەوار بڵاو بکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ریبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم ئەچێتە چوارچێوەی ماددەی (٤) کە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتییە، پێم باشە هەڵگیرێ و بچێتە ماددەی چوار، حەسر کراوە بۆ دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی، پێویست ناکات جارێکی تر باسی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێ، بۆ بڕگەی چواریش پشتیوانی رای دکتۆر شێرکۆ ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هەلکەوت.

**بەڕێز هەڵکەوت انور حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەش بڕگەی چوار ئەڵێ زۆری ئەو بینایانەی ئەکەونە دەوری شوێنەوار و کەلەپوورن لەلایەن بەرزی و ڕەنگی رووەکانییەوە دەست نیشان ئەکرێ تا کۆتایی، پێم باشە هەموو بیناکانی کەلەپووری لە هەر شوێنی بێ بە یەك دیزاین نۆژەن بکرێنەوە، بۆ ئەوەی بناسرێنەوە کە شوێنەوارن و لای هەموو هاووڵاتییان ناسراو بێ و، بۆ دووەمیش پشتگیری دکتۆر شێرکۆ ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (٧).

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی :٧

١ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پاڵپشت بە یاسای بە موڵك کردنی ئیستیملاکی بەرکار لە هەرێم مافی بە موڵك کردنی ئەو زەوی و موڵکە نەگوازراوانەی هەیە کە لە شوێنەوارین یان کەلەپوورین ئەمەش بەرامبەر بە قەرەبوویەکی دادپەروەرانە ئەبێ.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێویستە شوێن و ناوچە و گەڕەك و شوێنەوار و کەلەپوورییەکان و ناوچە پارێزراو قەدەغە کراوەکان بپارێزرێ لە کاتێکدا ئەو جێگایانە مەترسی و هەرەشەی لە ناو بردنی لەسەر بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (گولستان خان، دکتۆر ڕێبوار)، فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەو ماددەی لەگەڵ ماددەی چوار لێك بدرێ، ئەو دوو ئەرکەش بچێتە لای ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ریبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك لە کۆتاییەکەی بەو شێوەی لێ بێ، ئەڵێ بەرامبەر بە قەرەبوویيەکی دادپەروەرانە بە گوێرەی نرخی زەوی یان موڵکەکە لە بازار، ئەوەش ئیزافە بکرێ، بڕگەی دووش لە ماددەی شەش ئاماژەم پێ کرد مادام لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتییە با بچیتە ماددەی چوار، سوپاس،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی نۆ.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

١ هەموو ناوچە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان بە ناوی موڵکی گشتییەوە تۆمار ئەکرێن و بۆ مەبەستی شوێنەواری تەرخان ئەکرێن.

٢- ئەو شوێن و موڵکانەی کەلەپوورین ئەکرێ موڵکییەتی خاوەنەکەی بمێنێتەوە، بەڵام نابێ هیچ گۆڕنکاری تێدا ئەنجام بدرێ زیانی پێ بگەیەنێ لە کاتی نۆژەن کردنەوە یان هەر کارێکی تر لە ژێر چاودێری و ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دا لایەنە کەلەپوورییەکەیان ئەپارێزرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (دکتۆر محی الدین، کاك شاخەوان، حەسیبە خان، کاك شیخ زاهیر، کاك سیروان)، فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسيبه سعيد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم پێم باشە بەو شێوەیە بێ، هەموو ئەو ناوچە شوێنەوارییە کەلەپوورییەکانی گوازراو و نەگوازراو بە ناوی موڵکی گشتییەوە تۆمار بکرێن بۆ مەبەستی شوێنەوار تەرخان ئەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم، هەموو ناوچە و شوێنەواری و کەلەپوورییەکان بە ناوی موڵکی گشتییەوە تۆمار ئەکرێن، پێم باشە ئیزافەی بۆ بکرێ، کە ئەخرێنە سەر موڵکی گشتی شوێنەوار، سوپاس

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم پێم باشە هەموو پرۆژەیەکی گەورە و بچووك لە نزیك شوێنەواری کەلەپووری نابێ جێ بەجێ بکرێ تا ڕەزامەندی دەسەڵاتی شوێنەواری نەبێ، واتە تەنیا کار بە نووسراوی شوێنەوار بکرێ، بڕگەی دوو پێم باشە لە کاتی بوونی شوێنەواری کەلەپووری ئەبێ لیژنەیەکی شوێنەوار خۆی پسپۆڕییەکانی تێدا بێ کاری شوێنەواری پێویست لەسەر تێچووی پرۆژەکە، یا لای کەم پەیوەندیدار کە جێ بەجێی ئەکات، دوای تەواو بوونی کارەکانی لیژنەی شوێنەوار بە ڕاپۆرتی زانستی کاری خۆی ڕوون بکاتەوە، پێویستە شوێنەکە تەسلیم بکرێتەوە یا بپارێزرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شیخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، پشتگیری رای دکتۆر محی الدین و حەسیبە خان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم و یەکەم دژی یەکەن لەگەڵ ماددەی (٧) یەکەم، ئەڵێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پاڵپشت بەو یاسایە ئیستیملاك بکات، لە ماددەی (٨) دووەم ئەڵێ ئەو شوێن و موڵکانەی کەلەپوورین ئەکرێ موڵکییەتی خاوەنەکەی بمێنێ، کەچی لە ماددەی ئەڵێ بە ناوی موڵکی گشتی بێ، کامیانە؟ وائەکات یەکێ بڵێ بەو یاسایە بڵێ ئەو شوێنە کەلەپوورییە بۆ خۆمە، داوا ئەکەم ڕوون کردنەوە بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەلام.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم یەکلا بۆتەوە کە داوا ئەکەین هەموو ناوچە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان بە ناوی موڵکی گشتی بێ، دوو، کێشەیەکی زۆر هەیە کە یەکێ لە داواکاری

بەرێـوەبەرایەتی شـوێنەوارە، ئەڵێن کێشـەیەکی زۆریـان هەیە لە شـوێنە نیشـتەجێ بووەکـان و بازارەکان و گەڕەکەکان کە ئامادە نین بیدەنەوە بەحکومەت ئەیانەوێ خۆیان بۆ هەر شـوێنێك و کارێك بەرێوەبەرایەتی شـوێنەوار دەستنیشـانی بکـات بەکـاری بێننەوە، بەڵام لێـرە رێگایـان پـێ ئەدرێ کەلەپـوور بـێ و بەکـاری بێنـنەوە لەژێـر سەرپەرشـتی و مـوڵکییەتی خۆیـان بـێ، بەڵام سەرپەرشتی شوێنەوار.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی لە کەلەپوور بۆیان هەیە؟ بۆ شـوێنەوار نـابێ بەڵکـو ئەبێـتە مـوڵکی گشـتی، فەرمـوو کـاك سیروان.

**بەرێز سیروان فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێسـتا کێشـە دروسـت ئەبـێ، ئەبێـتەوە بە تەحلیلـی ئەو لیـژنە یـان ئەو بەرێـوەبەرایەتییە، ئـێمە باسی شتێك ئەکەین موڵکێکە و هی کەسێکە و ئێسـتا هـیچ دەسـەڵاتی نیـیە، دیـن بەو پێـوەرەی لێـرە هەیە لێـی ئەسـەنن، ئەزانـن لە کوردسـتان ئەژیـن، ئەگەر دەسـەڵاتی بـوو لیـژنە وای بـۆ ئەنووسن، لەبەر خاتری بەرێـوەبەرایەتییەك یـان چەنـد کەسێك دروسـتیان کـردووە یـا مـن هەلە تێگەیشتووم، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەرێز لقمان حمد حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری کاك سیروان هەڵە تێگەیشتن هەیە، کۆمەڵێك خـانووی کەلەپـووری هەن لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك کە کەلەپوورین، ئەگەر بە ناوی هـاوولاتییەکیش بـێ تەمەنێکـی زۆری هەیە و ئاسار و کەلەپووری کوردی پێـوەیە، ئەو کەسـە رێـگەی پـێ نـادرێ ئەم خـانووە بروخێنـی ئەگەر مـوڵکەکەی بە نـاوی خۆیشـی بـێ، ئەگەر ویسـتی نـۆژەن بکـاتەوە ئەبـێ رەزامەنـدی بەرێـوەبەرایەتی شـوێنەوار وەرگـری، بـۆ ئەوەی لەسـەر شـێوازە کـۆنەکەی نـۆژەن بکـرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٩).

**بەرێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

١- لە کاتی بەکارهێنان و دابەش کردنی زەوی و شوێنەکانی موڵکی دەوڵەت و کەسـانی سروشـتی و مەعـنەوی بـۆ دروسـت کردنـی خـانوو و هەر بینـایەکی تـری یـان گـۆڕینی سـیمای خـانوو و باڵەخانەکان لەو شوێنانە کە شوینەواری کەلەپوور و ناوچەیی پارێزراون، پیوستە هەمـاهەنگی و رەزامەندی بەریوەبەرایەتی گشتی هەبی و لەلایەن لیـژنەی هـونەریەوە بەرەچـاو کردنـی ئاسـتی

نزیکی و دووریان له شوێنه شوێنەواری و کەلەپوورییەکانەوە چۆنییەتی کارکردن لەو شوێنانە دەست نیشان ئەکرێ.
٢- له کاتی بوونی هەر بەربەستێك له جێ بەجێ کردنی هەر پرۆژەیەك لەوانه که له بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیه هاتووه بەڕێوەبەرایيەتی گشتی لەسەر ئەرکی لایەنی جێ بەجێ کاری پرۆژەکه کاری بەدوا گەڕان و هەڵکۆڵین ئەنجام ئەدات که له ماوەیەکی گونجاو ئەبێ بۆ گەڕانی زانستی ورد، بەلەبەرچاو گرتنی ماوەی جێبەجێ کردنی پرۆژەکه و تێچوونی گەڕاندنەوەکه له کۆی تێچوونی گەڕانی پڕۆژەکه دا دیاری ئەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیه؟ فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڵێ له کاتی بەرکارهێنان و دابەش کردنی زەوی و ئەو شوێنه گشتییانەی مۆڵکی دەوڵەتن، بەس باسی ئەو زەوییانه ئەکرێ له ناو شاره، ئەی ئەو شوێنانەی له دەشتن، بۆ نموونه ڕێی سماقولی شوێنی هەبوو به ناوی ئەسحابان، شوێنەوار بوو، له سەروچاوه شوێنی مەنجەنیقی حەزرەتی ئیبراهیم، ئەی ئەوانە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٠).

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

١ سەرجەم شوێن و ناوچە شوێنەواری یان کەلەپوورین موڵك و ماڵی دەوڵەت بن یان تایبەت یان وەقف بۆ هەمان مەبەست بەکار دێن.
٢- نابێ شوێن و ناوچە ئاینییەکان له کاتی نۆژەن کردنەوە یان دەستکاری کردن یان هەر گۆڕانکارییەك زیانیان پێ بگات و ئەبێ به ڕەچاو کردن و پاراستنی لایەنی شوێنەواری و کەلەپوورییەکەی له ژێر چاودێری و ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیه؟ (دکتۆر شێرکۆ، دکتۆر عوسمان، بەدریه خان، ئاشنا خان، کاك شاخەوان، دکتۆر ڕێبوار)، فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز د. ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك له کۆتایی ئەڵێ بۆ هەمان مەبەست بەکار دێنن، له لیژنه ئەپرسم مەبەست چییه؟ واتێگەیشتووم که له ماددەکانی تر باسمان کرد شوێنك شوێنەوار یان کەلەپوور بوو، ئەکرێ موڵکی گشتی بێ و بەڕێوەبەرایيەتی گشتی بەڕێوەی ببات، لێرە ئەڵێ سەرجەم شوێن و ناوچە ئاینییەکان که شوێنەواری یان کەلەپوورین موڵك و ماڵی دەوڵەت بن یان تایبەت، ئەگەر دەوڵەت بن ئاساییە، ئەی تایبەت؟ نەمانوت شوێنەوار نابێ موڵکی تایبەت بێ؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز اشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دوو ئەڵێ نابێ شوێن و ناوچەی ئاینی لە کاتی نۆژەن کردن یان گۆڕانکاری دەستکاری بکرێ، ئایا بەس بۆ ناوچەی ئاینییە؟ بەڵام بۆ هەموو شوێنەوارێکیش راستە، بەس بۆ شوێنی ئاینی؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە بڕگەی دوو تۆماری تایبەت بە کەلوپوور هەبێ، ساڵانە دۆخی شوێنەوار و کەلەپووری تێدا روون بکرێتەوە، نۆژەن کراوەتەوە یان تووشی دارمان هاتووە یان لە ناو چووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شیرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕای دکتۆر ڕێبوار ئەکەم، خاوەنداریەتی کەلەپوور و شوێنەوار بۆ تایبەت نییە، لێرە باسی ئەکات، لەگەڵ لابردنی خاوەنداریەتی تایبەتم، دوو، ناوچەی ئاینی و کەلەپووریش موڵکی مرۆڤایەتین پێش ئەوەی هی دەوڵەت بن، ئەهراماتی میصر و قەڵای هەولێر و ئەمانە موڵکی مرۆڤایەتین، کە باسی موڵکییەت ئەکرێ دواتر ئەتوانی داوای هاوکاری بۆ نۆژەن کردنەوە و سیانە وەك روویدا کە یونسکۆ پارەیەکی باشی دابین کرد بۆ نۆژەن کردنەوەی قەڵای هەولێر، باسی موڵکی مرۆڤایەتی بکەین، ئەو دەرگایە ئەکاتەوە کە لە ڕێی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانی گەورە بۆ ئاسەوار و شوێنە ئاینییەکان و کەلتوور و کەلەپووری هەرێم دابین بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری دکتۆر ڕێبوار و دکتۆر شێرکۆ ئەکەم، بەشێك لە قسەکانی کاك شاخەوانیش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی دکتۆر شێرکۆ و بەدریە خان ئەکەم، لەوەی یەك تایبەتمەندی بە وەقف بدرێ، چونکە وەقف لەو کاتە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف بکرێ، بەر لەوەی کەلتوور بێ وەقفێکی شەرعییە و دەستکاری کردنی جائیز نییە لە رووی شەرعەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە خسووسیەتێك هەیە بۆ سەرجەم شوێنە ئاینییەکان، کێشەی ئێمە ئەوەیە بەشێکی زۆری ئەو شوێنە ئاینییانە ئێستا بۆ خودی کەنیسە بێ بۆ خودی خۆی بەکار دێتەوە، هەندێکیش تایبەتە بە وەقف یان وەزارەتی ئەوقاف، ئەوانە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار نین، تەسەروفی شوێنەواریشیان بەسەر ناکرێ، خسووسیەتێکیان پێدراوە کە ئەتوانرێ لەسەر میهنە و کاری خۆیان لە رووی پەرستن بێتن هەر کویی تر بەردەوام بێ، بەڵام لەکاتی نۆژەن کردنەوە ئەبێ لەژێر سەرپەرشتی بەرێوەبەرایەتی شوێنەوار بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١١).

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم:

شوێنەوار و کەلەپوورە گوازراوەکان.

ماددەی (١١):

بەمەبەستی تۆمار کردنی شوێنەوار و کەلەپوورە گوازراوەکان بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارێك ئامادە ئەکات بۆ:

١ تۆمار کردنی ئەو شوێنەوارە گوازراوانەی هاووڵاتیان بە رێکەوت دۆزیویانەتەوە.

٢- تۆمار کردنی ئەو شوێنە کەلەپووری و شوێنەواریانەی کە لە ماددەی (٨)دا دەق نووس کراون و پێدانی بەڵگەنامەی تایبەت بە خاوەنەکانیان بە مەرجێ چاودێری کردنی بەردەوامی شوێنەکان لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەوانەش زیاد بکرێ، هیچ رێکخراو و دامەزراوەیەك و کەسایەتی ئاینی و کۆمەڵایەتیش ناتوانێ پاشماوەی شوێنەوار و دەست نووس و کەلەپوور لای خۆی گل بداتەوە بە ناوی پاراستن، ئەگەر هەڵگری هەر مۆڵەتێکی رێگە پێدراویش بن لە دەرچوون و بڵاوبوونەوەی ئەو یاسایە کار بە مۆڵەتەکەیان ناکرێ، ئەبێ کۆی ئەو پاشماوانە بگەرێتەوە بۆ دەسەڵاتی شوێنەوار و مۆزەخانەکان لە کاتی نەگەڕانەوەی پێویستە سەرپێچیکاران رێکاری پێویستیان بەرامبەر بگیرێتە بەر.

٢- هیچ ڕێگا پێدانێك نابێ بکرێ بۆ کەسانێك بە بیانووی هێنان و کڕین و فرۆشتنەوەی شوێنەوارەکان لە ژێر چەتری دەسەڵاتی شوێنەواری دا تەنیا شوێنەوار ناسان و دەزگای شوێنەواری بە لیژنە ئەتوانێ هەڵسەنگاندن بکەن بۆ ئەو کارە و هەڵسن بەو ئیشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نووسین بینێرە بۆ لیژنە، فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم و دووەم پێم باشە بکرێ بە یەك، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حەسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم باشە هەردوو بڕگە بکرێ بە یەك بڕگە بەو شێوەیە، تۆمار کردن و گەڕاندنەوەی ئەو شوێنەوارە گوێزراوانەی هاووڵاتیان بە ڕێکەوت دۆزیویانەتەوە و پێدانی بەڵگە نامەیەکی تایبەت بە خاوەنەکانیان بە مەرجێ چاودێری کردنی بەردەوامی شوێنەکانیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (١٢).

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی :١٢

١ کەسانی سرووشتی و مەعنەوی بۆیان نییە شوێنەواری گوازراوەیان لابێت و ئەبێ لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕادەستی شوێنەواری بکەنەوە.

٢- پێویستە خاوەن یان دەستداری حائیز پارچەی کەلەپووری دەست نووس لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە ئاگاداری دەسەڵاتی شوێنەواری بکاتەوە بۆ ئەوەی تۆمار بکرێ و سەرپەرشتی هاوبەش بکرێن.

٣- پاڵپشت بە ڕێککارە یاساییەکان خاوەنی پارچەی کەلەپووری یان دەست نووسەکان کە لە بڕگەی دووەم ئەم ماددەی ئاماژەی پێکراوە بەرپرسن لە ونبوون و تێکچوونی پارچەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم، یەك کەسانی سروشتی و مەعنەوی بۆیان نییە شوێنەواری گوازراوەیان لابێت و ئەبێ لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕادەستی شوێنەواری بکەنەوە، ئەی ئەگەر نەکرا سزا چییە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم و دووەم هەمان شتە بە دوو خاڵ نووسراوە، ئەکرێ لێکی بدەن، هەردووکی کەسانی سروشتی و مەعنەوی بۆی نییە شوێنەوار و تا دوایی، پێویست ناکات بڵێ دووەم، خاوەنداری یان حائیز بگەڕێنێتەوە، چونکە هەردووکی (٩٠) ڕۆژی بۆ دیاری کراوە، پێم باشە لێك بدرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەیەکم هەیە لە کۆتایی بڕگەی یەك ئەڵێ پارچەی شوێنەواری گوازراو بکەوێتە دەستی کەسی مەعنەوی یان سرووشتی ئەبێ لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ بیگەڕێنێتەوە، ئەگەر نەیگەڕێنێتەوە بەپێی یاسا بەرکارەکان مامەلەی لەگەڵ ئەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیارەکان تۆمار کراون، ئەوەی کاك سیروانیش ئەڵێ بۆ تێکەڵ کردنی ئەو دوو خاڵە نابێ، یەکەم تایبەتە بە شوێنەوار، دووەم تایبەتە بە کەلەپوور.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پارچەی کەلەپووری کەسەکە بۆی هەیە لای بێ، بەڵام ئەبێ تۆماری بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (١٣).

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣).

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەتوانێ بڕیاری لێسەندنەوەی مافی خاوەندارییەتی هەر پارچەیەکی کەلەپووری یان دەست نووسەکان بدات لەوانەی کە پێشتر تۆمار کراون و لای خاوەنەکەییەتی بەرامبەر بە قەرەبوویەکی دادپەروانەی خەمڵێنراو لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە.

٢- مافی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر پارچەی کەلەپووری یان دەست نووسەکان تەنیا بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی (١٣) بڕگەی دوو ئەڵێ مافی بڵاوكردنەوەی زانیاری، تێناگەم ئەم ماددەیە بۆ دانراوە، ئەگەر لە رووی ئەمنییەتەوەیە ئەوە لە ماددەی (٢٢) بڕگەی (٣) باس كراوە، بەڵام ئەو بڕگەیە مەبەستی چییە؟ هەموو شوێنەوار و كەلەپوورێك ئەگرێتەوە بۆ نموونە قەڵای شێروانە كە تۆ نەتوانی هیچی لەسەر بدەی، داوای روون كردنەوە ئەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری ئاشنا خان، ئەو ماددەیە تایبەتە بە ماددەی گوازراوە، هیچ پەیوەندی بە شوێنە سابیتەكان نییە، ئەو شوێنانەی ئەدۆزرێنەوە ئەبێ مافی بڵاوكردنەوەی پارێزراو بێ، ئەبێ بە شێوازی زانستی لەلایەن شوێنەكەی خۆی زانیاری كۆ بكرێتەوە و رەزامەندی وەرگیرێ لەسەر بڵاوكردنەوەی، قەرەبوو كردنەوەكانیش ئاماژە كراوە، ئەوە ماددەی گوازراوەیە و پەیوەندی بە نەگوزراوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی دواتر.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤):

١ بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆی هەیە رەزامەندی وەزیر بەهەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتیحادییەكان بۆ مەبەستی تویژینەوەی زانستی نۆژەن كردنەوە بۆ دەوڵەمەند كردنی مۆزەخانەكانی هەرێم یان خستنەڕووی كاتی شوێنەوار و كەلەپووری گوازراوەكان بهێنێتە ناوەوەی هەرێم.

٢- هەر كەسی پشتبەستن بە یاسا هەر شوێنەوارێكی گوازراوە یان پارچەیەكی كەلەپووری بێنێتە هەرێم پێویستە مۆڵەت لە وەزیر وەرگرێ.

٣- بەرێوەبەرایەتی گشتی لە رێگەی لیژنەی هونەرییەوە بەداواداچوون و لێكۆڵینەوە بۆ شوێنەوار و كەلەپووری گوازراوە ئەكات كە لە دەرەوە هێنراوەتە هەرێم. ئەگەر سەلمێنرا شوێنەوارن و لە وڵاتی خاوەندارییەتی خۆیان بە شێوەیەكی نایاسایی براونەتە دەرەوەی وڵات ئەوكات دەستی بەسەردا دەگیرێت و بە رەچاو كردنی مەرجی مامەڵەی هاوشێوە بۆ وڵاتە رەسەنەكە ئەگێرێندرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مـاددە گـرنگە، بەڵام یەك ئیـزافەم هەیە، لەبەر ئەوەی بـاس لە هێنـان و بردنـی پـارچەی شـوێنەوارە، ئەگەر لە خـاڵە سـنوورییەکان و فرۆکەخانەکـان خەڵکـی پسـپۆر و تایبەتمەنـد دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی پارچەیەکی شوێنەوار بەدیکرا بیناسێتەوە و دەستی بەسەردا بگیرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دکتۆر ڕێبوار داوا ئەکـات لە مـاددەی (١٦) دانرابـوو، بـۆ جێبەجـێ کردنـی مـاددەی (١٤و١٥) پسـپۆرانی شوێنەوارناسـی لە دەروازە سـنوورییەکان و فرۆکەخانەکـان دابنـرێ، بەڵام هەر داواکارییەك پێشهاتێکی دارایـی و دامەزرانـدنی بەدوا بـێ لە ئێسـتا ئەنجـام نـادرێ، لەسـەر ئەوە لیژنەی یاسایی لایدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داینینەوە، گرنگە، ماددەی ١٥.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥):

١ وەزیـر بـۆی هەیە بە رەزامەنـدی سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران و بە هەمـاهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتیحادییەکـان بـۆ مەبەسـتی تـوێژینەوەی زانسـتی یـان نـۆژەن کـردنەوە یـان خستنەڕووی کاتی شوێنەوار و کەلەپوورە گوازراوەکان بنێرێتە دەرەوەی هەرێم.

٢- وەزیر بە رەزامەندی سەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران بـۆی هەیە ئەو شـوێنەوارە کەلەپـوورییە گوازراوانەی هاوشێوەکانیان لە هەرێـم دا هەیە بـۆ مەبەسـتی بەدیهێنـانی تـوێژینەوە و سـوودی زانسـتی یـان مێژوویـی یـان هاوکـاری کـردن و دەوڵەمەنـد کردنـی مۆزەخانەکـانی هەرێـم لەگەڵ مۆزەخانە و زانکۆ و پەیمانگا و دامەزراوە زانستییەکانی دەرەوەی هەرێم دا ئالوگۆڕی پێ بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی ( ١٦).

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم:

کاری شوێنەواری و کەلەپووری، گەڕان و هەڵکۆڵین و نۆژەن کردنەوە.

ماددەی (١٦):

١ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تایبەتمەندە بە کاری شوێنەواری و کەلەپووری لە هەرێم.

٢- هیچ کەس و لایەنێك بۆی نییە کاری شوێنەواری لە هەرێم ئەنجام بدات، تەنانەت لەسەر زەوی و موڵکی خۆشی بێت تەنیا بە مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەبێت.
٣- بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆی هەیە رێگە بدات بە پسپۆران و دامودەزگای زانستی و زانکۆ و پەیمانگاکانی ناوخۆ و بیانییەکان بۆ مەبەستی کاری شوێنەوار و کەلەپووری لە بواری شوێنەوار و کەلەپوور دا ئەمەش دوای دڵنیا بوونەوە لە توانا و لێهاتوویی و زانستی دارایی ئەو لایەنانە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك رێبوار.

**بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەکانی تریش پەیوەستە بە ئیختیساسی بەرێوەبەرایەتی گشتی وتم بچێتە ماددەی چوار، ئەوەش هەرواتر.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٧).

**بەرێز رزگار محمد محمود:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧):

١ بەرێوەبەرایەتی گشتی کاری شوێنەواری و کەلەپووری ئەنجام ئەدات لەو زەوی و شوێنانەی موڵکی دەوڵەتن و کەسانی سروشتی و مەعنەوین و ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری لەخۆ ئەگرێ.
٢- ئەو زەوی و شوێنانەی کاری شوێنەواری و کەلەپوورییان تێدا ئەنجام دراوە ئەگەر دەرکەوت شوێنەواری و کەلەپووری نین ئەگەڕێندرێتەوە بۆ دۆخی پێش ئەنجامدانی ئەو کارەیانەی تیاندا کراون، ئەگەر ئەو شوێن و زەوییانەی ئاماژەیان پێکراوە موڵکی کەسانی سروشتی یان مەعنەوی بوون لە ئەنجامی گەران و رووپێوی و هەڵکۆڵین زیانمەند بوون ئەوا پاڵپشت بە خەملاندنی بەرێوەبەرایەتی گشتی بە رەزامەندی هەردوو لا یان لە رێگەی دادگاوە قەرەبووی زیانەکانیان ئەکرێتەوە.
٣- بەرێوەبەرایەتی گشتی ماوەی کاری شوێنەواری و کەلەپووری دیاری ئەکات و ئەکرێ ماوەکە درێژ بکرێتەوە.
٤- هەموو ئەوانەی کاری شوێنەواری و کەلەپووری ئەنجام ئەدەن پشت ئەبەستن بە توێژینەوە و کارانەی لە پێشتر لەلایەن شوێنەوارناسی بیانییەوە لە هەمان شوێن یان دەوروبەری یان نزیکی شوێنی دەست نیشان کراو بۆ کارکردن ئەنجام دروان.
٥- لە کاتی گەڕان و رووپێوی و هەڵکۆڵین دا کە پارچەی شوێنەوار و کەلەپووری ئەدۆزرێتەوە بەپێی سنووری جوگرافیا و شوێنی کارکردنی پارچە دۆزراوەکان ئەگرێندرێتەوە بۆ مۆزەخانەی ئەو شارە یان ئەو شوێنەی کاری تێدا ئەکرێ.
٦- هەر شوێنەوارناسێك یان کارمەندێکی بواری شوێنەوارناسی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم دا بۆ مەبەستی زانستی و ئەنجامدانی توێژینەوەی کاری شوێنەواری بۆی هەیە سەردانی

نـاوچەی شـوێنەواری و کەلەپوورییەکـان بکـات بە مەرجـێ پشـتگیری لایەنـی ئەکـادیمیەکەی هەبێت و بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاگادار بکاتەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو لیزا خان.

**بەرێز لیزا فەلك الدین صابر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم ئەو شوێنە زەرەری پێ کەوت قەرەبـوو ئەکـرێتەوە، ئەی ئەو شـوێنەی شوێنەواری تێدا ئەدۆزریتەوە و موڵکی کەسێکە چۆن قەرەبوو ئەکرێتەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هەڵکەوت.

**بەرێز هلکوت انور خلیفە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دوو ئەو زەوییانەی کاری شـوێنەوار و کەلەپـووری تێـدا ئەنجـام ئەدرێ شـوێنەواری لـێ نەبـێ ئەگەڕێنـدرێتەوە دۆخـی خـۆی تـا دوایـی، ئەگەر هـاتوو هەر شـوێنەواریك لە مـوڵکی هەر هاووڵاتییەك بوو حەقی تەسەروف بوو ئەوا لە رووی داراییەوە هاوکارییەکی رەمزی بکـرێ کە لە ١٠% ی ئەو رێژە بێ، لەبەر ئەوەی خەڵك هاوکاری حکومەت بێ بۆ دۆزیـنەوەی شـوێنەوارەکان لە ژێر زەوی، ئەو کات کەس هەوڵی لەناو بردنی نادات، دوو، پشتگیری لیزا خان ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ریبوار.

**بەرێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەمـوو ئەو وڵاتـانەی کە شـوێنەواری لێـیە ئەبـنە راکێشـانی گەشـتیاری، ئەوەی مـن تێبینـیم کـردووە لە هەرێـم هێشـتان ئەو شـوێنەوارانەی هەیە نەبـۆتە سـەرچاوەی داهـات بـۆ راکێشـانی گەشـتیاری بیـانی، پـێم باشـە دەسـتەی گشـتی گەشـتوگوزار کە بـۆ پەرەپێـدانی گەشـتوگوزار هەمـاهەنگی هەبـێ لەگەڵ دەسـتەی گشـتی گەشـتوگوزار ئەو وڵاتـانە و سـوود لە ئەزمـوونی ئەو وڵاتانە وەرگرێ بۆ راکێشانی گەشتیار، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عوسمان.

**بەرێز عثمان کریم سوارە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینـیم لەسـەر وشـەی (بـۆی هەیە) بکـرێ بە پێویسـتە، لەبەر ئەوەی بـڕەودان بە کەلەپـوور و شوێنەوار پێویستە، هەروا وشەی (بۆی نییە) بکرێ بە قەدەغە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە ماددەی (١٨).

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (١٨):
لیژنەی كاری شوینەواری لەلایەن بەریوەبەرایەتی گشتی بەو شیوەیە پیكئەهینری:
١- سەرۆكی لیژنە یان نێردە مەرجە پسپۆری شوێنەواری شارەزا و خاوەن ئەزموون بێ.
٢_ ئەبێ ئەندامانی لیژنەكانی كاری شوێنەواری و كەلەپووری بەپێی پێویستی شوێنەوارناس بن و ئەكرێ بەپێی پێویستی ئەو ناوچەی كاری تێدا ئەكرێ چەند پسپۆرێكی تریش تێیدا ئەندام بن.
٣- لە كاتی كار كردن دا لەگەڵ تیمی مۆڵەت پێدراو پێویستە بەلای كەم دوو شوێنەوارناس كە كارمەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی بن وەك نوێنەر و ئەندام كار بكەن و مافی زانستی تەواویان هەبێ لە نووسینی راپۆرت و بڵاوكردنەوەی توێژینەوە و بەشداری كردنی كۆڕ و كۆنفرانس لە ناوە و دەرەوەی هەرێم، بەرپرسیش ئەبن بەرامبەر هەر كەموكورپییەك لە كاركردن دا ئەگەر بەرێوەبەری گشتی لێ ئاگادار نەكەنەوە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
كێ قسەی هەیە؟ فەرموو كاك شێركۆ.
**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
لە پێكهینانی لیژنەكان توانای تەكنەلۆژیا بۆ ئەو لیژنانە دەست واڵا بن بۆ بەكارهێنانی تەكنەلۆجیا كە زۆر گرنگە لە پێكهینانی لیژنەكە، بڕیاری یەكەم و ئەخیر لەسەر ئەو لێكۆڵینەوە ئەدات، باس لە مرۆڤەكان نەبێ بەس بەڵكو باسی دەسەڵاتەكانیشیان بێ بە تایبەت تەكنەلوجیا.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
فەرموو كاك شاخەوان.
**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
پێم باشە لە ماددەی (١٨) بڕگەیەكی تر زیاد بكرێ كە تیمەكان چۆن كادیری خۆیان ئەهێنن و پێیان ئەگەینن لەسەر خاك و ماددەی خاوی ئێرە، بە هەمان شێوە هەل بۆ كادیرانی ناوخۆ برەخسێنن لە رێگەی زەمالەی خوێندن و ۆرك شۆپەوە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بڕگەی یەك ئەڵێ سەرۆكی لیژنە یان نێردە، بۆ نێردراو نەبێ، لە رووی رێزمانییەوە هەڵەیە.
فەرموو.
**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بۆ وەڵامی دكتۆر شێركۆ لە ماددەی (١٩) باس كراوە، ئەو گروپ و شاندانەی كە دین ئەبێ لایەنی داراییان ئەكید بكرێتەوە ئینجا كاریان لەگەڵ بكرێ، كاك شاخەوان ئەبێ برگە زیاد كراوەكەی بە نووسین بدات، كاك یاسین، دیراسەمان كرد، سەرەتا نێدراو بوو، بەڵام نێردەكە گونجاوترە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
فەرموو ماددەی (١٩).
**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩):

ئەو تـیم و لایەنەی داواکـاری کـارکردن لە بـواری شـوێنەوار و کەلەپـووری ئەکەن ئەبـێ ئەم پابەندییانەی خوارەوە جێبەجێ بکەن:

١ پێشکەش کردنی داواکارییەك بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاری شوێنەواری و کەلەپووری کە ئەمانە لەخۆ بگرێ:

٢- تایبەتمەنـدی و شـارەزایی داواکـاران و توانـای داراییـان، زانیـاری لەسـەر ئەنـدامانی تیمـی پێشکەشکاری داواکە و ڕەچاو کردنی لایەنی زانستی و پسپۆڕیان.

٣- داواکاری لایەنەکی زانستی باوەڕپێکراو وەکو زانکۆ و پەیمانگا یـان دەزگـایەکی شـوێنەواری ڕێگەپێدراو بێ.

٤- ئەگەر تیمی داواکار لە دەرەوەی عێراق پێویستە پشتگیری نوێنەرایەتی وڵاتەکەیـان لە هەرێـم یان بالوێزخانەکەیە لە عێراق هەبێت.

٥- دیــاری کردنــی ژمــارە و ئاســتی ئەو کرێکــارانەی کە لەگەڵــی دا کــار ئەکەن لەگەڵ توانــا زانیستییەکەیان.

٦- دابین کردنی پاسەوان بۆ شوێنی کارکردن.

٧- هەوڵـدان بـۆ دابـین کردنـی کورسـی خوێنـدن و زەمـالە بـۆ فەرمـانبەرانی شوێنەوارناسـی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

-٢

١- پێشکەش کردنی نەخشەیەك کە تێیدا سنووری شوێنی کارکردنی ڕوون بکاتەوە و ئاماژە بکرێ بەو ناوچە شوێنەوارییەکان.

٢- پێشکەش کردنـی ڕاپـۆرتێکی بەرنـامەی کـاری سـاڵانە و ڕاپـۆرتی گشـتی لە کۆتـایی کارەکـانی گرێبەست ئەدرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

٣- پێویستە بۆ کارکردن سوود لە بەشی شوێنەوارناسی لە هەرێم وەرگیرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو ئاشنا خان.

**بەرێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـێم وایە حکـومەت ئەبـێ هاوکاریشـیان بکـات، ئاسـان نیـیە گەڕان بـۆ شـوێنەوار و کەلەپـوور، پێویستی بە دەعمێکی باشی حکومەت هەیە، ئەوەی من دیقەتم دا لە خاڵی یەك حیسابی توانـای دارایی ئەو تیمە ئەکات، لە خاڵی حەوتەم هەوڵدان بۆ دابین کردنی کورسی خوێندن و زەمـالە بـۆ فەرمــانبەرانی شــوێنەوار ناســی بەرێــوەبەرایەتی گشــتی، ئەوە تەنیــا بــۆ فەرمــانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتییە یان بەڕێوەیەرایەتییەکانی تریش، چونکە لێرە وازیح نییە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵستان خان.

**بەرێز گولستان باقی سلیمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگا دوو خاڵا سی پێویستە بۆ کارکردن سوود لە بەشی شـوێنەوار نـاس لە هەرێـم وەرگیـرێ، مە پێ باشە ڤێ ڕەنگی بێتە دارشتن، پێویستە بـۆ کـارکردن سـوود لە بەشـەکانی شوێنەوارناسـی لە هەرێم وەرگیرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شیرکۆ.

**بەرێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو وەڵامەی درایەوە لەسەر ماددەی (١٨) وەڵامەکە جیاوازە، چونکە لە ماددەی (١٩) باس لەو لیژنانە ئەکات، داوا ئەکەن لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کە مۆڵەتی پێ بدات، بۆ ئەوەی کاری شوێنەوارناسی بکەن، بەڵام لە ماددەی (١٨) باسی ئەوە ئەکات بەرێوەبەری گشتی لیژنە پێك ئەهێنێ، بۆیە کە باسی دارایی و تواناکان ئەکرێ پەیوەندی بەو لیژنەوە نییە کە بەرێوەبەری گشتی دروستی ئەکات، لێرە ئەو لیژنانە داوا لە بەرەێوەبەری گشتی ئەکەن بۆ ئەوەی کار بکەن، بەڵام لە ماددەی (١٨) بەرێوەبەری گشتی لیژنە پێك ئەهێنی، جەخت لەسەر ئەوە ئەکەمەوە لە ماددەی (١٨) دەسەڵاتی دارایی و تەکنەلۆجی بدرێ بەو لیژنانەی بەرێوەبەری گشتی پێکی ئەهێنی کە ئەو وەڵامەی درایەوە دوو شتی جیاوازە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر رێبوار.

**بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵکۆڵین و گەڕان بە دوای شوێنی شوێنەوار پرۆسەیەکە توانای زانستی و هونەری و کرێکاری و ئەو پسپۆڕانەی لەگەڵی ئیش ئەکەن، لە هەرێمی کوردستان پێویستیمان بەوەیە کە خولی ڕاهێنان و بەرز کردنەوەی تواناکانیان لە بواری هونەری بۆیان بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئیش کردن لەو شوێنانە هەستیارە، پێویستی بە زانایی و دانایی هەیە، ئەوانیش ئەگەر خولی ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە.

**بەرێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئاماژەیان پێ کرد لایەنی دارایی مەرجە، بەڵام بۆ کارمەندان ئاشنا خان ئاماژەی پێ کرد مەبەست لە کارمەندانی هەموو بەرێوەبەرایەتییەکانی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارە، گوڵستان خان پێشنیاری کردووە بە نووسین بینێرێ، کاك دکتۆر شێرکۆ ماددەی (١٨و١٩) تەواوکەری یەکترن، هەردووکیان لیژنەی زانستین و بۆ کاری هەڵکۆڵین و رووپێوی کردن و نۆژەن کردنەوەش بەکار ئەهێنرێ، دکتۆر رێبوار خولی ڕاهێنان لە ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتی شوێنەوار دیاری کراوە کە کارمەندی شوێنەوار خولی ڕاهێنانی پێ بکرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (٢٠).

**بەرێز لقمان حمد حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠):

١ بەرێوەبەرایەتی گشتی دوای پێشکەش کردنی داواکاری تیمی داواکار پێداچوونەوە و وردبینی بۆ ئەکات و پاشان بڕیاری لەسەر ئەدات.

٢- داواكاری گرێبەستێك لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی دا بۆ ماوەیەكی دیاری كراو كاركردن ئەنجام ئەدات كە تێیدا ماف و پابەند بوونی هەردوو لا دیاری ئەكرێت و دواتر لەلایەن وەزیرەوە پەسند ئەكرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ فەرموو كاك دیاری.

**بەرێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێكی زۆری ماددەكان ئەڵێ بە بڕیاری وەزیر یان وەزیر ڕێگە ئەدات، بۆ ڕێگە گرتن لە قۆرغكاری، پێم باشە بكرێ بە لیژنەیەكی هاوبەش دواتر لەگەڵ وەزیر، بۆ ئەوەی وەزیر بە تەنیا نەتوانێ ئەو بڕیارە بدات.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سیروان.

**بەرێز سیروان فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵێكی پەیڕەویم هەیە، بەپێی ماددەی (٥٨) ئێستا لە دانیشتی پەرلەمانین وەزارەتی دارایی بڵاوی كردۆتەوە هەمان شێوازی تر مووچەی ئەم مانگە بە لێبرینی ٢١% ئەبێ، جاران لە كاتی كۆڕۆنا نەوت سفر بوو، داهات نەبوو هەر بەم شێوەیە بوو، ئێستا دۆلار لە (١٢٠) بۆ (١٥٠) ئەچێ داهات زیاد بووە، بوودجەی بەغدا دێ نەوت بەرز بۆتەوە، هیچ مانای نییە وەزارەتی دارایی بەم شێوەیە بكەن، دیسان ئەڵێم پێش دابەش كردنی ئەم مووچەیە........

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێش جەلسەی پەرلەمان (٤٣) ئەندامی پەرلەمان ئیمزای كردووە، ناردوومە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، فەرموو دكتۆر شێركۆ.

**بەرێز شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەكانی كاك دیاری ئەكەم بۆ مەسەلەی وەزیر بە تەنیا نەبێ و لیژنە بێ، پێم باشە ئیزافەی ئەوە بكرێ ئەو گرێبەستانە لە ژێر چاودێری دیوانی ڕەقابەی مالی و ئەوانە بێ، بەپێی یاسا بەركارەكان ئەكیدی لەسەر بكرێتەوە، چونكە پێشتر كراوە و وەكو كەرتی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ كراوە، هەندێ خروقاتی یاسایی تێدا كراوە بۆ ئەوەی لە ژێر چاودێری دیوانی دارایی بێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر ئەگەر بە نووسین بێ باشترە، فەرموو لیژنە.

**بەرێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەنجام دانی گرێبەستەكان لە ڕێنماییەكان هەیە، ئێستاش لەبەر ئەوەی یاسایەكی تایبەت بە شوێنەوار نییە گرێبەستەكان چەند خاڵێكی گرنگی تێدایە هەمووی دیاری كراوە، وەزیر تەنیا پەسندی ئەكات، شوێنەوار دەسەڵاتی خۆیەتی لەگەڵ كێ ئەیكات، تەنیا پەسند كردن لای وەزیرە، پێشتریش داوا ئەكرا دەسەڵاتی بەرێوەبەرایەتی گشتی كەم بكرێتەوە، ئێستا وەزیر كەم بكرێتەوە، لەو نێوانە ئەوەی گونجاوە پەسند كراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
واتە جیهەی ئیختیساس خۆی دیراسە و عەقد ئەكات و تەسدیق وەزیر ئەیكات، ماددەی (٢١).
**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (٢١):
١ بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاری بەدواداچوون و چاودێری كردنی تیمی مۆڵەت پێدراوی كاری شوێنەواری و كەلەپووری ئەكات.
٢- لە كاتی سەرپێچی كردنی یەكی لە مەرجەكانی گرێبەستی كار كردن لە كاری شوێنەواری و كەلەپووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە نووسراو ئاگاداری لایەنی بەرامبەر ئەكاتەوە بۆ لادانی سەرپێچییەكە لە ماوەیەكی گونجا و دیاری كراودا.
٤ - ئەگەر لایەنی بەرامبەر سەرپێچییەكەی لانەبرد لەسەر داواكاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزیر گربەستەكەی هەڵدەوشێنێتەوە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
كێ قسەی هەیە؟ فەرموو بەدریە خان.
**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بێگەی یەك و سێیەم باسی سزاكان ئەكات، پێم باشە لە دەروازەییەك كۆ بكرێتەوە و لە پێش حوكمەكانی كۆتایی دابنرێ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
فەرموو ماددەی (٢٢).
**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی (٢٢):
١ -هەر كەلوپەلێكی شوێنەواری یان كەلەپووری لەسەر خاك یان ژێر خاكی هەرێم بدۆزرێتەوە موڵكی دەوڵەتە.
٢- هەر كەلوپەلێكی شوێنەواری یان كەلەپووری دۆزرایەوە دەست بەجێ وێنەی ئەگیرێت و تۆمار ئەكرێ و لە شوێنی گونجاو ئەپارێزرێ.
٣- بە بێ ڕەزامەندی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نابێ زانیاری لەسەر ئەو پارچە و شوێنەوارانەی دۆزراونەتەوە بڵاوبكرێتەوە یان دەست كاری بكرێن و مامەڵەیان پێوە بكرێ چ لە ناوەوەی هەرێم یان دەرەوەی هەرێم.
٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆی هەیە ئەمانەی خوارەوە بدات بەو لایەنەی كاری رووپێوی و گەڕان و هەڵكۆڵین ئەكەن:
١ قالبی شوێنەوارە دۆزراوەكە بە وێنە و هێڵكاری و نەخشەكانییەوە.

٢- پـارچەی گلێـنە و مـاددەی ئەنـدامی خۆڵینەکـان بە مەبەسـتی لێکـۆڵینەوە بە مەرجـێ لەو مـاوەیەدا لە یەك سـاڵ تێـپەر نەکـات و دەرئەنجـامی لێکـۆڵینەوەکە پێشکەشـی دەسـەڵاتی شوێنەواری بکرێ.

٣- ئەو پارچانەی لە خاڵی دووی ئەو مـاددەی هـاتوون راستەوخۆ بە چـاودێری بەرێـوەبەراییەتی گشتی رەوانەی دەرەوە ئەکرێن و لە باج و رسوومات ئەبەخشرێن.

٥- پێویستە لەسەر بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەنجامی تیمی وەرزی ساڵانە رابگەیەنێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ماددەی (٢٣).

**بەرێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم:

رێگە پێنەدراو و سزاکان

ماددەی (٢٣):

١ جگە لەوەی لەو یاسایەدا رێـگە پێـدراوە رەفتـار پـێ کـردن و تێکـدانی شـوێن و بینـاو نـاوچەی شـوێنەواری و شـەقام و بـازاڕ و خـانوو و گەڕەکە کەلەپووریەکـان و نـاوچە پارێزراوەکـان و پـارچەی شـوێنەواری و کەلەپـووری گـوازراوە و نەگـوزاروە و شـوێنە مێژووییەکـان و دەسـت نووسەکان قەدەغەیە.

٢- خـاوەن ئەو زەوی و شـوێنەواری و کەلەپـوور و شـوێنی مێژووییەکـانی تێـدایە بـۆی نیـیە دەستکاری مـاددەی یـان تێکـدان یـان گـۆڕینی رووکـاری تێـدا ئەنجـام بـدات ئەگەر شـوێنەکە لە رۆژنامەی فەرمیدا رەگەیاندنی بۆ کرابێ یان نەکرابێ.

٣- فرۆشتن و بازرگانی پێ کردنی شوێنەوار و کەلەپوور قەدەغەیە.

٤- نابێ پارچەی شوێنەواری و کەلەپووری لەبەر بگیرێتەوە و کـۆپی بکرێـت، تەنیـا بەرەزامەنـدی بەرێوەبەرایەتی گشتی نەبێت و ئامانج لە بەرگگرتنەوەکەش بۆ راهێنـان و تـوێژینەوەی زانسـتی یان بۆ نیشاندان یان بۆ فرۆشتن یان بۆ ئالوگۆڕ پێ کردن ئەبێ.

٥- نـابێ هـیچ مۆزەخـانەیەکی شـوێنەواری تـایبەت و گشـتی مـوڵکی کەسـی بـن، کـردنەوەی مۆزەخانەی کەلەپووری و سرووشتی پێویسـتە بە رەزامەنـدی بەرێـوەبەرایەتی گشتی بێـت و لە ژێر چاودێری ئەودا بێت.

٦- بەبێ رەزامەندی بەرێوەرایەتی گشتی رێگا نـادرێ بەکارهێنـانی نـاو و ناونیشـانی شـوێنەواری یان کەلەپووری لە شوێنە گشتی و بازرگانییەکان.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بە خێرایـی بەسـەر مـاددەی (٢٢) تێـپەڕین، ئەگەر دەرفەت بـێ خـاڵی سـێ لە مـاددەی (٢٢) مەترسی هەیە، پێم باشە لابرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرمووو دکتۆر ڕێبوار.
**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بڕگەی (٥) ئەڵێ نابێ مۆزەخانە موڵکی کەسێ بن، ئەزانم هەندێ مۆزەخانە هەیە تایبەتە، عیلاجیش نەکراوە بە چ ئالیەتێك دێتەوە بۆ دەوڵەت، داوای ڕوون کردنەوە ئەکەم، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرمووو لیژنە.
**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەو خالە زۆر قسەی لەسەر کرا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکان، بڕیار ئەوەیە خۆیان ئەیانەوێ جێ بەجێی بکەن، کەس ناتوانێ مۆزەخانەی هەبێ، بەڵام ئەتوانێ مۆزەخانەی خۆی سروشتی یان کەلەپووری بێ لە ژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار، ئەگەر لە کاتی سەرپەرشتی کردن هەر پارچەیەکی شوێنەواری لەو مۆزەخانە هەبوو ئەگەڕێندرێتەوە مۆزەخانەی گشتی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
یانی ئەگەر مۆزەخانەکە شوێنەواری بوو نابێ شەخسی بێ، بەڵام کەلەپووری و سروشتی ئەکرێ کەسی بێ بە مەرجێ تەحویل بێ بۆ شوێنەواری ئەبێ بگەڕێندرێتەوە بۆ مۆزەخانەی گشتی فەرمووو.
**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**
ئەبێ بڕگەی (٥) هەموار بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕێگەی نەداوە مۆزەخانەی کەلەپووری موڵکی کەسی بێ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی ٢٤.
**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سزاکان
١ -هەر کەسێ پارچەی شوێنەواری یان کەلەپووری یان دەست نووسی گوازراوەی تۆمار کراو یان تۆمار نەکراوی لابێت و لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەکاتەوە یان ببێتە هۆی وونبوونی یان لەناوچوونی ئەو پارچەیە بە بەند کردن و پێبژاردن بە بڕی دوو هێندەی نرخی خەمڵێنراوی پارچە شوێنەواری یان کەلەپووریەکە سزا ئەدرێ.
-٢
یەك: هەر کەسێ شوێنەوارێك یان کەلوپەلی کەلەپووری بدزێ کە لە ژێر دەستی بەرەێوەبەرایەتی گشتی دابێت بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت سزا

ئەدرێ، هەروا بە پێبژاردنێك بە بڕی شەش هێندەی نرخی خەمڵێنراوی پارچە شوێنەواری یان کەلەپووریەکە سەرەڕای گەڕاندنەوەی.
دوو – ئەو بارانەی خوارەوە بە بارودۆخی توند هەژمار ئەکرێن و ئەنجامدەرەکەی بە سزای زیندانی هەمیشەیی سزا ئەدرێن.
ا _ ئەگەر پارچەی شوێنەوار نەگەڕێندرایەوە.
ب- ئەگەر ئەنجامدەری تاوان یەکی بوو لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان راسپێردراو بە پارێزگاری کردن بە شوێنەوار یان ئەوانەی کار ئەکەن لە بەڕێوەبردنی.
ج- ئەگەر تاوانەکە لەلایەن دوو کەس زیاتر بە بەکارهێنانی هێز و زۆرە ملێی ئەنجام را.
-٣
١ _ هەر کەسێ پارچەی شوێنەواری بباتە دەرەوەی هەرێم یان بەشدار بێ لە بردنە دەرەوەی دا بە زیندانی هەمیشەیی سزا ئەدرێ.
٢- هەر کەسێ بە ئەنقەست کەلووپەلی کەلەپووری بباتە دەرەوەی هەرێم یان بەشدار بێ لە بردنە دەرەوەی بە بەند کردن سزا ئەدرێ لە سێ سال زیاتر نەبێت و سەرەڕای پێبژاردنێك بە بڕی سێ ملیۆن دینار.
-٤
١ – هەر کەسێ بە بێ رەزامەندی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاری گەڕان و رووپێوی و هەڵکۆڵین ئەنجام بدات یان هەوڵی دۆزینەوەی شوێنەوار بدات بە بەند کردن بۆ ماوەیەك کە لە (٣) ساڵ کەمتر نەبێت سزا ئەدرێ.
٢- ئەگەر کاری گەڕان و روپێوی و هەڵکۆڵین یان هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار بووە هۆی گۆڕینی شوێنەوارەکە ئەبێ ئەنجامدەر قەرەبووی دوو هێندەی نرخی خەمڵێنراوی زیانەکە بکاتەوە و دەست بەسەر شوێنەوارەکە دەرهێنراوەکە و کەلوپەلەکانیش دا ئەگیرێت.
٣- ئەبێ تاوانبار لەسەر خەرجی تایبەتی خۆی بارەکە بۆ دۆخی ئاسایی بگەڕێنێتەوە.
٤- ئەگەر تاوانبار فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێ بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك کە لە (١٥) ساڵ زیاتر نەبێ سزا ئەدرێ.
-٥
١ – هەرکەسێك بارزگانی بە کەلووپەل و پارچەی شوێنەواری و کەلەپوورییەوە بکات دەست بەسەرە کەلووپەلەکان ئەگیرێت و بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك کە لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ سەرەڕای پێبژاردنێك بە بڕی (١٠) ملیۆن دینار، ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێ ئەوا بە هەمان ماوەی ساڵ بە زیندانی کردن سزا ئەدرێ سەرەڕای پێبژاردنیك بە بڕی (٢٠) ملیۆن دینار.
٢- هەر کەسێ بەبێ رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بە کەلووپەل و پارچەی شوێینەواری و کەلەپوورییەوە بکات چ ساختە کراو یان لاسایی کراوە بێ ئەوا دەست بەسەر کەلووپەلەکە دائەگیرێت و بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ، سەرەڕای پێبژاردنێك بە بڕی دوو ملیۆن دینار، ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە کارمەندی دەسەڵاتی

شوێنەواری بێ بە هەمان ماوەی ساڵ بە بەند كردن سزا ئەدرێ و سەرەڕای پێبژاردنێك بە بڕی (٦) ملیۆن دینار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ (دكتۆر شێركۆ، كاك سیروان، گوڵستان خان، ئاشنا خان، كاك هەڵكەوت، دكتۆرە شایان، كاك عوسمان سێدەری، كاك مەم، لیزا خان، بەدریە خان)، فەرموو ڕۆژان خان نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەی گرنگە پێم باشە موناقەشەكەی بكرێتە بەیانی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان كریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یەكەم ئیشارەت بە بڕی دوو هێندەی خەملێنراوی پارچە شوێنەوار یان كەلەپووری دراوە، ئەمە لە بازاڕ كڕین و فرۆشتنی لەسەر نییە، چۆن بزانین ئەو پارچە كەلەپوورییە نرخی چەندە؟ پێم باشە بكرێ بە پێبژاردن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پارچەی شوێنەواری و كەلەپووری قیمەتیان زۆرە، لەبەر ئەوەی پێم باشە ئەو سزایانە دوو هێندە بكرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كام مەم.

**بەڕێز مم اسكندەر مم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فەقەرەی دووەم خاڵی یەك و فەقەرەی سێیەم خالی دووەم و فەقەرەی پێنجەم خاڵی یەكەم هەمووی باسی دزین و بردنە دەرەوەیە، تەقریبەن یەكن لە ناوەڕۆك، پێم باشە بكرێتە یەك خاڵ و بە نووسین ئەیدەمە لیژنە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆسەی گەڕان بە دوای شوێنەوار پێویستی بە تەكنیك و تەكنەلۆجیا هەیە، ئێستا زۆر شت هەیە شوێنەوار ئەدۆزێتەوە لە ڕێگەی ئەو ئامێرانە، بەڵام لێرە باس نەكراون ئەگەر هاووڵاتی بە

نائاسایی بە دەستی کەوت و گەڕا بە دوای شوێنەوار چ سزایەك ئەدرێ، ئەبێ فەقەرەیەك زیاد بکرێ، سەبارەت بەو ئامێرانە، ئەگەر کڕین و فرۆشتنی پێ بکات (٥) ساڵ زیندانی بکرێ و دەست بەسەر ئامێرەکەش بگیرێت یان بە بڕی (١٠) ملیۆن دینار غەرامە بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی چوارەم بەشی دوو بە بڕوای من هەڵکۆڵین ببێتە هەڵکۆڵین و نەکردن، چونکە هەندێ هەیە بە دوای تەعقیبی ئەو شوێنە ئەڕوا، یان هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار ئەبێ ئەنجامدەر قەرەبووی دوو هێندەی نرخی خەملێنراوی زیانەکە بکرێتەوە، ئەبێ سزاکان دوو هێندە بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری دکتۆرە ئاشنا و لیزا خان ئەکەم، دکتۆرە شایانیش، ئەو مادده سزایانە ئەگەر ووریا نەبین ئەبێتە تەشجیع نەك سزا، پارچەیەك ئاسەوار باوی (٣) ملیۆن دۆلارە بێین غەرامەی (٣) ملیۆن دیناری پێ بکەین، ئەڵێ زیاتر نەبێ لە (١٠) ساڵ یان (٣) ساڵ، بۆ خۆمان سزا دابنێین کە قەت ناکاتە قیمەتی ئەو ئاسەوارە کە تەعویز نابێتەوە، بێین بڵێین یاسا بەرکارەکان، پارچە شوێنەوار باوی (٣) ملیۆن دۆلار بێین سزای (٣) ملیۆن دیناری بدەین مەمنونیش ئەبێ، ئەبێ بڵێین یاسا بەرکارەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تێکڕا لەگەڵ دکتۆر شێرکۆم، یاسای بەرکار هەیە، بەڵام مادام لە خاڵی (٤ و ٥) و ماددەی (٢٥) هاتووە ئەڵێ سزاکەی (١٠) ساڵ زیاتر نەبێ، ئەی کەمتر نەبێ؟ ڕەنگە (٢٤) سەعات بێ، ئەبێ کەمترینیش دیاری بکرێ، پێم وایە هەر زیادەیە، بەڵام ئەگەر مایەوە ئاوای لێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە زمنی عیقابی سجنی موئەبەد هەیە لەوەش بەرزتر نییە، فەرمو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك کە باسی بەند کردن ئەکات لەگەڵ پێبژاردن کە لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە دیاری ئەکرێ، بەڵام بەند کردن دیاری نەکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حەبس مودەی دیاری کراوە، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك هەر کەسێ پارچەی شوێنەواری یان کەلەپووری یان دەست نووسی گوازراوەی تۆمار کراو یان تۆمار نەکراوی لابێت و لە ماوەی (٩٠) رۆژ لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەکاتەوە یان بیێتە هۆی وونبوونی یان لەناوچوونی ئەو پارچەیە بە بەند کردن و پێبژاردن بە بڕی دوو هێندەی نرخی خەملێنراوی پارچە شوێنەواری یان کەلەپوورییەکە سزا ئەدرێ، بەند کردن یان پێبژاردن ئەو دوو جۆرە سزایە جیان، کرداری تاوان نابێ دوو سزای هەبێ، دەسەڵاتی دادگا یەکێك بسەپێنێ، خۆی ئەو یاسایە تەنفیزی ئیدارییە نەك سزایی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەکرێ دوو عقوبە بە یەکەوە بێ، ئەکرێ بەند کردن و غەرامەش بێ، ئەکرێ یەکیش بە تەنیا بێ، موشەریع دیاری ئەکات، فەرموو کاك هەلکەوت.

**بەڕێز هەڵکەوت انور حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر کەس بەبێ رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بە کەلووپەل و پارچەی شوێنەواری و کەلەپوورییەوە بکات چ ساختە کراو یان لاسایی کراوە بێ ئەوا دەست بەسەر کەلووپەلەکە دا ئەگیرێت و بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ، سەرەڕای پێبژاردنێك بە بڕی دوو ملیۆن دینار، ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە کارمەندی دەسەڵاتی شوێنەواری بێ بە هەمان ماوەی ساڵ بە بەند کردن سزا ئەدرێ و سەرەڕای پێبژاردنێك بە بڕی شەش ملیۆن دینار، ئەگەر هاتوو دوای سێ ساڵ بەند کردن و سزادانی بە بڕی دوو ملیۆن جارێکی تر دووبارەی کردەوە چی؟ پشتگیری قسەکانی دکتۆر شێرکۆش ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنەکە کۆتایی هات، بەیانی سەعات (١٢) دەست پێ ئەکەینەوە.

| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)ی**
**چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١\٤\٢١**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)
# چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢١

کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی (٢٠٢١/٤/٢١) پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ چوارشەممە رێکەوتی (٢٠٢١/٤/٢١) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسا و بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەل و پەل لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩)لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: دەنگدان لە سەر ئەم پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١ ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١ - پێشنیازە بڕیاری رۆژی رۆژنامەگەری کوردی لە هەرێمی کوردستان.

٢ - پێشنیازە یاسایی پاراستنی تۆڕو بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان.

٣ - دانان و دەست لە کار کێشانەوەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٢٨ و ٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

یەکەم: دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (زانا خالد سمایل) لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ.

دووەم: دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (گلستان باقی سلێمان) لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و زیاد کردنی بۆ سەر لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ.

سێیەم: دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (هەڵکەوت انور خەلیفە) لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و لیژنەی دەسپاکی.

چوارەم: دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (صباح محمود محمد) لە لیژنەی دەسپاکی.

پێنجەم: دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (سەرچنار احمد محمود) لە لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار.

شەشەم:دەست لە كار كێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ابوبكر عمر عبدالله) لە لیژنەی پەیوەندییەكانی رەوەندی كوردستانی و زیاد كردنی بۆ سەر لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار.
حەوتەم: :دەست لە كار كێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (هلز احمد محمد) لە لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری و زیاد كردن بۆ سەر لیژنەی پەیوەندییەكانی رەوەندی كوردستانی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكەین، سەرەتاش داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەم كە بەرنامەی كار لەگەڵ پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشوو بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرنامەی كار: بە پێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەكانی (یەكەم، دووەم، سێیەم) لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) بڕگەكانی (یەكەم، دووەم، سێیەم، چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠) ماددەكانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆ چوارشەممە رێكەوتی (٢٠٢١/٤/٢١) بەم شێوەیە بێت:
یەكەم: بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسا و بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و كەل و پەل لە هەرێمی كوردستان بە پێی حوكمی ماددەكانی (٨٧، ٨٨، ٨٩)لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.
دووەم: دەنگدان لە سەر ئەم پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە بە پێی حوكمی ماددەكانی (٩٠، ٩١ ،٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

٤ - پێشنیازە بڕیاری رۆژی رۆژنامەگەری كوردی لە هەرێمی كوردستان.
٥ - پێشنیازە یاسایی پاراستنی تۆڕو بنچینەكانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی كوردستان.
٦ - دانان و دەست لە كار كێشانەوەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان بە پێی حوكمی ماددەكانی (٢٨ و ٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

یەكەم: دەست لە كار كێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (زانا خالد سمایل) لە لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و داكۆكی كردن لە مافی مرۆڤ.
دووەم: دەست لە كار كێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (گلستان باقی سلێمان) لە لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری و زیاد كردنی بۆ سەر لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و داكۆكی كردن لە مافی مرۆڤ.
سێیەم: دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (هەڵكەوت انوەر خەلیفە) لە لیژنەی كشتوكال و ئاودێری و لیژنەی دەسپاكی.

چوارەم: دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (صباح محمود محمد) لە لیژنەی دەسپاکی.
پێنجەم: دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (سەرچنار احمد محمود) لە لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار.
شەشەم: دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ابوبکر عمر عبدالله) لە لیژنەی پەیوەندییەکانی رەوەندی کوردستانی و زیاد کردنی بۆ سەر لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار.
حەوتەم: :دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (هلز احمد محمد) لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و زیاد کردن بۆ سەر لیژنەی پەیوەندییەکانی رەوەندی کوردستانی.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی:
بە پێی حوکمی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی بەهارەیساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١) پێش نیوەڕۆ رۆژی سێشەممە رێکەوتی (٢٠٢١/٤/٢٠) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:
١ - دەستپێکردنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٢ - خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣ - دەست پێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤ - دەنگدان لە سەر پێشنیازە یاسایی هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان.
٥ - خستنە رووی بیرۆکەی هەر دوو پەرلەمانتار (گلاوێژ عبید عثمان) سەبارەت بە زۆر بوونی نەخۆشی شێرپەنجە و پەرلەمانتار (شنۆ اشقی عبدالله) سەبارەت بە رەخساندنی هەلی کار لە هەرێمی کوردستان.
٦ - خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازە یاسایی هەمواری یەکەمی یاسایی بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکانی زیادەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩).
٧ - خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە بڕیاری رۆژی رۆژنامەگەری کوردی لە هەرێمی کوردستان پێشنیازە یاسایی بەڕێوەبردنی پاراستنی شوێنەوار و کەل و پەل لە هەرێمی کوردستان بۆ (٢٤) ماددە لە کۆی گشتی (٣٤) ماددە.
٨ - کۆتایی هاتنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی سێ لیژنەی پەرلەمانی کوردستان بەشداری دەکەن لە خولی بودجە ئێمە یەك سەعاتمان لەبەر دەستدایە، لەبەر ئەوە ئاماژە بە ماددەی (٤٨) بڕگەی یەکەم داواتان لێ دەکەم کە رەزامەندی بفەرموون لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار بەوەی کە بڕگەی یەکەم بێتە بڕگەی سێیەم و بڕگەکانی تری بەرنامەی کار وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕەیە با بفەرمووێ دەنگ بدات، زۆر سوپاس پەسند کرا، داوا لە سەرۆکایەتی هەر دوو لیژنەی یاسایی و رۆشنبیری دەکەین بفەرموون

بێنە سەر منەسەکە بۆ جێبەجێ کردنی خاڵی یەکەم لە بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار، تا دەنگدان تەواو نەبێت خاڵی پەیڕەوی وەرناگرین، لەبەر ئەوەی کاتەکە لەبەردەممان کەمە دواتر بەسەر چاو هەمووتان وەردەگرین، بەڵێ فەرموو، بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار دەنگدان لەسەر ئەم پێشنیازە یاسایی و بڕیارانەی خوارەوە بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، یەکەم پێشنیازە بڕیاری رۆژی رۆژنامەگەری کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە راپۆرتەکەیە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بابەت راپۆرتی دەنگدان لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگای مەدەنی و وەرزش و لاوان رۆژی سێشەممە رێکەوتی (٢٠٢١/٤/٢٠) کاتژمێر (٥)ی ئێوارە کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردن و ئەو پێشنیارانەی کە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون سەبارەت بە پێشنیازە بڕیاری رۆژی رۆژنامەگەری کوردی لە هەرێمی کوردستان - عیراق لە خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردنی گەیشتینە ئەو ئەنجامەی خوارەوە، سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم پێشنیازە بڕیاری رۆژی رۆژنامەگەری کوردی لە هەرێمی کوردستان، پێشنیاری دووەم وەك خۆی پێشنیازە بڕیاری رۆژی رۆژنامەگەری کوردی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەردوو پێشنیازەکە دەخەینە دەنگدان، یەکەمیان رۆژی رۆژنامەگەری کوردی و رۆژنامەگەری کورد لە هەرێمی کوردستان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بەلێ دوو ئەندام، پێشنیازی دووەم پێشنیازە بڕیاری رۆژی رۆژنامەگەری کوردی هەر ئەندامێکی بەڕێزی لەگەڵدایە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٩٥) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا، خاڵی یەك.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی رۆژی (٢٢/ نیسان)ی هەموو ساڵێك بە رۆژی رۆژنامەگەری کوردی دادەنرێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەر کەسێك لەگەڵ ئەو دەقەیە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ سوپاس بە دەنگی (٩٧) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، بڕگەی دووەم.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دوەم سێ پێشنیاز هەیە، بڕگەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت، یەکەم دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەوانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان وەکو بۆنەیەکی نیشتیمانی یادی ئەم رۆژە بکەنەوە و وەزارەتی رۆشنبیری هاوکار بێت بۆ یادکردنەوەی، پێشنیازی دووەم وەك خۆی پێویستە لەسەر دەزگاکانی راگەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکان وەك بۆنەیەکی نیشتیمانی یادی ئەم رۆژە

بکەنەوە و حکومەتی هەرێم هاوکار دەبێت بۆ یادکردنەوەی، پێشنیازی سێیەم پێشنیازی هەردوو لیژنەی هاوبەش لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی وەکو بۆنەیەکی نیشتیمانی یادی ئەم ڕۆژە بەرز ڕادەگرن و حکومەتی هەریم هاوکار دەبێت بۆ یادکردنەوەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ دوو ئەندام، سێ پێشنیاز هەیە، هاوبەشیش هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە وەك خۆی با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ دوو ئەندام، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی لیژنەی هاوبەشە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٨٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەو دەقەیە کە بەڕێز سەرۆکی لیژنە خوێندییەوە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٩١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی چوارەم هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەو دەقەیە کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری خوێندییەوە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ بە دەنگی (٩٣) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیاز هەیە، پێشنیازی یەکەم بۆ بە فەرمی ناساندنی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی کە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە لایەن (میقداد مەدحەت بەدرخان) لە ( ٢٢ نیسانی ١٨٩٨) لە قاهیرە دەرچووە بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆلە مێژووییە بەرچاوەی کە لە مێژووی کوردی لە پاراستنی زمان و کلتوور و پیشەی ڕۆژنامەگەری و پەرەسەندنی کایەی ئازادی و ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان و بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانی و بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگادا بینیویەتی ئەم بڕیارە دەرچوێندرا، پێشنیازی دووەم وەك خۆی بۆ بە فەرمی ناساندنی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی کە یەکەم ڕۆژ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە

لایەن (میقداد مەدحەت بەدرخان) لە ( ٢٢ نیسانی ١٨٩٨) لە قاهیرە دەرچووە بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆڵە مێژووییە بەرچاوەی کە لە مێژووی کوردی لە پاراستنی زمان و کلتوور و پیشەی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانی و بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگادا بینیوەتی ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بۆ هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیاز هەیە پێشنیازی یەکەم دەخەینە دەنگدان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ دەنگی (٥) ئەندامی لەگەڵە، پێشنیازی دووەم هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با بفەمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٦) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، ئێستا کۆی بڕیارەکە دەخەینە دەنگدان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ کۆی بڕیارەکەیە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (١٠١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و لە تەواوی ڕۆژنامەوانانی کوردستان دەکەین بە بۆنەی دەرچوونی ئەم بڕیارە، زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەی ڕۆشنبیری، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی شارەوانی دەکەین بفەرموون بێنە جێگەی خۆیان، بەڵێ بفەرموون بۆ جێبەجێ کردنی خاڵی دوو لە بڕگەی دوو کە ئێستا یەکە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت ڕاپۆرتی دەنگدان، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٤/١٩) کاتژمێر (٩)ی شەو کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردن و دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون سەبارەت بە پێشنیازە یاسایی پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان - عێراق لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوایی گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنەکان گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە، سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ سوپاس بە دەنگی (٨٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی (١) فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) پێنج پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی دوازدە بەم شێوەیە لێ بکرێت، دوازدەیەم سەرپێچی زیان گەیاندن یان شکاندن یان لەناو بردن و تێکدانی پرۆژەکان تانکی عەمبار ئاو، هێڵەکانی گواستنەوە، تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، قوفلی ئاو، مەنهۆل، سەری مەنهۆل، چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆکان، بۆڕی وەرگرتنی ئاوەڕۆکان و هەر پێکهاتەیەکی تری ژێرخانی ئاو و ئاوەڕۆ دەگرێتەوە، وە ڕێگە نەدان بە بەستنی پێوەری ئاو یان

زیان گەیاندن بە پێوەرەکە بە مەبەستی لە کار خستنی، پێشنیاری دووەم ماددەکە وەك خۆی تەنیا گۆڕانکاری بکرێت لە بڕگەکانی دەیەم و چواردەیەم بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بکرێت، لە بڕگەی دەیەم دەستەواژەی عەمبارکردن بکرێتە گلدانەوە، دوو لە بڕگەی چواردەیەم دەستەواژەی محەرەمات بکرێتە سنووربەند، پێشنیاری سێیەم ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت، یەك بڕگەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم لابرێت، دوو بڕگەی دوازدەیەم بەم شێوەیە لێ بکرێت، دوازدەیەم سەرپێچی، زیان گەیاندن بە کەرتی ئاو و ئاوەڕۆ و پرۆژەکانی، سێ بڕگەی چواردەیەم بەم شێوەیە لێ بکرێت، دەستەواژەی محەرەمات بکرێتە رێگا پێنەدراوەکان وە داڕشتنەوەکەش بەم شێوەیە لێ بکرێت، چواردەیەم رێگا پێنەدراوەکان سنووری پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆیە کە نابێت هیچ جۆرە کارێکی تێدا ئەنجام بدرێت وەك بیناسازی، دانان و راکێشانی تۆڕی ئەنتەرنێت، هێڵی کارەبا و ستوونەکانی، پیس کردنی سەرچاوەی پرۆژە ئاویەکان وە هەر کارێکی دیکە بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەت، پێشنیاری چوارەم ماددەکە وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی چواردە دەستەواژەی محەرەمات بکرێتە پاوان، پێشنیاری پێنجەم وەك خۆی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیاری پێنجەم بەڕێز کاك لقمان سەرۆکی لیژنەی شارەوانی دەخوێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی پێنجەم وەك خۆی، ماددەی (١)

پێناسەکان:

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم دەستەواژانەی خوارەوە و ماناکانیان بەرامبەریان دەگەیەنن.

یەکەم:هەرێم:هەرێمی کوردستان –عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێم

سێیەم: وەزیر: وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێم.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەت.

پێنجەم: بەڕێوەبەری گشتی:بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ.

شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی: بەڕێوەبەرایەتی ئاو یان بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆکان.

حەوتەم: بەڕێوەبەر: بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئاو یان ئاوەڕۆکان.

هەشتەم: لێپرسراوی فەرمانگە: لێپرسراوی فەرمانگەی ئاو یان ئاوەڕۆکان.

نۆیەم: تۆڕەکان: تۆڕەکان ئاو و ئاوەڕۆ و پێکهاتەکانی.

دەیەم: پرۆژەکان: پرۆژەکانی پاڵاوتن و چارەسەرکردنی ئاو و ئاوەڕۆ و بیرەکان و پرۆژەکانی وەرگرتنی سەرچاوەکانی ئاو و عەمبار کردن و ئاو و ئاوەڕۆ و وێستگە لاوەکییەکانی گواستنەوە دەگرێتەوە.

یــازدەیەم: لایەنــی پەیوەندیــدار: بەڕێــوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکــانی هەماهەنــگ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکان و فەرمانگەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

دوازدەیەم: سـەرپێچی: زیـان گەیانـدن یـان شـکاندن یـان لەنـاوبردن و تێکـدانی پڕۆژەکـان تـانکی عەمباری ئـاو و هێڵەکـانی گواسـتنەوە و تۆڕەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ و قـوفلی ئـاو و مەنهـۆڵ و سـەری مەنهۆڵ، چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆکان، بۆڕی وەرگرتنی ئاوەڕۆکان هەر پێکهاتەیەکی تری ژێرخانی ئاو و ئاوەڕۆ دەگرێتەوە.

سێزدەیەم: زیادەڕۆیی: بەستنی بۆڕی بە تۆڕەکان و هێڵکانی گواستنەوەی ئاو و ئـاوەڕۆ و بەسـتنی تورومپای ئاو لە سەر بۆڕی سەرەکی تۆڕەکان، کار کردن لە محەرەماتی بۆڕی گواستنەوە و بەسـتنی ئاوی قورس بە تۆڕی ئاوەڕۆکان بە بێ مۆڵەت یان زیاتر لەوەی مۆڵەتی پێدراوە دەگرێتەوە.

چواردەیەم: محەرەمات: سنووری پڕۆژەی تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆیە کە نابێت هـیچ جـۆرە کـارێکی تێدا ئەنجام بدرێت وەك بیناسازی، دانان و راکێشانی تۆڕی ئەنتەرنێت، هێڵی کارەبا و ستوونەکانی، پـیس کردنـی سـەرچاوەی پـڕۆژە ئاویەکـان وە هەر کـارێکی دیـکە بە بـێ وەرگرتنـی رەزامەنـدی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

پـازدەیەم: هـاوبەش: هەر سـوودمەندێك بە پێـی مـۆڵەتی فەرمـی بەڕێـوەبەرایەتی و فەرمـانگە پەیوەندیدارەکان سوودی لە خزمەتگوزاری ئاو و ئاوەڕۆ وەرگرتبێت.

شـازدەیەم: لیـژنەی تـایبەت: ئەو لیـژنەیە کە کـاری بەدواداچـوون و چـاودێری و جێبەجـێ کردنـی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان سـەبارەت بە مـاددەی یەکـی پێشـنیازە یاسـاکە پێـنج پێشـنیاز هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی یەکەمە بـا بفەرمـووێ دەنـگ بـدات، کـێ لەگەڵـدایە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی دووەمە، کـێ لەگەڵـدایە؟ کەسـی لەگەڵ نیــیە، هەر بەڕێزێــك لەگەڵ پێشــنیازی ســێیەمە، کــێ لەگەڵــدایە؟ (٤) کەســی لەگەڵە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی چـوارەمە، کـێ لەگەڵـدایە؟ (٢) کەسـی لەگەڵە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیازی پێنجەمە وەك خۆی، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمـان پەسندکرا، ماددەی (٢).

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) چوار پێشنیاز هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنها لە بـڕگەی یەکەم و پێـنجەم بیـری ئـاو زیـاد بکرێـت بەم شێوەیە، یەکەم رێگری کردن لە سەرپێچی و زیادەڕۆیی و بۆ سەر پڕۆژە و تۆڕەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ و بیری ئاو، پێنجەم پێدانی دەسەڵات لە لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی نەهێشـتنی زێـدەڕۆیی و سەرپێچی بەسەر پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و بیری ئاو.

پێشنیازی دووەم: ماددەکە لابرێت.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی، ماددەی (٢).

ئامانجەکان:

یەکەم: ڕێگری کردن لە سەرپێچی و زیادەڕۆیی بۆ سەر پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.
دووەم: پاراستنی سامانی ئاو و پاك ڕاگرتنی ئاوی خواردنەوە و هاوبەشەکان و کەم کردنەوەی کێشەکانی ئاو.
سێیەم: ڕێگری کردن لە تێکەڵ بوونی ئاوی ئاوەڕۆ لەگەڵ ئاوی خواردنەوە بە هۆکاری زیادەڕۆیی لەسەر پرۆژە و تۆڕەکان بە مەبەستی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی و پاراستنی تەندروستی گشتی.
چوارەم: ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی.
پێنجەم: پێدانی دەسەڵات بە لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی نەهێشتنی زێدەڕۆیی و سەرپێچی بەسەر پڕۆژە و تۆرَەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.
پێشنیازی چوارەم: پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند، بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی لە ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیازکراون لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیازە دەخەینە ڕوو و داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان.
یەکەم: نەهێشتنی سەرپێچی و زێدەڕۆیی بۆ سەر پڕۆژەی تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ بە ڕێگاپێدانی دەسەڵات بە لایەنی پەیوەندیدار.
دووەم: پاك ڕاگرتنی ئاوی خواردنەوە و هاوبەشەکان و ڕێگری کردن لە بەهەدەردانی ئاو و تێکەڵ بوون بە ئاوەڕۆ بە مەبەستی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی و پاراستنی تەندروستی گشتی و ژینگە.
سێیەم: پاراستن و پەرەپێدانی ئاو وەك بەشێکی گرنگی سامانی گشتی.
چوارەم: سزادانی سەرپێچی کار و زێدەڕۆکار بۆ سەر پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (٢) چوار پێشنیار هەیە، بەڵێ فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی موناقەشە کردن پێشنیازی لابردنەکە کرا و لێرەش دانراوە، بەڵام لێرە هۆیەکانی دەرچوواندن لابراوە لە ڕاپۆرتەکە، ئایا هۆیەکانی دەرچوواندن دەهێڵینەوە؟ ئەگەر هۆیەکانی دەرچوواندن بمێنێتەوە لەوانەیە هەندێك لە هاوڕێیان دەنگ بدەن بەوەی کە ماددەکە لاببرێت، چونکە هەمان ئەو ئامانج و ئەهدافانەی تێدایە کە لە هۆیەکانی دەرچوواندن هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوە دەچێتە ناو موناقەشەوە، وە هۆیەکانی دەرچوواندنیش دەمێنێتەوە..

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

لابراوە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناکرێت لاببرێت...

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

له راپۆرتەکە لابراوە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم پێشنیار هەبوو کە ئەم ماددەیە لابرێت، هەندێك ئەندام دەڵێن مەسەلەن هۆیەکانی دەرچوواندن هەیە پێویست ناکات لێرە هەبێت، لە پێشنیاری دووەم ئەو پێشنیارە هەیە لە پێشنیاری دووەم دەڵێت ماددەکە لابرێت، بەڵام دواجار ئەندامانی پەرلەمان بڕیار دەدەن، وە سیاغەی ماددەکەش لە پێشنیاری هاوبەشدا لە داڕشتنەوەی سێ چوار ئەندام پەرلەمان حەز ناکەم ناویان بهێنم ئەوە سیاغەکی نوێمان بۆ ماددەی (٢) کردووە، بۆ ئەوەی عەینی شت نەبێت لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەوانەیە هەر لە ئیستنساخەکە هێن بووبێت، تا دەگەینە ئەوە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەیهێنێت، بەڵێ بەڕێز.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفووم بکە هۆیەکانی دەرچوواندن تێدایە، چۆن تێدا نییە؟ چوار پێشنیاریش هەیە لە سەر هۆیەکانی دەرچوواندن، هەیە مەوجوودە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان نابێت بچینە موناقەشە من وام زانی شتێکی موعەیەن هەیە کە غەڵەتمان کردووە، بەڵێ کاك دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە من لە ماددەی (٢) پێشنیارم کرد بڕگەیەك ئیزافە بکرێت پاڵپشتیشی هەبوو وە بە نووسینیش دام بە لیژنەی یاسایی، وە پێشنیارەکەم حەز دەکەم بخوێنمەوە بەو شێوەی خوارەوە، من پێشنیارم کرد کە بڕگەیەك بە تەسەلسوولی شەشەم ئیزافە بکرێت بۆ ماددەی (٢) ئەویش بەو شێوەی خوارەوە، دابین کردنی ئاو بۆ تەواوی هاووڵاتیان و شار و شارۆچکەکان بە شێوەیەکی یەکسان، من دەپرسم بەڕێز لیژنەی یاسایی بۆچی ئەم بڕگەی کە پاڵپشتیشی هەبوو ئەو پێشنیارە ئیزافە نەکرا؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان لە لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە ماددە (٢) ئەمانەی لەبەر دەستمانە بە راستی نازانم نووسینی کاك دکتۆر ڕێبوار تێیدا نییە وە ئیستنادییش لەسەر ڤیدیۆ دەکەم موحتەمەلە من ئاگام لێ نەبووبێت، بەڵام

موتەئەکیدم لە ڤیدیۆیەکەش نەبووە، ئەمەش هەموو پێشنیارەکان سەبارەت بە مادده (٢) هی هەموو ئەندامان کە قسەیان کردووە بە نووسین لایی من هەیە، جا نازانم لێرە نییە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەوانەیە پشتیوانی سێ ئەندامی نەبووبێت کاك دکتۆر، بەڵێ سوپاس دەخەیەنە دەنگدان ماددەی (٢) هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە با بفەرمووێ دەنگ بدات، کێ لەگەڵدایە؟ هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە با بفەرمووێ دەنگ بدات، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە وەك خۆی با بفەرمووێ دەنگ بدات، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ (١) ئەندامی بەڕێزی لەگەڵە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی چوارەمە پێشنیازی لیژنەی هاوبەش با بفەرمووێ دەنگ بدات، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ بە دەنگی (٧٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسندکرا.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) پێنج پێشنیاز هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت.

ماددەی (٣) لیژنە تایبەتەکان.

١ - لیژنە تایبەتەکان بۆ هەژمارکردنی جۆر و شێواز و سەرپێچی زێدەڕۆیی بۆ سەر تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە سنووری کارگێڕی خۆیدا.

٢ - لیژنەی تایبەت دوایی تەواو بوونی کارەکانی لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا ڕاپۆرت ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکات.

٣ - پێکهاتە و ئەرکەکانی لیژنە تایبەتەکان و ڕێکارەکانی مامەڵەکردنی لەگەڵ سەرپێچیکارو زێدەڕۆکار بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت.

پێشنیاری دووەم:

١/ ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت، ماددەی (٣) بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەسەڵاتی هەیە فەرمان بدات بە لیژنە تایبەتەکان بۆ هەژمار کردنی جۆر و شێوازی زێدەڕۆیی و سەرپێچییەکان لەسەر ئاستی سنووری دەسەڵاتی هەر بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەیەك.

٢/لیژنەی تایبەت بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەر یان لێپرسراوی فەرمانگە پێك دێت و هەر یەکەیان لە سنووری کارگێڕی خۆیدا بە هەماهەنگی و بەشداری لایەنە پەیوەندیدارەکان.

پێشنیاری سێیەم: بڕگەکانی یەکەم و دووەم لێك بدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە، لیژنەی تایبەت بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی یا بەڕێوەبەر یا لێپرسراوی فەرمانگە پێك دێت و هەر یەکەیان لە سنووری کارگێڕی خۆیدا بە هاوکاری و هەماهەنگی دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکە بەرپرسە لە گرتنە بەری سەرجەم ڕێ و شوێنە پێویستەکان بۆ پاراستنی تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمدا.

پێشنیاری چوارەم: وەك خۆی ماددەی (٣) بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەسەڵاتی پێدانی فەرمانی بە لیژنە تایبەتەکان هەیە بۆ هەژمار کردنی جۆر و شێوازی زیادەڕۆیی و سەرپێچییەکان لە سەر ئاستی سنووری دەسەڵاتی هەر بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەیەك.

٢/ لیژنەی تـایبەت بە فەرمـانی بەڕێـوەبەری گشـتی یـان بەڕێـوەبەر یـان لێپرسـراوی فەرمـانگە هەر یەکەیان لە سنووری کارگێڕی خۆیدا بە هەماهەنگی و بەشداری لایەنە پەیوەندیدارەکان پێك دێت.
٣/ لیژنەی تایبەت هەژماری جۆر و شێوەی سەرپێچی و زێدەڕۆییەکان دەکات بە راپۆرتێـك لایەنـی پەیوەندیـدار ئاگـادار دەکـاتەوە و لایەنـی بڕیـاردەریش بڕیـاری پێویسـت لە بـارەی سـەرپێچی یـا زێدەڕۆییەکە دەردەکات و بڕی سزاکە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دیاری دەکرێت.
٤/ پێکهاتە و ئەرکەکانی لیژنەی تایبەت بە رێنماییەك رێك دەخرێت لە لایەن وەزیرەوە دەردەچێت.
٥/ چۆنیەتی هۆشداری دان بەو کەسەی کە سەرپێچی یا زێدەڕۆیی دەکات و ئاگاداری کـردنەوەی لە جۆر و سـەرپێچی و زێـدەڕۆیی پێڕاگەیانـدنی سـزاکەیان بە رێنمـاییەك رێـك دەخرێـت کە لە لایەن وەزیرەوە دەردەچێت.
پێشنیازی پێنجەم: پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەیە لێ دەکرێت.
١/ لیژنەی تایبەت بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی یا بەڕێوەبەر یا لێپرسراوی فەرمانگە هەریەکەیـان لە سنووری کارگێڕی خۆیدا بە هەماهەنگی و بەشداری لایەنە پەیوەندیدارەکان پێك دێت.
٢/ بەڕێـوەبەری گشـتی دەسـەڵات بە لیـژنە تایبەتەکـان دەدات بـۆ هەژمـارکردنی جـۆر و شـێوەی زێدەڕۆیی و سەرپێچییەکان لە سنووری هەر بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەیەك.
٣/ لیـژنەی تـایبەت هەژمـارەی جـۆر و شـێوەی سـەرپێچی و زێـدەڕۆییەکان دەکـات و بە راپۆرتێـك لایەنی بڕیاردەر ئاگادار دەکاتەوە و لایەنـی بڕیـاردەریش بڕیـاری پێویسـت لە بـارەی سـەرپێچی یـا زێدەڕۆییەکە دەردەکات، بڕی سزاکە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دیاری دەکرێت.
٤/ پێکهـاتە و ئەرکەکـانی لیـژنەی تایبەتمەنـد بە رێنمـاییەك رێـك دەخرێـت لە لایەن وەزیـرەوە دەردەچێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر پێنج پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدان بۆ ماددەی (٣)، هەر ئەندامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە با بفەرمووێ دەنـگ بـدات، کـێ لەگەڵـدایە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی دووەمە بـا بفەرمـووێ دەنـگ بـدات، کـێ لەگەڵـدایە؟ بەڵـێ (٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشـنیازی سـێیەمە بـا بفەرمووێ دەنگ بدات، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشنیازی چوارەمە وەك خـۆی بـا بفەرمـووێ دەنـگ بـدات، کـێ لەگەڵـدایە؟ (٢) کەسـی لەگەڵە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی پێـنجەمە کە پێشـنیازی لیـژنەی هاوبەشـە بـا بفەرمووێ دەنگ بدات، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە (٨٠) دەنگ پەسندکرا، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) بـۆ ئەوەی گومـان لەسـەر ئیشـی لیژنەکەمـان دروسـت نەبێـت، تـایبەت بە ماددە (٢) پێشنیاری بەڕێز کاك دکتۆر (ڕێبوار) تەئکیدم کرد (٢٨) کەس پێشنیاریان هەیە و قسـەیان کردووە لەسەر ماددەی (٢)، تەسەلسوولی کاك دکتـۆر (ڕێبـوار) شـازدەیە، یەك پێشـنیاری هەبـوو بـۆ ماددەی (٢) دەڵێت ئەم ماددەیە لابرێت، چونکە هۆیەکانی دەرچوواندن هەیە هیچ بڕگە و شـتێکی تر ئیزافە نەبووە، مەحتەمەلەن غەڵەت تێگەیشتنێك لە ئەرقامی ماددەکان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٤) بخوێننەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (٤):

یەكەم: بەڕێوەبەری گشتی یا هەر كەسێك كە رایدەسپێردرێت دەسەڵاتی دادوەری و كەتنی لە سەپاندنی ئەو سزایانە هەیە كە لەم یاسایە هاتوون.

دووەم: بڕیاری سزای پێبژاردن شیاوی تانە لێدانە بە پێی یاسایی ئەنجومەنی شوورای بەركار لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ دەقی ماددەی (٤) وەك خۆی كە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە تەنها یەك پێشنیاز هەیە وەك خۆی، كێ لەگەڵدایە؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پەسندكرا، ماددەی (٥) فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) سێ پێشنیاز هەیە.

پێشنیاری یەكەم ماددەكە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆڕانكاریانەی خوارەوە.

١ - لە بڕگەی یەكەم دەستەواژەی (خەسڵەت) بكرێتە (رەوش)، وە بڕگەكە بەم شێوەیە لێ بكرێت:

یەكەم: سرباری سزاكانی هاتوو لەم یاسایە تێچووی چاككردنەوەی ئاو و گەڕانەوەی بۆ باری ئاسایی خۆی بە پێی رەوشی ئەندازەیی بەركارەكاندا دەخرێتە ئەستۆیی زێدەڕۆكار و سەرپێچیكار وە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی یا فەرمانگەی ئاو بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار جێبەجێ دەكرێت.

لە بڕگەی دووەمدا دەستەواژەی (جگە لە) بكرێتە (سەرباری)، وە دەستەواژەی (بڕ) بكرێتە (گوژمە)، خاڵی یەك بەم شێوەیە لێ بكرێت:

یەك: هەر كەس و لایەن و دامەزراوە و كۆمپانیا ئەم سەرپێچییانەی لەم یاسایە دا هاتووە ئەنجام بدات بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە.

پێشنیازی دووەم وەك خۆی.

ماددەی (٥)

یەكەم: سەرباری سزاكانی هاتوو لەم یاسایە دا تێچووی چاككردنەوەی تۆڕەكانی ئاو و پڕكردنەوەی سەر تۆڕی ئاو و گەڕانەوەی بۆ باری ئاسایی خۆی بە پێی خەسڵەتە ئەندازەییە بەركارەكان دەخرێتە ئەستۆیی زێدەڕۆكار و سەرپێچیكار و لە لایەن بەڕێوەبەر یا فەرمانگەی ئاو بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار جێبەجێ دەكرێت.

دووەم: جگە لەو تێچوونانەی لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە دا هاتوون:

١ - هەر کەسێك ئەم سەرپێچییانەی لەم یاسایە دا هاتوون ئەنجام بدات بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە:
أ- بڕێك کە لە (٢٥٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، ئەگەر سەرپێچی لە سەر بۆڕی ئاوی تیرەی (١,٥ تا ٣) ئینج بکات.
ب- بڕێك کە لە (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لە سەر بۆڕی ئاوی گەورەتر لە (٣ تا ٦) ئینج بوو.
ج-بڕێك کە لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لە سەر هێڵی ئاوی گەورەتر لە (٦ تا ١٢) ئینج بوو.
د- بڕێك کە لە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لە سەر هێڵی ئاوی گەورەتر لە (١٢ تا ٢٤) ئینج بوو.
ه-بڕێك کە لە (٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لە سەر هێڵی ئاوی گەورەتر لە (٢٤) ئینج بەرەو سەروو بوو.
٢ - هەرکەسێك ئەو زێدەڕۆییانەی کە لەم یاسایە دا هاتووە ئەنجام بدات بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە:
أ- بڕی (٤٥٠٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزار دینار لە کاتی بەستنەوەی بۆڕی تیرەی (٠,٥) ئینج بە تۆڕەکانی ئاو.
ب- بڕی (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار لە کاتی بەستنەوەی بۆڕی تیرەی (٣/٤) ئینج تۆڕەکانی ئاو.
ج- بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار لە کاتی بەستنەوەی بۆڕی تیرەی (٣/٤) ئینج بەرەو سەروو بۆ تۆڕەکانی ئاو.
د- بڕی (٢٥٠٠٠٠)دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت لە کاتی بەستنی تورومپای ئاوی راستەوخۆ لە سەر تۆڕی گواستنەوە و دابەشکردنی ئاوی شار و شارۆچکە و گوندەکان بە مەبەستی راکێشانی ئاو بە بێ رەزامەندی لیژنەی تایبەت سەرباری دەست بەسەر دا گرتنی تورومپا و گشت کەرەستە بەکارهێنراوەکان لە زێدەڕۆییەکەدا.
٣ - پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:
یەکەم: سەرەڕای سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا تێچووی چاککردنەوەی تۆڕەکانی ئاو و پڕکردنەوەی سەر تۆڕی ئاو و گەڕانەوەی بۆ باری ئاسایی خۆی بە پێی خەسڵەتە ئەندازەییە بەرکارەکان دەخرێتە ئەستۆی زێدەڕۆکار و سەرپێچیکار، وە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی یان فەرمانگەی ئاو بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار جێبەجێ دەکرێت.
دووەم: جگە لەو تێچوونانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتوون
١/ هەر کەسێك ئەم سەرپێچییانە لەم یاسایەدا هاتووە ئەنجام بدات بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە:
أ- بڕێك کە لە (٢٥٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لە سەر بۆڕی ئاوی تیرەی (٠,٥ تا ٣) ئینج بوو.

ب- بڕێك كە لە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (٦٠٠٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لە سەر بۆڕی ئاوی گەورەتر لە ( ٣ تا ٦) ئینج بوو.
ج- بڕێك كە لە (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (١٥٠٠٠٠٠) یەكملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لە سەر هێڵی ئاوی گەورەتر لە (٦ تا ١٢) ئینج بوو.
د- بڕێك كە لە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لە سەر هێڵی ئاوی گەورەتر لە (١٢ تا ٢٤) ئینج بوو.
ه- بڕێك كە لە (٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (٨٠٠٠٠٠٠) هەشت ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لە سەر هێڵی ئاوی گەورەتر لە (٢٤) ئینج بەرەو سەروو بوو.
٢/ هەر كەسێك ئەو زێدەڕۆییانەی لەم یاسایەدا هاتووە ئەنجام بدات بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە:
أ -بڕی (٤٥٠٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزار دینار لە كاتی بەستنەوەی بۆڕی تیرەی (٠,٥) ئینج بە تۆڕەكانی ئاو.
ب -بڕی (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار لە كاتی بەستنەوەی بۆڕی تیرەی (٣/٤) ئینج بە تۆڕەكانی ئاو.
ج- بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار لە كاتی بەستنەوەی بۆڕی تیرەی (٣/٤) ئینج بەرەو سەروو بە تۆڕەكانی ئاو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٥) سێ پێشنیاز هەیە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەكەمە با بفەرمووێ دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵدایە؟ كەسی لەگەڵ نییە،، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە وەك خۆی با بفەرمووێ دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵدایە؟ كەسی لەگەڵ نییە،، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی لیژنەی هاوبەشە كەپێشنیازی سێیەمە با بفەرمووێ دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ سوپاس بە دەنگی (٨٣) ئەندامی پەرلەمان پەسندكرا، ماددەی (٦).

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦) دوو پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەكەم: ماددەكە وەك خۆی تەنیا ئەو گۆڕانكاریانەی خوارەوە:
١/ بڕگەی یەكەم بەو شێوەیە لێ بكرێت:
یەكەم: هەر كەسێك سەرەڕای ئەنجامدانی سەرپێچی یان زیادەڕۆییەك كە لەم یاسایەدا هاتووە كەرەستەیەكی پڕۆژە و تۆڕەكانی ئاو ببات سەرەڕای هەر سزایەك كە لە یاسا بەركارەكان هاتووە بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت كە بڕەكەی یا گوژمەكەی لە سەر بەهای كەرەستەكە دادەنرێت و دەبێت (٣٠٠%) ئەو بەهایە زیاتر بێت و پێبژاردنی لە سەر جێبەجێ بكرێت.
٢/ بڕگەی دووەم بەم شێوەیە لێ بكرێت:

دووەم: هەر کەسێك بە مەبەستی کڕین و فرۆشتنی ئەم کارەی بڕگەی یەکەم ئەنجام بدات و ئەوە جگە لە یاسا بەرکارەکان بە گوژمەی (٣٠٠% هەتا ٥٠٠%) بەهای کەرەستەکە پێبژاردنی پێ بکرێت.
پێشنیاری دووەم وەك خۆی.
یەکەم: هەر کەسێك سەرەڕای ئەنجامدانی سەرپێچی یان زیادەڕۆییەك کە لەم یاسایە دا هاتووە کەرەستەیەك یا پڕۆژەیەك بۆ تۆڕەکانی ئاو بىات سەرەڕای هەر سزایەك کە لە یاسا بەرکارەکان هاتووە بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت کە لە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر دانەیەك، حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بە سەر هەر کەسێك جێبەجێ دەکرێت کە کڕین و فرۆشتنی بەو کەرەستە بردراوانەوە بکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر رووخسەت هەیە پێش ئەوەی بیخەیتە دەنگدان روونکردنەوەیەك دیارە لێرە لە رێژەکان ئەندامێکی بەڕێز پێشنیاری کردووە دووجار (٣٠٠%) (٥٠٠%) ئەمە لە رووی رێژەییەوە ناگونجێت واتا واقعی نییە نەدەبوو داینێین، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی ئەندامان زۆر جار گلەیی دەکەن دەڵێن پێشنیارەکەی ئێمە دانەنراوە، بەڵام ئەو پێشنیارە کە دادەنرێت دەبێت هەم لەگەڵ قانوون و هەم لەگەڵ واقع بگونجێت، بە رێژە ناگونجێت (٣٠٠%) هەبێت (٥٠٠%) هەبێت، بۆیە داماناوە داوا دەکەین هەر ئەندامێکی بەڕێز لە ئێستا بەدواوە پێشنیارێکی کرد ئەگەر دامان نەنا دیارە هۆکارێکی هەیە کە گونجاندنێکی لەگەڵ واقع و یاسایەکی بەرکار نییە ناگونجێت، وە بەم شێوازەش کە دایدەنێین دواتر بە ئێمە دەوترێت باشە چۆن دەبێت ئێوە رێژەیەك دابنێین (٣٠٠%) یا (٥٠٠%)، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك جلال، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ماددەی (٦) دوو پێشنیاز هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ (٢) ئەندامی بەڕێزی لەگەڵە، سەبارەت بە پێشنیازی دووەم هەرئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە وەك خۆی، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ماددەکە پەسندکرا،ماددەی (٧) فەرموون.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) چوار پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنها خاڵی (٢) لە بڕگەی یەکەم لاببرێت.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی تەنها خاڵی (١) لە بڕگەی یەکەم پێبژاردنەکە لە (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بکرێتە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار.
پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی.
ماددەی (٧)
یەکەم: هاوبەش بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت لەم بارانەی خوارەوە:
أ - بە بڕی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار ئاو گەڕاوەکەی (تەوافە) لە سەر عەمباری ئاوەکە نەبسترا بوو.

ب -به بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینارئەگەر دەستکاری پێوەری ئاو و پاشکۆکانی بکات.
ج- بە بڕێك كە لە (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت بە گوێرەی تیرەی بۆڕییەکە ئەگەر بە بێ مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە لە یەك هاوبەش زیاتری هەبوو.
دووەم: نرخی ئەو ئاوەی کە هاوبەشە لە تۆڕەکانی ئاو بە پێی حوکمی بڕگە یەکی ئەم ماددەیە بە فیڕۆ دراوە بە پێی ماوە و نرخی کارپێکراو لە هاوبەش وەردەگیرێت و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانەوە هەژمار دەکرێت.
پێشنیاری چوارەم: پێشنیازی هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەکو خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەی بەم شێوەیە:
خاڵی دووەم لەم بڕگەیە لابرێت.
خاڵی سێیەم بەم شێوەیە لێ بکرێت، بە بڕێك كە لە (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بە گوێرەی تیرەی بۆڕییەکە ئەگەر بە بێ مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە لە یەك هاوبەش زیاتری هەبوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی حەوت چوار پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ (٢) ئەندامی بەڕێزی لەگەڵە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە وەك خۆی، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی چوارەمە پێشنیازی لیژنەی هاوبەش با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەڵێت خاڵی دووەم لە بڕگەی دووەم لابرێت، بڕگەی دووەم خاڵی لەگەڵ نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەوانەیە لە رووی رەقەمییەوە غەڵەتیان کردبێت، من دەزانم چییان لابردووە کاك بەڵێن، وازحە چییان لابردووە خۆیان دەزانن چییان لابردووە، یەك لەحزە دەستتان دانێن تا روونکردنەوەمان دەدەنێ.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لای ئێمە وایە خاڵی دووەم لە بڕگەی یەکەم لابرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی راستی کردەوە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە کە پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٥) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی (٨).

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە.

یەکەم: لە بڕگەی یەکەم دەستەواژەی (ئاکارە ئەندازیارییەکان) بکرێتە (ستاندارە ئەندازیارییەکان).

لە بـڕگەی دووەمـدا دەسـتەواژەی (سـزا دەدرێـت) لابرێـت و پێشـەکی بـڕگەکە بەم شـێوازە لـێ بکرێت.

دووەم: هەر کەسێك سەرپێچی و زیادەڕۆیی لەسەر تۆڕەکانی ئاوەڕۆ ئەنجام بـدات سـەرباری پـێ چاککردنەوە بە پێویست دەکرێـت سزا دەدرێت بە پێبژاردنێك بەم شێوەیە.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.

ماددەی (٨):

یەکەم: هەر کەسـێك سـەرپێچی و زیـادەڕۆیی لە سـەر تۆڕەکـانی ئـاوەڕۆ ئەنجـام بـدات تێچـووی چاککردنەوە و پڕکردنەوە بە شێوەی ئەنـدازەیی داپۆشـین و گەڕانەوەی بـۆ بـاری ئاسـایی خـۆی بە پێی ئاکارە ئەندازەییە بەرکارەکان دەخرێتە ئەستۆیی و لە لایەن بەڕێـوەبەرایەتی یـان فەرمـانگەی ئاو و ئاوەڕۆ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار جێبەجێ دەکرێت.

دووەم: هەر کەسێك سەرپێچی و زیادەڕۆیی لەسەر تۆڕەکانی ئـاوەڕۆ ئەنجـام بـدات سـەرباری پـێ چاککردنەوەیبە پێبژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە:

١ - بڕی (١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆ تیرەی (٢٠-٤٠) سم.

٢ - بڕی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆ تیرەی (٤٥-٧٥) سم.

٣ - بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆ تیرەی (٨٠-١٢٠) سم.

٤ - (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆ تیرەی ( ١٢٥- ١٨٠)سم.

٥ - بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆ تیرەی (١٨٥-٢٦٠)سم.

٦ - بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆی سندوقی بە هەموو ئەندازەکانییەوە.

٧ - بەبڕێك لە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینـار کەمتـر نەبێـت و لە (٣٠٠٠٠٠) سـێ سـەد هەزار دینـار زیـاتر نەبێت بە هۆی فڕێ دانی هەر ماددەیەك یان پاشـەڕۆیێك کە کـاریگەری هەبێـت لەسـەر توانـای ناو شۆڕکردنی تۆڕی ئاوەڕۆ.

٨ - بڕێك کە لە (٦٠٠٠٠٠) شـەش سـەد هەزار دینـار کەمتـر نەبێـت و لە (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیـۆن و پێـنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بە هۆی بەستنەوەی ئاوەڕۆکە بە بێ مـۆڵەتی بەڕێـوەبەرایەتی یـا فەرمانگەکە.

پشـنیاری سـێیەم پێشـنیاری هەردوو لیـژنەی تایبەتمەنـد: مـاددەکە وەك خـۆی تەنیـا لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوە بەم شێوەیە:

یەکەم: کەسـی سـەرپێچیکار و زیادەڕۆکـار لەسـەر تۆڕەکـانی ئـاوەڕۆ تێچـووی چـاککردنەوە و پڕکـردنەوەی بە شـێوەی ئەنـدازەییو داپۆشـین و گەڕانـدنەوەی بـۆ بـاری ئاسـایی خـۆی بە پێـی خەسڵەتە ئەندازەییە بەرکارەکان دەخرێتە ئەستۆی.

دووەم: کەسی سەرپێچیکار و زیادەڕۆکار لەسەر تۆڕەکانی ئاوەڕۆ سەرەڕای چاککردنەوەی بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە:

١ - بڕی (١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆ تیرەی (٢٠-٤٠) سم.

٢ - بڕی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆ تیرەی (٤٥-٧٥) سم.

٣ - بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆ تیرەی (٨٠-١٢٠) سم.

٤ - بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆ تیرەی (١٢٥-١٨٠) سم.

٥ - بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆ تیرەی (١٨٥-١٦٠) سم.

٦ - بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆی سندوقی بە هەموو ئەندازەکانییەوە.

٧ - بڕێك کە لە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، بە هۆی فرێدانی هەر ماددەیك یان پاشەڕۆیەك کە کاریگەری هەبێت لەسەر توانای ئاو و شۆڕ کردنەوەی تۆڕی ئاوەڕۆ بە بڕێك کە لە (٦٠٠٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بە هۆی بەستنەوەی ئاوەڕۆکە بە بێ مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی یا فەرمانگە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماددەی (٨) ئێمە سێ پێشنیازمان هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە با بفەرمووێ دەنگ بدات، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە با بفەرمووێ دەنگ بدات، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی لیژنەی هاوبەشە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٩) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، کاك دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە خرایە دەنگدان دەبوا نوقتە نیزامەکە وەرگیرابا پێش ئەوەی بخرایە دەنگدان، لە پێشنیازی یەکەم پەیوەست بە ماددەی (٨) لە خاڵی دووەم دەڵێت هەر کەسێك سەرپێچی و زیادەڕۆیی لەسەر تۆڕەکانی ئاوەڕۆ ئەنجام بدات سەرباری پێ چاککردنەوەی پەیوەست دەکرێت بە پێژاردنێك بەو شێوەیە، کوا پێبژاردنەکە؟ بڕەکە دیاری نەکراوە

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر وەك خۆی ماوەتەوە بەس دیباجەکەی گۆڕیوە، ئەو کەسەی پێشنیازەکەی کردووە مەبەستی گۆڕینی دیباجەی فەقەرەکە بووە نەك رەقەمەکە..

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

باس لە پێبژاردن دەکات..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر وەك خۆی لە سەرەتای پێشنیازەکە دەڵێت ماددەکە وەك خۆی جگە لەم گۆڕانکارییانە، واتا بەس داوای گۆڕینی دیباجەکەی کردووە، ئەوە گۆڕاوە کە خەتی بە ژێردا هاتووە و بۆڵد کراوە، بەڵێ ماددە (٩).

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٩) سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیە لی بکرێت:

سەرەڕای گەڕاندنەوەی کەرەستەی بردراو یان لە ئەستۆ گرتنی کڕینەوەی بە نرخی رۆژ سەرپێچیکار بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە:

١ - بڕی (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار بەرامبەر بردنی تۆڕی (مشبك)ی سەر چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆ.

٢ - بڕی (٢٥٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بەرامبەر بردنی تۆڕی سەر چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆ بە چوارچێوەکەیەوە.

٣ - بڕی (٤٠٠٠٠٠)چوار سەد هەزار دینار بەرامبەر بردنی قەپاغی مەنهۆڵ.

٤ - بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بەرامبەر بردنی قەپاغی مەنهۆڵ بە چوارچێوەکەیەوە.

پێشنیاری دووەم:ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:

هەر کەسێك سەرپێچی بکات بۆ سەر تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ پەیوەست دەکرێت بە پێبژاردنێك کە (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

پێشنیاری سێیەم:وەك خۆی.

ماددەی (٩)

سەرەڕای گەڕاندنەوەی کەرەستەی بردراو یان لە ئەستۆ گرتنی کڕینەوەی بە نرخی رۆژ سەرپێچیکار بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە:

١ - بڕی (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار بەرامبەر بردنی تۆڕی (مشبك)ی سەر چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆ.

٢ - بڕی (٢٥٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بەرامبەر بردنی تۆڕی سەر چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆ بە چوارچێوەکەیەوە.

٣ - بڕی (٤٠٠٠٠٠)چوار سەد هەزار دینار بەرامبەر بردنی قەپاغی مەنهۆڵ.

٤ - بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بەرامبەر بردنی قەپاغی مەنهۆڵ بە چوارچێوەکەیەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەبارەت بە مادەی (٩) سێ پێشنیار هەیە بەڕێزان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە با بفەرمووێ دەنگ بدات، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە با بفەرمووێ دەنگ بدات، کێ لەگەڵدایە؟ (٢) کەسی لەگەڵە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە وەك خۆی با بفەرمووێ دەنگ بدات، کێ لەگەڵدایە؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٢) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، مادده (١٠).

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٠) دوو پێشنیاز هەیە.

پێشنیاری یەکەم: بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە لێ بکرێت:
یەکەم: سەرپێچیکار پەیوەست دەکرێت بە پێبژاردنێـك کە دوو هێنـدە بێـت لە بـارەی گەڕانەوەی بۆ سەر هەمان سەرپێچی لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی کەرەستەکانیش.
دووەم: لە بڕگەی دووەم دەستەواژەی (بە دۆخی توندکراو دادەنرێت) لاببرێت.
سێیەم: بڕگەی سێیەم لاببرێت.
چوارەم: دەستەواژەی (سزا) لەم ماددەیە لاببرێت.
پێشنیاری دووەم: وەك خۆی.
ماددەی (١٠):
یەکەم: هەر کەسێك بۆ جاری دووەم زیادەڕۆیی لە رێگای پرۆسـەی بەسـتنەوە ئەنجـام بـدات، بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت کە لە (٥٠٠٠٠) پێـنج سـەد هەزار دینـار کەمتـر نەبێـت و لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی کەرەرستەکان.
دووەم: ئەم بارانەی خوارەوە بە دۆخی توندکراو دادەنرێت:
١ - ئەگەر زیادەڕۆیی لە لایەن کەسێکی هونەریی یان پیشەوەریی ئەنجام بدرێت.
٢ - ئەگەر زیادەڕۆیی لە لایەن فەرمانبەرانی وەزارەت ئەنجام بدرێت.
٣ - ئەگەر زیادەڕۆکـار لەسـەر ئەو تـۆڕەی ك زیـادەڕۆیی لەسـەر کـردووە رێـگە بە زیـادەڕۆیی یـان سەرپێچی کەسانی تر بدات.
سـێیەم: سـەرباری ئەو سـزایەی کەلە خـاڵی (٢)ی بـڕگەی (دووەم)ی ئەم مـاددەیەدا هـاتووە، فەرمانبەران لە حوکمەکانی یاسایی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتـی بەرکـار لە هەرێـم بەدەر ناکرێن.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێـزان سـەبارەت بە مـادەی (١٠) دوو پێشـنیار هەیە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی یەکەمە بـا بفەرمـووێ دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵـدایە؟ (١) ئەنـدامی لەگەڵە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی دووەمە وەك خـۆی بـا بفەرمـووێ دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵـدایە؟ سـوپاس بە دەنگـی (٧٢) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـندکرا، مـاددەی (١١)، بەڕێزان تۆزێك پرۆسەکە سەریع بکەن، فەرموون ماددەی (١١).
**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١١) هەشت پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیـا لە خاڵەکـانی (١ و ٢ و ٣) لە بـڕگەی یەکەم دەسـتەواژەی (لە ئەستۆی لێ خۆی پاك دەکاتەوە) بکرێتە (ئەو پێبژاردنە بدات).
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی دووەم لاببرێت.
پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی (٣) لە بڕگەی دووەم لاببرێت.
پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی (١) لە بڕگەی دووەم لاببرێت.
پێشنیاری پێنجەم: بڕگەی یەکەم لاببرێت و خاڵەکانی (١ و ٢) لە بڕگەی دووەم لاببرێت.
پێشنیاری شەشەم: خاڵی (٢) لە بڕگەی دووەم بەم شێوەیە لێ بکرێت.

٢ - ئەگەر وەرگرتنی بڕیاری پێبژاردنی بڕیار لێ دراو بە پێی خاڵی (١) ئەم بڕگەیە مەحاڵ بوو ئەوە دۆسیەی سەرپێچیکار یا زێدەڕۆکار ڕەوانەی دادگایی تایبەتمەندی ناوچەکە دەکرێت.

پێشنیاری حەوتەم: وەك خۆی.

مادده (١١):

یەکەم:

١ - بڕی ئەو پێبژاردانانەی کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بڕیاری لێ دەدرێت بە ڕێژەی (٣٠%) سی لە سەد کەم دەکرێتەوە، ئەگەر سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە لە ئەستۆی خۆی لێ پاك بکاتەوە.

٢ - بڕی پێبژاردنەکە بە ڕێژەی (١٥%) پازدە لە سەد کەم دەکرێتەوە، ئەگەر سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە لە ئەستۆیی خۆی لێ پاك بکاتەوە.

٣ - بڕی پێبژاردنەکە بە ڕێژەی (١٠%) دە لە سەد کەم دەکرێتەوە، ئەگەر سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە لە ئەستۆیی خۆی لێ پاك بکاتەوە.

دووەم:

١ - ئەگەر زیادەڕۆکار یان سەرپێچیکار ئامادە نەبوو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بڕی پێبژاردنەکە بدات، ئەوا بە پێی یاسایی وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکومەت ژمارە (٥٦)ی ساڵی (١٩٧٧)ی هەمووارکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٢ - ئەگەر وەرگرتنی بڕی پێبژاردن بڕیار لێ دراو بە پێی خاڵی (١) ئەم بڕگەیە مەحاڵ بوو دۆسیەی سەرپێچیکار یان زێدەڕۆکار ڕەوانەی دادگای تایبەتمەندی ناوچەکە دەکرێت، بە بەندکردنی بۆ ماوەی کە لە (٣) سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە (٦) شەش مانگ زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت.

٣ - حوکمدراو بە پێی خاڵی (٢) لەم بڕگەیە ئەگەر ماوەی بەندکردنەکە تەواو بێت تا بڕی پێبژاردن بڕیار لێدراو ڕادەست نەکات ئازاد ناکرێت.

پێشنیاری هەشتەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەکوو خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوە:

١ - بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە لێ بکرێت:

بڕی ئەو پێبژاردنانە کە بێ حوکمەکانی ئەم یاسایە بڕیاری لێ دەدرێت بە ڕێژەی (٣٠%) سی لە سەد کەم دەکرێتەوە ئەگەر سەرپێچیکار یا زیادەڕۆکار لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە ئەم پێبژاردنانە بدات.

٢ - بڕی پێبژاردنەکە بە ڕێژەی (١٥%) پازدە لە سەد کەم دەکرێتەوە ئەگەر سەرپێچیکار یا زیادەڕۆکار لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە ئەم پێبژاردنانە بدات.

٣ - بڕی پێبژاردنەکە بە ڕێژەی (١٠%) دە لە سەد کەم دەکرێتەوە ئەگەر سەرپێچیکار یا زیادەڕۆکار لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە ئەم پێبژاردنانە بدات.

سێیەم: هەردوو خاڵی (٢ و ٣) لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە لابرێت و بەم شێوەیە لێ بکرێت:

ئەگەر زیادەڕۆکار یا سەرپێچیکار ئامادە نەبوو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بڕی پێبژاردنەکە بـدات ئەوا بە پێـی یاسـایی وەرگـرتنەوەی قەرزەکـانی حکـومەت ژمـارە (٥٦)ی سـاڵی (١٩٧٧)ی هەموارکراو مامەڵە لەگەڵ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (١١) هەشت پێشـنیاز هەیە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی یەکەمە بـا بفەمـووت دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵـدایە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی دووەمە، کـێ لەگەڵـدایە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی چـوارەمە، کـێ لەگەڵـدایە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی پێـنجەمە، کـێ لەگەڵـدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی شەشەمە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی حەوتەمە وەك خـۆی، کـێ لەگەڵـدایە؟ (٢) کەسـی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشـنیازی لێـژنەی هاوبەشـە،کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگـی (٦٨) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسندکرا، مادده (١٢).

**بەڕێز نزار ملا غفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا دەستەواژەی (محەرەمات) بکرێتە (پاوەن).

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوە:

١ - لە خاڵ (٥) لە بڕگەی یەکەمدا (١٠) دە مەتر بکرێتە (٢٠) بیست مەتر.

٢ - بڕگەی دووەم بکرێتە دوو خاڵ بەم شێوەیە:

دووەم: هیچ جۆرە ئاوەڕۆیەك نابێت لەسەر بەستنی وەرگرتنی پڕۆژەکانی ئاو نزیك بێت.

پێشنیاری سێیەم: بڕگەیەك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت بە زنجیرەی بڕگەی چوارەم و بەم شێوەیە:

چوارەم: کارگەکانی پاڵاوتنی نەوت و پلاستیکەکان و مەوادەکەی لە (٢٠) بیسـت کیلـۆمەتر کەمتـر نەبێت.

پێشنیاری چوارەم: وەك خۆی.

ماددەی (١٢):

یەکەم: محەرەماتی پڕۆژەکانی ئاو بەم شێوەی خوارەوە ئەژمار دەکرێت:

١ - بۆ محەرەماتی بیری ئاوی خواردنەوە لە سەنتەری بیرەکە (١٥) پازدە مەتر بێت.

٢ - بۆ محەرەماتی کانییەکان و بیرە رووکارییەکان (٢٥) بیست و پێنج مەتر کەمترنەبێت.

٣ - بۆ محەرەماتی پڕۆژەی وێستگەکانی ئاو لە شۆرەکەی (٢٥) بیست و پێنج مەتر.

٤ - بۆ محەرەماتی وێستگەی لاوەکی ئاو لە شۆرەکەی (١٥) پازدە مەتر.

٥ - بۆ محەرەماتی خەزانی سەر زەوی و ژێر زەوی لە شۆرەکەی (١٠) دە مەتر بێت.

٦ - بۆ محەرەماتی خەزانی بڵند بە پێوانەی (بەرزییەکەی ٥،١) دەبێت.

دووەم: کـارگەی چەو و لـم دەبێـت لایەنـی کەم (٣) سـێ کیلـۆمەتر دوور بێت لە بەشـی وەرگرتنـی پڕۆژەکـانی ئـاو ئەگەر کەوتبـووە بەشـی سـەرەوەی وەرگـری پـڕۆژەکە، و (١) کیلـۆمەتر دوور بێـت

ئەگەر کەوتبــووە بەشــی خــوارەوەی وەرگــری پــڕۆژەکە و لە هەر دوو دیــوی رووبــارەکە، لەگەڵ جێبەجێ کردنی گشت رێکارەکانی پاك راگرتنی رێڕەوی سەرەکی رووبار و سەرچاوەکان لە هەر جۆرێکی پیس بوون.
سـێیەم: پــڕۆژە و کێڵگەکـانی بەخێـوکردنی ئـاژەڵ و پەلەوەر و ماســی، پێویســتە دووریــان لە کانییەکان و بیرە رووکارییەکان و پرۆژەکانی پاڵاوتنی ئاو و ئاوەڕۆ لە (٥٠٠) پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ســەبارەت بە مــاددەی (١٢) چــوار پێشــنیار هەیە، پێشـنیازی یەکەم وەردەگــرین، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە، کێ لەگەڵدایە؟ (١) ئەنـدامی لەگەڵە، پێشـنیازی دووەم هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی سێیەم هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە، کێ لەگەڵدایە؟ (١) کەسی لەگەڵە، پێشنیازی چوارەم وەك خـۆی هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە، کـێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ زۆر سـوپاس بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا.

**بەڕێز نزار ملا غفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣)...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك حکمت قسەی هەیە.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکم هەیە، ماددەی (١١) هەشت پێشنیاری هەبوو لە هەر هەشـت پێشـنیاریش تەنیـا ئەوەی لیژنەکـانی هـاوبەش دەنگمـان لەسـەر دا یەك کەس نەبـوو ئەو حەوت پێشـنیاری تـر نـازانم کێـنە ئەوها کات دەگرن، دوایی ئەوەش خەڵکێکی لە پێش ئـێمەیە ئەوەی پێشـنیار دەکـات حەز دەکەم لەسەر پێشنیاری خۆی بسەکنیت و دەنگی پێ بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵــێ زۆر ســوپاس، ئـێمە لە ســەرۆکایەتی وە بەڕێــزان لە لیــژنە تایبەتمەنــدەکان مــولزەمن بە ناوەڕۆکی پەیـڕەوی نـاوخۆ، ئەویـش ئەوەیە هەر پێشـنیازێك سـێ کەس پشـتیوانی کـرد دەبێـت داینێین، جا ئەوان خۆیان دەنگ نادەن بیریان چووە یان مەسەلەن رەنگە رەئیان گۆڕابێت، رەنگە بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەکانیان کردبێت، ئێمە ناتوانین بڵێین بـۆ دەنـگ نـادەن، ئـێمە دەخەیـنە دەنگدان و هەر کەس دەنگ دەدات بەوەی کە خۆی قەناعەتی پێیەتی، بەڵێ ماددەی (١٣).

**بەڕێز نزار ملا غفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣) سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەکانی یەکەم و دووەم بەم شێوەیە لێ بکرێت:

١ - محەرەماتی تۆڕەکانی ئاو لە سەنتەری بۆڕی بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت:

یەکەم: بۆ تۆڕەکانی دابەشکردنی محەرەماتی بۆڕی ئاو کە تیرەکەی تا (٨) ئینج بێت (١،٥) یەك مەتر و نیو بێت.

٢ - بۆ تۆڕەکانی گواستنەوە لە ناو سنووری شارەوانییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژمار دەکرێت:

١ - بۆ محەرەماتی هێڵی ئاو زیاتر لە تیرەی (٨-١٦) ئینج (٢) مەتر.

٢ - بۆ محەرەماتی هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرەی (١٦-٢٤) ئینج (٣) مەتر.

٣ - بۆ محەرەماتی هێڵی ئاو تیرەی (٢٤) ئینج بەرەو سەرەوە (٣،٥) سێ مەتر و نیو زیاتر بە گوێرەی پێویست و هەبوونی مەودای پێویست.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی.

ماددەی (١٣)

١ - محەرەماتی تۆڕەکانی ئاو لە سەنتەری بۆڕی بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت:

یەکەم: بۆ تۆڕەکانی دابەشکردنی محەرەماتی بۆڕی ئاو کە تیرەکەی تا (٨) ئینج بێت (١) یەك مەتر بێت.

٢ - بۆ تۆڕەکانی گواستنەوە لە ناو سنووری شارەوانییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژمار دەکرێت:

١ - بۆ محەرەماتی هێڵی ئاو زیاتر لە تیرەی (٨-١٦) ئینج (١،٥) یەك مەتر و نیو.

٢ - بۆ محەرەماتی هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرەی (١٦-٢٤) ئینج (٢) دوو مەتر.

٣ - بۆ محەرەماتی هێڵی ئاو تیرەی (٢٤) ئینج بەرەو سەرەوە (٣،٥) سێ مەتر و نیو یان زیاتر و بە گوێرەی پێویست و هەبوونی مەودای پێویست.

٣- بۆ تۆڕەکانی گواستنەوە بۆ تۆڕەکانی گواستنەوە لە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت:

١ - بۆ محەرەماتی هێڵی ئاو زیاتر لە تیرەی (٨-١٦) ئینج (٤) چوار مەتر.

٢ - بۆ محەرەماتی هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرەی (١٦-٢٤) ئینج (٧) حەوت مەتر.

٣ - بۆ محەرەماتی هێڵی ئاو تیرەی (٢٤) ئینج بەرەو سەرەوە (١٠) دە مەتر.

پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:

محەرەماتی تۆڕەکانی ئاو لە سەنتەری بۆڕی بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت:

یەکەم: بۆ تۆڕەکانی دابەشکردنی محەرەماتی بۆڕی ئاو کە تیرەکەی تا (٨) هەشت ئینج بێت لە (١) یەك مەتر کەمتر نەبێت.

دووەم: بۆ تۆڕەکانی گواستنەوە لە ناو سنووری شارەوانییەکان بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت:

١ - هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرەی (٨-١٦) ئینج (١،٥)یەك مەتر و نیو کەمتر نەبێت.

٢ - هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرەی (١٦-٢٤) ئینج (٢) دوو مەتر کەمتر نەبێت.

٣ - هێڵی ئاوی تیرەی (٢٤) ئینج زیاتر (٣،٥) سێ مەتر و نیو یان زیاتر بە گوێرەی پێویست و هەبوونی مەودای پێویست.

سێیەم: بۆ تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاو لە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت:

١ - هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرەی (٨-١٦) ئینج (٤) چوار مەتر کەمتر نەبێت.

٢ - هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرەی (١٦-٢٤) ئینج (٧) حەوت مەتر کەمتر نەبێت.

٣ - هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرەی (٢٤)ئینج (١٠) دە مەتر کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان بۆ ماددەی (١٣) سێ پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە، کێ لەگەڵدایە؟ (١) ئەندام، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنازی دووەمە وەك خۆی، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی لیژنەی هاوبەشە پێشنیازی سێیەمە، کێ لەگەڵدایە؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٧) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی (١٤).

**بەڕێز عباس فتاح صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: لە بڕگەی یەکەم دەستەواژەی (بێ ڕەزامەندی) لابیرێت.

پێشنیاری دووەم: بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە لێ بکرێت:

نابێت لە سنووری ڕێگا پێنەدراوەکانی پڕۆژە و تۆڕەکاندا بەدەر لە حوکمەکانی ئەم یاسایە هیچ جۆرە کارێکی وەکو بیناسازی، راکێشانی تۆڕی ئەنتەرنێت، کارەبا و دانانی ستوونی کارەبا ئەنجام بدرێت.

پێشنیاری دووەم: لە بڕگەی دووەم (ئاکار) بکرێتە (خەسڵەت)، خاڵی یەکەم بەم شێوەیە لێ بکرێت:

تێچووی لادانی زێدەڕۆیی لەسەر ڕێگا پێنەدراوەکانی پڕۆژەکانی ئاو و گەڕاندنەوەی بە پێی خەسڵەتە ئەندازەیی و بەرکارکان بۆ باری ئاسایی پێش زیادەڕۆکە دەخرێتە ئەستۆی زیادەڕۆکار و دەبێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆ و بە هەماهەنگی لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار ئەنجام بدرێت.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی.

ماددەی (١٤)

یەکەم: لە سنووری محەرەماتی پڕۆژە و تۆڕەکان نابێت بە بێ وەرگرتن و ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هیچ جۆرە کارێك ئەنجام بدرێت وەك بیناسازی، راکێشانی تۆڕی ئەنتەرنێت و کارەبا، دانانی ستوونی کارەبا و پیسکردنی سەرچاوە و پڕۆژە ئاوییەکان یان هەر کارێکی دیکە.

دووەم:

١ - تێچووی لادانانی زیادەڕۆیی لەسەر محەرەماتی پڕۆژەکانی ئاو و گەڕانەوەی بۆ باری ئاسایی، پێش زیادەڕۆییەکە بە پێی خەسڵەتە ئەندازەییە بەرکارەکان دەخرێتە ئەستۆی زیادەڕۆکار و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆ و بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارەکار ئەنجام دەدرێت.

٢ - سـەربارى لە ئەسـتۆگرتنى تێچـووى لادانـى زيـادەڕۆييەكە بە پێـى خـاڵى (١)ى ئەم بـڕگەيە زيادەڕۆكار بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت كە لە (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد و پەنجـا هەزار دينـار كەمتـر نەبێت لە (١٥٠٠٠٠٠) يەك مليۆن و پێنج سەد هەزار دينار زياتر نەبێت.

پێشنيازى چوارەم:پێشنيارى هەردوو ليژنەى تايبەتمەنـد تەنيـا بـڕگەى يەكەمـى ئەم مـاددەيە بەم شێوەيە لێ بكرێت:

يەكەم: لە سـنوورى محەرەمـاتى پـڕۆژە و تۆڕەكـان نابێـت بە بـێ وەرگرتنـى ڕەزامەنـدى لايەنـى پەيوەنديـدار هـيچ جـۆرە كارێـك ئەنجـام بـدرێت وەك بيناسـازى، ڕاكێشـانى تـۆڕى ئەنتەرنێـت و كارەبا، دانانى ستوونى كارەبا يان هەر كارێكى ديكە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڵـێ سـوپاس، بەڕێـزان مـاددەى (١٤) چـوار پێشـنياز هەيە نەك سـێ، هەر ئەنـدامێكى بەڕێـزى پەرلەمان لەگەڵ پێشنيازى يەكەمە، كێ لەگەڵدايە؟ (١) كەس، هەر ئەنـدامێكى بەڕێزى پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنيازى دووەمە، كـێ لەگەڵـدايە؟ (٣) كەس، هەر ئەنـدامێكى بەڕێـزى پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنيازى سـێيەمە وەك خـۆى، كـێ لەگەڵـدايە؟ كەسـى لەگەڵ نيـيە، هەر ئەنـدامێكى بەڕێـزى پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنيازى چـوارەمە پێشـنيازى ليـژنەى هـاوبەش، كـێ لەگەڵـدايە؟ بەڵـێ زۆر سوپاس بە دەنگى (٦٧) ئەندامى پەرلەمان پەسندكرا، ماددەى (١٥).

**بەڕێز عباس فتاح صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەى (١٥) هيچ پێشنيارێك نييە وەك خۆى.

ماددەى (١٥):

محەرەماتى ئاوەڕۆ بەم شێوەى خوارەوە ئەژمار دەكرێت:

يەكەم: محەرەمـاتى بـۆرى ئـاوەڕۆ لە لێـوارى دەرەوە لە هەر لايەكـى (٢) دوو مەتـر دەبێـت، بە ڕەچاوكردنى خزمەتگوزارييە گشتييەكان.

دووەم: محەرەمـاتى ئـاوەڕۆى سـندوقى بە هەمـوو ئەنـدازەكانييەوە لە لێـوارى دەرەوە لە هەر لايەكى (٣) سێ مەتر دەبێت بە ڕەچاوكردنى خزمەتگوزارييە گشتييەكان.

سێيەم: محەرەماتى كەندى ئاوى سروشـتى بە پانتـايى كەنـدەكە پـارێزراو دەبێـت لەگەڵ (١٠-٢٠) دە تا بيست مەتـر وەك محەرەمـات لە هەر لايەك، وە لە لايەن ليژنەيەكـى تـايبەت بڕيـارى لەسـەر دەدرێت.

چوارەم: محەرەماتى تايبەت بە پرۆژە و وێستگەكانى چارەسەركردنى ئاوەڕۆ دەبێت (٢٥) بيست و پێنج مەتر لە شورەكەى دوور بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، سـەبارەت بە مـاددەى (١٥) هـيچ پێشـنيارێك نيـيە، هەر ئەنـدامێكى بەڕێـزى پەرلەمان لەگەڵيەتـى وەك خـۆى، كـێ لەگەڵـدايە؟ بە دەنگـى (٦٨) ئەنـدامى پەرلەمـان پەسـندكرا، سوپاس، مادده (١٦).

**بەڕێز عباس فتاح صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەى (١٦) دوو پێشنيار هەيە.

پێشنیاری یەکەم: لە بڕگەی یەکەم دەستەواژەی (ئاکار) بکرێتە (خەسڵەت)، (محەرەمات) بکرێتە (ڕێگا پێنەدراوەکان).
پێشنیاری دووەم وەك خۆی.
ماددەی (١٦):
یەکەم: تێچووی لادانی سەرپێچی لەسەر محەرەماتی ئاوەڕۆ و گەڕاندنەوەی بۆ باری ئاسایی پێش سەرپێچییەکە بە پێی خەسڵەتە ئەندازەییە کارپێکراوەکان دەخرێتە ئەستۆی سەرپێچیکار و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار ئەنجام دەدرێت.
دووەم: سەرباری لە ئەستۆگرتنی تێچووی لادانی سەرپێچییەکە بە پێی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە سەرپێچیکار بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت کە لە (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ زۆر سوپاس، سەبارەت بە ماددەی (١٦) دوو پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە، کێ لەگەڵدایە؟ (٢) بەڕێزی لەگەڵە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە وەك خۆی، کێ لەگەڵدایە؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٠) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی (١٧).
**بەڕێز عباس فتاح صاڵح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١٧) دوو پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:
تێپەڕاندنی سنووری هەر ڕێگاپێنەدراوێك کە سەرچاوەی پیس بوون بێت و لە حوکمەکانی ئەم یاسایەدا دیاری نەکرابێت یان ئاماژەی پێ نەکرابێت وە بوونی هەبێت لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەت پشکنینی بۆ ئەنجام دەدرێت بۆ یەکلایی کردنەوە و چارەسەرکردنی.
پێشنیاری دووەم: وەك خۆی.
تێپەڕاندنی سنووری هەر محەرەماتێك کە سەرچاوەی پیس بوون بێت و لە حوکمەکانی ئەم یاسایەدا دیاری نەکرابێت یان ئاماژەی پێ نەکرابێت یان (واقع حال) بێت لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەت پشکنینی بۆ ئەنجام دەدرێت بۆ یەکلایی کردنەوە و چارەسەرکردنی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان بۆ ماددەی (١٧) دوو پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە، کێ لەگەڵدایە؟ بەڵێ زۆر سوپاس (٦) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە وەك خۆی، کێ لەگەڵدایە؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٦٠) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی (١٨).
**بەڕێز عباس فتاح صاڵح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١٨) دوو پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:

قەرەبـووكردنەوەیەكی دادپەرەوەرانە و خێـرا بـۆ گشـت ئەو موڵـك و زەوییـانەی وەك شـوێنی پڕۆژەكانی ئاو و ئاوەڕۆ بەكاردێت، یان وەك محەرەمات دیاری دەكرێت لە رێگەی خۆماڵەكردن یـان كوژانـدنەوە یـان بە پێـی یاسـا بەركارەكـان و بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لایەنـی پەیوەندیـدار دەبێت، و بە ناوی بەڕێوەبەرایەتییەكانی ئاو و ئـاوەڕۆی پەیوەندیـدار لەو یەكە كـارگێڕییە تۆمـار دەكرێت.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی.

ماددەی (١٨)

قەرەبـووكردنەوەیەكی دادپەرەوەرانە و خێـرا بـۆ گشـت ئەو موڵـك و زەوییـانەی وەك شـوێنی پڕۆژەكانی ئاو و ئاوەڕۆ بەكاردێت، یان وەك محەرەمات دیاری دەكرێت لە رێگەی بە موڵك كـردن یـان كوژانـدنەوە یـان بە پێـی یاسـا بەركارەكـان و بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لایەنـی پەیوەندیـدار دەبێت، و بە ناوی بەڕێوەبەرایەتییەكانی ئاو و ئـاوەڕۆی پەیوەندیـدار لەو یەكە كـارگێڕییە تۆمـار دەكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ ماددەی (١٨) دوو پێشنیار هەیە، هەر ئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی یەكەمە، كێ لەگەڵدایە؟ (٣) ئەنـدامی بەڕێـزی لەگەڵە، هەر ئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی دووەمە وەك خـۆی، كـێ لەگەڵدایە؟ زۆر سـوپاس بە دەنگـی (٦٢) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسندكرا، ماددەی (١٩).

**بەڕێز كلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٩) چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: بڕگەی یەك خاڵی (١) بەم شێوەیە لێ بكرێت:

١ - پێویستە سـەرجەم پڕۆژەكـانی نیشـتەجێ بـوون، بازرگـانی پیشەسـازی، گەشـتیاری، پەروەردە، تەندروستی یان هەر پڕۆژەیەك شلەی پیسی هەبێـت و هەسـت بە دانـانی پـڕۆژەی چارەسـەری ئاوی قورس بۆ ئاوەڕۆكان بە مەرج بێت لە كاتی پێدانی مۆڵەتی پـڕۆژەكە لە ژێـر سەرپەرشـتی راستەوخۆی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەكاندا.

٢ - لە بڕگەی دووەم خـاڵی (١) لابرێـت، خـاڵی (٢) بكـرێتە خـاڵی (١) لە بـڕگەی یەكەم بە زنجیـرەی چوار بەم شێوەیە لێ بكرێت:

چوار: ئەركی سەرپەرشتی بەدواداچوون دەكەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەكان.

پێشنیاری دووەم: ماددەكە وەك خۆی تەنیا خاڵێك بۆ بڕگەی یەكەم زیـاد بكرێـت بە زنجیـرەی چـوار بەم شێوەیە:

چوار: بە پێی حوكمەكانی خاڵی (١، ٢، ٣) ئەم بـڕگەیە گشـت ئەو پـڕۆژانە دەگـرێتەوە كە لە رابـردوو پڕۆژەكانییان ئەنجامداوە بە پێی پێویست پابەندی گشت مەرجەكان بن.

پێشـنیاری سـێیەم: مـاددەكە وەك خـۆی تەنیـا (وحـدة المعالجـة) لە نـاو نیشـان لابرێـت و بكـرێتە (یەكەكانی چارەسەری).

پێشنیاری چوارەم: ماددەكە وەكو خۆی.

ماددەی (١٩):
یەکەم:
١ - پێویستە سەرجەم پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون، بازرگانی پیشەسازی، گەشتیاری، تەندروستی یان هەر پڕۆژەیەك کە پاشەڕۆی شلەی پیسی هەبێت یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆکان دابنێت و لە کاتی پێدانی مۆڵەتی پڕۆژەکە گشت نەخشە و هێلکارییەکان یەکلایی دەکرێتەوە و لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ دەکرێت.
٢ - پێویستە شوشتنگە بەهەموو جۆرەکانی بەنزینخانەکان وشوێنەکانی خزمەتگوزاری چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل یەکەی چارەسەری ئاوی بەکار هاتوو دابنێت، وە لە کاتی پێدانی مۆڵەتی پڕۆژەکە گشت نەخشە و هێلکارییەکان یەکلایی دەکرێتەوە و لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکاندا جێبەجێ دەکرێت.
٣ - پێویستە گشت ئەو پڕۆژانەی کە پاشەڕۆی کیمیاوی شلی هەیە یەکەی چارەسەری کیمیایی دابنێت، و شێوە و چۆنیەتی چارەسەرکردنی پاشەڕۆکان لە هەر دۆخێکدا بێت دیاری بکات، و لە کاتی پێدانی مۆڵەتی پڕۆژەکە گشت نەخشە و هێلکارییەکان یەکلایی دەکرێتەوە و لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکاندا جێبەجێ دەکرێت.
دووەم:
١ - سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی هەر یەك لە خاڵەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکان بە پێی ئاکارە ئەندازەییە بەرکارەکان دەبێت.
٢ - سەرپەرشتی و بەدواداچوونی چۆنیەتی کارکردنی یەکەکانی چارەسەر کردنی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (١٩) چوار پێشنیاز هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە، کێ لەگەڵدایە؟ (٢) ئەندامی بەڕێزی لەگەڵە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە، کێ لەگەڵدایە؟ (١) ئەندامی بەڕێزی لەگەڵە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە ماددەکە وەك خۆی تەنیا (وحدة معالجة) لابرێت بکرێتە (یەکەکانی چارەسەری)، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٠) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، پێشنیازی چوارەم کەس لەگەڵی نییە، ماددەی (٢٠)، کاك دکتۆر بژار فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٠) سێ پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: لە بڕگەی دووەمدا ڕێژەی (١٥%) بکرێتە (٢٠%).
پێشنیاری دووەم: بڕگەی دووەم لابرێت.
پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی.
ماددەی (٢٠):
یەکەم: ئەو گوژمانەی بە پێی ماددەکانی (بەشی چوارەم)ی ئەم یاسایە وەردەگیرێت، بە داهاتی کۆتایی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان تۆمار دەکرێت و راستەوخۆ بۆ مەبەستی چاکسازی و

خزمەتگـوزاریی و پڕۆژەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ و هانـدان خەرج دەکرێـت، و وەزارەتـی دارایـی و ئابووری بە هۆی ئەم داهاتە هیچ گوژمەیەك لە بودجەی بەڕێوەبەرایەتییەکان کەم ناکاتەوە.
دووەم: ڕێـــژەی (١٥%) پـــازدە لە ســـەدی ئەو گوژمـــانەی بە پێـــی حوکمەکـــانی ئەم یاســـایە وەردەگیرێت دەدرێتە ئەو فەرمانبەرانەی کە لە بەش یان هـۆبەی (سـەرپێچی و زیادەڕۆییەکـان) کار دەکەن و ئەو لایەنانەی سەرپێچییەکان لادەدەن، ئەمەش بە پێی ڕێنمایی ڕێك دەخرێـت و لە لایەن وەزیر دەردەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٢٠) سێ پێشنیاز هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی یەکەمە بـا بفەرمـووێ دەنـگ بـدات، کـێ لەگەڵـدایە؟ (٢) کەسـی لەگەڵە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی دووەمە، کێ لەگەڵدایە؟ (٣) ئەندامی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە وەك خـۆی، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی (٢١)، فەرموون.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢١) دوو پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی.
ماددەی (٢١):
یەکەم: پێـــوەر و گشـــت ئاکـــارە تەکنیکییەکـــانی تـــایبەت بە پـــڕۆژە و تۆڕەکـــان لە لایەن بەڕێـوەبەرایەتیی گشـتی و بەڕێوەبەرایەتییەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادە دەکرێت.
دووەم: مەرج و ڕێکـار و دەسـەڵاتی پێـدانی مـۆڵەتی هاوبەشـی لە خزمەتگـوزاری ئـاو و ئـاوەڕۆ ئەرکی جێبەجێ کردنی بە ڕێنمایی لە لایەن وەزیر ڕێك دەخرێت.
سێیەم: بەستن و خوێندنەوەی پێـوەری ئـاو و دیـارکردنی نرخـی خزمەتگـوزاری ئـاو و ئـاوەڕۆ بە ڕێنمایی لە لایەن وەزیر ڕێك دەخرێت.
چوارەم: ئەنجامدانی هەر پڕۆژەیەك لە پڕۆژە و تۆڕەکـانی ئـاو بە بـێ ڕێپێـدانی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی و بەڕێوەبەرایەتییەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ بە هەمـاهەنگی لە لایەن لایەنە پەیوەندیـدارەکان ڕێگایان پێنادرێت.
پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:
هەر پێکهـاتەیەکی ژێرخـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ کە لەم یاسـایەدا ئامـاژەی پێـدراوە، ڕێکخســتن و کۆنترۆڵکردن و ڕێگەگرتن لە تێکدان و زێدەڕۆیی کردنە سەری بە پێی ڕێنمـاییەك ڕێـك دەخرێـت کە وەزیر دەری دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٢١) دوو پێشـنیاز هەیە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی یەکەمە، کـێ لەگەڵـدایە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی لیـژنەی هاوبەشە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان ماددەی (٢١) پەسندکرا.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٢) سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە لاببرێت.

پێشنیاری دووەم: بڕگەكە بەم شێوەیە لێ بكرێت:

پێبژاردنەكانی هاتوو لەم یاسایەدا ئەو كەسانە ناگرێتەوە كە زیادڕۆیی یان سەرپێچییان ئەنجامداوە و لە ماوەی (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژ لە ڕێكەوتی دەرچوونی ئەم یاسایە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی یان فەرمانگەكان دەكەن لە شوێن و جۆری زیادەڕۆیی یان سەرپێچی، و بە شێوەیەكی فەرمی بەڵێننامە پێشكەش دەكەن لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا وە لە ژێر چاودێری لایەنی پەیوەندیدار و زیادەڕۆیی یان سەرپێچییەكە لابدەن و لایەنی پەیوەندیدار لابردنەكە و ئاسایی كردنەوەكە بە فەرمی پشتڕاست بكەنەوە.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی.

ماددەی (٢٢):

یەكەم: سزاكانی هاتوو لەم یاسایەدا ئەو كەسانە ناگرێتەوە كە زیادڕۆیی یان سەرپێچییان ئەنجامداوە و لە ماوەی (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژ لە ڕێكەوتی دەرچوونی ئەم یاسایە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی یان فەرمانگەكان دەكەن لە شوێن و جۆری زیادەڕۆیی یان سەرپێچی، و بە شێوەیەكی فەرمی بەڵێننامە پێشكەش دەكەن لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا وە لە ژێر چاودێری لایەنی پەیوەندیدار و زیادەڕۆیی یان سەرپێچییەكە لابدەن و لایەنی پەیوەندیدار لابردنەكە و ئاسایی كردنەوەكە بە فەرمی پشتڕاست بكەنەوە، بە پێچەوانەوە حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

دووەم: ئەو كەسانەی مۆڵەتی فەرمی لایەنە پەیوەندیدارەكانیان هەیە دوایی هەڵسەنگاندن لە لایەن لیژنەیەكی تایبەتمەند لە سزاكانی هاتوو لەم یاسایەدا بەدەردەكرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٢٢) سێ پێشنیاز هەیە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەكەمە با بفەرمووێ دەست بەرز بكاتەو، كێ لەگەڵدایە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە، كێ لەگەڵدایە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە، كێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسندكرا.

**بەڕێز نزار ملا غفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٣) هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی.

ماددەی (٢٣):

هەر كەل و پەل و ئامێر و ئامرازێك بۆ سەرپێچی و دەستدرێژی كردنە سەر تۆڕەكانی ئاو و ئاوەڕۆ بەكارهێنرابێت، دەستی بەسەردا دەگیرێت و بە گوێرەی یاسا دەستبەسەرداگرتن (مصادرە) مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان مـاددەی (٢٣) هـیچ پێشـنیارێك نیـیە، هەر كەسـێك لەگەڵ ئەوەیە مـاددەكە وەك خـۆی پەسـند بكرێـت بـا بفەرمـووێ دەنـگ بـدات، كـێ لەگەڵـدایە؟ بەدەنگـی (٦٩) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسندكرا، ماددەی (٢٤) بەڕێزان.

**بەڕێز نزار ملا غفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٤) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: ماددەكە بەم شێوەیە لێ بكرێت:

هەر كەسێك چ سروشـتی یـان مەعـنەوی بێـت بەشـدار بێـت لە سـەرپێچی كـردن و زیـادەڕۆیی لەسەر تۆڕەكانی ئاو و ئاوەڕۆ بە بەرامبەر بێت یـا بـێ بەرامـبەر بە هەمـان سـزای سـەرپێچیكار و زیادەڕۆكار سزا دەدرێت.

پێشنیاری دووەم: هەر كەسێك بەشدار بێت لە سەرپێچی كردن و و زیادەڕۆیی لەسـەر تۆڕەكـانی ئاو و ئاوەڕۆ بە بەرامبەر بێت یا بـێ بەرامـبەر بە هەمـان سـزای سـەرپێچیكار و زیادەڕۆكـار سـزا دەدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سـەبارەت بە مـاددەی (٢٤) دوو پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەكەمە، كـێ لەگەڵـدایە؟ (٤) كەس لەگەڵـدایە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی دووەمە، كـێ لەگەڵـدایە؟ بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان پەسندكرا، بفەرموون ماددەی (٢٥) بخوێننەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٥) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: ماددەكە بەم شێوەیە لێ بكرێت:

پێویسـتە لەسـەر وەزیـری تایبەتمەنـد ڕێنمـایی پێویسـت بـۆ جێبەجـێ كردنـی حوكمەكـانی ئەم یاسایە دەربكات.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی.

ماددەی (٢٥)

بە مەبەسـتی ئاسـان جێبەجـێ كردنـی حوكمەكـانی ئەم یاسـایە، وەزیـر ڕێنمـایی پێویسـت دەردەكات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سـەبارەت بە مـاددەی (٢٥) دوو پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەكەمە، كـێ لەگەڵـدایە؟ (٤) بەڕێـزی لەگەڵە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیازی دووەمە وەك خـۆی، كـێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسندكرا، بفەرموون ماددەی (٢٦) بخوێننەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٦) هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی.

ماددەی (٢٦):

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵ پەسەندکردنی دەقی ماددەی (٢٦)ە وەك ئەوەی بەڕێز سەرۆکی شارەوانی خوێندییەوە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٧) دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: دەستەواژەی (بڕیار) لابرێت.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی.

ماددەی (٢٧):

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٢٧) دوو پێشنیاز هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە، کێ لەگەڵدایە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٠) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ماددەی (٢٨).

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٨) سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی.

ماددەی (٢٨):

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت:

ئەم یاسایە لە دوای (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٢٨) سێ پێشنیاز هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە، کێ لەگەڵدایە؟ (١) کەسی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە وەك خۆی، کێ لەگەڵدایە؟ (٤) بەڕێزی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە پێشنیازی لیژنەی هاوبەش، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز لقمان محمد حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی.

هۆیەکانی دەرچوواندن
بە مەبەستی پاراستنی پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان و دڵنیا بوون لە تواناکانی ئەم تۆڕانە لە رووی هونەرییەوە، و پارێزگاریکردن لە ژینگە و پێدانی ئاوی خاوێن بە هاووڵاتییان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، و پاراستنی تەندروستی گشتی و پاراستنی ژێرخانی ئابووری و بە فیرۆنەدانی سامانی گشتی، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
هەر بەڕێزێك لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقی ناوەڕۆکی هۆیەکانی دەرچوواندنە وەکو ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندییەوە با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٢) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر کەسێك لەگەڵ کۆی پرۆژەکەیە وەکو ئەوەی کە دەنگی لەسەر درا با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٨) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، پیرۆزبایی لە خۆمان و لە گەلی کوردستان دەکەین بە بۆنەی پەسندکردنی یاسایی پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان عێراق، زۆر سوپاسی بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان دەکەین، فەرموون دەتوانن بچنەوە شوێنەکانی خۆتان، با دەنگدان لەسەر لیژنەکانیش بکەین ئینجا ئیتر ئێوە بڕۆن ببورن دەزانم زۆر تەئخیر بوون، بەڵام ناچارین، با دەنگدان لەسەر لیژنەکان بکرێت بەڕێزان، ئێستا بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار جێبەجێ دەکەین بەڕێزان کە ئێستا بووە بە بڕگەی دووەم لە دوای دەنگدانەکە دانان و دەست لە کار کێشانەوەی ئەم ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٢٨ و ٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
یەکەم: هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەنگ دەدات بە دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (زانا خالد سمایل) لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە کێ لەگەڵدایە، بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا.
دووەم: دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (گلستان باقی سلێمان) لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و زیاد کردنی بۆ سەر لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ هەر بەڕێزێکی لەگەڵە بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە، ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوەن (گلستان) خان لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری دەست لە کار بکێشێتەوە با دەست بەرز بکەنەوە کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٧) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، ئەو بەڕێزانەی رەزامەندن کە (گلستان) خان بچێتەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ با بفەرموون دەست بەرز بکەنەوە کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٢) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (هەڵکەوت انور خلیفە) لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و لە لیژنەی دەسپاکی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە دەست بەرز بکاتەوە کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا، دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (صباح محمود محمد) لە لیژنەی دەسپاکی

هەر بەڕێزێكی لەگەڵە بفەرمـووێ دەسـت بەرز بكـاتەوە كـێ لەگەڵـدایە؟ بە دەنگـی (٨٥) ئەنـدامی پەرلەمان پەسندكرا، دەست لە كار كێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (سەرچنار احمد محمود) لە لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گـوزار هەربەڕێزێكـی لەگەڵە بفەرمـووێ دەست بەرز بكاتەوە كێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٧) ئەندامی پەرلەمـان پەسـندكرا، دەسـت لە كـار كێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ابوبكر عمر عبدالله) لە لیژنەی پەیوەنـدییەكان و رەوەنـدی كوردستانی هەر بەڕێزێكی لەگەڵە بفەرمووێ دەست بەرز بكاتەوە كێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگـی (٧٩) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـندكرا، دانـانی بەڕێـز (ابـوبكر عمـر عبـدالله) لە لیـژنەی شـارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گـوزار هەر بەڕێزێكـی لەگەڵە بفەرمـووێ دەسـت بەرز بكـاتەوە كێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٧٩) ئەندامی پەرلەمان پەسندكرا، دەست لە كـار كێشـانەوەی ئەنـدامی پەرلەمـان بەڕێـز (هلـز احمـد محمـد) لە لیـژنەی كشـتوكاڵ و ئـاودێری هەر ئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە بفەرمـووێ دەسـت بەرز بكـاتەوە، كـێ لەگەڵـدایە؟ بە دەنگـی (٧٩) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـندكرا، دانـانی ئەنـدامی پەرلەمـان بەڕێـز (هلـز احمـد محمـد) لە سـەر لیـژنەی پەیوەندییەكان و رەوەندی كوردستانی هەر ئەندامێكی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە بـا بفەرمـووێ دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگـی (٧١) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـندكرا، سـەركەوتوو بـن، بەڕێـزان ئێسـتا دەسـت بە جێبەجـێ كردنـی بـڕگەی سـێیەمی بەرنـامەی كـار دەكەیـن كە بەردەوامـی دانە لە سـەر خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پێشـنیازە یاسـایی بەڕێـوەبردن و پاراسـتنی شــوێنەوار و كەلەپــوور لە هەرێمــی كوردســتان، داوا لە ســەرۆكایەتی لیژنەكــانی شــارەوانی، رۆشنبیری و یاسایی دەكەیـن بفەرمـوون بێـنە جێگـای خۆیـان، وە داوا لەو ئەنـدامە بەڕێـزانەش دەكەین كە بەشداری لیـژنەی بودجەیـان كـردووە بفەرمـوون پەیوەنـدی بە خولەكەیـانەوە بـكەن، ئێستا نوقتە نیزامییەكانیش وەردەگرین.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ ئەوەی بەردەوام بین ئێستا لە ماددەی (٢٥)ەوە بووین، بەڵام پـێش ئەوە یەك دوو نـوقتە نیزامی وەردەگرین، كاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٥٤) ئەگەر جەنابت مۆڵەت بفەرمووێ بابەتێكی زۆر گرنگ و هەستیارە تەنها یەك خولەكم پێویستە زیاتر نە، هەواڵێـك چەنـد رۆژێـكە بڵاوبـووەتەوە بە دڵ هیـوادارم كەوا نەبێـت، ئەویــش ئەوەیە كە لە چەنــد كەناڵێــك كە هەنــدێكیان دیــارن كە بــاس لەوە دەكەن كە ئەو ڤاكسینانەی كە بۆ هەرێمی كوردستان هاتوون بە قاچاغ بـراونەتە دەرەوەی هەرێمـی كوردسـتان، كە ئەمە هەواڵێكــی زۆر ناخۆشــە، داوا لە بەڕێزتــان كە لیــژنەی تەندروســتی و لیــژنەی نــاوخۆ رابسپێرن بۆ ئەوەی كە بەدواداچوون بۆ ئەم هەواڵە بكرێت، چونكە ئەگەر شتێكی وا روویـدابێت بۆ هەرێمی كوردستان و ناوبانگی هەرێمی كوردستان كارێكی باش نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، ئەو پێشـنیارە پێشـتریش بە نووسـین بـۆ دەسـتەی سـەرۆكایەتی هــاتووە، بە نووســراوێكیش ئیمزامــان كــردووە ئاراســتەی لیــژنەی تایبەتمەنــدمان كــردووە بــۆ پێكهێنــانی

لیژنەیەك بۆ بەدواداچوون، وە ئەمڕۆ لێدوانی وەزارەتیش هەبوو بۆ ڕەتكردنەوەی، بەڵام تەئكید دەكەینەوە كە لیژنەی تەندروستی بەدواداچوونێكی تایبەت لەو بابەتە بكات، كاك دابان فەرمو.

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٣٠) بڕگەی (٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان قسە دەكەم، لە ماوەی ڕابردوو لە سەر داگیركارییەكانی زەوی و زار ئێوە خۆتان لیژنەی شارەوانیتان ڕاسپارد بۆ ئەم پرسە لە هەرێمی كوردستان، بەڵام تا ئێستا هیچ نەتیجەیەكی نەداوە بە دەستەوە نازانین بەدواداچوونەكان چین، لە كاتێكدا ئەم داگیركارییە بە شێوەیەك زیادی كردووە محەرەماتی مەتاری سلێمانی و هەولێریشی گرتۆتەوە وە چەندین شوێن داگیركراوە، سوپاستان دەكەم ئەگەر نەتیجەیەكمان پێ بدەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز لیژنەی شارەوانی ڕادەسپێرینەوە بەدواداچوون دوای ئامادەكردنی ئەو ڕاپۆرتە وەڵامێك حازر بكەن، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان، من بە پێی ماددەی (٥٦) قسە دەكەم، ئێمە وەك ئەندام پەرلەمان نوێنەری خەڵكی كوردستانین، وە مەفروز وایە هەموو ئەو شتانەی خەڵك لە ئێمەی داوا دەكات بە وەسیلەی پەرلەمانی ڕێكیان بخەین، هەم مافمانە هەم ئەركمانە پرسیار لەبارەی ئەو شتانەوە بكەین كە نایزانین و نادیارن، داهات یەكێكە لە شتە زۆر زۆر گرنگەكانی هەرێمی كوردستانە من لە سێ مانگی ڕابردوو سێ پرسیارم بە نووسراو ئاراستەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەكان كردووە لە سەر داهاتی نەوت وە فرۆشتنی نەوت، هەروەها ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی لە سەر داهاتی هەمە جۆری هەرێمی كوردستان، بەداخەوە ئەگەر چی بە پێی یاسا پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت لە ماوەی حەوت ڕۆژدا ئەنجومەنی وەزیران وەڵام بداتەوە وەزیری پەیوەندیدار وەڵام بداتەوە بەس وەڵامی نەداوەتەوە، مەجبوور پرسیارەكەم گۆڕی بە زارەكی كە ئاراستەی ئێوە بكەم، ئەویش بە پێی ماددەی (٥٨) لە كۆبوونەوەی ژمارە (٥) لە (٢٠٢١/٣/٣١) داوام لێ كردن بەڕێزتان بەزارەكی وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ خەڵك وەرگرنەوە داهات لە هەرێمی كوردستان چەندە؟ بۆچی لێبڕینی مووچە بەردەوامە لە كاتێك داهات زیاد دەبێت بەردەوام؟ كە ئەمە پرسێكی گرنگە...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان لە سەر ئەم پرسیارەی بەڕێز مامۆستا (عومەر) ئێمە پێش ماوەیەكی زۆر كەم شاندی دانووستانكاری باڵای حكومەتی هەرێمی كوردستان لێرە بوون، وەزیری دارایی لێرە بووە، نزیكەی سەد پرسیار كراوە لە شاندی دانووستاكار، بەشێكی زۆری ئەم پرسیارانە پەیوەندی بە بابەتی داهاتەوە هەبووە، ئەوان وەڵامیان ئەوە بووە كە لە كاتی ئامادە كردنی بودجەی هەرێمی كوردستان ئەم وەڵامانە دەگرنەوە، ئەمڕۆش بە پێی ئەو زانیارانەی كە بۆ

دەستەی سەرۆکایەتی بەدواداچوونی ئێمە کراوە، خاڵی یەکەمی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر هێڵە گشتییەکانی ئامادەکردنی بودجە بووە، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە (٤٢) ئەندام واژوومان کۆ کردبووە وە بۆ ئەوەی کە دانیشتنی داهاتوو تایبەت بێت بە نەمانی لێبڕینی مووچە و تیمی حکومەت ئامادە بێت، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵاممان نەدراوەتەوە، پێشووتریش پێش مووچەی جاری رابردوو داوام کرد دانیشتنێکی تایبەت بکرێت، تکا دەکەم ئەم جارە بێ خەمی لێ مەکەن با دانیشتنی داهاتوو تایبەت بێت بە لێبڕینی مووچە بەر لەوەی مووچە رابگەیەنرێت، نابێت بە هیچ شێوەیەك ئەو لێبڕینە بمێنێت، چونکە داهات زۆر زۆر زیاترە لە ئەو رێژەی کە بۆ مووچە دیاری دەکرێت، وە دڵنیام پارەیەکی زۆر بەردەستە من داوام لە ئەندامە بەڕێزەکان هەیە ئەم جارە هەموومان یەك دەنگ بین ئەو پەرلەمانە بتوانێت بڕیارێك بدات ئەو لێبڕینە راگرێت و بە هیچ شێوەیەك لێبڕین نەمێنێت، چونکە وەڵاهی داهات زۆر زیاترە لە مووچە، دەستان خۆش بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە سەرەتایی مانگی سێ لەگەڵ شیرین خان سەردانێکمان بۆ شاری کۆیە کرد سەبارەت بە پرسینەوە لە کۆمپانیای ڤێری کلین کە کرێکارەکانی ئەو کۆمپانیایە ماوەی شەش مانگە کرێیان وەرنەگرتووە، وە بە یادداشتێك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە ئێستا ئەوان داوای وەڵام دەکەن، یەعنی ئێستا بووەتە تەقریبەن حەوت مانگ کە مووچەیان وەرنەگرتووە، وە ئەمانە لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەی برسیەتی و سەرلێشێواوی ناو خێزانەکانیانن، هیواداریین وەڵامی ئەو یاداشتە وەرگرینەوە و گرێبەستی ئەو کۆمپانیایانە بە زووترین کات تازە بکرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی رابردوو خۆت دەزانی بە پێی ماددەی (٦٦) قسە دەکەم واژۆمان کۆ کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە خۆت دەزانی کێشە و خەمی گەورەی هاووڵاتییان و مووچەخۆرانە بە بێ ئەوەی ئێمە جیاوازی بکەین لەوەی کە ئایا ئەو مووچەخۆرانە لایەنی سیاسی یەکێتییە، پارتییە، گۆڕانە، کۆمەڵە، نەوەی نوێیە هەر بێ لایەنیش بووە، ئەم مەوزووعە مەوزووعی گشتییە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین یەعنی هەموو ئەندامانی بەڕێزی ئەم پەرلەمانە لەگەڵ خەمی خەڵکە بەبێ جیاوازی بەبێ ئەوەی یەکێك موزایەدە بکات بەسەر یەکێکی تر لە بەرەی خەڵك نەبێت، بۆیە داواکارین لە جەنابتان لە دەستەی سەرۆکایەتی کە میوانداری حکومەتی هەرێمی کوردستان

بکـات وە بانگهێشـتی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بکـات، چـونکە بە راسـتی لە (٢٠١٤)ەوە گوشینی هاووڵاتیان و مووچەخۆران بۆتە هۆی هیلاك بوونی هاووڵاتیان و مووچەخۆران، گرنگە پەرلەمانی کوردستان حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی ئێرە بکات.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم بابەتە وەکو پێشتریش بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە دانیشتنی پێشووش ئاماژەی پێ کرد هیچ یادداشتێکی ئێوەی بەڕێز نەهاتۆتە دەستەی سەرۆکایەتی و کاری لەسـەر نەکرابێـت، وە وەکـوو بەڕێزیشـتان فەرمووتـان ئەمە خەمـی هەر (١١١) سـەد و یـازدە ئەنـدامەکەی پەرلەمـانی کوردسـتانە، ئـێمە چـاوەڕوانی کاروبـاری ئوسـولین بە پێـی یاسـا و مەسـولییاتی موباشـرِی هەموومـانە و شـێوازی پەیوەنـدی تەکـامولی چـاوەڕێی هـاتنی بـوودجە دەکەیـن، کـاك ابـوبکر هەڵدەنی فەرموو، هەمووتان وەردەگرین بەڕێزان دڵنیا بن.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێـی ئەو بەدواداچوونـانەی لەم هەفـتەیە لە شـاری سـلێمانی و هەولێـر کـردوومە تـایبەت بە نەخۆشـی کۆرۆنـا رێنمـاییە تەندروسـتییەکان جێبەجـێ نـاکرێن، سـەردانی چایخانەکـان، شـەقامەکانی سـەهۆڵەکە و ئیسـکان، کـافە و نێرگەلەخانەکـان لەو لاوە بەداخەوە دەرگـای قوتابخـانە و زانکـۆ و پەیمانگاکـان داخـراوە تەنهـا ئامـانجی ئەمە گومـان دروسـت بـووە کە نەخوێندەوار کردنی ئەو نەوەیە بێت، ئەم نەوەیە سەرقاڵ بێت بە ئەنتەرنێت و سۆشیال میـدیا و بە رۆژ بخەوێت بۆ ئەوەی نەیپەرژێتە سەر پرسەکانی ئازادی و دادپەروەری و شەفافییەت، وە لەو لاوە بەشێك لە دەسەڵاتدارە تێرنەخۆرەکانی هەرێم خەریکی قاچاخچێتی و شوێن قـایم کردنی شوێن پێی خۆیان بن، مەئقول نییە ئەم هەموو شوێنانە کراونەتەوە و هیچ رێنمـاییەکی تەندروستی جێبەجـێ ناکرێـت، بەڵام بەداخەوە قوتابخانەکـان داخـراوە، زانکـۆ و پەیمانگاکـان داخراون وە بەشێك لە مزگەوتەکانیش داخـراون کە لە کاتێکـدا هەنـدێك لە مزگەوتەکـان نـوێژی بەیانی پەنجـا نـوێژکەری لێیە، بەڵام فەرمـوو سـەیری رێسـتوڕانتەکان بـکەن خۆتـان لیژنەیەکـی مەیدانی لە لیژنەی تەندروستی بێنن بزانن چ دۆخێك هەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس مامۆستا، دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کار دەکەین، وەرتـان دەگـرین بەڕێـزان بـا هەندێك ماددەش بخوێنینەوە، ماددەی (٢٥) فەرموون.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٥):

هەر کەسێك زیـادەڕۆیی بکـاتە سـەر خـانوویەك، باڵەخـانەیەك، گەڕەکێـك یـا هەر شـوێنێکی تـری شوێنەواری یان کەلەپووری راگەیندراو لە رۆژنامەی فەرمـی چ بە تێکـدان گـۆڕینی سـیمایی یـان گۆڕینی ئەو مەبەستەی کە بـۆی تەرخـانکراوە بە زینـدانی کـردن بـۆ مـاوەیەك کە لە (١٠) دە سـاڵ زیـاتر نەبێـت و سـزا دەدرێـت و پابەنـدیش دەکرێـت لە سـەر خەرجـی خـۆی زیـادەڕۆییەکە بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی پێشتر، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ماددەی (٢٥) گفتوگۆ بکات با ناوەکەی تۆمار بکەین، (حسیبە خان، دکتۆرە گەلاوێژ، سوسن خان، کاك رزگار) کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٥) هەر کەسێك زیادەڕۆیی بکاتە سەر خانوویەك، باڵەخانەیەك، گەرەکێك یا هەر شوێنێکی تری شوێنەواری یان کەلەپووری راگەیندراو لە رۆژنامەی فەرمی چ بە تێکدان، گۆڕینی سیمایی، یان گۆڕینی ئەو مەبەستەی کە بۆی تەرخانکراوە بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك کە لە (١٠) دە ساڵ زیاتر نەبێت و سزا دەدرێت، (١٠) ساڵ زیندانی دیاری نەکردووە دەڵێت (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت، بەڵام دوو جۆر حوکم هەیە، حوکمێك هەیە حوکمی جینایەتە حوکمێك هەیە حوکمی (جنج و جنایە) (جنح) (٥) پێنج ساڵە (جنایە) لە (٥) پێنج ساڵ زیاترە، یەعنی ئەمە دیاری نەکردووە، با بڵێین لە (٥) پێنج ساڵ زیاتر ئەمە بۆ (جنح)ە وە ئەگەر لە (٥) ساڵ زیاتر بێت ئەوە بۆ حوکمی (جنایە)ە داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

با هەموویان وەرگرین ئینجا، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢٥) هاتووە کە هەرکەسێك زێدەڕۆی بکاتە سەر خانوویەك، باڵەخانەیەك، گەڕەکێك، یان هەرشوێنێکی تری شوێنەوار یان کەلەپوری ڕاگەیەندراو لەڕۆژنامەی فەرمی، یانی پرسیاری من ئەوەیە ئەگەر زێدەڕۆی کرا لەسەر باڵەخانەیەك گەڕەکێك یان شوێنەوارێك، ئەمە یەعنی ئەگەر ڕانەگەیەنرا لەڕۆژنامەی فەرمی یەعنی چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە لەوانەیە لە شوێنێکی دوورە دەست بێت لەوانەیە لەڕۆژنامەی فەرمی بڵاونەکرێتەوە، بۆیە پێم باشە لیژنەی تایبەتمەند لەسەر ئەوە ڕوونکردنەوەیەکمان بدەنێ وەئەگەر ئەوە بکرێ پێویستە لێرە ئاماژەی پێبدرێ کە ڕاگەیەندراو ڕانەگەیەندراو لەڕۆژنامەی فەرمی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ادریس.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٥) لێرە باسی ئەوە دەکا پابەندیش دەکرێت لەسەر خەرجی خۆی وە زیادەڕۆییەکە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشتر، لێرە هەمووان دەزانن زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو لە جیهاندا شارەزایان نییە لەسەر ئەوەی کە دەستکاری لە شوێنەواردا بکەن، ئەگەر مولزەم بکەن لەسەر ئەوەی کە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشتر وە زیاتر زەرەری پێدەگەیەنێتن، باشتر وایە کە حکومەت بەخۆی بەدەستی شارەزا بگەڕێتن نەك خۆی لەوانەیە خۆی بچێت لەهەر مەیدانی کارکردن کرێکار بینێت و بەشێوەی خراپ زیاتر زەرەری پێبگەیەنێتن، ئەوەی تریش زۆر بینا هەنە لە وڵاتانی پێشکەوتووش دەچوونە بواری شوێنەواریدا یان لە یونیسکۆ تۆمارکراون خاوەندارن

تـاپۆی هەیە، بەڵام کە نـۆژەن بکـاتن ئەوە لیـژنەیەك دەچێـتن سـەردانیان دەکـاتن دەڵێـت بەو شێوەیە نابێت لەو شوێنەدا بکەی یان لەو جێگایەدا بکەی بـۆت دەستنیشـان دەکەن لە دەرەوەو لە ناوەخۆ، بەڵام بۆی هەیە نۆژەن بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٥) هەندێك ناڕوونی لە مـاددەکەدا هەیە، ئەگەر بێـین تەماشـای دوا دێـری ماددەکە بکەین، دەڵێـتن پابەنـد دەکرێتن لەسـەر خەرجـی خـۆی زیـادەڕۆییەکە بگەڕێنێـتەوە بـۆ دۆخی پێشتر، هەموو ئەزانین کاتێك شـوێنەوارێك تێـك ئەچێـتن کەسـمان نـاتوانین بگەڕێـینەوە سـەر ئەو دۆخەی کە پێشـتر هەبـووە، بـۆیە مـن پێشـنیار دەکەم بەو شـێوەیە دابڕێـژرێتەوە، هەرکەسێکی سروشتی یان معنەوی زیادەڕۆی بکاتە سەر خانوویەك باڵەخـانەیەك گەڕەکێـك یـان هەرشوێنێکی تری شوێنەواری یان کەلەپـووری بڵاوکـراوە لەڕۆژنـامەی فەرمـی کەببێـتە هۆکـاری تێکدان یـان گـۆڕینی سیما یـان گـۆڕینی ئەو مەبەسـتەی کە بـۆی تەرخـانکراوە سـزا دەدرێـت بە زیندانیکردنی بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ زیاتر نەبێت سەرباری سزادان دەبێت لەسەر ئەستۆی خـۆی زێدەڕۆیەکە لابدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆرە گەوێژ.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی بیروڕاییەکـانی مـن گـوترا، بەڵام منـیش ئەو پرسـیارەم هەیە ئایـا ئەگەر لە ڕۆژنـامەی فەرمـی ڕانەگەیەنـرا بـۆ ئەو کەلەپـوورە تێکـدرا یـان ئەو شـوێنە تێکـدرا چـۆن دەیگەڕێنـتەوە؟ وەزۆربەی ئێمە دەبینین گەڕەکەکان لەناو شاری هەولێر کە چووینە کەلەپورو شـوێنەوار حیسـاب دەکـرێن، بەڵام زۆربەیـان کـراونەتە گەراجـی سـەیارەو چـۆن دەگەڕێنێـتەوە جـارێکی تـر؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت پرسیاری کاك ڕزگـار کە ئاڕاسـتەی لیـژنە کـرا، خـۆی بەپێـی قـانوونی عقوبـات تەقسـیم کـراوە جەرایـم لەگەڵ عقوبـات لێـرە هـاتووە بەپێـی ئەو نەصـەی کە لەڕاپـۆرتی ئـێمەدا هـاتووە دەڵێـت زینـدانی کـردن لە دە سـاڵ زیـاتر نەبێـت، کە کەلـیمەی یـان دەسـتەواژەی زینـدان دێـت یەکسەر لە قەواعد عام هاتووە ڕەسـم کـراوە زینـدان، کەواتە لە پێـنج سـاڵ زیـاتر، بەڵام ئەگەر لە پێنج ساڵ کەمتر بێت ئەوە دەبێتە بەندکردن حەپس، کەواتە حەپـس وە سـجن ئەم جیـاوازییەی هەیە تـا پێـنج سـاڵ حەپسـە، پێـنج سـاڵ و ڕۆژێـك و سـەرەوە دەبێـتە سـجن، سـجنیش سـجنی مـوئەبەد هەیە سـجنی مـوەقەت هەیە ئەوە مەوزووعێکـی تـرە، لێـرە ئەگەر پرسـیار ئەوەبێـت

عقوبەکەی چەندە ڕاستە پێنج ساڵ لێرە دیاری نەکراوە وەکو روونکردنەوەم دا حەدی کەمەکە پێنج ساڵە بەرەو سەرەوە کەواتە لێرە لەنێوان پێنج ساڵ تا دە ساڵ نابێت تێپەڕێت ئەمە سزاکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زیدان.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری بەڕێزان بەگشتی هەر چوار بەڕێزیان پرسیارەکەیان لەسەر ئەوە بووە کە چۆن دۆخی شوێنەوار دەگەڕێندرێتەوە بۆ پێشەخۆی، یاخود ئەو ماددەیە تایبەتە بەو شوێنەوارانەی کە ئێستا لە واقعدان وەك واتا بیناسازی ڕاگەیەندراون، واتا بەفەرمی ئەو شوێنانە ڕاگەیەندراون جیاوازە لەو شوێنەی کە ڕانەگەیەندراوە، کاتێك تەجاوزی دەکرێتە سەر یان تێکدەدرێت، پێویستە ئەو کەسەی تەجاوزی کردووە لەسەر ئەرکی ویی دەسەڵاتی شوێنەواری لەسەر پێکهێنانی لیژنەی هونەری کە لەمادەی (٢٧)دا، ئاماژەی پێکراوە وە لەماددەکانی پێشتریش ئاماژەی پێکراوە دۆخی شوێنەوار چۆن دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە هەبووە، بەو مەرجە زانستیانەی کە لەلیژنەی هونەری دیاری دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ماددەی (٢٦) بەشی شەشەم فەرموون حوکمەگشتییەکان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حوکمە گشتی و کۆتاییەکان ماددەی (٢٦)، یەکەم: بەڕێوەبەر و بەرپرسی مۆزەخانەکان و بنکەکانی شارو شارۆچکەکان دەبێت شوێنەوار ناسبن و تەنها بۆیان هەیە چوار ساڵ لەو پۆستەدا کاربکەن و دەکرێت چوار ساڵی تر ماوەی کارکردنیان درێژ بکرێتەوە.

دووەم: سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کاری شوێنەواری و کەلەپووری لە پرۆژەکان و کۆمسیۆن لە ناوچەکان، دەبێت بەکەسانی شوێنەوار ناس بسپێردرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە گفتوگۆ بکات ناوەکان بنووسن، ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمارکردوە، مامۆستا حسیبە، کاك ڕێبوار، سەوسەن خان، کاك سەروان، کاك حکمت، گوڵستان خان، دکتۆرە شایان، کاك یاسین، کاك شاخەوان، کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی یاسایی دەکەم دەستیان خۆشبێت، وە پێشنیاردەکەم بۆ ماددەکانی ئەخیر ڕاوێژ بە خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری شوێنەوار بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك سەروان.
**بەڕێز سەروان محمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، من لە ماددەی (٢٦) بڕگەی (یەکەم) بەڕێوەبەرو بەرپرسی مۆزەخانەکان و بنکەکانی شارو شارۆچکەکان دەبێت شوێنەوارناسبن دروستە ئەوە هاوڕام لەگەڵیان، تەنها بۆیان هەیە چوار ساڵ لەو پۆستەدا کار بکەن و دەکرێت چوار ساڵی تر ماوەی کارکردنیان درێژبکرێتەوە، ئەو چوار ساڵ درێژکردنەوەی ماوەی بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەراتی لابردرێت باشترە، چونکە ئەگەر من کارمەندی بەڕێوەبەرایەتیەکەبم ئەگەر بزانم چوار ساڵی تر بەڕێوەبەرەکەی من نامێنێ ڕەنگە ئیش باشترو توندترو بکەم بۆ ئەوەی ببم بە بەڕێوەبەر، بۆ ئەوەی سستی لە بەڕێوەبەرایەتیەکان دروست نەبێت چوار ساڵ ئیزافەی نەمانی بەڕێوەبەرەکە دائیمەن نەمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك حکمەت.
**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:.**
منیش هەمان ڕەئیم هەیە، لەبەر ئەوەی دوای چوار ساڵ ئەگەر ئەو فەرمانبەرە ئەگەر زیرەك بوو ئیشی چاکی کرد با بەرەو پێشتر بباتن، ئەگەر خۆی گەندەڵ بوو یان شارەزا نەبوو ئەوکاتە ئەتوانن لابدرێتن باشتر ئەوەیە دوای چوار ساڵ چی لێ دێتن، ئێمە هەمووجار دەڵێین با چوار ساڵ ئەو کەسە لێرە لابدرێت، من پێم باشە ئەگەر ئەو کابرایە دوای چوارساڵ ئیشی چاکی کرد ڕێکوپێك بوو بەرەو پێشتر ببەن و ئەگەرنا خراپ بوو ئەوکاتە لابدرێتن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو سوسن خان.
**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بەماددەی (٢٦) لەبڕگەی (یەکەم)دا، تێبینیەکم هەیە کە دەڵێت بەڕێوەبەرو بەرپرسی مۆزەخانەکان و بنکەکانی شارو شارۆچکەکان دەبێت شوێنەوارناسبن و تەنها بۆیان هەیە چوار ساڵ لەو پۆستەدا کاربکەن، یانی لێرە تەنها هاتووە دوای دێت دەڵێت وەدەکرێت چوار ساڵی تری ماوەی کارکردنیان درێژبکرێتەوە، واتا مادام ئەو دەکرێتە دێت ناکرێت ئەو تەنهایە بنووسرێت، چونکە تەعاروز دەبێت لەگەڵ ئەوەی تر، بۆیە من پێم باشە بەو شێوەیەی لێبکرێت، بەڕێوەبەرو بەرپرسی مۆزەخانەکان و بنکەکانی شاروشارۆچکەکان دەبێت شوێنەوارناسبن و بۆیان هەیە چوار ساڵ لەو پۆستە کاربکەن و دەکرێت چوار ساڵی تریش ماوەی کارکردنیان بۆ درێژبکرێتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەماددەی (٢٦) هەمان ڕەئیی بەڕێز سوسن خانم هەیە، ڕاستییەکەی منیش تێبینیم لەسەر وشەی تەنها هەبوو وە ئەتوانین وای لێبکەین.

یەکەم: بەڕێوەبەرو بەرپرسی مۆزەخانەکان و بنکەکانی شاروشارۆچکەکان دەبێت شوێنەوارناسبن و بۆیان هەیە چوار ساڵ لەو پۆستەدا کاربکەن ئەگەر لێهاتوو بوون وتوانیان ئەرکەکانیان بەڕێکی جێبەجێ بکەن چوار ساڵی تریان بۆ نوێ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا تێبینیەکی شکلیم هەیە لە بەشی شەشەم نووسراوە حوکمە گشتی و کۆتاییەکان، لە حوکمە گشتییەکان یەك ماددەیە بۆچی تێکەڵکراوە بە حوکمە کۆتاییەکان یانی بەماددە کۆتاییەکان پێی دەڵێن (اسباب موجبه) هیوادارم لیژنەی تایبەتمەند وەڵاممان داتەوە، چونکە یەك ماددە کرا لە بەشەکانی دیکە ئەو ماددەیە ئیزافە کرابا ئەوەشی کە پەیوەندە کە چوار ساڵ لە پۆستەکەی بێت یان نا، منیش هاوڕام لەگەڵ هەڤاڵان کاك سەروان و کاك حکمت و گوڵستان خان و سەوسەن خان کە باسیانکرد مەسیریان دوای چوار ساڵ بۆ کوێ ئەبێت دیاربکرێت، لەبڕگەی (دووەم) کە بڕیار وایە شوێنەوار ناس دابنرێت ئەبێت بەهەماهەنگی بێت لەگەڵ سەندیکای شوێنەوارناس لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس،

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم بڕگەی (یەکەم) لەماددەی (٢٦) هەردوو دێڕی کۆتایی باسی چوار ساڵ دەکات بکرێت بە دوو ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەشی شەشەم حوکمە گشتی و کۆتاییەکان، من پێشنیاری ئەوە دەکەم یەکسەر بکرێتە حوکمە کۆتاییەکان وە سەبارەت بە بڕگەکانی (بیست و شەش) من بەو شێوەیە دائەڕێژمەوە، یەکەم: بەڕێوەبەر بەرپرسی مۆزەخانەکان بنکەکانی شاروشارۆچکەکان، پێویستە شوێنەوار ناسبن یان دەبێت کەسەکە شارەزاییەکی زانستییانەی لەبواری زانستی شوێنەواردا هەبێت وە بۆماوەی چوار ساڵ بەردەوام دەبن و لەکاتی پێویست دەکرێت ماوەکەیان درێژبکرێتەوە، بڕگەی (دووەم) بەمشێوەیە بێت سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی کاری شوێنەواری و

کەلەپوری لە پرۆژەکان و کۆمسیۆن و ناوچەکاندا پسپۆرانی شوێنەوارو پسپۆرانی شوێنەوار یان بەکەسانی شوێنەوارناس بسپێردرێن، هەروەها پێشنیاری زیادکردنی برگەیەکی تر دەکەم بە زنجیرەی سێیەم بەڕێوەبەرو بەرپرسی مۆزەخانەو ناوچە شوێنەواری و کەلەپورییەکان و پشکێنەرانی شوێنەوار دەسەڵاتی پۆلیسیان هەیە بۆ گرتنی ئەو کەسانەی کە بەشێوازێکی نایاسایی بازرگانی بە کەرەستە کەلەپورییەکان دەکەن و بەقاچاغ بۆ دەرەوەی وڵاتیان دەبەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەگەر کاك علی مۆبایلەکەی بکوژێنتەوە بۆ ئەوەی کاك یاسین بتوانێت قسەکانی بکات، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، لێرە نووسراوە یەکەم ماددەی (٢٦)، یەکەم: بەڕێوەبەرو بەرپرسی مۆزەخانەکان و بنکەکانی شاروشارۆچکەکان دەبێت شوێنەوارناسبن و تەنها بۆیان هەیە چوار ساڵ لەو پۆستەدا کاربکەن و دەکرێت چوار سالی کەیان بۆ زیادبکرێت، ئێ باشە ئەگەر لەلایەکیدا دەڵێ چوار ساڵ لەلایەکی دەڵێ چواریکەی بۆ زیادبکرێت ئەوە یانی چی لێژنەی یاسای بۆمان ڕوونبکاتەوە زۆرباشە، لەلایەك دەبی چوار ساڵ بێت لەلایەك دەڵێ چواریکەی بۆ زیادبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢٦ تا ٣٤) کە دەکاتە نۆ ماددە چوار ماددە ئەحکام عامەن حوکمە گشتییەکان، هەروەها چوار ماددە حوکمە کۆتاییەکانن بەپێی سیغە و پێوەری داڕشتنەکان لەماددی (٣٠) دەتوانین هەژماربکەین کە ئەمە ماددە حوکمە کۆتاییەکان نین، بەڵام ماددەی (٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩) ئەمە ئەحکامی عامن، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی هەر دووسێ ماددە نەبێتە عینوان و فەصڵێك لەبەر ئەوە دەمجمانکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ فەصڵەکانی تریش یەعنی ڕەچاوی تەقسیم کردنی ماددەکان بکەین بەزنجیرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زێدان.

**بەڕێز زێدان ڕشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەتمەندی ئەو ماددەیە لەڕووی ئیدارییەوە زیاترە کە کێشەیەکی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان لەڕووی بەرەوپێش نەچوونی شوێنەوار ئەوەیە کە کەسانی پسپۆڕ نەبوونەتە بەرپرسی ئیداری بەڕێوەبردنی شوێنەوارەکان چ لەشاروشارۆچکەکان بێت یان لە بنکەو خودی شوێنەوارناسەکان بێت، یەك لە هۆکارەکان ئەوە بووە کە تا ئێستا شوێنەوارناسان هەڵکەوتوو

نەبوونەو ڕێگەشیان پێنەدراوە بەدەرەجەیەك كاری خۆیان بكەن لەبەر ئەوەی كەسانی ناپسپۆڕ ڕێگر بوونە لە سەركەوتنیان، بۆیە ئەوە هەدەفێكە كە هەموو لەسەر كۆك بوونە وە كاك شاخەوانیش ئاگادارە دوێنێش باسمانكرد ڕاوێژ لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەرەكان كراوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواریش كراوە لەسەر ئەو بڕگانە موتەفق بووینە وە چوار ساڵەكانیش ڕێژەیەكی یاساییە هەموو بەڕێوەبەرێك و بەڕێوەبەری گشتی و هەتا خولی پەرلەمان ئەویش چوار ساڵە لەكاتی زۆر زەرووردا زیاد دەكرێت كە پێویستی پێبێت، وە سەبارەت بە پرسیارەكان موتەفقم، بەڵام ئەوەی دكتۆر ڕێبوار باسی دەكات كاری پیشەی و سەندیكا زۆر زۆر جیاوازە لە كاری ئیدارەیی، پیشەیی سەندیكا دەبێت چاودێر بێت بەسەر ئیدارەدا نەك دەستنیشانی كەسێك بكات بۆ بەرپرسێكی بنكەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پێش ماددەی(٢٤) كاك عوسمان سێدەری داوای نوقتەنیزامی كرد، فەرموو كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بەهۆی بێ بارانیەوە كە هەرێمەكەمان ڕووبەڕووی وشكە ساڵیەكی زۆر بۆتەوە بۆ ئەم مەبەستە من پێشنیار دەكەم كە لیژنەی كشتوكاڵ وە بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنە پەیوەندی دارەكانی تر سەردانێكی مەیدانی بكەین بۆ ئەو ناوچانەی كەوا لەئێستادا تووشی زەرەرێكی زۆر هاتوون و ئەوانە وە لەئێستادا چەندین مەشاكیل ڕووبەڕووی وەزارەتی كشتوكاڵ و هەرێمەكەمانی بۆتەوە بەتایبەتی هەندێك گوند هەیە كە كانیاوەكانیان وشكی كردووە بیرەكانیان وشكی كردووە، ئەمە پێویستی بەوە هەیە ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان بە ئەركی سەرشانی خۆمان هەستین، بەوەش بتوانین كۆی ئەو زەرەرو زیانانە كە لەو ناوچانە ڕوویداوە ئێمە ڕاپۆرتێك ئامادە بكەین بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان و وە سەرۆكایەتی پەرلەمانیش ئاگاداری حكومەتی هەرێمی كوردستان وە حكومەتی ناوەندی بكرێتەوە، بۆ ئەوەی وەكو ساڵانە ڕابردوو كە وشكە ساڵی بووە حكومەت بە ئەركی سەرشانی خۆی هەڵساوە، بۆیە ئەمە كارێكی زەڕوورە كە ئێمە وەكو پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دوێنێ كۆبوونەوەی لیژنەی كشتوكاڵتان كردووە نووسراوێكی ڕەسمیتان ناردووە كە داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان بكرێ، ئێمە پشتیوانی ئەكەین و نووسراوەكەشمان ئەمڕۆ ناردووەو هیچ ڕێگریەكیش نییە كە لیژنەكەتان لیژنەی لاوەكی دروستكات بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە، ڕوپاك خان جەنابیشت داوای نوقتە نیزامیت كردبوو فەموو.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ماددەی (٦٦) ژمارەی یاسای ئەندامانی پەرلەمان یاداشتێكمان داوەتە دەستە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ بانگێشت كردنی وەزیری پەروەردە لەسەر كەرتی پەروەردە لە هەرێمی كوردستان، چونكە دەبینین بەتایبەت كەرتی پەروەردە قوتابیان لە ناوەندەكانی خوێندن ئەوساڵ هەموو كۆكەینەوە یەك مانگ دەوامیان كردووە، ئایا ئەمساڵی خوێندن بە

دەرچوو هەژمار دەکرێت ؟ ئایا خوێندن چی لێ بەسەر دێت؟ بۆیە پێویستە وەزیری پەروەردە بێتە پەرلەمانی کوردستان لێرە هەندێك بڕیار دەربکرێت کە لەبەرژەوەندی خوێندکاران بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەو یاداشتەمان ناردووەو پێشتریش باسکرا کە هەماهەنگیەکی باش هەیە لە نێوانتانا هەر کاتێك هاتەوە تەرتیبی ئەکەین.

**بەڕێز شایان کاکە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو دوو سێ ڕۆژە دەنگۆیەکی بەهێز بڵاوبۆتەوە کە بەرپرسە حزبی و حکومییەکان تەنانەت ئەندام پەرلەمانانیش سڕە بڕی لە هاووڵاتیان دەکەن بۆ وەرگرتنی ڤاکسینی ڤایزەر بەتایبەتی pfizer vaccine نەك ئسترازینکا astrazeneca vaccine و سینۆ فارمەکە sinopharm vaccine کە پێی دەڵێن صینیەکە، من لێرەوە دەمانەوێت ڕاییگەیەنین هەرکەسە با بەسڕەی خۆی وەریگری و تکادەکەین بەرپرسە حزبی و حکومیەکان....

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دکتۆرە ئەمە نوقتە نیزامی نەبوو، بەڕێزان ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان ڕای ئەگەیەنین هیچ پەرلەمانتارێك نە سڕە بڕی کردووە، وە ئەو بابەتەش ئەگەرنا پێمان خۆشە لیژنەی تەندروستی ناوی ئەو بەرپرسە حزبیانەمان پێبڵێ ناوی ئەو خەڵکانەش لەلیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەوەی عمومیات قسەنەکرێت، بچنە سەر ماددەکانی(٢٧) فەرمووون.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٧) ئەرکەکانی لیژنەی هونەری، یەکەم: بۆ دیاریکردنی هەر کەلوپەلێك و پارچەیەکی شوێنەواری و کەلەپوری کە ڕەسەنە یان ساختەیە بڕیارو ڕاسپاردەی لیژنەی هونەری یەکلاکەرەوە دەبێت، دووەم: خەملاندنی بڕی قەرەبووی ئەو زیانانەی بەر شوێنەوار یان کەلوپەلە شوێنەواریەکان دەکەون تەنها بەهای دارایی دەبێت، بەڵام پێویستە زیانە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگەش کە لەو شوێنانە کەوتوون دیاریی بکرێت، سێیەم: دیاریکردنی نرخی هەرپارچەیەکی شوێنەواری و کەلەپووری کە پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکرێت، چوارەم: دیاریکردنی بڕی پاداشت بۆ هەرکەسێك کە شوێنەوارو کەلەپوور دەدۆزێتەوە یان زانیاری دەدات بۆ دۆزینەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە گفتوگۆ بکات با بفەرموێت ناوەکان تۆمارکەین، ئەم بەڕێزانە لەسەر ئەم ماددەیە گفتوگۆ دەکەن، کاك سیپان، شیرین خان، کاك یاسین، کاك جنان، عوسمان سێدەری، کاك دکتۆر ڕێبوار، سەوسەن خان، دکتۆرە گەلاوێژ، کاك سەروان، کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەرکێ لیژنا هونەریدا ئاماژە بە چار ئەرکا کری و ئاراستەی ڤێ لیژنەی تێنە کرن بێ کو ئاماژە بێ چەندی بێت ئەڤ لیژنە ژچەند کەسا پێکدهێتن، داوەکو لیژنەیەك دێهێتە پێکهینان ژ بەدوا چوونا بابەتەك یان ئەرکەك دێتە ڕاسپاردن ببێتە دیارکرن ئەڤ لیژنە کینە؟ کێ پێکدهێن بتنێ هاتیە دیارکرن کو لیژنەیا هونەریدا، ئایا لیژنا هونەری پسپۆڕا شوێنەوارینە پسپۆڕێن مێژووینە، شارەزانە ڤی بواریدا، لەوڕە گرینگە ئەرك دێنە دیارکرن و ژ بۆ لیژنەیەکێ لیژنەش بێتە دیارکرن کە ئەو لیژنەش دێتە پێکهینان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جنان.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت ماددەی (٢٧) سێیەم، دیارکردنی نرخی هەر پارچەی شوێنەواری و کەلەپووری کە پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکرێت، دەبێت ئەلێرە زیاد بکرێت لەلایەن پسپۆڕانی تایبەت، یعنی دیارکردنی نرخەکە دەبێت لەلایەن پسپۆڕەکان بێت، نوقتەی چوارەم دیارکردنی بڕی پاداشت بۆ هەرکەسێك کە شوێنەوارو کەلەپوور دەدۆزێتەوە یان زانیاری دەدات بۆ دۆزینەوەی، دەبێت ئەلێرە نسبە دیاربێت نسبەکەی چەندە پاداشت بێت ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مـن پێشنیار دەکەم لە ئەرکەکان بڕگەی (یەکەم) بەمشێوەیە دابڕێژرێتەوە لەسەر بڕیارو ڕاسپاردەی لیژنەی هونەری هەر کەلوپەل وپارچەیەکی شوێنەواری و کەلەپووری جۆری ڕەسەن یان ساختەیە دیاری دەکرێت و بڕیاری لیژنەکە یەکلایی کەرەوە دەبێت، وە بەنسبەت بڕگەی (دووەم) خەمڵاندنی بڕی قەرەبووی ئەو زیانانەی بەر شوێنەوار یان کەلوپەلی شوێنەوارو کەلەپوریەکان دەکەون تەنها بە بەهای دارایی دەبێت، هەتا ئێرە بەسە بەشەکەی تری تەرك بکرێت، بڕگەی سێیەم) بە ئیزافە دەبینم، بڕگەی (چوارەم) وەك خۆی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەخاڵی (٢٧) لەبڕگەی (یەکەم) بۆ دیاریکردنی هەر کەلوپەل وپارچەیەکی شوێنەوار و کەلەپووری کە ڕەسەنە یان ساختەیە، پێم باشە بەمشێوازەی لێبکرێت، بۆ دیاریکردنی هەر کەلوپەل و پارچەیەکی شوێنەواری و کەلەپووری کە ڕەسەن یان ساختە بێت بڕیارو ڕاسپاردەی لیژنەی هونەری یەکلاکەرەوە دەبێت، سەبارەت بە بڕگەی (دووەم) پێم باشە لێرەدا بەو شێوازەی

لێبکرێــت، خەملاندنی بــڕی ئەو زیانــانەی بەر شــوێنەوار یــان کەلــوپەلە شــوێنەواری و کەلەپووریەکان دەکەون، تەنها بە بەهای دارایی دەبێت بکرێتە، بەو شێوەیەی بکرێتن، چونکە تەنها بەهای دارایی دەبێت، لێرە ڕوون نییە، (تەنها) هەڵبگیرێت، بکرێتە جگە لەخەملاندنی بەهای دارایی وە قەرەبوو کردنەوەی پێویستە زیانە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی کە بەر ئەوشوێنە کەوتوون دیاری بکرێت و خەملاندنی بۆ بکرێت، سەبارەت بەبڕگەی (چوارەم) کە دەڵێت دیاریکردنی بڕی پاداشت بۆ هەرکەسێك کە شوێنەوار و کەلەپوور دەدۆزیتەوە یان زانیاری دەدات بۆ دۆزینەوەی، لێرەدا پێم باشە ئەو پاداشتە دیاری بکرێت، چونکە جاری وا هەیە لەوانەیە بە میزاج بڕیاربدرێت وە ئەو کەسە نەگاتە مافی خۆی و ئیهمال بکرێت، بەڵام ئەگەر لەیاساکەدا ئاماژەی پێبدرێت باشتر دەبێت، وە لەو یاسایەدا بڕی پاداشتەکە ئاماژەی پێبکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کەسە بگاتە مافی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی (چوار)ی ماددەی (٢٧) نووسراوە بڕی پاداشت، بەڵام بڕەکە بە پارە دیاری نەکراوە چۆن لە ماددەکانی پێشوو بڕی پارە بۆ سزا دیاریکراوە، هیوادارم لەوەش لە پاداشتیش دیاری بکرێت، هەروەها پێویستە ئەو کەسەی زانیاری دەدات یان کەلووپەلێکی دۆزراوە دەگەڕێنێتەوە، سوپاس نامەیەك بەدەستی خودی وەزیر ڕێنووسکراو بدرێتە ئەو کەسە وناویشیان لەمۆزەخانە بنووسرێت وهەڵبواسرێت، چونکە ئەمە دەبێتە هاندانێکی باش بۆ پاراستن و خۆشویستنی سامانی نیشتیمانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٧) لەجیاتی ئەوەی ئەرکەکانی لیژنەی هونەری بنووسرێت، من پێم باشە بنووسرێت لیژنەی هونەری ئەمانەی لای خوارەوە ئەگرێتە ئەستۆ، یەکەم: دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا پارچەکە شوێنەوارییە یان کەلەپوورییە یان تەزویرە یان ساختەیە یان لاسایی کراوەیە، ئەم لیژنەیە ئەرکی یەکەمی بێت، لەخاڵی سێیەمدا کە هاتووە دیاریکردنی نرخی هەرپارچەیەکی شوێنەواری، ئەمە بێتە خاڵی دووەمیان، واتا لەگەڵ دووەما ئاڵوگۆڕ بە جێگەکەیان بکرێ و بەم شێوەیەی لێبکرێ، دیاریکردنی بەهای پارچەکانی کە لەدەقی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە بەپێی نرخی فەرمی بازاڕی خۆجێی بەشێوەیەك کە بەهاکەی کەمتر نەبێت ئەگەر زێڕ یان زیوو یان بەردی گرانبەها بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا تەنها ڕوونكردنەوە بوو، لەبەر ئەوە لە پڕۆتۆكۆڵ تۆماردەكرێت، ڕوونكردنەوەیەك لەسەر وەڵامی بەڕێز دكتۆر زێدان، من نەموتووە سەندیكای شوێنەوارناسان شوێنەوارناس دیاریی بكات، من وتوومە بە تەنسیق لەگەڵی كە جیایە، سەبارەت بەماددەی (٢٧) من لەسەر بڕگەی (چوارەم) تێبینیم هەیە كە دەڵێت دیاریكردنی بڕی پاداشت، پاداشت بۆخۆی مەعنەوییە وەماددیە، ئایا مەبەست لێرە مەعنەویەكەیە یان ماددییەكە؟ ئەگەر ماددییەكەشە بڕەكە دیاركەن باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەنسبەت ماددەی(٢٧) هاوڕای برای بەڕێزم دكتۆر ڕێبوارو كاك سیپان و هەموو هاوڕێیان و هەڤاڵانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٧) بڕگەی (سێیەم وچوارەم) هاوڕای برای ئەزیزم كاك جنانم، كە ئەو پێشنیارەی ئەو كردی پێشنیاری منیش بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەكۆی گشتی ئەم یاسایە سەرەنجێكم هەیە، كە ئەویش كۆكردنەوەی كەلەپوور و شوێنەوارە لەناو خەڵك لەبۆ حكومەت بۆ مۆزەخانەكان، بۆیە لەهەموو دنیاش كە كەلەپوورو شوێنەوار لەلای خەڵكە حكومەت بە پارەیەك دەیكڕێتەوە، بۆ ئەوەی لە مۆزەخانەكان دایبنێ و ببێتە موڵكی دەوڵەت و خەڵك بیبینێت، بۆیە من لێرە پێشنیار دەكەم بڕگەیەك زیاد بكرێت بەبڕگەی (پێنجەم) هەركەسێك شوێنەوارێكی لابێت ئەوا حكومەت مولزەم بكرێت بەكڕینەوەی ئەو شوێنەوارە بە نرخی ئەو شوێنەوارە كە هەڵدەسەنگێندرێت، پێویستە هاندانەك هەبێت، بۆ ئەوەی خەڵك شوێنەوارەكان لای خۆی هەڵنەگرێت، ئێستا ئەگەر ئەمە سەیر بكەین دەبینین زۆر كەس هەیە شوێنەواری لایە و بە بڕی پارەی زۆریش كڕیوویەتی، بەڵام ئەگەر بێت و حكومەت قەرەبووی بكاتەوە ئەوا ئەو شوێنەوارە دەگەڕێنێتەوە دەبێتە موڵكی حكومەت، سەبارەت بەبڕگەی (سێیەم) دیاریكردنی نرخی هەرپارچەیەكی شوێنەواری و كەلەپوری كە پێشكەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەكرێت، دەبێت بزانین لەسەر چ ئەساسێك ئەو نرخە دادەنرێتن لە

لیـژنەیەك بێـت، وە سـەبارەت بە بـڕگەی (چـوارەم) دیـاریکردنی بـڕی پاداشـت، پـێم باشـە لە کۆتاییەکە زیادبکرێت بەڕێژەیەك کە نرخی خەمڵاندنی ئەو شـوێنەوارە بێـت کە شەخسـەکە یـان کەسەکە دەیدۆزێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خودا، هاوڕای قسەکانی دکتۆرە گەلاوێژم، بەڵام لێرەدا یەکشـت هەیە لە خـاڵی دووەم کە دەڵـێ زیـانی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی، ئەو کـۆمەڵایەتیە ئەگەر بۆمـان ڕوونـکەنەوە مەخسـەدیان چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت پرسیاری کاك سیپان، سەبارەت بە ئەرکەکانی لیژنە پێکهـاتەکەی چـۆن دیـاری دەکرێـت لە ماددەی(١) بڕگەی(سـێزدەیەم)دا، بەوازحـی هـاتووە کە پێناسـەی لیـژنەی تایبەتمەنـد دەکرێـت هەر لەوێ لە کۆتاییەکەدا دەڵێت پێکهاتەکەی لەلایەن وەزیر بەڕێنمایەك دەردەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زێدان.

**بەڕێز زێدان ڕشیدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٢٧) تێبینـی هەمـوو بەڕێـزانم نووسـیەوە، بەڵام ئەوەی کە زیـاتر تەرکیزیـان لەسەر بـووە ئەوەیە کە دیـاریکردنی بەهـای نرخـی شـوێنەوار لەم یاسـایەدا، بەڕێـزان شـوێنەوار لەبەر ئەوەی بابەتێکی زۆر ئەساسە وە زۆریـش گـرینگە دیـاریکردنی نـرخ لەنـاو یاسـادا یـان هەر پێوەرێك لە ژمارەیەك بۆ ژمارەیەکی تر دەبێتە ئەگەرێکی زۆر بە بازرگانی کردن لەناو کۆمەڵگـادا، بۆیە لێرەدا دیاریکردنی ئەو نرخەش لەبەر ئەوەی ئێمە خـاوەنی هەزاران نـاوچەی شـوێنەواری و پـارچەی شـوێنەوارین ناکرێـت پێـوەری هەر هەمووـیـان بنووسـرێت، بەڵام لیـژنەی زانسـتی لیژنەیەکـی هـونەرییە کە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی دەریـدەکات ئەو لیـژنەیە ئەو پـارچەیەی کە دەهێنـرێتە بەڕێـوەبەرایەتی چ بە دیـاری بێـت یـان دۆزینـەوە بێـت خـۆی خەمڵانـدن بـۆ نرخـی بەهاکەی دەکات، بەهای خۆی بەواقعی نەك بەهـا زانسـتیەکەی، چـونکە ئەگەری هەیە یەك پـارچە قورینەی بەهـای زانسـتی بە ملیۆنـان دۆلار بێـت، بەڵام خـودی پـارچەکە ئەو هەژمـار دەکرێـت لە کاتی وەرگرتنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شـوێنەوار، بـۆیە دیـاریکردنی نـرخ دەبێـتە بازرگـانی

کردنێك لەناو کۆمەڵگادا، ئەمەش یەکێك لە هۆکارەکان بووە کە نەتوانراوە دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٢٨) فەرمووون.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٨) یەکەم ڕێژەی لە(٥٠%) پەنجا لە سەدی داهاتی گشتی شوێنەوار بۆ گەشەپێدانی بواری شوێنەوارو کەلەپووری تەرخان دەکرێت، دووەم: پێویستە لە بودجەی گشتیدا بودجەیەکی ساڵانە بۆ کاروباری شوێنەوارو کەلەپوور تەرخان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکات با دەست بەرزکاتەوە، ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێت گفتوگۆ بکەن لەسەر ماددەی(٢٨)، حسیبە خان، کاك هەڵکەوت، کاك ڕێبوار، کاك حاجی سەفین، سوسن خان، کاك عوسمان، کاك مەلا ناصر، هڵز خان، کاك سیپان، هەڵز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا (٢٨) من دوو پرسیارێت هەین بۆ لیژنا تایبەتمەند، سەر برگا یەکی ڕێژا پێنجی سەدێ دێ بێتە مەزاختن ئایا پێنجی سەدێ بۆ چ دێ بێتە مەزاختن، یەعنی داهاتێ شوێنەوارا بۆ چ دێتە سەرفکرن؟ دوو: ئەم دزانین لە هەرێما کوردستانێ هەشت ساڵا بودجە نەهاتیە پەرلەمانێ، ئایا ئەگەر ئەڤە بەردەوام بیتن چ بەدیل هەیە کو خاڵا دووێ بێژە پێویستە بودجە گشتیدا بودجەیەکا ساڵانە بۆ کاروبارێ شوێنەوار کەلەپوور تەرخان بکرێتن، ئەگەر نەهاتە کرنێ بە دیلێ وی چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٢٨) پێشنیار دەکەم تەنها بڕگەی (یەکەم) بمێنێتەوە کە بڕگەی (دووەم) نووسراوە پێویستە لە بوودجەی گشتیدا بوودجەیەکی ساڵانە بۆ کاروباری شوێنەوارو کەلەپوور تەرخان بکرێت، بەڵام ئەگەر سەیری پێشنیازە یاسایەکە بکەین ئەبینین کە مەعنییە بە وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی شارەوانیش بوودجەی خۆی هەیە، وە لە بڕگەی (یەکەم)دا، ئەڵێت ڕێژەی (٥٠%) داهاتی گشتی شوێنەوار بۆ خزمەتی پڕۆژەکانی شوێنەوار تەرخان دەکرێت، کەواتە ناکرێتن بە دوو لایەن حکومەت ئیلزامی ئەو ماددەیە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کك عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٨) بڕگەی (یەکەم) ڕێژەی (٥٠%) بکرێت بە (١٠٠%) لە سەدی داهاتی گشتی شوێنەوار بۆ گەشەپێدانی بواری شوێنەوارو گەشتیاری بۆ زیاد بکرێت گەشتیاری و کەلەپووری بۆ تەرخان بکرێت، لەبەر ئەوە بەمە گرینگی زیاتر ئەدەین بە بواری گەشتیاریش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سەفین.

**بەڕێز سەفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیشان لەسەر ڕێژەی تەرخانکراو لەو دوو خاڵەی، پێم باشە یەعنی یەك خاڵ بێتە دیسکردن یان ڕێژەکە بکرێت بە (٥٠%) لە داهاتی گشتی شوێنەوار بۆ شوێنەوار تەرخان بکرێتن، بوودجەکەی پێویست ناکاتن حکومەت ئیلزام بکرێتن، ئەگەرنا ئەو داهاتەی (٥٠%) یە ئەوا (١٠٠%) تی داهاتەکە بگەڕێتەوە بۆ بوودجەی گشتی، لە بوودجەی گشتی تەرخان بکرێت بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هەڵکەوت.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٨) ڕێژەی (٥٠%) داهاتی گشتی شوێنەوار بۆ گەشەپێدانی شوێنەوارو کەلەپووری تەرخان دەکرێت، پرسیارم لە لیژنەی بەڕێز ئایا داهاتی شوێنەوار مەبەستیان چ داهاتێکە؟ خاڵێکی کە ئەکەر شوێنەوارێکی وا بوو ئابوورییەکی زۆری بوو لە (٥٠%) زۆر بە زیاد دەزانم، پێم باشە لیژنەیەك تەرخان بکرێت ئەو بڕە دیاری بکات، هەر لەهەمان بڕگەی (یەکەم) خاڵێکی تر ئەگەر بێت و لە پارێزگایەک بوو ئەو داهاتەی شوێنەوارا ئایا بۆ خودی محافەزەکە ئەبێت یان هەموو کوردستان؟ فەقەرەی دووەم دەڵێ پێویستە لە بوودجەی گشتیدا بودجەیەکی ساڵانە بۆ کاروباری شوێنەوارو کەلەپووری تەرخان بکرێت، ئەگەر خاڵی دووەم جێبەجێ بکرێت ئەوا خاڵی یەکەم زیادە، یاخود خاڵی یەکەم و دووەم بکرێت بەیەك بڕگە یان خاڵی یەکەم یان خاڵی دووەم فەقەرەیەکیان لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٨) ئاماژە بەوێ چەند ددەت کو(٥٠%) ژ داهاتێ گشتیێ شوێنەوار بۆ گەشەپێدانا بواری شینواری و کەلەپووری بهێتە تەرخانکردن ئەلڤێرێ پرسیارەك من هەیە، ئایا مە داهاتێ گەشتیاری گەشتیاری هەیە ژ بۆ شوێنەوارن؟ ئەم شوێنێ شینوارێت خۆ بکەین جێی گەشتیاری ژ بـو بەلکی داهاتەك ژبهێت، لەوڕەن گرینگە ئەلڤێرێت ئەڤ خاڵە دەستپێکا بهێتە زێدەکرن

گەشتیاری کرنا جێهێن شوێنەواری، چونکە هەتاکو جێهێن شوێنەواری نەبنە جێهێن گەشتیاری و ڕێپێدان ژ بوو خەڵکێك سەرەدانا بکەن ژ بوبێتە داهات، لەورەن دبیتە (٥٠%) داهاتێ گەشتیاری ڤەگرتن ژ بوو گەشەپێدانا بوارێ شوێنەوار، نقتە خاڵ دووێ دا ئاماژە بوێ چەندێ بدەم شوێنەوار بەشەکە ژ وەزارەتا شارەوانی دەما بودجەیا ساڵانە ژ بو وەزارەتا شارەوانی دێتە دەست نیشانکردن شوێ بوودجە بەشەکی بۆ شوێنەوارو پەرەپێدان و پاراستنا شوێنەواری دێتە تەرخانکرن، ئەگەر بەشەکا جوداش بو شوێنەوارا بهێتە تەرخانکرن بودەمی گرینگە بو گەشتوگوزاریش بێتە تەرخانکرن کو بەشەکە وەزارەتا شارەوانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مەلا ناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، لەماددەی (٢٨) بڕگەی (یەکەم) (٥٦%) داهاتی گشتی شوێنەوار بۆ شوێنەوارو کەلەپوور تەرخان دەکرێت، بەڕای من بکرێت بە (١٠٠%) لەبەر ئەوەی ئەو داهاتە ئەتوانرێ ئیشی باشتری پێبکرێ، وەهەروەها لەڕووی گەشتوگوزاریشەوە هاوکاری ئەو کەرتانە بکرێت بۆ ئەوەی کە خەڵکەکە زیاتر بتوانن سەردانی ئەو شوێنەوارانە بکەن لەگەڵ ئەو کەلەپوورانە هەم داهاتەکەیشی زۆر زیاد دەبێت،تەئکید لە قسەکانی کاك عوسمان و کاك حاجی سەفین دەکەم لە (١٠٠%) بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتیوانی کاك حاجی سەفین کاك حاجی هەڵکەوت لەگەڵ کاك سیپان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە لیژنەی شارەوانی دەپرسم یەك شوێنەوارم پێبڵێن لە کوردستانا داهاتی هەبێت، کرابێت بە سەرچاوەی داهات بۆ هەرێمی کوردستان تاوەکو ئەو ماددەیە بنووسرێتەوە (مابني علی باطل فهوة باطل) ئەو مادده هیچ ئەساسێکی قانوونی دروست ناکات لەبەر ئەوەی هیچ شوێنەوارێك لە هەرێمی کوردستان سەرچاوەی داهات نییە، فەرموو ئێمە قەڵایەکمان هەیە لە هەولێر مێژووەکەی بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە هەر خەڵکێك چ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێت چ خەڵکی ئەجنەبی بێت بە بەلاش سەردانیان دەکەن، من لە بەیروت بووم قەڵایەك هەیە بە دەست دروستکراوە پێی دەڵێن(قلعة ابو موسا) بۆ هاووڵاتیانی لبنانی بە بڕی پارەیە، وە بۆ خەڵکی ئەجنەبی بە بڕێکی ترە، من لێرەوە داوادەکەم لەبەر ئەوەی شوێنەوار زۆر

زۆر گـرینگە ئەگەر بێـت و ئیشـی لەسـەر بکرێـت بەشـێوەیەکی زانسـتی دەبێـتە سـەرچاوەیەکی گرینگ بۆ داهات، بـۆیە مـن داوادەکەم ئەو بڕیـارە هەڵبگیرێـت لەبەر ئەوەی هێشـتا شـوێنەوار لە هەرێمی کوردستان نەبۆتە سەرچاوەی داهات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جنان نوقتە نیزامی هەبوو پێش ئەوەی لیژنەی تایبەتمەند جوابداتەوە، فەرموو کاك جنان.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) لێـرە تەوزیحـێکم دەمەوێ بـکەم ئەمە مەتـحەف مـدیریەی بەڕێـوەبەرایەتی مەتحەفی سریانی ئێمە هەیە لە عەنکاوە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، ئێ بەپێی یاسا ئێـرەش دەڵێ وەزارەتی شارەوانی و گەشـتوگوزارە، باشـە ئەو بـودجەیەی لەکێ وەردەگری لەو وەزارەتـا یـان ئەو وەزارەتـا، وە پشـتگیری قسـەکانی کـاك دکتـۆر ڕێبـوار دەکەم ئەو مەتحـحەفەی ئـی عەنکـاوەی سـاڵانە بەهەزاران خۆمـان ئەوانەی لە خـاریج دێـن سـەردانی دەکەن وە هیچـیش داهاتی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری کاك دکتۆر ڕێبوار بێگومان یەکێك لە ئامانجەکانی ئەو پێشنیازە یاسایە کە ان شاالله دەبێتە یاساو پەسەندی ئەکەین، بایەخدانە بە کەرتی شوێنەوارو کەلەپوور لە هەرێمـی کوردستاندا وە بۆ ئەم مەبەسـتە لە چوارچێـوەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە جـارێکیتر کەلەپـوورو شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان ڕێکدەخرێت و مۆزەخانەکـان بایەخیـان پێـدەدرێ لەو حـاڵەتەدا ئەکرێ بکرێنە یەکێك لە سەرچاوەکانی داهات، بێگومـان تەئکیـد دەکەمەوە ئێمە لە چوارچێـوەی نووسـینەوەی پێشـنیازە یاسـای گەشـتوگوزاریش بـایەخ بەمەسـەلەی شـوێنەوارو شـوێنە گەشـتیاریەکان دەدەیـن، بـۆیە ئەکیـدم لە داهـاتوو لە ئاینـدەیەکی نزیکـدا شـوێنەوارو کەلەپوورییەکان و مۆزەخانەکان لە هەرێمی کوردستان قەڵاو شوێنە گرینگەکان زیـاتر بایەخیـان پێدەدرێ لە چوارچێوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە وە بێگومـان داهاتیشـیان ئەبێـت، لەو حـاڵەتەدا (٥٠%) ئەگەڕێتەوە بۆ کەرتی شوێنەواری و بایەخدان بەم پرسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرجـار لە دانیشـتنەکانی خوێنـدنەوەی دووەم دا تەئکیـد دەکەیـن لەسـەر گرینگـی هەبـوونی ماددەی ئامانجەکان لە یاسـادا، چـونکە فەلسـەفەو مەبەسـتی یاسـاکە هەمـووی لەو مـاددە خـۆی دەبینێت، ئێستاش ئەگەر تەماشای ئەو ماددەیە بکەین بـڕگەی (چـوارەم) یـانی بەڕوونـی دەڵێـت ئەو مەبەستە بۆ ئەوە بوو بە گەشتیاری کردنە یـان شـوێنەوار و مۆزەخـانەو ئەو جێگایـانە، قسـە

کراوە ڕاستە قسەی واقعیە ئێستاش وایە، بەڵام ئەو یاسایە بۆ موستەقبەلە بۆ داهاتووە لەبەر ئەوە ئەو ئامانجە ئێستاش ڕوونە، سەبارەت بە پرسیارێکی تر کە ئایا ئەم داهاتە جگە لە بڕگەی یەکەم ئەم (٥٠%) باقیەکەی چی لێدێت خۆ قاعیدەی عامە هەموو داهاتێك لە کوردستان بچێت بۆ خەزێنەی گشتی، بەڵام لە هەندێ یاسا بوونی هەیە کە نسبەیەك بە ڕێژەیەك دیاری دەکرێت بۆ تایبەتمەندی بە بوارێك یان کەرتێك، ئێستاش ئەم یاسایە لە بڕگەی (یەکەم)دا کەدەڵێ (٥٠%) کەواتە ئیستسنا دەکرێت کە (٥٠%) بۆ ئەم کەرتە تەرخان بکرێت نەچێت بۆ خەزێنەی گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارا من دووێ جواب نەدا، ئەگەر بودجە نەهات یەعنی بەدیلێ خالا دووێ چیە؟ ئەگەر بودجە نەهات ئەوە هەشت ساڵە بودجە نینە هەرێما کوردستانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی(٢٨) کە تایبەتە بە ڕێژەی ئەو بودجەیەی کە شوێنەوار وەکو داهات بەدەستی دێنێت یان ئەو بودجەیەی کە لەگشتی بۆ شوێنەوار تەرخان دەکرێت، بەڕێزان پێشتریش لەو ساڵانەی کە بودجە لە پەرلەمان بووەو لەو ساڵانەی کە بوودجە لە پەرلەمان نەبووە حکومەتی هەرێم دائیمەن بوودجەیەکی تایبەتی بۆ شوێنەوار دابینکردووە، وە لەڕێگای وەزارەتی شارەوانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار تەخسیس کراوە، بەڵام لەو دۆخەی لەدوای ٢٠١٤ وە کێشەکان گشتی بووە قەیرانەکان گشتی بووە بۆیە ئەو بودجەیەی کە داوا دەکرێت ساڵانە بۆ ئینقازکردنی ناوچەیەکی یەکجار زۆری شوێنەوارە کەپێویستی پێیە، بۆ نموونە من خۆم لە لیژنەی ڕزگارکردن و نۆژەنکردنەوەی قەیسەری کفری بووین لەساڵی ٢٠١٤ کە حەوت ملیار دیناریشی بۆ دەرچوو، بەڵام بەهۆی قەیران و هاتنی شەڕی داعش ڕاگیرا، ئەوە یەك لەو بوودجانەیە کە لە حاڵەتەکانی زۆر زۆر زەڕوورو پێویستە دەبێت حکومەتی هەرێم خۆی سەرپەرشتی بکات لە ڕێگای وەزارەتی مەعنیەوە بۆ شوێنەوار دابین بکات، چونکە شوێنەوارەکانمان پێویستی بە ئینقاز بوونە، وە لەخاڵی یەکەم لەو سەدا ڕێژەی کە دانراوە ئێمە لە نەبوونی یاسا لە هەرێمی کوردستان ئەو یاسایەمان پێشنیارکردووە هەستمان بەوە کردووە کە شوێنەوارەکانمان سودیان لێوەرناگیرێ لەڕووی داهات لەڕووی گەشتیاریەوە، ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە گەشتیاری بکرێن سوودی لێوەرگرێ وە لە داهاتوودا داهاتەکەی بە نیوەی بۆ شوێنەواربێت ئەویتر بۆ حکومەت بێت هەموو هەدەفەکە لەوەیە ئێمەش دەزانین نەبوونی ئەو نەقسانەیە ئەو شوێنەی کەباس دەکرێت، بۆ نموونە قەڵای هەولێر لە مەرکەزەو بەناوبانگترین شوێنی لەشاری هەولێر خاڵی ئێمە لە ماددەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد تا ئێستا لە قەڵای هەولێر

بەڕێـوەبەری ئەو قەڵایەش شـوێنەوارناس نەبـووە، ئەوە خەلەلـی سـەرەکییە کە نەمتوانیـووە چارەسـەری کێشـەکانی خـۆم بـکەم لەو یاسـایەدا چارەسـەری دەکەم کە پێشـنیارکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٩) فەرموون.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٩).

لەکـاتی پێویسـتدا وەزیـر لە ڕێگـای ئەنجـوومەنی وەزیـرانەوە هەمـاهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتحادییەکانی تایبەت بە شوێنەوارو کەلەپوور دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە بکات، گوڵستان خان، حاجی سەفین، حسـیبە خان، کاك جنان، گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لەجیاتی ئەم ماددەیە کە ئەو دەسەڵاتە بە وەزیر بدرێت، ئەم دەسـەڵاتە بگەڕێـتەوە بۆ دەسەڵاتی شوێنەواری وە ئەرکەکانیشی لەم مادديە دیاری بکرێت.

یەکەم: دەسەڵاتی دادوەری بۆی نەبێت بەبێ وەرگرتنی ڕای دەسەڵاتی شورای شوێنەواری حـوکم لە هیچ داوایەکی شوێنەواری یان کەلەپووری بدا.

دووەم: هەموو پـارچە شـوێنەواری و کەلەپـووری و ئـامێرو ئـامرازو بابەتەکـانی لە بڕگەکـانی ئەم یاسایە بڕیاردراوە زەوت بکرێن ڕادەستی دەسەڵاتی شوێنەواری بکرێن.

سـێیەم: دەسـەڵاتی شـوێنەواری بـۆی هەیە پاداشـتێکی نەختیـنە بـداتە هەریەکێـك هەواڵـی سەبارەت بەدەستهێنانی ناڕەوای شوێنەوار یان دەستەی کەلەپووری بگەینێ یان یـارمەتی بـدات دەستیان بەسەر دابگیرێت.

چـوارەم: دەسـەڵاتی شـوێنەواری پێشـنیازی پەیـکەری ڕێکخسـتنی خـۆی پێشکەشـی لایەنـی تایبەتمەنـدیەکان دەکـات بـۆ پەسـەندکردن، بەمەرجێـك مۆزەخانەکـان بەڕێـوەبەرایەتییەکی تایبەتیان تێدا هەبێت.

پێنجەم: دەسەڵاتی شوێنەواری هاو ئاهەنگی لەگەڵ هاوتا فیـدڕاڵییەکانی دەکـات بـۆ ڕاپەڕانـدنی ئەرکەکانی خۆی.

شەشـەم: دەسـەڵاتی شـوێنەواری ڕێ بەکـردنەوەی مۆزەخـانەی تـایبەتی کەلەپـووری دەدات بە سەرپەرشتی تەکنیکی خۆی.

حەوتەم: دەسـەڵاتی شـوێنەواری مـافی هەیە یـارمەتی و بەخشـین و دیـاری قبـووڵ بکـات بـۆ نەشـونما پێکـردن و گەشـەپێدانی ئەرکەکـانی خـۆی و بەپێـی یاسـاش مـامەڵە لەگەڵ ئەو دەستکەوتانە بکرێت.

هەشتەم: هێزەکانی ئاسایش لەبەینی دوو قەوسا پۆلیسی شوێنەوار لە کاتی پێکهێنانی دا واتا ئێمە پێویستمان بەو هێزەش هەیە پێکبهێنرێت لەسەریانە لە بەجێهێنانی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاوکاری و هەماهەنگی بکەن لەگەڵ دەسەڵاتی شوێنەواری.
نۆیەم: پرۆسەکانی بەڵگاندن، تەوسیق، تۆمارکردن، دەست پێداهێنان، بەپێی پێوانە نێودەوڵەتیە پەیڕەوکراوەکان بەڕێوەدەچن.
دەیەم: دەسەڵاتی شوێنەواری لەسەریەتی خولی ڕاهێنان و مەشق پێکردن و هۆشیارکردنەوەی کارمەندان لە دەروازە سنووریەکاندا بۆ کارمەندانی دادوەری و دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس بکاتەوە تا جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاسان بکەن.
یانزەیەم: دەسەڵاتی شوێنەواری لەسەریەتی نوێنەری شارەزای خۆی لە دەروازە سنووریەکان دابنێت بۆ هاوئاهەنگی و هاوکاریکردن لە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
دووانزەیەم: کارکردن بۆ ئاسانکردنی میکانیزمێکی بەدەستهێنانی سەرچاوەی تایبەتی دارایی بووە بۆ بەراوردکردنی درێژەپێدانی پرۆژەکانی دەسەڵاتی شوێنەواری.
سێنزەیەم: دەسەڵاتی شوێنەواری لەسەریەتی چەند ڕێوو شوێنێکی ئەخلاقی ئیتیکی دابڕێژرێت تاوەکو کارمەندەکانی پابەندبن پێوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گولستان خان ئەگەر بەنووسین بدەنە بەڕێزان.

**بەڕێز گولستان سعید حمد.**

ئەمە هەر پرۆژەیەکە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم پرۆژەیە زۆر موتەکامیلە...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان موناقەشەی ماددەی (٢٩) ئەکەین تەقدیم کردنی پرۆژە جیاوازە.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

بەڵێ مەبەستم ئەوەیە ئەتوانن سوودی لێوەربگرن لە داڕشتنەوەی یاساکەیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جنان.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت ماددەی (٢٩) لەکاتی پێویستدا وەزیر لەڕێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتحادییەکانی تایبەت بە شوێنەواری و کەلەپوور دەکات، من پێشنیار دەکەم لەکاتی پێویستدا فەرەزەن وەزیر لێرە نییە ئینجازەیە نەخۆشە، لێرە یان جێگری وەزیر یان بەڕێوەبەری گشتی لەبەر ئەوە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتحادییەکان تەخسیس نەکرایە دامەزراوەکەیە یانی یان جێگری وەزیر لە جیاتی وەزیر، یان ئەگەر نەبوو بەڕێوەبەری گشتی...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جنان وەزیر بەوەکالەت هەیە دوای ئەو کەسەی کە بە مهامی وەزیر هەڵەسێ معدەل لە وەزارەتەکەیا هەبێت...

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

لە یاسا ئەوەبی...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حاجی سەفین فەرموو.

**بەڕێز سەفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەبابەتی وەزیر هاوڕای گولستان خان وکاك جنانم، پێویستە دەسەڵات بدرێتە بەڕێوەبەرایەتییەکان بەڕێوەبەری گشتی، وە خاڵێکی تریش هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتحادییەکانی تایبەت بەشوێنەوارو کەلەپوور دەکات، ئیتحادییەکان یانی چییە؟ ئەگەر بۆمان ڕوونبکەنەوە ئیتحادییەکان جیهانییە دووەلیە...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەستی حکومەتی فیدراڵییە، حکومەتی ئیتحادییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢٩) چەند ماددەیەکی پێشتریش چەندجارێك ووشەی ئیتحادییەکان دووبارە بۆتەوە، بۆیە پێشنیاردەکەم ووشەی ئیتحادییەکان لەهەر شوێنێك کە هاتییە بگۆردرێت بۆ دامەزراوە فیدراڵییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت پرسیاری کاك جنان هەرچەندە جەنابت تەوزیحەکت دا، بەڵام هیچ کێشە نییە لە قواعد عامە ئەوانەی تایبەت بە مەجالی ئیداری هەیە ڕێکخراوە وەزیر کە ئامادە نەبێت یەك لە جێگای بە وەکالەت بێت یان وەزیر خۆی بە تەحریری ڕای دەسپێرێت بۆ هەندێ ئیشوکار، سەبارەت بە مەوزووعی فیدراڵی و دەستووری حەزدەکەم لێرە ئاماژەی پێبدەم بۆ ئەوەی معتمەلە لە هەموو یاساکە کرا دەستەواژە بەکاردێت، دەستەواژەی دەستووری کە ئێمە باسی عێراق بکەین دەبێت بە ئیتحادی وەسف بکەین، چونکە فیدراڵی نەوعێکە لە نیزامی ئیتحادی، چونکە نیزامی ئیتحادی تەقسیم دەبێت بۆ چوار نیزامی تایبەت، فیدراڵیەت و کۆن فیدراڵیا و نیزامی تعاودی تعاونییە و معایدەی شخصیە، فیدراڵی یەکێکە لەو چوار نەوعەی کە خۆی لە ئیتحادیا دەبینێت، فیدراڵی باسی تەقسیمی صلاحیەتە لە نێوان مەرکەزو ئەقالیم دا، لەبەر ئەوە دەستووری ترە باشترە هەموو جۆرێك نەك تەنها لە پەرلەمان هەتا لەسەر مستەوای حکومەت و هەر دامەزراوەیەکی تر کە ئێمە مەبەستمان عێراق بێت، پێویستە دەستەواژەی ئیتحادی بەکاربینین جوانترە لە جیاتی فیدراڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە ماددەی (٣٠) فەرموون.

**بەڕێز ڕزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٣٠) وەزیـر ڕێنمـای پێویسـت بـۆ ئاسـان جێبەجـێ کردنـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەردەکات.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکات؟ کەس نییە، ماددەی(٣١) فەرموون.

**بەڕێز ڕزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣١) پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندی دارەکان حوکمەکـانی ئەم یاسـایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکات؟ کەس نییە، ماددەی (٣٢) فەرموون.

**بەڕێز ڕزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٢) کارکردن بەیاسای شوێنەواری عێراقـی ژمـارەی (٥٩)، ٩ ی سـاڵی ١٩٣٦ کـارپێکراو لە هەرێم کاری پێناکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکات، دکتۆرە شایان، شیرین خـان، مامۆسـتا خدیجە، مامۆستا حسیبە، سوسن خان، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ماددەی (٣٢) لابربدرێت لەبەر ئەوەی لە مـاددەی (٣٣) ڕاسـتەوخۆ بـاس لێکـرا کار بەهیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە ناکۆکبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم سیغەکەی بەو شێوەیە لێبکرێت، کار بەیاسـای شـوێنەواری عێراقـی ژمـارە (٥٩)ی ساڵی ١٩٣٦ ی کارپێکراو لە هەرێم ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك رومیۆ.

**بەڕێز رومیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن یەکەمجـار پشـتیوانی بەڕێـز حسـیبە خـان دەکەم، دووەم پرسـیارێکم هەیە ئایـا مەبەسـتی کـارکردن بەیاسـای شـوێنەواری عێراقـی ژمـارە (٥٩)ی کـارپێکراو لە هەرێـم کـاری پێنـاکرێ، ئایـا مەبەستی دوای بەرکار بوونی ئەم یاسایەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی دکتۆرە شایانم هەبوو، بۆیە پشتیوانی دکتۆرە شایان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان پێشنیاری دکتۆرە شایانم هەبوو، بۆیە پشتیوانی قسەکانی دکتۆرە شایان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ماددەی (٣٢) دەلالەتی حوکمەکەی زۆر وازحە و سەریحە کە بەئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات کە پێشتر یاسایەك هەبووە لە مەجالی شوێنەوار کە ئێستا ئیش پێناکرێتن، بەڵام لەماددەی (٣٣) دوای ئەوەش عەینەن باسی ئەوە دەکات دەلالەتی حوکمی یاساکە بەشێوەیەکی زمنییە، بەڵام لەماددەی (٣٣) بەشێوەیەکی زۆر فراوانتر باسی ئەم بابەتە دەکاتن، من پێموایە ئەم ماددەیە ئەگەر نەشبی ڕاستە بەشێوەیەکی سەریع ئاماژە پێدەکات ئەمە شتێکی باشە لەناو یاسادا، بەڵام دەکرێت ئەم دوو ماددەیە (٣٢،٣٣) دەمج بکەن بەم شێوەیە لێبکەین، کار بەهیچ یاسایەك و بڕیارەك ناکرێت کەلەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت وە کارکردن بەیاسای شوێنەواری عیراقی ژمارە (٥٩)ی ساڵی ١٩٣٦ی کارپێکراو لە هەرێم ڕادەگیرێت بەم شێوەیە دەمج بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە دکتۆرە شایان دەکەم، ئەو نووسخەی لەلای منە بەڕاستی هەروەکو ئەوەی جەنابت دەخوێنی لەلای من وایە، بەڵام بەداخەوە دیارە لە هەندێ نووسخەی تر وانیە، مووهیم دەست خۆشی لە جەنابت دەکەین لەلای ئێمەش وایە بۆ ئەوەی لە ڕاپۆرتێکی تر جەنابت پشتگیریت هەبوو، ئەگەر دایەنەنێین لە ڕاپۆرتی دەنگدان بۆ ئەوەی گلەیی نەکرێت، چونکە لەلای ئێمەش وا ڕۆیشتووە، بەڵام نازانم لە تەبع دیارە کێشەی هەیە، تێبینیەکی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، زۆرجار یاسا هەیە سەریع لە ماددەکاندا دەڵێت ئەم یاسایە هەڵدەوەشێت لەبەرچی ئەم ماددەیە ماددەی (٣٢) لێرە بەو شێوەیە نەهاتووە خۆی مەوزووعی ئاپار هەرچەندە ئەم

قانوونە پێشتر لە عێراق دەرچووە ئەوکات دەستوور نەبوو، دەستووری عێراق ۲۰۰٤ مەسەلەی شوێنەوار لە ماددەی (۱۱۳)ی دەستووردا وە ئیدارەی موشترك لەنێوان هەرێم و حكومەتی ئیتحادی دا، لەبەر ئەوە پێمان باش بوو كەئێمە جوان نییە بڵێین ئەم یاسایە هەڵدەوەشێت، چونكە ئەم یاسایە لە یاسای پەرلەمانی كوردستان دەرنەچووە، بۆ ئەوەی هەر پەرلەمانی كوردستان خۆی بڵێت هەڵدەوەشێت، لەبەر ئەوە پێمان باش بوو بەم شێوەیە بێت كە كاری پێناكرێت دروستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئامانج لە باسكردن لە یاسای شوێنەواری ساڵی ۱۹۳٦ ژمارە (٥۹) ی عیراقی ئەوەیە كە ڕاستە لە عێراقدا هەموار كراوەتەوە دوایین هەمواریشی ژمارە (٥٥)ی ساڵی ۲۰۰۲ ی، بەڵام لە هەرێمی كوردستان لە ساڵی ۲۰۱٤ بەواژووی سەرۆكی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران كار بەیاسای شوێنەواری ساڵی ۱۹۳٦ ژمارە (٥۹) ی عێراقی دەكرێت، بۆیە بەباشمان زانی خودی ئەم یاسایە ئاماژە پێبكرێت و كارپێكردنی ڕابگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی(۳٤) فەرموون.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (۳۳) كار بەهیچ یاساو بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بكات ماددەی دوای ئەوە(۳٤).

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (۳٤) ئەم یاسایە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائیعی كوردستان)دا جێبەجێ دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بكات با دەست بەرزكاتەوە، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (۳٤) دائەم یاسایە لەڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائیعی كوردستان) لەدوای سی ڕۆژ لە دەرچوونی جێبەجێ دەكرێت، یانی ڕۆژەكان تەحدید بكرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ڕەئیەکتان هەیە، فەرموون بچنە سەر هۆکارەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆکارەکانی دەرچوواندن ئەم یاسایە شوێنەوارو کەلەپوورو شوێنە مێژووییەکان سامانی نیشتیمانی و میراتێکی ڕۆشنبیری و زانستی و ناسنامەی شارستانییەتی گەلی کوردستانن، لە پێناو بەڕێوەبردن و پاراستنی ئەم سامانە نیشتمانییەدا لە هەرێمی کوردستان_عێراق ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکات با دەست بەرزکاتەوە، دکتۆرمحی الدین، گەلاوێژ خان، کاك ڕێبوار، کاك سیپان، کاك عوسمان، مامۆستا حسیبە، کاك هیمداد، کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە لە دووەم لە جیاتی گەلی کوردستان ببێتە گەلانی کوردستان باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شوێنەوارو کەلەپوورو شوێنە مێژووییەکانی گەلی کوردستانی، شۆڕشەکانی گەلی کوردستانی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە شوێنەوارو کەلەپوور جگە لەوەی کە ناسنامەی شارستانییەتی گەلی کوردستانە، ناسنامەی مرۆڤایەتیشە، بۆیە لەخوارەوەی ناسنامەی شارستانییەتی گەلی کوردستان مرۆڤایەتیشە، وە لەپێناو پاراستنی یەکەمجار مەبەستمان پاراستنی شوێنەوارەکان نەك بەڕێوەبردنی ئینجا دوای پاراستنی، بۆیە لەگەڵ ئەوەیمە پاش و پێشی وشەی پاراستن و بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی ئەم سامانە نیشتمانییەو بە گەشتیاری کردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داڕشتەیەکم هەیە ئومێد دەکەم دوای ئەگەر وە بوو لێم وەرگرن، لەبەر ئەوەی هەندێ ووشەم لابردووە هەندێ ووشەم ئیزافە کردووە، بۆ ئەوەی مانایەکی پوختر بدات، لە

هۆکارەکانی دەرچوواندن وشەی (ڕۆشنبیری) هاتووە، ئێمە لە دەستپێکی گفتوگۆ لەسەر ئەم یاسایە تا دوای مامەڵەمان لەگەڵ دوو چەمك كردووە شوێنەوارو كەلەپوور، ڕۆشنبیری ووشەیەکی موجەرەدە خۆی كەلەپوورە دەبێت بە شوێنەوار لە دوای تێپەڕبوونی سەدو پەنجا ساڵ بەسەر كەلەپوور ئەوا دەبێتە شوێنەوار، بۆیە وشەی ڕۆشنبیریم لابردووە، داڕشتەکەم بەمشێوەیە لێکردووە هەندێك ئیزافاتی ترم هەیە، شوێنەوارو كەلەپوور و شوێنە مێژووییەکان سامانی نیشتمانی ومیراتێکی كەلەپووری وزانستی وشوناسی شارستانییەتی گەلی كوردستانە، لەپێناو بەڕێوەبردن و پەرەپێدان و پاراستنی ئەم سامانە نیشتمانییە لە هەرێمی كوردستان-عێراق ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە هۆیەکانی دەرچوواندن، من پێم باشە لەپاش میراتێکی ڕۆشنبیری هونەری بۆ زیاد بکرێت، وە لە پێناو جارێکی تریش دووپاتی دەکەمەوە کە یاساکە کۆکردنەوەی تێدانییە، بۆخۆی شتێکی زۆر زۆر گرینگە لەوە، لەپێناو کۆکردنەوەو پاراستن و بەڕێوەبردنی ئەم سامانە نیشتمانییەدا لە هەرێمی کوردستان - عێراق ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گوتنێ من لایەن كاك محی الدین هاتنە گوتن، من پشتگیریا گوتنێ وی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەمشێوەیە داڕشتنی هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایەم کردووە، شوێنەوارو کەلەپوورو شوێنە مێژووییەکان سامانی نیشتمانی ومیراتێکی ڕۆشنبیری وزانستی وناسنامەی شارستانیەتی ومرۆڤایەتی گەلی کوردستانن لەپێناو بەڕێوەبردن وپاراستن ورێگریکردن ورێگریکردن لەبازرگانی کردن و لەناوچوون، ئەم سامانی نیشتمانییە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای پێشنیازە یاساکە بکەین دەستەواژەی بەڕێوەبردن لە پێشەکی هاتووە، ئەم دەستەواژەیە وەکو قەیدێکی دەستووری قانوونی بوونی هەیە لەم یاسایەدا مادام شوێنەوار دەبیتە بە ئیدارەی مشترك لە نێوان حکومەتی ئیتحادی و حکومەتی هەرێم دا دەبێت، کەواتە

دەبێـت یەکەم خۆبگـونجێنین لەگەڵ ئەو وەزعە قـانوونییەی بەپێـی دەسـتووری عێـراق هەیە، ئەوەیە کە ئیدارەییەکی موشتەرەکە، دواتر لەنـاوەڕۆکی ئەم پێشـنیازە یاسـایەدا چەنـدین مـاددە هەمـانە کە دەڵێـت تەنسـیق بکـات لەگەڵ دامەزراوە ئیتحادییەکـان، لەبەر ئەو وەزعە قـانوونی و دەسـتوورییە بەڕێـوەبردن هەم لە عینـوان هەم لە هۆیەکـانی دەرچوواندن بەڕێـوەبردن هـاتووە دواتر پاراستن و دەستەواژەکانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆکارەکانی ئەم یاسایە بۆ ئەوەیە کە بەکورتی هۆکاری سـەرەکی لە دەرکردنـی ئەم یاسـایە تێـدا دەربخرێت، بەڵام ئامانجی هەرە سەرەکیشی لەوەیە کە لەئاسـتی ڕۆشـنبیری خەڵکیش شـارەزای زیـاتر هەبێـت لە شـوێنەوار، وە وشـەی ڕۆشـنبیریش لە مـاددەی (٣) بـڕگەی (سـێیەم) لە ئامانجەکاندا زۆر بەڕوونی باسکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستان خۆش بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی**
**سێ شەممە رێکەوتی ٢٧\٤\٢٠٢١**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)
# سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢٧

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٤/٢٧) پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی ماددەی/٥ بڕگەکانی (١ و ٢و ٣) لە ماددەی (١٦) و برگەکەکانی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی (١ ٢و ٣و و ٤و ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٠) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٤/٢٧) بەم شێوەیە بێت:

ـ خستنەڕووی گفتوگۆ کردنی کێشەکانی منداڵان و هاووڵاتیانی خاوەن پێداویستی تایبەت، خاوەندارییەکانی بە ئامادەبوونی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی حەکمی بڕگەی (١) ی ماددەی (٦٦) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

ـ بەپێی حوکمی بڕگەی (٤) ی ماددەی (٤٨) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بە زیادکردنی بڕگەیەك بەڕێزبەندی دووەم بۆ بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی، ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی (٢٠٢١/٤/٢٧) بەم شێوەیەی خوارەوە:

ـ گفتوگۆیەکی کراوەی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی ڕێزگرتن لە بەها پیرۆزیەکانی ئایین، کۆمەڵایەتییەکان و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١١)ی وەرزی بەهارە، ساڵی سێیەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ ئەکەین، سەرەتاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم کە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە لە گەڵ پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز مونا نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوكمی ماددەی/٥ بڕگەكانی (١ و ٢و ٣) لە ماددەی (١٦) و بڕگەكەكانی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەكانی (١ ٢و ٣و و ٤و ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەكانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٠) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی (٢٠٢١/٤/٢٧) بەم شێوەیە بێت:

ـ خستنەڕووی گفتوگۆ كردنی كێشەكانی منداڵان و هاووڵاتیانی خاوەن پێداویستی تایبەت، خاوەندارێەكانی بە ئامادەبوونی وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەپێی حوكمی بڕگەی (١) ی ماددەی (٦٦) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

ـ بەپێی حوكمی بڕگەی (٤) ی ماددەی (٤٨) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بە زیادكردنی بڕگەیەك بەڕێزبەندی دووەم بۆ بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی، رۆژی سێ شەممە رێككەوتی (٢٠٢١/٤/٢٧) بەم شێوەیەی خوارەوە:

ـ گفتوگۆیەكی كراوەی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر پاراستنی ئاشتی كۆمەڵایەتی ڕێزگرتن لە بەها پیرۆزییەكانی ئایین، كۆمەڵایەتییەكان و ئازادییە بنەڕەتییەكانی مرۆڤ.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی:

ـ بەپێی حوكمی بڕگەی (٢) ماددەی (٢٠ و ٥٢) لەپێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێككەوتی (٢٠٢١/٤/٢١) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١ - دەست پێكردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

٢ - خوێندنەوەی بەرنامەی كار و پوختەی دانیشتن لەلایەن بەڕیز سكرتیری پەرلەمان.

٣ - دەست پێكردنی بڕگەكانی بەرنامەی كار لەلایەن بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.

٤ - ئاڵوگۆركردنی بڕگەی یەكەم و بڕگەی سێیەم بەرنامەی كار بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران.

٥ - دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای بڕیاری ڕۆژی ڕۆژنامەگەری كوردی لە هەرێمی كوردستان. پێشنیازە یاسای پاراستنی تۆڕ و بنچینەكانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی كوردستان.

٦ - دانانی دەست لەكاركێشانەوەی ئەو ئەندامە بەرێزانەی لە لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران بەم شێوەیەی خوارەوە:

١/ دەست لەكاركێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (زانا خالد سمایل) لە لیژنەی كاروربـاری كۆمەڵایەتی و داكۆكی لە مافی مرۆڤ.

٢/ دەست لەكاركێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (گولستان باقی سلیمان) لە لیژنەی كشتوكال و ئاودێری، زیاد كردنی بۆ سەر لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و داكۆكی كردن لە مافی مرۆڤ.

٣/ دانانی ئەندامانی پەرلەمان بەڕێز (هەڵكەوت انور خلیفە) لەلیژنەی كشوكاڵ و ئاودێری لە لیژنەی دەستپاكی.

٤/ دانانی ئەندامی پەرلەمان دانانی بە ڕێز (صباح محمود محمد) لە لیژنەی دەستپاکی.
٥/ دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (سەرچنار احمد محمود) لە لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار.
٦/ دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ابوبکر عمر عبدالله) لە لیژنەی پەیوەندیەکان و رەوەندی کوردستانی زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی شارەوانی گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار.
٧/ دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (هلز احمد محمد) لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕەوەندی کوردستانی.
٧ - بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردنی پاراستنی شوینەوار وکەل وپەل لە هەرێمی کوردستان.
٨ - کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەگەرمی بە خێرهاتنی بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەڕێزان دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار ئەکەین، بۆ ئەو مەبەستە داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەکەین بێنە سەر ستەیجەکە، کاك رڤینگ فەرموو.

**بەڕێز رێڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، لگور ماددەیا/٥٦ بڕگەیا/١ ئەز دخازم بەحسێ ڤان شەڕ و پێکدادان و هێرشا لەشکرێ تورکیا بکەم ل دەڤەرا بەرواری باڵا کو ئەز خۆ خەڵکێ ڤێ مەنتیقە و هەم ژی وێ شەڤێ ئەز لوێرێ بوومە وەختێ وێ شەڕێ ڕوودای یان وێ ناڤ داهاتنە بۆ هەرێما کوردستانێ ژ لایی لەشکرێ تورکیاڤە ڕیدای، بڕاستی شەرەك ئان ژی هاتنە فرۆکەیەن جەنگی و فرۆکەین کۆپتەر و هاڤێتنا تۆپان و دەوروبەرێن گوندا هەمی گوندێن هروری ئاڤەری چەکێ گوندێن، کارەکی وەسا بوو بیرا رۆژێن کەڤن هاتە بیرا مرۆڤی، یەعنی بتەنێ ئە و خەڵکێ لوان درا دژین بتنێ بشێن هە بەرگریا شەرێن وەختێ شۆرشێ دا رژێما عیراقی کر بوو هەن ژی نوکە ئەو تشتێن بکەن، بڕاستی ئەڤە شەڕەکی ماڵوێران کەرە داخازێ ژ حکومەتا هەرێما کوردستانێ دکەم هەمی ڕێکەکی بشێن هوڵ بدەن هەموو بۆ ڕاوەستاندنا شەڕی ئەڤ شەڕەش ناڤا هەرێما کوردستانێ دا نەبیتن، چونکی دیتنا من شەڕەکی بسانا بوونێ تێتە کرن و پێنگاڤێن ژی دگەل هاڤێتن هندەك با ڤێندەری دیترێ یا من دڤێت بێژم دەڤەرا بەرواری بالا سێ ڕستەیەن یان ئیشارەیەن گوندا بخۆڤە گری دی، ڤێ گاڤێ چەند ساڵەکە تنێ ئەو مشارا لسەر ڕێیا زاخۆ ـ باتیڤێ ـ کانی ماسی ژیان دروستاهی لێ تێتە کرنێ و هاتن و چوونێ تێدا هەی، بەڵکی مشارەکا پشتێ نەهـ گوندن هەمی هاڤ سنوورن دگەل باکورێ کوردستانێ یان سنوورێ تورکیا د ڤان گوندا دا نە دامەزراوەکا یا حکومەتێ ژ بەر زروفێ کا دانێن لوێ دەرێ نە بنکەك تەندروستی نە پۆلیس، نە ئاسایش نە پاسەوانێن سنووری، نە پێشمەرگەیە بێژم دە کیلۆمەترا ژی کێمتر نزیکی

وان نینن، وەسا ژی هەتا خەتێت ئەنتەرنێت و یەت تەلەفۆنا ژی یەت خەڵکی قوت بوون بەڵکی شەڤێ دیژی کارەبا لوێ مەنتیقێ نەبو خەڵکێ مەنتقێ ئەوان گوندێن هروری و وان دەرا هیچ ئیتسالاتەکا وان دەرڤێ نەمایە، چونکی نەشێن ژ بەر خەتێن ئان خەتێ تەلەفونێ قەتعە خەتێن تەلەفونێ پەیوەندی ب خەڵکێ خۆ ژی بکەن، داخازێ دکەین حکومەت و پەرلەمان و پێنە خودانێ وەکی ڕاپۆرت وەك نینەرێ وێ مەنتیقێ و پەرلەمانتارەکی کوردستانێ ڕەوشا مەنتیقا کانی ماسێ و یا ئامێدیی براپۆرتەکی ئەزێ پێشکەشی سەرۆکایەتیا پەرلەمانی دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دەستت خۆش بێ، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی کە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار کە تایبەتە بە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، بڕگەیەکی گرنگە و دەبوو زووتریش کاریگەری لەسەر بکرێت و ئیشی لەسەر بکرێت، بەڵام بەڕاستی لە ئێستادا یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی پەرلەمان باسکردنە لە لێ بڕینی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، چونکە خۆتان ئەزانن لە ئێستادا داهاتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە هەم داهاتی نەوتی و هەم داهاتی نا نەوتی، بەداخەوە یەعنی کاتێك کە نەوت بە بیست و پێنج دۆلار و سی دۆلار بوو (٢١%) حکومەت لێبرینی ئەکرد، ئێستا بە (٦٥) دۆلارە زیاتر لە دوو ئەوەندەیە، جگە لەوەی داهاتەکانی تریش دوو ئەوەندە زیادی کردووە، بەڵام تا ئێستا لێبڕین بەردەوامە یەعنی ئێمە تی ناگەین بەراستی حکومەت ئەو هەموو داهاتەی کە دێتە هەرێمی کوردستان بۆ کوێ ئەچی؟ بۆچی نایەتە خەزێنەی دەوڵەت، بۆچی نادرێت بە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی حکومەت یان دەبێ لێبڕینی مووچە کۆتایی پێ بێنێ یان دەبێ دەست لە کاربکێشێتەوە، بەڕاستی کە ناتوانێ مووچە فەرمانبەرانی کە سەرەتایی ترین مافی فەرمانبەرانە بدات پێویستە حکومەت دەست لە کار بکێشێتەوەو با حکومەتیکی تر پێکبهێندرێ، یەعنی مەعقول نییە، ئەمەوێ باسی ئەرکی پەرلەمانیش بکەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.......... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك د.شێرکۆ، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە (٤٢) پەرلەمانتار، بە ئیمزای (٤٢) پەرلەمانتار لە (٢٠٢١/٤/١٢) دا بە پێی ماددەی (٦٦) بڕگەی یەکەم یاداشتمان داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان تایبەت بە بابەتی کۆتایی هێنان بە لێبڕینی مووچە و بە تایبەتی ئێستاش کە ئیتفاقی بەینی عیراق و هەرێم بە کۆتایی هاتووە و یاسای بوودجە پەسەند کراوە، بەڵام بە پێی ماددەی (٦٦) بڕگەی (٣) ئەبوایە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ماوەی (٤) ڕۆژدا ئەو یاداشتەی بخستایەتە بەرنامەی کار کە پێویستی ژیانی هەموو خێزانەکانی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بە داخەوە ئەوە پشتگوێ خراوە و ئەوە بابەتێکی گرنگە پێمان بڵێن ئێستا دەزانم جوابەکەی چییە ئەڵێ ئێمە نووسراومان کردووە بۆ حکومەت و حکومەت جوابی

نەیاونەتەوە، ئێمە ئەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەین؟ حکومەت ئەگەر بە حکومەت بێ هەر جواب نایاتەوە، حکومەت بە لێبڕین هەر کۆتایی پێ ناهێنێ، ئەم پەرلەمانە چۆن فشار بکات ئەی ڕۆڵی چاودێری پەرلەمان ئەبێ لێرە چۆن پێناسەی ئەکەی؟ یەعنی ئەمە ئەکرێ ئێمە هەر وا بێ دەنگ بین و لەبەرچاومانەوە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری نایاسایی دەربکات؟.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئێمە بەگوێرەی ئەم پەیڕەوە دەسەڵاتمان هەیە، هەر دەسەڵاتێك لەم پەیڕەوە دراوە بە دەستەی سەرۆکایەتی ئێمە مومارەسەی ئەو دەسەڵاتانە دەکەین، ئێمە داواکاریەکەتانمان پشتگوێ نەخستووە، بەڕێزت کۆبوونەوەی پێشوو لێرە نەبووی ئێمە ڕوونکردنەوەمان دا ئەو داواکارییەی کە ئەندامانی پەرلەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە، بە گوێرەی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦٦) ئەڵێ کۆبوونەوە لە نێوان پەرلەمان و حکومەت دا، ئێمە داواکارییەکەی ئێمەیان ئاراستەی حکومەت کردووە بەمەبەستی ئامادەبوون، کە حکومەت ئامادە نەبێ، خستەنە بەرنامەی کاری بابەتی مووچە ئەگەر بەرهەمێکی هەیە ئێمە با قسەی لەسەر بکەین، بەڵام بۆمان دەرکەوتووە کە بە بێ حکومەت کە ئامادە نابن خۆ من پۆلیسم نییە بڕوا بیانهێنێ سەرچنار خان، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، دوێنێ ڕاپۆرتی جێ بەجێ بوونی یاسای چاکسازی هات پێشتر داوای دانیشتنمان کردبوو مەبەستم ئەوەیە بڵێم دوای دیراسە کردنی ڕاپۆرتەکە دەرکەوت بەشێکی زۆری ماددە گرنگەکانی ئەم یاسایە هیچی جێ بەجێ نەکراوە، تەنانەت بەشێکی هێشتا لە دەرکردنی مەرحەلەی ڕێنمایی دایە، ڕێنماییشی بۆ دەرنەکراوە، داواکارم لە بەڕێزتان لیژنەی دارایی لە زووترین کات ڕاپۆرت بنووسێ بۆ دانیشتنی لەسەر بکرێ، تەنانەت هەشت مانگە (١١٦٩) پلە باڵا و تایبەت لە یاسا دیارییش کراوە مووچەکانیان ڕانەگیراوە، (٤٦) هەزار خانەنشین لە یاسا هیچی نەبڕاوە، ئەوەشی کە بڕاوە ئەوە تەفارقی هینە بە پێی بایۆمێتری کراوە و ئێستا دەرکەوتووە بەشێکی زۆری لێ بڕینەکەی نایاساییە ئەگەر بگەڕێتەوە، دووەم/ من سەرنجم لەسەر خاڵێکی بەهێز هەیە لەسەر هیچ خاڵێکی ماددەی (٦٦) دا ناڵێ حکومەت ناتوانێ نەیەت، چونکە مودەی داناوە ئەگەر لە ماوەیەکی هەفتەیەك دا هەفتەیەکی بۆ درێژ دەکرێتەوە، ئایا هاتووە بڵێ ئەتوانێ هەفتەیەکی تر و ماوەیەکی تر، من یەك سەرنجم بۆ بەڕێزتان یەعنی حکومەت بۆ ئامادە نییە بێتە ئەم پەرلەمانە قسە لەسەر قاچاغچێتی خاڵە سنووریەکان بکات؟ لە (١٤) مانگ دا خۆی قەراری داوە......... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی نوقتە نیزامی یەك دەقیقەیە یەك دەقەکەت تەواو بوو، بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان، قسەی خۆتت کرد با ئێمەش قسەی خۆمان بکەین، ڕاپۆرتەکەی چاکسازی کە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە دوێنێ ئاراستەمان کراوە، ڕاستەوخۆ ئاراستەی لیژنەی دارایی وە ئەو لیژنانەمان کردووە کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە، مەسەلەن لە سێکتەری شەهیدان ئاراستەی شەهیدان کراوە، لەناوخۆ ئاراستەی ناوخۆ ئاراستەی ناوخۆ کراوە، لە پێشمەرگە ئاراستەی

پێشمەرگە کراوە، ئەوان ڕاپۆرتمان بۆ بنووسن و هەچ داواکاریەکیان هەبێت بۆ ئەوەی دانیشتن بکرێ سەرۆکایەتی هیچ مناعاتێکی نییە کاتێك کە لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتەکانی خۆیان ئەنوسن، دوو/ کاك علی حمەصالح بەڕێزت ئەندامی پەرلەمانی خولی پێشووش بووی، ئێمە نووسراو بۆ حکومەت ئەکەین، ئەبێ لە ماوەی (١٤) ڕۆژدا بیخەینە بەرنامەی کار، ئەگەر حکومەت نەیەت، خۆی داوای تەمدید بکات، بۆ نموونە داوای حەوت ڕۆژ ئەکات ئێمە ئەڵێین ئەوە حەوت ڕۆژی تر، بەڵام حکومەت نە داوای تەمدیدی کردووە نە وەڵامی داوەتەوە، بەلێ کاك هێڤیدار وەرئەگرین، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ٤/١٢ شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مفاوەزات کە چوونەتە بەغدا هاتنە پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی هەموو فراکسیۆنەکان تەنیا بەڕێز نەوەی نوێ حازر نەبوو هەموو فراکسیۆنەکان بە سەرۆکایەتی خۆیانەوە بەشدار بوون لیژنەی دارایی و لیژنەی سامانە سروشتییەکان یەك بەڕێز، یەك ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، یەك سەرۆك فراکسیۆن بەشاندی حکومەت نەیوت کاکە قبوڵ ناکەین ئێوە لێرەن و ٢١% ی تان لێ ئەبڕین، بەڕێز وەزیری دارایی لەو کۆبوونەوەیە وتی لێ بڕینەکە دەبێت و وەکو مانگی تر یەك برادەریش داوای نەکرد، یەك برادەری ئەو پەرلەمانە لەناو ئەم کۆبوونەوە کە حکومەت لە پەرلەمان بوو داوای نەکرد، من پێم خۆشە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان بەناوی پەرلەمان ئیشە دروستەکە بکرێت، لەناو کۆبوونەوە دووبارەی ئەکەمەوە یەك برادەر، یەك فراکسیۆنیش داوای نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەو کۆبوونەوەیە ئێمە داوای ... بەڕێزان ئێستا ئێوە قسە دەکەن ماشاللە پێنج ئەوەنەی ئەو دوو بەرەیەی تر قسە دەکەن، ئاساییە بەڕێزان، بەڵام کە ئەوان قسەیان کرد مەجال بدەن بۆ ئەوەی ئەوانیش قسە بکەن، لەو کۆبوونەوەیەی کە ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی سەرۆکی فراکسیۆنەکان و لیژنە تایبەتمەندەکان لەگەڵ حکومەت دا کردبوومان تایبەت بوو دانووسان بە بودجە، بەڵێ فراکسیۆنەکان ئەندامانی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان پرسیاریان کرد سەبارەت بە لێبرینی مووچە، بەڵام ئەوەی کە کاك هێڤیدار دەڵی وتیان قبوڵی ناکەین بە تەمای کەلیمەی قبوڵی ناکەین بەکار نەهات، ئەگینا بە ئیلحاحەوە باسی بابەتی لێبڕینی مووچە کرا، دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەك دەکەین، کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت لەسەر دوو بابەتی زۆر گرنگ قسە بکەم، بابەتی یەکەمیان دیاردەی نەبارینی باران و وشکەساڵیە، کە بەداخەوە ئەمەش بووە هۆی کەمی ئاوی بەنداوەکان کە هەمووشمان ئەزانین دابین کردنی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە سەرچاوەکانی ئەم بەنداونەیە، بەداخەوە ئێستا هەر دوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان بە ئاستێك دابەزیون کە جێگەی ترسە، هەم بۆ بەروبومی

کشتوکاڵ و هەم بۆ دابین کردنی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە، لەبەرئەوە ئەمە بەڕاستی ئەگەر بە زووترین کات حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمی لێ نەخوات لەوانەیە کارەساتی زۆر زۆر گەورەی لێ دروست ببێ، بابەتی دووەمیشم بابەتی یاسای چاکسازییە بەداخەوە ئەم ڕاپۆرتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردوویەتە پەرلەمانی کوردستانەوە کە پرۆژەی خۆیان بووە ناردوویانەتە پەرلەمانەوە خۆیان ئیلتزام بەو یاسایەوە ناکەن، بۆ نموونە وەزارەتی پێشمەرگە کاتێك کە دیاری کراوە (١٥) ساڵ خزمەت و (٤٥) ساڵ تەمەن ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێ من لە (٤٥) ساڵ تەمەن کەس خانەنشین ناکەم، باشە بزانین ئایا وەزارەتی پێشمەرگە لە سەرووی پەرلەمان و یاساوەیە یان یاسا لەسەرووی ئەوانەوەیە، ئەگەر لەسەرووی ئەوانەیەوە ئامادە نەبوون ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن، پێویستە بانگ بکرێنە پەرلەمان بۆ لێپێچینەوە، بەداخەوە تا ئێستاش کە ئەوان چاکسازی جێ بەجێ ئەکەن، چاکسازی وەکو قادرمە وایە لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە، ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو مەشغول کردنی خەڵکە، ئەوان بە خەڵك ئەڵێن تەعینات نییە دامەزارندن نییە، بەڵام ...... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بالانبو بەڵێ زۆر سوپاس، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، من بە گوێرەی ماددەی (٥٨) قسە ئەکەم، ئەم پەرلەمانە بەڕێزە ئیشی ئەوەیە یاسا دەرکا و چاودێری ئەو یاسایانە و چاودێری پێشێلکاریەکان بێت، بە بەرچاوی هەموومانەوە زۆرینەمان ئەزانین کە لێبڕینی مووچە نایاساییە، دادوەرە بەڕێزەکان وا گەیشتوونەتە سەر ئەوەی کە پلە باڵاکان داوا بکەن بڵێن ئەمە نایاساییە، هەر بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی کە دوێنی بە دەستمان گەیشتووە لە یاسای چاکسازی دا لە (١٠٠) ملیار دینار ئەم حکومەت توانیویەتی تەنیا دوو ملیار دینار هی دەیان ساڵە کۆبکاتەوە، لەم وڵاتەی ئێمە یاسا سەروەر نییە بەداخەوە، لەم وڵاتەی ئێمە ئەوەتا جەنابت ئەڵێی دەسەڵاتم بەسەر حکومەتا نییە و حکومەت دەسەڵاتی........ .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من وام نەوتووە، بەناوی منەوە قسە مەکە کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حکومەت دەسەڵاتی بەسەر قاچاغچی و ساختەچی وڵاتان نییە، وەزیر ئەناسم بەم سیروانەی وتووە وتوویەتی گەندەڵیم لەسەر زەلامێك هەیە کە موەزەف ئەنێرم پێم ئەڵێ ئەم شەو لە هەواڵی گەرما ئەو کەم بە فیلم ئەو شتە بکەی، ئەم حکومەتەی ئێمە وای لێ هاتووە، بە پەیجێك ئەترسێت، لە مالی هەموومانە ئەو پێشمەرگەیتان بینی دوو ڕۆژ ئا لەویا بوو مناڵەکەی نەخۆشیەکی هەیە (١٦) کەس لەم وڵاتەیا هەیەتی، یەعنی حکومەت ئەگەر ناتوانێت دارکاری هەندێك ساختەچی و قاچاغچی ساحب نازانم چی بکات، ئیتر ئێمە زیایەن لێرە بەداخەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وەزعەکەمان ئەوەنە خراپ بووە یاسا بە زەلامێك یەك دەمانچەی پێ بی پێشێل دەکرێ، بە زەلامێك یەك پەیجی هەبێ پێشێل دەکرێ، ئیتر ئەمە چی بێ لەمە زیاتر.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هەلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ ماددا/٦٦ بڕگا/٣ و بڕگا/٦ ئاخافتنێت خۆ دکەم، ئەڤ یاداشتا ئەڤرۆکە کەتیە بەرنامەی کاری بێگومان بابەتەکی گەلەك گرنگە ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینە ئەم لە ١١/١٨ یا هاتیە پێشکێش کرن، کەسەکی کو ژوانە ئیمزا کری بوو، کو پێتڤی بوون ١٢/٣ ئەڤە بیرەوەیەك بوو ڕۆژا ڕێزگرتنێن خودان پێتڤیا تایبەت بوو ئایا پشتی (١٠٥) ئێك ڕۆژا نەهێختیە بەرنامەی کاری، چ قەومیا ل دونیایی دا ئەڤرۆکە ڕۆژا هەڵکەفتەیە، دوو/ مە داخاز کری وەزیر سێ وەزیر ئامادە بن، ئایا بۆچی هەردوو وەزیرێ دی کەرەمێ بێنە ڤێرێ، دا فعلەن مە زانیبا ئاخافتنیت مە دبنە بڕیار و دهینە جێ بەجێ کرن، بۆ وەزیرێ دارایی نەهاتیە بۆ وەزیرێ تەندروستی نەهاتیە، زۆر مەمنونم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بۆ خۆتان دەزانن دوو مانگ پشوو بووە، ئەمە یەکەم، دووەم/ کە داوای ئەو دانیشتنە کراوەسەرەتا ڕاپۆرتی لەگەڵ نەبووە و دوایی داوامان لەبەڕێز مامۆستا عمر کردبوو کە ڕاپۆرتێك بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بکات، دواتر ئەوەنە ئەحداسی بەسەرا هات ئێمە ئەسڵەن بیرمان چوو بوو بیخەینەوە بەرنامەی کار هەتاوەکو جارێکی تر کاك عمر داوای کردەوە لە کۆبوونەوەی پێشووتری پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە ئامادەنەبوونی بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری تەندروستی، بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لێرەیە و تایبەتمەندی ئەو بوارەیە و هەر شتێك کە پێویست بێ لەگەڵ وەزیرەکانی تر قسە بکات ئەوان کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ئەکەن، لەوێ قسەی خۆیان ئەکەن، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە بارەی دوو بابەت زۆر بە خێرایی قسە ئەکەم، یەکیان لەبارەی بەرنامەی کارەوەیە دەستتان خۆش بێت ئەوە بەو پەڕی حورمەتەوە دوو بابەتی گرنگن، بەڵام من تێبینیم لەسەر ماددەی/٢ هەیە نووسراوە گفتوگۆی کراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان نە ناوەندی لێکۆڵینەوەیە نە کەناڵی تەلەفزیۆنییە، نە ڕێکخراوە هەتاوەکو گفتوگۆی کراوە بکات، ئەگەر فەراغیکی یاساییمان هەیە و کێشەیەکی یاساییمان هەیە لەڕووی یاسایەوە یەعنی قسەی لەسەر بکەین، ئەگەر بێتو لە بابەتێك دا کەرمتەرخەمی هەیە داوای لایەنی پەیوەندیدار بکەین، ئەگەر ئەمە نییە لە کوێی دونیا هەبووە پەرلەمان بڵێ گفتوگۆی کراوە، باشە دوای گفتوگۆی کراوەکە چی؟ لە مەسەلەی بابەتی مووچە هەموومان لەم بابەتەدا خەمخۆرین و کاتێك حکومەت هاتە پەرلەمانی کوردستان و بەڕێز جێگری سەرۆك وەزیران هات لەسەر ئەم بابەتە موناقەشەی جدیمان کردووە، قسەی جدیمان کرد، داوامان کرد کە حکومەت دۆخی خۆی بخاتەروو لەسەر بابەتی مووچەوە، بەداخەوە ئەوەی کە ئێستا لەهۆڵی پەرلەمان دەوترێ ئەکرا ئەو بەڕێزانە بێنە ناو کۆبوونەوەی حکومەتەوە لەوێ قسەکانیان بکەن، ئەوەشی کە داوای

هەڵوەشاندنەوەی حکومەت دەکا و ئێستا داوای ئەوە دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست لە کار بکێشێتەوە، ........ .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نا کاك پێشەوا، ئەو قسانەی کاك پێشەوا لە پرۆتۆکۆل دەسڕێتەوە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان خۆیان داوایان کردووە کە قسە بکرێ بە گوێرەی بڕگەی/٤ لە ماددەی/٤٨ لەسەر ئەم بابەتە کە لە بڕگەی/٢ دا دامانناوە، کاتێك کە حکومەت ئامادە نابێ و پرۆژە حازر نییە و هیچ شتێکمان لەبەردەست دا نییە، هەر ناوی گفتوگۆی کراوەیە ناوێکی تری نییە، کاك د.شێرکۆ وەرم گرتووی قسەت نەکردووە، بەسەرچاو ..... بەسەرچاو.. بەڵێ کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لێبڕینی مووچە ئێمە هەر لەسەرەتاوە ڕامانگەیاندووە کە لێبڕینی مووچە نا یاساییە بەردەوامیش قسەمان لەسەر ئەوە هەبووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش خۆی پێشتر ئەوەی ڕاگەیاندووە بە پێی داهاتەکانی لێبڕینی مووچە دەستکاری دەکرێت، ئێمە پێمان وابووە ڕاشمان گەیاندووە موزەکەرەشمان داوە کە لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ بە بێ لێبڕین مووچە بدات، بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر بۆ ڕاستکردنەوەی برای بەڕێزم کاك هێڤیدار ئەو ڕۆژەی کە لە کۆبوونەوەکە بووە من یەکەم کەس قسەم کردووە بە هەموومان جەختمان لەوە کردووەتەوە کە پێویستە لێبڕینی مووچە کۆتایی پێ بێت، بەڵام ئەوە بوو کە وەزیری دارایی دوای قسەکانی ئێمە قسەی کرد، نە ئەکرا دووبارە ئەوە بوترێتەوە، بەڵام ئەوەی کە باس نەکراوە، باسمان کردووە، باس لە لێبڕینی مووچە کراوە قسەشمان لەسەر هەبووە کە لێبڕینی مووچە نایاساییە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بەخێرایی خاڵە پەیڕەوییەکەم باس ئەکەم، سێ، چوار بابەت بە یەکەوە گرێ ئەدەمەوە، بە پێی یاسای چاکسازی ئەبێ حکومەت ئەمە چواردە مانگ تێپەڕیوە ئەبوایە ئێستا ڕاپۆرتی پێنجەمی ئامادە کردایە بۆ پەرلەمانی بناردایە، دوێنێ ڕاپۆرتی دووەمی ئامادە کردووە بەو هەموو تێبینییەی کە هەمانە لەسەری، دووەمیان داوا ئەکرا زیاد لە پێنج سەد فەرمانبەر لە پەرلەماندا هەیە زەحمەت نەبێ یەکێك لە فەرمانبەرەکان با بۆمان کۆپی بکات ئەو راپۆرتانە بیخاتە ناو بۆکسەکانی پەرلەمانتارانەوە، نوقتەیەکی دیکە هەیە ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی نەخشە ڕێگایەك دەخەمە روو بۆ ئەوەی کە پەیوەندی بە قاچاغچیەتییەوە هەیە لەم سنوورە، یاسای چاکسازی جەختی لەسەر کردۆتەوە، پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ دەرچووە، بڕیاری بۆ دەرچووە لە ئەنجومەنی وەزیران، سێ وەزیری سەرەکی پێکهێنەری حکومەتن پارتی، یەکێتی، گۆڕان، پارتی وەزیری ناوخۆی هەیە، یەکێتی پێشمەرگەی هەیە، گۆڕان دارایی هەیە،

نەخشەیەکی ڕێگا دەمەوێت ئەو قاچاغچییەتییە کۆتایی پێ بهێنرێت، با زەحمەت نەبێت لە مانگی (٥) ئەم سێ وەزیرە بەس لە سنوورەکانی حکومەتی هەرێمدا خاڵە سنووریەکان دەوام بکەن، با هێزێکی گەورەیان لەبەرابێت بزانین ئیرادەیەکی گەورەتر هەیە هی قاچاغچییەتی لەبەر دەم حکومەت و ئەوانە، یەعنی ئەمە بە ئیرادە چارەسەر دەکرێت، کێشەی ئێمە ئەوەیە نە ئیرادە هەیە، نە جدیەت هەیە، نە چارەسەرکردن هەیە، جا بۆیە ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی مەسەلەی ئەم لێبڕینی مووچە کە پەنجا جار سەد جار باسمان کردووە، هەم نا دەستوورییە، هەم ناقانوونییە، هەم تەجاوزکردنی دەسەڵاتەکانی یاسا دانان و دەسەڵاتەکانی قەزاییە لە کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەڵا ئینجا هەر هەمووتانن، هەر هەمووی دەستی بەرزکردۆتەوە، دەبێت بە نۆرەش بێت چی بکەم یەعنی، دەبێت دانەیەك لێرە وەرگرم، دانەیەك لێرە وەرگرم بەم شکلەیە، کاك (بەلێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

دیارە کاك (زیاد) باسی کرد ئێمە لە کۆبونەوەکە لەگەڵ حکومەت لە کاتی ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکانیش لەو قاعەیە ئێمە هەموومان قسەی خۆمانمان کردووە، باسی ئەوەمان کردووە لێبڕینی مووچە بڕیارێکی نایاسایییە، هەموو ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ئەگەر بەدواداچوون بکات تێ دەگات لەوەی کە داهاتی ئەم وڵاتە ئێستا چۆنە و چییە، ئێمە لەبەردەم سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیرە بەڕێزەکاندا باسمان کرد کێشەیەکی گەورە لەم وڵاتە هەیە کە تا ئێستا دوو بەشە ئەویش چەك و پارەیە، هەتا ئەم چەك و پارەیە ڕێك نەخرێت داهاتی وڵات نابێت بە داهاتێکی نیشتمانی، مەسەلەی بڕیاری لێبڕینی مووچە بڕیاری وەزیرێکی تایبەتمەند نییە، وەزیری دارایی بڕیاری لێبڕینی مووچەی نەداوە، ئەم بڕیارە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە، بڕیارێکی تەزامونییە، مەسئولیەتەکە لەسەر شانی حکومەتە وە لابردنەکەشی هەر بە بڕیاری حکومەت دەکرێت، ئەگەر قەرارەکە لەسەر ئەوە بێت جیاوازی هەبێت لە نێوان ڕەئی فراکسیۆنەکان ئەمن پێم وا نییە لەناو ئەم قاعەیە ئەندامێکی پەرلەمان بدۆزیتەوە لەگەڵ لێبڕینی مووچە بێت، دژی لێبڕینی مووچە نەبێت، بەڵام لە هەموو پەرلەمانتارەکانی دونیا ئەندام پەرلەمانی چالاك ئەوەیە کە کەشفی سەرچاوەی داهاتەکانی ئەم وڵاتە دەکات، پەنجە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان رادەکێشێت، بلێ ئەم داهاتە لێرە بای ئەوەندەیە، لێرە بای ئەوەندەیە، ئەگەر ئەمە کۆ بکەیتەوە بیهێنیتەوە خەزێنەی گشتی دەتوانی مووچەی پێ بدەی، ئەگینا هیچ ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان نییە نەزانێ ئەو داهاتەی ئێستا لەبەر دەم وەزیری داراییایە بەشی تەواوەتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ناکات، بەڵام هەمووشمان دەزانین سەرچاوەی داهاتەکان، گەندەڵییەکان، دزییەکان، فەسادەکان لە کوێیە کە ئەم پەرلەمانە بەڕێزە لیژنەی دارایی چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ حکومەت کردووە، دەستنیشانی خاڵە لاوازەکانمان کردووە، حکومەت قەراری بۆ

دەرکردووە کە بەداخەوە جێبەجێی ناکات، کە ئێمە دەتوانین بەس بە جێبەجێکردنی ئەو چوار بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری کردووە ئەو چاکسازیانە لە داهاتی نەوت، لە خاڵ سنوورییەکان لە مەسەلەی باج و رسومات و گومرگ و دەتوانێ کێشەی مووچە چارەسەر بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئیلتیزام بە (١) دەقەکەوە بکەن، دەستت خۆش بێت کاك (بەڵێن)، کاك (زانا)، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

پێمان خۆشە لەسەر ئەو بابەتەدا قسە بکەین بۆ رای گشتی شتێك راست بکەینەوە کە خەڵك لە دەرەوە پێمان نەڵێت تەنها ژمارەیەك پەرلەمانتاری ئۆپۆزسیۆن لە خەمی لێبڕینی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانن، بێگومان لە.........................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوان پۆپۆزسیۆنن.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

پێمان وایە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ تەنها و تەنها رەنگە کاریگەری ئەو شوێنە بێت .......................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزتان ئۆپۆزسیۆنن، با راستی بکەینەوە، با راستی بکەینەوە، بەڕێزان (بەناو) دەسڕێتەوە لە پرۆتۆکۆل، ئەوان ئۆپۆزسیۆنن.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

ئێمە قسەمان لەسەر ئەوەیە شەراکەتی ئەم وڵاتە، حوکمڕانیەتی ئەم وڵاتە، بە ئیتیفاقیەیەکی سیاسی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام درایە، ئەمڕۆ ناکرێت.....

فەرموو (هلز) خان ئەگەر جەنابت قسە دەکەی من قسە ناکەم، ئەگەر قسە لەسەر قسە دەکەی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (زانا)، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

ئەم بابەتە دەکرێت هەموومان بە یەکەوە لێرە هەموومان دەزانین هیچ پەرلەمانتارێك نییە لە خەمی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستاندا نەبێت دەبێت خەڵك لە دەرەوە ئەوە بزانێت، بەڵام بەداخەوە کاتێك لە هۆڵی پەرلەماندا قسە دەکرێت جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە لە وەفدێکی حکومەت دێ لە هۆڵەکانی دیکە لێرە کۆبوونەوە دەکەین قسەکان بە دوو ئاراستەی جیاوازن، ئێمە لەناو کۆبوونەوە لەگەڵ تیمی حکومەتدا فراکسیۆنەکانی دەسەڵات کە ئەوانەی ئێستا لە حوکمڕانیەتی ئەم وڵاتە داین بەر لە فراکسیۆنەکانی تر قسەمان لەسەر لێبڕینی مووچە

کردووە، وەڵامی پێویستمان لە جەنابی جێگری سەرۆك وەزیران وەرگرتییە، لە وەزیری دارایی وەرگرتییە، ناکرێت بەو شێوەیەش تەفسیر بکرێت کە داهاتی ئەم وڵاتە لەبەر دەستی وەزیری دارایی نییە، وەزیری دارایی، جێگری سەرۆك وەزیران، سەرۆکی حکومەت، تیمی حکومەت هەمووان خۆیان بە بەرپرسیار زانیوە لە کۆبوونەوەکەدا بەرامبەر بەو بارودۆخە، ناکرێت لێردا بە شێوەیەکی دیکە تەفسیر لەو بابەتە بکرێت، هەموو مەسئولیەتەکە بخرێتە سەر شانی جەنابی سەرۆکی حکومەت لەم بابەتەدا، پێمان سەیرە لەوەدا کە حوکمڕانیەت بەم شێوەیە ناکرێت بەراستی، لێرەدا لە حکومەت بەشدار بی، لەناو هۆڵی پەرلەمان دا باس لەوە بکەی کە ئەمە مەسئولیەتەکە مەسئولیەتی خەڵکێکی دیکەیە، حکومەت هۆتێلی پێنج ئەستێرە نییە کە خەدەماتەکەت بە دڵ نەبێت و لەناو حکومتدا بچیە دەرەوە، ئێمە پێمان وایە کە دەبێت لایەنە سیاسیەکان ئیدی لەمەودوا لە هەرێمی کوردستان بە ئاراستەیەکی دروستتر مامەڵە بکەن، بە خەڵکی کوردستان بڵێین ئێمە لە ئۆپۆزسیۆنین یان لە دەسەڵاتداین، ئەمە کۆتایە بە قەیرانە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان دەهێنێت، کە باسیشمان لە بەناو ئۆپۆزسیۆن کرد بۆ راستکردنەوە ئەم بابەتە پێم خۆشە بەڕێزان بە روونتر لەو بابەتە تێبگەن، ئێمە ئۆپۆزسیۆنی دروست لە هەرێمی کوردستاندا رەئیەکە کە بەراستی هەموومان جێی تەقدیرە، ئیعتیبار دەکەین، ئۆپۆزسیۆن بەوەوە جوانە لەناو هۆڵی پەرلەماندا هەموومان بە یەکەوە لەسەر بارودۆخەکانی هەرێمی کوردستاندا قسە بکەین، گلەییەکان وەربگرین، بەڵام بەناو ئۆپۆزسیۆن ئەوانە دەبن کە بەشدار بن و مەسئولیەتەکە بخەنە سەر شانی تاکە هێزێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆی پێکهاتەکانیەوە بەرپرسیاریەتی تەزاموونی هەیە، ئەوان پێکەوە قەرار دەدەن بڕیارە باشەکانیان هی هەموو هێزەکانە ئەو بڕیارانەشی کە رەنگە بە دڵی ئێمە نەبێت، بە دڵی خەڵك نەبێت پەیوەندی بە زروفێکی دیاریکراوەوە هەبێت هی هەموو حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەوان لەناو خۆیاندا ئەم دابەشبوونەیان نییە کە بەداخەوە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دابەش بووین، بەڵێ کاك (د.شێرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەپێی ماددەی (٤٨)، بڕگەی چوارەم کە باس لەوە دەکات کە سەرۆك فراکسیۆن یان چەند پەرلەمانتارێك دەتوانن داواکاری زیادکردنی بڕگەیەك بکەن، داوامان کرد کە لەسەر بڕینی مووچە بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان، لە کۆتاییەوە دەست پێدەکەم کە بەڵێ حکومەت نایەت بەڵام بەپێی ئەو پەیڕەوە ناوخۆیەی پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە لەسەر نەهاتنی وەزیری دارایی یان هەر بەرپرسێکی تری حکومەت لە لێبڕینی مووچە بە غیابی دەتوانێ پرساندنیان بۆ بکات، بۆیە با دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستان پەیڕەو بکەین فشار لە حکومەت بکەین ئەو کۆبوونەوەی کە کاك (هێڤیدار) باسی دەکات ئەو کۆبونەوەیەیە کە پێش ئەوەی کە حکومەتی عێراقی بە رەسمی بەشی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا دیاری بکات، بیسەلمێنێ کە هەرێمی

کوردستان دەتوانێ تەواوی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بدات، بێ لەوەش کە مەعلومە کە هەمووان نارازین بەرامبەر بە لێبڕینی مووچە، بۆیە پەرلەمانی کوردستان بەپێی ئەو پەیڕەوی ناوخۆیە پێویستە ئەگەر حکومەت نەهات وەکو نەهاتووە پرساندن بکات بۆ وەزیری دارایی و سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ ئەوەی فشار بێت لەسەر لێبڕینی مووچە یان بێن قەناعەت بەم پەرلەمانە بکەن داتا و ڕەقەمی تەدقیق کراوی بخەنە بەر دەست بڵێ لەبەر ئەوە بۆمان ناکرێ مووچە بە تەواوەتی بدەین یان پەرلەمان دەسەڵاتی خۆی بە تەواوەتی بەکار بێنێت ئەگەر نەهاتن، پەیڕەوی ناوخۆی دەڵێ بە غیابی بۆی هەیە محاسەبە و لێپرسینەوە بکات، بڕیاریش بدات لەسەر ئەوانەی کە تەخسیری دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ ئەوەی لێپرسینەوە بکرێت، بۆ ئەوەی پرساندن بکرێت، ئیستیجواب بکرێت ڕێ و شوێنی قانوونی خۆی هەیە، ئێمە ئەو ئسلوبەشمان تاقیکردەوە کە بە غیابی پرساندنمان کرد جارێکی دی تەقدیمی کەنەوە ئێمە بە هەمان شێوە بۆیان دەنێرین، ئەگەر هاتن بەخێربێن، ئەوە بە ئامادەبوونی خۆیان دەکرێت، نەهاتن بە غیابی دەکرێت، بەڵام واقعێک هەیە لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێزیشتان دەیبینن، ئێمەش دەیبینین کە حکومەت کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەماندا زۆرینەیەکی پەرلەمانی هەیە هەتا ئەو زۆرینەیە خۆی ئیقرار نەکات ئەو حکومەتە هەڵناوەشێتەوە، با ئیتر یەکتری بریندار نەکەین، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

تەبعەن لە قسەکانی بەڕێز کاك (زانا) دەستپێدەکەم ئەبوایە بەڕێزت وەڵامت بۆ قسەکانی هەبوایە، پێو ڕاگرتایە، چونکە بەشێکی قسەکانی سیاسی بوون، پەیڕەوی نەبوون،..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

لە کوێیا دەبوایە پێم ڕاگرتایە؟

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

لەو کاتەی کە باسی ئۆپۆزسیۆن دەکات...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕامانگرت گوتمان ئەوە لادەدەین.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

تکایە بێڵە قسەکانم بکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو تەواو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

چونکە ئەگەر بڕۆینەوە سەر ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنە کە دەبوایە پەرلەمانی کوردستان لەم ڕێکەوتنەدا ڕۆڵی چی ببوایە لە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە دەیان خاڵمان هەیە

کە بیخەینە ڕوو، سەبارەت بە ڕۆڵی پەرلەمان لە ڕۆڵی چاودێریکردنیەوە، ئەمڕۆ نوسراوی ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان هاتۆتەوە دوای ساڵێك و دوو مانگ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ساڵێك و دوو مانگ لەسەر پرسی دەرمان کە لەو ماوەیە ڕەنگە سەدان خەڵك بکاتە قوربانی، بۆ نمونە لەسەر پرسی زەوی و زار ئێمە پرسیارمان کردووە دوای ساڵێك هاتۆتەوە وەڵامەکەی کە ئەم دەقەیەی من و تۆ قسە دەکەین لەو کاتەوەی کە بەڕێزت لیژنەی شارەوانیت ڕاسپاردووە بای دوو ملیار دۆلار زەوی لەم وڵاتەیا داگیر کراوە، کە هێشتا لیژنەکە جموجۆڵەکانی دەستپێنەکردووە، سەبارەت بە لێبڕینی مووچە دەرفەتم بدە بەڕێز سەرۆکی پەرمان وەڵامی کاك (بەڵین) دەدەمەوە کە دەڵێ دەبێ داتاکان..............................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نا وەڵامی (بەڵێن) ناتوانی بدەیتەوە، ناتوانی.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

باشە وەڵامی نادەمەوە، ببوورە پشتیوانی قسەکانی دەکەم، بە داتا دەیڵێم، لە هیچ سەردەمێکی حوکمڕانیدا بە قەد ئەم مانگە داهاتی نەوت نەبووە، داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سەرووی سێ سەد ملیۆن دۆلار چۆتە بەر دەستی وەزارەتی دارایی، هیچ کاتێك داهاتی نانەوتی لە سنوورەکان و لە ناوخۆدا بە قەد ئەم مانگە نەبووە کە سێ سەد و پەنجا ملیار بەرەو ژوورە، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی ژمارەی حەقیقی ئەم داهاتە نەزانێ نایەتە ناو موازەنەشەوە کە بۆ ئێمەی دەنێرن، بۆیە با ئەم حکومەتە ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خەڵکدا، کۆتایی بەم لێبڕینە بێنێ، بە داتا لە خاڵە سنوورییەکان ئێمە لامانە کە داهاتی ناوخۆ داهاتی غەیرە نەوتی زۆر لەمە زیاترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.صباح)، فەرموو.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە، بەراستی بەس تەوزیحێکم هەبوو، پەرلەمانتار (سیروان بابان) باسی منداڵێکی پێویستی تایبەت بوو، کە منداڵی پێشمەرگە بوو، ئەو منداڵە بە ئۆفیسی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم هاتە چارەسەرکرن ئێستا لە چارەسەرکردندایە هەر ویستم ئەو تەوزیحە بدەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك دکتۆر، (د.ڕێبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، دیارە کرێی کارەبا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر زۆرێك لە کۆمپانیاکاندا داهاتێکی باش پێك دێنێ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەشکرێ بڵێین تەکانێك دەدا بە داهاتی هەرێمی کوردستان و باشترکردنی دۆخی دارایی، کۆمپانیا هەیە

ملیارەك و پێنج سەد ملیۆن دینار قەرزرای كرێی كارەبای حكومەتی هەرێمی كوردستانە و كۆمپانیای (چاڤیلاند) بۆیە داوا دەكەین حكومەتی هەرێمی كوردستان دەستوبرد بكات لە وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانە، ئەمە وێڕای ئەوەی قەرزێكی زۆر بۆ نموونە بای حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دۆلار كۆمپانیا هەیە وەكو (چاڤیلاند) قەرزاری حكومەتی هەرێمی كوردستانە كە پێویستە وەربگیرێتەوە بۆ ئەوەی دۆخی دارایی باشتر بێت، قسە لەسەر ئەوە دەكرێت كە چاكسازی لە خاڵە سنوورییەكان بكرێ، جەنابی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕیارێكی دەركرد بە پێكهێنانی لیژنەیەك لە وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوەی سەردانێكی مەیدانی ئەو خاڵە سنورییانە بكەن، بۆ ئەوەی بزانن رەوشی گەندەڵی لەوێ چۆنە، بەڵام بەداخەوە بە هەندێك هۆكاری سیاسی هەست دەكەم رێگری دەكرێت، لەبەر ئەوەی گومرگەكان سەر بە وەزارەتی داراییین من داوا دەكەم كە وەزیری دارایی بێ لێرە لە پەرلەمانی كوردستان تەوزیح بدات بزانین ئایا هۆكارەكان چین؟ بۆچی ئەو لیژنەیە تەفعیل نەكراوە؟ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئێمە كە لەگەڵ جەنابی جێگری سەرۆكی حكومەت دانیشتین، لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی، لەگەڵ شاندی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەكو ئەوە وابوو كە جەنابیشت حزورت هەبوو وەكو ئەوەبوو كە دانیشتنێكی نیمچە پەرلەمانی كرا، هەمووومان بە ئازادی قسەی خۆمان كرد، من بەش بە حاڵی خۆم لەوێ ئامادەبووم پرسیارم كرد لە بەڕێز جەنابی جێگری سەرۆكی حكومەت وتم لە وەزیری دارایی كە ئایا حكومەتی هەرێمی كوردستان ئێستا لەتوانایدا هەیە بەبێ لێبڕین مووچە بدات؟ جەنابیان وتی نەخێر ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان ناتوانی لەبەر هەندێ هۆكار كە باری دارایی باش نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەم دۆسیانەی ئێمە هەموو لە كۆبونەوەیەك باسی دەكەین، كە پەیوەندی بە قەرزەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە هەیە بەگوێرەی ئەو راپۆرتی چاكسازییەی هاتووە تا ئێستا دوو ملیاری لێ وەرگیراوەتەوە، كە پەیوەندی بە پابەندی كۆمپانیاكانەوە هەیە، كە پەیوەندی بە خاڵە سنوورییەكانەوە هەیە، كە پەیوەندی بە قاچاغچیەتییەوە هەیە، ئیرادەیەكی سیایی هەیە بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەم حاڵەتانە ببێتەو ئەم چاكسازیانە بكات، ئێمە ئەم ئیرادە سیاسیەمان لایەنی كەم لەو كۆبوونەوەی كە كۆی حكومەت هاتبوون، سەرۆكی حكومەت، جێگری سەرۆكی حكومەت، وەزیرەكانمان بینی، بەڵام بەڵێ حەقی خۆمانە بپرسین ئەم ئیرادە سیاسیە بۆ تەرجەمە نابێت بۆ كردەوە؟ رێگریەكانی چین؟ پەرلەمانی كوردستان دەبێت لەو بارەیەوە قسەی خۆی بكات، ئێمە راوێژ دەكەین، بیر دەكەینەوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسیارانەی ئەندامانی پەرلەمان بكەین كە بەبەردەوامی دووبارە دەبێتەوە، بەڕێزان بابەتی كەم ئەندامان بەڕێز وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتی لێرە ئامادەیی هەیە، ئێمە ئەگەر لە ئێستاوە نوقتەی نیزامی وەرگرین لەسەر ئەو بابەتانەی كە بەداخەوە بۆتە هۆی دابەشبوونی فراكسیۆنەكانی پەرلەمانی كوردستان، وە وا قسە لەسەر یەكتری دەكەین كە لە دوو عالەمی جیاوازین بڕواتان بێ تا ئێوارە تەواو نابێ، دەرفەت بدەن بۆ ئەوەی بڕگەی یەكەم تەواو بكەین، سەیر كەن بەڕێزان بەسەرچاو با ماددەی (٥٦) بخوێنینەوە بزانین چەندێكی ئێمە ماددەی (٥٦) جێبەجێ دەكەین، بەسەرچاو وەرتان دەگرم، بەڵام با خۆمان تەنزیم كەین، ئێوە بەناوی نوقتەی

نیزامی وەری دەگرن (٨٠%)ی ئەوەی دەوترێ نوقتەی نیزامی نییە، بەڵام ئەگەر واش وەرمان گرت.... کاك (هاورێ) لە شوێنی خۆتەوە قسە مەکە تکایە، کاك (هاورێ) بێدەنگ بە، بەڕێزان ئێمە لێرە لە پەرلەمانین ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە نەبێت خۆمان رێك بخەین هیچمان جیاواز نییە لەوەی کە مەجموعەیەك خەڵك بەیەکەوە دابنیشن بەس بۆ دەمەتەقێکردن، بەڕێز خاڵی پەیڕەوی دەڵێ دەبێ یەك دەقە بێت، باشە، ئەبێ پێشێلکردنی یەکێك لە مادده و بڕگەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان بێ، دەبێ دووبارە نەبێت بەڕێزان، کە نوقتەیەکی نیزامی بەڕێزێك بەناوی نوقتەی نیزامی داخل دەبێت کە نوقتەی نیزامی نییە، بەڕێزێکی تر بەناوی هەمان بابەت بەناوی نوقتەی نیزامی قسە دەکات ئەوەی ئەویش نوقتەی نیزامی نییە، ئێ راتان دەگرین بەڵام دوای دەبێتە کلیپ لەسەرمان، لە شوێنی خۆتانەوە قسە مەکەن، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، هیوام وایە کە پێم نەبڕی چونکە ئەو بڕادەرانەی کە تۆ ئاماژەت پێکردن قسەیان کردووە بێ ئەوەی کە هیچی نوقتەی نیزامی نییە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەکانی خۆت بکە کاك (کاروان).

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

بەڵێ بەسەرچاو، بەداتاوە بە ئەرقام لە ئێستادا بە موخەمەن داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، داهاتی خاڵە سنوورییەکان و رسومات گەیشتۆتە چوار ترلیۆن دینار بۆ ساڵی (٢٠٢١) کە ئەمە پێشبینیکراوە، بەداخەوە کە دەستێك هەیە لەناو ئەنجومەنی وەزیرانیش لە ئێستادا ئەمە کەم بکاتەوە بۆ دوو ترلیۆن وە بەتەمان بەو شێوەیەش بوودجەیەش لە ساڵی (٢٠٢١) پەسەندی بکەن، هیوام وایە ئەوە نەیەتە ناو پەرلەمان، ئەگەر بێتە ناو پەرلەمان پەرلەمانی کوردستان قبوڵی نەکات نوقتەی یەکەم، نوقتەی دووەم لە ئێستادا بە دانپێدانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بۆ هەر بەرمیلێك نەوت (٤٥) دۆلار دەمێنێتەوە، کە رۆژانە چوار سەد و سی هەزار بەرمیل نەوت بە دانپێدانانی حکومەت دەردەهێنرێت، من تەحەددا دەکەم سەرووی ئەو رەقەمەش هەیە ئەوەی کە حکومەت دانی پێداناوە زۆر زیاتریشە لە مە، بۆیە بەڵێ ئێمە پێمان وایە کە حکومەت هۆتێلی پێنج ئەستێرە نییە، بەڵام رێکخراوی خێرخوازیش نییە کەی بیەوێت مووچەی خەڵك ببڕێت، کەی بیەوێت مووچەی خەڵك نەبڕێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تکات لێ دەکەم رێگەت دا قسەی سیاسی بکرێت، رێگە بدە کە وەڵام بدەینەوە، بەڵێ کە پێمان وایە حکومەت هۆتێل نییە بەڵام حکومەت رێکخراویش نییە، رێکخراوی خێرخوازی بێت، کەی بیەوێت سوکایەتی بە مافی خەڵك بکات، کەی بیەوێت مووچەی خەڵك ببڕێت، کەی بیەوێت بە نایاسایی مووچەی خەڵك کۆتایی پێبهێنێت، کەی بیەوێت داهاتی خاڵە سنوورییەکان بەتاڵان بەرێت، کەی بیەوێت بە کۆمپانیای شەخصی و حزبی لە خاڵە سنوورییەکان پارە کۆبکاتەوە، کەی بیەوێت لە خاڵە سنوورییەکانەوە لە داهاتی نەوت بە ئارەزووی خۆی بە کۆمپانیای شەخصی و حزبی پارە بەرێت، بەڵێ پێمان وایە حکومەت رێکخراوی خێرخوازی نییە، بۆیە تکا دەکەم هەر بەڕێزێك پێی وایە کە ئێمە لە حکومەتین بۆ

چاوپۆشیکردنی له گەندەڵی، له نادادی، له ناعەدالەتی، بەڵێ ئێمە له حکومەتین بەڵام نەك بۆ چاوپۆشیکردن له نادادی و ناعەدالەتی و گەندەڵی، ئێمە له حکومەتین بۆ ئەوەی که پارێزەری مافی خەڵك بین له چوارچێوەی یاسا، به یاسا بەرکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەرتان دەگرم دڵنیابن، بەسەرچاو، ئێستا زیاتر له بیست کەس ماوە، با سەرۆکی فراکسیۆنی (گۆڕان) قسه بکات، دوای ئەوە وەرتان دەگرم، (گلوستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئێمه راستییەکەی کارو چالاکیەکانمان که بەردەوام بەدواداچوونە، ئەرکی پەرلەمانی خۆمانە له چاودێریکردنی حکومەت، بەرزکردنەوەی رەخنە و یاداشتەکانە بە مەبەستی باشتر ئەداکردنی حکومەت، ئێمه له حکومەتێکدا بەشدارین بۆ ئەوەی چاکسازی بکات، له حکومەتێکدا بەشدارین بۆ ئەوەی دژی گەندەڵی بوەستینەوە، هەمان ئەو ئامانجانەمان هەیە له خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا ئێمه ئۆپۆزسیۆنێکی کارا بووین لەم پەرلەمانەدا، بۆیە ئێستاش هیچ پەیڕەوێکی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هیچ رێککەوتنێکی سیاسی بەربەست نییە لەبەردەم ئەوەی که پەرلەمانتارانی بزوتنەوەی (گۆڕان) نەتوانن بەدواداچوون بۆ ئەرك و بۆ ئیشەکانی خۆیان بکەن، نەتوانن یاداشت و راپۆرتەکانیان بەرزکەنەوە بۆ ئەم پەرلەمانە، هیچ شتێکیش رێگر نییە لەوەی ئێمه چاوپۆشی بکەین لەوەی که لێبڕینی مووچە هەیە، گەندەڵی هەیە، دزیەتی هەیە، قاچاغچیەتی هەیە، بەرەوڕوو به حکومەت و به جێگر و به دەستەی دانوستانکارمان وتووە ئەم شتانە، وتومانە دەستبەرداری قاچاغچییەتی بن، دەستبەرداری راو ڕووت و قاچ و قوچ بن، بۆ ئەوەی ئەم میللەتە به خۆشی بژی، ئێمه دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆتێلی پێنج ئەستێرە نییە، بەراستی ئێمه هاتووین بۆ ئەوەی خزمەتی هاوڵاتیانی خۆمان بکەین، هاتووین بۆ ئەوەی ئامانجەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەناو دەسەڵاتدا بەدی بهێنین، نەك لەوەی که ئێمه دانیشین لێره قوروقەپ دانیشین و هیچ نەڵێین، رەخنەکانمان بەدواداچوونەکانمان بۆ چاککردنە، بۆ بەهێزکردنە، بۆ به موئەسەساتکردنی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆیە تکا دەکەین ئێمه ئەگەر له حکومەتێکدا بەشدارین رەخنەکانی یەکتری هەوڵی چاککردن بدەین، هەوڵی یەکترقبوڵکردن بدەین، هەوڵی یەکتر سڕینەوە نەدەین، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تکایە ئێمه برگەیەکمان داناوە بەس بۆ پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی لەم کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا، هەندێك به ئارامتر قسه بکەن بەڕێزان، ئێمه هەموومان پێکەوەین، کاك (بهمن)، فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

وەکو ئەوەی کاتت دا به ئەوان، کاتمان بدەرێ تکایە، ئەوەی که برادەرانی یەکێتی و گۆڕان وتیان من حەز دەکەم به سەراحەت به خەڵکی کوردستان بڵێم لێرەوە، داهاتی ناوخۆی سلێمانی تا

ئێستا ناگەڕێتەوە بۆ هەولێر ئەمە یەك، دوو ئەم مانگە بۆ دانی مووچەی (٧٩%) سەد و هەشتا ملیار دینار لە داهاتی ناوخۆ بەکارهاتووە، سەد و شەش ملیاری هی هەولێرە، هەشتا ملیاری هی سلێمانییە، هەشتا ملیارەکە پەنجا و پێنج ملیاریان داوە تا ئێستا، بیست و پێنجیان نەداوە تا ئێستا زەختیان لێ دەکەن لە حکومەت، سێ: با خەڵکی کوردستان بپرسێ تکایە قسە دەکەم جوابم بدەنەوە دوایی، من بە ئەرقام قسە دەکەم بێ منەتیشم لەو قسانەی کە دەیکەم، ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان با قسەکانی خۆی تەواو بکات هەموومان کە خۆمان قسە دەکەین خۆمان بە خاوەن حەق دەزانین، فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

قسەمان بە کەس نەبڕییە دەبێ قسە بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حەقی خۆتە قسە بکە، فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**سەرۆکی بەڕێز پەرلەمان.**

حەقە خەڵکی کوردستان لێرەوە بپرسێ، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بپرسێ بەرپرسی مەلەفی بایۆمەتری لە دوو کابینە کێیە؟ بۆچی ئامادە نییە ئیمزا لەسەر بڕینی دوو مووچە و سێ مووچە و بندیوار بکات، ئەویش مەلەفەکەی لای بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتە بۆ ئیمزای ناکات؟ سێ خەڵکی کوردستان با بزانێ پارتی دیموکراتی کوردستان بەشی پارتی لە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بێ منەتە لە پێکهێنانی ئەو هێزە هاوبەشەی کە حکومەت بڕیاری داوە لە پێشیشا لە (ابراهیم خلیل) و (حاجی عومران) دەست پێبکەن، بەڵام ئەوە هێزی ترە ئامادە نییە، ئەو هێزانەی تریش کە هاتوونەتە ناو ئەم حکومەتە ئێمە ئیتیفاقیەیەکمان کردووە لەسەر بنەمای کورسی، نەسی ئیتیفاقیەکە لای هەموومان ماوە، حزبی وا هەیە بە (١٢) کورسی هاتووە ئێستا (٦) کورسی لەگەڵ ئێمەیە، داهاتیش (١٢) کورسی ........ من قسە دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من ئاخر قسەم دەکەم ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان خۆمان بە خاوەنی ئەم حکومەتە دەزانین کێش ئامادە نییە لەم حکومەتە بەرپرسیاریەتی هەڵگرێت دەرگا کراوەیە دەتوانێت بە پێش چاوی خەڵکی کوردستانەوە بکشێتەوە لەم حکومەتە، بۆ ئەوەی بە خەڵکی کوردستان بڵێ تەنها یەك حزب بەرپرسە، بەرپرسیاریەتی ئەوەیە لە کاتی نەبوونی بەرپرسی، لە کاتی هەبوونیش هەر بەرپرس بی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، (ئاشنا) خان، ئەوەی تۆش پەیڕەوی نییە لەشوێنی خۆتەوە قسە دەکەی، بەڕێزان سەبارەت بەو قسانەی کە کاك (بهمن) دەیکات سەبارەت بە دۆسیەی بایۆمەتری، بایۆمەتری یەکێکە لە شانازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی هەشت و لە کابینەی نۆش، سەبارەت بەوەی کە بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان واژوو لەسەر بایۆمەتری ناکات ئەم زانیاریە بە نسبەت ئێمە تازەیە دڵنیابن لەوەی کە دەپرسین، راستی

دەكەینەوە، ساغی دەكەینەوە كە ئەمە حەقیقەتە یان حەقیقەت نییە، ئێمە لێرە پێمان خۆش نییە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان ئەسڵەن خەڵكیش ئێمەی بۆ نوێنەرایەتیكردنی خۆی ناردووە، نەیناردووین رەخنە لە یەكتری بگرین بۆ ئەوەی نیگەرانی بۆ خەڵكی كوردستان دروست بكەین، دوو زۆن نییە لە هەرێمی كوردستان، هەرێمی كوردستان (هەرێمی كوردستان)ە، حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرپرسیاریەتییەكی هاوبەشی هەیە، ئەو هێزانەی كە بەشداربوون لە حكومەت بە ئیرادەی خۆیان بەشداربوون لە حكومەت، رەنگە ئامانجەكانی بەشداربوونیان لە حكومەت بەو شێوەیە نەهاتۆتە دی كە خۆیان دەیانەوێت، كە خۆیان مەبەستیانە، ئەمەش دەیانخاتە ژێر فشاری دەنگ دەرەكانیان وە ژێر فشاری ئەو كەسانەی كە پشتیوانیان كردووون، لەبەر ئەوە ئەم دۆخە سیاسیە ئاڵۆزەی ئێستا لە هەرێمی كوردستاندا هەیە رەنگدانەوەكەی لەسەر پەرلەمانی كوردستان تەصەورِ دەكەم لە هەموو دامەزراوەكانی تر زیاتر بێت، ئەم دابەشبوونەی ئێستا لەناو پەرلەمانی كوردستاندا هەیە دڵنیاتان دەكەم لەناو خودی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا نییە، كە ئێمە دانیشتووین قسە لەسەر وەزیرەكانی یەكتری و لەسەر نوێنەرەكانی یەكتری دەكەین، بۆ ئارامكردنەوەی دۆخەكە پشوویەكی نیو سەعاتی وەردەگرین.

## پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، دەسـت بە دانیشـتنەکەمان دەکەیـنەوە، کـاك ڕۆمیـۆ، فەرمـوون، بەڕێزتان فەرموون، بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار جێبەجێ دەکەین، ئێمە میوانمـان هەیە، بەڕێـز وەزیرمـان بانـگ کـردووە، بـڕگەی یەکەم تەواو دەکەیـن، لە بـڕگەی دووەم کاتمـان هەیە تـاوەکو شەش و پەنجا دەقەی ئێوارە، جەلسە کۆتایی نایێ کـاك هـاوڕێ، کـاك ڕۆمیـۆ فەرمـوو ڕاپـۆرتەکە بخوێنەوە لەبەر ئەوەی مامۆستا عمر لێرە نییە، بەڵێ بیخوێنەوە فەرموو، دڵنیا بن وەرتان دەگرم دوای ئەوە، هیچ جیاوازی ناکەم لە نێوانتان، بەڵـێ کـاك ڕۆمیـۆ، کـاك هـاوڕێ وەرتـان دەگـرم دوای ئەوەی کە بـڕگەی یەکەمـی بەرنـامەی کـار تەواو دەبـێ، خەڵکێکـی زۆریـش چـاوەڕێی ئەم بـابەتە دەکات، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**(ڕاپـۆرتی تـایبەت بە کێشـە و گرفتەکـانی منـداڵان و هاووڵاتییـانی خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت و خێزانیان لە هەرێمی کوردستان)**

هەڵبەتە ئەوە ڕاپۆرتی مامۆستا (عمر)ە.

دوابەدوای ئەوەی بەڕێـزان دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان بە نووسـراویان ژمـارە (ك/٢٠٩٧) لە بەرواری (٢٠٢٠/١١/٢٥) داوایان کرد ڕاپۆرتێـك سـەبارەت بە دۆخ و کەم کـوڕی و چارەسـەرییەکانی کێشە و گرفتەکانی منداڵان و هاووڵاتییانی خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت و خێزانەکانیـان ئامـادە بکەین، لە خوارەوە بە یازدە خاڵ سەرجەم گرفـت و کەم و کورتییەکانیـان دەستنیشـان دەکەیـن، لەگەڵ خســتنەڕووی پێشــنیاری گونجــاو بــۆ چارەســەرکردنییان، کە لە پێشــنیاری زۆریــنەی چارەسەریەکان دا ڕەچاوی دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان کراوە:

**یەکەم/** کێشەی هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکان:

کێشەی ئەو هاووڵاتییە خاوەن پێداویستە تایبەتانەی کە هاوکاریـان هەیە، هاووڵاتییـانی خـاوەن پێداویستی تـایبەت لە دۆخێکـی تـایبەتی کـۆمەڵایەتی و تەندروسـتی دان، بە هـۆی پێداویسـتی دۆخـی کەمئەنـدامییان هەنـدێکیان پێویسـتییان بە چارەسـەری بەردەوام هەیە وەك منـداڵانی شـەلەل دەمـاغ و تەلاسـیمیا، هەندێکیشـیان بە خەرجـی زیـاتری ڕۆژانە هەی وەك نابینـان بـۆ هـاتووچۆ کردنیـان، هەنـدێکی تریشـیان پێویسـتییان بە هـاوڕێیەتی و چـاودێری بەردەوامـی کەسانی تـر و خێزانەکانییـان هەیە وەك منـداڵانی ئـۆتیزم و هەنـدێك حـاڵەتی دەروونـی یـاخود هەندێك هاووڵاتی خاوەن پێداویستی تایبەت خۆیان سەرۆك خێزانن و توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکیان نییە، ناتوانن بژێوی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن، بۆ نمونە وەك کەسـێك بە ڕووداوی هـاتووچۆ یـان مـین هەردوو قـاچی لە دەسـت دەدات و لەسـەر کورسـی گەڕۆکە، بـۆیە خەرجی و بژێوی ئەم هاووڵاتییانە زۆر سەخت دەبێت و پێویستییان بەوە هەیە کە حکومەت بە

شێوەی تایبەت و بەرپرسیارەتر مامەڵە لەگەڵ دۆخی ژیان و بژێویان دا بکات، هەر بۆیە ئەم پێشنیارە دەخەینەڕوو:

١ - وەزارەتی دارایی مانگانە بە بێ بەستنەوەیان بە لیستی مووچەی کارمەندانەوە (چونکە ئەوەی ئەوانە هاوکاری یە و مووچە نییە) لە کاتی خۆی دا و سی رۆژ جارێك هاوکارییەکانیان دابەش بکات کە بڕەکەی تەنها (١٥٠) هەزار دینارە بۆ هەر کەسێك و سەرجەم بڕی بودجەی تەرخانکراو بۆ هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان کەمترە لە (١٢) ملیار دینار لە کۆی نزیکی (٩٠٠) ملیار دیناری تەرخانکراو بۆ سەرجەم مووچەی مووچەخۆران.

٢ - کێشەی هاوکاری مافی ئەو هاووڵاتییانەی تا ئێستا تۆمار نەکراون و لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە بە پاساوی جیا جیا هەر هاووڵاتییەکی خاوەن پێداویستی تایبەت بە رووداو یان زگمانگ کەمئەندام بووبێت لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە و وەزارەتی داراییەوە تۆمار نەکراوە، بەم جۆرە بێ بەش بووە لە سەرجەم ئەو مافانەی هەر هاووڵاتییەکی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیەتی بە پێی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ و نەبۆتە خاوەن ناسنامەی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت و سوود لە هیچ خزمەتگوزارییەك وەك پێویست وەرناگرێ، هەر بۆیە چارەسەرییەکان بەم چوار پێشنیارەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

أ - سەرجەم منداڵان و هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەلایەن فەرمانگەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە تۆمار بکرێن و ناسنامەیان بۆ دروست بکرێت بۆ ئەوەی خێزانەکانییان بەو ناسنامە تۆمار کردنە بە ئاسانی سوود لە خزمەتگوزارییەکان وەرگرن.

ب -سەرجەم ئەو هاووڵاتییانە کە مەزەندە دەکرێن بە بیست هەزار هاووڵاتی خاوەن پێداویستی تایبەت هاوکاری کۆمەڵایەتییان لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە بەپێی یاسا و رێنماییەکان بۆ تەرخان بکرێت کە کۆی تێچووەکەی کەمتر دەبێت لە دوو ملیار دینار، خۆ ئەگەر بە پاساوی قەیرانی دارایی ئەم بڕە ناتوانرێت تەرخان بکرێت کە بەپێی یاسای مافی کەمئەندام بە پێی یاسا مافی خۆیانە و کەمترینی داواکارییە ئەوا ئێمە پێشنیار دەکەین کە لەگەڵ سڕینەوەی هەر هاووڵاتییەکی خاوەن پێداویستی تایبەت بە هۆی مردن یان هەر هۆکارێکی تر ئەوا هاووڵاتییەکی خاوەن پێداویستی تایبەت بخرێتە شوێنەکەی لە چوارچێوەی تەرخانکراوی ئێستای بودجەی هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکان تا ئەو کاتەی وەزارەتی دارایی بە ئەرکی دابین کردنی ئەو مافە دارایی یە هەڵدەستێت، ئەوەش بە پێی رێژەی کەمئەندامی یان جۆری کەمئەندامی یان بەرواری دەستنیشان کردنی کەمئەندامی بەپێی راپۆرتی پزیشکی.

ج- لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە کە کۆتا ساڵە هەرێمی کوردستان یاسای بوودجەی هەبووە و سەرجەم ساڵەکانی تر لەسەر ئەو بنەمایە رۆیشتووە بە بەردەوامی بە هۆی مردن و چاکسازییەوە ژمارەی هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەت کەمی کردووە، هەر بۆیە ئەو بودجەی تەرخان کراوە بۆ کەمئەندامان بەردەوام گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی، بەو بڕە پارانە مووچەی ئەو هاووڵاتییانە دابین بکرێت کە تا ئێستا تۆمار نین.

د- هاوکاری دارایی هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەت ناچێتە ریزی مووچە و بەشێکە لە بەجێهێنانی ئەرکی دەوڵەتدارانەی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، بە زووترین کات لیستی

هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەت بخرێتە سەر حکومەتی فیدراڵ تا وەك هەر هاووڵاتییەك سوود لە داهاتە فیدراڵییەکان وەربگرن.

٣ - کێشەی کۆکردنەوەی هاوکاری و پێشوازی لە پشتیوانی خێرخوازان لە ئێستادا هیچ دامەزراوە و ناوەندێکی فەرمی نییە کە کار بکات بۆ کۆکردنەوە و پێشوازی لەو دەستپێشخەری و هاوکارییانەی لەلایەن خێرخوازانەوە دەخرێتە ڕوو بکات، هەر بۆیە پێشنیار دەکەین وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پەیڕەوێك دەربکات بۆ کاراکردنی بڕگەی سێیەم لە ماددەی چوارەمی یاسای ماف و ئیمتیازی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) کە بە هۆیەوە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پابەند دەبێت بە دامەزراندنی سندووقێك بۆ چاودێری و شیاندنی کەمئەندامان دەتوانێت لە ڕێگەی سەرمایەداران و چاکەخوازانەوە ئەم سندووقە پارەدار بکرێت و هاوکاری کەمئەندامانی پێ بکرێت، بەمەش ئەرکی داواکردنی هاوکاری لەسەر شانی کەس و کار و ڕێکخراوی تر لەم بوارەدا نامێنێت.

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس کاك ڕۆمیۆ، مامۆستا عمر دەیخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دووەم/** کێشەی جیاوازی نێوان ڕێژەی کەمئەندامی بەپێی ڕێنماییەکانی خۆیان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە لە ساڵی (٢٠١٦)دا دەری کردووە، ڕێژەی جیاوازی بۆ کەمئەندامبوون داناوە، بە جۆرێك بۆ ئەو هاووڵاتییانەی کەمئەندامن و هیچ مووچەیەکیان نییە ڕێژەکەی لە (٥٥%) بۆ ئەو هاووڵاتییانەی کە کارمەندن ڕێژەکەیان بەرز کردۆتەوە بووە بە لە (٧٠%) ئەوە لە کاتێك دا یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان هیچ جیاوازییەکی نەکردووە، بۆیە پێشنیار دەکەین وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٦) هەڵوەشێنێتەوە سەر لە نوێ ڕێنماییەکی نوێ دەربکات بە جۆرێك کەمئەندامانی راستەقینە بێ بەش نەکات لە مافی کەمئەندامی.

سێیەم/ کێشەی چارەسەری تەندروستی: ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان و هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەت پێویستییان بە چارەسەری پزیشکی هەیە بە پێی حوکمەکانی ماددەی (١٢) و لە یاسای ماف و ئیمتیازی هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) پێویستە حکومەت لە تێچووی چارەسەرییەکان بیانبەخشێت، بەڵام ئەم بەخشینەوەت پێویست نییە و هەندێك بوار و کاتی نەگرتۆتەوە، هەروەها ژمارەیەك لە هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەت پێویستییان بە کورسی جوڵاو و پەلی دەستکرد و هەندێ ئامێری تر یارمەتیدەر هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەین:

١-وەزارەتی تەندروستی هاووڵاتییانی کەمئەندام لە تێچووی چارەسەری لە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی بەیانییان یان راوێژکاری ئێواران ببەخشێت، هەروەها نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت پابەند بکرێن بە ڕێژەیەکی گونجاوی داشکاندن بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە وەزارەتی تەندروستی ڕێنماییەکی تایبەت دەربکات.

٢-بودجەی تەرخانکراو بۆ دابینکردنی کرینی پێداویستی یارمەتیدەر وەك کورسی جوڵاو و دارشەق وەك پێویست بۆ وەزارەتی تەندروستی تەرخان بکرێت یان وەزارەتی تەندروستی کار بۆ دابینکردنیان بکات لە رێگەی رێکخراوە خێرخوازییە جیهانییەکانەوە.

**چوارەم/** کێشەی راهێنانی چارەسەری راهێنانکاری:

ژمارەیەك لە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت وەك منداڵانی ئۆتیزم و شەلەل دەماغ پێویستیبیان بە راهێنانە وەك بەشێك لە چارەسەر لە ئێستادا نە ژمارەی ستاف و نە توانای دارایی سەنتەرەکانی راهێنان وەك پێویست نییە، بۆیە پێشنیار دەکەین:

١ - پشتیوانی سەنتەرەکانی تایبەت بە راهێنانی منداڵانی ئۆتیزم بکرێت کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە بەڕێوەدەبرێن بە تەرخان کردنی بودجە و ستافی پێویست.

تەبعەن ئەوە بە خۆشحاڵییەوە کە ئێستا دەرچووی تایبەتیشمان هەیە لە زانکۆکان کە لە بواری پەروەردەی تایبەتدان.

٢ - پشتیوانی سەنتەرەکانی تایبەت بە راهێنانی منداڵانی شەلەل دەماغ بکرێت کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە بەڕێوەدەبرێن بە تەرخانکردنی بودجە و ستافی پێویست.

٣ - سەنتەرەکانی راهێنانی منداڵانی ئۆتیزم و شەلەل دەماغ بێجگە لە شارە گەورەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك لە قەزا گەورەکانیش بکرێتەوە وەك هەوڵێکی فریاکەوتنی خێرای منداڵانی ئۆتیزم تا باشبوونی دۆخی دارایی و کردنەوەی ئەو سەنتەرانە لە هەموو شارێکی کوردستان.

٤ - بە بڕیارێکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کرێی راهێنانی منداڵانی ئۆتیزم لە سەنتەرە ناحکومییەکانی ئۆتیزم سنووردار بکرێت و بۆ ئاستێك دابەزێنرێت کە گونجاو بێت لەگەڵ دۆخی دارایی هاووڵاتییان، کە لە ئێستادا بۆ هەر منداڵێك لە نێوان (٢٠٠) بۆ (٦٠٠) هەزار دینار وەردەگیرێت ئەوەش تێچوویەکی زۆر زۆرە لەسەر دایك و باوکی منداڵانی ئۆتیزم.

**پێنجەم/** کێشەی پەیوەندیدار بە پەروەردە و فێرکردن:

بەپێی حوکمەکانی ماددەی نۆیەم لە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) پێویستە وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا کار بکەن بۆ رەخساندنی هەلی چونیەتی پەروەردە و فێرکردنی خوێندنی باڵا بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەموو روویەکەوە بە بێ جیاوازی، بەڵام وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا وەك پێویست بەم ئەرکە هەڵنەستاون و دامەزراوەکان بە زانین یان نەزانین کەمتەرخەمی دەکەن لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان دا، هەر بۆیە پێشنیار دەکەین:

١ - وەزارەتی پەروەردە بەپێی ئەرکەکانی لە بواری رەخساندنی هەلی چونیەتی بۆ پەروەردە و فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت رێنماییەکی تایبەت دەربکات و تیایدا لە ژێر سایەی حوکمەکانی ماددەی نۆیەمی یاسای ماف و ئیمتیازی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە روونی ئەرکی دامەزراوە پەروەردییەکان و پابەندییان بە رەخساندنی هەلی پەروەردەی فێرکردن و دۆخی پەروەردەیی گونجاو دەستنیشان بکات لەگەڵ دەستنیشان کردنی پێویستییەکان و سزای هەر دامەزراوە و بەرپرسێك کە کەمتەرخەم بێت لە جێبەجێ کردنی برگەکانی دا و منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پەروەردە و فێرکردن بێ بەش بکات.

٢ - وەزارەتــی پەروەردە بە بەیانێــك دامەزراوە پەروەردەییەكــانی پابەنــد بكــات بە وەرگرتنــی منـداڵانی نابیسـت لە دامەزراوە پەروەردەییەكـان لە سـەروو قۆنـاغی (٩)ی بنەڕەتیـیەوە كە تـا قۆناغی (٩)ی بنەڕەتی ئەركی وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی یە بە پێی تواناى خۆیـان و هاوتـای بـڕگە و ماددەكـانی یاسـای مـاف و ئیمتیـازی خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتەكـان و ئەو پێشـكەوتنە بەرچـاوەی لە جیهـان دا بـۆ مـافی منـداڵان و هاووڵاتییـانی خـاوەن پێداویسـتی تایبەت هاتۆتە پێش.

٣ - هەر بە پێـی حوكمەكـانی مـاددەی (٩)یەمـی یاسـای ئامـاژە بـۆ كـراو وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا رێنماییەكی تایبەت دەربكات بە ماف و تایبەتمەندێتی خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان كاتێـك بە توانـای خۆیـان لە بەش و كـۆلێجە جیاجیاكـانی زانكـۆ وەردەگیـرین و فەرامـۆش نەكردنـی تایبەتمەندیان بەپێی بوارەكانی كەمئەندامی و خاوەن پێداویستی تایبەتبوون، لە رێنماییەكەدا سـەرجەم وردەكـاری رەخسـاندنی دەرفەتـی خوێنـدن و ئاسـانكاری روون بكـرێتەوە تـا زانكـۆ حكـومی و ناحكومییەكـان ئەركـی خۆیـان باشـتر بـزانن بەرامـبەر بە فێرخـوازانی خـاوەن پێداویستی تایبەت.

٤ - بە بڕیارێك لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا سـەرجەم زانكـۆ ناحكومییەكان هەروەها سیستەمی پاراڵێل لە زانكۆ حكومییەكـان پابەنـد بكـرێن بە بەخشـینی خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان لە كرێی خوێندن بە پێی توانا و مەرج و تایبەتمەندی و نمـرەی كۆلێجەكان، كە ساڵانە ژ مـارەیەكی زۆر كەم لە گەنجـان ئەو دەرفەتەیـان بـۆ دەرەخسـێت و دەتـوانن بـگەنە قۆنـاغی زانكـۆ ئەوەش لە پێنـاو هانـدانی گەنجـانی كەمئەنـدام بـۆ پشـت بە خۆبەستن و هێنانەدی هیوا و ئاواتەكانیان لە بەش و پسـپۆڕییە جیاوازەكـان و بـوونە خـاوەنی شـارەزایی و بڕوانـامەی پێویسـت تـا لە دروسـتكردنی ئاینـدەیەكی بـاش بـۆ خۆیـان پشـت بە خۆیان ببەستن و چاویان لە كەس نەبێـت و بەشـدار بـن لە پرۆسـەی بەرهەمهێنـان لە وڵات دا، ئەگەر نەتوانرا بە تەواوەتی ببەخشرێن ئەوە بڕێكی تایبەت داشكاندنیان بۆ بكرێـت بە جۆرێـك هەست بە هاوكاری و پاڵپشتی بكەن لە حكومەت و كۆمەڵگەوە بۆیان.

**شەشەم/** كێشەی مۆڵەتی بەخێوكار:

لە ئێسـتادا و بەردەوام حكـومەت مـۆڵەتی بەخێوكـار دەبەخشـێتە ئەنـدامێكی خێـزان بـۆ ئەوەی چــاودێری منــداڵە كەمئەنــدامەكەی خۆیــان بەپێــی مەرج و تایبەتمەنــدی دیــاریكراو بە پێــی رێنمـاییەك كە لە وەزارەتـی كـار و كاروبـاری كـۆمەڵایەتییەوە دەرچـووە ئەوەش بە پێـی بـڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (٨)ی یاسـای مـاف و ئیمتیـازی كەمئەنـدامان، بەڵام ئەو منـداڵانەی یەكێـك لە دایك یـان بـاوك كارمەنـدی حكـومەت بـن، بـێ بەش بـن لەو مـۆڵەت و چـاودێرییە تـایبەتە، بـۆیە پێشنیار دەكەین كە ئەم مۆڵەتەش لەم قۆناغە دا بدرێتە هەر دایكێك كە خۆی تەرخان دەكـات بـۆ چاودێری منداڵەكەی كە كارمەندی حكومەت نییە بەپێـی بـڕگەی دووەم لە مـاددەی (هەشـتەم)ی یاسای ماف و ئیمتیازی كەمئەنـدامان كە بـڕی ئەو پـارەی دەیانـدرێتێ بە پێـی ئەو یاسـایە تەنهـا (١٢٧) هەزار دینارە، كەوای دەبینین سەرجەم ئەوانەی مەرج و تایبەتمەنـدییەكانیان تێـدا بێـت لە كوردســتان نەگەنە هەزار دایــك، واتــا ســەرجەم تێچــووی جێبەجــێ كردنــی ئەم بــڕگە و خزمەتگوزارییە گرنگە بە نزیكەیی (١٢٧) ملیۆن دینار دەبێت بۆ هەر مانگێك، كە بڕێكـی زۆر نییـە

بۆ ئەو خزمەتە گەورەیە کە هیچ جێگرەوەیەکی نییە و فریادڕەسە بۆ ئەو دایکانەی بەم ئەرکە پیرۆزە هەڵدەستن و دەبنە چاودێری کاری منداڵێك کە ڕێژەی کەمئەندامییەکەی لە (١٠٠%).

**حەوتەم/** کێشەی شوێنی نیشتەجێبوون:

ژیان بۆ ئەو هاووڵاتییانەی کە سەرۆك خێزان یان ئەندامێك لە خێزان خاوەن پێداویستی تایبەتە زۆر سەختە، بە تایبەت کاتێك هیچ شوێنێکی بۆ نیشتەجێبوون نەبێت و کرێچی بێت و دەرفەتی چاودێری تایبەتی نەبێت بۆ چاودێری دۆخ و ژیانی کەمئەندامەکەی، چونکە هەندێك حاڵەتی کەمئەندامی پێویستی بە قادرمەی تایبەت یان توالێت و ژووری تایبەت هەیە، ئەوەش بۆ کەسێك شوێنی نیشتەجێبوونی نەبێت و کرێچی بێت و شوێن گۆڕکێ بکات زۆر سەختە، بۆیە پێشنیار دەکەین:

أ - بەهۆی دۆخی تایبەتی ژیانییان و ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانییان لە چاودێری منداڵان و ئەندامانی کەمئەندام لە خێزانەکەدا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن بە بەیان یان بڕیارێکی تایبەت مافی لە پێشینە بدات بۆ ئەو خێزانانەی کە سەرۆکی خێزانن یان ئەندامێك لە خێزانەکە خاوەن پێداویستی تایبەت لە پێدانی یەکەی نیشتەجێبوون لە پرۆەکان دا بۆ ئەو خێزانانەی کرێچین یان هیچ شوێنێکی نیشتەجێبوونیان نییە لەو پرۆژانەی کە حکومەت بۆ هەژارەکان دروست دەکات.

ب -وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە بواری نیشتەجێ کردن پابەن بکات بە داشکاندنی گونجاو بۆ ئەو خێزانانە بە مەرجێك هیچ موڵك و ماڵیان بە ناوەوە نەبێت.

ج- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بە بڕیارێك زەوییەك بدات بەو سەرۆك خێزان یان ئەو خێزانانەی کە ئەندامێکیان خاوەن پێداویستی تایبەتە و کرێچین و هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوونیان نییە.

**هەشتەم/** کێشەی هەلی کار:

بابەتی کار و هەلی کار بابەتێکی زۆر گرنگ و هەستیارە بۆ هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەت و بایەخی تایبەتی هەیە و خواستی زۆرینەی زۆری هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەتە کە حکومەت ئاسانکاریان بۆ بکات لە دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەوەی ئەوان خۆیان پشت بە خۆیان ببەستن و بۆ ژیان و ئایندەیان تاکێکی بەرهەمهێن بن بە پێی توانای خۆیان، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیار دەکەین:

١ - لە ڕێگەی دەرکردنی بەیانێکەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت پابەند بکات بە تەرخان کردنی پلەی وەزیفی بە ڕێژەی لە (٥%)ی هەر دەرفەتێکی دامەزراندن لە کەرتی گشتی وەك لە خاڵی سێیەم لە ماددەی (١٠)ی یاسای ئاماژە بۆ کراوی سەرەوەدا هاتووە.

٢ - لە ڕێگەی فەرمانەگەکانی کارەوە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هانی کەرتی تایبەت بدات بە دامەزراندنی هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕێگەی بەرنامەی جۆرا و جۆرەوە.

٣ - وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە کاتی کردنەوەی خول و ڕاهێنانی تایبەت بە فێرکردنی پیشە ڕەچاوی هاندان و بانگهێشتی گەنجانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکات تا بە بوون و شارەزایی پیشەیەك لە بازاڕدا بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن.

**نۆیەم/** کێشەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری گشتی هاووڵاتییان:

بەشێك لە کێشەی هاووڵاتییان و خێزانەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت بریتیی یە لە تێنەگەیشتنی هاووڵاتییان و کۆمەڵگە لە مافەکان و تایبەتمەندی منداڵ و گەنج و تاکی خاوەن پێداویستی تایبەت، بۆیە پێشنیار دەکەین:

١ - وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەم بوارەدا ڕۆڵی کارایانەی خۆی ببینێت و لە ڕێگە و شێوازی جۆرا و جۆرەوە بە هاوکاری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەوڵ بدات بۆ گۆڕینی تێگەیشتنی کۆمەڵگە بەرامبەر تاکی خاوەن پێداویستی تایبەت و مافەکانیان و ئەرکەکانیان بەرامبەری بۆ هێنانە دی هەمان ئامانجیش هانی هونەرمەندان و کاری هونەری و فەرمانگەکانی پەیوەندیدار بدات لەم بوارەدا ڕۆڵیان هەبێت.

٢ - وەرزشی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت یەکێکی تر لەو بوارانەیە کە مافی هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەتە و پێشنیار دەکەین وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان لە ڕێگەی بەرنامەی جۆرا و جۆری خۆی یان هەموار کردنی ڕێنماییەکانی یان وەرزشەکان پابەند بکات بە کردنەوەی بەشی تایبەت بە وەرزشی گەنجانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەوەی گەنجانی شار و شارۆچکەکان بێ بەش نەبن لەو مافانە بە پێی توانا جەستەیی و ژیری و دەروونییەکان.

**دەیەم/** کێشەی ژینگەی شیاو:

وێڕای دەرچوونی یاسای ماف و ئیمتیازی خاوەن پێداویستی تایبەت و بوونی ماددەی تایبەت بە ڕەخساندنی ژینگەی گونجاو و دەستنیشان کردنی سزا بۆ هەر پرۆژەیەك کە پابەندی تایبەتمەندی و ستانداردی تایبەتمەندییەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت نابێت، بەڵام تا ئێستاش پرۆژە و شوێنە گشتییەکان و شەقام و شۆستە و شوێنەکانی پەڕینەوە و بینا و پارك و شوێنی جۆرا و جۆری گشتی وەك ئەوەی پێویستە پابەندی تایبەتمەندییەکانی کەمئەندان نین و لەم ڕووەوە هەر دوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت کەمتەرخەمن، هەر بۆیە پێشنیار دەکەین لە ڕوانگەی ئەرکەکانیان تایبەت بە هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەت پاڵپشت بە ماددەی دوازدەیەم لە یاسای ئاماژە بۆ کراوی سەرەوە هەر دوو وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن ڕێنمایی تایبەت بۆ چۆنییەتی جێبەجێ کردنی بڕگە و ماددەی تایبەت بە مافی شیاندنی ژینگەی شیاو دەربکەن و چیتر ڕێگە بە کەمتەرخەمی پرۆژەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت نەدەن لە بواری تایبەتمەندی هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**یازدەیەم/** کێشەی هەمواری یاسا:

یاسای ماف و ئیمتیازی خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) وێڕای ئەوەی بڕگە و ماددەی باشی تێدایە بەڵام بە هۆی ئەو پێشکەوتنەی لە بواری تێگەیشتن لە مافەکانی هاووڵاتییانی خاوەن پێداویستی تایبەت هاتۆتە پێش و ئەو گەشەسەندنە بەرچاوەی لە مافەکان

هاتۆتە دی پێویست بە هەمواركردنەوە هەیە، بۆیە پێشنیار دەكەین لیژنەی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی و داكۆكی لە مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی كوردستان رابسپێرێت بە هاوكاری وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی و كەسانی شارەزا و رێكخراوە پەیوەندیدارەكان پرۆژە پێشنیازێك ئامادە بكەن بۆ هەمواركردنی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١)ی تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی كەمئەندامان و خاوەن پێداویستە تایبەتەكان.
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەتوانی بچیتەوە شوێنی خۆت ماموستا عمر زۆر سوپاس، دەستخۆش بۆ ئەو راپۆرتە، لە خاڵی ئەخیرەوە دەست پێ دەكەین، لیژنەی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی تەنانەت راپۆرتی هەمواری پێشنیازە یاسای كەمئەندامان ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١)یان تەواویشكردووە، وە بەشێكی هەرە زۆری ئەم پێشنیارانەی بەڕێزتانی تێدایە، بەڵام چاوەڕێی پرۆژە یاساكەی حكومەتیش دەكەین بە مەبەستی دەوڵەمەندكردنی و لێكدانی هەردوو پرۆژەكە، بەڕێزتان دەتوانن بچنەوە شوێنی خۆتان، زۆر سوپاس، دەست خۆش بۆ راپۆرتە بە پێزە، بەڕێز وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی دەرفەت بە بەڕێزتان دەدەین بۆ ئەوەی سەبارەت بەو پێشنیارانەی كە بەڕێز ماموستا عمر بە ناوی پەرلەمانی كوردستان خستیە روو، قسەی خۆتان بكەن فەرموون.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله/ وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەمەوێت ئەگەر رێگام بدەن سەرەتا دیارە بەڕێزتان كە ئێمەتان بانگهێشت كردووە دوو بابەتە، یەكێكیان: منداڵە، دووەمیان: خاوەن پێداویستی تایبەتە، ئێمە راپۆرتێكمان ئامادەكردووە لەبەردەمی بەڕێزتان و ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی كۆمەڵایەتیە، بەڵام دەمەوێت بە پەلە هەموو تەفسیلی راپۆرتەكە نا بەس عەرزێكی كورتی بكەم، دواتریش تێبینی خۆم لەسەر خاڵەكانی ماموستا عمر بدەم، دواتریش ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پرسیارەكانیان بكەن بۆ ئەوەی وەڵامیان بدەمەوە، دیارە لە منداڵانەوە دەست پێ دەكەم، چونكە هەر ئەوەی كە هاتووە بۆ ئێمە دەڵێن منداڵ ئینجا خاوەن پێداویستی تایبەت، ئێمە لە چەند بوارێك پەیوەندیمان بە منداڵەوە هەیە، لە خانەكان، هەروەها ئەو منداڵانەی كە لە شێڵتەرەكان لەگەڵ دایكیاندان یان لە چاكسازیەكان لەگەڵ دایكیاندان، هەروەها لە داینگەكان، لە سەنتەرەكانی ئۆتیزم، هەروەها ئەو منداڵانەی كە خاوەن پێداویستی تایبەتن و لە پەیمانگاكانی ئێمە نابینا و نابیستن، لە لای ئێمە پەیمانگا هەیە وانە دەخوێنن تاوەكو ئێستا خۆشبەختانە ئێمە پەیمانگاكانیشمان دانەخستووە، خوێندن تێیدا بەردەوامە، من پێش ئەوەی دەست بەكاربم خانەكان تێكەڵ و پێكەڵیەكی خراپی تێدابوو بە داخەوە، منداڵەكان لەسەر ئاستی تەمەن جیا نەكرابوونەوە، وە دیارە منداڵ لە هەر تەمەنێكدا خواست و ئارەزووی تایبەتی هەیە، جگەلەوەی كە پێم گەیشتبوو هەندێك منداڵ لەلایەن گەورەكانەوە دەست درێژی گێچەڵی سێكسیان پێدەكرێت، بۆیە یەكەم شت كە كردمان جیاكردنەوەی منداڵەكان بوو لەسەر ئاستی تەمەن، لە هەولێر بەم شێوەیە جیامانكردەوە خانەی كوڕانمان هەیە پێنج بۆ دە، دە بۆ بازدە، لە پازدەوە بۆ سەرەوە، پێش هاتنی ئێمە ئەوەی هەژدە

ساڵی تەواوکردبێت بەداخەوە ئیزندراوە، ئێمە ئێستا ئیزنیان نادەین، چونکە من بۆ خۆم پێشتر ئەگەر بوارەك هەبوو بە نموونە بۆتان بێنمەوە ئەو منداڵانەی لە سەرووی تەمەنی هەژدە لە خانەکان ئیزندراون رووبەڕووی چ نەهامەتی و تەنانەت بازرگانیکردن بە هەندێك لە کچەکانیشەوە کراوە، چونکە کراوەنەتە دەرەوە لە خانەکان، لە سلێمانی بەم شێوەیە جیامانکردوونەتەوە، کچان تەمەن بۆ چوارمان هەیە، کوڕان پێنج بۆ دوانزە تەبعەن پێشتر هەموو پێکەوەبوون، ئێستا هەر بیناکەشیان لە دەرەوەی خانەکانە، کوڕان دوانزە بۆ بەرەوسەرەوە لەگەڵ خانەی بابانمان هەیە، ئەمە بۆ ئەم منداڵانەیە کە پەرتەوازەن، پێشتر ئەم منداڵانە ئەوانەن کە لە تەمەنێکی گەورەتر یان دایك و باوکیان جیا بوونەتەوە یان لەسەر جادە هێناویانە بۆ خانەکان، لە مەکتەب و ئەو شتانەش نەبوون کاریگەری زۆر خراپیان هەبوو لەسەر منداڵەکانی ئێمە، تەنانەت هیچ یەکێك لە خانەکان سێ منداڵ کە دایك و باوکیان جیا بوونەتەوە هێنابوویان شەوێك یەکێك لەو منداڵانە کە تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو ویستبووی دەست درێژی بکاتە سەر یەکێك لە منداڵە بچووکەکان، پێی زانرابوو تا یەك حەفتە منداڵەکەمان هەر نانی نەخوارد، بۆیە جیامانکردنەوە کە ئەوانە هەر لە بینایەکی تایبەتیشدابن بۆ ئەوەی تێکەڵیان نەبێت، وە توێژەری کۆمەڵایەتیمان لەگەڵیاندایە بۆ چاکردنی، دیارە ئەوانەش بەهۆی توند و تیژی لە خێزانەکانیان تووشی ئەو بارە دەروونیە خراپانە بوون، لە دهۆك سفر بۆ چوارمان هەیە، کوڕان تا تەمەنی دوانزە ساڵمان هەیە، کچانمان منداڵی پەرتەوازەمان هەیە، گەرمیان کچان و کوڕانمان هەیە، لە ڕیپۆرتەکە هەمووی بە ژمارە چەند کوڕ و چەند کچن هەن تەمەنیان جیاکراوەتەوە، ئەگەر ویستان بیبەرن ئەوە دەتوانن لە لیژنەی پەیوەندیدار وەربگرن، بێجگەلەوەی پرۆژەی گەڕانەوەی ناو خێزانمان هەیە، ئەو منداڵانەی کە دەیانگێڕینەوە لای دایك و باوکیان یان لای مامیان یان کەسە نزیکەکانیان، ئەمانە لە هەولێر شەست و حەوت کوڕمان هەیە، شەست و دوو کچمان هەیە لە ناو خێزانەکانیاندان براونەتەوە، لە سلێمانی کوڕی دوانزە بۆ هەژدە ساڵ بیست و سێمان هەیە، کوڕی چوار بۆ دوانزە ساڵ نۆزدەمان هەیە، یەك ساوامان هەیە، بیست و پێنج کچمان هەیە، لە دهۆك پەنجا و هەشت کوڕ و شەست کچمان هەیە، ئێمە مانگانە چل و پێنج هەزار دیناریان پێدەدەین وەك پارەی گیرفان ساڵی دووجاریش جل و بەرگیان بۆ دەکڕین، جگەلەوە ئێمە خێزانی جێگرەوەمان هەیە کە ئێستا لە سلێمانی چۆتە بواری جێ بەجێکردن، وە ئێستا بە هاوکاری ڕێکخراوی یونسێف و ستێفی بەریتانی خەریکین، لە هەولێر و دهۆکیش ئەم سیستەمە کە سیستەمەکە لە ئەنجوومەنی وەزیران پەسەندکراوە بەرینە ڕێووە، ئێمە هێڵی گەرممان هەیە (١١٦) لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك، ئەم هێڵە بە بەردەوامی شکوای ئەو منداڵانە وەردەگرێت کە توند و تیژیان بەرامبەر دەکرێت، یەکسەر تووێژەری کۆمەڵایەتی ئێمە دەچێت بە هانایانەوە کێشەکانیان چارەسەر دەکەن، ئێمە شۆڵتەرەکان لەگەڵ دایکەکان منداڵمان هەیە ئەویش جیامانکردوونەتەوە لە سلێمانی چەندمان هەیە، لە هەولێر و دهۆك لە تەمەنەکانی رەگەزەکانیان جیامانکردوونەتەوە، دیارە ئەمانە ئێمە زۆر هەوڵمانداوە کە هەندێکیان بگێڕینەوە بۆ ناو خانەکانی خۆمان، بەڵام دوو کێشەمان هەیە، یەکەکێیان ئەمانە ترسیان لەسەرە ترسی رفاندن، ترسی کوشتن، کێشەیەکیان تریان ئەوەیە ئەم بابەتە پرسی شەخسیە ئەگەر دایکەکە رازی نەبێت ئێمە ناتوانین منداڵەکەی لێبسێنین بیبەینە

شێڵتەرەکانمان، هەروەها لە چاکسازیەکانیش بە هەمان شێوە لە هەر سێ چاکسازیەکە دایکەکان منداڵیان لەگەڵە، وە جیامانکردۆتەوە، دەتوانن ئامار و تەمەنەکان و رەگەزەکانیان ببینن، ئەوەی کە زۆرترین منداڵی لەگەڵە لە هەولێرە بەداخەوە، ئێمە هاتووین لە رێی رێکخراوی یونسێفەوە چەند ژوورێکمان بۆ دروستکردوون بۆ منداڵەکان، بۆ ئەوەی هەندێك لە سەعاتەکانی ژیانیان لێرە فێرە خوێندەواری بن، یەعنی لەگەڵیان بین بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان بۆ ئەوەی بیست و چوار سەعات لە زینداندا لەگەڵ دایکەکانیاندا نەبن، ئێمە هەر بۆ زانیاری لە خانەی بە ساڵاچووانمان هەیە، تەبعەن ئێمە لە گەرمیانیش منداڵمان هەیە کوڕ و کچ ئەویش لە رپۆرتەکەمان ئاماژەمان پێکردووە، لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك و گەرمیان خانەی بە ساڵاچوو و پەککەوتەمان هەیە، ئێمە داینگەکان دوو جۆر داینگەمان هەیە، دینگەی حکومی هەیە لەگەڵ داینگەی ئەهلی، حکومیەکان لە هەولێر سێ داینگەمان هەیە، لە سلێمانی یانزەمان هەیە، لە دهۆك سێمان هەیە، لە گەرمیان سێمان هەیە، ئەمانە لەلایەن ئێمەوە بەڕێوە دەبرێن و سەرپەرشتی دەکرێن، لەگەڵ داینگە ئەهلیەکان کەئەمانە لەلای ئێمە مۆڵەت وەردەگرن، لەهەموو بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی بەشی داینگەکان هەیە، سەرپەرشتیار دەکەن وچاودێریان دەکەن، وە ئەمانەش نرخەکانیان جیاوازی هەیە، لە سلێمانی رێکمانخستوون، نایەڵین هیچ داینگەیەك یەك داینگە نەبێت لە سیستەمان بۆ کردوون، لەبەر ئەوەی خوێندنەکەیان زۆر تایبەتە، هیچ داینگەیەك نەمان هێشتووە لە (١٢٠) هەزار زیاتر وەربگرن، بەڵام لە ناو شاری هەولێر داینگە هەیە حەوت سەد دۆلار وەردەگرێت، ئەویش بەڕێوەبەرایەتیەکانمان راسپاردووە کە پێداچوونەوە بکەن و خەملاندنی تازەمان بۆ بکەن، نرخەکان هەمووی وەك یەك لێبکەن، سەنتەری ئۆتیزم، ئێمە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك سێ سەنتەری ئۆتیزممان هەیە، لە سلێمانی و دهۆك دوو سەنتەری زۆر پێشکەوتووی زۆر رێك و پێك و ئەوانەیە، ئەوەی هەولێرمان خراپ بوو، بە هەوڵی کۆمەڵێك خێرخواز و رێکخراو و ئەوانە شەست ملیۆن دینارمان پەیداکرد نۆژەنمانکردۆتەوە، لە کۆیێ سەنتەرێکی زۆر خراپمان هەیە هەشت منداڵی هەیە، سەنتەری ئۆتیزمی ئەهلی ئەمیش مۆڵەتەکانیان لە ئێمە وەردەگرن، ئێوە نەتان بیستووە منداڵی کەم ئەندام، نووسیووتانە منداڵ دواتر کەم ئەندام، یەعنی جیاتانکردۆتەوە، من بانگهێشتەکەم لایە، سەنتەری ئۆتیزم ئەهلیەکانیش لە ئێمە مۆڵەت وەردەگرن، بەڵام لە کابینەی پێشوو بەداخەوە وەزارەتی تەندروستیش مۆڵەتی داوە، ئێمە ئێستا داوامان لە وەزارەتی تەندروستیکردووە کە نابێت ئەوان مۆڵەت بدەن، چونکە ئێمە لیژنەی باڵامان هەیە سەرپەرشتیان دەکەن، ئەم سەنتەرانە بە هەمان شێوە وەکو مامۆستا عمر باسیکردووە ئەمە دەچێتە بابی کەم ئەندامیشەوە، هەندێکیان پارەی زۆر وەردەگرن، هەمان هەزار دۆلار وەردگرێت لە دهۆك ئەویش لیژنەمان پێکهێناوە بە پێداچوونەوە بە نرخەکانیان، ئێمە کۆمەڵێك سەنتەری ترمان هەیە کە ئەم سەنتەرانە هاوینان چالاکی تێدا ئەنجام دەدرێت لە زۆربەی شار و قەزاکان هەمانە ئەویشمان بە ئامار و هەموو شوێنەکانمان دەست نیشانکردووە، ئەگەر بێینە سەر راپۆرتەکاتەکان پێش ئەوەی بێمە سەر پرسیارەکانی ئێوە من دەمەوێت لە راپۆرتەکەی خۆمان پێتان بڵێم کە ئەوەی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیە هەشتا و هەشت هەزار و سەد و بیست و دوو کەس پارەی کەم ئەندامی وەردەگرێت، دوانزە هەزار و سەد وحەفتا و نۆیان مووچەیەکیان هەیە کە سەد هەزار

وەردەگرن، ئەوانی تر کە هیچ مووچەیەکیان نیە حەفتا و پێنج هەزار و نۆ سەد و چل و سێ کەسن، بەڵام بە داخەوە ئێمە لەم یاسای چاکسازییە دەستمانکردووە بە پێداچوونەوە بە دۆسیەکانیان، لە شاری سلێمانی کۆمەڵێك دۆسیەم بۆ هاتووە کە هەر دۆسیەیان نییە، نازانم بە چ بڕیارێك مووچەی هەیە، کەم ئەندام تێدایە یەك پەنجەی قاچی نییە مووچەی هەیە، لە سەدا حەفتایان بۆ نووسیووە، تێیدایە لە سەر ئەژنۆیەوە نییەتی لە سەدا پەنجایان بۆ داناوە مووچەی نییە، ژمارەیەکی زۆریان مووچەیەکی تریان هەیە بەس سەد و پەنجا هەزاریان وەرگرتووە، کۆمەڵێك کەم و کورتی خەلەل هەیە، کۆمەڵێکی زۆر هەیە کە کۆچی دواییانکردووە نەسڕدراونەتەوە، کەس و کارەکانیان وەریگرتووە، کۆمەڵێك چۆتە هەندەران، جگەلە دهۆك کارەکانیان زۆر بە مەزبووتی کردووە، ئەم خەلەلانە لە هەموو شوێنەکانمان هەیە بەس ئەوەی تەواویانکردووە سلێمانی گەیشتۆتە لام، ئێستا ئێمە دەستمانکردووە بە پڕۆسەیەك کە بە هەموو دۆسیەکاندا بچنەوە، وە تەبعەن پێشتر پێیانگووتراوە کە بەدواداچوون بکەن بۆ ئەوەی ساڵانە بزانین کەم ئەندام ماوە یان نەمردووە، چەند ساڵێکە نەیانکردووە، پێش هاتنی منیش بە دوو سێ ساڵ نەیانکردووە، ئێستا ئێمە خەریکی ئەوەین کە بۆ هەموو کەم ئەندامێك دۆسیەی تایبەت بکەین، بۆ هەموو کەم ئەندامێك ساڵانە کە بەپێی یاساکەی خۆشیان هەیە ناسنامەیان بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی بزانین ئەم کەسە ماوە لەباتی بەرحیاتی، چونکە بەرحیاتی پڕۆسەیەکە زۆر ئەزیەتیان هەیە، وە کەم ئەندام ئەگەر هەویەکەی پێ بێت کۆمەڵێك ماف و ئیمتیازیش سوودمەند دەبێت، جگەلەوەی کە رێکخراوی یونسێف کە ئێستا داتا بەیسێکمان بۆ دروست دەکات تەواوبووە بەس لە قۆناغی بلێی تاقیکردنەوەدایە، بۆ هەموو تۆڕ و پاراستنی کۆمەڵایەتیەکانمان بۆ ئەوەی هەر زانیاریەك هەبێت تایبەت بە کەم ئەندام لێرە خەزن بێت و بەستێتەوە بە وەزارەتیش ئاگامان لە هەموو زانیاری و کووژانەوەی کەم ئەندام و ئەوانە هەبێت، جگەلەوەی کە ئێمە لە مەسەلەی کەم ئەندام ئێمە ئەوانە کە مووچەیان هەیە کۆمەڵێك کێشەمان هەیە، هەمانە لە دەرەوەی هەرێم مووچەی هەیە، بەس لای ئێمە سەد هەزارەکەی بۆ کراوە، بەپێی یاسای چاکسازی ناتوانێت بیکەینە دەرماڵە، هەمانە کە خانەنشین دەبێت ئێمە بڕیارەکە دەرمانکردووە کە خانەنشین دەبێت، بەڵام وەزارەتی دارایی ئێستا تەعنیکردووە دەڵێت خانەنشین لەبەر ئەوەی بەپێی یاسای خانەشینی گشتی دەرماڵەی نامێنێت ناتوانین ئەم دەرماڵەیەی بۆ خەرج بکەین، دەبێت یاساکە هەموار بکەنەوە، جگەلەوەی کۆمەڵێك خەڵك هەن خۆیان میراتگری خانەشینن ئەم سەد هەزارەیان هەبوو ئەویش کێشەیەکی ترمانە کە دەبێت یان یاساکە هەموار بکەینەوە یان چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە، ئەمانە کۆمەڵێك کێشەن کە لەوەی ئێمە نەمانتوانیووە تاوەکو ئێستا بیکەنە دەرماڵە، ئێمە بۆ مەسەلەی کەم ئەندام جگەلە لەمە کە لە راپۆرتەکەی مامۆستا عمریش ئاماژەی پێکراوە ئێمە لە ئەنجوومەنی شیاندنی کەم ئەندامانمان هەیە، کە من چوومە وەزارەت دەمێك بوو ئەم ئەنجوومەنە هەڵوەشابوو کۆبوونەوەیان نەکردبوو، دروستمانکردەوە، لەوێ کۆمەڵێك بڕیارماندا لەوانە یەکێکیان ئەوەیە کە بە نووسراوە هەموو جارێك داوا لە وەزارەتی بکەن، تەبعەن ئێمە پێمانداون بە وەزارەتی تەندروستی کە بیکەنە بڕیار، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا هەر کەم ئەندامێك پێویستی بە پشکنین هەبێت بە سوپاسەوە بینێرینە وەزارەتی تەندروستی لە هەموو نەخۆشخانە

حكومیەکـان هەمـوو چارەسـەرێك و هەمـوو پشـکنینێك و هەمـوو دەرمـانێکی بە خـۆڕاییە و هاوکاریشیان دەکەن بۆ کەمکردنەوەی لە نەخۆشـخانە ئەهلیەکـان، ئەمە بـۆ وەزارەتـی خوێنـدنی باڵاش داوامان لێکردوون کە بیکەنە بڕیـار، بەڵام تـاوەکو ئەو کـاتەی دەکـرێتە بڕیـار ئـێمە چـونکە هەر دەتوانین پێشنیاریان بۆ بکەین ئێمە ساڵی پـار و ئەم سـاڵ هەر خوێنـدکارێکمان ناردبێـت بـۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا بە سوپاسـەوە لە پاراڵێـل بەخشـیویانن، ئەمە بـۆ وەزارەتـی پەروەردەش وایە، بۆ پەیمانگاکانیان کە بە پارەیە، یان داشکاندنیان بۆ کردوون یـان پارەیـان لێوەرنەگرتـوون، جـگەلەوەی ئـێمە لە وەزارەتـی خۆمـان بەپێـی بڕیـاری ئەنجـوومەنی شـیاندنی کەم ئەنـدامان سـەعاتێك بـۆ هەمـوو کەم ئەنـدامێکی وەزارەتـی خۆمـان سـەعاتێکمان کەمکـردۆتەوە، هەروەهـا ئیمە داوامانکردووە لە وەزارەتی شارەوانی کە ئەمەش یەکێکە بۆ وەڵامەکانی راپۆرتەکەی بەڕێـز مامۆسـتا عمـر، هەر لە ئەنجـوومەنی شـیاندن بڕیارمانـداوە دیـارە پێشـتر سـزایەکی کەمـی ئەم کۆمەڵگای نیشتەجێبوونانە دراوە، کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبوون خۆتان دەزانن مەلایین دۆلاریـان قازانجکردووە لەسەر حیسابی ئەم هەرێمە، هەمووتان دەزانـن هەموویـان بـوونەتە دەوڵەمەنـدی گەورە گەورە لە هیچەوە، زۆر ئاساییە بەلایانەوە کە رێنماییەك جێ بەجێ نـاکەن بـۆ کەم ئەنـدام پێـنج ملیـۆن غەرامە دانـراوە بـۆ ئەو هیچـی تێناچێـت کە ملایـن دۆلاری قـازانجکردووە، بەڵام داوامـان لە وەزارەتـی شـارەوانیکردووە بـۆ ئاینـدە پێویسـتە هەمـوو ئەو کۆمەڵگایـانە هەمـوو مەرجێکیـان تێـدابێت دواتـر مۆڵەتیـان بـدرێتێ، ئێسـتا یاسـای وەبەرهێنـان تەبـعەن ئەوەی لە راپـۆرتەکە باسـکراوە وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە ئەو مـۆڵەت ئەو شـتانە دەدەن کە پەیوەنـدی بە وەزارەتــی ئــاوادانکردنەوە نــیە، پەیوەنــدی بە دەســتەی وەبەرهێنــانەوە هەیە، بــۆ دەســتەی وەبەرهێنـان ئـێمە نووسـراوەمانکردووە، بـۆ وەزارەتـی شـارەوانی مـان کـردووە، هەورەهـا ئێسـتا یاسای وەبەرهێنان خەریکی گفتوگۆین لە ئەنجوومەنی وەزیران یەکێك لە مەرجەکانمـان ئەوەیە دەبێت هەموو ئەوانەی کە مۆڵەتیان پێدەدرێت لەلایەن دەسـتەی وەبەرهێنـانەوە مەسـەلەی کەم ئەنـدامی لەبەر چـاو بگیرێـت، ئـێمە بـابەتێکی ترمـان هەیە بـۆ کەم ئەنـدامان مەسـەلەی مـۆڵەتی بەخێوکەرە ئەوەی لە راپـۆرتەکەی بەڕێـز مامۆسـتا عمـریش تێیـدایە، بەداخەوە پێشـتر گەنـدەڵی زۆری تێـداکراوە، ئـێمە ئێسـتا هەر لیژنەیەکـی باڵامـان لە وەزارەت دروسـتکردووە، لە هەمـوو بەڕێوەبەرایەتیەکــانیش لیــژنە هەبــووە، بەڵام کارامــانکردوون، وە ئێســتا هەر منــداڵێك هەر خێزانێك داوای مۆڵەت بکات بۆ منـداڵەکەی دەبێـت منداڵەکەی بێنێـت لیـژنەکەی ئـێمە ببینێـت، من چەند حاڵەتێکتان پێدەڵێم یەکێك لەوانە لە سلێمانیەوە هاتبوو راپـۆرتی پزیشـکی بـۆ کرابـوو بەڕێــوەبەرایەتی بــۆ بەرزکردبــووەوە و مــوەزەفی خۆشــمان بــوو چــوار ســاڵ بــوو مــۆڵەتی بەخێوکەری پێدرابوو نووسیبووی منداڵەکە بیری کۆڵی تەواوە، خۆتـان دەزانـن منـداڵی بیـر کـۆڵ یەعنی هۆشی لە دەستداوە، کە منداڵەکەیان هێنا دواتر مۆڵەتەکەیان بـۆ کردبـوو راپۆرتەمـان بـۆ هات لە یەکێك لە خوێندنگا نموونەییەکانە لە سلێمانی هەمـوو سـاڵێك یەکەمە بۆشـی کرابـوو، لە هەولێر یەکێك کراوە لە سەدا سەد ئۆتیزمە هاتووە بە سێ زمـان قسـە دەکـات لە خوێنـدنگایەکی نێودەوڵەتی دەخوێنێت زۆر زیرەکیشە، یەکێکی تریان بۆیان نووسیووە کە هەموویان چوار ساڵ پێنج ساڵن هەر مۆڵەتیان وەرگرتـووە، دەڵێـت هەردوو چـاوی نـا بینـایە کە هێناویـانە نەك نـا بینـا نییە هەردوو چاوی شەش لەسەر شەشە، بەداخەوە فەرمـانبەری خۆشـمانبووە، ئەمـانە هەمـووی

لێپێچینەوەی بۆ کراوە، راستە فشارمان لەسەرە بەڕێوەبەرایەتیەکان کتاب دەکەن لەگەڵ خۆیانی دەکەن، بەڵام ئێمە زەحمەت دەکەین، تەداخولی زۆر هەیە لە دەرەوەی وەزارەت کە بیڕوێنین، بەڵام ئێمە ناچینە ژێر هیچ فشارێك پێیدا دەچینەوە، دێمە سەر راپۆرتەکە ئێمە بێجگەلەوە پەیمانگاکانمان هەیە، بۆ ئەوەی ئێمە لە هەموو شارەکان چەند پەیمانگایەکمان هەیە هی نا بینا نا بییست بیر کۆڵ، ئەوە لە راپۆرتەکە هەمووی ئاماژەی پێکراوە، ئەوانەی کە نا بینان و نا بیستن دواتر دەچنە ئامادەییەکانی وەزارەتی پەروەردە، چەند نا بینایەکمان هەیە ئێستا دکتۆرایان هەیە، ئەوەش لە راپۆرتەکە هەموویمان نووسیووە لە کوێ پەیمانگامان هەیە، چەند منداڵمان هەیە، وە لە چ رەگەز و تەمەنێکن دەتوانن دوایی وەریبگرن، بۆ مەسەلەی چارەسەر لە راپۆرتەکە باسمکرد، بەڵام زۆر باشە ئەگەر ئێوە وەکو پەرلەمان داوا لە وەزارەتی تەندروستی بکەن بیکەنە بڕیار، نەك ئێمە کەم ئەندامەکە بێتە لای ئێمە بۆ ئێوە نووسراو بکەین، راستە دکتۆر سامان بە سوپاسەوە هیچ نووسراوێکی ئێمەی رەت نەکردۆتەوە، بەڵام ئەگەر یەکسەر راستەوخۆ لەگەڵ ئەوان بێت بۆ کەم ئەندامەکە کار ئاسانی ترە، پەیمانگاکان ئێمە ئێستا دەواممان هەیە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە رامان نەگرتوون، چونکە ژمارەکانمان کەمە، وە ئەم منداڵانە بەردەوام دەبن لە خوێندن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، بەڵام کێشەکەی ئێمە ئەوەیە لە قەزاکانی ناتوانین ئەم پەیمانگایە بکەینەوە، دەبێت لەوێ وەزارەتی پەروەردە منداڵە کەم ئەندامەکان وەربگرن لەلای خۆیان، مامۆستای تایبەتیان بۆ دابنێن، ئێمە چەند جارێك دانیشتمان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کردووە و ئەم بابەتەمان لەگەڵ باسکردوون، بەڵام ئەوانیش کێشەی ستافیان هەیە، ئەگەر ئێوە وەکو پەرلەمان داوا بکەن هاوکاری وەزارەتی پەروەردە بکەن کە ژمارەیەك مامۆستا کە پەروەردەی تایبەتیان ئەگەر بە گرێبەست یان بە وانە بێژ وەربگیرێن لە قەزا و ناحیەکان دابین بکەن بۆ ئەو منداڵانەی کە مەسەلەن نا بینایەکە لە پۆلێکەدایە مامۆستایەکی دەبێت لەگەڵدا بێت لە پۆلەکە، چونکە نا بینێت، ئەگەر نابیستێك هەبێت دەبێت مامۆستایەکی لەگەل بێت بە زمانی ئاماژە ئەوەی مامۆستا شەرحی دەکات دەبێت بۆ شەرح بکاتەوە، ئەمە پێویستی بە ئیمکانیەتێك هەیە کە وەزارەتی پەروەردە ئێستا لەبەر دەستیاندا نیە، مەسەلەی ئەوەی کە مانگانە مووچەی کەم ئەندام بدرێت، ئێمە خۆتان دەزانن لە کابینەکانی پێشوو کە پاشەکەوتی مووچەکراوە بەداخەوە، کەم ئەندام پاشەکەوتیان بۆ کردوون، سەد و پەنجا هەزاری هەبووە حەفتا هەزاریان داوەتێ، بەڵام لە لێبڕین ئێمە نەمان هێشت لێبڕینیان لێبکرێت، پارەکە ئەوەندە کەمە سەد و پەنجا هەزار ناکرێت لێبڕینی لێبکرێت، بۆیە راستە کە مووچەکانیان دواکەوتووە، بەڵام دەستەکەوتیان هەبووە بۆ ئێمە کە نەمانهێشتووە لێبڕینی بیانگرێتەوە، تۆماری نوێ، دیارە مامۆستا عمر باش دەزانێت کە تۆماری نوی کە لە دەسەڵاتی وەزارەتی کار نیە لە دەسەڵاتی وەزارەتی داراییش نیە، ئەمە پێویستی بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، لەبەر ئەوەی ئەمانە وەك دامەزراندنی تازە وایە، لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە یەك کەم ئەندام تۆمار نەکراوە، من کە هاتووم سی هەزار فایلم لایە کە کەم ئەندامی نوێ دەبێت تۆمار بکرێن، ئەمە نە بە بڕیاری وەزارەتی دارایی دەکرێت و نە بە بڕیاری وەزارەتی کار دەکرێت، دەوری پازدە هەزار راگیراوبوو کە شایەنی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دەسەڵاتی خۆمان و وەزارەتی دارایی بوو بەرەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران توانیمان ئەوانە ببەستینەوە، بەڵام

تۆمـاری تـازە پێویسـتی بە کۆمەڵێـك ڕێکـار هەیە، ئـێمە هەر لە سـەرەتاوە ڕاپۆرتێکمـان دا بە ئەنجوومەنی وەزیران کە دەستکەین بە تۆماری تـازە لیژنەیەکـی باڵایـان دروسـتکرد، لە بەڕێـزان وەزیری تەندروستی، وەزیری دارایی، بەڕێـز سـەرۆکی فەرمـانگەی هەمـاهەنگی بەدواداچـوون و وەزیـری کـار، ئـێمە چەنـد کۆبوونەوەیەکمـان کـرد چەنـد لیژنەیەکـی لاوەکیمـان دروسـتکرد ڕاپۆرتێکمان کە ئامادەکرد بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەرێنییە، کە دەست پێبکەیـنەوە بە تۆمـاری تـازە، بەڵام مـانگی سـێ ڕاپۆرتەکەمـان ئاراسـتەی ئەنجـوومەنی وەزیـران کـردەوەو کۆڕۆنـای بەسـەردا هـات و قەیرانـی دارایـی دروسـت بـوو نەتـوانرا ببەسـترێت، ئێسـتا دوای ئەوەی کە ڕێککەوتن کراوە بەو ئومێدەی کە باری دارایی زۆر باش بێت، ئێمە جارێکی تر داوامان کـردۆتەوە لە سکرتارییەتی ئەنجوومەن لەگەڵ سـەرۆکی دیـوان کە ئەم داوایەی ئـێمە ئەم ڕاپۆرتـانەی ئـێمە بخەنە بەردەمی ئەنجـوومەن، بـۆ ئەوەی تۆمـاری تـازە دەست پێـبکەین، ئێسـتا سـەرۆکی دیـوان نووسـراوێکی بـۆ ئـێمە کـردووە ئەڵـێ، پێمـان بڵـێن لە (٢٠١٣)، هەتـاکو ئێسـتا چەنـد کەمئەنـدام سـڕدراوەتەوە، بـۆ ئەوەی بـزانین پـارەکە چەنـدە، وە کۆبـوونەوەیەکی هـاوبەش بکەیـن لەگەڵ وەزارەتی دارایی، بۆ ئەوەی بزانین ئەتوانێ تا چەند تەئمینمـان بکـات، بـۆ ئەوەی ئەگەر هەر سـێ هەزارەکەش تۆمـــارنەکەین ســـەرەتا ئەوانەی کە لە ١٠٠% ی ئـــۆتیزم و شـــەلەل دەماغەکـــان تۆماربکەین، ئەوەیە لە ئێسـتا خەریکـی کـۆکردنەوەی زانیارییەکـانین بـزانین لە (٢٠١٣)، تـا ئێسـتا چەند کەمئەندام سڕدراوەتەوە.

- بۆ مەسەلەی ڕێکخستنی کۆمەك، مامۆستا عمر، خۆی باش دەزانێـت هەمـوو ئەو خێرخـوازانەی کە دێـن پـارە نـاهێنن بـۆ خانەکـانی ئـێمە، ڕاسـتە واجـب بـوو کە، لە کـابینەی پێشـتریش ئەم سندووقە دروست بکرایە واجبی ئێمەش بـوو دروسـتی کەیـن دروست نەکـراوە، بەڵام دواجـار ئەوانەی کە دێن کۆمەك ئەبەخشن بە خانەکان پارە نایەن، ئەڵـێ خـۆم ئەچـم خـواردن ئەهێـنم، بەتانی ئەهێنم، جل و بەرگ ئەهێنم، پێڵاو ئەهێـنم، بەڵام بەتەسـەوەڕی مـن ئەگەر سـندووقەکە دروست بکرێت، وە نوێنەری خەڵکی خێرخواز و خاوەن کۆمپانیاکـانی تیابێـت، ئەمە هانـدانێك ئەبێـت بـۆ ئەوەی کە پـارەش بەن بە سـندووقەکە، چـونکە خۆتـان ئەزانـن کە مەسـەلەی پـارە هەستیارە، بۆیە ئێمە ئێستا لیـژنەی یاسـایمان ڕاسـپاردوو، کە بابەتێـك ئامـادە بکـات ئاراسـتەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەین، بۆ دروستکردنی سندووقەکە.
- تایبەت بە بەخشینی کەمئەنـدامان، ئەوەی وەزارەتـی تەندروسـتی ئەوە ئێـوە ئەتـوانن داوایـان لێبکەن چاودێری بکەن بـۆ ئەوەی جێبەجـێ بـکەن، بەڵام پرۆژەیەکـی تـر هەیە کە (UNFPA)، ساڵی پار لە هەولێر جێبەجێ کردووە، لە پێـنج سـەنتەر خـاوەن پێداویسـتی تـایبەنی بینیـوە و چارەسەریشی بۆ کـردوون و دەرمانیشـی بێبەرامـبەر داونەتـێ، ئەم سـاڵ لە سـلێمانی، هەولێـر، دهۆك، هەڵەبـجە، گەرمیـان، ڕاپەڕیـن، ئەم پـرۆژەیە ئەچێـتە بـواری جێبەجـێ کـردنەوە خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت، لە چەنـد سـەنتەرێك چارەسـەر ئەکـرێن بەبـێ بەرامـبەر و دەرمانیشـیان ئەدرێتێ.
- تایبەت بە ئۆتیزم، دیارە ئـێمە وەکـو باسـمکرد دوو سـەنتەری باشـمان هەیە، ئەوەی سـلێمانی و هەولێر، بەڵام کێشەی ستافمان هەبووە لە سلێمانی، کە بە بەردەوامی کێشەی ئەوەیان هەبـووە کە ستافەکەیان کەمە، پێشتر سـی (٣٠)، فەرمانبەریـان دانـاوەو پارەیـان لە سـندووق داونەتـێ،

بەڵام لە دروست بوونی قەیرانی داراییەوە لەبەر ئەوەی کۆمەك کەم بۆتەوە، ئەو پارەیەش بڕابوو، ئێمە وەك وەزارەت هەوڵماندا پارەیەکمان دابینکردووە کە لەم ساڵە لەو پارەیە پارەی ستافەکە بدەین، تایبەت بە ئۆتیزم، بەڕێز سەرۆکی حکومەت پێنج پرسیاری ئاراستەی وەزارەتی کار کرد، داوای لێکردین وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە، کە چۆن ئەتوانن هاوکاری منالی ئۆتیزم بن، ئێمە پرسیارەکانمان وەڵام داوەتەوە کە چیمان پێویستە، لە هەمووی گرینگتر مەسەلەی ستافە داوامان کردووە، بەڵام هێشتا ڕەزامەندیمان وەرنەگرتووە ڕاپۆرتەکە لەبەر دەستی بەڕێزیان دایە.

- مۆڵەتی بەخێوکارم باسکرد.
- مەسەلەی نیشتەجێ بوونیشم باسکرد، بەڵام مەسەلەی ئەو کۆمەڵگای نیشتەجێ بوونانە پەیوەندی بە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە نییە، پەیوەندی بە دەستەی وەبەرهێنانەوە هەیە بۆ ئەوەش کارمان لەسەر ئەوە کردوە، ئەگەر یاساکەش هاتە ئێرە، ئێوە ئەتوانن پێداگری زیاتر بکەن لەکاتی پەسەندکردنی یاساکەیا.
- بۆ مەسەلەی دانانی ڕێژەیەك بۆ کەمئەندام لە پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت، ئێمە ناتوانین بەبێ سەنەدێکی قانوونی فەرزی بکەین بەسەر هیچ خاوەن کارێکا، کە کەمئەندام دابنێت، بەڵام ئێمە یاسای کارمان ئامادەکردووە، لە یاسای کار هەروەکو چۆن لە یاسای کەمئەیندامان ڕێژەیەك دانراوە بۆ ئەوەی لە کەرتی گشتی کەمئەندام دابمەزرێت، لەوێش ڕێژەیەکمان داناوە، یاسای کار لە ئەنجوومەنی شورا دەرچووە لەبەردەمی لیژنەی یاسایی ئەنجوومەنی وەزیرانایە هەرکاتێك ڕەوانەی پەرلەمان کرا، ئێوە داکۆکی زۆر لەو بڕگەیەی ئێمە بکەن، کە ئەبێت هەموو پڕۆژەیەکی کەرتی تایبەت ڕێژەیەك دەستنیشان بکات بۆ خاوەنپێداویستی تایبەت لەسەر ئەوەی، کە ئێمە بۆمان دەستنیشان کردوون.
- نرخی ئۆتیزمی ئەهلیم باسکرد، پەیمانگاکانم باسکرد.
- مەسەلەی ڕاهێنانەکان، بەڵێ وایە ستافمان کەمە شوێنمان کەمە.
- سەبارەت بە هۆشیارکردنەوە، ئێمە وەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بۆ کرد، ئێوە هەموارێکتان ئامادە کردووە، ئێمەش هەموارێکمان لە ئەنجوومەنی وەزیران دەنگمان لەسەر داوە حەفتەی پێشوو، لەم چەند ڕۆژەیا دێتە بەردەستتان، ئەم بابەتانەمان تیا باسکردووە، کە یەکێك لە ماددەکان کە تیایا جێگیرکراوە، ئەوەیە کە ئەبێت هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی دروست بکرێت لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە لەسەر کەمئەندام.
- هەروەها تایبەت بە وەرزش، دیارە ئێمە لە هەولێر هۆڵیشمان هەیە و گۆڕەپانی وەرزشیشمان هەیە، بۆ کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، لە سلێمانی و دهۆك نیمانە، هەورەها لەناو ئەو هەموارەیا تیایەتی کە ئەبێت حکومەت خۆی دورستی بکات، دووەم، داوا لە کەرتی تایبەت و ئەوانەش بکرێت کە هەر پڕۆژەیەکا ئەبێت ئەمە لەبەر چاو بگیرێت، بۆ مەسەلەی باڵەخانەکان بەهەمان شێوە لە هەموارەکەی ئێمی تیایەتی، من پێم وایە هەموو خاڵەکانم وەڵام دایەوە هەمواری یاساکەش لەم ڕۆژانە پێتان ئەگات هیوادارم بتوانین بەهەموو لایەکمان یاساکە بەشێوازێك هەموار بکەینەوە کە، لە خزمەتی کەمئەندامانـدا بێت هەموو خواست و داخوازییەکانیان جێگیر بکەین، وە بەشێوەیەك یاساکە هەموار بکەینەو، کە

کۆمەڵگا بەچـاوی بەزەیـیەوە سـەیری کەمئەنـدام نەکـات، بەچاوێـك سـەبری بکـات کە خەڵکـی کارایە، وەکو ئێمە، وە ئەتوانن وەرزش بکەن ئەتـوانن کـار بـکەن، ئەتـوانن ببـنە خـاوەنی یەکەی نیشتەجێ بوونی خۆیـان، هەتـا ئەو کـاتە ئەگـاتە دەسـتتان ئەتـوانن ئەوەی خۆتـان کـاری لەیەر بکەن، پێم وایە زەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان باسیکرد ڕاپۆرتەکەش ئامادەیە دڵنیام بەهەمـوو لایەکمان یاسـای هەمـوارێکی زۆربـاش پەسـەند دەکەن ئێـوە بە ئامـادەبوونی ئـێمە، کە هەمـوو کەمئەندامێك لەم هەرێمە دڵخۆش بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس بەڕێــز وەزیــری کــارو کاروبــاری کــۆمەڵایەتی، بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــان، هەرکەسـێك دوای ئەو ڕوونکـردنەوەیە پرسـیارێکی هەیە، لە ڕاپۆرتەکەیـا نەبـووە، یـان بەڕێـز وەزیـری کـارو کاروبـاری کـۆمەڵایەتی ڕوونکـردنەوەی لەسـەر نەداوە لە چوارچێـوەی ئەو یـانزە خــاڵەی کە، لەنــاو ڕاپــۆرتەکە هەیە بفەرمووێــت نــاوی خــۆی بنووســێت، بەڕێــزان ناوەکانتــان دەخوێنمەوە (حەسیبە خان، کاك نزار، کاك هیمداد، سارا خـان، کـاك مـلا ویـس، مامۆسـتا نجـات، دکتۆرە گلاویژ، گولیزار خان، خدیجە خان، ژیان خان، دکتۆر ڕێبوار، کاك ملا جیهاد، دکتۆر صباح، کاك بهجت، روپاك خان، کاك شەمۆڵ، کاك جلال، ڕۆژان خـان، گوڵسـتان خـان، کـاك سـەروان، کـاك جلال، کاك عثمان، کاك عباس، کاك ملا ناصر، کاك لقمان، دکتۆرە شایان، کـاك یاسـین، شـادی خـان، شیرین خان، لیلا خان، سلمە خان، کاك بەلێن، کاك مسلیم، مژدە خان، سـەر چنـار خـان، هلـز خـان، کاك سیروان، کاك دکتۆر اسماعیل، کاك کاوە، دکتـۆر شـێرکۆ، مامۆسـتا ابـو بکـر، دکتـۆر عوسـمان، بدریە خان) فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕیز سەرۆکی پەلەمان.**

مـن وەك ئەنـدامێکی لیـژنەی کاروبـاری کـۆمەڵایەتی و مـافی مـرۆڤ دەمەوێـت قسـە بـکەم رونکـردنەوەیەك بـدەم، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان وێـرای دەستخۆشـی بـۆ پەرلەمانتـار کـاك عمرگوڵپی سەبارەت بەو یاداشـتەی کە ئاڕاسـتەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کردبـوو بـۆ دانیشـتنێکی تـایبەت لەسـەر پرسـی کەم ئەنـدامان و خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت لە هەرێمـی کوردستان،،بەڵام دەمەوێت ئەوە راست بکەمەوە کە ئێمە پێشتر وەکـو لیـژنەی تایبەتمەنـد لە (٩) شوبات لەگەڵ تیمی راوێژکاری یاخود بڵین لەگەڵ سەنتەری تـوێژینەوە ی پەرلەمـانی کوردسـتان کارمان لەسـەر هەمـواری یاسـای ژمـارە (٢٢) سـاڵی ٢٠١١ کـردووە و بـۆ هەمـان مەبەسـتیش ئـێمە لیژنەی تایبەتمەند بەشداری چەندین وۆرك شۆپمانکردوە و لە ٢١- ١١ لەگەڵ ریکخراو جـودا لەسـەر هەمان قورس نوێنەری ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت کۆ بـووینەوەو، ئـێمە وەکـو لیـژنە چەندین بڕگەو ماددەی تایبەت لە ناو یاساکە پێشـنیازی هەموارکردنەوەمـان بـۆ کردبـوو کە کـۆی گشتی ئەو خاڵانەن کە لە راپۆرتەکەی کاك عمر ئاماژەی پێکراوە، بـۆیە دەسـت خۆشـی لـێ دەکەم و دەمەوێت بە خاوەن پێداویستی تایبەت را بگەیەنین کە ئـێمە وەکـو لیـژنەی داکۆکیکـار پێشـتر کارمان لەسـەر ئەو پرسـە کـردو دواجـاریش بە ئامـادەبونی بەرێزتـان لە دووشـەمەی رابـردوو بە ئامادەبوونی بەشی یاسایی وەزارەتی کارو کاروباری کـۆمەڵایەتی دوا کۆبوونەوەمـان ئەنجامـدا، بـۆ ئەوەی تەواوی سـەرنج و پێشـنیارەکان وەر بگـرین بـۆ ئەوەی هەموومـان پـێکەوە بتـوانین

یاسایەکی تۆکمەترو زیاتر لە خزمەت ئەو توێژە پڕ باخەی کۆمەڵگادا دروست بکەین، بە نسبەت دوا خاڵ کە لەناو راپۆرتەکەی کاك عمر دا هاتووە باس لە کێشەی رۆشنبیرو هۆشیاری گشتی هاووڵاتیان دەکات، بە داخەوە ئێمە کاتێك کە بەشداری ۆرك شۆپی تایبەتمانکرد تەنها ئێمە کێشەی کۆمەڵایەتی و کێشەی رۆشنبیری گشتیمان نییە، لەوە گرنگتر کە کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت پێوە دەناڵێنن کێشەی هۆشیاری خێزانە، کە بە داخەوە تاوەکو ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە دایکان و باوکان هاوکاری ئەوە نین کە منداڵەکانیان لە نێو سەنتەرەکانی تایبەت بنووسن ناو نووسیان بکەن، بۆ ئەوەی ئیمتیازاتی تایبەتیان پێ ببەخشرێت، دوا قسەی من بەرێز دکتۆرە ئێمە لە ناو لیژنەکە سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو بوو، کاتتان بۆ دەگرینەوە فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وتەی جەنابی وەزیر بەراستی چەند تێبینیەکمان لا دروست بوو، دەمەوێت بیخەمە بەردەم جەنابیان، باسی لە هێڵی گەرم کرد سەبارەت بە هێڵی گەرم ئایا ئەم هێڵی گەرمە یاخود ئەو کۆدە تەنها سەنتەری پارێزگاکان دەگرێتەوە ؟ یاخود ئەو ئەو گوندە دوورە دەستانە وەکو ناوچەو گوندوو قەزاو ناحیەکانیش دەگرێتەوە، خاڵێکی تر کە باسی کرد بەراستی ئەوە تێبینی ئێمەی پەرلەمانتارانیشە سەبارەت بە پاکردنەوەی لیستی کەم ئەندامان، بەڵێ بە دڵنیایەوە ئێمە هەمووومان دەزانین نا دادیەکی زۆر لە لیستی کەم ئەنداماندا هەیە، دەمەوێت بزانم جەنابیان تا ئێستا لەوەتەی دەست بەکار بوون چیان کردووە لە بۆ پاك کردنەوەی ئەم لیستە، خاڵێکی تر سەبارەت بەو شوێنە دوورە دەستانە وەکو گوندو شارو دێهاتە دوورەکان، ئێمە لامان روونە کە لە خاڵە سنوورییەکان ئەو گوندە دوورە دەستانە خەڵکێکی زۆر وەکو کەم ئەندام ماونەتەوە، ئەوانەی کە بەر مین کەوتوون ئەوانەی کە لە گوندە دوورە دەستەکان، یاخود پێشتر لە سنووری قەزای سۆران رێکخراوێکی ئۆرتۆبیك هەبوو بۆ هاوکاریکردنی کەم ئەندامان، لەوێ لە ئێستا دا وابزانم ئەو رێکخراوەش بە پێی پێویست نەماوە لە شوێنی خۆی، ئایا جەنابتان وەکو وەزارەت لە پلانتاندا چییە بۆ هاوکاریکردنی ئەو کەم ئەندامە دوورە دەستانە لە ناحیەو قەزاو گوندەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نەجات خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، تێبینییەك و بۆچوونەك و پرسیارەك بۆ بەڕێز وەزیرا کاروبارێ کۆمەڵایەتی، سەبارەت ب خاڵا دوویێ ماددێ ئێکێ ل راپۆرتا پێشنیارا کو تایبەتە ب لیستا هاوڵاتییێن خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ هندێ بێخنە سەر حکومەتا فیدراڵ، نوکە بودجێ ساڵا (٢٠٢١) ل عێراقێ یێ هاتییە پەسند کرن ئو نەشێن وان هاوکارییا بێخنە ناڤ بودجا عێراقێ ڤە، بەلێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ب بچاڤێ گرنگ و خەمخۆریی ڤە بەرێ خۆ ددەتە خاوەن

پێتڤیێن تایبەت و کار دکەت بۆ هندێ وان هاوکارییا ل بودجێ هەرێما کوردستانێ جێگیـر بـکەت و بۆ هندێ مافێ خودان پێتڤیێن تایبەت پاراستی بن، پرسیارەك ئەو ئافەرتێت هەڤژینێـت وان د ژیانێ دا نەمانە ئو بخۆ ژی چ کار نەبوون یەعنـی مـووچە نەبـوون ئـو د دونیـایێ دا نەمـاینە ئەو ئافرەتا نوکە چ ل بەر دەست نینە هەتا نوکە وەزارەتا کار و کاروبـارێ کـۆمەڵایەتی بـۆ چ کـرییە و زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە نیە فەرمووو کاك شەمۆڵ.

**بەرێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ئێستادا کەم ئەندامان دوو جۆر هاوکاری وەردەگرن وەك جەنـابی وەزیـریش باسـی کـرد هەنـــدێکیان (١٠٠) هەزار و هەندێکیشـــیان (١٥٠) هەزار وەردەگـــرن ئەوانەی کە (١٥٠) هەزار وەر دەگرن بەراستـی بە پێویستـی دەزانـین زیـاد بکـرێ چـونکە، ئەو (١٥٠) هەزارە پێداویستـی چەنـد رۆژێکیشـیان پـێ پـر نـاکرێتەوە و جـگە لەوانە بە پێویسـتی دەزانـم کەم ئەنـدام و خـاوەن پێداویستە تایبەتانەی کە تاوەکو ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردسـتانەوە ناویـان داخیـل نەکراوە کە لە ٢٠١٣ وە هیچ کەم ئەندامێك ناوی داخل نەکراوە و پێویستە ناویان داخیـل بکـرێ و شایستە داراییەکان وەربگرن و، جگە لەوانە بە پێویسـتی دەزانـین پـارەی چـاودێری خێـزان کـارا بکرێتەوە، چونکە کەسانێکی زۆر لێـی سـوودمەند دەبـن، کەسـانی بەسـاڵاچوو منـاڵانی بـێ سـەر پەرشت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەیانیش دانیشتنی پەرلەمانمـان دەبێـت سـەعات (١١) دەست پێ دەکەینەوە بەرنامەی کارەکەشی ئیعلان دەکرێ ئێستا، کاك جلال فەرموو.

**بەرێز جلال محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەرێز وەزیر دەکەین بۆ نێو هۆڵی پەرلەمان سـوپاس بـۆ ئامـادەبوونی، دیـارە ئەوەی کە من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، یەکەم سەبارەت بە رەخساندنی هەلی کار بۆ پێداویسـتییە تایبەتەکان کە ئەمە بابەتێکی گرنگە بە تایبەتی با بڵێین لە کەرتی تایبەتـدا و دەبـێ رەچـاوی ئەوە بکـرێ بە رێـژەی لە (٥%) لە خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتییەکـان و هەلـی کاریـان لە کۆمپانیـا ئەهلیەکان لە کەرتی تایبەت بۆ بکرێت، بۆ نمونە کۆمپانیای دانا غاز لە سنووری گەرمیان زیـاتر لە (٣٠) هەزار کارمەنـدی هەیە، تەنـانەت یەك کارمەنـدیش لەو (٣٠) هەزارە خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت نـین، داواکـارم لەگەڵ ئەو کۆمپانیایـانە ئەوە بکـرێ کە بەشـێکی خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتەکـان لەوێ دا بـمەزرێ، خـاڵێکی تـرم ئەوەی کە گـرنگە سـەبارەت بە رێـژەی کەم ئەنـدامی پێمـان وایە رێـژەی کەم ئەنـدامی ئەوەی کە ئێسـتا لە تەعلیمـاتی ژمـارە (٢) سـاڵی (٢٠١٦) هەیە جۆرێـك لە نـا جـۆری تێـدایە، ئەگەر ئەو تەعلیمـاتە بگـۆڕدرێ رێـژەکە گۆڕانکـاری بەسـەر دابـێ بە جۆرێـك ئەوانەی کە فەرمـانبەری دەوڵەتـن بتـوانن موسـتەفید بـن لەو هاوکـارییەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە خاڵێکی گرنگە، ئـاخیر خـاڵ ئەوەی کە زۆر گـرنگە بە تـایبەت

بـۆ خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتەکـان ئەوانەی کە نەخۆشـی ئەقڵیەکانیـان هەیە، نەخۆشـیەکە شۆڤرینیە ئەمانە پێویستیان بە چارەسەر هەیە و دەرمان و چارەسـەری ئەمـانە و نرخەکـانی زۆر زۆر گرانە لە بازارەکان، بۆیە داواکارین ئەگەر بکرێ زەوی و زارەکـان لە جێگـایەك تەخسـیس کـا، یاخود هاوکاری هەما هەنگی لە گەڵ وەزارەتـی تەندروسـتی بکـات، چـونکە بەراسـتی ئەوەی مـن ئاکادارابم خەڵکێکی زۆر یا عائیلەیەکی زۆر توانای ئەوەی نییە ئەو دەرمانـانە بکرێـت، یـا دەچێـت دەرمـانێکی کـوالێتی زۆر نـزم دەکرێـت، دواجـار هـیچ سـوودێکی نیـیە، بـۆیە داواکـارم هەمـا هەنگیەکـی تەواو هەبێـت بـۆ ئەوەی بـابەتی ئەو دەرمـان گـرانیە، یەعنـی لەسـەر خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتەکـان بە تـایبەتی نەخۆشـی شـۆ ڤـرینە کـار ئاسـانکاریان بـۆ بکرێـت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەڕێز مەلاناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پرسیارم لە بەڕێـز وەزیـری کـارو کاروبـاری کـۆمەڵایەتی هەیە، یەکەم: ئایـا بـۆچی بێـوەژن و پەککەوتەو کەم ئەندامانی لە ساڵی ٢٠١٥ وە مووچەکانیان بڕاوە، یاخود ڕاگیراوە بایۆمەتریشـیان کردووە و تـا ئێسـتا هیچیـان بـۆ نەکـراوە بەتـایبەتی مـووچەی بێوەژنەکـان زۆر پێویسـتە بۆیـان سەرف بکرێ.

دووەم: لە سنووری ئیدارەی گەرمیـان لە سـاڵی (٢٠١٣ و ٢٠١٤) زیـاتر لە (٨٠٠) خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت تانەیـان لە بڕیـاری لیـژنە پزیشـکیەکان داوە، بەڵام تـا ئێسـتا مووچەکانیـان یـا هاوکارییەکانیان بۆ نەگەڕاوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها دوو پرسیارم هەیە، یەکەم: ئـێمە دەزانـین کە کەم ئەنـدامان لە هەرێمـی کوردسـتان زۆر زۆر نـین تـا نەتـوانرێ حکـومەت بـودجەیەکی خەیـاڵی بـۆ تەرخـان بکـرێ، ئەو پـارەی کە بۆیـان تەرخانکراوە لە (١٠٠) هەزارەوە بۆ (٢٥٠) هەزار دینـار بەشـیان ناکـات و بەو چـکە چـکەش دەیـان درێـژ دەکرێـت لە (١٣) ی مانـگ یـان (١٤) مانـگ بـوو کـۆمەڵەی کەم ئەنـدامانی سـلێمانی هـاتنە ئێـرە لە بەردەمـی ئەنجـومەنی وەزیـران داوای تەنهـا بـۆ ئەم جەژنە داوای مـووچەیەکی دوای خۆیـان، ئەوەی کە پاشـەکەوتکراوەو لێـی بـڕاوەو ئەوەی کە نەدراوە، مـن لەوێ بـووم نـوێنەری بەڕێـز وەزیری کۆمەڵایەتی هـات بەڵێنـی دا هـات گـوتی ئەو داوایەیـان بـۆ بەرز دەکەمەوە، مـن خۆشـم داواکەم پێ گەیشتووە کە بۆیان بەرز دەکاتەوە، من پرسیارم هەیە، ئایا بەڕێـز وەزیـر ئەو داوایە چی بەسەر هات، ئایا پێش جەژن کەم ئەندامان ئەو مووچەی زیادەی خۆیان وەردەگرن یـان نـا؟

دووەم: ئـێمە دەزانـین لە یاسـاکەدا هـاتووە دەڵـێ (١٥٠) هەزار دینـار کەڕەت، یـان زەربـی جـارانی ڕێژەی کەم ئەندامی بکەی، بەڵام ئێمە دەزانـین هەمـوو مسـتەوا بە یەك ئاسـت (٢٥٠) هەزار دینـار

وەردەگـرن، ئەگەر یەکێـك قـاچێکی نەبـێ (٢٥٠) هەزار وەردەگـرێ کە یەکێـك کەم ئەنـدام بـێ هەردووك چاوی نەبێ کە لە سەدا سەد کەم ئەنـدام بـێ هەر ئەوەنـدە وەردەگرێ، ئایـا ئەمە نـاداد پەروەری تیا نییە؟ ئایا بە شێوەیەك لە شێوەکان ناتوانرێت رەچاوی ئەوە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی جەنـابی وەزیـر دەکەیـن، دەستخۆشـی لە کـاك عمـر دەکەیـن بـۆ ئەو راپـۆرتەو هاوکارەکـانی حەز دەکەم داوای وەڵام دانەوەی ئەوە پرسـیارەی جەنـابی وەزیـر، ئایـا کەرتـی تـایبەت و پـڕۆژە تایبەتمەنـدەکانی ئەو سـنوورانەی کە لە نـاو کوردسـتاندا هەن چ ئەرکێکیـان لە سەر شانە بۆ هاریکاریکردنی خزمەتکردنی کەم ئەندامانی ئەو نەخۆشیانەی کەوا پێیان دەگوترێ نەخۆشی ئۆتیزم، هەرچیەك بێ ئـێمە لە راپۆرتەکەمانـدا لە ئیـدارەی کەلار کە چـووین داوامـان لە بەڕێـز بەرێـوەبەری ئیـدارەی وێ کـرد ئایا ئەو بیـرە نەوتـانەی کە لێـرە هەن تـا چەنـد خـانەوادەو شەهیدان تێدا سوودمەند بوون؟ وتی ئێمە پێمان جـوان نیـیە خـانەوادەی سـەربەرزی شـەهیدان بکەینە کارمەنـد لە خزمەتگـوزاری، بـۆیە ئەوانەی لەوێ بـوون خەریـج کـولیە بـوون و بەشـێکیان ماجستێریان هەبوو وتیان ئێمە رازیـن ئەگەر چاکسـازی هەبـێ، بەڵام هـیچ وەڵامیـان نەبـوو، ئایـا جەنابی وەزیری چ وەڵامێکی هەیە بۆ ئەو کەرتە تایبەتانە، سوپاس.

**بەڕێزِ د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسا و مافێ ئیمتیازاتێن خودان پێتڤیێن تایبەت بێ گومان وەکی خۆ نەکەتییە بـوارێ جێبەجـێ کرنێ، بۆ نمونە بڕیار بوو ئەو هاوکارییا تێتە دان بۆ ڤان کەسانێت هەنـێ یێـت، بەڕێـز دیـڤ رێـژا کەم ئەنـدام بوونـا وی بیـتن بەری نـوکە ژی کـاك سـیروانی ئامـاژە پێکـر لـێ جهـێ داخێـیە نـوکە هەمیێ سەدا سـەد کەم ئەنـدامەتی هەبیـتن یـان کەمتـر بیـت هەر (١٥٠٠٠٠) سـەد و پەنجـا هەزارا وەردگریت، دیـڤ وی یاسـای دڤیـا هەتـا (٢٥٠٠٠٠) دوو سـەد و پەنجـا هەزارا بـۆ ڤـان کەم ئەنـداما دابان، دوو کو نەکەتییە بوارێ جێبەجێ کرنێ دا بەخێوکەر ئەو کەسێ نوکە ڤـی کەم ئەنـدامی ب خودان دکەت ئەگەر کارمەندێ حکومەتێ بیت مۆڵەتێ بدەنێ ئەگەر کارمەندێ حکومەتێ نەبیـت هیچ تشتەك بۆ ڤی بەخێوکەری نـائێتە مەزاخـتن، بـابەتەکێ دیتـر سـەر خـاڵا چـارێ د راپـۆرتێ دا هاتی بابەتێ پەروەردێ کو تەقریبەن پـار ل هەیڤـا دوو داخـاز ژ وەزیـرێ پەروەردێ هـاتبوو کـرن کوو هندەك مامۆسـتایێن تـایبەت ب پەروەردا تـایبەت بێـنە دامەزرانـدن ئەڤە سـاڵەك پـێڤە چـوو هەتا نها ئەڤ ئیختساسێت هەنـێ نەهـاتییە دانـان یەعنـی هەر ئەو کەسـن یێـت نـوکە ب ئەرکـێ پەروەردە کرنا قوتابیێن پێتڤیێن تایبەت رادبـن هەمـان مامۆسـتایێن ئاسـایینە ئەڤێـت قوتـابیێن دیتـر ب رێـڤە دبـتن، ئـاخر پرسـیارا مـن ژ وەزیـرا بەڕێـز چەنـد موچێـت وان کەسـانێت خـودان پێتڤیـێن تـایبەت هـاتینە پاشـەکەفت کـرن کـو ئەم بـزانین داهـاتێ وان یـێ سـەرەکی وان ئەڤ

مـووچە بـوو ئایـا چ هەوڵ هـاتینە دان کـو ئەڤ مـووچێ وان یـێ پاشـەکەفتی بـۆ وانـا بێـتە ڤەگەڕاندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك وەیسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاف و ئیمتیـازات و کەم ئەنـدامان و خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت یەك پـاکێجەو تەنهـا لایەنـی دارایی و ئابووری نییە، بەڵکو تەواوی ئەو مافانەیە کە دەبێت خاوەن پێداویستی تایبەت هەیـان بێت و حکومەتیش کار بکات بۆ دابینکردنیـان بە تـایبەت لە ئێسـتادا تـوێژی خـاوەن پێداویسـتی تایبەت بەدەست کۆمەڵێك گرفتی جۆراو جۆر دەناڵێنێـت لەم چوارچێـوەیەدا، چەنـد پێشـنیارێك دەخەمە بەر دیدی بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

یەکەم: هەر وەکو لای هەمووان دیارە بەهۆی قەیرانی داراییەوە لەدوای ساڵی ٢٠١٣ تـا ئێسـتا نـاو نووسینی خێزانەکانی خاوەن پێداویستی تـایبەت وەسـتاوە، بـۆیە گـرینگە نـاو نووسـین دەسـت پێبکـاتەوە، یـاخود لە جێـی ئەو کەم ئەنـدامانە دابنـدرێت کە کـۆچی دواییـان کـردووە، یـان بە هۆکارێك لە هۆکارەکان ناوی لە لیستی مووچەدا دەرهێندراوە.

دووەم: گرینگە هەوڵ بدرێت خانەیەکی تایبەت بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتی بێ سەر پەرشـت دروسـت بکرێـت هـاو شـێوەی ئەو خانـانەی کە لە وڵاتـان هەیە، بـۆ نمـونە لە بەغـدا (دار الحنـان) هەیە بـۆ ئەوەش دەتوانـدرێ سـوود لە خـاوەن سـەرمایەدارو لە خەڵکـی خێرخـواز وەر بگیرێت.

سـێیەم: گـرینگە وەزارتـی کاروکاروبـاری کـۆمەڵایەتی بـایەخیش لە قەزاکـان بە پەیمانگاکـان سەنتەری ڕاهێنان بۆ خوێندن و ڕاهێنانی قوتابیـانی خـاوەن پێداویسـتی بـدات، بۆ،نمـونە لە هەر چـوار قەزای سـۆران و چۆمـان و مێـرگە سـۆر و ڕەوانـدز تەنهـا یەك سـەنتەری ڕاهێنـان هەیە کە ئەویـش هـی کـۆمەڵەی سـۆرانە بـۆ چـاودێری پەکەوتـان، هەر پێشـنیاریش دەکەم جەنابتـان لە دەرفەتێکدا سەردانیان بکەن و هەوڵ بدەن هەندێك پێداویستیان هەیە بۆیان جێبەجێ بکەن.

چوارەم: گرنگیشە هەموومان کار بکەین بۆ بڵاوبونەوەی وشیاری کـۆمەڵایەتی نـاو کۆمەڵگادا تـا بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەو توێژە بکرێت لە جیـاتی گۆشـە گیرکردنیـان، زێتـر دەرفەتـی تێکەڵـی کۆمەڵگەیـــان پـــێ بـــدرێت، بەڕێـــز وەزیـــری کاروبـــاری کـــۆمەڵایەتی چەنـــد پرسیارێکیشـــم هەیە،کۆمەڵێك ڕێکخراو هەبوون کە تایبەت بوون بە خاوەن پێداویسـتی تـایبەت مینحەیـان لـێ بـراوە، هەنـدێکیان بە ڕاسـتی چـالاك و کـاران، ئایـا بەرنـامە هەیە بـۆ ئەوەی مینحەیـان بـۆ بگەڕێندرێتەوە؟ ئایا وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بیری لەوە کردۆتەوە ڕاوژکارێك بـۆ خـاوەن پێداویستی تایبەت دابندرێت، چونکە بەڕاسـتی مـن پـێم گـرینگە تەنـانەت لە سـەرۆکایەتیەکانی هەرێـم و حکـومەت و پەرلەمـانیش کەسـێکی خـاوەن پێداویسـتی هەسـت بە کەسـایەتی خـۆی بکرێت وەکو ڕاوێژکارێك دەست نیشان بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم، من پێشنیار دەکەم سەبارەت بە دامەزراندنی سندوقەکان پێمان باشترە نوێنەری لایەنی پەیوەندیداریش ئەندام بن، نوێنەری ئەندامان و خاوەن پێداویستیەکان چەند ئەندام بن لەو لیژنەیە و ماوەی دیاریکردنی پەیرەوەکەش ماوەیەك دیاری بکرێت بۆ پەیرەوەکە و، پرسیارەکەشم ئەوەیە لە بەڕێز وەزیری تایبەتی بە چ میکانیزمێك ئەو بڕە پارەیە لەو سندوقەدا دابەش دەکرێت بەسەر کەسە خاوەن پێداویستییەکان و کەم ئەندامان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز د.گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەخێرهاتنی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین، لێرەدا چەند خاڵێك هەیە پێویستە ئێمە هەڵوەستەی لەسەر بکەین گرنگە، یەکەم پرسیارم ئەوەیە بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ئایا پلانی چییە بۆ ئەوەی ڕێژەی کەم ئەندامی کەم بکاتەوە، بەراستی ئێمە هەر باس دەکەین یەعنی (٨٨١٢٢) کەس مووچە وەردەگرن (٣٠) هەزاریش فایلە هێشتا ئەوە نەکراوە، ئایا چ پلانێك هەیە ئێمە دوو مستەلەح هەیە لێرە پێویستە بیزانین ویراسی و متوارث، پێویستە خێزانەکان وشیار بکرێنەوە لەو دوو موستەڵەحە، ویراسی ئەوەیە کە منداڵەکە کە لە ناو زگی داکیدا خەلەلەکە کەم ئەندامییەکەی بۆ دروست دەبێت، بەڵام متوارث کە ئەوەیە لە عائیلەکەی هەیە، بۆیە پێویستە پلانی خێزانی هەبێتن بۆ وشیار کردنەوەی ئەو خێزانانەی کە چەند منداڵێکی کەم ئەندامیان هەیە، چونکە بەراستی بار گرانییەکە دەبینین خێزان سێ منداڵ، چوار منداڵی کەم ئەندامی هەیە لەسەریتی و، بە نسبەت مووچەی کەم ئەندام ئێمە پێشنیارێکمان پێشکەشی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵاییەتی کردبوو لە ڕێگای سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە کە ئەو کەم ئەندامانەی کە مووچەیان یەعنی ڕێژەی کەم ئەندامیان سەدا سەدە زووتر داخڵ بکرێن، فایلەکانیان پێشکەش بکرێ بە پێی ڕێژەی کەم ئەندامییەوە ئەوانەی ٧٥% ئەوانەی سەدا پەنجایە ئەگەر ناتوانرێت هەموویان، بەڵکو ئەو ڕێژەیە بکرێ و شتێکی تریش هەیە کە لە فەحسی هاوسەرگیری دەکرێتن کە بۆ نەخۆشی تالاسیمیایە، بەراستی پێویستە هەمە هەنگییەك هەبێ لە مابەینی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو سەنتەرە سەنتەری فەحسی پێش هاوسەرگیری،چونکە دەبینین ساڵانە عەلاساس دەبێ ڕێگری بکرێتن لە ڕێژەی لە دایك بوونی منداڵانی تالاسیمیا،بەڵام دەبینین ڕێژەکە زیاتر دەبێت و زیاتر بۆیە پێویستە دەبێ هەمەهەنگیەك هەبێتن لە مابەینی سەنتەرو لە مابەینی وەزارەت و هەروەها بە نسبەت ئەو نەخۆشیەی کە مەسەلەن پێشمەرگەیەك لە پێش ئەنجومەنی وەزیران دوو منداڵی هەبوو کەم ئەندامن ئەوەش منداڵەکانی نەخۆشیەکی بۆ ماوەیەییە کەیسی شەشە کە چارەسەری نیە بەراستی،بەڵام بە دەست خۆشیەوە سەرۆکایەتی حکومەت چارەسەریەکەی گرتە ئەستۆ ئەوەش جێگای ڕێزو تەقدیرە زۆر سوپاس .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆر صباح.

**بەڕێز د. صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنەکی گەرمی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵاییەتی دەکەین زۆر سوپاسی دەکەین بۆ ئەو ڕوونکردنەوەی کە کردی شتێکی باشیان کردووە، بەڵام من هەندێك تێبینیم هەیە زۆر خێزان هەنە نەخۆشی شەلەل دەماغیان نەخۆشە لە ماڵیان هەیە و ئەوە دەبێتە بارگرانی دەروونی و دارایی بۆ خێزانەکە خەڵکێکی زۆ داوامان لێ دەکات لە لیژنەی تەندروستی کە ئەو بەشە یارمەتییەك کە پێی دەدرێت کەمە جا هیوادارم لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران ئەو مەوزووعە باس بکرێت و هاوکاری ئەوان بێتە کردن، ئەوە نوقتەك،نوقتەیەکی تر بەراستی سەنتەری ئۆتیزمی هەولێرو سلێمانی جێگای دەست خۆشی ئیشەکی باش دەکەن سەنتەرێکی باشن، بەس هیوادارم لە دهۆك و هەڵەبجەش سەنتەری وا باش بکرێتەوە پەرە بدرێت جێی دەست خۆشیە، بەراستی مەوزووعی پەرە پێدانیش سەنتەرەکانی ڕاهێنان یان مراکزە تحلیل بە عەرەبی پێی دەڵێت ئەوە زۆر گرنگە کە ئیهتمامێکی زۆرتری پێ دەدەن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان،،بەخێرهاتنی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم، من ماوەیەك بەر لە ئێستا پێشنیارێکم دا بەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەویش بۆ چارەسەرکردنی هەموو مەشاکیلەکانیان کێشەکانیان تەنها کوردستان پێویستی بە لێژنەیەکی بەدواداچوونە، بەڵام ئینسانی ویژدانی، بەڵام تا لیژنەکە مە ئەلێرەوە بە وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، دەڵێم ئەگەر پێی خۆشە وەزارەتەکەی بێ ناو زراندن لە دەست خۆشی زیاتر هیچ بۆ وەزارەتی ئەو نەیەت، ئەگەر لێژنە دادەمەزرێنێت بۆ ئەوەی لێك بکاتەوە کامە کەم ئەندامەو کامە کەم ئەندام نییە لێژنەیەکی بیانی دابمەزرێنێ، چونکە ئەگەر سبەی لێژنەیەکی تەندروستی دابمەزرێنێت لێرانە من تەلەفۆنی بۆ دەکەم ئەو تەلەفۆنی بۆ دەکات ئەو تەلەفۆنی بۆ دەکات لەبەر خاتری یەکتر زۆر شت هەیە ئەمە ئەو خاتر خاترانەیە ماڵی ئێمەی کاول کردووە، بەراستی هەموو لێژنەکان وان ئەوە هەم چارەسەرێکیش دەبێ هەم گلدانەوەیەکیش دەبێ بۆ حکومەت، یەعنی ڕەنگە مەسروفێکی کاتی لەو لیژنەیە بکات، بەڵام گلدانەوەیەکی بەردەوامی دەبێت بۆ حکومەت ئەوە یەك.

دوو: بە نسبەت تەنسیق لە نێوان وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و پێشمەرگە هەیە وەزارەتی پێشمەرگە ئەو پرسیارە لە ئەو دەکەم، چونکە پێشمەرگە هەیە لە شەری بەرگری لە شەرەف و کەرامەتی ئەو میللەتە ئێستا هەردووك قاچی لە دەست داوە، یەعنی پەکەوتەی سەنگەری پێ دەڵێن ئێمە تاکو ئێستا پێویستی بە کورسی ئەلیکترۆنیە، نە وەزارەتی تەندروستی نەوەزارەتی پێشمەرگە نەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هیچ بۆ ئەوان نەکراوە، پێم

خۆشه بەدواداچوون لەسەر ئەو شته بکەن و ئەو پرسیارەی منیش به هێند وەر بگرن بەراستی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك لقمان، دوو دەقەیه بەراستی منیش ملتەزمم فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین، ئاشکرایه توێژی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت له دۆخێکی گوزەرانی خراپدا دەژین و ئەو بڕە هاوکارییەی که بۆیان بڕاوەتەوه ناکرێ ناوی لێ بنێین مووچه، چونکه له راستیدا ئەمه بەشی بژێوی ژیانیان ناکا و بەردەوامیش جەخت لەوه دەکرێتەوه که پێویسته زیاتر بایەخ بەم توێژه بدرێ، تاکو ئێستاش ئەو رێژەیەی که جەنابی وەزیر باسی کرد که (٨٨١٢٣) کەس تۆمارکراون، تەسەوردەکەم لەوەش رەنگه جۆرێك بابڵێین پێویستی به پێداچوونەوەو پاکردنەوەی ئەم لیسته هەبێ، چونکه تا ئێستاش لەسەر بنەمای وەلاء بۆ خزمایەتی و رەفاقەت و برادەرایەتی خەڵك تۆمار دەکرێ که رەنگه مەرجی کەم ئەندام بونی تێدا نەبێت، له حاڵەتێکیشدا ژمارەیەکی زۆری کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت چاوەروان دەکرێ تاکو ئێستا تۆمار نەکراون، ئومێدەوارم هەنگاو بنرێت لەو بارەیەوه، خاڵێکی تر دەمەوێت باسی بکەم به پێی یاسای ژماره (٢٣) ساڵی (٢٠١١)ی یاسایی ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت ماددەی (٤) فەقەرەی سێیەم ئەبێ سندوقێك دابمەزرێ، من دەپرسم ئەو سندوقه به کوێ گەیشت، ئێمه دەبینین پاره بۆ ژینگه کۆ دەکرێتەوه سندوقێك هەیه بۆ ژینگه، بەڵام له ژینگه سەرف ناکرێت پاره بۆ سندوقی تووشبوانی شێرپەنجه کۆ دەکرێتەوه، بەشێکی باشی بۆ خەرج دەکرێ، بەڵام بەشێکی تا ئێستا بۆ ئەم بوارەش خەرج ناکرێت، ئایا کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت توێژێکی گرنگن، کاتی ئەوه نییه که بەشێك له با بڵێین باج وەردەگیرێت له خاڵه سنوورییەکان و له باج و دەرامەتی ناوخۆ له هاتووچۆ بەشێکی تەرخان بکرێ بۆ ئەو سندوقه که بتوانین لانی کەم لایەك له ژیانی گوزەرانی خاوەن پێداویستی تایبەت کەم بکاتەوه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرسیارانەی که کران له لایەن هاورێیان دووبارەی ناکەمەوه، بەڵام بابەتی دەرماڵەی له بڕی پەکەوتەیی که بڕیاری ژماره (٨٤)ی ئەنجومەنی وەزیران رێنمایی ژماره (٢)ی وەزارەتی پێ دەرچووه گەیشتۆته کوێ، هەم بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ئاماژەی به هەندێکی دا، بەڵام وەڵامەکەی لەبەر چاومان روون نەبوو ئەوەی جەنابی وەزیریش باسی کرد که گەندەڵییەکی زۆر لەمەسەلەی مۆڵەتی بەخێوکەر کراوه، بەڵام ئایا چیان کردووه بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی که لەمەسەلەی مۆڵەتی بەخێوکەر هەیه، فەرمانبەرانی خانەی بەساڵاچووانی شێڵتەرەکانی تا ئەم دەقەیه دەرماڵەی مەترسیان نییه، له جەنابی وەزیر دەپرسم بۆ شمولی

ئەوان ناكات بۆ پاككردنەوەی لیستی كەم ئەندامان چی كراوە لە ئیدارەی راپەرین تا ئەم دەقەیە مووچەی كەم ئەندام لە بانقەكان دابەش ناكرێ، هۆكارەكەی چییەو زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خانەی بێ سەرپەرشتان لە پرۆژەیەك هەیە لە سلێمانی، مامۆستا عمریش باشتر دەزانێ بۆ خێزانی جێگرەوە ئەو خێزانانەی كە ئارەزومەندانە دەچن داوای ئەوە دەكەن كە منداڵێك بگرنە خۆیان و ئەو منداڵە بەخێو بكەن، بەڵام ئەنجامی باشیشی هەبووە كۆمەڵێك منداڵ چوونەتە ناو خانەوادەو هەروەها كۆمەڵێك خانەوادە كە منداڵیان نییە ئارەزوویان هەبووە منداڵیان وەرگرتوە، بەڵام لە هەولێر بۆ جێبەجێ ناكرێ، چونكە لە هەولێریش خانەوادە هەیە ئەوەی كە خوای گەورە منداڵی پێ نەبەخشیوە داوای منداڵ دەكات بە پێی ئەو پرۆژەیە، هەم بۆ منداڵەكە هەم بار سووكی دەكەوێتە سەر شانی حكومەت، هەم بۆ پەروەردەی منداڵەكەو، هەروەها خێزانەكەش سوودمەند دەبێت لێی ئەوەیان وەكو پرسیار ئەگەر بەڕێز وەزیر وەڵام بداتەوە؟ سەنتەرەكانی ئۆتیزم زۆر باسی لێوەكرا بە تایبەت سەنتەرە تایبەتەكانی كەرتی تایبەت، بەراستی ئەوەندەی خەریكی بازرگانی كردنن بە منداڵی ئۆتیزم و هەروەها خانەوادەكانیان پێم وایە ئەوەندە لە بیری چارەسەركردنی نەخۆشانی ئۆتیزم نین و هەروەها كێشەكی تری خانەوادەی ئۆتیزم ئەوەیە كە دەچێتە لای پزیشكی پسپۆر بۆ چارەسەركردنی نەخۆشەكانیان، پزیشك یەكەم هەنگاو پێیان دەڵێت كە دەبێت لەماڵەوە دایك و باوكەكە بە یەكەوە چاودێری منداڵەكە بكەن و، ئەگەر فەرمانبەربن ئەوا مۆڵەت وەردەگرن، ئەگەر فەرمانبەر نەبن جیبكەن، یەعنی ئێمە خەڵك دەناسین هەر یەكێك لە پەیامنێرەكانی كەناڵەكانی ئێستا دەبینین منداڵی ئۆتیزمی هەیە و فەرمانبەریش نییە، لەبەر ئەوەی كە بژێوی ژیانی رۆژانەی ناروا بەڕێوە ناچارە كە دەوام بكات، بۆیە تاكو ئێستاكەش منداڵەكە چارەسەر نەكراوە كە رێژەی ئۆتیزمی بەرە بەرە بەرزبۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەلما خان.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست خۆشی تایبەتم بۆ لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی هەیە، هەروەها بۆ بەڕێز كاك عمر و زۆر بەخێرهاتنی جەنابی وەزیریش دەكەین بۆ ئەم كۆبوونەوەیە، ئەوەی كە لای من جێگەی پرسیارە ئەوەیە كە ئەو قانوونە وەكو خۆی جێبەجێ بكرێ، یەعنی،ئەگەر یاساكە یاسایەكی زۆر باشە و كوێستان خان بۆخۆشی لە خولی سێ رۆڵی هەبووە لە دەرچوواندنی ئەم قانوونە، ئەگەر یاساكە وەكو خۆی جێبەجێ بكرێ، پێم وایە كۆمەڵێك كێشەو گرفتی زۆر گەورە لە كۆڵ خاوەن پێداویستییە تایبەتەكانی كەمئەندامان دەبنەوە دەستكاریكردنی رێژەكانی كەم ئەندامیەتی بۆ پێدانی مووچەكانیان زۆر گۆڕانكاری بەسەردا دێت و یەكێك لە كێشەكانی تر ئەوەیە كە زوو

زوو دەدرێـنەوە بە لیـژنە، کـابرا دوو قـاچی نیـیە هەموومـان دەیبینـین، یەعنـی ئەم لیـژنەو لیژنەکاریانە، بەراستی بۆتە مایەی سەر ئێشە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەتییەکان، هەروەها بـۆتە مایەی سەر ئێشە بـۆ خێزانەکانیشـیان و پـارەیەکی زۆریـش لە هـاتووچۆ سـەرف دەکەن بە پێـی یاساکە که دیاریکراوە کە بەڕێزان ئاماژەیان پێکرد کە پێویست دەکات ئەوەی ڕێـژەکەی لە سـەدا سـەدەو (٢٥٠) هەزاربێـت، بەڵام ڕێژەیەکـی مەقتـوع بـۆ (١٥٠) هەزار دینـار بـۆ هەموویـان دەبڕدرێتەوە کە پێویست دەکـات سـەرەڕای ئەوە ڕێـژەی پەك کەوتنیـان بکـرێتە سـەر و ئێسـتا لە ڕێژەی سەدا (٥٥) راوەستاوە و، پێشنیار دەکەین ڕێژەکان دابەزێت کەسانێك کە ڕێژەیان (٤٥) بۆ (٥٠) یە یـان (٤٠) ئەوانـیش هەقـی خۆیـان هەیە، بەڵام بە پێـی جـاوازی ئەو بـابەتەی کە بە پێـی قانوونی و یاساکە هەیە یەکێکی تر لە یاساکە کە من وەکو کێشـەیەك دەیبیـنم سـەرەڕای هەمـوو باشـیەکانی کە تێـی دایە کێشـەی کـورتە باڵاکـانە لە قـانونەکەدا تەعریـف نەکراوەوخۆشـیان بە خاوەن پێداویستی تـایبەت خۆشـیان بە کەم ئەنـدام دانـانێن و کەم ئەنـدامیش نـین، لە راسـتیدا بۆیە خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتەکـان جیـاوازن و کەم ئەنـدام جیـاوازن، بـۆیە تەعریفـی کـورتە باڵاکـان پێویسـت دەکـات بکـرێ، یـاخود قـانوونێکی تـایبەت هەبـێ تـایبەت دەکـا بە وەزارەتـی کاروباری کۆمەڵایەتی، یـاخود لیـژنەی کاروبـاری کـۆمەڵایەتی لە پەرلەمـانی کوردسـتان قـانوونی تـایبەت بە کـورتە باڵاکـان دەرچوێنێـت، و کـورتە باڵاکـان لە زۆربەی دامودەزگـا حکومیەکانـدا بە داخەوە بە حکومی و بە ئەهلیشەوە بەو ڕێژەی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە وڵاتێکداین نەوت دەفرۆشین، بەڵام خەڵکی خاوەن پێداویستی تایبەت لە (١٢) مانـگ (١١) مانگ چاوەڕێی مانگی ڕەمەزانە، تاوەکو لە ڕێگەی هاوکارییەوە زەکات و سەر فترەو خەڵکی خوا پێداو هاوکاریان بکات، بەداخەوە پارەیەکی ئەوەندە کەم وەکو میـنحە بۆیـان دیـاریکراوەوە (١٥٠) هەزار دینـارە، بـاوەڕ نـاکەم بەشـی داو دەرمانەکانیـان بکـات، یـان ئەوانەی کە منـاڵی خـاوەن ئۆتیزمیـان هەیە، پێویسـتیان بە دنیـایەك پێداویسـتییە کە نـاتوانن منـداڵەکانیان بـژێنن، داوای هاوکاری لەو لەو دەکەن ئێمە لەو وڵاتەداین نەوت دەفرۆشین، یەعنی نەوت بفرۆشـین چـاوەڕێی زەکات و خێرو سەورفترەو سەدەقەبین بۆ خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت لەسـەر بینـای وەزارەتـی کاروباری کۆمەڵایەتی نوسراوە بێ دەرامەتان لە کوێبن، ئێمەش لەوێین، ئـێ باشـە لە ٢٠١٤ وە ئەو خـاتونەی کە هاوسـەرەکانیان لە دەسـت داوە، یـاخود جیـا بـوونەتەوە بـێ هاوسـەران، یـاخود پەکەوتووەکان و ئەوانەی کە خزمەتـی خەڵکـی نەخـۆش دەکەن، ئەوانە ئەو بـڕە هاوکـارییەی کە پێیـان دەدرا لە ٢٠١٤ وە بەنـاوی قەیرانـی دارایـیەوە لێیـان بـڕاوە، بەڵام خەڵکـانێکی زۆر بە بـێ ئەوەی هـیچ ڕێژەیەکـی کەم ئەنـدامیان هەبـێ بە بـێ ئەوەی کە فەحسکرابن لە لیژنەکـان بە کەم ئەندام نوسرابێ، خەڵك هەیە سێ خانووی بەکرێـی هەیە و سـێ مـووچەی کەم ئەنـدامی هەیە و کەم ئەندامیش نییە، لە سەدا یەکیش کەم ئەندام نـیـە تەنـانەت چاویشـی زەعیـف نیـیە، یەعنـی ئەگەر بە موسـتەحەقی بـزانین قەینـا، ئەگەر موسـتەحەقیش بـێ مـووچەی هەبـێ، بەڵام واللە

موستەحەق نیـیەو زۆریـش دەوڵەمەنـدە، پێویسـتە مـن داوا لە کوێسـتان خـان دەکەم ئێـوە چ فشارێکتان کردووە بۆ ئەو لیژنانەی وەزارەتی پزیشکی، وەزارەتی تەندروسـتی کە لیـژنە بـوون و خەڵکانێکیان بە کەم ئەندام نووسیووە، چونکە ئەوان تاوانبـارن ئەوان جێگەی چەنـد کەسـێکیان بە کەسـی نـا شایسـتە پڕکـردۆتەوە (٣٠) هەزار کەم ئەنـدام زیـاتر هەیە کە چەنـد سـاڵە دینارێـك وەرنەگرێت لاقـی پێـوە نیـیە دەسـتی پێـوە نیـیە، بەڵام خەڵکانێـك هەن سـاغ و سـەلامەتن بەڵام پارەی کەم ئەندامی وەردەگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب خێرهاتنەکا گەرم ل بەڕێز وەزیرا کار و کاروبارێ کۆمەڵایەتی دکەین، پێشـنیارەك مـن هەی بـۆ لیژنا ئەگەر ژ من قەبول بکەن ئەو وەزارەتێت پەیوەندیدار د ڤێ راپۆرتێ هـاتی وەزارەتـی صحە و تەربـیە و تەعلـیم عـالی وە هەیئـا بەرهەمئینـانێ، ئەگەر مێڤـان کربـان ل سـەر تشـتێت د ڤـێ راپۆرتێدا هاتین بۆ وانا هاتبانە تەسبیت کرن وەکوو پێشنیار ئەز بۆ وانا دکەم و چەند پرسیار من یێت هەیـن ل جەنابـا وەزیـرێ پرسـیارا ئێکـێ ئەوێ ب خـۆ ئیشـارەت کـر چەنـد کێم و کـورتی و خەلەلێـت نـاڤ وەزارەتـێ ئەگەر کـێم و کـورتی و خەلەل یێـت دەسـتنیشـان کـری هەبـن ژ وانـا مەسەلەن ئەوێت چۆنە هەندران و نەهاتینە دەرئێخستن و ئەوێت مرین و نەهاتینە دەرئێخستن هەوە لیژنەیەك پێك ئینایە ئەو خەلەل بێنە چارەسەر کرن یان نا؟ پرسیارا دوویێ یاسـایا مـاف و ئیمتیازاتێت خودان پێتڤیێت تایبەت یا ژمـارە (٢٩) یـا سـاڵا (٢٠١١) هەتـا ڤـێ گـاڤێ رێـژا چەنـد ژ سەدێ ژ ڤێ یاسایێ کار پێ تێتە کرن، ئو چەند ژ وێ مـوعەتەلە؟ چەنـد ژێ یـێ مـونەفەزە؟ ئەڤە ژی مـن پـێ خۆشـە بـزانم، پرسـیارا دی ئەڤە ژ سـاڵا (٢٠١١) وەرە ئەڤ یاسـایە دەرچـووی د ڤـێ یاسایێ دا سندوقا هاریکارییا بۆ خودان پێداویستیێن تایبەت بێتە دروست کـرن (٢٠١١) ڤە نـوکە ئەمێـت ل (٢٠٢١) ئەڤە دە سـاڵ دێ کەنگیهێـتە دروسـت کـرن؟ یەعنـی وەختـەك هەیە ئەم بێـژین فلان ساڵێ دێهێتە دروست کرن یان نە، پرسیارا دی یا من ئەڤەیە ل سـاڵا (٢٠١٢) هەتـا ڤـێ گـاڤێ خودان پێداویستیێن تـایبەت نەهـاتینە سـەجل کـرن ئەرێ مـودەك هەیە بێـژن فـلان تـاریخی دێ دەست پێکەین جارەکا دی وانا ژی دێ سەجل کەین و ئو پێتڤیێت وانا گەینین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هیمداد.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـەکی دەسـت خۆشـی لە مامۆسـتا عمـر و ئەو کەسـانە دەکەم کە هاوکـاری بەژداری ئەو راپۆرتەیان کـردییە و بە خێرهـاتنی جەنـابی وەزیـری پەیوەندیـدار دەکەم، خۆشـم وەکـو لێـژنەی مافی مرۆڤ راسـتە مـاف و ئیمتیازاتەکـانی کەم ئەنـدامان مـوهیمە، بەڵام لەوەی مـوهیمتر زیـاتر لایەنـی مەعنەویەکەیتـی ئیهتیمـام پێـدان و گەیانـدنیان جەنـابی وەزیـر بـاس لە (٣٠) هەزار کەم ئەندامی کرد کە تۆمار نەکراون، تاکو ئێستا پێویستی بە بڕیار هەیە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیـران،

ئایـا تـا کەی ئەم بڕیـارە دەردەچێـت، واتـا تـاکەی ئەوانە دەتـوانن سـوودمەندبن لەم هاوکـارییە، دووەم زۆر جار ئێمە تەلەفۆنمان بۆ دەکرێت خاسەتەن ئەوانەی کە پەکەوتـوون و بـێ هاوسـەر و بێوەژن مووچەیان هەبووە، پێشتر مووچەیان بڕاوە، ئایا سەبەبەکە چییە بەدواداچوون بـۆ ئەوە دەکرێت، یان نا و سـەبارەت بە پلانـدانانی خێزانـی هۆشـیاری کـۆمەڵایەتی پشـتگیری لە دکتـۆرە گەلاوێژ دەکەم، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهـاتنی جەنـابی وەزیـر دەکەم، دیـارە بە پێـی مـاددەی (٣٢) لە دەسـتووری عێراقـی دەوڵەت چـاودێری خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت دەکـات و چارەسـەرکردنیان دەکـاتە ئەسـتۆ بە مەبستی گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا هەرچەندە جەنابی وەزیر زۆربەی شتەکانی روونکردەوە، بەڵام چەند خاڵێك وەك دەزانین نەخۆشی ئۆتیزم یەکێکە لەو نەخۆشـیانەی کە چارەسـەرکردنیان زۆر زەحمەتەو هەر خێزانێك کە نەخۆشی ئۆتیزمی هەبێت بـارێکی زۆر قـورس لە سـەریان، چ لە رووی مادییەوە چ لە رووی بەخێوکردنی ئەو نەخۆشە پرسـیار بـۆ وەزیـر، ئایـا چیـان کـردووە بـۆ زیـادکردنی چارەسـەرکردنی ئـۆتیزم لە هەرێـم و چ هاوکـارییەکی خێزانەکـان کـراوە بە تـایبەتی ئەوانەی کە هیچ سەرچاوەیەکی داهات، یاخود مووچەیەکیان نییە.

خاڵێکی تر بۆ بەڕێز جەنابی وەزیر وەك دەزانین ژمارەیەکی زۆر کەم ئەنـدام سـاڵانە زیـاد دەکـات کە لە ٢٠٠٣ تا ٢٠١٣ تا ئێستا ناوەکانیان تۆمار نەکراوە، ئایا هۆکارەکە چییە ئەو ناوانە تۆمار نـاکرێ و بە کەم ئەندام هەژمار ناکرێ.

خـاڵی سـێیەم: بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان هەمـواری یاسـای کەم ئەنـدامانی خـاوەن پێداویسـتی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیران تەواو بووەو جێگای دەست خۆشیە، ئایـا کەی دەگـاتە پەرلەمـان بۆ مافەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تـایبەت جێگیـر بکـرێ و زووتـر بکەوێـتە بـواری جێبەجێکردن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گلیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم هەیە؟

پرسیاری یەکەم: پشتی چەند ساڵ دەربازبی هەتا نووکەش گەلەك نمونە ئەشکەنجە تونـدو تیـژی لە هەمبەر زارۆکان دێتە کرن، باشـترین نمـونە کـارزان بـوو ئەوژ زارۆکە سـاڵی ٢٠١٧ بە خراپتـرین شێوە ئەشکەنجە درا لەلایەن باوکییەوە پشتی وی چەندین نمونە هەبوو، پرسـیارا گرنـگ ئەوەیە حکـومەت چ پلانێکـی هەیە بـۆ ئەو زارۆکە لەلایەن دایـك و باوکیـان یـان خێزانیـان رووبەرووی توندو تیژی دەبنەوە بەو شێوەیە ئالیەتەکە چییە وەکو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.

پرسیاری دووەم: لەسەر ئەڤ زارۆکەیە سەر شەقامە شـەقامی گشـتی چ پلانێـك هەیە بـۆ ئەوانە بڕیارە وەکو سـەنتەرێك یـان شـەڵتەرێك ژ بـۆ وان بێـتە دانـان یـان دایـك و بـاوکێ وان زارۆکـان هێشیاربکەن کو ناکرێت بەو شێوەیە منداڵ بخرێتە سەر شەقام.

پرسیاری سێەم: لەگەڵ چاکسازیا حکومەتێ هەرێمێ سەرجەم سێکتەرەکان تەبـعەن وابـزانم زۆر ئەندام پەرلەمانەکـان باسـی ئەوەیـان کـرد کە چ کـرایە بـۆ پاکتـاوی لیسـتی خـاوەن پێداویسـتی تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، من سـەرەتا دەمەوێ دەسـت خۆشـی لە لیـژنەی بەرێـز بـکەم کە راپـۆرتێکی باشیان ئامادەکردبوو، من پێم وایە ئەو راپۆرتەی ئەوان ئامادەیان کردبوو ئەگەر جەنابی وەزیـرو ئەنجومەنی وەزیران بتـوانن بەشـێکی لـێ جێبەجـێ بـکەن، بەشـێك لە داواکارییەکـان جێبەجـێ دەبێ، ئەوەی کە بەراستی جێگای پرسیاری هەمو لایەکمانە سـەبارەت بە کەم ئەنـدامان رۆژانە لە کەناڵەکانی راگەیاندن دەیان بینین، بەراستی نارازین و هەم وەزارەتی تایبەتمەنـد و ئەنجـومەنی وەزیران هیچ وەڵامێك نییە، ئایا ئەو داوایانەی وان ڕەوایە یان ناڕەوایە، چونکە ئەگەر بەراسـتی رەوایە حکومەت تا ئێستا نـاتوانێ ئەو داوایانەیـان جـێ بەجـێ بکـات، بەراسـتی کەم تەرخەمـی کـــردووە و زۆر جـــار گوێشـــمان لە وەزیـــرە بەرێزەکـــان دەبـــێ حکـــومەت حکـــومەتی هەرێمـــی کوردستانە، وەزارەتەکان وەزارەتی خەڵکی کوردستانن زۆربەی ئۆبـاڵەکەی دەهـاوێتە کابینەکـانی پێشـــووی خـــۆی، هەتـــا ئێـــرە دێ لەبەر ئەوەی هەمـــوو لایەکمـــان لێـــی بەر پرســـیارین و هەر وەزیـرێکیش پێویسـتە بەرنـامەی خـۆی هەبـێ، نـاکرێ بڵـێ خەریکـین جێبەجێـی بکەیـن، ئەگەر کێشەکانی ئێمە تازە لەسەر عەرەبانەو شـەقە وەسـتابێ و ئەو هەمـووە داو دەرمـانەو داخـوازییە هەیە تازە بزانین چۆن دابینی دەکەین، بەراسـتی هیچمـان نەکـردووە و ناشـتوانین هـیچ بکەیـن، پرسـیاری تـر ئەمەیە یەعنـی ئەگەر ئـێمە هەمـو ئەو خەڵکـانەی کەم ئەنـدام نیـنە بەکەم ئەنـدام نوسراون، هەرکەسێکە حەقە بەراستی لێپرسـینەوەیان لـێ بکـرێ نـاکرێ، بڵـێ خەریکـین دەریـان بهێنین، ئەوانە پێویست بوو زۆر لەمێژە ئەو کابینەیە وا نێزیکەی بۆ دووساڵ و هەنـدێك دەروا و کابینەکەی پێشوش هەر خەرێکی ئەوەبوون ناونووس و لیژنەیـان دیـاری دەکـرد، بەراسـتی ئـێمە ئەگەر هەر قسە بکەین و بۆ قسـەمان بـێ، پـێم وا نیـیە بتـوانین خزمەتـی نـاو ئەو چـین و تـوێژە بکەین کە ئێستا وا لێرە کۆبوونەوەی بـۆ دەکەیـن، لەبەر ئەوەی پێویسـتە بە فەرمـی ئەوە ئەرکـی ئەوە نییە، ئایـا ئەو وەزیـر دەتـوانێ بیکـا یـا نـا؟ جەنـابی وەزیـر کە لێـرە ئامـادە بـووە، بەراسـتی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە دەسەڵاتی ئەوە ئەو ئیشە بکا یا نا؟ لە دەسـەڵاتی نیـیە پرسیارەکە رووبەرووی ئەویش دەکەینەوە ئەویش دەبێ وەڵامێکی بۆ هەموو لایەکمـان پـێ بـێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ دیارە سەبارەت با بڵێین چینی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، چینێك لە نێو کۆمەڵگادا کە پێویستیان بە زۆرترین خزمەت هەیە، بەڵام بەداخەوە کەمترین خزمەت بەرامبەر بەو چینەکراوە دەبینین ئەو مینحەیە ئەو مووچەیەی کە بڕاوەتەوە تایبەت بە چینی خاوەن پێداویستی تایبەت، وەکو خۆیان دەڵێن نە مووچەیەکە پێی بژین و نە مووچەیەکیشە پێی بمرین، بۆیە پێویست دەکات لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاوڕی جدی و پێویست بدرێتەوە بە کەم ئەندامان و ژیانی پێویستیان بۆ فەراهەم بکرێ و بڕی مووچەکەشیان بەرز بکرێتەوە، بە تایبەت بۆ ئەو خاوەن پێداویستییە تایبەتانەی کە ڕێژەی کەم ئەندامیان بە ئاستێك بەرزە ناتوانین بڵێین بە هیچ ڕێکارێکی تر بژێوی ڕۆژانەی خۆیان دابین بکەن و، سەبارەت با بڵێین ئەو خاوەن پێداویستییە تایبەتانەی کە پێویستیان بە وەرگرتنی چارەسەر هەیە لە بنکە تەندروستییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە ئەگەر پشکنینێکیان بۆ بکرێ پێویستی بە سێ هەزار دیناربێت ئەوا لە بنکە تەندروستیەکان بۆیان دەکرێ، بەڵام ئەگەر مەبلەغەکەی بگاتە (٣٠) هەزار دینار ئەڵێ فەرموو لە دەرەوە ئەو پشکنینە بکە، بۆیە داوە لە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین کە بۆ موعالەجەکردنی ئەو پرسانە چیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لێرە پێداویستی زۆری خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان خرانە ڕوو، بەڵام من بە پێویستی دەزانم کۆمەڵێك خاڵی گرینگ کە پێم وایە خاڵی سەرەکین ئەو خاڵانە حکومەت چارەسەری بکات، پێم وایە هەتا ڕادەیەکی باش کێشەی کەم ئەندامان چارەسەرەر دەبێ یەکیان لە ڕووی ئابوورییەوە لە ڕووی داراییەوە بەڕاستی بارودۆخو ژیان و گوزەرانی کەم ئەندامان زیاد لە حەد خراپە، وەزعیان زۆر زۆر خراپە، یەعنی ڕۆژانە دەبینین چ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن چ ئێمە کە لە ناویانین و قسەیان لەگەڵ دەکەین، بەڕاستی هەندێکیان بارودۆخ و ژیانیان گەیشتۆتە بن بەست، بۆیە پێویستیان بەوەیە کە حکومەت چارەسەرێکی بن بڕ بۆ کێشەی مووچەی کەم ئەندامان ببینێتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە یەکەم خاڵ کە مووچەیەکی باش کە شایستەی ئەو خەڵکانە بێت کە بتوانن پێی بژین، بە ڕاستی دەبێ بۆیان دابین بکرێ نەك مووچەیەك بێت کە بەشی خۆیان نەکات، چ جای کەم ئەندامی وا هەیە کە خێزانێکەو چەند سەر خێزانێکە، ئینجا دابەشکردنی زەوی هەرچەندە جەنابی وەزیر باسیکرد، بەڵام ئەم بڕیارە کۆنە یاخود دەمێکە باس لە دابەشکردنی زەوی دەکرێ، یەعنی پێویستە بە زووترین کات حکومەت بیر لەوە بکاتەوە یان زەوی بەسەر کەم ئەندامان دابەش بکات و سلفەیان پێبدات، بۆ ئەوەی خانوویەکی نیشتەجێبوون بۆ خۆیان دابین بکەن، یان شوقەیەکی سەکەنی بۆ هەر کەم ئەندامێك دابین بکرێت، ئینجا لە هەمووی گرنگتر بیمەی تەندروستییە، بەڕاستی خۆمان دەزانین کەم ئەندام

بەردەوام کێشـەی تەندروسـتی هەیە، بەردەوام لە ڕێگـای نەخۆشـخانەکانە، حەقە ئەگەر بـۆ هەر چینێك بیمەی تەندروستی نەبێت بۆ کەم ئەندامان بیمەی تەندروستی هەبێـت، چارەسـەرەکانیان ئەوانەی کە لێـرە چارەسـەر دەکـرێن لێـرە بتـوانن بە بەلاش چارەسـەر بکـرێتن بە بـێ بەرامـبەر و ئەوانەشی لە دەرەوە چارەسەریان پێویستە بۆیان بکرێ لە رووی پەروەردەییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان :**

سوپاس، فەرموو خاتوو کلارا.

**بەڕێز کلارا عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنـا بەڕێـز جەنـابێ وەزیـری دکەم، سـەبارەت ب کێشـا منـدالان و هـاولاتیێن خـاوەن پێداویستی تایبەت بابەتەکێ زۆرێ گرنگە ئو گرنگی پێ تێـتە دان ژ لایـێ دەولەتـێن پێشـکەفتی، چونکە بابەتەکە یـێ گرێـدایە ب مرۆڤـایەتی هەروەسـا کەرامەت و مـافێ مرۆڤـی، ژ بلـی کـو ئەز پشتەڤانیا راپۆرت و پێشنیارێن لیژنا تایبەت دکەم، من دوو تێبینی هەبوون بـۆ جەنـابێ وەزیـری بەداخەوە خەلکەك هەیە د تۆڕێن جڤاکی ب شێوەکێ نەجوان ب کار تینن ئێك ژ وان دیاردا وێـنە کرن و ڤیدیۆ کرن مندالێ و کەسێن خودان پێداویستی تایبەت بۆ یاری کرن، هەروەسا ژ بـۆ زێـدە کرنا لایك و کۆمێنتان ئەڤە کارەکێ نەجوانە نە ژ لایێ مرۆڤایەتی نە ئاییینی نە ئەخلاقـی ئـو دژی ماف و کەرامەتا مـرۆڤییە، لەمـا داخـازێ ژ جەنـابێ وەزیـری دکەم ئایـا چ رێکـارێن یاسـایی هەنە بەرامبەر ڤان جۆرە مرۆڤان، هەروەسا پشتەڤانیا پێشنیارا گولیزار خانێ دکەم د بـابەتێ زارۆکـێن سەر جادا بۆ فرۆتنـا کەل و پەلا یـان ژی کـارێ خـازۆکی دکەن ئەرێ وەزارەتـا تایبەتمەنـد پـلانەك هەیە بۆ کێم کرن یان نەهێلانا ئەڤێ دیاردەی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیلی خان.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشەك ژ وان خالێن من ڤیا بەحس بکەم هاتنە بەحس کرن، بەس دێ بەحسـێ وێ ئێکـێ کەم کە بەڕێز وەزیرا کـار و کاروبـارێن جڤـاکی بەحسـا گـرفتێن بەردەم نەبوونـا سـەنتەران ل قەزایـا کـر، بەداخەوە حـاڵەتی ئـۆتیزم بەرەو زێـدە بـوون چـووە، داواکـارین ئەو گـرفتە چارەسـەر بکرێـت لە قەزاکان سەنتەری ئۆتیزم بکرێنەوە، ئو رەوشی ئابووری هاولاتییان وەکوو پێویست نییە نـاتوانن منداڵەکانیان ببەنە سەنتەری پارێزگاکان، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بهجت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، بخێرهاتنـا بەڕێـز جەنـابێ وەزیـری دکەیـن موشـکیلێت سـەرەکی یێت کەم ئەندام و خودان پێداویستییێت تایبەت زۆرن، حەقـیقەت بەس ئەز شـێم د دوو خاڵێـت سەرەکی کۆم بکەمەڤە ئێك نەبوونا تۆمارکرنا ناو بۆ کەم ئەندام و خاوەن پێداویستییێت تـایبەت

دوو جێبەجێ نەکرنا یاسایا ژمارە (٢٢) یا ساڵا (٢٠١١) وەکی خۆ کە حەقیقەت ئەم ئاگادارین ل هەیڤا (٢٠١٣/٩) تا نووکە یەك کەم ئەندام ژی نەهاتییە تۆمار کرن د حاڵەتەکی دا کو دەیان هەزار کەم ئەندامێت جەستەیی، نابینا، نابیست، ئۆتیزم، مەنگۆڵ، ئیفلیجییێت مێشکی هەتا ئەو بچیکێت تووشی شەکرێ ژی دبن چاوەڕوانێ هندێنە کو مووچەیەکی کەم ئەندامی بۆ وان بێتە دابین کرن ئەو کەم ئەندامێت نوکە مووچەی وەردگرن هەمی ئەون ئەوێت بەری (٢٠١٣) ناڤێ وان هاتییە نڤیسین لێ ئەڤێت ڤێ گاڤێ هەتا کەنگی دێ چاڤەڕێ بن ناڤێ بهێتە نڤیسین بۆ وەرگرتنا موچەیەکی، دوو ل دیڤ یاسایا ژمارە (٢٢) یا ساڵا (٢٠١١) ماف یێ دایە وان دایکا ئەوێت نە فەرمانبەر کو کەم ئەندام هەی هەر یەك مانگانە (١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزارا بدەنێ لێ بە داخەوە هەتا نوکە ئەو ژی نەهاتییە جێبەجێ کرن، سێ ئەنجومەنێ وەزیران سۆزەك دابوو کو کەم ئەندامێت د ژیانێ دا نەماین و مووچێ وان هاتییە بڕین ب هەر سەبەبەکی یان چوونە دەرڤە یان وەفات کرییە ل جهێ وانا هندەك کەم ئەندامێت دی ناڤێ وان دانێن مەسەلەن بۆ نمونە پارێزگەها دهۆکێ هەشت بۆ دە هەزار کەسێت وەسا یێت هەین و ئامادەن ل جهێ وان بێنە دامەزراندن لێ مخابن ئەو ژی نەهاتییە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی جەنابی وەزیر دەکەین و دەست خۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین بۆ ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە تێرو تەسەلە، بەشێك لە قسەکانم لە لایەن کلارا خانەوە کرا، پشتگیری لە بەڕێزیان دەکەم بەشێك لێرەدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لێرەدا باس لەو کەم ئەندامانە کراوە کە شەلەل دەماغ یاخود سری پۆلسیان هەیە، بەڵام ئەوەی باسی لێ نەکراوە کەچی ئەو هاووڵاتییانەیە کە گرفتی تەخەلف عەقڵی مرتەیشنیان هەیە وەك زۆربەمان دەبینین و دەبیستین ئەو هاووڵاتییانە لە جادەو کۆڵانەکاندا دەسورێنەوە، بەداخەوە زۆربەی جاران ڕووبەڕووی بێ ڕێزیکردن و ئیستغلال کردن دەبن وە خاوەنەکانیان بەخێوکەرەکانیان توانای کۆنترۆڵکردنیان نییە، زۆر زەرورە حکومەت خۆی لەم کەسانە بکاتە خاوەن، سەنتەری تایبەت بە حەوانەوەی ئەمانە بکەنەوە، بۆ ئەوەی هەم پارێزراو بن و هەمیش بار سوکییەك بێ بۆ خاوەنەکانیان، پرسیاری من لە جەنابی وەزیر ئەوەیە ئایا بیرتان لەکردنەوەی سەنتەرێکی بەم شێوەیە کردووە یان نا ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەین، دیارە بۆ ئەو کەسانەی کەوا بۆ هەرکەسێك لەوانە (١٥٠) هەزار دینار دابین کراوە بۆ ئەو کەسانەش کەوا فەرمانبەرن یا مووچەیەکی تریان هەیە (١٠٠) هەزار دینارە، دیارە کێشەیەکی باش دروست بووە بۆ بەشێکان کە لەوانەیە نەیانزانیوە، یەعنی

ئەو حاڵەتانە دانراوە، بەشێکیان ئێستا پارەی چەند ساڵێکیان بەسەردا کەوتۆتەوەو کە هەیە وەکو خۆی باس دەکات چوار ملیۆن دینارە کە لە ئێستادا داوایان لێ دەکەم ئەم پارانە بگێرنەوە کە توانای گەڕاندنەوەشیان نییە، بۆیە من پێشنیاردەکەم یاخود عەفو بکرێن لەو پارەی کەوا لەسەریانە، یا ئەوەتا بۆیان بکرێ بە قیستێکی درێژخایەن بۆ بەشێکیان و هەروەها پەلە بکرێ لە هەموارکردنەوەی یاساکە بەمە دەتوانرێ بەشێکی زۆری کێشەکان چارەسەر بکرێت و ئەوانە و هەروەها رێژەی لە داهاتودا هەولبدرێ رێژەی کەم ئەندامیەکە لە سەرووی ئەم (١٥٠) هەزارەوە نەك لە خوارووی ئەمەوە، یەعنی بۆ هەر کەم ئەندامێك بە پێی رێژە زیاد بکات بە پێی رێژەی کەم ئەندامیەکەی هەر چەندە ئەمەش هەر کەمە، بەڵام مەبەستم لە دۆخەکەی ئێستایە، بەڵام لەسەرەوە پێویستە زیاد بکرێت و دەستیش توند نەکەین لەسەر ئەوەی کە والله فڵان کەم ئەندامە پەنجەیەکی نییە، یان شوێنێکی نییە، ئێمە هەستین مووچەکەی ببڕین، یان ئەو هاوکارییەی ببڕین کەوا هەیەتی ئێمە بەراستی خۆ ئێمە ئەگەر سیستەمی سۆشیال بە تەواوی خەڵکی هەرێمی کوردستان نەتوانین جێبەجێی بکەین با بۆ ئەم بەشە هەژارەی خەڵکی کوردستان بتوانین جێبەجێی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە هەموو لایەك دەکەم، لە روونکردنەوەکانیدا بەڕێز وەزیر وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانی دایەوە دوو پرسیارم هەیە ئێستا جگە لەوەی پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز کاك جلال دەکەم، بە پێی یاسایی ماف و کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی هەشتەم باسی مۆڵەتی بەخێوکار دەکات بۆ فەرمانبەران، بەڵام لە ئێستادا کێشەی فەرمانبەرانی گرێبەستمان هەیە ئەو فەرمانبەرانەی کە گرێبەستن ناتوانن مۆڵەتی بەخێوکار وەربگرن، ئایا وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی چارەسەری بۆ ئەم کێشەیە چۆن چۆنییە؟ پرسیاری دووەم سەبارەت بە پرسیارێکم پار ساڵ ناردم بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە وەڵامدا ژمارەی کەم ئەندامان بە گشتی (٨٩٥٤٧) کەم ئەندام بوو، ئەو راپۆرتەی ئەورۆ بەدەستمان گەیشتووە لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییەوە ( ٨٨١٢٢) کەم ئەندامە، تەقریبەن لە پار ساڵەوە تا ئێستا (١٤٠٠) کەم ئەندام کەمی کردووە، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا ئەوە پرۆسەی پاکتاوە یاخود شوێنەکانی ئەو کەم ئەندامانە خاڵی بووە ئەو (١٤٠٠) کەم ئەندامە کەمی کردووە بە ژمارە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەین، سەبارەت بە کارکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کێشە و قەیرانی گەورە گەورەی تێدایە کە بە هۆی پێداویستی تایبەتییانەوە لە کەرتی تایبەتدا

جێگایان نابێتەوە بە پێی پێویست و یاسایەکیش نییە مافەکانیان بپارێزێ، ئیلا یاسای عێراقی نەبێ کە بەسەر چووە کەموو کورتی زۆر تێدایە و ئەوەتا دیارە کە حکومەتیش تا ئێستا نەیتوانیووە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمترین پێویستییەکانیان بۆ دابین بکات، بۆیە من پرسیارم بۆ جەنابی وەزیر ئەوەیە کە سەبارەت بە یاسای کار بە تایبەتی ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانەوە هەیە یاسای کار گەیشتووە بە چی لەلای بەرێزیان، ئایا ئەگەر ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان کە داوامان کردووەو داوای دەکەین پێشکەشی بکەین، پێویست نییە کە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیش بێتە سەر خەت، بۆ ئەوەی کە پێکەوە پەرلەمان و حکومەت ئەو یاسایەی کارا بهێنێتە بوون بۆ هەرێمی کوردستان، کە تا ئێستا بوونی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمه صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، دەستخۆشی لە کاك عمر گولپی دەکەم بۆ ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە، ئەم راپۆرتە تەنها یەك کەموکورتی تێدایە ئەویش ئەوەیە هۆکارەکانی دروست بوون و زیادبوونی ئەم حاڵەتەی تیا دیاری نەکراوە، بە جۆرێك سەدا دووی دانیشتوان دەگرێتەوە کە ئەم رێژەیە بە پێی ستانداری جیهانی زۆر زۆرە، بۆیە پێشنیار دەکەم حکومەت کاری زۆر جدی بکات بۆ کەم بوونەوەی لە دەستدانی جەستەو مێشکی ئازیزانمان، پێشنیار دەکەم کە منداڵانی کەم ئەندام یاخود خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەموو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان ژوورێکیان بۆ دابین بکرێت، یەك مامۆستا تەرخان بکرێ بۆیان کە زۆرترین یاریان لەگەڵ بکات لە هاو پۆلەکانیشیان دا نەبڕێن.

دووەمینیان هەر نەخۆشخانەیەکی تایبەت ساڵانە دوو خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئەستۆ بگرێت، چونکە بەو شێوەیە بە عەدالەت دابەش دەکرێت کە وەزارەت بە نووسراوی رەسمی بەسەر نەخۆشخانەکان دابەشی بکات، لەبەر گرانی نرخی نەشتەرگەری لەو نەخۆشخانانە، چونکە داشکان چارەسەری دەردی هەژاران ناکات و سوودی نابێت و پێشم وایە سەرمایەدارانمان دەستی هاوکاری درێژ دەکەن، بە خۆشحاڵیەوە ساڵانە دەتوانن دوو نەشتەرگەری بە خۆرایی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمه صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریه خان.

**بەڕێز بدریه اسماعیل محمود:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشیم هەیە بۆ برای بەڕێزم مامۆستا عمر بۆ ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە، لە برایانی بەڕێزو ئیشارەتیان بەوەدا کە لیژنە ئامادەیکردووە، ئەمەوێت ئەوە روونکەینەوە کە کە جەنابی مامۆستا عمر ئەو راپۆرتەی ئامادەکردووە دووبارە دەستخۆشی لێ دەکەم، هیوادارم جەنابی

وەزیر هەوڵی جدی بدات بۆ جێبەجێکردنی پێشنیارو داواکارییەکانی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە چارەسەری جەوهەری لە ناو راپۆرتەکەدا دەست نیشان کراوە، بەداخەوە لە زۆربەی وڵاتان هەرکەسێك خاوەن پێداویستییەکی تایبەتی هەبێت ئەو ماڵە جۆن دەڵێی ژیانێکی خۆش و ئاسوودەیان هەیە، هەموو پێداویستییەکەی بژێوی ژیانیان بۆ جێبەجێ دەکرێت، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە بەو برە پارەیەی کە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت دیاریکراوە منداڵی ئۆتیزم یا شەلەل دەماغ ئەوانەی خاوەن پێداویستی تایبەت پێم شك دێت کە هەر (٣٠) رۆژ جارێك پێداویستی بە کرینی شرووبە، کرینی هەر شرووبێك بە (٢٥) هەزارە، هەر (٣٠) رۆژ جارێك شرووبێکی ئاوای پێویستە، بەڵام من لێرە لە جەنابی وەزیر دەپرسم بری ئەو (١٥٠) هەزار دینارەی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت دیاریکراوە، جەنابتان ئەو دەسەڵاتانەی پێتان دراوە وەکو بابەتەکە هەنگاوتان چی بووە بۆ ئەوەی ئەو رێژەیە بەرز بکەنەوە و، سەبارەت بەو چەند هەزارەی کە تا ئێستا تۆمار نەکراوە جەنابی وەزیر ئیشارەی پێداوە کە باس لە پاکتاوکردنی، بۆ دەبێت ئەوانەی رێژەیەکی زۆریان هەیە لە کەم ئەندامی رێژەی لە سەدا سەدیشە تائێستا باجی ئەوە دەدەن کە تا ئێستا بۆ نموونە هەندێك لە کەم ئەندامان خاوەن پێداویستی تایبەت پاکتاو نەکران بۆ دەبێت ئەوان باجەکەی بدەن و هەوڵی جەنابیان چییەو دەمەوێت وەڵامم بدەیتەوە لەسەر ئەوە، سەبارەت بە خودی راپۆرتەکە تەبعەن بەشی شەشەم باس لە مۆڵەت پێدانی دایکانی خاوەن پێداویستی مناڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات، بە رای من ئەو مۆڵەت پێدانە باس لەوە دەکات ئەگەر یەکێك وەزیفەی حکومی نەبێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جیهاد.

**بەڕێز جیهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودایێ مەزن و دلۆڤان، بخێرهاتنا بەڕێز وەزیرێ دکەین، ب راستی یا دیارە کو ئەڤرۆکە خودان پێتڤیێن تایبەت و کەم ئەندام ئەرکێ سەر مە هەمییا هەی هەر یەکە و دیڤ پێچێبوونا خۆ چاڤێ خۆ بدەتێ، تەبعەن دڤێت ئەم وەلێ بکەین ژیانا وان وەکی چاوا ئەگەر خودێ تەعالا خەلاتەك گەل وانا کری باوەڕ ناکەت، یەعنی ئەڤرۆکە ئیهتیمامێ بدەینێ ژ ناحییا هاریکارییا و گەلەك تشتێت دی یا دیارە ئەگەر ئەم سەح کەینە ژ شارعی کا خزمەت بۆ هاتییە کرن یان نە مەسەلەن ب تایبەت ئەڤێت نابینا یەعنی هندەك رەسیفا تو دێ بینی خەتەکا زەرە دشێن بکەن هەتا نوکە نەهاتییە کرن، خەلکێ بیانی دێبینیت و ژبلی وەسایلێت نەقل هەر چ تشتێت هۆسا بۆ نەهاتییە کرن ئەڤە بیناسازینە یان هەتا مزگەفتا باوەر بکە وەختێ تێن ئاڤا کرن هزرا وانا ناهێتە کرن یێت تابقا دووێ ب تەعدا ب سەر دکەڤن ب تایبەتی ئەوێت هۆسا قەسدا عیبادەتێ دکەن ئەم حەز کەین ئەڤانا بەر چاڤ بگرن، یا دی ژی من ڤێت ئاماژە پێ بدەم یێت ئۆتیزمێ ل کوردستانێ ئەگەر خەلەت نەبم سێ هەزار حاڵەت مە یێت هەین ئەڤە گەلەکە ب راستی گەل ڤانا و حالەتێت دی بۆ چی هەماهەنگی گەل وەزارەتا ئەوقاف نینە بۆ هندێ کو خەلکێ رۆشنبیر چاڤێ خۆ بدەنە کەسانێت هەنێ کو گوتارێت هەینی دا بەحس بکەن یەعنی ئەز بینم ئەڤە کەم تەرخەمییەکا ژ لایێ وەزارەتێڤەیە چ دگەل یەکێتییا زانایێا گەل وەزارەتا

ئەوقافێ د خوتبادا حەقە بەینا چەند هەیڤەکێ خوتبێت گشتگیر بێنە تەعلیم کرنـێ مـوەحەد بـن سەر وێ چەندێ، پرسیارەکا دی ژی من یا هەی ئەگەر دەرفەت هەبیت هندەك سەنتەر یێت هەین یێت هاتینە ئاڤا کرن بەس چ ئیهتیمامێ نادەنێ پەیمانگەهێـت نابیسـتا مامۆسـتاییێت وان گەلەك گازندا دکەن، ب راستی فەرمانبەرن حەز کەن بچنە سەر وەزارەتا پەروەردێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنـا وەزیـرا هێـژا دکەم کوێسـتان خـانێ، هنـدەك ژ وان خالێـت مـن ڤیـان بەحـس بـکەم هەڤالێت من ئاماژە پێ کرن درێـژ نـاکەم، بەس مـن ڤێـت تەئکیـدەکێ ئاخفتنەکا کـاك بەهجەتـی دکەم یاسایا ژمار (٢٢) یا ساڵا (٢٠١١) هەر چەندە ب کەم و کورییێت خۆ ژی ڤە ئەگەر ب دروسـتی بێت جێبەجێ کرن دێ هندەك کێشێت خودان پێداویستییێت تایبەت حەل کەت، جەنابێ وەزیـرێ ئاخفتنێت جوان تێدا هاتن کـرن خاسـەتەن مـاددا (١٢) بڕگـا ئێـك و دوو بەحسـێ خزمەتگوزارییـا تەندروستی ب خۆڕایی هاتییە کرنێ ژ لایێ وەزارەتـا تەندروسـتیڤە جەنـابێ وەزیـری ژی ئامـاژە پێکـر کـو (٧٥٠٠٠) خـودان پێداویسـتییێت تـایبەت یێـت هەی بـێ مـووچەنە، ئەگەر ئەڤێـت هەنـێ وەزارەتـا تەندروسـتی ئامـاژە پێکـر ئەو پسـولا بەحـس لـێ هـاتە کـرن د وێ یاسـایێ دا ئەگەر چ نەبیت ل کەرتێ تایبەت ژی ئەگەر ب خۆڕایی ژی نەبیت بڕەکێ داشکاندنێ تێدا ئاماژە پێ بـکەن بۆ ئەوێت هەنێ بێ مووچەنە دێ زۆر باش بیت، وە دەستخۆشـیێ ل لیژنـا ئامادەکـار ژی دکەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارنامەی نێو دەوڵەتـی مافەکـانی مرۆڤ جەخـت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە کە هەموویـان دەبێـت ژیــانێکی ســتاندار بــژین لە رووی تەندروســتی و پەروەردەیــی و خــواردن و نیشــتەجێبون و ئاسایش، ئەوجا ئەو مـرۆڤە چ تەندروسـت بێـت یـان نەخـۆش بێـت یـان کەم ئەنـدانم بێـت یـان خــاوەن پێداویســتی تــایبەت بێــت، پرســیار ئەوەیە ئایــا لە کوردســتان کەم ئەنــدام و خــاوەن پێداویستی ئـێمە ئەم ژیـانەی هەیە بێگومـان ئەگەر تەماشـای ئەو بـڕە هاوکـارییە بکەیـن بۆیـان تەرخان کراوە، زۆر روون و ئاشکرایە، بێگومان ئەو هاوکارییە بەشی پێداویسـتی زۆر سـەرەتایی کەم ئەنـدام و خـاوەن پێداویسـتی تـایبەتیش ناکـات، بـۆیە لێـرە داوا دەکەیـن کە وەکـو هەمـوو هاوکارانم ئەو داواکارییانەی کردوویانە مووچەیان بەرز بکرێتەوە و، هەروەها تۆمـارکردنی نـاوی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستییەکانیش دەست پێبکاتەوە، بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ئەگەر دووخــاڵ هەیە ئەگەر روونکردنەوەیەکمــان بــدەیەی لەســەر ئەمــانە، بە پێــی راپــۆرتی چاکسـازی لە وەزارەتـی کاروبـاری کـۆمەڵایەتی سـەنتەرێك بـۆ دەسـت نیشـانکردنی رێـژەی کەم ئەندامی و پەکەوتوویی دروست دەکرێتن، ئایـا دروسـتکردنی ئەم سـەنتەرە چ پێویسـت دەکاتـا،

ئایا تەنها لیژنەی تەندروستی کافی نییە بۆ ئەم مەبەستە؟ ئایا ئەوە نابێتە زیادبوونی رۆتینیات سەبارەت بە قسەی جەنابت ئاماژەت پێکرد؟ پەیمانگاکانی سەربەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەردەوامن لەسەر دەوامی خۆیان، بەراستی ئەوەش بۆتە جێگای گلەیی بەشێکی زۆر لە خانەوادەی ئەو خاوەن پێداویستیانە، داوا دەکەین کە دەوامی ئەوانیش وەك دەوامی خوێندنی وەك لە سێکتەری پەروەردەو خوێندنی باڵا بێت، ئەویش رابگیرێت بەهۆی ئەو بارودۆخە تەندروستییەی کە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمه صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی و کاك لقمان یارمەتی کاك یاسین بدەن، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەستخۆشی لە کاك عمر دەکەین، والله هیچی نەهێشتۆتەوە ئەو قسانەی مە هەموو زیادن دەیکەین، پێشنیارم هەیە بەخێرهاتنی جەنابی وەزیریش دەکەم والله من پێشنیارێکم هەیە بۆ جەنابی وەزیری دوای (٩١) چەند کەسانێك مەسەلەن لە کوردستان بەهۆی ئەوەی کەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەو کوردستان ئازاد بووە لەسەر قووتی ئەو میللەتەی زۆربووە سەرمایەداری زۆر زەخم، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ یاسایەك دەربکات بۆ ئەو سەرمایەدارانە یەکی چەند کەمئەندامێك بە خۆیانەوە بگرن و ساڵانە پارەیان بدەنێ؟ یاخود ئەو خەستەخانە ئەهلیانەی کە دەکرێنەوە، یەعنی بۆ مەرجیان بۆ دانانرێت بە بەلاش عیلاجی ئەو کەمئەندامانە بکەن، یەعنی بۆ بۆیان دانانرێت حکومەت ناتوانێ شتێکی وا بکات، خاڵێکی تر ئەوەیە ئەوانەی ئۆتیزم دەمەوێت لە جەنابی وەزیر بپرسم ئەرێ ئێوە وەك وەزارەت هەتا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکتان کردووە ئەو رێژەی ئۆتیزمە بۆ لە کوردستان وا زۆر بووە؟ ئایا بەهۆی خواردنە؟ بە هۆی ژینگە پیس بوونە؟ هۆی ئەو دەرمانەیە کە ژەهرە دەدرێ بەو میللەتەی؟ هۆیەکەی چیەو؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمه صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان :**

سوپاس، وشەی خۆ دەرخستن لە پرۆتۆکۆل ئەسڕێتەوە، ئەندامی پەرلەمان موناقەشەی راپۆرتێکی گرنگ دەکات، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، سوپاس بۆ راپۆرتەکەی مامۆستا عمر یش، بەداخەوە بارودۆخی گوزەرانی منداڵان و نەخۆشانی خاوەن پێداویستی تایبەت رۆژ بە رۆژ لە خراپ بووندایە، بەراستی گوزەران و ژیانیان زۆر بەرەو زەحمەتی دەچێت، هەتا خانەوادەکانی خۆشیان کە بەداخەوە لە سەر شاشەکان و جادەکان دەبینین کە نارەزایی دەردەبڕن مافەکانیان بۆ بەرجەستە نابێ، پرسیارێك بە کورتی باسی رێژەی جیاوازی وەرگرتنی پارە لەلایەن سەنتەرەکانەوە کە جیاوازییەکەی رێژەی زۆر زۆرە لە (١٢٠) دۆلار تاوەکو (١٠٠٠) دۆلار، یەعنی ئەم رێژەیە بەراستی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت و بۆ خاوەنەکانیان رێژەیەکی زۆر زۆرە، چی کراوە بۆ ئەوەی ئەم رێژەیە یەکسان بکرێتەوە؟ بۆ ئەوەی یەکسان بێت و بەرێژەیەکی کەمیش

دیـاری بکرێـت بە لە بەرچـاوگرتنی بـارودۆخی دارایـی خانەوادەکانیـان، باسـی بەخشـینت کـرد جەنابی وەزیر خوێندنی بـاڵا بەراسـتی کـارێکی باشـتان کـردووە، ئەی بـۆ پەروەردە چیکـراوە بـۆ ئەوەی کە قوتابیـان لێخۆشـبوونیان بـۆ بکرێ ببەخشـرێن هەم لە ناوەنـدە حکومیەکـان و هەم لە ناوەندە ناحکومیەکان، ئینجا ڕێژەیەکی زۆر زۆر کۆمپانیا هەیە لە هەرێمی کوردستان بۆ تا ئێستا بڕیارێـك نەدراوە بە بڕیـار بەسـەریاندا بسـەپێندرێت کە ڕێژەیەکـی زۆر ئەوانەی خۆیـان توانـای کارکردنیان هەیە لەو کۆمپانیایانە کار بکەن، کە هەلێکی باشە بەراستی تـا مافەکانیـان بـۆ دیـاری بکرێت، پڕۆژەیەکـی گونجـاو ئینجـا لە سلێمانی و هەولێـر و دهـۆك سـەنتەری ئۆتیزمـان هەیە لە قەزاکان لە ناحیەکان، ئەوانە بەراستی نـاتوانن بێـنە پارێزگاکـان هـاتووچۆ بـکەن، چـی کـراوە کە سەنتەری ئۆتیزم لە ناوچەکانی تـریش بکـرێتەوە کە باریـان لەسـەر سـووك بکـرێ، کۆتـا پرسـیارم ئەوەیە لە کەرتی تەندروسـتیدا خزمەتگوزاری تەندروسـتی عەمەلیـات هەر داودەرمـانێکی تـر لە نەخۆشــخانە حکومییەکــان دەدرێــت بە نەخۆشــانی ئــۆتیزم، ئایــا چــی کــراوە بــۆ ئەوەی کە لێخۆشبونی سەدا سەدیان بۆ بکرێ و ببێ بە بڕیار، بۆ کەرتی تایبەتیش لەو بـوارە بڕیـاری چیتـان هەیە لە داهاتوودا لەبەر چاو گرتنی باری دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وڵاتێکـی هێنـدەی دوورنـا لە ئیمـارات منـداڵێك بە نـاوی (ودیـمە ) بـاوکی دەیکوژێـت، کچێـك دەیکوژێــت و لە نــاو بیابــان حەشــاری دەدەن بــۆ ئەوەی کە جەریــمەکەی کەشـف نەبێـت، ئەم حادیسەیە لە ئیمـارات دەبێـتە هـۆی دەبێـتە هەوێنـی دروسـت بـوونی یاسـایەك بە نـاوی یاسـای قانوونی پارێزگـاری منـداڵ، کە ناوەکەشـی نـاوی (ودیـمەیە ) ئـێمە لە هەرێمـی کوردسـتان تەنیـا ئیشـکالیەتمان لەگەڵ مافەکـانی منـداڵ، یـاخود لەگەڵ منـداڵە تەنیـا لەو شـوێنانە نـین، ئێسـتا کارەکانیان لەسەر وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییە، بەڵکو کێشەی منداڵ لەو هەرێمەدا زۆر گەورەتـرە قـانوونێکی هاوشـێوە دەتـوانێ چوارچێـوەکەی بەدیـلە تیـادا جێبەجـێ بکـرێتەوە و بتوانرێ بە زووترین کات لە پەرلەمانی کوردستان قانوونێك تـایبەت بە پارێزگـاریکردن لە منـداڵ و لە مافەکانی دەربجوێندرێت، خاڵێکی تـر لەسـەر کەم ئەنـدامان و خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت یەکێـك لەو کێشـە سـەرەکیانەی کە ئێسـتا کەمئەنـدامان هەیـانە، خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت هەیانە، بەتایبەت نا بینایان مەسەلەی نەبوونی کتێبە بە خەتنووسی پرێنت، تـایبەتە بە نابینایـان ئەو تـایبەتە بە خۆیـان و خەتێکـی جیـاوازە، ئـێمە لە هەرێمـی کوردسـتاندا مەتبەعەیەکـی زۆر شرمان هەیە کە نازانم هی چەند ساڵ پێش ئێسـتایە، توانـای ئەوەی نییە تەختـیەی هەمـوو ئەو کتێبانە بکات کە نابینایان پێویسـتیانە، بـۆ ئەوە پێویسـتە بە زووتـرین کـات حکـومەتی هەرێمـی کوردســتان مەتبەعەیەکــی زۆر باشــی پرێنــت لە هەرێــم دابمەزرێنێــت کە ئەوەنــدەی مــن بە دواداچــوونم بــۆ کــردووە، پرســیارم لەخۆشــیان کــردووە زمــانییە، زۆر بــازارییەکەی تەنیــا (١١) دەفتەری تێ دەچێت کە مەبلەغێکی ئەوەندە کەمە هەر پێم شـەرمیش بـوو باسـی کەم، خـاڵێکی تـر یەك تێبینـیم هەیە لەبەر ئەوەی موسـائەلە نیـیە نـاتوانین پرسـیار لە وەزیـر بکەیـن، بەڵام ئەو

سیستەمەی کە لە دهۆك پەیڕەو دەکرێت بۆ تەسفیەی ئەو ناوانەی کە لە ناو کەمئەندامان هەن لیستەکان پاکسازی بکرێ، بەراستی ئێمە وەك لیژنە سەردانی دهۆکمان کردووەو تەواوی دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو سیستەمە سیستەمێکی زۆر زۆر باش بووە زۆر جێی دەست خۆشی بووە، ئێمە ئەوەندە موعجیب بووین لە بەینی خۆماندا هەر باسمان دەکردەوە، ئەو سیستەمە بۆ پەیڕەو ناکەن لە هەولێر و دهۆك و هەڵەبجەو سلێمانی، سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاتەکەت تەواو بوو، گلستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هندەك پرسیار هەنە ئاڕاستەی جەنابێ وەزیرا کاروکاروبارێ کۆمەڵایەتی دکەم، چونکە ئەڤە ئاریشەیەکە ڕێڤەبەرییێن گشتی هەمییا ب خۆ ڤە دگریت، پرسیارا من ل ڤێرێ ئەوە سەبارەت ب چاودێری خێزان کو ل (٢٠١٥/٩/١) هاتییە راوەستاندن ئەرێ ئەگەرێ ڤێ ئێکێ چییە؟ مە د ڤێت روونکرنێ بۆ مە بدەت چاودێری خێزان، هەروەسا سەبارەت ئەو دایکێن نەفەرمانبەر بن ئو زارۆکێت کەم ئەندام هەبن بۆ چی تا نەها موچێن وان نەهاتییە دابینکرن ئو ژ (٢٠١٥) وەرە تەعلیمات پێ دەرکەفتینە تەعلیماتا ژمارە (٢) سالا (٢٠١٢) ئەرێ پلان بۆ ڤێ ئێکێ چییە؟ چونکی ئەڤ دایکە نەشێت وەکی پێتڤی بەردەوامیێ ب ژیانا خۆ بدەن و پێتڤیێن زارۆکێ خۆ یێن کەم ئەندام پێ دابین بکەن، هەروەسا پرسیارەکا دی ژی من هەیە شەڵتە و خانییێن بێ سەمیانا بیست و چار دەمژمێرا کار دکەن ئو چ بودجەیا تایبەت ب خۆڤە نینە ئاریشە د خزمەتا وان دا هەیە ئاریشە بۆ پەیدا دبن ئەڤێ ژی مە دڤێت روونکرنێ بۆ مە ل سەر بدەت، هەروەسا زارۆکێن د بن هەژدە سالیێ ئەوێت ل سەر شەقاما کار دکەن ئەڤە بوویە دیاردەیەکا گەلەکا مەزن ئو بەرەڤ زێدە بوونێ بوویە و نوکە بوویە گروپ و ئەڤ زارۆکە ب گروپ کار دکەن سەر شەقامان ئو ئاریشەیەکا مەزن لێ پەیدا بوویە ڤێجا مە دڤێت بزانین چ پلانەك هەیە بۆ ڤێ دیاردێ کو ئەڤ دیاردە نەمینیت، پرسیارەکا دی ژی من هەیە ل ڤێرێ سەبارەت خاوەن پێداویستییێت تایبەت جەنابێ وەزیرێ ئاماژە پێدا ژی گۆتی هندەك کورسی بۆ هاتینە دابینکرن ئو لێ بەخشین بۆ هاتییە کرن من دڤێت لێرە بۆ جەنابێ وەزیری رابگەهینم کو ناڤێ قوتابییەکێ ل دەڤ من هەیە قوتابیێ دهۆکێیە گەلەکێ خودان شیان نزیکی پێنج جارا سەرەدانا وەزارەتا خاندنا بالا کر موافەقە ل سەر نەدکر سەر کو ئەڤ قوتابییە ل زانکۆیەکێ بهێتە وەرگرتن هەتا ب گڤاشتنا لیژنا پەروەردە و خاندنا بالا نەبووی ئو کتاب بۆ نەکری بۆ وەزارەتێ بڕیار ل سەر هندێ نەدای کو ئەڤ قوتابییە بهێتە وەرگرتن ل ڤێ زانکۆیێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامیەکانیشتان بیر نەچێت، وەعدتان داوە حەز دەکەی کامیرەش رابگرن موشکیلەمان نییە بەس با...

**بەڕێز د.هێمن احمد حمه صالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تۆ جارێ فەرمووو لەسەر ئەمە قسە بكە، ئینجا دوایی.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەرەب دەڵێ (الجائع يرحيه الا على شكل رخيس)، بۆیە ئەم قسانە وەك قسەكانی هەڵەبجەو ئەنفالی لێ نەیەت، هەر قسەبووەو قسە بووە وەك كاك یاسین باسیكرد لەگەڵ بەشێكی قسەكەیدام، هیوادارم من ناڵێم وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی لێرە هەموو ئەو كێشانەی پێ چارەسەر دەكرێ، عەلەل ئەقەل داوای كۆبوونەوەیەكی ئەنجومەنی وەزیران بكات، بۆ ئەوەی هەندێ لەم گیروگرفتانە چارەسەر بكرێ، من پشتگیری لە راپۆرتەكە دەكەم بە تایبەتی لە خاڵی مووچەو و هەروەها مەسەلەی تۆماری نییە قسەكانی هەلز خان و سلما خانیش پشتگیری دەكەم سێ شتم هەیە:

یەكەم: ئەوانەی زیاد لە منداڵێكی كەمئەندامیان هەیە بۆ هەر دەبێت دایكەكە یان باوكەكە یەكێكیان مۆڵەت وەربگرن، چونكە ماڵ هەیە خانەوادە هەیە سێ منداڵی ئۆتیزمی هەیە، بەراستی بە یەكێكیان بەخێو ناكرێ، ئەوانەی منداڵی ئۆتیزمیان هەیە بارەكەیان زۆر زۆر گرانە، بۆیە مۆڵەتەكە حەقە بدرێ بە هەردووكیان دایكەكەش و باوكەكەش.

دووەم: رێژەی كەمئەندامی حەقە ئەوەی كەمئەندامی لە سەدا سەدە جیاواز بێت لەگەڵ ئەوەی كە لە سەدا شەستە، یان پەنجاو پێنجە، بۆیە لە هەمواری یاساكەدا دەبێت ئەو عەدالەتە دروست بكرێت.

سێیەم: سەنتەرەكانی مەشق و راهێنان بۆ منداڵانی ئۆتیزم بە تایبەتی و سەرجەم خاوەن سەنتەرە تایبەتەكان زۆرتر بكرێن لە شارو شارۆچكەكان كوردستان و لە هەندێ سەنتەردا منداڵی (١٣) ساڵ و (١٤) ساڵ ئیزن دەدرێن، ئایا ئەوانەش مافیان هەیە كە پێویستە لەو سەنتەرە مەشق و راهێنانیان پێ بكرێ و، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمَن احمد حمه صالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەراەمان.**

دەربارەی ئەو پرسە، ئەو راپۆرتەی خرایە روو بەشێكی زۆر لە وردەكاری تێدابوو دەست خۆشیان لێ دەكەم و داوا دەكەم ئەو راپۆرتە وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی بە نەزەری ئیعتباری وەربگرێت، پشتیوانی لەو بۆچوونەی كاك ابوبكریش دەكەم لە ئەنجومەنی وەزیران ئەو پرسە یەكلا بكرێتەوە، ئەم پرسە پەیوەندی بە وەزیرانی دارایی و رۆشنبیری و ناوخۆو كاروباری كۆمەڵایەتی و پەروەردەو خوێندنی باڵا، رەنگە پەیوەندی بە وەزارەتی دیكەشەوە هەبێت، بەتەنیا چارەسەركردنی كێشەی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ رێزمدا بە وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی ناكرێ، بۆیە دەكرێت ئالیەتێك بدۆزرێتەوە ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی پەروەردەو خوێندنەوە هەیە، وەزارەتی كار لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە یەكلای بكاتەوەو ئەوەی پەیوەندی بە تەندروستییەوە هەیە بەشی كێشەكان لەگەڵ تەندروستی یەكلای

بکاتەوە، لێشاوی کێشەی مەسەلەی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە وەك چۆن لەو راپۆرتەدا هاتووە کۆمەڵێك شتی دیکەش هەیە بابەت لە بەر دەستی مندایە کە پێویستی دەکرد کە چارەسەر بکرێ، ئەو یاسایە هەیە خزمەت گوزاری بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیایە، ئەمە بووە بە کلتور کە رێزی خاوەن پێداویستی تایبەت دەگیرێت لە ناو فارگۆنەکانە لە محەتەی پاسەکاندا لە قیتارەکاندا هەتا دوایی و لە سەر جادەکانیشدا شوێنی تایبەت بۆ ئەمانە هەیە، لەبەر دەم فەرمانگەکاندا ئەبێ خاوەن پێداویستی تایبەت بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت، لە ناو ئێمە دا تا ئێستا داتا بەیسێکی دەقیق نییە لەناو وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و ئەم زانیاریانە ساڵانە چەند هەزار کەسێك، رۆژی وا هەیە (١٥) کەس لە ناو بەرێوەبەرایەتییەکان ئیتر کۆتایی پێ دێ دەسڕێنەوە، بەڵام خەڵکی دیکە ئیزافە ناکرێت بۆ ئەمە کە رۆژانە رووداوی ئۆتۆمبێل هەیە، شتی دیکە هەیە، خەڵکی تر دەبێتە خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەم داتایانە کە ناکرێ یەکێك هەیە مەسەلەن (١٥٠) هەیە، بەڵام کە ئەرکێکی دیکە وەردەگرێت بۆی دەکرێ بە (١٠٠) هەزار، دوای کە ئەو ئەرکەی نامێنێت بۆی ناکرێتەوە بە (١٥٠) هەزارەکە ئەوەندی ئەو پرسە، هیوادارم بەراستی ئەمە ئەنجومەنی وەزیران بۆ دابینکردنی بوودجەیەك و راسپاردەی کۆمەڵێك وەزارەت چارەسەر دەکرێ و هیوادارم ئەم دانیشتنە بتوانێت ئەم فشارە دروست بکات نەتیجەی هەبێت، ئەم وەزارەتە ماڵیانە بێنێتە خەت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستاش دەرفەت دەدەینە جەنابی وەزیر بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارو سەرنج و تێبینیەکانی ئێوەی بەڕێز بداتەوە، فەرموو جەنابی وەزیر ئەو ناوانەی لای من هەبوو تەواو بوو، ببورە ئەگەر ئیجازە هەبێت جەنابی وەزیر با سەر چنارخانیش قسەکانی خۆی بکات، کاك عمر یش و کاك گۆرانیش بەسەر چاو ببورن.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند خاڵێکم هەیە یەکێك لەو خاڵانە خستنەگەڕی هاوکاری تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی کە پێی دەوترێ چاودێری خێزان بۆ شەش ساڵە وەستاوە، لە دنیایا بووە قەیرانی دارایی بە بڕینی هاوکاری تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێت، هیوادارین ئەمە یاسا پشتگیری دەکات، پێویست بەوە ناکات جارێکی تر نووسراو بکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران یاسا پشتگیری دەکات و ئەبێ بەرقەراربێ و ئیشی لەسەر بکرێ. دووەم: ئەوەی کە زۆر باسکرا دەرگای قبووڵکردن بکرێتەوە بۆ ئەو کەمئەندامە تازانەی کە شەش ساڵە ئەویش وەستاوەو ئەویش بە هەمان شێوە یاسای (٢٢) ی ساڵی ٢٠١١ کە بڕگەو ماددەی باشی تێدایە، بەڵام ئێمە کێشەمان وایە وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێ، پرسیارەکە لێرە ئەوەیە بۆ جێبەجێ ناکرێ کێ رێگرە لەوە، ئێمە بڕیارێکمان هەیە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بە ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠١٦ بە چوار خاڵ هێناویەتی و، بڕیارێکی تری ئەنجومەنی وەزیران هەیە بە ژمارە (٥٧) ساڵی ٢٠١٥ ئەویش بەهەمان شێوە کە ئیلزامی وەزیر دەکات لە ماوەی (٩٠) رۆژدا پێداچوونەوە بکات بە پێی شایستە داراییەکان، بە پێی شایستە بوونی کەم ئەندامان چەندێك

پێویستە مووچەکانیان بۆ ڕێکبخرێتەوە، بەڵام ئەوە تا ئێستا ئەم دوو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە، بڕیاری کە ئەنجومەنی وەزیرانە ڕێنمایەکی وەزیری داراییمان هەیە بە ژمارە (٢٠) ئەویش چوار خاڵە کە بەداخەوە چاودێری تۆری چاودێری کۆمەڵایەتی تەنها کەمئەندام و بەخێوکەرو خاوەن پێداویستی داناوە بۆ ئەوەش جێبەجێ ناکرێت، دواپرسیارم ئەوەیە بە پێی یاساکە ئەوەی کە کەم ئەندامێکی هەبێت یا خاوەن پێداویستییەکی تایبەتی هەبێت کە دایکی یا باوکی پێویستی بە مۆڵەت بێ مۆڵەت دەدرێ؟ ئەی ئەگەر ئەوە فەرمانبەر نەبوو، بۆ نمونە وانە بێژێك بوو، بۆ نمونە فەرمانبەرێکی گرێبەست بوو.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم و، سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکانی و لە ناو ڕوونکردنەوەکانی باسی لەوەکرد کە لە شاری سلێمانی بە ناعەدالەتی خاوەن پێداویستی تایبەت تۆمارکراوە، بە پێچەوانەشەوە خەڵك هەبووە خاوەن پێداویستی تایبەت بووە کەچی تۆمار نەکراوە، وابزانم لە یاسای چاکسازییەکەشدا تێیدایەتی کە پاکسازی و چاکسازی لە لیستی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانیشدا بکرێ و ڕێکخستنەوەیان تا ئێستا چیان کردووە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو خاڵە.

دوو پرسیاری تریشم هەیە لە بەڕێز جەنابی وەزیر، چیتان کردووە بۆ دەستەبەرکردنی کرێکارانی زانکۆ لەداینگەکانی باخچەی ساوایان ونەخۆشخانە ئەهلیەکان وهەروەها کارگەو کۆمپانیاکان و سۆپەرمارکێتەکان، ئایا بەشداری پێکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ڕەچاو کراوە.

سێیەم: داوامانکرد کە مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەتەکان زیاد بکرێ، بەداخەوە کە نەکرا، بەڵام ئێستا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ئەولەویەتی پێبدرێ لە ریزبەندی وەرگرتنی مووچەدا بکرێتە یەکەم وەزارەت و لە هیچ بارودۆخێك و قەیرانێك مووچەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمئەندامی سەنگەر رانەگیرێت، موچەکانیان پێ بدەن و، پشتیوانی لە وتەکانی کاك مەم قانعیش دەکەم بۆ جیاکردنەوەی شوێنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە سەرجەم شوێنە گشتییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە/ وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت پێش ئەوەی کە بێمە سەر پرسیارە گشتی و تایبەتەکان یەك دوو شت بە ئێوەی بەڕێزی پەرلەمانتاران بڵێم، بەداخەوە هەندێك لە پێشنیارەکانتان پەیوەندی بە خۆتانەوە هەبوو کە دەتان کرد دەسەڵات و ئەرکی خۆتانە نەك هی حکومەت و وەزارەتەکەی ئێمە. دووەم:

هەنــدێك لە پێشــنیارەکانتان هــی ئەنجــومەنی وەزیــرانە نەك وەزارەتــی کــار، هەنــدێك لە پێشنیارەکانتان هی وەزارەتەکانی تر بوو نەك هی وەزارەتی کار، یەعنی ئێوە زۆر لەمن باشتر دەزانـن کە وەزیـر نـاتوانن ئەمـر بـۆ وەزارەتێکـی تـر دەربکەن، نـاتوانم لە بـاتی ئەوان ڕێنمـایی دەرکەم، ناتوانم هیچ بڕیارێکیان بەسەردا فەرز بکەم، ئەتـوانم پێشـنیار بکەم لەگەڵیـان دانیشـم مـزەکەرەی لێـك تێگەیشـتن بـکەم، بەڵام وەزیـر لەگەڵ دوو وەزارەت نـاکرێ تەداخـولی ئیشـی یەکتری بکەن، بڕیار بۆ یەکتری دەربکەن، ڕێنمایی بۆ یەکتـری دەر بـکەن، ئیش بەسـەر یەکتریـدا فەرز بکەن من ویستم ئەو تەوزیحە بدەم.

کۆمەڵێك پرسیار هەبوو کە هاوبەش بوو کە زۆر دووبارە بوو هەرچەندە لە ڕاپۆرتەکەی مامۆسـتا عمـر هەبــوو منــیش جــوابم دایەوە، بەس حەز دەکەم هەر جــواب بــدەمەوە تۆمــاری تــازە نە دەسەڵاتی وەزیری کارە، نە دەسەڵاتی وەزیری داراییە، دەسـەڵاتی ئەنجـومەنی وەزیـرانە، ڕاسـتە پێشـتر لە کابینەکـانی پێشـتر ئەوەی کە عەمـری خـوای کردبێـت یـان شـتێك وەزیـر دەسـەڵاتی هەبووە کەمئەندامی بخاتە شوێنەکەی، بەڵام کابینەی پێشوو لەکۆتای تەمەنیا ئەو دەسـەڵاتەی لە وەزیر وەرگرتۆتەوەو چـۆتەوە ئەنجـومەنی وەزیـران، لە دەسـەڵاتی ئەنجـومەنی وەزیرانـدایە کە (٣٠) هەزار کەم ئەنـدامی تـازە تۆمـار بکـات، ئەنجـومەنی وەزیـران دەبـێ ئەو بەرپرسـیاریەتییە هەڵبگرێت، ئێـوە حسـابی بـکەن (٣٠) هەزار سـاڵ (٥٠) هەزاری چەنـد دەکـات، مـن چـۆن دەتـوانم بڕیارێکی وا بدەم بە تەنیا ئەنجومەن هـیچ وەزیـرێکیش تەنـانەت وەزیـری دارایـش نـاتوانێ ئەو بڕیــارە بــدات، لەبەر ئەوەی ئەوە پــارەیەکی زۆر دەکــرێتە ســەر بــوودجە، ئەبــێ ئەوە بەر پرسـیاریەتییە ئەبـێ ئەنجـومەن بە روونکـردنەوەی وەزیـری کـارو تەندروسـتی، وەزیـری دارایـی ئەنجومەن بڕیاری لەسەر بدات، ئینجا تۆماری تازە بکـرێتەوە، مـن ڕێکارەکـانم بـۆ بـاس کـردن کە چیمان کردووە، هەتا ئێستا بەردەوامین، دوا شتمان ئەوەیە کە ئەنجومەنی وەزیـران داوایـان لـێ کـردووین لە ٢٠١٣ تـا ئێسـتا چـی کـوژاوەتەوە بۆیـان بنێـرین، کۆبـوونەوەیەکی هـاوبەش بکەیـن لەگەڵ وەزیـری دارایـی، ئـێمە سـکرتێری ئەنجـومەن وسـەرۆکی ئەنجـومەن و وەزیـری دارایـی وسەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی بزانین وەزارەتی دارایی پارەی لەبەر دەستە تەمویلمان بکات، ئەتـوانێ لە سـەدا چەنـد ئەو (٣٠) هەزارەمـان بـۆ بکـات، دوایـی بیبەیـنە ئەنجـومەنی وەزیـران، زۆرێك باسی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی کرا کە ئێـوە بە لە نـاو خەڵکدا بەداخەوە بە بێوەژنـانە ڕۆشتووە، یاخود بە فەقیرانە، ئەم پارەیە (٧٧) هەزار خێزان کەسێك وەریگرتـووە بە بڕیارێـك لە ئەنجـومەنی وەزیـران دەڵـێ پێـداچوونەوەی پێـدا بـکەن، بەداخەوە وەزیـر لە بـاتی پـێش مـن پێداچوونەوەی پێدابکات، هاتووە ڕێك بڕیویەتی کە نەدەبوو وابێت، ئەبوایە چـۆن وەك لیسـتی کەم ئەندامان پیاچوونەوەی پیا کرا، دەزانین لیستەکە گەندەڵی تێدایە، لیسـتەکە زۆر زۆر نـاڕێکە، ئەزانین زۆر تەدەخـولی حیزبـی تیـاکراوە، بەڵام ناکرێـت ئەگەر ئەو (٧٧) هەزارە، (٥٠) هەزاریشـی گەندەڵی بێت، ناکرێ (٢٠) هەزار خێزانـی قوربەسـەری هەژار مـووچەکەی ببـڕی، ئەکـرا بە لەسـەر خـۆی بە پرۆسـەیەك چارەسـەر بکـرێ، ئـێمە ئێسـتا چیمـان کـردووە، ئـێمە بە هاوکـاری وەزارەتـی پلاندانان،لەگەڵ وەزارەتی لەگەڵ کۆمەڵێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سیستەمێکمان ئامـادەکردووە ناردوومـانەتە ئەنجـومەنی وەزیـران، بـۆ ئەوەی بە فـۆرمێکی تـازە بە شـێوازێکی نـوێ ئـێمە ئەو خێزانانە تۆمار بکەین، لەباتی لەسەر ئەساسی فیئە بێ ئەمە بێـوەژنەو ئەمە نـازانم چـی و چییە،

لەسەر ئەساسی هێڵی هەژاری بێت، ئێمە کە سیستەمەکەمان ئامادەکردووە تەبعەن ئامادەکردنی سیستەم بە رۆژێك و دوو رۆژ تەواو نابێ بە تایبەتی لەگەڵ رێکخراوی نێو دەوڵەتی بە ساڵێك ئامادەمان کردووە ناردوومانەتە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران ئێستا دیوان تێبینی هەیە ئەڵێ بیکەنە پەیڕەو رێنمایەکانی لێ جیا بکەنەوە، کۆمەڵێك بەش و هۆبەتان زیادکردووە چاکی بکەن، ئێستا جارێکی دی لیژنەمان پێك هێناوەتەوە لە ئێمە لە وەزارەتی پلان دانان لەگەڵ رێکخراوی یوئێن دیپی، بۆ ئەوەی جارێکی دی رێکی بخەینەوە، هەتا ئەم سیستەمە پەسەند نەکرێ ئەو فۆرمەی کە لە ناو هینەکەدا ناتوانین تۆمار تازە دەست پێ بکەین، تۆمار بکەین، ئەبێ ئەم سیستەمە ئەو پەیڕەوە پەسەندی بکات، ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی کار رێنمایی پێ دەر بکات ئەوکاتە دەرگای ئەوە بکەینەوە کێ هەژارە بێت لە بەرێوەبەرایەتییەکانی ئێمە ناو بنووسێ، دواتر لیژنە ئەوانەی کە راهێنانیان پێکراوەو یەك یەك ئەو ماڵانە بەسەر بکەنەوە، بۆ ئەوەی فێڵمان لێ نەکرێ بزانین ئایا بە فیعلی فەقیرە یان نا ئەوکاتە جارێکی دیکە بزانین چەند خێزانە، داوا بکەین ئەنجومەنی وەزیران پارەمان بۆ تەمویل بکاو پارەکە بدەین کە ئەوە پرۆسەیەکی دوورو درێژە، پاکردنەوەی لیستەکان تەبعەن ئەو لیستانە لە هەمووی کەم تەرخەمی هەیە نا عەدالەتی هەیە، کەمئەندام دێ فۆرمی هەیە، کەم ئەندام هەیە فۆرمەکەی دەکەیتەوە ناوی خۆی نییە ناوی کەم ئەندامێکی ترە، ئەنواع هەیە بە رۆژێك و دوو رۆژ پاك ناکرێتەوە ئەو پرۆسەیە کەی دەستی پێکردووە، دوای یاسای چاکسازی دوای یاسای چاکسازی ئێمە لیژنەی لاوەکیمان دروست کردووە لەگەڵ بەرێوەبەرایەتییەکان ئێستا لە قۆناغی کۆتایدان، ئێمە تا قۆناغێك کۆتایی پێ نیەت ئیعلانی ناکەین، سلێمانی تەواوی کردووە ئەبێ ئەوانی تریش لە قۆناغی کۆتایدابن، بەڵام (٨٨) هەزار کەم ئەندام فایلەکەی سەیر بکە چیی بەڵگە نامە کەمە داوای لێ بکەوە حەلی بۆ بکە، پرۆسەیەك نییە بە حەفتەیەك و دوو هەفتەو مانگێك و دوو مانگ بە شەش مانگیش ناڕێ (٨٨) هەزار خێزان بە دە ساڵ نووسراوە، چۆن دەتوانین بە مووددەیەکی کەم هەمووی پاك بکەینەوە، جێ بەجێ نەکردنی یاساکە زۆر کەمی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، تەنها ئەوەی سندوقەکە دروست نەکراوە ١٠دە ساڵ لەسەر ئەمە حیساب مەکەن، دوو ساڵ لەسەر ئێمە حیساب بکەن، دوو ساڵەکەش ساڵێکی خۆتان دەزانن چۆن بووە وەزعی دوونیا، بەڵام ئێمە لە کۆتایی دەڵێین سندوقەکە دروست بکەین دە ساڵەکەی تر لەسەر ئێمە حیساب مەکەن کە لە ٢٠١١ یاسایەکە دەرچووە، ئەوەی کە جێبەجێ نەکراوە پەیوەندی بە هەندێك لە وەزارەتەکانی دیەوە هەیە، ئەمە ئەرکی پەرلەمانتارە بە دواداچوون بکات، ئەم ماددەیە لە کوێ جێبەجێ نەکراوە، لەکام وەزارەتەیە، ئێمە ناتوانین بەدواداچوون بکەین ئەو دەسەڵاتەمان نییە، من ئەو دەسەڵاتەم نییە بچم لە وەزارەتێکی تر بەدواداچوون بکەم و بڵێم دەبێ جێبەجێی بکەن، ئەوە ئەرکی دەسەڵاتی پەرلەمانە نەك هی ئێمە دەسەڵاتەکە هی ئێوەیە، مەسەلەی تەندروستی تەنها سێ هەزاری پسوڵە نییە بەرێزان پشکنینە دەرمانە، خۆتان دەزانن لە خەستەخانە حکومییەکان زۆربەی پشکنینەکان دەکرێ، ئەوانە هی وەزارەتی تەندروستین هەر کاتێك ئێمە نووسراومان بۆ هەرکەسێ کردبێ لێخۆشبونیان کردووە، بەڵام ئێمەش پێمان باشە ئەمە ببێتە بڕیارێك لە وەزارەتی تەندروستی هەر کەم ئەندامێك بەو هەویەی ئێمە بۆی دروست دەکەین چووە هەر خەستەخانەیەکی حکومی پێویستی بەوە نەبێت ئێمە نووسراوی فەرمی بۆ

بكەين يەكسەر ببەخشرێت لە هەموو ئەو پارانە و هەمان بڕیارێكیش دەربكات بۆ نەخۆشخانە ئەهلیەكان، بۆ نمونە ڕێژەی لە ٥٠% بۆ كەم ئەندام بەو هەویەیە كەم بكاتەوە، بەڵام من ناتوانم ئەو ڕێنماییە بۆ وەزیری تەندروستی دەربكەم، بۆ پەروەردە هەر وەك وەزارەتی خوێندنی باڵا پەیمانگاكان وەزارەتی پەروەردەش بە سوپاسەوە هەر كەسێكمان ناردبێت بە نووسراوی فەرمی هی خۆیان بێ بەخشیویانە، هی ئەهلی و ئەوانە بوبێ نووسراویان بۆ كردووە داشكاندنی بۆ كراوە، ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا من نەموتووە یەكێك هەر كەسێك بیوەێت لە كۆلێژێك بخوێنێ وەربگیرێ، ئێمە وتومانە پاراڵیل پارەكەی لێ خۆش دەبین، چونكە هەموو ئینسانێك ئەبێ بە نمرەی خۆی بچێتە هەر كۆلێژێك كە دەیەوێت، جا كەمئەندامە یان كەمئەندام نییە ئەمە سیستەمی وەزارەتی خوێندنی باڵاییە، بەڵام لە پاراڵێل لێیان خۆشبوون، بەرزكردنەوەی ڕێژەی مووچە زۆر باسكرا ئەوە دەسەڵاتی من نییە، ئەوەی لە یاساكە هاتووە ئێوە بە دواداچوون بكەن، چ وەزارەتێك پەیوەندیدارە لە كوێ بۆ بەو شێوەیە جێبەجێ نەكراوە هەركاتێك ئەوان ڕێنمایی تازەیان دەركرد ئێمە جێبەجێی دەكەین، بەڵام من دەمەوێت یەك ڕاستی هەیە بیزانن هەتا ئێمە لیستەكان پاك نەكەینەوە بەڕاستی زەحمەتە بڵێین ئەم هەموو شتە هەر ئەبێ بكرێ، یەعنی ناكرێ من بە تەسەوری خۆم ژمارەیەكی زۆر هەیە هیچ كەم ئەندامێكی نییە لەمن و تۆ ساخترە، كەم ئەندامە بۆ مووچە وەربگرێ بۆ ئەو مووچەیە نەدرێ بە كەسێكی موستەحەق كە وەكو خۆتان باسی دەكەن هەردووك قاچی نییە، هەردووك چاوی نییە، هەردووك گوێی نییە، بەڵام ئێمە هەریەكەمان لە ڕووی خۆیەوە دیفاعی لێبكەین، ئینجا قەیدی چییە ئەوە پەنجەیەكی نییەو ئەوە لاقێقێكی نییە بلێین شتێكی كەمی هەیە كەواتە ئێمە زەرەرمان لە كەمئەندام داوە، ئەبێ وەك خۆی حەقی وەر بگرێ موستەحەقاتی خۆی وەربگرێ، ئەگەر ئەو (٨٨) هەزارە ببێ بە (٥٠) هەزار بە تەئكید دەتوانێ پارەكەیان بۆ زیاد بكرێ، بەڵام تۆ بێی داوا بكەی بكرێ بكرێتە (١٠٠) هەزار ڕێژەكەی لە (٧٠) بكەی بە (٣٠) كەواتە ژمارەی كەم ئەندام زیاد دەكەی ئەو كاتە ناتوانی ئەو مووچەیەش بدەی، مەسەلەی زۆر باسی ئەوە كرا بۆ توێژنەوەیەك ناكرێ خەلك بۆ توشی ئۆتیزم و خەڵك توشی كەم ئەندامی دەكرێ، بەڕێزان ئەوە ئەركی وەزارەتی تەندروستییە ئەوان ئیختصاصن لەوە، من تا ئێوارە لیژنە دروست بكەم توێژینەوە بكەم ئەوانەی من نازانم بۆ تووشی ئۆتیزم دەبێت ئەوە خەڵكی كارمەندی تەندروستی دەزانێت دكتۆر دەزانێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئیختصاصە اختصاصی وەزارەتی تەندروستییە نەك هی ئێمە.

سەنتەری دەست نیشانكردنی پەكەوتەیی دیارە ئێمە بۆخۆمان لەگەڵ ڕێزو حورمەتمان بۆ بەشێكی زۆر لە لیژنە تەندروستییەكان كە زۆر ماندووبون بە بێ بەرامبەر و كاری زۆر باشیان كردوە، بەڵام بەشێكیان كەوتوینەتە ژێر عاتیفیەوە، كەسێك هاتووە زۆر فەقیر بووە كەم ئەندام نەبووە، بۆیە بۆیان كردووە یا تەداخول بووە زەختیان لێكراوە، بۆیە لیستەكان نارێكی تێدایە، بۆیە دەبێت بە بەردەوامی پشكنین بكەینەوە، بەڵام ئەگەر سەنتەرێكی دەست نیشانكردنی پەكەوتەی هەبێت لە وەزارەتی خۆمان ئەوانە دواتر تۆ دەتوانی سزاشیان بدەی، ئەگەر نا عەدالەتیان كرد هەركاتێك كە گومانت هەبوو كە كەم ئەندام نەبوو بینێریت، هەر لەگەڵ ئەم سەنتەرەدا دیارە ئێمە ئێستا ڕێنمایەكەمان ناردۆتە ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوەكەی دەرخستەكەی هەمووی بیناكەمان وا لەوەیا كە نۆژەنی بكەینەوە، مەسەلەیەك زۆر باسكرا ئەو

کەم ئەنــدامانەی پێویســتیان بە راهێنــانەوە هەیە داوامــان کــردوە کە یەکێــك لەو قاتــانەی باڵەخـانەکە بـۆ ئەوە دەسـت نیشـان بکرێـت بـۆ (دارالحنـان)کە لە بەغـدا و پـێم وایە یەك دانەش هەیە لە حلە لە هەموو سەران سەری عیراقدا داوامـان کـردووە کە ئـێمە یەکێـك لە قاتەکـانی ئەو باڵەخانەیە بۆ ئەو بابەتە دەسـت نیشـان بکەیـن کە راهێنـانەوە بەو کەم ئەنـدامانە بکەیـن، یەکەم :بۆ سەنتەری ئۆتیزم لە قەزاو ناحیەکـان ئـێمە لە ئێسـتادا بە دڵنیـایەوە نـاتوانین لە هەمـوو قەزاو نـاحیەیەك سـەنتەری ئـۆتیزم بکەیـنەوە ئیمکـانیەتی حکـومەت بەو شـێوەیەیە، بەڵام ئـێمە دوو شتمان کردووە رێنمایەکەمان هەموارکردۆتەوە بە شێوازێك لە بەرژەوەندی ئەو کەسـانە بێـت کە دەتوانن سەنتەری ئۆتیزمی ئەهلی بکەنەوە.
دووەم: پرۆژەیەکمـان ئامـادەکردووە کە سـەنتەری ئـۆتیزمی هاوبەشـی کەرتـی تـایبەت و گشـتی هەبێـت کە ئەوەش کـار ئاسـانییە کە ئـێمە دەتـوانین لەگەڵ کەسـێك لە کەرتـی تـایبەت لەگەڵ خێرخوازێك لەگەڵ دەوڵەمەندێك لەگەڵ خاوەن کۆمپانیـایەك بە هاوبەشـی سـەنتەری ئـۆتیزم لە قەزاکان دروست بکەین.
زۆر بە پەلە ئەو پرسیارانەی ماوە وەڵامی دەدەمەوە هێڵی گەرم راستە لە سلێمانی هەولێر دهـۆك وەردەگیـــــرێ، بەڵام ئەوانەی کێشـــــەیان لە قەزاو ناحیەکـــــانیش هەیە وەردەگیـــــرێن و بە دواداچوونیان بۆ دەکرێت، ئەوەی هەلی کار باسم کرد ئێمە لە یاسای کار ئەوەمان دەسـت نیشـان کردووە، کاك شـێرکۆ لێـرە نەمـاوە، بەڵام ئەگەر هاورێکـانی پێـی بڵـێن ئەو پـرۆژە یاسـایەی کـاتی خۆی ئەوان وەریـان گرتـووە زۆر گۆڕانکـاری بەسـەردا هـاتووە، چـونکە ئەم یاسـایە ئەو پـڕۆژەیە کاتی خۆی وەزارەتی ئێمە لەگەڵ رێکخراوی کاری نێو دەوڵەتیـی ئامادەیـان کـردووە دوای ئەوەی ئەو بەرێزانە ئەو نوسخەیان وەرگرتووە لە وەزیـری پێشـوو گۆڕانکـاری زۆری بەسـەردا هـاتووە و ئەگەر ئەو تێبینیانەو ئەو گۆڕانکاریانەی رێکخراوی کاری نێو دەوڵەتی داویانە بە ئێمە تێـدا نەبـێ لە یاساکەیە کێشەمان بۆ دروست دەبێـت لە داهـاتوودا، ئەوە کـاك جـلال ئەو پرسـیارەی کردبـوو دابینەی پێشینەی وەزارەت کاك جـلال ئەوە دەسـەڵاتی ئـێمە نیـیە دەسـەڵاتی وەزارەتـی دارایـیە پێشینە دیاری دەکات بۆ وەزارەتەکان، خۆشتان دەزانن بە هۆی قەیرانی داراییـیەوە یەك دوو جـار کراوە پێشینەکانمان بۆ خەرجکردنیش رێنمایی داراییە ئەنجومەنی وەزیـرانەوە دەردەکرێـت ئەو بە وەزارەت دەڵێ ئەو پارەیە بۆچی خەرج دەکەیت و ئەوە بـۆچی خەرج دەکەی، کـاك مـلا ناصـر دەڵێ کۆمەڵێك خەڵك تانەیان داوەو دوای ئەوەی تانەی داوە چۆتە بەردەمی لیـژنە دەرنەچـۆتەوە دەرکەوتووە کەم ئەندام نەبووە، چەند وەختە بە نارەوا مووچەی وەرگرتووە، کاك سـیروان دەڵـێ بۆ (١٥٠) هەزاری مووچەخۆران ئەوە دەسەڵاتی وەزارەتی کـار نیـیە بـۆ پـێش جەژن دوو مـووچە بدات، ئێمە نووسراومان کردووە نووسراوەکە چۆتە ئەنجومەنی وەزیـران، ئەنجـومەنی وەزیـران بەرزیان کردۆتەوە بۆ سەرۆکی حکومەت ئەبێ ئەنجومەنی وەزیران و بەرێز سەرۆکی حکـومەت بڕیـار بـدات، چـونکە پـارەکە زۆر زۆرە پـارەیەکی کەم نیـیە کە هەروا مـن بڕیـاری لێبـدەم ئەوەم جواب دایەوە، کە کاك سیروان دەڵـێ یاسـەکەی دانـاوەو ئێـوە جێبەجێتـان نەکـردوە ئەوە ئیشـی پەرلەمانتارو کاك سیروانە بە دواداچوون بکـا بزانـێ ئەو مـاددەیە لە کـوێ جێبەجـێ نەکـراوە لەو وەزارەتە بە دواداچــوون بکــاو هەوڵ بــدا کە جێبەجێــی بــکەن، بــۆ مەسـەلەی پەروەردە ئەو پەیمانگایانەی ئێمە بەڕێزێك باسیکرد پەیمانگایەکانمان مامۆستای زۆر پسپۆری تێدایە مەسەلەن

ئەوانەی کە نابینـان بە زمـانی ئامـاژە قسـە دەکەن ئەوانەی لە نابیسـتان قسـە دەکەن هەمـوو کەسـانێکن کە لە ئەتـوانن بە بە زمـانی ئەوان بە کـۆمپیتەر کە پێـی دەڵـێن (پرایـل) هەمـووی شارەزان لەو بابەتانە بەوە دەرسیان پـێ دەڵێـنەوە، تۆمـاری تازەمـان باسکرد مینـحەی ڕێکخـراو بڕاوە مینحەی هەموو ڕێکخراوەکـان بـڕاوە نەك ڕێکخـراوی کەم ئەنـدامی، ئەوەش پەیوەنـدی بە فەرمانگەی ڕێکخراوەکانەوە هەیە نەك بە وەزارەتی ئێمە، ڕاستە ئەوانە ڕێکخراوی کەمئەنـدامین بەس نە مینحەکەیـان نە هـیچ شـتێك پەیوەنـدی بە ئـێمەوە نیـیە لەگەڵ ئەوەی بەشـێکی لەو ڕێکخراوانەی ڕێکخراوی زۆر بـاش و چـالاکن، بەڵام هەنـدێکیان ڕێکخـراوی حیـزبە سیاسیەکانن هاوکاریـان بـکەن، بەرێزێـك باسـیکرد کە ئەو پـارەی سـندوق چـۆن دابەش دەکرێـت ئەوە ئەو پەیـڕەوە دەسـت نیشـانی دەکـات کە وەزارەت دەری دەکـات مەسـەلەی ئەوەی کە دایـك و بـاوك ڕێنمایی بکرێن کە بۆ منداڵ خستنەوەو کەم ئەندام نەبێ و کە بڵێـین پشـکنینی تلاسـیمیا بـکەن، یەکەم ئەوە لە خولی دوو یاسای بۆ دەرچووە هەموو کەسێك دەبێ ئەو بەڵگە نامەی پێ بێـت کە ئەو پشکنینەی کردووە، ئینجا دەبەسترێت و شـوێنێك پێـی دەڵـێن سـەنتەری ڕاوێژکـاری خێـزان، ئەم سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی سەر بە وەزارەتی تەندروسـتییە بـۆ مـاوەی یەك هەفـتە هەمـوو ئەو کـورو کـچەی کە هاوسـەرگیری دەکەن ئـارەزوو مەنـدانەیە، ئێسـتا دەچـن لەوێ خولیـان بـۆ دەکەنەوە ئێمە لەگەڵ کوردەخانی بەرێـوەبەری تونـدو تیـژی، لەگەڵ ڕونـاك خـانی یەکیەتـی ژنـان چوینە لای وەزارەتی تەندروستی کە ئەمە بکرێ بە سـەنتەرێکی گەورە لەسـەر ئاسـتی هەرێـم و ئیجباریش بێ لە باتی هەفتەیەکیش ماوەکەی زیاتر بێ، بەڵام ئەوەش یەکێکە لە دەسـەڵاتەکانی وەزارەتی تەندروستی سـەنتەری ئـۆتیزمی دهـۆك دکتـۆر صلاح سـەنتەرێکی زۆر باشـە و ئیستا پەنجا منداڵمان هەیە لەو سەنتەرە، بەڵام کێشە هەیە لە سەنتەرەکانی ئۆتیزم دهۆك کە تێیانـدایە هەزار دۆلار لە مناڵ وەردەگرێـت بە پێـی بە دواداچوونەکـانی ئـێمە ئەو سـەنتەرە لەو ئاستەشـدا نییە کە ئەو پارەیە وەربگیرێ، کەم ئەندامی سـەنگەر هـیچ پەیوەنـدی بە وەزارەتـی ئـێمەوە نیـیە پەیوەندی بە وەزارەتی پێشـمەرگەوە هەیە، هەمـوو مـاف و ئیمتیازاتەکانیـان لای ئەوانە، هەمـوو شتێکیان لە زەوییان لە مووچەیـان لە خوێنـدنیان لە تەندروسـتیان هـیچ شـتێکیان نایـاتەوە لای ئێمە تا ئێمە بۆ ئەو بابەتە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بکەین، پاکردنەوەی لیسـتەکان بەردەوامە بـۆ کـاك لقمـان بەو شـەرحەی کـردت لەسـەر سـندوقەکانی پێشـوو هـیچ نـاحەقی کۆمپانیاکان ناگرێ ئێمەش نەکەن، کاك بەڵێن باسـی دەرمـاڵەی پیـرو پەکەوتەی کـرد دیـارە ئـێمە بڕیارەکە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە پەسەندکراوە ئـێمە ڕێنمایمـان دەرکـرد، تەبـعەن ئـێمە وامـانزانی دەسـەڵاتی خۆمـانە کە ڕێنمـای دەرکەیـن، بەڵام وەزارەتـی دارایـی پێـی وتـین ئەوە دەسـەڵاتی ئێـوە نیـیە ئەبـێ پـێکەوە ئەو ڕێنمـایە دەربکەیـن، دوای چەنـد دانیشـتنێك کۆمەڵێـك کێشـەمان بـۆ دروسـت بـوو لە سـەرەتادا باسـمکرد خانەنشـینی ئەوانەی میراتگـری خانەنشـینین، ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێـم مـووچە وەردەگـرن، بـۆیە ئەوانەمـان هەمـووی خاڵبەنـدکردووە لیسـتەکانمان جیـاکردۆتەوە ئەبـێ لەگەڵ ئەنجـومەنی وەزیـران دابنیشـین هەر یەکـێ لە مـانە چارەسەرێکی جیا دروست بکەین، ڕەنگە دوا جار پێویستی بە یاساکە بێت ئێوە هەمواری یاسای چاکسازی بکەن لە خانەنشینی و مووچەی فەرمانبەران،مۆڵەتی بەخێوکەر، کاك بەڵێن باسـی کـرد بەڵێ کێشەمان هەبووە لە ڕابردوا گەندەڵی زۆر تێدایە و ئێستاش ئـێمە پێـداچوونەوە دەکەیـن و

بە پێی ڕێنمایی تازە بزانین هەرکەسێك پێشتر مۆڵەتی وەرگرتووە بەخێوکەرو مەرجەکانی تیا نەبووە غەرامەی دەکەین لە (٥٠٠) هەزار تا (١٠٠٠ ٠٠٠) دینار، دەرماڵەی مەترسی بۆ خانەکان زۆر تەواوە خانەی پەکەوتەش پێویستە دەرماڵەیان هەبێت ئێمە نووسراومان کردووە بۆ وەزارەتی دارایی، وەزارەتی دارایی بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئەنجومەنی وەزیران ڕای وەزارەتی داراییان وەرگرتووە، وەزارەتی دارایی پێیان باش بووە پەسەندە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریان داوە لەڕێکخستنەوەی دەرماڵەکان دەرماڵە بۆ خانەی پەکەوتوە و شەڵتەرەکانیش ببڕنەوە، ڕۆژی ئەو شەمەیە من لە خانەی پەکەوتەی سلێمانی بووم دە پەکەوتەمان هەیە، بە داخەوە سێ چاودێرمان هەیە، هەشت بۆ هەشتی ئێوارە ئەبێ بە دیاری ئەو پەکەوتانەوە بن، ئەبێ پاکیان بکەیەوە بیانشۆن خواردنیان بدەنێ، من بە ژوورەکاندا دەگەرام پەکەوتەیەك لەوانەبوو کە هۆشی لە دەست داوە بە هەموو قوەتی بەسەر ئەو کچەیا دەی قیژاند کە خواردنی دەدایە، جار بە جاریش پێیدا دەکێشا، بەڵام ئەو زۆر بە میهرەبانیەوە زووزوو دەمیشی بۆ دەسڕیی خواردنیشی دەکرد بە دەمییەوە، لێم پرسی مووچەکەت چەندە وتی (٤٠٠) هەزار لە هەشتی بەیانی تا هەشتی ئێوارە هیچ دەرماڵەیەکیشی نییە، بەڵام ئێمە ئەو بەڵێنەمان وەرگرتووە کە لە کاتی ڕێك خستنەوەی دەرماڵەو دەرماڵە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چ شەڵتەر چ خانەی پەککەوتە لە بەرچاو بگیرێن، خێزانی جێگرەوە بۆ لە هەولێر و دهۆك نییە ئێمە ئێستا لەوەداین کە جێبەجێی بکەین سەنتەرەکانی ئۆتیزم بەڵێ نارێکی هەیە، ڕوپاك خان باسمان کرد ئێستا ئەوەی دوو منالّی ئۆتیزمی هەبێت دوو زیاتر ئەتوانێ دایك و باوکیش بە پێی ڕێنمایی تازە هەردووکیان مۆڵەت وەربگرن، سەلما خان تایبەت بە کورتە باڵاکان پەیوەندییان پێوە کردووین کە ئەبێ لە یاساکە یاساکە ناونیشانەکەی بگۆڕێ بۆ کەمئەندام و کورتە باڵا، هیوادارم ئێوەش هەموارەکە وا پەسەند بکەن، مژدە خان باسی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی جوابم دایەوە بەس باسی خێزانێکی کەم ئەندامت کرد مژدەخان تۆ پەرلەمانتاری جۆن دەبێ بزانی دراوسێکەت دوو سێ کەسی هەیە کەم ئەندام نییەو مووچەی کەم ئەندامی وەردەگرێت نەچی لەگەڵ تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی قەزایەکەت قسە بکەی لەگەڵ کاك شماڵ قسە بکەی بڵێی ئەبێ بیبڕی، ئەوە ئەرکی هەموومانە من لە هەرکوێ بیزانم نەك هەر دەیبڕم لیژنەی بۆ دروست دەکەم بڕۆ بۆ لای کاك شەماڵ بڵێ ئەم سێ کەسە کەم ئەندام نین لیژنە دەربکە با بیان بڕێ، چونکە ئەوە ناوی کەمئەندامێکی موستەحەق دەخوات، لە هەر کوێیە لە هەولێرە بڕۆ لای کاك شێخ محمد، وەرە لای من ناوەکانم بۆ بێنە، ئێستا هەر ڕاپۆرتێکمان بۆ بێت باسی ئەوە کرا کە مژدەخان باسی کرد ئەگەر لیژنەی پزیشکی ناحەقیان کردبێ ئێمە تانەی لێ دەدەین و بە نووسراوی ڕەسمیش لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی داوا دەکەین کە سزایان بدەن، توندو تیژی منالّ بەرێزێك باسی کرد کە لێیان دەدرێ لەلایەن دایك و باوکانەوە ئێمە هەر حاڵەتێك بزانین یەکسەر توێژەرەکانی خۆمان دەنێرینە لای ئەو خێزانە کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکەین بۆمان چارەسەر نەکرا زانیمان ئەو خێزانە توندو تیژیەکانیان بەردەوام دەبێت دەیان گوازینەوە بۆ خانەکانی خۆمان، لە خانەکانی خۆمان ماوەیەك توێژەری دەروونی و توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵیان دا دەبێت تا ئاسەواری توندو تیژیەکەیان لەسەر لا بەرین و خۆمان بەخێویان دەکەین تاکو خوێندنیشیان پێ تەواو دەکەین، ئێمە ئەوەیە کە یاساو ڕێنمایی دەسەڵاتی داوە بە ئێمە ئەوەیە منالّی پەرتەوازە، ڕاستە

منداڵی زۆر هەیە پەرتەوازەن، ئێمە ئێستا لە سلێمانی خانوی بابانمان هەیە منداڵی پەرتەوازە بێتە ئەوێ لە دهۆك هەمانە لە هەولێر نیمانە، پێمان وتون دروستی بکەن، چونکە نابێ منداڵی پەرتەوازە تێکەڵی منداڵی خانە بکرێ، منداڵی خانە خوێندکارە پەروەردەکراوە منداڵی پەرتەوازەی سەر شەقام تێکەڵی دەکەی توشی نا جۆریەك دەبێ کە نابێ بەیەکەوە بن، کاك عباس ئێوە دەڵێن کێشەکان هی پێشە، بەڵێ ئەم کێشانە کەڵەکە بووە هی (٣٠) ساڵە من بۆخۆم، ئەگەر قەیرانی دارایش نەمێنێ پارەش هەبێ هەر کات یارمەتیم نادات کێشەی (٣٠) ساڵ چارەسەر بکەم، هەر کات من ئەگەر باسی کێشەکان بکەم ئێستا بۆ ئێوە هی وەزارەت لە نەبوونی ستاف لە نەبوونی مامۆستا عمر ئەگەر لێرە بێ دەزانێت چی کێشەمان هەیە لەو وەزارەتە کە کێشەی کەڵەکە بووی (٣٠) ساڵە ئەمە پارەش هەبێت داوای بوودجەش بکەم هەر کات رێگام نادات هەمووی تەواو بکەم، لەبەر ئەوەی ئەبێ باس بکرێ هەر کەس مەسئولیەتی خۆی چۆن باس ناکرێت، شیرن خان وەڵامم دایەوە ئەوەی تەندروستی ئەوەی کاك کاوە باسیکرد بیمەی تەندروستی بە یاسا رێك دەخرێ، هیوادارم ئێوە یاسایەك رێکبخەن پەرلەمانی کوردستان لە خولی سێیەم پڕۆژەیەکمان تەقدیم کردووە، بەڵام ئەوەی بیمەی تەندروستی دەبێ پارە بدا لە هەموو دونیا وایە، دواتر ئەتوانن ئێوە لە کاتی یاساکەدا بۆ کەم ئەندام بە دەری کەن لەوەی کە ئەو مانگانە پارە بدات دواتر سوودمەند بێت لە بیمەی تەندروستی، بۆ مەسەلەی باسی ئەوە کرا کە کەمئەندام و هەژار دەهێندرێنە سەر تەلەفیزۆن ئێمە بە تەواوەتی دژی ئەو سیاسەتەین و ئەمە شکاندنی کەرامەتی ئینسانە هی ئەو منداڵانەیە کە ئێستا نازانێت رەنگە ئێستا هەستی پێ نەکات بەس کە گەورە بوو هەستی پێ دەکات کە چ غەدرێکی لێکراوە و ئێمە بە نووسراوی فەرمی داوامان لە وەزارەتی رۆشنبیری کردووە کە ئەو بەرنامانە رابگرێت هیچ کەسێکی هەژار کەمئەندام نەهێندرێتە سەر تەلەفیزۆن، کەناڵێك ئەگەر دەیەوێت بۆ دەنگ کۆکردنەوەو ئەوە نییە، ئەگەر دەیەوێت خێزانێك هاوکاری بکات ئێمە بەرێوەبەرایەتیمان هەیە لە رێی ئەو بەرێوەبەرایەتییەی ئێمەوە بەرێوەبەرایەتییەکانی ئێمە مامۆستا عمر خۆی لێرەیە توانیوویانە چەندین خێزان لەوانە هاوکاری بکەن بە بێ ئەوەی لە سۆشیال میدیا بڵاوی بکەنەوە، بە بێ ئەوەی رەسمیان لەگەڵ بگرن، بە بێ ئەوەی باسی بکەن، بۆ ئەوەی کەرامەتی ئینسانەکان پارێزراو بێ ئێمە ئەوەمان داوا کردوە، بەڵام بەردەوامە لەگەڵ ئەوە بۆ هیچ بەرنامەیەکی وا ئێمە وەك وەزارەت بەشداری ناکەین نەخۆم نەبریکار نەمودیرعامەکان نەراوێژکار ناچینە بەرنامەیەکەوە کە بەو شێوەیە خێزان بهێندرێتە سەر تەلەفیزۆن، بمانەوێت هاوکاریان بکەین بەرێوەبەرایەتی خۆمانمان هەیە، بابەتێك زۆر باسکرا حەزدەکەم باسیکەم مەسەلەی ئەوانەی کە پێیان دەگوترێ بیرکۆڵی لە سەدا سەد ئەوانەی کە هۆش و ئەوانەی لە دەست داوە ئەوانە بە دەرەجەی یەك ئیختصاصی وەزارەتی تەندروستییە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئێمە، ئەوەی لە بەغدا هەیە تەبعەن خەستەخانەیەکی گەورە هەیە ئەم خەستەخانەیە ئێمە چەند جار لەگەڵ کوردە خان و یەکیەتی ژنان چوینەتە لای دکتۆر سامان بۆ کردنەوەی خەستەخانەیەك لە هەرێمی کوردستان هەموو ئەوانە لە خۆ بگرێت بە تایبەتی ژن و منداڵ ئەمە لەبەر ئەوەی عیلاجی تێدا بەکار دەهێندرێت ئەبێ دکتۆر و کارمەندی تەندروستی تێدابێت ئیختصاصی سەرەکیش هی ئەوانە بە دەستکاری هەماهەنگی لەگەڵ ئێمە، ئێستا خێرخوازێك لە هەولێر دەوڵەمەندێك بە تەمایە یەکێکی زۆر

گەورە لە هەولێر دروست بکات بۆ پیاوان بۆ منداڵان بۆ ژنان و زەوییەکەشی بۆ دەست نیشان کراوە، لە سلێمانی ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین سەنتەرێکی بجوك دروست بکەین تەنها بۆ ژنان لە چەمچەماڵیش یەکێك بۆ پیاوان کە لە مەسەلەی فەرمانبەری گرێبەست، ئێمە تا ئێستا دوو حاڵەت هاتۆتە لامان کە داوای مۆڵەتی بەخێوکەری کردووە نووسراومانکرد بۆ وەزارەتی دارایی دەڵێ لەبەر ئەوەی بە پێی هەموو رێنمایەکان فەرمانبەری گرێبەست جگە لە مووچەکەی خۆی هیج ئیمتیازێکی نییە شمولیان ناکا، وەڵامەکەشم داونەتەوە هی پەرلەمان برادەرێ باسیکرد کە کەس و کاری ئەو منداڵانە نارەزایی لە پەیمانگاکان هەیە، ئێمە هیج نارەزایەتیەکمان پێ نەگەیشتووە لەبەر ئەوەی لە هەر پۆلێکدا تەنها پێنج منداڵی تێدایە، لەبەر ئەوەی ژمارەکەیان کەمە، دووەم هەموو رێکارێکی تەندروستی بەرێوە دەچێ، سێیەم منداڵی نا بینا منداڵی ئێستا منداڵی تر ئەوەی کە هیج کێشەیەکی تەندروستی نییە پابەند بوونە بە ئۆنلاینەوە، بە پێی دوا ئامار لە سەدا شەست خوێندنی ئۆنلاین پابەندە ئەو منداڵانەی ئێمە چۆن پابەند دەبن و چۆن ئەگەر یەکێکی لەگەڵ نەبێت تێ ئەگا، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین ئیعتیماد بخەینە سەر ئۆنڵاین، بۆ منداڵەکانی خۆمان هیچ نارەزایەتیکمان پێ نەگەیشتووە، کاك ابوبکر ئێمە منداڵی ئۆتیزم ئەگەر دوانیان هەبێ دایك و باوکی ئەتوانێ هین وەربگرێ رێنمایی تازەمان دەرکردووە، چەند مانگێکە هیج رێنمایەکیش نییە لە سەنتەرەکانی ئێمە منداڵی سەرووی (١٤) ساڵ دەر بکا، ئەوە رەنگە ئیتجاهیان دروشتەکان بێ کە دەتوانن بێن لای ئێمە بتوانن شکایەتیان لێ بکەن، سەرچنار خان هیج یاسایەك نییە بۆ تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی هیج نییە لە هەرێمی کوردستان ئەو یاسایە خۆی پێشتر پرۆسەکە هەبووە، پشتی نەبەستووە بە هیج یاسایەك رێکخستنەوەی فۆرمەکان، کاك گۆران بەردەوامین دەستەبەرکردن بابەتێکە زۆر دوورو درێژە من پێم خۆشە ئێوە خۆتان بێن سەردان بکەن چیمان کردووە، چونکە من نامەوێت زیاتر لە کاتتان بکوژم، خاڵێکی ترتان هەیە دڵنیام زۆربەتان بە رۆژوون پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەشەوە نییە، بەڵام ئەگەر جەنابت یا لیژنەی پەیوەندیدار بێن سەردانمان بکەن یا بانگمان بکەن بۆ لیژنەی پەیوەندیدار هەمووتان بۆ باس دەکەین هەنگاوەکان چیمان کردووە وچمان دەستەبەر کردووە، چەندی ماوە هەمواری یاساکەمان گەیشتۆتە کوێ و ئەوکاتە ئێمە هەمووی شی دەکەینەوە بۆتان زۆر سوپاس بۆ هەمووتان.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، زۆر زۆر سوپاسی بەرێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین، سوپاس بۆ ئامادەبوونت، سوپاس بۆ وەڵام دانەوەو پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان، هیوادرین بە زووترین کات پرۆژە یاسای هەمواری یاسای (٢٢) مان پێ بگات، بۆ ئەوەی کە ئەو تێبینیانەی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی کە بە قانوون رێك دەخرێ رێکی بخەین و پێکەوە لەگەڵ پێشنیازە یاساکەی پەرلەمان شتێکی باش بە حزووری بەرێزتان بۆ کەمئەندامانی کوردستان بکەین، زۆر زۆر سوپاست دەکەین سوپاسی ئامادەبوونت دەکەین بەرێزت دەتوانی پشوو وەربگری ئیسراحەتی خۆت وەربگری، بەرێزان لە لیژنەی تایبەتمەند فەرموون بچنەوە شوێنی خۆتان، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان فەرموون برۆنە شوێنەکانی خۆتان، بەڵێ کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٩) بڕگە (٢) دەکرێ دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر داوای سەرۆك یان یەك لەسەر چواری ئەندامان بە نهێنی بێت و لە بەر گرنگی بابەتەکەو پیرۆزی و بە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان و گفتوگۆیەکی ئارام و بەرهەم دار، پێشنیاز دەکەم گفتوگۆ لەم بابەتە داخراو بێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو سەلما خان.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی پێشنیازو قسەکانی شێخ ظاهر دەکەم، بابەتی تۆزێکی تر دەکەوێتە ناو گفتوگۆکان پەرلەمانتاران و دوو بابەتی زۆر گرنگ و زۆر حساسن، لەبەر ئەوەی پێشنیار دەکەم گفتوگۆیەکانمان بە داخراوی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە کە تا ساڵی (٢٠١٦) هیچ داتاو ئامارێکی تەندروستی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان بوونی نەبووە، دوای (٢٠١٦) لەسەر پێشنیازی بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت سیستەمی بایۆمەتری لە هەرێمی کوردستان پێشنیازکرا، دوای یەك ساڵ لە جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە پەنجا هەزار لە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان خۆیان تۆمار نەکرد، بەمەش نزیکەی (٣٥) ملیار دینار بۆ حکومەت گەرایەوە، دوای هەنگاوەکانی تری بایۆمەتری نزیکەی (١٦) هەزارو (٥٠٥) کەس لە (٢٠٢١/١/٤) مووچەیان راگیرا، کە ئەم هەواڵە لەلایەنی بەشێکی زۆری پەرلەمانتاران و تەنانەت وەزارەتی داراییش وەکو مژدەیەك و هەنگاوێك بۆ بوارەکانی چاکسازی کرا، کەواتە کاتی خۆشی کە هەنگاوەکانی بایۆ مەتری دەستی پێکرد بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستخۆشی شەخصی لە بەڕێز قوباد تاڵەبانی سەرۆکی لێژنەی بایۆمەتری کرد، وێڕای ئەوەی سەفیری قونسولەکانیش دەست خۆشی ئەو هەنگاوەیان کرد لە ئێستاشدا حکومەتی عێراقیش خەریکە ئەم سیستەمە بگرێتەبەر، بۆ نادیتە گرتنی ئەم پرسە لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان جێگای نیگەرانی ئێمەیە بەشی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی هەمووومانە، بەرهەمی بەروو رەنجو خەباتی تێکۆشانی گەلەکەمانە، حکومەتی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و بادینان و سۆران نییە، بۆیە ئەم جیاکارییەی کە باس دەکرێت لە سلێمانی داهاتی حکومەت نایەو لە هەولێر دێ، ئەمە کارێکی نادروستە، من داوا دەکەم لە بەڕێزتان لە دەستەی سەرۆکایەتی ڕێگا بەم جیاکاریە نەدەن، حکومەت موڵك و میراتی کەس نییەو باوکی کەس نییەو ئێمە خۆمان بە خاوەنی حکومەتی

هەرێمی کوردستان دەزانین و ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە مووچەو ژیانی شایستە بۆ هاووڵاتییانی دەستە بەر بکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاستان دەکەین، بەڕێزان با نەرۆینەوە سەر ئەو بابەتە سوپاس بۆ تێبینیەکانتان، بەڕێزان بە گوێرەی ماددەی (٩) سەرۆك دەتوانێ یا یەك لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن داوای ئەوە بکەن دانیشتنێکی دیاریکراو بە نهێنی بێ، ئێمە بەر بە بنەمای داواکاری ئەو دوو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزە ئەو دەسەڵاتەی خۆمان کە پەیرەو پێیداوین بەکاری دەهێنین، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان مەبەستیەتی دەیەوێت ئەو دانیشتنە پەخش رابگیرێ با بفەرموێ دەست بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی (٧٠) دەنگی ئەندام پەرلەمان بڕگەی دووەمی دانیشتنەکە بە داخراوی دەبێ.

| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)ی**

**چوارشەممە رێکەوتی ٢٨\٤\٢٠٢١**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)
# چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢٨

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٤/٢٨) پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی ماددەی(٥) بڕگەکانی(یەکەم دووەم سێیەم) لەماددەی(١٦) بڕگەی(سێیەم) لە ماددەی(١٨) بڕگەکانی(یەکەم دووەم سێیەم چوارەم پێنجەم) لەماددەی(٢٠) ماددەکانی(٤٧،٤٨،٥٢،٥٤،٥٥،٥٦،٥٧) لەپەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١١)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی (٢٨/ ٤/ ٢٠٢٠) بەمشێوەیە دێت.

یەکەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردنی پاراستنی شوێنەوارو کەلەپووری لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی(٩٠،٩١،٩٣،٩٦،٩٧) لەپەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقاف ژمارە(٦٤)ی ساڵی (١٩٦٦) هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی بڕگەی(یەکەم) ی ماددەی(٨٣) لەپەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە(١٠)ی ئاسایی بەپێی حوکمی بڕگەی(دووەم)ی ماددەی(٢٠و٥٢) لەپەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١١) ئاسایی خولی بەهارە ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێدەکەین، سەرەتاش داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکەم پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو بەرنامەی کار بخوێنێتەوە فەرموو.

**بەڕێز منى نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەرنامەی کار، بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەکانی (یەکەم)، (دووەم)، (سێیەم) لەماددەی (١٦) بڕگەی (سێیەم) لەماددەی (١٨) بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم) لەماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧،٤٨،٥٢،٥٤،٥٥،٥٦،٥٧) لەپەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی (٢٨/ ٤/ ٢٠٢١) بەم شێوەیە بێت.

یەکەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردنی پاراستنی شوێنەوارو کەلەپووری لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠،٩١،٩٣،٩٦،٩٧) لەپەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان.
دووەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقاف ژمارە (٦٤)ی ساڵی (١٩٦٦) هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم) ی ماددەی (٨٣) لەپەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی بەپێی حوکمی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٢٠و٥٢) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی (٢٧/ ٤/ ٢٠٢١) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

یەکەم/ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم/ خوێندنەوەی بەرنامەی کارو پوختەی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێیەم/ دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
چوارەم/ خستنەڕووی گفتوگۆکردنی کێشەکانی منداڵان و هاووڵاتیانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان.
پێنجەم/ گفتوگۆیەکی کراوەی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر پاراستنی ئاشتی و کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لە بەهای پیرۆزی ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ.
شەشەم/ کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس دەست بەجێبەجێ کردنی بڕگەی(یەکەمی) بەرنامەی کار دەکەین، بەڕێزان نوقتەی نیزامی وەرناگرین تا دەنگدان تەواو نەبێت، بەڕێزان سەرۆکایەتی لیژنەکانی یاسایی شارەوانی و ڕۆشنبیری، جەلسەکەمان نیزامییە وە بەردەوام دەبێت تا دەنگدان تەواو دەبێت، پەیوەندی بەو بڕگەیەوە هەیە بە دەنگدانەوە هەیە، یانی ئەگەر دەنگدان بکەین دواتر نوقتە نیزامیەکەت سوودی نابێت، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من ڕاپۆرتی هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند پەیوەست بە دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاسایەکە پێم نەگەیشتووە من بەش بەحاڵی خۆم کۆمەڵێك پێشنیارم کردووە مافی خۆمە بزانم جێگیر کراوە یان نا؟ بەلایەنی کەم بزانین دەنگ لەسەر چی ئەدەین، بۆیە داوا ئەکەین نووسخەیەك لەو ڕاپۆرتەمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی کە ئێمە بەشێوەیەکی تەحریری ببینین بزانین چ پێشنیارەکانی ئێمە جێگیرکراوە بەس بزانین دەنگ بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە هەیە ئەتوانی وەریگری کاك دکتۆر ڕێبوار، بەگوێرەی پەیڕەو ئێمە مولزەم نین نووسخە بدەین بە ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن داوای بکەن، لێرە کۆپیەکی بۆ دکتۆر ڕێبوار بەرن، بەڵێ بەڕێزان لە سەرۆکایەتی لیژنە، کاك دکتۆر زێدان بەڕێزان دەست پێبکەن.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ڕاپۆرتی یاسایی لیژنەی تایبەتمەندە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بابەت ڕاپۆرتی دەنگدان، هەرسێ لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتووگوزار و ڕۆشنبیری وکۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان، ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی ٢٦/ ٤/ ٢٠٢١ کاتژمێر (٩:٣٠)ی شەو کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون، سەبارەت بە پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوارو کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان_ عێراق، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتووگۆ کردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێ لە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بگرین، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

سەبارەت بە ناونیشان سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: پێشنیازە یاسای پاراستن و بەڕێوەبردنی شوێنەوارو کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

پێشنیاری دووەم:

پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوارو کەلەپوور وەك سامانێکی گشتی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

پێشنیاری سێیەم:

وەك خۆی بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوارو کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان _ عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بەناونیشانی یاساکە، سێ پێشنیار هەیە هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی دووەمە؟ دوو ئەندام، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە؟ بەدەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (١) فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (١) حەوت پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم:

ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی دوو لە بڕگەی (حەوتەم) بەم شێوەیە لێبکرێت. دوو: هەر ماددەیەکی گوازراوە یان نەگوازراوەی کەلەپووری کە لە خاڵی یەکەم ئاماژەی پێکراوە تەمەنی لە پەنجا ساڵ زیاتر بێت گرینگییەکی تایبەتی مێژووی یان هونەری یان بیناسازی هەبێت، ئەمەش لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە بەراپۆرتێکی زانستی بەرزدەکرێتەوەو بەڕەزامەندی وەزیر لە شوێنەوار تۆماردەکرێت.

پێشنیاری دووەم:

ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی (یانزەم) بەم شێوەیە لێبکرێت.

یانزەیەم شوێنەوارناس: هەرکەسێك هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت یان پسپۆری هەبێت لە زانستی شوێنەواردا.

پێشنیاری سێیەم:

ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەکانی ( نۆیەم و دەیەم) بەم شێوەیە لێبکرێت: نۆیەم: پارچەو شوێنی سرووشتی ئەو پارچەو شوێنە سرووشتیانە لەخۆ دەگرێت کە دەستکردی مرۆڤ نین، بەڵام پەیوەندی بە زانستی شوێنەوارو کەلەپوورەوە هەیە لە بواری بابەتی زیندەوەرزانی و زەوی ناسەکان وە شوێنی سرووشتی و ئەشکەوتە دەگمەنەکان وە پەناگەو بەبەربووەکان و شوێنی ڕەژوو و پاشماوەی ڕووەکی و ئاژەڵی ئەگەر گرینگییەکی تایبەتی مێژووی یان هونەری هەبێت بە بڕیاری وەزیر لەسەر پێشنیاری لیژنەی هونەری بە راپۆرتی زانستی بە شوێنەوار یان کەلەپوور تۆماردەکرێت.

دەیەم: ناوچەو شوێنە پارێزراوەکان و شوێنەوارو کەلەپووری سەرجەم ئەو شوێنانەو سەرجەم ئەو ناوچەو شوێنە پارێزراوەکانی شوێنەواری و کەلەپووریانە دەگرێتەوە کە سنوورێکی دیاریکراویان هەیەو مەبەست لێی پاراستنی ڕەسەنەکەیانە وە ك سامان کەلەپووریەکی نیشتمانییە، کە ئەو شوێن و ناوچانە چەندین جۆری دروست کراوی هونەری بیناسازی هەمەڕەنگ لەخۆ دەگرێت وەك شار شارۆچکە گوند گەڕەك شەقام گرد گۆڕستانە کۆنەکان و مەزارگەو شوێنە ئاینییەکان، کە لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە بەراپۆرتێکی زانستی بەرز دەکرێتەوەو بەبڕیاری وەزیر بەناوچەو شوێنە پارێزراوەکان و شوێنەواری وکەلەپووری پارێزراو تۆماردەکرێت وە دەخرێتە سەر موڵکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان.

پێشنیاری چوارەم:

ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی (دەیەم) بەم شێوەیەی لێبکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێویست دەکات هەمووی بخوێنمەوە یان تەنیا پەرستگا ئەوەی خەتی لەژێرە ئیزافە بووە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو خۆی هەمووی دەبێت بخوێنیتەوە کاك دکتۆر.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

دەیەم: پێشنیاری چوارەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی (دەیەم) یەم شێوەیە لێبکرێت، شوێن و ناوچەی شوێنەواری یان کەلەپووری سەرجەم ئەو شوێنانەو ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووریانە دەگرێتەوە کە سنوورییەکی دیاریکراویان هەیە وە مەبەست لێی پاراستنی سیما

ڕەسەنەکەیانە وەك سامان و کەلەپوورییەکی نیشتمانی، کە ئەو شوێنانە و ناوچانە چەندین جۆری هونەری بیناسازی هەمەڕەنگ لەخۆ دەگرێت، وەك شار شارۆچکە گوند گەڕەك شەقام گرد قەڵا پەرستگا، کە لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە بە ڕاپۆرتێکی زانستییەوە بەرزدەکرێتەوەو بەبڕیاری وەزیر بە شوێن و ناوچەی شوێنەواری یان کەلەپووری پارێزراو تۆماردەکرێن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیاری پێنجەم لەلایەن کاك لقمان دەخوێندرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، فەرمووو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی پێنجەم:

ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەی خوارەوە.

سێیەم: وەزارەت وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزاری هەرێم و ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی.

شەشەم: شوێنەوار شوێنێکە یان کۆمەڵە شوێنێکی بەرجەستەیە کە بەڵگەی چالاکییەکانی ڕابردووی تێدا هەڵگیراوەو جا چ بەر لەمێژوو یان مۆدێرنبن کە لێکۆڵەرەوەیان لەسەر کراوە یان لەسەر دەکرێت بە بەکارهێنانی دیسپلینی ئارکۆلۆجی و شوێنەوارزانی دەبێتە بەشێك لە تۆماری شوێنەواری.

سێیەم:

حەوتەم/ کەلەپوور ئەو بۆماوەیەن کە لەنەوەکانی ڕابردوو بۆ نەوەکانی ئێستایان جێهێشتووەو لەڕووی زانستییەوە زانستێکی سەربەخۆی تایبەتمەند بەبوارێکی دیاریکراو لەڕۆشنبیری تەقلیدی یان میلی لە گۆشەنیگای مێژووی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی دەروونییەوە شتێك دەخاتە سەر ئەم بوارە.

چوارەم:

هەشتەم/ ناوچەو شوێنی مێژووی ئەو شوێنانەن کە دیمەنی ڕووداوی مێژووی نەتەوەی نیشتمانی گرینگن و بایەخی مێژووییان پێدرایە.

پێنجەم:

نۆیەم/ پارچەو شوێنی سرووشتی ئەو پارچەو شوێنەوارە سرووشتیانەن کە دەستکرد نین، بەڵام پەیوەندیان بە زانستی شوێنەوارو کەلەپوورەوە هەیە، دوور لەبواری بابەتی بایۆلۆجی و جیۆلۆجییەکان وەك شوێنی سرووشتی و ئەشکەوتە دەگمەنەکان و پەناگەکان بەبەردبووەکان شوێنی سکالاکتایت و سگالامایت وە ڕەژوو و پاشماوە ڕووەکی و ئاژەڵییەکان دەگرێتەوە بەمەرجێك گرینگی تایبەتی مێژووی یان هونەریان هەبێت.

سێ: پارچەو شوێنەواری مێژووی شوێنەواری سرووشتی بەبڕیاری وەزیر لەسەر پێشنیاری لیژنەی هونەری بەڕاپۆرتی زانستی بە شوێنەواری یان کەلەپوور تۆماردەکرێن، شەش.

دوانزەیەم: لایەنی پەیوەندیدار ئەو وەزارەت و لایەنە میلیانە دەگرێتەوە کە ڕاسپێردراون بەکاری پاراستن و شوێنەوارو کەلەپوورو چاودێری کردنیان.

حەوت: دوو بــڕگە زیــاد بکرێــت بە زنجیــرەی پــانزەیەم وشــانزەیەم و پێناســە کردنــی ئەم دەستەواژانەی خوارەوە.
پــانزەیەم: ســکالاکتایك ئەو نیشــتووە هەڵواســراوە کاربۆنــاتی کالســیۆمەیە کە لەبــن لیچــی ئەشکەوتەکان هاتۆتە خوارەوە، سکالکمایت ئەو نیشــتووە کلســەیە کە لە زەوی ئەشــکەوتەکانەوە بەرزدەبێتەوەو لە ئەنجامی نیشتنی کاربۆناتی کالیسیۆم.
پێشنیاری شەشەم/ وەك خۆی ماددەی (١) ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەسـتی حوکمەکـانی ئەم یاسایەو ماناکانیان بەرامبەریان.
یەکەم: هەرێم، هەرێمی کوردستان-عێراق.
دووەم: ئەنجوومەن، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.
سێیەم: وەزارەت، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.
چوارەم: وەزیر، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار.
پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارو کەلەپوور لە وەزارەت.
شەشـەم: شـوێنەوار مـاددە گـوازراوەو نەگـوازراوەیە کە دروسـتکراوە یـان نەخشـێنراوە یـاخود بەرهەم هێنراوە یـان نووسـراوەو دەستنووسـە یـاخود وێنەکـی کێشـراوە یـان وێنەیـان گیـراوەو تەمەنیان لە دووسەد ساڵ کەمتر نەبێـت و هەروەهـا پەیـکەری مـرۆڤ و ئـاژەڵ و ڕووەکەکـانیش دەگرێتەوە.
حەوتەم: کەلەپـــوور، کەلەپـــوور هەرمـــاددەیەکی گـــوازراوەو نەگـــوازراوە کە دروســـتکراوەو نەخشـێنراوە بەرهەم هێنـراوە یـان نووسـراوەو دەستنووسـە وێنەیەکـی کێشـراوە یـان وێـنەی گیـــراوە بەهـــایەکی مێـــژووی یـــان نیشـــتمانی یـــان نەتەوەی ئـــاینی یـــان هونەریـــان هەیە، دوو هەرمـاددەیەکی گـوازراوە یـان نەگـوازراوەی کەلەپـووری کە لە خـاڵی یەك ئامـاژەی پێکـراوەو تەمەنی لە سەدو پەنجا ساڵ زیاتر بێت و گرینگیەکی مێـژووی و هـونەری یـان بیناسـازی هەبێـت ئەمەش لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە بە ڕاپۆرتێکی زانستی بەرز دەکـرێتەوە بەڕەزامەنـدی وەزیـر بە شوێنەوار تۆماردەکرێت.
هەشتەم: شوێنی ناوچەی مێژووی ئەو شـوێنەیە کە جێگـایەك بـووە بـۆ ڕووداوێکـی مێـژووی و نەتەوەی و نیشتمانی گرینگ یان بایەخێکی مێژووی پێدرایە.
نۆیەم: پارچەو شوێنی سرووشـتی، ئەو پـارچەو شـوێنە سرووشـتیانە لەخـۆ دەگرێـت کە مێـژوو دروستی نەکردوون، بەڵام پەیوەندیان بەزانستی شوێنەوارو کەلەپوورەوە هەیە لە بواری بـابەتی بایۆلۆجی و جیۆلۆجیەکان وەك شوێنی سرووشـتی و ئەشـکەوتە دەگمەنەکـان و پەنـاگەو بەبەرد بووەکان و شوێنی سکالاکتایت و سکالامایت و وە ڕەژوو و پاشماوەی ڕووەکـی و ئـاژەڵی، ئەگەر گرینگیەکـی تـایبەتی مێـژووی یـان هـونەری هەبێـت بەبڕیـاری وەزیـر لەسـەر پێشـنیاری لیـژنەی هونەری و بەڕاپۆرتی زانستی و بەشوێنەوار یان کەلەپوور تۆماردەکرێن.
دەیەم: شـوێن و نـاوچەی پـارێزراوی شـوێنەوار یـان کەلەپـووری سـەرجەم ئەو شـوێن و نـاوچە شـــوێنەواری و کەلەپووریـــانە دەگـــرێتەوە کە ســـنووری دیاریکراویـــان هەیەو مەبەســـت لێـــی پاراستنی سیما ڕەسەنەکەیانە وەك سـامان و کەل وپەلێکـی نیشـتمانی کە ئەو شـوێن و ناوچـانە چەندین جۆر بیناو هونەری بیناسـازی و هەمەڕەنـگ لەخـۆ دەگـرێ، وەك شـارو شـارۆچکەو گونـد

گەڕەك شەقام گرد قەڵا كە لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە بەڕاپۆرتێكی زانستی بەرز دەكرێنەوەو بەبڕیاری وەزیر بە شوێن و ناوچەی شوێنەوار یان كەلەپووری پارێزراو تۆماردەكرێن.
یانزەیەم: شوێنەوارناس هەركەسێك هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس بێت لە زانستی شوێنەوارو شوێنەواریدا.
دووانزەیەم: لایەنی پەیوەندی دار ئەو وەزارەت و لایەنە حكومیانە دەگرێتەوە كە ڕاسپێردراون بەكاری شوێنەواری و كەلەپووری.
سێزدەیەم: لیژنەی هونەری لیژنەیەكە كەسانی پسپۆڕ لە بواری شوێنەوارناسی و بوارەكانی تری پەیوەندی دار بە شوێنەوار پێكدێن و پێكهاتەكەی لەلایەن وەزیر بەڕێنمایەك دیاری دەكرێت.
چواردەیەم: كاری شوێنەواری و كەلەپووری كاری گەڕان و ڕووپێوو هەڵكۆڵین و نۆژەنكردنەوە بەئامانجی دۆزینەوەی شوێنەوارە گوازراو نەگوازراوەكان چ لەسەر ڕووی زەوی یان لە ژێرەوەو یان لەژێر ئاو پاراستنیان.
پێشنیاری حەوتەم/ لیژنەی تایبەتمەند، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە ماددەی (٩١)ی بڕگەی (چوارەم) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كە بەلیژنەی یاسای و تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە كۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیاز كراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینە ڕوو داوا دەكەین بخرێتە دەگدان، ماددەكە وەك خۆی تەنها لەگەڵ ئەم گۆڕانكارییانەی لای خوارەوە، یەك: بڕگەیەك بەزنجیرەی شەشەم بۆ ئەم ماددەیە زیادبكرێت بەمشێوەیەو بەو پێیەی زنجیرەی بڕگەكان دەگۆڕدرێت.
شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبەرایەتییەكانی شوێنەوارو كەلەپوور دەگرێتەوە كە سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتین، لە خاڵی دووی بڕگەی (حەوتەم)دا سەدوو پەنجا ساڵ بكرێت بە سەد ساڵ، سێ: لە بڕگەی ( نۆیەم)دا هەردوو دوستەواژەی (سكالاكتایت و سكالامایت) بەمشێوەیەی لێبكرێت (ستاكلاكتایت و ستاكلامایت).
چوارەم: بڕگەی (دەیەم) بەمشێوەی لێبكرێت، شوێن و ناوچەی پارێزراوی شوێنەواری یان كەلەپووری سەرجەم ئەم شوێن و ناوچە شوێنەواری و كەلەپووریانە دەگرێتەوە كە سنوورێكی دیاریكراویان هەیەو مەبەست لێی پاراستنی سیمای ڕەسەنەكەیانە وەك سامان و كەلەپوورێكی نیشتمانی كە ئەو شوێن و ناوچانە چەندین جۆرو بینای هونەری و بیناسازی هەمەڕەنگ لەخۆ دەگرن وەك شارو شارۆچكەو گوند، گەڕەك، شەقام، گرد، قەڵا، شوێنە ئاینییەكان و گۆڕستانە كۆنەكان كە لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە بەڕاپۆرتێكی زانستی بەرز دەكرێنەوەو بەبڕیاری وەزیر بە شوێن و ناوچەی شوێنەوار یان كەلەپووری پارێزراو تۆماردەكرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی (١) حەوت پێشنیار هەیە هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەكەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە.
هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە دەست بەرزكاتەوە؟ كەسی لەگەڵ نییە. هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە با دەست بەرزكاتەوە؟ یەك كەس. هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی چوارەمە؟ دووكەس، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی پێنجەمە؟ كەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی

پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی شەشەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی لیژنە هاوبەشەکانی پەرلەمانە؟ بەدەنگی (٧٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٢) فەرمووون.

**بەڕێز سلمى فاتح توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم:

ئەو ماددەیە لابرێت.

پێشنیاری دووەم:

ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی یەکەم بەمشێوەیەی لێبکرێت، ئەگەر بەرهەمی شارستانی گەلانی کوردستان یان میزۆپۆتانیا و شارستانییە یەك لەدوای یەکەکانی ئەم ناوچەیە بێت لەسەر خاکی کوردستان بەرهەم هاتبێت یان ڕوویدابێت.

پێشنیاری سێیەم/ وەکو خۆی، ماددەی (٢) حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر شوێنەوارو کەلەپووری گوازراوەو نەگوازراوێکدا جێبەجێ دەکرێت کە ئەم مەرجانەی تێدابێت، ئەگەر بەرهەمی شارستانییەتی..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەبێ گوێتان لێبێت کە دەیخوێنێتەوە، فەرموو سلمى خان.

**بەڕێز سلمى فاتح توفيق:**

یەکەم: ئەگەر بەرهەمی شارستانییەتی گەلی کوردستان یان میزۆپۆتانیاو شارستانیە یەك لەدوای یەکەکان لەو ناوچەیە بێت لەسەر خاکی کوردستان بەرهەم هاتبێت یاخود ڕوویدابێت.

دووەم: ئەگەر بەهایەکی شوێنەواری یان هونەری یان گرینگیەکی مێژووی بێت و یەکێك بێت لە دەرئەنجامەکانی شارستانییەتی گەلی کوردستان کە لەسەر خاکی کوردستان ئەنجامدراوە.

سێیەم: ئەگەر شوێنەوار یان کەلەپوور لەسەر خاکی کوردستان بەرهەم هاتبێت یان گەشەی کردبێت یان پەیوەندی بە مێژووی هەرێم هەبێت یان بنەماڵەکانی مرۆڤایەتی.

پێشنیاری چوارەم/ پێشنیاری هەرسێ لیژنەی تایبەتمەندە ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی سێیەم بەمشێوەیەی لێبکرێت، ئەگەر شوێنەوار یان کەلەپوور لەسەر خاکی کوردستان بەرهەم هاتبێت یان گەشەی کردبێت یان پەیوەندی بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە پەیوەندی بەو ماددەیەوە هەیەو نیزامیشە بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ئەو پێشنیازانەی کە دەخوێندرێتەوە لە دوای هەر پێشنیازێك، ئینجا داوابکرێت کە کێ ڕایی لەسەرە، بەڕاستی چونکە ئێمە ڕاپۆرتەکانمان لەبەر دەستی نییە، ئیتر هەتا دەگاتە دەنگدانەکە تەرکیزەکە نامێنێت، کاتی زیاتریش تەرکیز دەکەین هەرکەسە پێشنیازی خۆی دەناستەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە کاتی زۆر زۆر ئەوێت ئەمە لەوانەیە.. با دیراسەیەکی بکەین بۆ ئەمجارەنا، بەس جاری تر ئەبێت دیراسە بکەین نازانم دەبێت یان نابێت لە ڕاستیا ئێستا، بەڵێ سەبارەت بەماددەی (٢) پێشنیازی یەکەم/ هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ سێ ئەندامی لەگەڵە.

پێشنیازی دووەم/ هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە.

پێشنیازی سێیەم/ هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە.

پێشنیازی چوارەم/ هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٣) فەرموون.

**بەڕێز سلمی فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٣)، شەش پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم:

برگەیەك بۆ ماددەکە زیاد بکرێت بە زنجیرەی پێنجەم بەم شێوەیە، پێنجەم ڕێگریکردن لە بازرگانی و قاچاغ بردنی شوێنەواران.

پێشنیاری دووەم:

ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت ماددەی (٣).

یەکەم: پاراستن و بەڕێوەبردنی کەلەپوورو شوێنەواری هەرێم ونۆژەنکردنەوەیان وکوچێك لە گرنگترین سامانە نەتەوەییەکان.

دووەم: تۆمارکردن و ڕووپێو کردن و هەڵکۆڵینی شوێن و ناوچە شوێنەواری و کەلەپووری و ناساندنیان بە هاونیشتمانیان و کۆمەڵگەی مەدەنی.

سێیەم: هەڵماڵینی شوێنەوارو کەلەپوورو تیشکخستنە سەر ڕۆڵی دیاری شارستانییەتی هەرێمی کوردستان.

چوارەم: بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاك و ڕیکخستنی چالاکی زانستی بۆ پاراستنی شوێنەوارو کەلەپوور.

پێنجەم: پاراستن و چاودێریکردنی شوێنەوارو کەلەپوورو شوێنەوارە مێژووییەکان لە دارمان و لەناوچوون و لە ڕێگری دروستکردنی مۆزەخانەی مۆدێرن و نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنەوارانەی مەترسی دارمان و لەناوچوونیان لەسەرە.

شەشەم: سزادانی هەرکەسێك کە کڕین و فرۆشتن و بازرگانی بە کەلەپوورو شوێنەوارەوە بکات، سزاکانیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

پێشنیاری سێیەم:

برگەیەك بۆ ماددەکە زیاد بکرێت بە زنجیرەی پێنجەم بەمشێوەیە پاراستن و ڕێگریکردن لە تێکدان و بازرگانی کردن و لەناوبردن و شوێنەوارو کەلەپوور لەڕێگای سزادانی ئەو کەسانەی پابەندی حوکمەکانی ئەم یاسایە نەبن.

پێشنیاری چوارەم:

ئەو برگەیە بۆ ماددەکە زیاد بکرێت بە زنجیـرەی پێـنجەم بەمشێوەیە، پێـنجەم گەڕانەوەی هەر شوێنەوارو کەلەپوورێك کە لەدەرەوەی هەرێمن.

پێشنیاری پێنجەم:

وەکو خۆی، ماددەی (٣) ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

یەکەم: بەڕێوەبردن و پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارو کەلەپوورو مێژووی شارستانییەتی هەرێم و ناساندنی بە هاونیشتمانیان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

دووەم: تۆمارکردن و ڕووپێوی کردن و هەڵکۆڵینی شوێن و ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری.

سێیەم: بڵاوکـردنەوەی ڕۆشـنبیری و بەرزکـردنەوەی ئاسـتی هۆشـیاری و ڕێکخسـتنی چـالاکی زانستی بۆ شوێنەوارو کەلەپوور.

چـوارەم: نمایشـکردنی پـارچەی شـوێنەواری و کەلەپـووری لە مۆزەخانەکـان بـۆ ناسـاندن و بە گەشتیاری کردنی، وەك میراتێکی ڕۆشنبیری و ناسنامەیەکی گرینگی نیشتمانی.

پێشنیاری شەشەم:

پێشـنیاری هەرسـێ لیـژنەی تایبەتمەنـدە مـاددەکە وەکـو خـۆی تەنهـا بـڕگەیەك زیـاد بکرێـت بەزنجیرەی پێنجەم، پێنجەم ڕێگریکـردن لە بازرگـانی و بە قاچـاغ بردنـی شـوێنەوارو کەلەپـوور، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مـاددەی(٣) شـەش پێشـنیاز هەیە هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی یەکەمە دەست بەرزکاتەوە؟ سێ ئەندام،

هەر ئەندامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی دووەمە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەسـی لەگەڵ نییە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی سـێیەمە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەسـی لەگەڵ نییە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیازی چـوارەمە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە،

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی پێـنجەمە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەسـی لەگەڵ نییە،

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی شەشەمە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٧٢) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە، بەڕێـزان سـەبارەت بە پێشـنیازەکەی دکتـۆرە شـایان، لەمـاددەی (٩١) هاتووە ئەڵێ دەنگدان لەسـەر نـاوی یاسـا یـان بڕیـارەکە دەسـت پێـدەکات دواتـر یەکە بە یەکەی ماددەکان و کۆتایی بە دەنگدان لەسـەر هۆیەکـانی دەرچوانـدن دێـت، لە دووەم ئەڵێـت لەکـاتی بوونی زیاتر لە یەك پێشنیاز هەموو پێشـنیازەکان دەخـرێتە دەنگدان جـا باسـی ئەوە ناکـات یەك یەکە، یـانی مـانع نـیە ئـێمە ئەتـوانین بەو ئـسلوبەش، بەڵام ئەصـڵ ئەوەیە بەڕێـزان هەموومـان ئەنــدامان هەیە لە لیژنەکــانی پەرلەمــان، هەمــوو فراکســیۆنەکان ئەبــێ پــێش دەنگــدان کۆبوونەوەیان کردبێت تحدیـدیان کردبـێ چـۆن دەنـگ ئەدرێـت، ئـێمە مانعمـان نـیـە ئەمە تـاقی ئەکەینەوە بزانین ئەو ئسلوبەش، فەرموون ماددەی (٤) بخوێنەوە.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٤) چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم:
برگەی (حەوتەم) بەمشێوەیەی لێبکرێت، حەوتەم تەرخانکردنی تواناو وزەکانیـان بـۆ پارێزگـاری کەلەپووری کەلتووری لە رێگای ئامادەکرن و پێگەیاندنی کارمەندی پسپۆڕو بونیادنـانی تـاقیگەی نوێی پەرەسەندن و شوێنی سەلامەت و گونجا و عەنبارکردن و نیشـاندان و دابینکردنـی ئـامێری نــوێ بــۆ بەدیهێنــانی ئەم مەبەســتە، دووەم/ بــڕگەیەك چابکرێــت بە زنجیــرەی چــواردەیەم بەمشـێوەیە، چـواردەیەم رێکخسـتنی چالاکییەکـانی پەیوەندیـدار بە فرۆشـتن و کڕینـی مـوڵکە تایبەتییەکـانی کەلەپــووری و کەلتــووری و سەرپەرشـتی کردنیــان بەشـێوەیەك کە لەگەڵ یاسـا بەرکارەکان رێك بکەون، پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە ڕوپاك خان، بەرێزان سەبارەت بەماددەی (٤) چوار پێشنیاز هەیە، هەر بەرێزێـك لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە ئەوە ڕوپاك خان خوێندیەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

پێشنیازی دووەم:
مــاددەکە وەك خــۆی تەنیــا لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریــانەی خــوارەوە، بڕگەکـانی (یەکەم و سـێیەم) لێکبدرێت بەمشێوەیەی خوارەوە.
یەکەم: دیاریکردن و دەستنیشان کردنی شوێن و ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری و مێـژووی و نۆژەنکردنەوەو پاراستنیان لە زیان کەوتن و لەناوچوون.
دووەم: بڕگەی (چوارەم) بەمشێوەیەی لێبکرێت، چوارەم گرینگیدان بە دامەزرانـدن و کـردنەوەی مۆزەخانەو پاراستنی شـوێنەوارو کەلەپـوور لە هەرێمـی کوردسـتان و بڵاوکـردنەوەی ڕۆشـنبیری گشـتی. سـێیەم: بـڕگەی (پێـنجەم) بەمشـێوەیەی لێبکرێـت، پێـنجەم دروسـتکردنی نمـوونەی لەبەرگیراوی لاسایی کراوەی پارچەی شوێنەواری و کەلەپووری و بەرهەمهێنـانی وێـنەو فلـیم بـۆ نیشاندان یان فرۆشتن یاخود بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردن یان دیـاریکردنی نرخیـان بەمەرجێـك نمـوونەی دروستکراو نیشانەیەکی هەبێت کە لەگەڵ ڕەسەنەکە جیابکرێتەوە.
چوارەم: لەبڕگەی (حەوت) دەستەواژەی (ئامادەکردن) بکرێتە (گەشەپێدان).
پێنجەم: لەبڕگەی (هەشتەم)دا دەستەواژەی (گرینگیـدان) بکـرێتە (بـایەخ پێـدان)، دەسـتەواژەی (لەوانەکـانی خوێنـدن) بکـرێتە (لەقۆناغەکـانی خوێنـدن)، پێـنج/ بـڕگەی(یـانزە) بەمشـێوەیەی لێبکرێت، یانزەیەم بڵاوکردنەوەو ناساندنی نـاوچەی شـوێنەوار و شـوێن پـارچەی شـوێنەواری و کەلەپوورییە دۆزراوەکان لە ڕۆژنامەی فەرمی دا.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەرێزێك لەگەڵ ئەو پێشنیازەیە؟ دوو کەس.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی، وەك خۆی بخوێنمەوە پێویست دەکات...

**بەڕێز/ رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڵێ بێگومان بیخوێنەوە.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

پێشنیاری سێیەم:

ئەركەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

یەكەم: دیاریكردن و دەست نیشانكردنی شوێن و ناوچەی شوێنەواری و كەلەپووری و مێژووی.

دووەم: گەڕان و ڕووپێوی و هەڵكۆڵین بەدوای شوێنەوارو كەلەپووردا لە سەرتاسەری هەرێم بە بەكارهێنانی نوێترین ئامێری زانستی و هونەری گونجاو پەیڕەوكراو لەبواری زانستی شوێنەواردا. سێیەم: نۆژەنكردنەوەی شوێنەوارو كەلەپوورو شوێنە مێژووییەكان و پاراستنیان لە زیان لێكەوتن و لەناوچوون.

چوارەم: دەمەزراندن و كردنەوەو گرینگیدان بە مۆزەخانەكانی هەرێم و بەرەو پێش بردنیان و بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیری شارستانی و نەتەوەی و نیشتمانی.

پێنجەم: دروستكردنی نموونەی لەبەرگرتنەوە لاسایكردنەوەی پارچەی شوێنەواری وكەلەپووری، بەرهەمهێنانی وێنەو فلیم بۆ نیشاندان یان فرۆشتن یان ئاڵوگۆڕ پێكردن یان دیاریكردنی نرخیان، بەمەرجێك نموونەی دروستكراو نیشانەیەكی هەبێت كە لەگەڵ ڕەسەنەكەی جیابكرێتەوە.

شەشەم: ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەو ڕێكخستنی كۆڕو كۆنفرانس و چالاكی هەمەجۆر لەسەر شوێنەوارو كەلەپوور لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

حەوتەم: ئامادەكردنی پسپۆڕانی هەردوو بواری شوێنەوارو كەلەپوور بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی توانای كاركردنیان.

هەشتەم: گرینگیدانی زیاتر بەبابەتی شوێنەواری و كەلەپووری لە وانەكانی خوێندن دا بۆ مەبەستی ئاشنا بوون و بڵاوكردنەوەی زیاتری ڕۆشنبیری شوێنەواری لە كۆمەڵگەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان.

نۆیەم: ڕێكخستنی تیمی ڕووپێوكردنی سەرتاسەری بۆ شوێنەوارو شوێنە كەلەپوورییەكان، بۆ ئەوەی لە نەخشەكان و بەڵگەنامەكانی ڕووپێویدا دیاری بكرێن و لەسەر نەخشەسازی بنەڕەتی دابنرێن و ئاماژە بە جۆرەكەیان بكرێت.

دەیەم: بەگەشتیاری كردنی ناوچە شوێنەواری و كەلەپوورییەكان بە مەرجی پاراستنی سیمای ڕەسەنایەتیان.

یانزەیەم: ڕاگەیاندن و ناساندنی ناوچەو جێگاو پارچەی شوێنەواری و كەلەپوورییە دۆزراوەكان لەڕۆژنامەی فەرمی دا.

دووانزەیەم: پلاندانان بۆ بارودۆخ و ڕووداوە لەناكاوەكان وەك مەترسییەكانی ئاگركەوتنەوە بوومە لەرزە لافاو هەر مەترسیەكی ترو ڕووداوە مرۆییەكان و سرووشتییەكان.

سێزدەیەم: هەماهەنگی كردن لەگەڵ دامەزراوە ئیتحادییەكانی عێراق، سەبارەت بە شوێنەوارو كەلەپوور بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

یەك: تۆماركردنی شوێنەوارو كەلەپووری هەرێم لە تۆماری یونسكۆدا.

دوو: گەڕاندنەوەی ئەو شوێنەوارو كەلەپووریانەی براونەتە دەرەوەی هەرێم.

سێ: کارکردن بۆ خستنەڕووی شوێنەوارو کەلەپوور یان لەبەرگیراوەکان یان لە مۆزەخانە بیانییەکانی دەرەوەی هەرێم دا بۆ ماوەیەکی کاتی.
چوار: کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە شوێنەواری و کەلەپوورییە جیهانییەکان، ئەنجوومەنە جیهانییەکانی بواری مۆزەخانەکان ڕێککەوتن و پەیماننامە جیهانییەکانی بواری شوێنەوار...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێک لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە وەك خۆی؟ کەسی لەگەڵ نییە، کەواتە ئەم پڕۆسەیە بەس کاتمان لێدەبات.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەرسێ لیژنەی تایبەتمەندە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی (حەوتەم)و خاڵی سێ لە بڕگەی (سێزدەیەم) بەمشێوەیەی لێبکرێت.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

حەوتەم: گەشەپێدانی پسپۆڕانی هەردوو بواری شوێنەوارو کەلەپوور بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانای کارکردنیان، سێزدەیەم، سێ: کارکردن بۆ خستنەڕووی شوێنەوارو کەلەپووری، یان لەبەرگیراوەکان یان لە مۆزەخانە بیانیەکانی دەرەوەی هەرێم دا بۆ ماوەیەکی کاتی لەپێناو ناساندنی مێژوو و ناسنامەی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنە تایبەتمەندییەکانی پەرلەمانە؟ بەدەنگی (٧٣) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، هیچ ناگۆڕێت دکتۆرە لە وەزعەکە بڕوابکە، بەردەوامبن.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی(٥) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم:

وەك خۆی تەنها لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە.

یەك: دەستەواژەی (هاووڵاتییان) بکرێتە (هاونیشتمانیان)، پێویستە هەموو تاکێك پارێزگاری لە شوێنەوارو کەلەپووری هەرێم بکات.

پێشنیاری دووەم:

وەك خۆی، مادده (٥) ئەرکەکانی هاونیشتمانیان.

یەك: هەموو هاووڵاتییەکی هەرێم مافی ئەوەی هەیە زانیاری و سوود لە شوێنەوارو کەلەپوور وەربگرێت بەپێی ئەو یاسایە دەتوانێت بەشداربێت لە پاراستن و گرینگی پێدانی شوێنەوارو کەلەپوور لە هەرێم.

دوو: پێویستە هەموو تاکێك ڕێز لە شوێنەوارو کەلەپوور بگرێت و بیپارێزێت.

سێ: هەر هاووڵاتییەك ئاگاداربێت لە بوونی شوێنەوارێك یان کەلەپوورێکی گوازراوە یان نەگوازراوە یاخود زانیاری لەبارەیەوە هەبێت، دەبێت لەماوەی کەمتر (٢٤) کاتژمێردا لە مێژووی ئاگادار بوونی ئەم زانیارییانە نزیکترین لایەنی فەرمی ئاگادار بکاتەوەو پێویستە لەسەر ئەو لایەنانەش ئەو لایەنەشی کە ئاگادار کراوەتەوە لەماوەی (٤٨) کاتژمێرە زانیارییەکان بگەیەنێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار.

پێشنیاری سێیەم:

پێشنیاری هەرسێ لیژنەی تایبەتمەند وە ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت ماددەی (٥) ئەرکەکانی هاونیشتمانیان.

یەك: هەموو هاونیشتمانیان مافی ئەوەیان هەیە زانیاری و سوود لە شوێنەوارو کەلەپوور وەربگرن بەپێی ئەم یاسایە دەتوانێت بەشداربێت لە پاراستن و گرینگی پێدانی شوێنەوارو کەلەپووری هەرێم.

دوو: پێویستە هەموو تاکێك ڕێز لە شوێنەوارو کەلەپووری هەرێم بگرێت و بیپارێزێت.

سێ: هەر هاونیشتمانییەك ئاگاداربێت لەبوونی شوێنەوارێك یان کەلەپوورێکی گوازراوە یان نەگوازراوە یاخود زانیاری لەبارەیەوە هەبێت، دەبێت لەماوەی کەمتر لە (٢٤) کاتژمێردا مێژووی لە ئاگاداربوون یان زانیارییەکانی نزیکترین لایەنی فەرمی ئاگادار بکاتەوەو پێویستە لەسەر ئەو لایەنەشی کە ئاگادار کراوەتەوە لەماوەی (٤٨) کاتژمێردا زانیارییەکانی بگەیەنێتە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەندەکان زیاتر لە پێشنیارێك هەبوو بنووسن ماف و ئەرکەکانی هاونیشتمانیان، لەبەر ئەوە ئەوەی بڕگەی (یەکەم) مافە، پشتگیری نەبوو، بەڵێ فەرموو پەیوەندی بەو ماددەیەوە هەیە فەرموون.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم کردبوو پشتگیریشی هەبوو، بەڵام نەخراوەتەوە لە لیژنەی بەڕێز لیژنەی یاسای دەکەم تەوزیحێکمان بدەنێ ئەوەی کە ئێستا جەنابت باست کرد لە ناونیشانەکەی ئەرك و مافە گشتییەکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی دیارە زیاتر لە (٦٥) پێشنیار لە ڕاپۆرتدا هەیە، ئەو پێشنیارانەی وجوودیان هەیە بەپێی پەیڕەوی پشتگیری هەیە یان قەبل ئەخیرە یان ئەخیرە، سەبارەت بەم ماددەیە یان پێشنیارە، ئێ ئەمە دوانزە ئەندام پەرلەمان قسەی کردییە، کاك ڕێبوار بە تەسەسولی حەوت قسەی کردییە، دواتر شێخ ظاهر قسەی کردییە، پشتگیری نەکردیە شاخەوان، ئاشنا، هلز، د محی الدین، پشتگیری نەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٥) فەرموون.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی من ئاگادار بووم لەسەر ئەو ماددەیە، ڕاستە پشتگیری کاك ڕێبوار وەکو ئەوەی کە پشتگیریمان کردووە نەمان وتووە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم من و حسیبە خان کاك دکتۆر ڕێبوار، پێشنیارمان کرد کە زیاد بکرێت لەبەشی سەرەوەی، چونکە لە ناوەڕۆکیا ماف و ئەرکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی پەیڕەو ئیشی خۆمان دەکەین، زۆر قسە هەیە مەسەلەن وەکو یەك نین، حەفتا لە سەد مەسەلەن قسەکان نزیکی یەکن، کە من وە هەموو لیژنە تایبەتمەندەکان ملکەچین بە پەیڕەو، ئەگەرنا چی دەزانن (المعنفه قبل شعر) بەڕاستی پێویستە بە وازحی بڵێی من پشتگیری ڕەئی جەنابت دەکەم، ئەوەیە ئەرکی من ئەوە ڕاستییە، زۆر سوپاس.

**بەریز د. ریواز فائق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٥) پێشنیازی یەکەم ئەخەینە دەنگدان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە دەست بەرز کاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە.

پێشنیازی دووەم کاك دکتۆر ڕێبوار یەکجار بۆت هەیە سەیری پەیڕەوەکە بکە یەکجار بۆت هەیە، پێشنیازی دووەم هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە دەست بەرزکاتەوە؟ یەك ئەندام، پێشنیازی سێیەم هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە دەست دەست بەرزکاتەوە؟ پێشنیازی سێیەم پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند کێ لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٦) چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی چوارەم بەمشێوەیە لێبکرێت، چوارەم ئەو شوێنانەی کە شوێنە کلتووری و کەلەپوورییەکان سیمای دەرەوەیان پارێزراوبیت وە قەدەغە بکرێت کە دەستکاری تێدا بکرێت.

پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی چوارەم ماددەکە بەمشێوەیەی لێبکرێت، چوارەم هەموو بینابیەکانی کەلەپووری کە لەهەر شوێنێك بیت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لە کاك ڕزگار بێت، کاك ڕزگار کەمێك دەنگت بەرزکەرەوە تەواو فەرمووو.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

چوارەم هەموو بیناییەکانی کەلەپووری کە لەهەر شوێنێك بێت بەیەك دیزاین نۆژەن بکرێتەوە بۆ ئەوەی بناسرێتەوە کە شوێنەوارە لەلایەن هەموو هاووڵاتییان ناسراو بێت.

پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی ماددەی (٦).

یەکەم: پێویستە بەڕێوەبەرێتی گشتی تۆمارەکی کاغەزی و ئەلکترۆنی تایبەت بە تۆمارکردنی بیناو باڵەخانەو ناوچەو شوێنەواری و کەلەپوورییەکان هەبێت، وە ئەو زانیاری و بەڵگەنامەی پەیوەستن پێیانەوە تێیاندا جێگیر بکاتن مافی پەیوەندی و هاوسێیەتی کە دەکەویتە سەر ئەو نەگوازرانەوەی هاوشانی دەبێت و تۆمارەکان لە ڕۆژنامەی فەرمی دا بڵاوبکرێتەوە.

دووەم: مافەکانی پەیوەندی هاوسێیەتی دانانی پێشینەیەك لە چواردەوری شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لەخۆ دەگرێت لەگەڵ ڕەخساندنی ڕێگاو ڕێڕەوی گەشتن بۆیان، بەمەرجەك شوێن و ناوچە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان پارێزراوبن.

سێیەم: ئەگەر پێشتر شوێنەوار تۆمارکرابێت وە مافی پەیوەندی هاوسێیەتی نەگوازراوەکانی دەوروبەری دیاری نەکرابن ئەوکات دەبی بەپێی یاسا دەستنیشان بکرێن.

چوارەم: جۆری ئەو بینایانە دەکەونە دەوروبەری شوێنی شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لەلایەنی بەرزی و ڕەنگی و ڕووەکانییەوە دەستنیشان دەکرێن، ئەگەر نوێ بن یان نەگۆڕابن ئەمەش بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ شوێنەواری و کەلەپوورییەکان کە بەهەماهەنگی لەنێوان بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەڕێوەبەرێتی گشتی و لایەنی پەیوەندیدار دەبێت.

پێشنیاری چوارەم/ پێشنیاری هەرسێ لیژنەی تایبەتمەند ناونیشانی ماددەی (٦) بەمشێوەیەی لێبکرێت شوێنەوارو کەلوپەلی نەگوازراو بڕگەی (یەکەم)ی ماددەکە بەمشێوەیە لێبکرێت:

یەکەم: پێویستە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارەکی کاغەزی و ئەلکترۆنی تایبەت بەتۆمارکردنی بیناو باڵەخانەو ناوچەو شوێنەوارو کەلەپوورییەکان هەبێت، وە ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی پێویستی پێیە تێدا جێگیر بکات مافی پەیوەندی و هاوسێیەتی کەدەکەویتە سەر ئەو نەگوازراوانەی هاوشانی دابنێت وە تۆمارەکە لە ڕۆژنامەی فەرمی دا بڵاوبکرێتەوە.

سێیەم/ بڕگەی ( دووەم) بەم شێوەیەی لێبکرێت دووەم، مافەکانی پەیوەندی هاوسێیەتی لەلایەن لیژنەی هونەری دیاری دەکرێت بەدانانی پێشینەیەك لە چواردەوری شوێنە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لەخۆدەگرێت لەگەڵ ڕەخساندنی ڕێگاو ڕێڕەوی گەیشتن بۆیان بەمەرجەك شوێنی ناوچە شوێنەوارییەکان و کەلەپوورییەکان پارێزراوبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەماددەی (٦) چوار پێشنیاز هەیە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە.

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ پێشنیازی دووەمە دەست بەرزکاتەوە؟ دوو ئەندامی بەڕێزی لەگەڵە.

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە وەك خۆی دەست بەرزکاتەوە؟ یەك کەسی لەگەڵە.
هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ پێشنیازی چوارەمە دەست بەرزکاتەوە؟ فەرموون پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند، بەدەنگی (٦٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٧) کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەبارەت بەماددەی (٧) چوار پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم/ ئەم ماددەیە لەگەڵ ماددەی(٤) یەکبخرێت.
پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەك خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەو بەمشێوەیە.
یەك: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پشت بەیاسای بە موڵك کردن( استملاکی بەرکار لە هەرێم) مافی بە موڵك کردنی ئەو زەوی و موڵکە نەگوازراوانەی هەیە کە شوێنەواری یان کەلەپوورین، ئەمەش بەرامبەر بەقەرەبوویەکی دادپەروەرانە دەبێت بەگوێرەی نرخی زەوییەکە یاخود موڵکەکەی لە بازاڕ.
دوو: بڕگەی( دووەم) ئەم ماددەیە بکرێتە بڕگەیەك لەماددەی (٤).
پیشنیاری سێیەم/ وەك خۆی، ماددەی (٧):
یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پاڵپشت بەیاسای بەموڵك کردن (استملاکی بەرکار لەهەرێم) مافی بەموڵك کردنی ئەو زەوی و موڵکە نەگوازراوانەی هەیە کە شوێنەواری یان کەلەپوورین ئەمەش بەرامبەر بەقەرەبوویەکی دادپەروەرانە دەبێت.
دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێویستە شوێن و ناوچە و گەڕەکە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان و ناوچە پارێزراوەکان و قەدەغەکراوەکان بپارێزێت، لەکاتێکدا ئەو جێگایانە مەترسی و هەڕەشەی لەناوبردنیان لەسەربێت.
پێشنیاری چوارەم/ پێشنیازی هەرسێ لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی (دووەم) بەم شێوەیەی لێبکرێت، دووەم دەبێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکان شوێن و ناوچە و گەڕەکە شوێنەواری وکەلەپوورییەکان و ناوچە پارێزراو قەدەغەکراوەکان بپارێزێت، لەکاتێکدا ئەو جێگایانە مەترسی و هەڕەشەی لەناوبردنیان لەسەربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٧) چوار پێشنیاز هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە دەست بەرزکاتەوە؟ دوو ئەندامی لەگەڵە.
هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ پێشنیازی دووەمە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە وەك خۆی دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ پێشنیازی لیژنە تایبەتمەندەکانە پێشنیازی چوارەم دەست بەرزکاتەوە؟ بەڵێ بەدەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٨) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم/ وەكو خۆی ماددەی (٨).

یەكەم: هەموو ناوچە شوێنەواری و كەلەپوورییەكان بەناوی موڵكی گشتییەوە تۆماردەكرێن بۆ مەبەستی شوێنەواری تەرخان دەكرێت.

دووەم: ئەو شوێن و موڵكانەی كەلەپوورین دەكرێت موڵكایەتی خاوەنەكانیان بمێنێتەوە، بەڵام نابێت هیچ گۆڕانكارییەكی تێدا ئەنجام بدرێت و زیانی پێبگەیەندرێت لە كاتی نۆژنكردنەوە یان هەر كارێكی ترداو لەژێر چاودێری ڕێنمای بەڕێوەبەرایەتییەكان و بەڕێوەبەرایەتی گشتیدا لایەنە كەلەپوورییەكەی دەپارێزێت.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری هەرسێ لیژنەی تایبەتمەند ماددەكە وەكو خۆی تەنیا بڕگەی (یەكەم) بەم شێوەیەی لێبكرێت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان مەڕۆنە دەرەوە ئەگەر وابێت نیصاب نامێنێت تۆزێك كەمتر، ئاخر نوێژ نیو سەعات تاخیر بوون، بەس دەنگدانەكە با تەواوكەین هەمووتان مەڕۆن با نیصابەكە هەبێت، جەنابت مەلای بڕۆ، قەینا با شێخ ظاهر دانیشێت فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كریم:**

پێشنیاری دووەم/ ماددەكە وەكو خۆی تەنیا بڕگەكە بەم شێوەیەی لێبكرێت:

یەكەم: هەموو ناوچە شوێنەواری و كەلەپوورییەكان بەناوی مولْكی گشتی شوێنەوارەوە تۆماردەكرێن بۆمەبەستی شوێنەواری تەرخان دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بەماددەی (٨) دوو پێشنیاز هەیە وەك خۆی، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ وەك خۆیەتی دەست بەرزكاتەوە؟ (٥٤) دەنگ، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ پێشنیازی دووەمە دەست بەرزكاتەوە؟ پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند؟ (٥) ئەندامی لەگەڵە، ماددەی (٩)، بەڵێ شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٩) بڕگەی(دووەم) ئەندام دەتوانێت داوای بینین و داڕشتنەوەی كۆتایی لە سكرتێری پەرلەمان و لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند بكات، ئێمە هیچ وێنەیەك لە ڕاپۆرتی كۆتایمان لەبەردەست نییە، وەنازانین پێشنیارەكان چۆن نووسراونەتەوە بۆیە ناتوانین دەنگیشی لەسەر دەین، بۆیە پێشنیار دەكەین وێنەیەك لە ڕاپۆرتەكانمان بۆ بنێرن یان ئامادەیكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس شیرین خان ئەوە ئەبوو خۆتان داوایكەن، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوانەی بیدایەت داوایانكرد بۆیانهات، ئێستاش بۆت دێت، ئێستا بۆتان دێت ئێستا بەڕێزان نیو سەعات

پێش جەلسەکە ئەگەر داوای بکەن بۆخۆتان باشترە، چونکە ئێمەش لەناو جەلسەکە فریای ئەو هەموو عەدەدە ناکەوین ئەوەندە ئیستنساخی کەین فەرموون بیخوێنەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی(٩) هیچ پێشنیارەك نییە وەك خۆی ماددەی (٩):

یەکەم: لەکاتی بەکارهێنانی دابەشکردنی زەوی و شوێنەکانی موڵکی دەوڵەت و کەسانی سروشتی یان مەعنەوی دا، بۆ دروستکردنی خانوو و هەربینایەکی تر، وە گۆڕینی سیمای خانوو و باڵەخانەکان لەو شوێنانەندا کە شوێنەواری و کەلەپووری و ناوچەی پارێزراون پێویستە هەماهەنگی بۆ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، وە لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە بەرەچاوکردنی ئاستی نزیکی و دووریان لە شوێنە شوێنەواری و کەلەپوورییەکانەوەو چۆنیەتی کارکردن لەو شوێنانەدا دەستنیشان دەکرێت.

دووەم: لەکاتی بوونی هەر بەربەستێك لە جێبەجێ کردنی هەر پرۆژەیەکدا لەوانەی کە لە برگەی (یەکەم)ی ئەو ماددەیەدا هاتوون، بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەسەر ئەرکی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەکە کاری بەدواگەڕان و هەڵکۆڵین ئەنجام دەدات، کە لەماوەیەکی گونجاودا دەبێت بۆ گەڕانی زانستی وورد بە لەبەرچاوگرتنی ماوەی جێبەجێ کردنی پرۆژەکە و تێچووی گەڕانەکە لە کۆی تێچووەکانی پرۆژەکە دیاری دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سەبارەت بەماددەی (٩) هیچ پێشنیازێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٦٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (١٠) فەرموون.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (١٠) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنیا برگەی (یەکەم) بەمشێوەیە لێبکرێت.

یەکەم: سەرجەم شوێن و ناوچە ئاینییەکان کە شوێنەواری یان کەلەپوورین موڵك وماڵی دەوڵەتبن یاخود وەقف بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنێرن.

پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی ماددەی (١٠).

یەکەم: سەرجەم شوێن و ناوچە ئاینییەکان کە شوێنەواری یان کەلەپوورین موڵك و ماڵی دەوڵەتبن یان تایبەت یان وقف، بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێن.

دووەم: نابێت شوێن و ناوچە ئاینییەکان لەکاتی نۆژەنکردن یان دەستکاری کردن یاخود هەر گۆڕانکارییەك زیانیان پێبگەیەنێت، دەبێت بە ڕەچاوکردنی و پاراستنی لایەنی شوێنەواری و کەلەپوورییەکەی لەژێر چاودێری ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٠) دوو پێشنیاز هەیە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢) ئەندامی لەگەڵە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ پێشنیازی دووەمە وەك خۆی دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، داوا لە

فراكسیۆنەكان دەكەین لەگەڵ ئەندامەكانیان قسە بكەن ئەو بەڕێزانەی چوون نوێژبكەن بێنەوە ژوورەوە بۆ ئەوەی ئەمانی تریش بتوانن نوێژەكانیان بكەن، تەنها پێیان بوترێ كە نوێژیان تەواو بوو بێنەوە، بۆ ئەوەی نیصاب بگەڕێتەوە، ماددەی (١١) فەرموو.

**بەڕێز زێدان ڕیشد خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (١١) چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم/ بڕگەكانی (یەكەم و دووەم)ی ماددەكە بكرێتە یەك بڕگە.

پێشنیاری دووەم/ بڕگەكانی (یەكەم و دووەم)ی ماددەكە یەكبخرێت بەمشێوەیە:

یەكەم: تۆماركردن وگەڕاندنەوەی ئەو شوێنەوارە گوازراوانەی كە هاوولاتییان بەرێكەوت دۆزیویانەتەوە یان پێدانی بەڵگەنامەیەكی تایبەت بە خاوەنەكانیان بەمەرجێك چاودێریكردنی بەردەوامی شوێنەكان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی ماددەی (١١) بەمەبەستی تۆماركردنی شوێنەوارو كەلەپوورە گوازراوەكان بەڕێوەبەرایەتییەكان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارێك ئامادە دەكات بۆ:

یەكەم: تۆماركردنی ئەو شوێنەوارە گوازراوانەی هاوولاتییان بەرێكەوت دۆزیویانەتەوە.

دووەم: تۆماركردنی ئەو شوێنەوارە كەلەپووری و شوێنەوارانەی لە مادەەی (٨)دا، دەقنووس كراون و پێدانی بەڵگەنامەیەكی تایبەت بەخاوەنەكانیان بەمەرجێك چاودێری كردنی بەردەوامی شوێنەكان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

پینشیاری چوارەم:

پینشیاری هەرسێ لیژنەی تایبەتمەند ماددەكە وەكو خۆی تەنیا لەگەل ئەم گۆڕانكارییانە:

- ناونیشانی ماددەكە بەو شێوەی لێ بكرێ (شوێنەوار و كەلەپووری گوازراوە).

- بڕگەی دوو بەو شێوەی لێ بكرێ:

- تۆمار كردنی ئەو شوێنە كەلەپووری و شوێنەواریانە كە لە ماددەی (١٠) دەق نووس كراون و پێدانی بەڵگەنامەی تایبەت بە خاوەنەكانیان بە مەرجێ چاودێری كردنی بەردەوامی شوێنەكان لەلایەن بەرێوەبەرایەتییەكان و بەرێوەبەرایەتی گشتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

چوار پێشنیار هەیە؟ كێ لەگەڵ یەكەمە؟ كەس نییە، كێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ (٣) كەس، كێ لەگەڵ سێیەمە وەكو خۆی؟ كەس نییە، كێ لەگەڵ پێنشیاری چوارەمە؟ (٥٦) كەس، پەسند كرا، ماددەی (١٢).

**بەڕێز سلمی فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە چوار پێشنیار هەیە:

١- بڕگەگانی یەكەم و دووەم یەك بخرێت بەم شێوەیە:

- كەسانی سروشتی و مەعنەوی بۆیان نییە شوێنەواری گوازراوەیان لابێ و ئەبێ لە ماوەی (٩٠) رۆژ لە رێكەوتی جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەو یاسایەوە رادەستی بەرێوەبەرایەتی گشتی

بـكەنەوە، خـاوەن یـان دەسـتداری پـارچەی کەلەپـووری و دەسـت نـووس ئاگـاداری دەسـەڵاتی شوێنەواری بکاتەوە بۆ ئەوەی تۆمار بکرێت و سەرپەرشتی هاوبەش بکرێ.

پێنشیاری دووەم وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەی لێ بکرێ:

- کەسانی سروشتی و مەعنەوی بۆیان نییە شوێنەواری گوازراوەیان لابێ و ئەبێ لە مـاوەی (٩٠) رۆژ لە رێکەوتی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایەوە رادەسـتی بەرێـوەبەرایەتی گشـتی بکەنەوە، ئەگەر نەیگەڕاندەوە بەپێی یاسا بەرکارەکان مامەلەی لەگەڵ دا ئەکرێ.

پێنشیاری سێیەم وەکو خۆی:

ماددەی دوانزە:

- کەسانی سروشتی و مەعنەوی بۆیان نییە شوێنەواری گوازراوەیان لابێ و ئەبێ لە مـاوەی (٩٠) رۆژ لە رێکەوتی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسـایەوە رادەسـتی دەسـەڵاتی شـوێنەواری بکەنەوە.

٢- پێوستە خـاوەن یـان دەسـتداری پـارچەی کەلەپـووری و دەسـت نـووس لە مـاوەی (٩٠) رۆژ لە رێکەوتـی جـێ بەجـێ کردنـی حوکمەکـانی ئەو یاسـایەوە ئاگـاداری بەرێوەبەرایەتییەکـان یـان بەرێوەبەری گشتی بکاتەوە بۆ ئەوەی تۆمار بکرێت و سەرپەرشتی هاوبەش بکرێ.

٣- پاڵپشت بە رێکارە یاساییەکانی خاوەنی پارچەی کەلەپووری یان دەست نووسـەکان لە بـڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە ئاماژەی پیکراوە بەرپرسن لە ون بوون و تێکچوونی پارچەکان.

پێشتنیاری چوارەم کە هی هەرسێ لیژنەی تایبەتمەندە:

وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت:

١ کەسانی سروشتی و مەعنەوی بۆیان نییە شوێنەواری گوازراوەیان لابێ و ئەبێ لە مـاوەی (٩٠) رۆژ لە رێکەوتی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایەوە رادەسـتی بەرێوەبەرایەتییەکـان یـان بەرێوەبەرایییەتی گشتی بکەنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار پێنشیار هەیە، کـێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نیـیە، کـێ لەگەڵ دووەمە؟ دوو کەس، کـێ لەگەڵ سێیەمە؟ کەس نییە، کێ لەگەڵ چوارەمە؟ (٦١) کەس، پەسند کرا، فەرموو دواتر.

**بەرێز سلمی فاتح تۆفیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤) هیچ پێشنیاریك نییە وەکو خۆی:

١ بەرێـــوەبەرایەتی گشـــتی بـــۆی هەیە رەزامەنـــدی وەزیـــر بەهەمـــاهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتیحادییەکـان بـۆ مەبەسـتی تـوێژینەوەی زانسـتی نـۆژەن کـردنەوە یـان دەوڵەمەنـد کردنـی مۆزەخانەکـانی هەرێـم یـان خسـتنەڕووی کـاتی شـوێنەوار و کەلەپـووری گوازراوەکـان بهێنێـتە ناوەوەی هەرێم.

٢- هەر کەسـێ پشتبەسـتن بە یاسـا هەر شـوێنەوارێکی گـوازراوە یـان پـارچەیەکی کەلەپـووری بێنێتە هەرێم پێویستە مۆڵەت لە وەزیر وەرگرێ.

٣- بەرێـوەبەرایەتی گشـتی لە رێـگەی لیـژنەی هـونەرییەوە بەداواداچـوون و لێکـۆڵینەوە بـۆ شـوێنەوار و کەلەپـووری گـوازراوە ئەکـات کە لە دەرەوە هێنـراوەتە هەرێـم. ئەگەر سـەلمێنرا

شوێنەوارن و لە وڵاتی خاوەندارییەتی خۆیان بە شێوەیەکی نایاسایی براونەتە دەرەوەی وڵات ئەو کات دەستی بەسەردا دەگیرێت و بە رەچاو کردنی مەرجی مامەڵەی هاوشێوە بۆ وڵاتە رەسەنەکە ئەگێڕێندرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە هیچ پێشنیارێکی نییە، کێ لەگەڵ دایە وەکو خۆی؟ (٦٢) کەس لەگەڵدایە، فەرموو دواتر.

**بەڕێز سلمى فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥):

دوو پێشنیار هەیە، یەکەم وەکو خۆی:

١- وەزیر بۆی هەیە بە رەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتیحادییەکان بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی یان نۆژەن کردنەوە یان خستنەڕووی کاتی شوێنەوار و کەلەپووره گوازراوەکان بنێرێتە دەرەوەی هەرێم.

٢- وەزیر بەرەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەو شوێنەوارە کەلەپوورییە گوازراوانەی هاوشێوەکانیان لە هەرێم دا هەیە بۆ مەبەستی بەدیهێنانی توێژینەوە و سوودی زانستی یان مێژوویی یان هاوکاری کردن و دەوڵەمەند کردنی مۆزەخانەکانی هەرێم لەگەڵ مۆزەخانە و زانکۆ و پەیمانگا و دامەزراوە زانستییەکانی دەرەوەی هەرێم دا ئالوگۆری پێ بکرێ.

پێشنیاری دووەم هی هەرسێ لیژنەی تایبەتمەندە، ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:

١- وەزیر بۆی هەیە بە رەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتیحادییەکان:

بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی یان نۆژەن کردنەوە یان خستنەڕووی کاتی شوێنەوار و کەلەپووره گوازراوەکان بنێرێتە دەرەوەی هەرێم.

٢- ئەو شوێنەوارە کەلەپوورییە گوازراوانەی هاوشێوەکانیان لە هەرێم دا هەیە بۆ مەبەستی بەدیهێنانی توێژینەوە و سوودی زانستی یان مێژوویی یان هاوکاری کردن و دەوڵەمەند کردنی مۆزەخانەکانی هەرێم لەگەڵ مۆزەخانە و زانکۆ و پەیمانگا و دامەزراوە زانستییەکانی دەرەوەی هەرێم دا ئالوگۆڕی پێ بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێنشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە؟ کێ لەگەڵ دووەمە؟ (٥٩) کەس لەگەڵە، ماددەی دواتر.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێنشیار هەیە:

یەکەم: ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەی چوار یەك بخرێ.

پێنشیار دووەم: وەکو خۆی.

ماددەی (١٦):

١ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تایبەتمەندە بە کاری شوێنەواری و کەلەپووری لە هەرێم.
٢- هیچ کەس و لایەنێك بۆی نییە کاری شوێنەواری لە هەرێم ئەنجام بدات، تەنانەت لەسەر زەوی و موڵکی خۆشی بێت تەنیا بە مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەبێت.
٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆی هەیە ڕێگە بدات بە پسپۆڕان و دامودەزگای زانستی و زانکۆ و پەیمانگاکانی ناوخۆ و بیانییەکان بۆ مەبەستی کاری شوێنەوار و کەلەپووری لە بواری شوێنەوار و کەلەپوور دا ئەمەش دوای دڵنیا بوونەوە لە توانا و لێهاتوویی و زانستی دارایی ئەو لایەنانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی لەبەر دەستی ئێمەیە وا نییە، ئیزافەتان کردووە، بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، لەگەڵ پێشنیاری یەکەم کێ لەگەڵ دایە؟ (٢) کەس، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ (٥٧) کەس لەگەڵ دایە، فەرموو دواتر.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێشنیار هەیە:
یەکەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی شەشەم بەو شێوەیە بێ:
٦- هەر شوێنەوارناسێك یان کارمەندێکی بواری شوێنەوارناسی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم دا بۆ مەبەستی زانستی و ئەنجامدانی توێژینەوەی کاری شوێنەواری بۆی هەیە سەردانی ناوچەی شوێنەواری و کەلەپوورییەکان بکات بە مەرجی پشتگیری لایەنی ئەکادیمیەکەی هەبێت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاگادار بکاتەوە.
پێنشیاری دووەم وەکو خۆی:
ماددەی (١٧):
١ بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاری شوێنەواری و کەلەپووری ئەنجام ئەدات لەو زەوی و شوێنانەی مولکی دەوڵەتن و کەسانی سروشتی و مەعنەوین و ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری لە خۆ ئەگری.
٢- ئەو زەویی و شوێنانەی کاری شوێنەواری و کەلەپوورییان تێدا ئەنجام دراوە ئەگەر دەرکەوت شوێنەواری و کەلەپووری نین ئەگەڕێندرێتەوە بۆ دۆخی پێش ئەنجامدانی ئەو کارەیانەی تیاندا کراون، ئەگەر ئەو شوێن و زەوییانەی ئاماژەیان پێکراوە موڵکی کەسانی سروشتی یان مەعنەوی بوون لە ئەنجامی گەڕان و رووپێوی و هەڵکوڵین زیانمەند بوون ئەوا پاڵپشت بە خەملاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە ڕەزامەندی هەردوو لا یان لە ڕێگەی دادگاوە قەرەبووی زیانەکانیان ئەکرێتەوە.
٣- بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ماوەی کاری شوێنەواری و کەلەپووری دیاری ئەکات و ئەکرێ ماوەکە درێژ بکرێتەوە.
٤- هەموو ئەوانەی کاری شوێنەواری و کەلەپووری ئەنجام ئەدەن پشت ئەبەستن بە توێژینەوە و کارانەی لە پێشتر لەلایەن شوێنەوارناسانی ناوخۆ و بیانییەوە لە هەمان شوێن یان دەوروو‌بەری یان نزیکی شوێنی دەست نیشان کراو بۆ کارکردن ئەنجام دروان.

٥- له كاتی گەڕان و رووپێوی و هەڵكۆڵین دا كە پارچەی شوێنەوار و كەلەپووری ئەدۆزرێتەوە بەپێی سنووری جوگرافیا و شوێنی كاركردنی پارچە دۆزراوەكان ئەگەڕێندرێتەوە بۆ مۆزەخانەی ئەو شارە یان ئەو شوێنەی كاری تێدا ئەكرێ.
٦- هەر شوێنەوارناسێك یان كارمەندێكی بواری شوێنەوارناسی لە زانكۆ و پەیمانگاكانی هەرێم دا بۆ مەبەستی زانستی و ئەنجامدانی توێژینەوەی كاری شوێنەواری بۆی هەیە سەردانی ناوچەی شوێنەواری و كەلەپوورییەكان بكات بە مەرجێ پشتگیری لایەنی ئەكادیمیەكەی هەبێت و بەرێوەبەرایەتییەكان یان بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاگادار بكاتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو پێشنیار هەیە، كێ لەگەڵ یەكەمە؟ (٢) كەس، كێ لەگەڵ دووەمە؟ (٦٧) كەس، پەسند كرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨):

دوو پێنشیار هەیە:

یەكەم: وەكو خۆی تەنیا بڕگەی یەكەم بەو شێوەی لێ بكرێ:

١ سەرۆكی لیژنە یان نێردە مەرجە پسپۆری شوێنەواری شارەزا و خاوەن ئەزموون بێ.

پێنشنیاری دووەم: وەكو خۆی:

ماددەی (١٨):

١ لیژنەی كاری شوێنەواری لەلایەن بەرێوەبەرایەتییەكان و بەرێوەبەرایەتی گشتی بەو شێوەیە پێكئەهێنرێ:

١ سەرۆكی لیژنە یان نێردە مەرجە پسپۆری شوێنەواری شارەزا و خاوەن ئەزموون بێ.

٢_ ئەبێ ئەندامانی لیژنەكانی كاری شوێنەواری و كەلەپووری بەپێی پێویستی شوێنەوارناس بن و ئەكرێ بەپێی پێویستی ئەو ناوچەی كاری تێدا ئەكرێ چەند پسپۆرێكی تریش تێیدا ئەندام بن.

٣ - لە كاتی كار كردن دا لەگەڵ تیمی مۆڵەت پێدراو پێویستە بەلای كەم دوو شوێنەوارناس كە كارمەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی بن و وەك نوێنەری و ئەندام كار بكەن و مافی زانستی تەواویان هەبێ لە نووسینی راپۆرت و بڵاوكردنەوەی توێژینەوە و بەشداری كردنی كۆڕ و كۆنفرانس لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم، بەرپرسیش ئەبن بەرامبەر هەر كەموكوڕییەك لە كاركردن دا ئەگەر بەرێوەبەریەكان یان بەرێوەبەری گشتی لێ ئاگادار نەكەنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو پێشنیار هەیە، كێ لەگەڵ یەكەمە؟ (٢) كەس، كێ لەگەڵ دووەمە؟ (٥٣) كەس پەسند كرا، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كریم:**

**بەریز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩) دوو پێشنیار هەیە:

یەكەم: وەكو خۆی:

ماددەی (١٩):
ئەو تـیم و لایەنـانەی داواکـاری کـارکردن لە بـواری شـوێنەوار و کەلەپـووری ئەکەن ئەبـێ ئەم پابەندییانەی خوارەوە جێ بەجێ بکەن:
١ پێشکەش کردنی داواکارییەك بە بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاری شـوێنەواری و کەلەپـووری کە ئەمانە لە خۆ بگرێ:
١- تایبەتمەندی و شارەزایی داواکاران و توانای داراییان.
٢- زانیـاری لەسـەر ئەنـدامانی تیمـی پێشکەشـکاری داواکە و رەچـاو کردنـی لایەنـی زانسـتی و پسپۆریان.
٣- داواکاری لایەنکی زانستی باوەرپێکراو وەکو زانکۆ و پەیمانگـا یـان دەزگـاییەکی شـوێنەواری رێگەپێدراو بێت.
٤- ئەگەر تیمی داواکار لە دەرەوەی عیراق پێویستە پشتگیری نوێنەرایەتی وڵاتەکەیـان لە هەرێـم یان بالوێزخانەکەی لە عێراق هەبێت.
٥- دیـاری کردنـی ژمـارە و ئاسـتی ئەو کرێکـارانەی کە لەگەڵـی دا کـار ئەکەن لەگـڵ توانـا زانیستییەکەیان.
٦- دابین کردنی پاسەوان بۆ شوێنی کارکردن.
٧- هەوڵـدان بـۆ دابـین کردنـی کورسـی خوێنـدن و زەمـالە بـۆ فەرمـانبەرانی شوێنەوارناسـی لە سنووری بەرێوەبەرایەتی گشتی.
٢-
١ پێشکەش کردنی نەخشەیەك کە تێیدا سنووری شـوێنی کـارکردنەکە روون بکـاتەوە و ئامـاژەش بکرێ بەو ناوچە شوێنەوارییەکان.
٢- پێشکەش کردنی راپۆرتێکی بەرنامەی کاری ساڵانە و راپۆرتی گشـتگیری لە کۆتـایی کارەکـانی گرێبەست ئەدرێتە بەرێوەبەرایەتی گشتی.
٣- پێویستە بۆ کارکردن سوود لە بەشی شوێنەوارناسی لە هەرێم وەرگیرێ.
پێشنیاری دووەم هی هەرسێ لیژنەی تایبەتمەندە بەو شێوەی لێ بکرێ:
ئەو لایەنانەی داواکاری کارکردن لە بواری شوێنەوار و کەلەپـووری ئەکەن ئەبـێ ئەم پابەنـدیانەی خوارەوە جێ بەجێ بکەن:
١ پێشکەش کردنی داواکـارییەك بە بەرێوەبەرایەتییەکـان بـۆ کـاری شـوینەواری و کەلەپـووری کە ئەمانە لە خۆ بگری:
١- تایبەتمەندی و شارەزایی داواکاران و توانای داراییان.
٢- زانیـاری لەسـەر ئەنـدامانی تیمـی پێشکەشـکاری داواکە و رەچـاو کردنـی لایەنـی زانسـتی و پسپۆریان.
٣- داواکار لەلایەنێکی زانستی باوەرپێکراو وەکو زانکۆ و پەیمانگا یـان دەزگـاییەکی شـوێنەواری رێگەپێدراو بێت.
٤- ئەگەر تیمی داواکار لە دەرەوەی عێراق پێویستە پشتگیری نوێنەرایەتی وڵاتەکەیـان لە هەرێـم یان بالوێزخانەکەی لە عێراق هەبێت.

٥- دیـاری کردنـی ژمـاره و ئاسـتی ئەو کرێکـارانەی کە لەگەڵـی دا کـار ئەکەن لەگەڵ توانـا زانیستییەکەیان.
٦- دابین کردنی پاسەوان بۆ شوێنەکە لە ماوەی کارکردن.
٧- هەوڵـدان بـۆ دابـین کردنـی کورسـی خوێنـدن و زەمـالە بـۆ فەرمـانبەرانی شوونەوارناسـی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی.
-٢
١ پێشکەش کردنی نەخشەیەك کە تێیدا سنووری شـوێنی کـارکردنەکە روون بکـاتەوە و ئامـاژەش بکرێ بەو ناوچە شوێنەوارییەکان.
٢- پێشکەش کردنـی راپـۆرتێکی بەرنـامەی کـاری سـاڵانە و راپـۆرتی گشـتی لە کۆتـایی کارەکـانی گرێبەست ئەدرێتە بەرێوەبەرایەتی گشتی.
٣- پێویستە بۆ کارکردن سوود لە بەشی شوێنەوارناسی لە هەرێم وەرگیرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێشـنیار هەیە، یەکەم وەکـو خـۆی؟ یەك کەس، دووەم پێنشـیاری هەر سـێ لیـژنەیە؟ (٦٤) کەس پەسند کرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠) دوو پێنشیاری هەیە:

یەکەم: بڕگەی دووەم بەو شێوەی لێ بکرێ:

٢- داواکـار گرێبەسـتێك لەگەڵ بەرێـوەبەرایەتی گشـتی دا بـۆ مـاوەیەکی دیـاریکراو کـارکردن ئەنجام ئەدات کە تێیدا ماف و پابەند بوونی هەردوولا دیاری ئەکرێت و دواتر لەلایەن وەزیـرەوە پەسند ئەکرێت و گشت گرێبەستەکان بەپێی رێکـارە یاسـاییەکان بـن و لەژێـر دیـوانی چـاودێری دارایی هەرێم بن.

پێنشیار دووەم وەکو خۆی:

١ بەریوەبەرایەتی گشتی دوای پیشکەش کردنی داواکاری تیمی داواکار پێداچوونەوە و وردبینـی بۆ ئەکات و پاشان بڕیاری لەسەر ئەدات.

٢- داواکـار گرێبەسـتێك لەگەڵ بەرێـوەبەرایەتی گشـتی دا بـۆ مـاوەیەکی دیـاری کـراو کـارکردن ئەنجام ئەدات کە تێیدا ماف و پابەند بوونی هەردوو لا دیاری ئەکرێت و دواتر لەلایەن وەزیرەوە پەسند ئەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کـێ لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە؟ (٣) کەس، پێشـنیاری دووەم؟ (٥٦) کەس لەگەڵە پەسـند کـرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢١) هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی.

ماددەی (٢١):

١ بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاری بەدواداچوون و چاودێری کردنی تیمی مۆڵەت پێدراوی کاری شوێنەواری و کەلەپووری ئەکات.
٢- لەکاتی سەرپێچی کردنی یەکێ لە مەرجەکانی گرێبەستی کارکردن لەکاری شوێنەواری و کەلەپووری بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە نووسراو ئاگاداری لایەنی بەرامبەر ئەکاتەوە بۆ لادانی سەرپێچییەکە لە ماوەیەکی گونجا و دیاری کراودا.
٣- ئەگەر لایەنی بەرامبەر سەرپێچییەکەی لانەبرد لەسەر داواکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزیر گرێبەستەکەی هەڵدەوشێنێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢١) کێ لەگەڵدایە؟ (٦٣) کەس پەسند کرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٢) سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم: خاڵی (٣) لە بڕگەی چوارەم لابرێ.

دووەم: وەکو خۆی.

ماددەی ( ٢٢):

١ هەر کەلوپەلێکی شوێنەواری یان کەلەپووری لەسەر خاك یان ژێر خاکی هەرێم بدۆزرێتەوە موڵکی دەوڵەتە.
٢- هەر کەلوپەلێکی شوێنەواری یان کەلەپووری دۆزرایەوە دەست بەجێ وێنەی ئەگیرێت و تۆمار ئەکرێ و لە شوێنی گونجاو ئەپارێزرێ.
٣- بە بێ ڕەزامەندی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نابێ زانیاری لەسەر ئەو پارچە و شوێنەوارانەی دۆزراونەتەوە بڵاوبکرێتەوە یان دەستکاری بکرێن و مامەڵەیان پێوە بکرێ چ لە ناوەوەی هەرێم یان دەرەوەی هەرێم.
٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆی هەیە ئەمانەی خوارەوە بدات بەو لایەنەی کاری رووپێوی و گەڕان و هەڵکوڵین ئەکەن:
١ قالبی شوێنەوارە دۆزراوەکە بە وێنە و هێلکاری و نەخشەکانییەوە.
٢- پارچەی گلینە و ماددەی ئەندامی خۆڵینەکان بە مەبەستی لێکۆڵینەوە بە مەرجێ لەو ماوەیەدا لە یەك ساڵ تێپەر نەکات و دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێشکەشی دەسەڵاتی شوێنەواری بکرێ.
٣- ئەو پارچانەی لە خاڵی دووی ئەو ماددەی هاتوون راستەوخۆ بە چاودێری بەڕێوەبەرایەتی گشتی رەوانەی دەرەوە ئەکرێن و لە باج و رسوومات ئەبەخشرێن.
٥- پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەنجامی تیمی وەرزی ساڵانە رابگەیەنێ.

پێنشیاری سێیەم: هی هەر سێ لیژنەی تایبەتمەندە:

ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:

ماددەی (٢٢):

١ هەر کەلوپەلێکی شوێنەواری یان کەلەپووری لەسەر خاك یان ژێر خاکی هەرێم بدۆزرێتەوە موڵکی دەوڵەتە.
٢- هەر کەلوپەلێکی شوێنەواری یان کەلەپووری دۆزرایەوە دەست بەجێ وێنەی ئەگیرێت و تۆمار ئەکرێ و لە شوێنی گونجاو ئەپارێزرێ.
٣- بە بێ ڕەزامەندی نووسراوی بەرێوەبەرایەتییەکان و بەرێوەبەرایەتی گشتی نابێ زانیاری لەسەر ئەو پارچە و شوێنەوارانەی دۆزراونەتەوە بڵاو بکرێتەوە یان دەست کاری بکرێن و مامەڵەیان پێوە بکرێ چ لە ناوەوەی هەرێم یان دەرەوەی هەرێم.
٤- بەرێوەبەرایەتییەکان و بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆی هەیە ئەمانەی خوارەوە بدات بەو لایەنەی کە کاری رووپێوی و گەڕان و هەڵکوڵین ئەکەن:
١ قالبی شوێنەوارە دۆزراوەکە بە وێنە و هێلکاری و نەخشەکانییەوە.
٢- پارچەی گڵینە و ماددەی ئەندامی خۆڵینەکان بە مەبەستی شی کردنەوە و لێکۆڵینەوە بە مەرجێ لەو ماوەیەدا لە یەك ساڵ تێپەر نەکات و دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێشکەشی دەسەلاتی شوێنەواری بکرێ.
٣- ئەو پارچانەی لە خاڵی دووی ئەو ماددەی هاتوون راستەوخۆ بە چاودێری بەرێوەبەرایەتییەکان رەوانەی دەرەوە ئەکرێن و لە باج و رسوومات ئەبەخشرێن.
٥- پێویستە لەسەر بەرێوەبەرایەتییەکان و بەرێوەبەرایەتی گشتی و تیمی مۆڵەت دراو سالانە ئەنجامی وەرزی کارکردنیان رابگەیەنێ.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ دوو کەس، کێ لەگەڵ دووەمە وەکو خۆی؟ کەس نییە، کێ لەگەڵ سێیەمە کە هی هەر سێ لیژنەی تایبەتمەندە؟ (٦٣) کەس، پەسند کرا، ماددەی (٢٣).

**بەرێز لقمان حمد حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ پێنشیارێك نییە وەکو خۆی.

بەشی پێنجەم:

رێگە پێنەدراو و سزاکان.

ماددەی (٢٣):

١ جگە لەوەی لەو یاسایەدا رێگە پێدراوە رەفتار پێ کردن و تێکدانی شوێن و بیناو ناوچەی شوێنەواری و شەقام و بازار و خانوو و گەڕەکە کەلەپوورییەکان و ناوچە پارێزراوەکان و پارچەی شوێنەواری و کەلەپووری گوازراوە و نەگوزراوە و شوێنە مێژووییەکان و دەست نووسەکان قەدەغەیە.
٢- خاوەن ئەو زەوی و شوێنەواری و کەلەپوور و شوێنی مێژووییەکانی تێدایە بۆی نییە دەستکاری ماددەی یان تێکدان یان گۆرینی رووکاری تێدا ئەنجام بدات ئەگەر شوێنەکە لە رۆژنامەی فەرمیدا راگەیاندنی بۆ کرابێ یان نەکرابێ.
٣- فرۆشتن و بازرگانی پێ کردنی شوێنەوار و کەلەپوور قەدەغەیە.

٤- نابێ پارچەی شوێنەواری و کەلەپووری لەبەر بگیرێتەوە و کۆپی بکرێت تەنیا بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەبێت و ئامانج لە بەرگگرتنەوەکەش بۆ راهێنان و توێژینەوەی زانستی یان بۆ نیشاندان یان بۆ فرۆشتن یان بۆ ئاڵوگۆر پێ کردن ئەبێ.
٥- نابێ هیچ مۆزەخانەیەکی شوێنەواری تایبەت و گشتی مولّکی کەسی بن، کردنەوەی مۆزەخانەی کەلەپووری و سروشتی پێویستە بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێت و لە ژێر چاودێری ئەودا بێت.
٦- بەبێ رەزامەندی بەڕێوەرایەتی گشتی رێگا نادرێ بەکارهێنانی ناو و ناونیشانی شوێنەواری یان کەلەپووری لە شوێنە گشتی و بازرگانییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٢٣) کێ لەگەڵە؟ (٦٠) کەس، پەسند کرا. فەرموو دواتر.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی:

ماددەی (٢٤):

سزاکان:

١ هەر کەسێ پارچەی شوێنەواری یان کەلەپووری یان دەست نووسی گوازراوەی تۆمار کراو یان تۆمار نەکراوی لابێت و لەماوەی (٩٠) رۆژ لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەرێوەبەرایەتی گشتی نەکاتەوە یان ببێتە هۆی وونبوونی یان لەناوچوونی ئەو پارچەیە بە بەند کردن و پێ بژاردن بە بڕی دوو هێندەی نرخی خەملێنراوی پارچە شوێنەواری یان کەلەپوورییەکە سزا ئەدرێ.
-٢
یەك: هەر کەسێ شوێنەواریك یان کەلوپەلی کەلەپووری بدزێ کە لە ژێر دەستی بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەریوەبەرایەتی گشتی دابێت بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ، هەروا بە پێبژاردنێك بە بڕی شەش هێندەی نرخی خەملێنراوی پارچە شوێنەواری یان کەلەپوورییەکە سەرەڕای گەڕاندنەوەی.
دوو – ئەو بارانەی خوارەوە بە بارودۆخی توند هەژمار ئەکرێن و ئەنجامدەرەکەی بە سزای زیندانی هەمیشەیی سزا ئەدرێن.
ا _ ئەگەر پارچەی شوێنەوار یان کەلەپووری دزراو نەگەرێندرایەوە.
ب- ئەگەر ئەنجامدەری تاوان یەکێ بوو لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان راسپێردراو بە پارێزگاری کردن بە شوێنەوار یان ئەوانەی کار ئەکەن لە بەڕێوەبەردنی.
ج- ئەگەر تاوانەکە لەلایەن دوو کەس یان زیاتر بە بەکارهێنانی هێز و زۆرە ملێی ئەنجام درا.
-٣

١ _ هەر کەسێ پارچەی شوێنەواری بباتە دەرەوەی هەرێم یان بەشدار بێ لە بردنە دەرەوەی دا بە زیندانی هەمیشەیی سزا ئەدرێ.
٢- هەر کەسێ بە ئەنقەست کەلووپەلی کەلەپووری بباتە دەرەوەی هەرێم یان بەشدار بێ لە بردنە دەرەوەی بە بەند کردن سزا ئەدرێ لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێت و سەرەڕای پێ بژاردنێك بە بڕی (٣) ملیۆن دینار.
-٤
١ – هەر کەسێ بە بێ رەزامەندی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاری گەڕان و رووپێوی و هەڵکۆڵین ئەنجام بدات یان هەوڵی دۆزینەوەی شوێنەوار بدات بە بەند کردن بۆ ماوەیەك کە لە (٣) ساڵ کەمتر نەبێت سزا ئەدرێ.
٢- ئەگەر کاری گەڕان و روپێوی و هەڵکۆڵین یان هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار بووە هۆی گۆڕینی شوێنەوارەکە ئەبێ ئەنجامدەر قەرەبووی دوو هێندەی نرخی خەملێنراوی زیانەکە بکاتەوە و دەست بەسەر شوێنەوارەکە دەرهێنراوەکە و کەل و پەلەکانیش دا ئەگیرێت.
٣- ئەبێ تاوانبار لەسەر خەرجی تایبەتی خۆی بارەکە بۆ دۆخی ئاسایی بگەڕێنێتەوە.
٤- ئەگەر تاوانبار فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێ بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك کە لە (١٥) ساڵ زیاتر نەبێ سزا ئەدرێ.
-٥
١ – هەرکەسێ بازرگانی بە کەلوپەل و پارچەی شوێنەواری و کەلەپوورییەوە بکات دەست بەسەرە کەل و پەلەکان ئەگیرێت و بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك کە لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ سەرەرای پێ بژاردنێك بە بڕی (١٠) ملیۆن دینار، ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێ ئەوا بە هەمان ماوەی ساڵ بە زیندانی کردن سزا ئەدرێ سەرەڕای پێ بژاردنێك بە بڕی (٢٠) ملیۆن دینار.
٢- هەر کەس بەبێ رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بە کەل و پەل و پارچەی شوێنەواری و کەلەپوورییەوە بکات چ ساختە کراو یان لاسایی کراوەبێ ئەوا دەست بەسەر کەل و پەلەکە دا ئەگیرێت و بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدرێ، سەرەرای پێ بژاردنێك بە بڕی (٢) ملیۆن دینار، ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە کارمەندی دەسەڵاتی شوێنەواری بێ بە هەمان ماوەی ساڵ بە بەند کردن سزا ئەدرێ و سەرەرای پێ بژاردنێك بە بڕی (٦) ملیۆن دینار.
پێشنیاری دووەم: هی هەرسێ لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت:
١ هەر کەسێ پارچەی شوێنەواری یان کەلەپووری دەستنووسی گوازراوەی تۆمار کراو یان تۆمار نەکراوی لابێت و لە ماوەی (٩٠) رۆژ لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکان نەکاتەوە یان ببێتە هۆی ونبوونی یان لەناوچوونی ئەو پارچەیە بە بەند کردن و پێ بژاردن بە بڕی دوو هێندەی نرخی خەملێنراوی پارچە شوێنەواری یان کەلەپوورییەکە سزا ئەدرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێنشیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، کێ لەگەڵ دووەمە؟ (٦٧) کەس، فەرموو دواتر.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٥) سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم: ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:

هەر کەسێك سروشتی یان مەعنەوی زێدەڕەوی بکاتە سەر خانووێك، باڵەخانەیەك یان گەرەکێك یان هەر شوێنێکی تری شوێنەواری یان کەلەپووری بڵاوکراو لە ڕۆژنامەی فەرمی کە ببێتە هۆکار بە تێکدان یان گۆرینی سیما یان گۆرینی ئەو مەبەستەی کە بۆی تەرخان کراوە سزا ئەدرێ بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك کە لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت و سەرباری سزادان ئەبێ لەسەر ئەستۆی خۆی زێدەڕۆییەکە لابات.

دووەم: وەکو خۆی.

ماددەی (٢٥):

هەر کەسێك زێدەڕەوی بکاتە سەر خانووێك، باڵەخانەیەك یان گەرەکێك یان هەر شوێنێکی تری شوێنەواری یان کەلەپووری ڕاگەیەنراو لە ڕۆژنامەی فەرمی ژ بە تێکدان یان گۆڕینی سیما یان گۆڕینی ئەو مەبەستەی کە بۆی تەرخان کراوە بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك کە لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدرێت و پابەند ئەبێ لەسەر خەرجی خۆی زێدەڕۆییەکە لابات.

سێیەم: پێشنیاری هەرسێ لیژنەی تایبەتمەندە:

وەکو خۆی تەنیا لەگەڵ ئەوەی ئەو ماددەیە بکرێتە بڕگەیەك بە زنجیرەی شەشەم بۆ ماددەی (٢٤).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٥) سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ (٤) کەس، کێ لەگەڵ دووەمە؟ کێ لەگەڵ سێیەمە؟ (٦٢) کەس پەسند کرا، بەڕێزان دوو ماددە دەمج بوون، یەعنی بەو دەنگدانە ماددەکە وەکو خۆی ماوەتەوە ئەکرێتە بڕگەی نوێ لە ماددەی (٢٤)، ئێمە ئێستا چوینەتە، فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەو پێنشیارە بۆ ئەوەی تەسەسولی ماددەکانی تر نەگۆڕێت پێشنیارێکی سەربەخۆمان هەیە وەکو هەر سێ لیژنە، پێمان باشە ماددەیەك بە زنجیرەی ماددە (٢٥) زیاد بکرێ بۆ ئەو یاسایە بەو شێوەیە:

ماددەی ( ٢٥):

بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمی ماددەکانی (١٤ و ١٥) ی ئەم یاسایە سوود لە کارمەند و پسپۆڕانی بواری زانستی شوێنەوارناس لە خاڵە دەروازە سنوورییەکان وەربگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند لە جێی ئەو مادده دەمج کراوە بۆ ئەوەی تەسەلسولی ماددەکانی تر تێك نەچێ ڕێك لە شوێنی ئەو ماددەیە دایاناوە، یەکجار تر بیخوێنەوە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕیز بژار خالد عبدالله:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمی ماددەکانی (١٤ و ١٥) ی ئەم یاسایە سوود لە کارمەند و پسپۆڕانی بواری زانستی شوێنەوارناسی لە خاڵە دەروازە سنوورییەکان وەربگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە بە ئیزافە کردنی ئەو ماددەیە لە شوێنی مادده دەمج کراوەکە؟ (٥٨) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی شەشەم:

حوکمە گشتییەکان:

ماددەی (٢٦): سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا دەستەواژەی (تەنها) لابرێ لە بڕگەی یەکەم.

دووەم: ناونیشانی بەشی شەشەمی ماددەکە بکرێتە (بەشی شەشەم/ حوکمە گشتییەکان)

ماددەی (٢٦):

١ بەڕێوەبەر و بەرپرسی مۆزەخانەکان و بنکەکانی شار و شارۆچکەکان پێویستە شوێنەوارناس بن یان ئەبێ شارەزایی زانستییانەی لە بواری زانستی شوێنەوار دا هەبێ، بۆ مادەی چوار ساڵ بەردەوام ئەبن و لە کاتی پێویست دا ئەکرێ ماوەکەیان درێژ بکرێتەوە.

٢- ئەبێ سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی کاری شوێنەواری و کەلەپووری لە شوێنەوارەکان و کۆمیسیۆن و ناوچەکان بە پسپۆڕانی شوێنەوار یان کەسانی شوێنەوار ناس بسپێردرێ.

٣- بەڕێوەبەر و بەرپرسی مۆزەخانە و ناوچە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان و پشکێنەرانی شوێنەوار و دەسەڵاتی پۆلیسیان هەبێ بۆ وەرگرتنی ئەو کەسانەی کە بە شێوازیکی نایاسایی بازرگانی بە کەرەستە کەلەپوورییەکان ئەکەن و بە قاچاغ بۆ دەرەوەی وڵاتی ئەبەن.

پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.

ماددەی (٢٦):

١ بەڕێوەبەر و بەرپرسی مۆزەخانەکان و بنەکەکانی شار و شارۆچکەکان ئەبێت شوێنەوارناس بن، تەنیا بۆیان هەیە بۆ ماوەی چوار ساڵ لەو پۆستەدا کار بکەن و ئەکرێ چوار ساڵی تر ماوەی کارکردنیان درێژ بکرێتەوە.

٢- سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی کاری شوێنەواری و کەلەپووری لە شوێنەوارەکان و کۆمیسیۆن و ناوچەکان ئەبێت بە کەسانی شوێنەوارناس بسپێردرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرکۆ نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو دەنگدانەی لە ماددەکانی تر درا گومانم هەبوو لەو ژمارەی حیساب ئەکرا، ئەوەی ماددەی پێشوو بەرێزت وتت و حیسابت کرد و ئەوەی ئێمە حیسابمان کرد (٤٧) کەس بوو، بەڵام ئێوە (٥٩) کەستان ژمارد.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئێستا نیوە زائید یەکی ئامادە بووانی ئەو قاعەیە دەنگ بە هەر ماددەیەك بدەن ئەو ماددەیە رۆیشتووە، جاری پێشوو هەڵەکە لە من بوو (٢٨) و (٢٩) ئەبوو بڵێم (٥٧) کۆمان کردەوە وتم (٦٧)، ئەوەش خۆم راستم کردەوە، بۆ ئەوەی تریش ئێمە دەنگمان داوە، دواتر سەیری پرۆتۆکۆل رائەسپێرین بە ڤیدیۆ سەیری دەنگدانەکە بکەن، ئەگەر بەو شێوەیە بوو دەستکاری ئەکەین، بەڵام ماددەکە هەر ئەڕوا، ماددەی دوای ئەوە (٢٦) ئەخەینە دەنگدان، سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، کێ لەگەڵ دووەمە؟ (٣) کەس، کێ لەگەڵ سێیەمە وەکو خۆی؟ (٥٥) کەس، پەسند کرا، فەرموو دکتۆر رێبوار.

**بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینی پەیڕەویم هەیە، لەکوێی پەیڕەوی ناوخۆ لەکاتی دەنگدان لیژنەی یاسایی بتوانێ پێشنیاریك بخاتە ئەو بڕگەکەوە، دوو، ئەو پێشنیارەی کە کرا مەبدەئیەن لەگەڵیم لەبەر ئەوەی لە خوێندنەوەی دووەم خۆم پێشنیارم کردبوو وتم لە خاڵە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکان ئەبێ خەڵکی پسپۆر هەیە، بەڵام بە هەند وەرنەگیرا، ئێستا لەبەر ئەوەی لیژنە بڕیاری لەسەردا بە هەند وەرگیرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە گوێرەی ماددەی (٩١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنە تایبەتمەندەکان لە خوێندنەوەی سێیەم بە ئیتیفاقی خۆیان ئەتوانن بڕگە زیاد بکەن و دەستکاری بکەن و پێشنیاری ئەندامێکی پەرلەمانیش بکەنە پێشنیار، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم ئەو ماددەیە ئێستا دەنگی لەسەر درا وجودی هەبوو پێشتر لە راپۆرتی یەکەم، لێرەش دکتۆر زێدان ئاماژەی پێدا لیژنەی یاسایی ئەو ماددەیەی لابردووە، بەرێزت ئاگادار بووی، جاریکی تر گەریندرایەوە، هیچ ماددەیەکی پەیرەویش هەیە عەکسی ئەوە بڵێ و رێگا نەدات؟ لە راپۆرتی ئێمە تیکرار ناکەین بۆ جاری یەکەم کە ئەڵێ لە کۆبەندی ئەو بژاردانە بەپێی پەیڕەو و ماددەی ئەوەندە و ئەوەندە و بڕگەی ئەوەندە پێشنیار ئەکەین ئەو ماددەی بخرێتە دەنگدان، پرسیار ئەوەیە ماددەیەکی پەیڕەوی هەیە عەکسی ئەوە بێ؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، ئێوە صەلاحیەتان هەیە هەرسێ لیژنە، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زیاد کردنی ئەو بڕگەیە پێشنیازی هەرسێ لیژنەی تایبەتمەند بوو، کە لە نووسینەوەی راپۆرتی هاوبەش جێگیرمان کرد، بەڵام هەڵەیەك لە تایپ هەبوو، پشتیوانی لە قسەکانی دکتۆر بژار ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دواتر.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٧):

سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم: بڕگەی چوارەم بەو شێوەی لێ بکرێ:

٤_ دیار کردنی بڕی پاداشت بۆ هەرکەسێ کە شوێنەوار و کەلەپوور ئەدۆزێتەوە یان زانیاری ئەدات بۆ دۆزینەوەی بە ڕێژەیەك کە نرخی خەملاندنی ئەو شوێنەوارە بێت کە کەسەکە ئەیدۆزێتەوە.

پێنشیناری دووەم: بڕگەیەك زیاد بکرێ بە زنجیرەی (٥) بەو شێوەیە:

٥- هەر کەسێ شوێنەوارێکی لابێ ئەوا لەسەر حکومەتە بە کڕینەوەی پاراستنی ئەو شوێنەوارە بۆ ئەوەی ببێتە موڵکی حکومەت بە نرخی راستەقینەی خۆی.

پێنشیاری سێیەم وەکو خۆی:

ماددەی (٢٧):

ئەرکەکانی لیژنەی هونەری:

١_ بۆ دیاری کردنی هەر کەلوپەلێك و پارچەیەکی شوێنەواری و کەلەپووری کە رەسەنە یان ساختەیە بڕیار و راسپاردەی لیژنەی هونەری یەکلاکەرەوە ئەبێت.

٢- خەملاندنی بڕی قەرەبووی ئەو زیانانەی بەر شوێنەوار یان کەل و پەلە شوێنەواری و مێژووییەکان ئەکەون تەنیا بەبەهای دارایی ئەبێت بەڵام پێویستە زیانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەش کە لەو شوێنانە کەوتوون دیاری بکرێ.

٣- دیار کردنی نرخی هەر پارچەیەکی شوێنەوار کەلەپووری کە پێشکەشی بەرێوەبەرایەتییەکان یان بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەکرێ.

٤- دیار کردنی بڕی پاداشت بۆ هەرکەسێ کە شوێنەوار و کەلەپوور ئەدۆزێتەوە یان زانیاری ئەدات بۆ دۆزینەوەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ (٣) کەس، کێ لەگەڵ دووەمە؟ (کەس نییە)، کێ لەگەڵ سێیەمە؟ (٦٣) کەس لەگەڵییەتی پەسند کرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٢٨):
چوار پێشنیار هەیە:
یەکەم: بڕگەی یەکەم بەو شێوەی لێ بکرێ:
ڕێژەی ١٠٠% ی داهاتی گشتی شوێنەوار بۆ گەشەپێدانی بواری شوێنەوار و گەشتیاری و کەلەپووری تەرخان ئەکرێ.
پێنشیاری دووەم:
بێگەی دووی ماددەکە لابرێ.
پێشنیاری سێیەم:
ماددەکە لابرێ.
پێشنیاری چوارەم:
وەکو خۆی.
ماددەی (٢٨):
١ _ ڕێژەی ٥٠% داهاتی گشتی شوێنەوار بۆ کەرتی گەشەپێدانی بواری شوێنەواری و کەلەپوور تەرخان ئەکرێ.
٢- پێویستە لە بودجەی گشتی دا بودجەیەکی ساڵانە بۆ کاروباری شوێنەوار و کەلەپوور تەرخان بکرێ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی (٢٨) چوار پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە، کەس نییە، کێ لەگەڵ دووەمە؟ (١) کەس، کێ لەگەڵ سێیەمە؟ (٢) کەس، کێ لەگەڵ چوارەمە؟ (٥٦) کەس، پەسند کرا، فەرموو.
**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٢٩):
٢ پێشنیار هەیە:
یەکەم: ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:
١ – لەکاتی پێویست وەزیر لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە فیدرالییەکانی تایبەت بە شوێنەوار و کەلەپوور ئەکات.
پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.
ماددەی (٢٩):
١ – لەکاتی پێیویست وەزیر لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئیتیحادییەکانی تایبەت بە شوێنەوار و کەلەپوور ئەکات.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
دوو پێشنیار هەیە. کێ لەگەڵ یەکەمە؟ (٣) کەس، کێ لەگەڵ دووەمە؟ (٦١) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٠):

هیچ پێشنیارێك نییە ماددەكە وەكو خۆی.

ماددەی (٣٠):

وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەو یاسایە دەرئەكات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە وەكو خۆی؟ (٦٥) كەس، پەسند كرا.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣١) هیچ پێشنیاریك نییە وەكو خۆی.

ماددەی (٣١):

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هیچ پێشنیارێك نییە بەڕێزان، كێ لەگەڵ دایە وەكو خۆی؟ (٦٢) كەس، پەسند كرا.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٢) دوو پێشنیار هەیە:

یەكەم: وەكو خۆی:

كار بە یاسای شوێنەواری عێراقی ژمارە (٥٩) ی ساڵی ١٩٣٦ ی كار پێكراو لە هەرێم ناكرێت.

پێشنیاری دووەم هی هەرسێ لیژنەی تایبەتمەندە.

یاسای شوێنەواری عێراقی ژمارە (٥٩) ی ساڵی ١٩٣٦ ی كار پێكراو لە هەرێم كاری پێ ناكرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، كێ لەگەڵ یەكەمە؟ (١) كەس، كێ لەگەڵ دووەمە؟ (٦٥) كەس، پەسند كرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٣):

هیچ پێشنیار نییە وەكو خۆی.

كار بە هیچ یاسا و بڕیارێك ناكرێ كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەو یاسایە ناكۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە وەكو خۆی؟ (٦٣) كەس، پەسند كرا، ماددەی (٣٤).

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٣٤):
دوو پێشنیار هەیە.
یەکەم: ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:
ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دا دوای (٣٠) ڕۆژ جێ بەجێ ئەکرێ.
دووەم: وەکو خۆی.
ماددەی (٣٤).
ئەو یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ ئەکرێ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
دوو پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ (٢) کەس، کێ لەگەڵ دووەمە؟ (٦٣) کەس، فەرموو.
**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە:
یەکەم: وەکو خۆی:
هۆیەکانی دەرچوواندن:
شوێنەوار و کەلەپوور و شوێنە مێژووییەکان سامانی نیشتیمانی و میراتێکی ڕۆشنبیری و زانستی و ناسنامەی شارستانییەتی گەلی کوردستانن، لە پێناو بەڕێوەبردن و پاراستنی ئەو سامانە نیشتیمانییە دا لە هەرێمی کوردستان _ عیراق ئەم یاسایە دەرچووێنرا.
دووەم: هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند:
شوێنەوار و کەلەپوور و شوێنە مێژووییەکان سامانی نیشتیمانی و میراتێکی ڕۆشنبیری و زانستی و ناسنامەی شارستانییەتی و مرۆڤایەتی گەلی کوردستانن، لە پێناو بەڕێوەبردن و پاراستن و ڕێگری کردن لە بازرگانی پێکردن و لەناوچوون وبە گەشتیاری کردنی لە هەرێمی کوردستان _ عیراق ئەم یاسایە دەرچووێنرا.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ (١) کەس، کێ لەگەڵ دووەمە؟ (٦٥) کەس، پەسند کرا، بەڕێزان ئێستا هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ کۆی یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان عێراقە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٧٤) کەس، پەسند کرا، پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان ئەکەین بە بۆنەی پەسند کردنی پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی کەلەپوور لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زۆر سوپاسی لیژنە تایبەتمەندەکان ئەکەین، جگە لە لیژنەی یاسایی ئەوانی تر فەرموو بۆ شوێنی خۆتان، دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار ئەکەین، فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەمواری پیادە کردنی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقاف ژمارە (٦٤) ی سالی ١٩٦٦ ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان_ عێراق، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ئەو پرۆژە یاسایە لە چوار مادده پێك هاتووە بەبێ هۆیەکانی دەرچوواندن، داوا لە بەرێزتان ئەکەین ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پرۆژە یاسای هەمواری پیادە کردنی یاسای بەرێوەبردنی ئەوقاف ژمارە (٦٤) ی ساڵی ١٩٦٦ ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان - عیراق ئاراستەی لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی کاروباری یاسای و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەکرێ، فەرموو روپاك خان.

**بەرێز روپاك احمد رحمان:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گوێرەی ماددەی (١٦) دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی بڕگەی (٧) لەگەڵ دیوانی پەرلەمان ئەبێ بە بوودجەی ساڵانە ژمارەی کۆتایی ئامادە بکرێ، ئایا دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ دیوانی پەرلەمان ژمارەی کۆتایی کە ئێستا مانگی چوارە ئامادەی کردووە، هەر بە گوێرەی هەمان مادده بڕگەی (٨) و ماددەی (١٨) لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی و سەرۆکی پەرلەمانیش بڕیاری خانەنشین بوونی پەرلەمانتار سەرۆکی پەرلەمان دەری ئەکات، بەڵام بەرێوەبەرایەتییەکی وەزارەتی دارایی بڕیاری خانەنشین کردنی (سۆران عمر) ی رەت کردۆتەوە، ئەوە پێشێلی دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان نییە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی یاسای خۆمان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ بەرێز (سۆران عمر) مان خانەنشین کردووە و ناردوومانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی، ئەوان رەتیان کردۆتەوە، ئێمە روون کردنەوەمان داونەتێ کە پێمان وایە جێ بەجێ کردنی یاسای چاکسازی بەو شێوەی ئێمە لە پەرلەمان پەسندمان کردووە پەرلەمانتار (سۆران عمر) ئەگرێتەوە، چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین، بەو شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکە ئەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **د. ڕێواز فائق حسێن** | **هێمن هەورامی** | **منى نبى قهوچى** |
| سەرۆکی پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سکرتێری پەرلەمانی |
| کوردستان - عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |